# لەژێر ساباتی
# قاسملوو





# لەژێر ساباتی
# قاسملوودا

**ناوی کتێب:**
لەژێر ساباتی قاسملوو
(کۆمەڵە وتار بەبۆنەی ٣٤ ساڵەی تیرۆری د. عەبدوڕەحمان قاسملوو)

**ئامادەکار و سەرپەرستی پڕۆژە:**
عەلی بداغی

**هاوکاران:**
حەسەن موکورەم، دیاکۆ دانا، ئارمان حوسێنی، د. محەممەد حوسێنزادە

**دیزاین و بەرگ:**
ئەییوب شەهابیڕاد

**ساڵی چاپ:** ١٤٠٢ی هەتاوی

**ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان**

# پێڕست:

هەمیشە قاسملوو، قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا
عەلی بداغی ........................................................... ٧
پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزب بەبۆنەی
یادی ٣٤ ساڵەی تێرۆری د. قاسملووو هاوڕێیانی ........................ ١١
ڕوانینی دوکتۆر قاسملوو بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد
عەبدوڵڵا حەسەنزادە ........................................................ ١٧
چل ساڵ پاش کورتەباس: بۆچی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هێشتا کارامەیە؟
سارۆ ئەردەڵان ........................................................... ٢٤
قاسملوو، ناسیۆنالیزم و ئەندێشەی چەپ
د. سمایل بازیار ........................................................... ٣٥
ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا
د. هۆشمەند عەلی مەحمود ............................................... ٥٥
ڕێبەریی سیاسی و وشیاریی ئەدەبی: دوکتور قاسملوو و ئەدەبیات
د. هاشم ئەحمەدزادە ....................................................... ٧١
قاسملوو؛ ڕێبەری سێحەب وێژمان
د. ئازاد محەممەدیانی ..................................................... ٨٥
هاوچارەنووسیی پرسی کورد لە ڕوانگەی د. قاسملووەوە
د. مەجید حەقی ........................................................... ٩٣
د. ئەکرەم مێهرداد: کۆمەڵگەی کوردی پێویستیی بە ڕێبازی د. قاسملوو هەیە
دیمانە: شەماڵ تەرغیبی ................................................... ١٠٣

ڕەهەندەکانی دێموکراسی لە بیرکردنەوەی
د. قاسملودا و بایەخی بۆ ئێستای ناسیۆنالیزمی کوردی
ئەبوبەکر عەلی (کاروانی) ........................................ ١١٩
**ماڵەکەم لە نیزیک ماڵی قاسملووی هاوڕێ و مامۆستامە**
د. فرێدریک تیسۆ ........................................ ١٢٩
چەمکی سەربەخۆییخوازی لە ئەندیشەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا
ناسر باباخانی ........................................ ١٤١
هاوچارەنووسیی کورد و پێویستیی گرێبەستێکی نەتەوەیی
عەبدوڵڵا حیجاب ........................................ ١٥١
قاسملوو سیمبولی حیزبێک یان نەتەوەیەک؟
ئەنوەر حوسێن (بازگر) ........................................ ١٥٩
«ئێمە بۆ ژیانێکی باشتر خەبات دەکەین»
ئارام کەیخوسرەوی ........................................ ١٧٣
چییەتی و هۆکاری هەڕەشە و هێرشەکان
بۆ سەر حیزبی دێموکرات و سیناریۆکانی داهاتوو؟
مستەفا مەولوودی ........................................ ١٧٩
د. مەحموود عوسمان:
تەنیا بە یەکگری و پاڵوێکدان دەتوانین نەمانی د. قاسملوو قەرەبوو بکەینەوە
دیمانە: نورەدین سۆفیزادە ........................................ ١٨٥
قاسملووی ژیر و زانا،
سەفیرێکی هەڵسووڕ بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر
مارک کراڤێتس/ و: قادر وریا ........................................ ١٩١
ڕوانگەی د. قاسملوو بۆ پرسی نەتەوە و دێموکراسی
عومەر باڵەکی ........................................ ١٩٧
واقعبینیی سیاسی و گرینگیی بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد
تەیموور مستەفایی ........................................ ٢٠٧
بۆ دەبێ قاسملوو بخوێنینەوە؟
ناسر مرادی ........................................ ٢١٥

قاسملوو، هزرە بەرزەکانی و بیرەوەرییە جوانەکانی
خەج مەعزووری ........................................ ٢٢٣
لە «ئێران»ی شۆڤێنیستەکانەوە بەرەو «ئێران»ی فیدراڵ
ڕەزا دانشجوو ........................................ ٢٢٩
قاسملوو؛ ڕێنسانسێک بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد
شاڕوخ حەسەنزادە ........................................ ٢٣٥
واقعبینیی سیاسی و گرینگیی بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد
مەنسوور مروەتی ........................................ ٢٤٣
قاسملوو ٣٤ ساڵ لەمەوپێش، لە ٢٧ خولەکدا شۆڕشی ژینای بۆ گێڕاینەوە
ژیوار ڕەسووڵی ........................................ ٢٤٩
ڕێبەری گەل
مستەفا شێخە ........................................ ٢٥٣
تێرۆری د. قاسملوو
گەورەترین تاوانی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کورد
ئارمان حوسێنی ........................................ ٢٥٩
ڕچەشکێن و پێشەنگی هەموو ڕێگە هەڵەمەت و ئەستەمەکان
حەمەڕەسووڵ کەریمی) ........................................ ٢٦٣
ڕەوشت لە ڕوانگەکانی دوکتور قاسملوودا
ئاگری ئیسماعیلنژاد ........................................ ٢٦٩
کایەی سیاسی و بەشداریی ژنان
ئاسۆ مینبەری ........................................ ٢٧٣
سەدەی بیستەم دوایین سەدەی ڕێبەرانی تاقانە
کەماڵ حەسەنپوور........................................ ٢٧٩
کاریزما و ڕێبەر بۆ هەموو قۆناغەکانی خەبات
ساڵح پالانی ........................................ ٢٨٥
بەرابەری بناخەی ئازادییە
کەریم پەرویزی ........................................ ٢٩٣
واقعبینیی سیاسی، پرسی کورد و شۆڕشی ژینا
لە ئەندیشە و هزری دوکتور قاسملوودا
ناسر ساڵحیئەسڵ ........................................ ٢٩٩

مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافێک بۆ هەموو وەرزەکان
مێهدی مێهرپەروەر ........................................................................ ٣٠٧

## بابەتەکان بە زاراوەی کرمانجیی سەروو

Qasimlo û pirsa çarnivîsa hewbeșe Kurdan
Dr. Majid Hakki........................................................................ ٣
Şehîd Qasimloyê, Ku Min Naskir
Masûd Tak........................................................................ ١٠
Dr.Ebdurehman Qasimlo Rêberekî Têgihiştî, Realîst û Dûrbîn Bû
Mustafa Oziçilik ........................................................................ ١٤
Girîngiya xebata li ser milê pêşmerge û
hebûna hêzekî rêkxistî bi dîtina Dr. Qasimlo
Rostem Cihangîrî ........................................................................ ٢٠
Demokrasî di nerîna Dr. Qasimlo de
Mihemedsalih Qadirî ........................................................................ ٢٤
Qasimlo û mafê neteweyan
Silêman Keleşî........................................................................ ٢٧
Rêberek rewşenbîr û pragmatist
Elî Monezemî........................................................................ ٣٠
Pêxemberê Aştiyê
Selîm Zencîrî........................................................................ ٣٤
Rêkxistina gel û piştîwanîya gel ji şoreşê çima ewqas cem
?Dr. Qasimlo girîng bûye
Kawe Deştebêlî ........................................................................ ٣٨
Rêberekî Jîr û Zana
Şehab Xalidî ........................................................................ ٤١
Dr.Qasimlo û hizrên modern
Nûredîn Sogîzade ........................................................................ ٤٥

# هەمیشە قاسملوو
# قاسملوو لە هەموو مەتەرێزێکدا

## (وەک پێشەکی بۆ ئەم کتێبە)

**عەلی بداغی**

٣٤ ساڵ لە تیرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێدەپەڕێ و ئەگەرچی هێشتا خەباتی سیاسی و نەتەوەیی قوتابییان و هاوسەنگەرانی د. قاسملوو بە دوا مەنزڵی خۆی نەگەیشتووە، بەڵام بە دڵقایمییەوە دەتوانین بڵێین کەم ڕێبەری نەتەوەیی هێندەی قاسملوو لە یاد و بیرەوەریی گەلەکەیاندا بە زیندوویی ماوە. ناوی د. قاسملوو نەک هەر ئەوەی لای نەتەوەکەی بە نەمری ماوەتەوە، بەڵکوو ئەو ناوە و کارنامەی کار و تێکۆشانی ئەو ڕێبەرە ناسێنەری سەرەکیی مێژووی خەبات و خوێنی کورد لەلای بیانییەکانیشە.

د. قاسملوو سەرەڕای ئەوەیکە ڕێبەرێکی هەڵکەوتەی خەباتی هاوچەرخی کورد لە چوارچێوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە و میللی-دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو، لەهەمان کاتدا تیۆریسییەنێکی شارەزای گۆڕەپانی سیاسییش بوو کە تەئسیر و کاریگەریی ئەندێشەکانی زۆر زوو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاند و نەتەنیا هەر لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بەڵکوو لە ئاستێکی بەرینی نێونەتەوەییدا درەوشایەوە. بەجۆرێک کە تا ئێستا وەک «مۆدێرنیتەی ڕێبەرانی کورد» و وەک «پێغەمبەری ئاشتی» پێناسە کراوە.

خولیای سیاسی و خەباتی د. قاسملوو تەنیا رزگاریی نیشتمان نەبوو، بەڵکوو لە مەودایەکی هەراوتردا خەونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی بۆ مرۆڤی کورد و نیشتمانی کوردستان دەدی و بەم پێیەش دیسکۆرسی خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و رۆژهەڵاتی کوردستانی لەسەر بنەمایەکی میللی دێموکراتیکانە دارشت. هەروەک باسیش کرا بەشێکی زۆری نزیکایەتی و دۆستایەتیی ئەو کەسایەتییە سیاسی و مرۆڤدۆستانەی کە ئێستا بەپیری پرسی کوردەوە دێن و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بەرگری لە مافی کوردان دەکەن، دەگەرێتەوە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی دیپلۆماسیی د. قاسملوو و ئەو کاریگەرییە بەرفراوانە سیاسییەی کە لە مەیدانی سیاسەتی جیهانیدا داینا و وەک میراتێکی بایەخدار لەدوای خۆی بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بەگشتی بەجێی هێشت.

گرینگیی رێباز و ئەندێشەکانی د. قاسملوو تەنیا لە چوارچێوەی سەردەمی خۆیدا بەرتەسک نابێتەوە و هەرچی زیاتر بەسەر کاتی شەهیدبوونیدا تێدەپەڕێ، حەقانییەت و گرینگییەکەی زیاتر دەردەکەوێ و خۆ دەنوێنێ.

کاریگەریی دوکتور قاسملوو لەسەر بردنەپێشێی دۆزی کورد نەک هەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بگرە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش _بەتایبەت باشوور_ ڕوخسارێکی تایبەتیی بە ناوی قاسملوو و مانایەکی تایبەتتری بە کاراکتەری سیاسیی ئەو داوە. قاسملوو کوردستانی لەتوپەتکراو و سنوورە کێشراوەکانی نێو نیشتمانەکەی خۆی دەدی، دوژمنانی نەتەوەکەشی باش ناسیبوو؛ دەیدی کە ڕێژیمەکانی زاڵ بەسەر کوردستان لە هەر کام لە بەشەکانی نیشتمانەکەی چاری کوردەکانی خۆیان ناوێ و چاویان لە کوردی بەشەکانی دیکەیە بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان؛ بۆیەش فێری کردین کە دەکرێ ناکۆکیی دوژمنانی نەتەوەکەت لە بەرژەوەندیی دۆز و سەروەریی پرسی سیاسیتدا بقۆزیتەوە، بەڵام ناکرێ و نابێ لەسەر حسێبی پرس و بەرژەوەندیی کورد لە بەشێکی کوردستان چاوت لە دەسکەوتێک بێ بۆ خۆت!

قاسملووی مەزن دەیزانی کورد خۆی پەرەمپەرەم و پەرتەوازەن، ڕێگای خەبات و چارەسەری پرسەکەشی پڕ «کەند و لەند و گەوە»، بۆیە لەم ڕێگە ئەستەم و دژوارەدا بەدووی دۆست و پارتنەرەوە بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش. بۆ ئەوەش هەگبەکەی پڕ بوو لە مەعنەوییاتی مرۆیی.

قاسملووی گەورە هەر دوور نەیدەڕوانی، بەڵکوو ڕوون دەیڕوانی و سیلەی دەگرت. خەباتە ڕەواکەی ئەو کاتە بە سەرکەوتوو دەزانی کە گەیشتبێتە کەنارەکانی ئاشتی و ئارامی. ئەو باوەڕی قووڵی هەم بە مافەکانی نەتەوەکەی و هەم بە پێکەوەژیانی خەڵک و ژیارەکان دی لە تەنیشت یەکتر هەبوو؛ باجی ئەم باوەڕەش هەم بۆ خۆی و هەم بۆ حیزب و نەتەوەکەی گەلێ قورس بوو، و گیانی لەسەر دانا.

دوگماتیزم و چەقبەستن لە بیرکردنەوە و باوەڕەکانی قاسملوودا جێیان نەبوو، ئەو سیاسەتی نەک لەسەر بنەمای تیوریی نەگۆڕ، بەڵکوو لەسەر بنەمای زانست و داتا و لێکدانەوە دەکرد کە هەموویان بگۆڕن. ئەو لە توێی تیۆرییەکاندا بەدوای چارەسەری پرسی نەتەوەکەی نەدەچوو، بەڵکوو قۆڵی لێ هەڵدەکرد و لە مەیدانی کردەوەدا بنیاتی دەنا؛ بۆیەش حیزبەکەی لە سەردەمی بەڕێوەبەریی ئەودا ببووە گەورەترین هێزی کوردی و، هەروەها خاوەن و داهێنەری بنچینەییترین پرەنسیپ و دەسکەوتە نەتەوەییەکان. لەم سۆنگەیەوە ڕەخنەی ئەو لە ڕابردووی دۆزی نەتەوەکەشی هەر لەپێناو بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش بوو.

میراتی د. قاسملوو هەر ئەم بەها و بایەخانە نین کە هێنایە نێو حیزبەکەی و ئێستاش جێی شانازی و فەخرپێکردنن، میراتی قاسملوو وانەکانیەتی بۆ بەردەوامیی خەبات و لە سەنگەردا مانەوە هەتا دواتروپکی سەرکەوتن. ئەو بوو فێری کردین کە دێموکراسی چەند بۆ دابینبوونی مافەکانمان گرینگە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانمان بۆ مانەوەمان بە سەربەرزی چەندە زەرووره و، واقعبینیمان لە سیاسەتدا چەندە پێویست. دەرسی ئەوەی دادا ین شێلگیر و بوێر بین و لە بڕینی هەڵەمووتەکانی بەرەو ئامانجدا دەستی هیوا بەرنەدەین و ئیمانمان بە سەرکەوتن پتەو بێ. دەرفەت بخوڵقێنین و هەلە ڕەخساوەکان لەکیس خۆمان نەدەین. دەستی خۆمان نەبەستین و چاولەدەستی خەڵکیش نەبین.

زامی لەدەستدانی قاسملووی ڕێبەرمان بەژانە و لەکیسچوونی، ئەویش بە دەستی غەدر و تاوان برینێکی ئاوەڵایە، قەتماغە نابەستێ و لە پووشپەڕی هەموو ساڵێکدا جاڕی ئەم ناعەداڵەتی و بێدادییە دەدا کە دەرحەق بە تیرۆرەکەی ڤییەن کراوە. بۆیە ئەم پەروەندەیە لە ویژدانی مرۆڤایەتی و لە ڕوانگەی ئێمەوە لە دەسەڵاتی دادی ئوتریشیشیدا هەروا کراوە و ئاوەڵایە.

بێگومان قاسملوو مێژوویەکە دەیخوێنینەوە، وانەیەکە فێری دەبینەوە، سەرمەشقێکە هەموو کاتێ لەبەر چاومانە و، ڕێباز و ئامانجێکە کە لە ئاسۆی ڕوانین و لە قووڵایی فەلسەفەی ڕامانەکانیدا پێی دەگەین. لە ئێستاشدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژانی شۆڕشێکی نوێ گرتوویەتی، ئەوا دیسان ناو و یاد و وانەکانی قاسملوون باڵیان بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان کێشاوە و ئەوە قاسملوویە وەک ڕێبەر و وەک ڕزگاریدەر -بەهۆی بەها و بایەخە شۆڕشگێڕی و میراتە فکری و مەعریفەییەکەوە- خویا بووە.

بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ٣٤ ساڵەی یادی تێرۆری دوکتور قاسملوودا بڕیاری دا شەنوکەوێکی نوێی پرسە سیاسییە ڕۆژەڤەکانی ئێستای کوردستان و ئێران بە سەرنجدان بە گۆشەنیگا و ڕوانینی د. قاسملوو و بۆچوونەکانی لەسەر ئەو بابەتانە بکات. واقعبینیی سیاسی و گرینگیی بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد، پێگە و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، پرسی یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی، ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی گوتار و ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و ڕێگاکانی بەرپەرچدانەوە و چۆک پێدادانی، پرسی هاوچارەنووسیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و پێویستیی گرێبەستێکی نەتەوەیی لە نێوانیاندا، پرسی لێکنیزیکی و هاوپەیمانیی نەتەوەکان بۆ چێکردنەوەی ئێرانێکی دێموکراتیک بۆ هەمووان، نەتەوە و شوناسخوازیی نەتەوەیی وەک پرسێکی سیاسی و مافخوازیی کورد، هێزی یەکلاکەرەوەی خەڵک وەک داینەمۆی شۆڕشی جەماوەری، هونەر و ئەدەبییات لە ڕوانگەی د. قاسملوو، بەرگریی چەکداری و ڕۆڵی پێشمەرگەی کوردستان وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی، بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و پرسی بەرگری ڕەوا لە ڕوانگەی یاسای نێونەتەوەیی و بەخۆداچوونەوە، ڕەخنەگرتن لە خۆ و دۆزینەوەی نەخشەڕێی نوێ بۆ پێشخستنی خەبات؛ چەند تەوەرێکی گرینگن کە لە شۆڕشی ژینادا بەرجەستە دەبن و پێویستییان بە خوێندنەوە و شرۆڤە هەبوو.

بەرهەمی ئەو پڕۆژەیە وەک کۆمەڵە وتار، کتێبێکە لە بەردەستی خوێنەراندایە.

***

# پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یادی ٣٤ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێیانی

زیاتر لە سێ دەیەیە، مانگی پووشپەڕ، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نەتەوەی کورد، وەبیرهێنەرەوەی ڕووداوێکی تاڵ و بەژانە. لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨(١٣ی جولای١٩٨٩)دا، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادریئازەر، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، بە دەستی نێردراوانی ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری ڤییەن، شەهید کران.

ئەمساڵ لە هەلومەرجێکی تایبەتدا، یادی ئەم تێرۆرە و کەسایەتی و باوەڕەکانی د. قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ڕێبەری دیاری خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەینەوە. کۆتاییەکانی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، دوای ئەوەی گەشتی بەناو ئیرشادی ڕێژیمی ئاخوندی لە تاران گیانی ژینا ئەمینی، کیژە کوردێکی لاوی سەقزیی ئەستاند، کۆمەڵگەی ئێران پێی نایە قۆناغێکی نوێ و بێوێنە لە بەربەرەکانی و ڕاپەڕین دژی ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران. کوشتنی ژینا کە درێژەی دەیان و سەدان تاوانی تری لەم چەشنە بەهۆی دامودەزگای سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بوو، بووە چەخماخەی سەرهەڵدانی خۆپێشاندان و ڕاپەڕینی جەماوەری لە سەقز و شارەکانی تری کوردستان. ئەم ڕاپەڕینە کە بە دروشمی»ژن، ژیان، ئازادی« دەستی پێکرد، زۆر زوو تاران و زۆربەی پارێزگا و هەرێمە نەتەوەییەکانی دیکەی گرتەوە. زۆربوونی ژمارەی ئەو شار و پارێزگایانەی بوونە گۆڕەپانی ڕاپەڕین، بەردەوامیی چەندین مانگەی

ئەم ڕاپەڕینە، بەشداریی بەربڵاو و بەرینی چین و توێژەکانی خەڵک و دروشمی ڕاشکاوانەیان بۆ ڕووخانی ڕێژیم، بوونی ژنان لە ڕیزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکان و بوێرییان لە تووڕهەڵدانی حیجابی زۆرەملی، بەشێک لەو ئاماژانە بوون کە ئەم ڕاپەڕینە سەرانسەرییە بە ناونیشانی شۆڕشێکی بەربڵاوی وەک «شۆڕشی ژینا» بناسرێتەوە.

شۆڕشی ژینا، زۆرترین نیگەرانی و ترس لە ڕووخانی خستە هەناوی سەرانی کۆماری ئیسلامییەوە. هەربۆیە، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و شارەکانی کوردستان کە چەقی هەڵگیرسان و، یەک لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەردەوامیی ئەو شۆڕشە بوون، ڕووبەڕووی پەلامار و دڕندەیی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بوونەوە. دەسپێکی ئەو پەلامارانە، هێرشی مووشەکی و هێرش بە «درۆن» بۆ سەر بنکەکان و کەمپی بنەماڵەکانی سەر بە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قووڵاییی خاکی هەرێمی کوردستاندا بوو. چونکە کوردستان، هەروا سەنگەری لەگیراننەهاتووە و، بزووتنەوە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەکەی و خەڵکە خەباتکارەکەی هەروا لەسەرپێ و، چەقڵی چاوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا، ناو و باوەڕەکانی د. قاسملوو لە هەموو کات زیاتر لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و لەنێو جەرگەی ڕووداوەکاندا درەوشایەوە. بە دەگمەن خۆپێشاندان، هاتنە سەرشەقام و کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ڕاپەڕیوی خەڵکی کوردستان هەبووە کە دروشمی «قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە»ی تێدا نەدرابێ و دووپات نەبووبێتەوە. وتەکانی ئەم ڕێبەرە لەپێوەندی لەگەڵ ویست و خواستەکانی خەڵکی کوردستان و، ڕەوایی خەبات و خۆڕاگرییان، هەروەها ڕوانگە و بۆچوونەکانی لەبارەی سەرەڕۆیی، دژە خەڵکی و دژەمرۆیی‌بوونی نێوەرۆکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هاندەر و ڕێنیشاندەری خەڵکی ڕاپەڕیو لە جۆشدانی یەکگرتوویی ڕیزەکانیان و ڕاوەستانیان لە بەرانبەر دوژمنانی ماف و ئازادییەکانیاندا بووە.

ناسینی قووڵی سیاسی، ئەزموون، ڕوانگەکان و بۆچوونەکانی د. قاسملوو لەم ماوەیەدا، هەروەها ڕێنوێن و یارمەتیدەری ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا و هەڵوێستگرتن لەئاستیاندا بوون. حیزبی دێموکرات چ لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانی و ڕێنوێنیی خەباتی خەڵکەکەمان لە نێوخۆی وڵاتدا، چ لە دیالۆگ و

هاوکاری لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیی دەرەوەی وڵاتدا، ڕوانگە دروستەکانی ئەم ڕێبەرە لێهاتووەی خۆی فەرامۆش نەکردووە و، کردوونی بە چرای ڕێگەی تێکۆشانی. لە ٣٤ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوودا، هەڵوێستەیەک لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە دیاریکردن و ئاراستە کردنی ڕێبازی خەبات و خۆراگریی خەڵکی کوردستان بەرانبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین. هاوکات ئاوڕ لە باوەڕ و تێگەیشتنی ئەو ڕێبەرە لە بارەی جۆری سیستەمی دەسەڵاتدارەتیی گونجاو بۆ داهاتووی ئێران دەدەینەوە. باوەڕێک کە لە واقیع و تانوپۆی جوغرافیای ئێران سەرچاوەی گرتووە، لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و داخوازەکانی شۆڕشی نوێی نەتەوە بندەستەکانی ئەم جوغرافییایە گونجاوە و، دەتوانێ لە وەدیهێنانی داهاتوویەکی دڵخواز بۆ ئێران و کوردستاندا، ڕێنوێن و یارمەتیدەرمان بێ.

کوردستان، پێشەنگی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و، سەرتۆپی پشوودرێژی لە خۆڕاگری و ملنەدان بۆ دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمە ئازادیکوژە بووە. «ئێمە هەوەڵین کەس بووین لە بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕێژیمی خومەینیدا و لەم باوەڕەداین لە داهاتووشدا ئاخرین کەس دەبین کە بەربەرەکانیمان لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی هەر دەمێنێ.»(١) حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەریی د. قاسملوو، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە هەڵنەفریوانی خەڵکی کوردستان بە دروشمی دژی ئەمپریالیستیی ئەو ڕێژیمە و بانگەشەی بەدرۆی خومەینی لە بارەی برایەتیی نێوان ئۆممەتی ئیسلامیی ئێراندا هەبوو. بایکۆت و بەشدارینەکردنی زۆرایەتیی خەڵکی کوردستان لە ڕێفراندۆمی دەنگدان بە کۆماری ئیسلامیدا، ئەگەر لەلایەکەوە مەلەکردنی ئەو خەڵکە بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاو و وەئەستۆگرتنی تێچووە قورسەکانی بوو، لەلایەکی ترەوە، بەشانازییەوە بەشدارنەبوون بوو لە زاڵکردنی سیستەم و دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست، دیکتاتۆر و دژەمرۆیی بە سەرچارەنووسی نەتەوەکانی ئێراندا؛ سیستەم و دەسەڵاتێک کە ڕەشترین و تاڵترین سەردەمەکانی بە سەر کۆمەڵگەی ئێراندا سەپاندووە. ئەو هاودەنگییەی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان نواندوویانە و دەینوێنن، ڕێزگرتنە لە پێداگربوونی کوردستان لەسەر دێموکراسی و مافی نەتەوە بندەستەکان و بەرگرییان لە یەکسانیی ژن و پیاو و ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی مەزهەبی، هەر لە ڕۆژی یەکەمی هاتنە سەرکاری

ڕێژیمی ئاخوندەکانەوە؛ پێزانینە لە ئاست وشیاریی سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ئەو نرخە قورسەی کە نەتەوەی کورد لە ئێران لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، لە خەبات دژ بەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەدا پێشکەشی کردووە. تێرۆر و لەدەستدانی ڕێبەرێکی گەورەی وەک د.قاسملوو، بەشێک لەو قوربانیدانە بووە.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی وا نیشان دەدەن کە بە ئێعدام، گرتن، کوشتن و زاڵکردنی کەشوهەوای سەرکوت، کۆتاییان بە شۆڕشی ژینا هێناوە، بەڵام خۆشیان دەزانن کە ئەم دۆخە، کاتییە و، ڕێژیمەکەیان لە چاوەڕوانیی تەقینەوەی دووبارەی بورکانی نارەزایەتی و تووڕەیی نەتەوەکانی ئێران‌دایە. خەڵکی ئێران بە پێشەنگایەتیی کوردستان و بە وەڕێخستنی شۆڕشی «ژن، ژیان ئازادی» لێبڕاویی خۆیان بۆ تێپەڕین لەم ڕێژیمە سەلماندووە، هەربۆیە پرسی ئامادەکردنی ئەلترناتیڤی کۆماری ئیسلامی، هەروا یەک لە گرنگترین پرسەکانی ئەم شۆڕشەیە. دەرسێک کە خەڵکی وڵاتەکەمان و هێزە سیاسییەکانی لە مێژووی هاوچەرخی ئێران دەبێ وەریان‌گرتبێ، ئەوەیە کە نابێ جارێکی تر سیستەمێکی دیکتاتۆری، بە دیکتاتۆرییەکی تر بگۆڕنەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەتایبەتی لە ماوەی شۆڕشی ژینادا، لە هاندانی هێز و لایەن و کەسایەتییە خەباتکار و ئازادیخوازەکانی ئێران بۆ دیالۆگ و هاوکاری لەگەڵ یەکتر بە مەبەستی یەکگرتن و هاوپەیمانی و پێکهێنانی ئەڵترناتیڤی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، غافڵ نەبووە. سەرەرای ئەمەش، ڕاشکاو و پێداگر بووین هاوپەیمانەتییەکمان دەویێ کە وێڕای ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە سیستەمێکی دیکتاتۆری، چ ئیسلامی و چ شایەتی بۆ ئێرانی داهاتوو، دان بە فرەنەتەوەبوونی ئێراندا بنێ و، مافە نەتەوەییەکانیان بەڕەسمی بناسێ. ئێمە بە قووڵی باوەڕمان بە دروستیی ئەم وتەیەی د. قاسملووی نەمر هەیە کە «بێ بوونی ڕێژیمێکی دێموکراتیک، مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و گەلانی تری ئێران دابین نابێ و، بەبێ دابینبوونی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و گەلانی‌تری ئێران، ڕێژیمێک ناتوانێ دێموکراتیک بێ. ئێمە دڵنیاین هیچ ڕێژیمێک لە ئێراندا ڕێژیمێکی بەڕاستی گەلی، دادپەروەر و دیموکڕاتیک نابێ ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێک لە گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی وڵاتی ئێمەیە، چارەسەر بکا.»(٢)

لە کاتێکدا یادی ٣٤ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو، و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری

ئاژەر دەکەینەوە کە پەروەندەی ئەم تێرۆرە بەداخەوە هەروا بە داخراوی ماوەتەوە. سات‌وسەودای نهێنیی ٣٤ ساڵ لەمەوبەری حکوومەتی ئەوکاتی ئوتریش لەگەڵ ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران لەسەر کەیسی تێرۆری د. قاسملوو، ڕێخۆشکەر و هاندەری ئەو ڕێژیمە بۆ بەردەوامی لەسەر تێرۆری نەیارانی لە ئورووپا و وڵاتانی تر بوو. مێژووی پێوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی و کۆماری ئیسلامیی ئێران، پڕە لەم ڕاستییە کە هەرکات دادگاکان و ناوەندە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوایی، بە جیددی و لێبڕاوییەوە لەگەڵ کردەوە و پیلانە تێرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە لەسەر خاکی خۆیان ڕووبەڕوو بوونەتەوە، دەسەڵاتدارانی تێرۆریستی ئێران ناچار بە دواخستنی پیلانەکانیان بوون. بەڵام ئەو کاتانەی ڕۆژاوا بە نەرمی لەگەڵیان جووڵاوەتەوە، کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر و ڕاشکاوانە لەنێو جەرگەی وڵاتانی ڕۆژاواییدا دەستی بۆ تێرۆر و ڕفاندن بردووە، یا لە نێوخۆی ئێراندا هاووڵاتییانی ڕۆژاوایی بە بارمتە گرتوون. لە مانگەکانی ڕابردوودا، شایەدی ئێعدامی ژمارەیەک چالاکی سیاسیی ئێرانی بووین کە ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکان ڕفاندبوونی. وڵاتانی ڕۆژاوا نەک هەر دژکردەوە و هەڵوێستێکی شیاویان لەئاست ئەم تاوانانە نەبووە، ژمارەیەک لە دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ئەو ڕێژیمەشیان کە لە دادگاکانی خۆیاندا سەبارەت بە ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی مەحکووم ببوون، بەدوای ڕێککەوتن و سات‌وسەودای نهێنی لەگەڵ تاران، بەرەڵڵا و ڕەوانەی ئێرانیان کردوونەوە.

داوا و چاوەڕوانییەکانی نەتەوەکانی سەر جوغرافیای ئێران لە دەوڵەتانی ڕۆژاوا لەبارەی بایکۆتی ئەو ڕێژیمەوە شاراوە نین. ئەو چاوەڕوانییانە بەهۆی ڕێپێوان و میتینگە دەیان هەزار کەسییەکان لە پێتەختی وڵاتانی جیهان بە ئاگاداریی بیروڕای گشتیی وڵاتانی ڕۆژاوایی گەیشتوون. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەرچەشنە ڕێککەوتن و سات‌وسەودای نهێنیی وڵاتانی ڕۆژاوایی لەگەڵ ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی چاوپۆشی لە کردەوە تێرۆریستییەکان و بەرنامە ناوکییەکەی و هەروەها زەوت و سەرکوتی مافەکانی مرۆڤ، بە توندی مەحکووم دەکا. باجدان بە ڕێژیمێک کە ڕەوایی نەماوە و بە زەبری سەرکوتێکی هەمەلایەنە، ڕووخانی خۆی وەدواخستووە، هەر تەنیا خەیانەت بە شۆڕشە سەرانسەرییەکەیان نییە، بەڵکوو چاونوقاندنە لەئاست دەستتێوەردان و هەڕەشەکانی ئەو ڕێژیمە

بۆسەر وڵاتانی ناوچە؛ خۆگێلکردنە لە دەستتێکەڵکردنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕووسیە بۆ داگیرکاری و کوشتاری خەڵکی ئۆکڕاین؛ مەیداندان بە یاغیگەری و تێرۆریزمی دەوڵەتی و نادیدەگرتنی ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن ئەو ڕێژیمەوەیە و زۆر ناخاپانێ دووکەڵی ئەم جۆرە سیاسەتکردنە، دەچێتەوە چاوی خودی ئەو وڵاتانە و هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ٣٤ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری شەهید د. قاسملوو، و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادریئازەردا، سڵاو بۆ گیانی پاکیان دەنێرێ و، لەگەڵ گیانی ئەوان و سەرجەم شەهیدان و قوربانییانی تێرۆر و سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا، بەتایبەتی شەهیدانی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»، پەیمان نوێ دەکاتەوە کە تا کۆتاییهێنان بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک لە ئێران، لێبڕاوانە لە خەبات بەردەوامە. ئەولەوییەتی حیزبی ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا تەرخانکردنی زۆرترین تواناکانی خۆی بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی نوێ لە کۆمەڵگەی کوردستان و سەرانسەری ئێرانە. وەئەستۆگرتنی ئەم ئەرکە قورسە و هەر لەم کاتەدا پیرۆزەدا، لێمان دەخوازێ هەوڵەکانمان هەرچی زیاتر لەپێناوی پێکهێنانی یەکگرتوویی و هاوکاریی هێز و ڕێکخراوەکانی کوردستان و، تێکۆشان بە ئامانجی پێکهێنانی بەدیلێکی دێموکراتیک و فرەنەتەوە بۆ قۆناخی دوای کۆماری ئیسلامی، چڕتر بکەینەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی بەڕێوەبەری**
**١٥ی پووشپەڕی ١٤٠٢**
**(٦ی جولای ٢٠٢٣)**

١) وەرگیراو لە وتووێژی د. قاسملوو لەگەڵ گۆڤاری «الیوم السابع»، سەرچاوە: ڕۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە ١٠٩

٢) ڕۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە ١٨٧، پووشپەڕی ١٣٧١(ژوئیەی ١٩٩٢)

# ڕوانینی دوکتور قاسملوو
# بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ سیوچوارەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی ڕێبەری پایەبەرزی کورد و سکرتێری لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوویە. د. قاسملووو لە بواری جۆراوجۆردا دەرس و ئەزموونی بەنرخی بۆ قوتابییەکانی لە حیزبی دێموکراتدا و بۆ تێکۆشەرانی ڕێگای بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد بەگشتی لە پاش خۆی بەجێ هێشتوون. بەڵام چونکە لە سەرەتای لاوەتییەوە تا ئەو ڕۆژەی بە غەدر و تاوان شەهید کرا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد تێکۆشا و لەبەر ئەوەی «علت وجودی»ی حیزبەکەی خەبات بۆ ڕزگاریی کورد لە بێمافی و ژێردەستەییە، لە بیرەوەریی شەهیدبوونیدا باسی ڕوانگەکانی بۆ مەسەلەی کورد و مافی دیاریکردنی چارەنووس لە هەموو بارەکانی دیکەی بیروڕا و تێفکرینی بە جوانتر و پێویستتر دەزانم.

هەم لەسەر د. قاسملووو خۆی و هەم لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس یان بڵێین مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بیروڕای جیاواز هەن. دەگەڵ داوای لێبووردن لە هەمووان زۆر جار وام دێتە بەرچاو کە هێندێ کەس بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندیتوە، لە مێشکی خۆیاندا و بەو

جۆرەی پێیان خۆشە دوکتۆر قاسملوویەک دروست دەکەن. هەر بۆیە وەک کەسێک کە ماوەی نۆزدە ساڵ قوتابیی ئەو گەورەپیاوە بووە و لە نیزیکەوە ناسیویەتی، حەز دەکەم زۆرزۆر بەکورتی باسێکی لەسەر بکەم. شاراوە نییە کە دوکتۆری شەهیدیش وەک هەموو کەس و بەتایبەتی وەک ڕێبەرێکی سیاسی لایەنگر و دژبەری هەبوون و لە ژیانیشیدا و دوای مردنیشی بە چاک و خەراپ زۆری قسە لەسەر کراوە و زۆری لەسەر نووسراوە. بەڵام ئەمن بەو جۆرە کە ناسیومە لێی دەدوێم:

پێش هەموو شتێک ئەو وەک هەمووی مەمانان ئینسان بوو. کە ئینسان بوو دیارە لە هەڵە و خەتاش پارێزراو نییە. ئەوانەی فریشتەیەک لەو گەورە پیاوە دروست دەکەن زۆر لەوانە پتر قاسملووویان خۆش ناوێ کە چ ناسناوێک ناشیرین و نەشیاوە بە باڵای دەبڕن. چەند جارم لە خۆی بیستووە کە مومکین نییە مرۆڤ لە ژیان و خەباتدا تووشی هەڵە نەبێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە هەوڵ بدا هەڵەی گەورەی وا نەکا کە قەرەبوو نەکرێتەوە، هەڵەی چووک دووپاتە نەکاتەوە و لەوانە گرنگتر ئەگەر بە هەڵەی خۆی زانی هەم لێی بگەڕێتەوە و دووپاتەی نەکاتەوە هەم لەوە نەترسێ کە پێ لە هەڵەکەی بنێ و، دوایەش ڕاستی بکاتەوە. زۆر جار قسەی گەورەپیاوێکی وەبیر دێنایەوە کە دەڵێ «ئەوەندە ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە دوژمن لە خۆشییان بکەوێتە سەما.»

نامەوێ لێرەدا نموونە بێنمەوە، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان پێش لکاندنی ناوی ئێران و دوای ئەوە و لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی دوکتۆری نەمریشدا تووشی هەڵە و خەتا بووە کە هێندێکیان بە زیندی سەری دوکتۆر قاسملوو هەستیان پێکراوە و هەوڵی ڕاستکردنەوە و قەرەبوویان دراوە و هەشیانە کە دوای شەهیدبوونی ڕێبەر پێیان زانراوە. گرنگ ئەوەیە بێ زێدەڕۆیی دوکتۆر قاسملوو ئەگەر نەڵێین لە پێش هەموو ڕێبەرانی کوردی هاودەورەی خۆیەوە بووە، بێ دوودڵی دەڵێین لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەدا بووە.

لێرە جێگای ئەوە نییە قسە لە هەموو بوارەکانی ڕێبەرایەتیی سیاسیی سەروەری شەهیدمان بکەین. تەنیا ئاماژە بە خاڵێکی ژیانی سیاسیی ئەو

دەکەین کە نەک‌هەر لەلایەن دژبەرانی لە دەرەوەی حیزب بەڵکوو لەلایەن جیابیرانی نێو حیزبەکەی خۆشیەوە باس و مشتومڕێکی زۆری لەسەر بووە. ئەویش مەسەلەی دێموکڕاسی و ڕەفتاری دێموکراتانەیە. ئەمن نایشارمەوە کە قوتابیی قاسملووو بووم، ئەو کەمەی دەیزانم زۆری لەو فێر بووم و هەتا ماوم لەگەڵ یاد و ئامۆژگارییەکانیدا دەژیم. بەڵام بەدوور لە خۆشەویستی و ڕێز و دەمارگرژی دەڵێم لەنێو حیزبی دێموکراتدا -کە وابزانم پتر لە حیزبەکانی ناوچە دێموکراسیی تێدا زاڵە- کەسم لە قاسملووو لە بیرکردنەوە و کردەوەدا نەک دێموکراتتر بەڵکوو بەقەد ئەو دێموکرات نەدیوە. نموونەی زۆرم بۆ دەرخستنی ئەم بۆچوونەم هەیە، بەڵام بۆ درێژنەبوونەوەی باسەکە وازیان لێ‌دێنم.

ئەوە ڕاستە کە لە زۆر بابەتی حیزبی و سیاسیدا بۆچوون و لێکدانەوەی دوکتۆر قاسملوو سەر دەکەوت. بەڵام ئەو کاتانە نەبێ کە لە دەرەوەی وڵات بووە و دەرەتانی کۆبوونەوە و ڕاوێژی نەبووە هیچ وەخت هیچ بابەتێکی گرنگ نەبووە کە بێ هێنانەگۆڕی لە کۆمیتەی ناوەندی یان هەر نەبێ دەفتەری سیاسیدا بەتەنیا بڕیاری لەسەر بدا. ئەوەش کە بۆچوونەکانی پەسند کراون هەم لەبەر ئۆتۆریتە و لۆژیکی بەهێزی ئەو بووە هەم لەبەر ئەوەی شارەزایی لە مەسەلەکان لە سەرووی هەمووانەوە بووە. بۆ باوەڕی ئەو نەمرە بە دێموکراسی بەجێیە وەبیر بێنینەوە کە لە سەردەمێکدا دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا جگە لەوەی دروشمی حیزبە کۆمۆنیستەکان بوو لە نێو ڕووناکبیرانیشدا زۆروکەم دڵخواز بوو، دوکتۆر قاسملوو ڕایگەیاند: «خەراپترین دێموکراسیم لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە». ڕاستەوڕاستیش مەبەستی دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا بوو، کە ئەوانەی هاودەورەی قاسملوو بوون لەبیریانە لەسەر ئەوە و لەسەر هێنانەگۆڕی سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە لە نامیلکەی «کورتە باس»دا فۆڕمووڵەی کرد چەندە هێرشی کرایە سەر و چەندی تۆمەت و ناو و ناتۆرە درایە پاڵ.

***

بێینە سەر باسی ڕوانگەی دوکتۆر قاسملوو بۆ ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد. زۆرمان دەزانین و ئەوانەی نەشیانزانیوە با بزانن کە

ئەو هەتا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لێکردین هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوو، و تەنانەت لە دوو بڕگەی زەمانییشدا -یەکیان لەساڵی ١٩٤٨ تا ١٩٥٥ (١٣٢٧ تا ١٣٣٤ی کۆچیی هەتاوی) ئەو کاتەی یەکیەتیی ڕێکخراوەیی لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی توودەدا هەبوو، ئەوی دیکەشیان دوای چوونی بۆ پراگ پێتەختی چێکوسلۆڤاکی تا ساڵی ١٩٦٨ کە لەسەر بیروڕای ئازاد و مەحکوومکردنی هێرشی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ سەر چێکوسلۆڤاکی پێشان لە حیزبی توودە و دواتر لە چێکوسلۆڤاکییش دەرکرا- ئەندامی حیزبی مارکسیستیی توودەی ئێران بوو. بەڵام هەر لە هەڕەتی لاوەتییەوە کە بەرپرسی لقی ڕەزائیە (ورمێ)ی یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو تا دوا هەناسەی ژیانی تێکۆشەری ماندوویی‌نەناسی ڕێگای خەبات بۆ مافە زەوتکراوەکانی کوردی ئێران و لە بازنەیەکی گەورەتردا مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد بەگشتی بوو. لەو پێوەندییەدا هەوڵەکان و دەسکەوتەکانی بۆ ناساندنی کورد و مافە ڕەواکانی بە دنیای دەرەوە لە شارەزایانی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد شاراوە نین. بە هەوڵی دوکتۆر قاسملوو بوو کە ساڵی ١٩٨٩ یەکەم کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر مەسەلەی کورد لە پاریسی پێتەختی فەرانسە گیرا و چونکە پێش کۆنفرانسەکە شەهید کرا و بۆخۆی تێیدا بەشدار نەبوو، بەڵام پێشکێش بە یادی ئەو کرا.

لە دوای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کە دروشمی بزووتنەوەی کورد پێشان لە کوردستانی ئێران و دواتر لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە سەربەخۆییەوە کرا بە ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) دوکتۆر قاسملوو یەکەم کەسی دیار بوو کە سەرباری دروشمی ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کتێبی بەناوبانگی خۆی (کوردستان و کورد)دا بێ پێچوپەنا مافی سەربەخۆیی کوردی هێنایە گۆڕێ و نووسی ئەگەر کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان یەک بگرێتەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ، ئەوە جیابوونەوە لە هیچ وڵاتێک نییە و یەکگرتنەوەیە، حەقیقەتێک کە لەگەڵ پێشوازیی هەموو تێکۆشەرانی کورد و ئازادیخوازانی ڕاستەقینەی گەلانی دیکە لەلایەک و تووڕەیی زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی

کورد لەلایەکی دیکە بەرەوڕوو بوو. لە وتارێکیدا زۆر بە ڕاشکاوی ئەم باوەڕە دەردەبڕێ و دەڵێ: «مافی دانانی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، یانی هەموو کوردستان نە لەیەک جودابوونەوەیە، بەڵکوو بە پێچەوانە، یەکگرتنەوەیە. پێکەوە یەکگرتن مافی جیابوونەوە نییە، مافی یەکگرتنەوەیە، جوودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە. لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوە تەنانەت لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئێمە وەک نەتەوەی کورد ئەو حەقەمان هەیە کە ڕۆژێک یەک بگرینەوە، چونکە دابەشبوونی کوردستان، دابەشبوونێکی دەسکردە.»

دەقێکی دیکەی دوکتۆری شەهید ئەم ئەسڵە ڕوونتر دەردەبڕێ و دەڵێ: «مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خۆیدا بەو شێوەیە کە هەیە لە واقعیدا کێشەی چەندین میلیۆن کوردە کە دەبێ مەترەح بکرێ. ویستەکانمان ڕەوا، ئینسانی و دروستن. پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە لە مەسەلەکە بڕوانین و بچینە پێشێ، سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ. موهیممیش ئەوەیە کە پەیامەکانمان کە ڕەوا و دیموکراتیکن لە دەرەوە بە باشی وەربگیرێن. دەبێ بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە، بڵێین کە داوای کورد زۆر سادە و ڕەوایە. کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاددا هاتووە و شتێکی زیادی نییە. بۆیە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە. زۆر دەوڵەتان وەک دەوڵەتی ئێران کە باسی کورد دەکرێ، دەڵێن؛ ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆییە و کەس حەقی نیە دەستی تێوەر بدا. کەوابوو ئێستا کە ئێمە داوای خودموختاری دەکەین، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نییە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد. بۆیەش ئەو دەوڵەت و ڕێکخراو و شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن، پێویستە پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی کورد بکەن».

ئەمە لە باری پرەنسیپ و مافی سروشتیی هەموو نەتەوەکانی جیهانەوە. بەڵام وەک ڕێبەری حیزبێکی سیاسی و بەشێکی گرنگی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد دوکتۆر قاسملووش هەروەک دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا قازی موحەممەد سەروکاری لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمی خۆی هەبوو. دەیزانی کە هەڵگرتنی دروشمی

سەربەخۆیی بۆ حیزبێکی جیددیی وەک حیزبی دێموکرات لەگەڵ دژکردەوە و گەلەکۆمەگیی هەرنەبێ چوار دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستاندا بەرەوڕوو دەبێ کە هەرکامیان لە ڕێگایەکەوە بە وڵاتانێکی گەورەتر لە خۆشیانەوە گرێ دراون و بەم جۆرە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد کە لە هەر چوارلاوە گەمارۆ دراوە و ڕێگای بەسەر دەریاشەوە نییە، تووشی کارەسات و ناکامی دەبێ. هەر بۆیە هەتا ئەو مابوو دروشمی ستراتیژیی حیزبەکەی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بوو و دەگەڵ داوای لێبووردن لە هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لەو باوەڕەدام کە ئەگەر قاسملوو لە ڕێبەریی حیزبدا مابایە بەو لۆژیک و ئۆتۆریتەیە کە هەیبوو کارێکی دەکرد ئێستاش دروشمی خودموختاری هەر لە جێگای خۆی بایە. خۆ ئەگەر سەرنجێکی وردی بدەینێ دەبینین کە ماددە سەرەکییەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکرات پاش گۆڕانی دروشمی ستراتیژیی حیزبیش بە دەستلێنەدراوی ماونەوە.

دوکتۆر قاسملوو لە هیچ ڕێبەرێکی کورد کەمتری بۆ نەتەوەکەی نەدەویست. بەڵام پێی وابوو حیزبی سیاسی لە ئارەزوو پتر سەروکاری لەگەڵ واقیعییەت هەیە. خۆ لە ئاخر ساتەکانی ژیانیشیدا ئەو کاتەی لەگەڵ دیپلۆمات- تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی قسە دەکا دەڵێ ئەمن نوێنەری وەچەی ئێستام و وەچەی دواڕۆژی کورد بۆخۆی دروشم و داخوازییەکانی دیاری دەکا. یانی بە جۆرێک دەیگەیەنێ کە وەچەکانی دواڕۆژ حەقیانە بەگوێرەی هەلومەرجی سیاسی دروشم و داخوازەکانی خۆیان گەڵاڵە بکەنەوە.

ئێمە دەزانین ئێستا هێزە سیاسییەکانی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووس بە هاوواتای سەربەخۆیی دادەنێن. بەڵام دوکتۆر قاسملوو ڕاڤە (تفسیر)ێکی جیاواز و بە باوەڕی من دروستتری بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس هەبوو. ئەو داوای دەکرد کورد ڕێگای پێبدرێ ئازادانە چارەنووسی خۆی دیاری بکا. لەو حاڵەدا چ سەربەخۆیی، چ فیدراڵیزم و چ خودموختاری و چ هەر شکڵێکی دیکە بۆ پێوەندیی خۆی لەگەڵ گەلانی دیکە هەڵبژێرێ مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەکار هێناوە. بۆ بەڵگەی دروستیی ئەم

ڕاڤەیە هەر ئێستا هێندێ نموونەمان لەبەر چاون. کێبیک لە کانادا، ئیرلەند لە بریتانیا و کالیدۆنی لە فەڕانسە هەمیشە ڕێگایان پێدراوە ئازادانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و ئەگەر بۆخۆیان پێیان خۆش بێ، جیا ببنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی دامەزرێنن. کەچی تا ئێستا هەروەخت ڕێفڕاندۆم کراوە ئازادانە مانەوە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەیاندا هەڵبژاردوە، چونکە لەلایەک وەک هاونیشتمانانی دیکەیان لە هەموو ماف و ئازادییەکانیان بەهرەمەندن و لەلایەکی دیکەوە مانەوە لەگەڵ وڵاتەکان لە هەموو بارێکەوە بە قازانجی خۆیان دەزانن.

هەر لەو بارەیەوە دوکتۆر قاسملوو دەڵێ: ئەگەر خودموختارییەکی ڕاستەقینەمان دەست کەوت بەو مانایەیە کە «مافی چارەنووس»، جێبەجێ کراوە. مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاڵای تایبەتی و دراوی خۆمان هەبێ. هەر ئێستا زۆر میللەت ئەوانەیان هەیە – بەتایبەت لە ئەفریقا کە پێشتر داگیرکرابوون و ئێستا ئازاد کراون – بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەن مافی دانانی چارەنووسیان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی ڕواڵەتیی سەربەخۆیی یان ئیستقلال، مانای ئەوە نیە کە میللەتەکە مافی دانانی چارەنووسی دەست کەوتبێ. عەکسی ئەوەش هەر ڕاستە.» بە گشتی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەوەیە کە «خەڵک هەست بەوە بکات کە حاکمە بەسەر چارەنووسی خۆیدا.

وەک لەپێشەوە گوتم دوکتۆر قاسملوو لە ژیانی سیاسیی خۆیدا زۆر دەرس و ئامۆژگاریی بەنرخی بۆ قوتابییەکانی بەجێ هێشتوون کە دەتوانن لە کار و تێکۆشانی خۆیاندا ڕەچاویان بکەن. بەڵام ئەمن ئەم لایەنەم لە هەموویان بە گرنگتر زانی و پێشی لێدەنێم کە نەمتوانیوە حەقی خۆی بدەمێ و ئەم بەشە لە فێرکردەکانی ڕێبەری شەهید زۆری دیکەی بەبەرەوە هەیە کە ئاواتەخوازم قوتابییەکان و ڕێبوارانی ڕێگاکەی زۆرتری لێ‌هەڵێنجن و لە خەباتی سیاسیی خۆیاندا بەکاری بەرن.

***

# چل ساڵ پاش کورتەباس:
# بۆچی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هێشتا کارامەیە؟

**سارۆ ئەردەڵان**

**پێشەکی**

ڕێک چل ساڵ لەمەوبەر لە مانگی گەلاوێژی ١٩٨٣ نامیلکەیەکی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بە ناوی کورتەباس (کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم) لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو کرایەوە. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری کورتەباس، قاسملوو لە پلینۆمی پازدەهەمی کومیتەی ناوەندیی حدکا کە لە ڕێکەوتی ١٩٨٤/٨/١٥ بەڕێوە چوو، وتارێک بە ناوی شیکردنەوەی کورتەباس پێشکەش دەکا. کورتەباس لە هەمان ساڵدا وەک بەرنامەی کۆنگرەی شەشەمی حدکا پەسەند کرا و تاکوو ئیستا ماوەتەوە. ئەم کتێبە هەر لە هەمان سەرەتاوە هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە نێوخۆی حیزبی دێموکراتیشدا بەرەوڕووی بەرەنگاری بۆوە، لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتیشدا دژایەتیی کراوە. جێی ئاماژەیە د. قاسملوو هەر لە کۆنگرەکانی سێهەم (١٩٧٣)، چوارەم (١٩٨٠)، و پێنجەمدا (١٩٨١) هەوڵی داوە ئەو سۆسیالیزمەی وەک ئامانجی دوارۆژی حیزب لە بەرنامەدا گونجێندراوە پاشگری دێموکراتیکی بەدواوە بێ، بەڵام سەرکەوتوو نابێ؛ چونکە بەشێک لە ئەندامانی حدکا پێیان وابووە کە ئەمە لادانە لە سۆسیالیزم. (حەسەنزادە، ٤٢-٤٤)

لە دەرەوەی حدکاشدا، جەعفەر شەفیعی لە ڕۆژنامەی «پێشڕەو»دا (ئۆرگانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) باس لەوە دەکا بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆڵتاریا، کەواتە حدکا وەفاداریی خۆی بۆ سیستەمی سەرمایەداری دووپات کردووەتەوە (شەفیعی، ١٣٦٣). هەروەها لە ڕۆژنامەی «راه کارگر» (ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران) ئەم جۆرە ڕەخنەیە دووپات بووەتەوە و سارا مەحمود پێی وایە بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک تا قامی قیامەت بەدی نایەت، چونکە دیکتاتۆری پرۆڵتاریای ڕەت کردووەتەوە. (بازیار ١٣٩٩، ١٣٦)

ئەگەر لەم ڕەتکردنەوە و دژایەتییانە تێپەڕین، لە ساڵانی ڕابردوودا هەندێک نووسەری جیددیتر هەوڵیان داوە سەرەڕای گرنگیدان بە نامیلکەی کورتەباس، باس لەوە بکەن کاتی ئەوە هاتووە حدکا لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک تێپەڕێ و بەرەو سۆسیال دێموکراسی بڕوا، یا ڕەنگە ئەگەر دوکتور قاسملووش زیندوو با، بۆخۆی ئەم گۆڕانکارییەی ساز کردبا. ئیسماعیل بازیار پێی وایە کە «ئەگەر مەرگ مەجالی قاسملووی دابا بەرەو سۆسیال دێموکراسی دەڕۆیشت» و حدکاش بەکردەوە هەر بەم ڕێڕەوەدا ڕۆشتووە. (بازیار ١٣٩٩، ١٤٥) ئیدریس ئەحمەدی باس لەوە دەکا لە کاتی گرتنی کۆنگرەی چواردەی حدکادا یەکێک لەو بابەتانەی کۆدەنگی لەسەر بووە پێداچوونەوە بە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا بوو. (ئەحمەدی، ١) ئەویش وەک بازیار پێیوایە حدکا بەکردەوە سۆسیال دێموکرات بووە (هەمان، ١٨) و هەر بۆیەش خوێندنەوەیەکی ڕێفۆرمیستییانە لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەدەستەوە دەدا و دەنووسێ «سۆسیالیزمی دێموکراتیک سەرمایەداری ڕەد ناکاتەوە، بەڵکوو هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دابین بکا.» (هەمان، ٣٢) بیریار ژاوەڕۆییش دەنووسێ «باشتر وایە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک سۆسیال دێموکراسی ڕاڤە بکرێت یا بگۆڕدرێت بە سۆسیال دێموکراسی.» (ژاوەڕۆیی، ٣٥)

جێی سەرنجە ئاڵۆزی و تەنانەت تێکەڵکاریی نێوان ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیزمی دێموکراتیک و سۆسیال دێموکراسی تەنیا تایبەت بە حدکا یا

بیرمەندانی کورد نییە. زۆر جار ئەم دوو ئایدیۆلۆژییە لە جیاتی یەک بەکار هاتوون و لە مانیفێستی حیزبە ڕۆژئاواییەکاندا کەڵکیان لێ وەرگیراوە. تەنانەت لە کتێبە بەناوبانگەکاندا جاروبار بەوردییەوە لە نێوان ئەم دوو ئایدیۆلۆژییە جیاوازەدا جیاکاری نەکراوە. بۆ نموونە لە بژاری پێنجەمی کتێبە بەناوبانگەکەی ئەندرو هەیوود، ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکاندا هاتووە: «سۆسیالیستە دێموکراتەکان یا دێموکراتە سۆسیالیستەکان بەرەبەرە دەیانەوێ گۆڕانکاری لە سەرمایەداریدا بکەن و مەبەستیان ڕێفۆرم یا بەئینسانیکردنی سیستەمی سەرمایەداری لە ڕێگەی کەمکردنەوەی نایەکسانیی ماددی و نەهێشتنی هەژارییە.» (Heywood ٢٠١٢, ٩٧) بەڵام لە پێداچونەوەی حەوتەمی ئەم کتێبەدا چەمکی سۆسیالیستە دێموکراتەکان دەرهاوێژراوە و تەنیا نووسراوە دێموکراتە سۆسیالیستەکان. (Heywood ٢٠٢١, ٧٥)

هەندێکجار ئەزموونی سەرنجڕاکێشی وڵاتانی سکاندیناڤیا یا نۆردیک (دانمارک، فەنلاند، ئایسلەند، نۆرویژ و سوید) لە بەڕێوەبردنی سیستەمی دەوڵەتی خۆشبژێو بووەتە هۆی ئەوەیکە سیستەمی بەکردەیی ئەوان سۆسیالیزمی دێموکراتیک ناوزەد بکرێ و پێویست بە جیاکاری نییە (Bruenig ٢٠١٨) بەڵام ئەم تێگەیشتنە ڕەخنەی لێ گیراوە و باس لەوە کراوە کە سیستەمی ئەو وڵاتانە سۆسیال دێموکراسییە. (McCarthy ٢٠١٨) بە باوەڕی مەککارتی تایبەتمەندیی سۆسیال دێموکراسییەکان بریتییە لە دیمۆکراسییەکی نوێنەرایەتی و دەستووری، یارمەتییەکانی خۆشبژێوی، پێکهاتنی بەکۆمەڵ و خاوەنداریەتییەکی سنوورداری دەوڵەتی. لە کاتێکدا ئەم دامەزراوانە لە مۆدێلی نیولیبراڵ باشترن، بەڵام سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە ڕێگەی داکۆکیکردن لە خاوەنداریەتیی گشتی لە زۆرینەی سەروەت و سامانی بەرهەمدار، نەهێشتنی کاری زۆرەملی لەژێر دەستی کۆمپانیاکانی سەرمایەداری و، دامەزراوەی دێموکراتیکی بەهێزتر لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا لە سۆسیال دێموکراسی تێدەپەڕێ.

جێی سەرنجە کە قاسملوو بەڕوونی لە کورتەباسدا باس لە جیاوازیی نێوان سۆسیالیزمی دێموکراتیک و سۆسیال دێموکراسی دەکا و دەنووسێ: «سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی فەرقی هەیە.

سۆسیال دیموکراسی ڕێبازێکی ڕیفۆرمیستییە کە بە ناوی سۆسیالیزم سەرمایەداری دەپارێزێ و هەڵیدەسووڕێنێ... لە حاڵێکدا سۆسیالیزم بە مانای هەڵوەشانی سەرمایەداری بەتەواوی و پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێیە.» (کورتەباس، ٤٠) لە درێژەدا قاسملوو ئاماژە بەوە دەکا سۆسیالیزمی دیموکراتیک سیستەمێکی فیکرییە و سۆسیال دیموکراسی ڕێبازی حیزبێکی سیاسییە. لە ڕاستیدا ئەم جیاوازیدانانەی قاسملوو زۆر ژیرانە دێتە بەر چاو. قاسملوو وا بیری کردووەتەوە کە سۆسیالیزمی دیموکراتیک دەتوانێ ڕێسا گشتییەکان لە ڕووی زانستییەوە دەستنیشان بکا، بەڵام کاتێک حیزب یا دەوڵەتێک دەیهەوێ بەکردەوە ئەم ڕێسایانە ڕەچاو بکا پێویستی بە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە و ئەوسا وەک سۆسیال دیموکراسی ناوزەد دەکرێ. ڕەنگە هەر ئەم تێگەیشتنە بووبێتە هۆی ئەوەی کاتێک حدکا ویستوویەتی بەرنامەیەک بەکردەوە دابڕێژێ، بەرەو سیاسەتێکی سۆسیال دیموکراسییانە هەنگاوی ناوە.

دەستپێشخەری قاسملوو بۆ تێهەڵکێشکردنی بەرنامەیەکی پێشڕەوانەی سۆسیالیستی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی/کوردایەتی هەتاکوو ئێستاش لە جۆری خۆیدا بێوێنەیە. لە سەرەتایەکی بەهێزدا بۆ کورتەباس، قاسملوو بەڕوونی باس لە گرنگترین پرسی کوردستان دەکا و بەشێوەیەکی شارەزایانە دەنووسێ ئەگەرچی حدکا حیزبێکی دیموکراتی میللییە بەڵام چونکە حیزبێکی پێشڕەوە و دەیهەوێ هاوکات لەگەڵ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد، پرسی کۆمەڵایەتیش چارەسەر بکا. (کورتەباس، ٧) بە باوەڕی قاسملوو بۆ پرسی نەتەوەیی باس لە مافی دانانی چارەنووس دەکا کە لە ڕێگەیەوە سێ شێوەی سەروەریی نەتەوەیی (سەربەخۆیی، فیدرالیزم و خودموختاری) شی دەکاتەوە. بۆ چارەسەرکردنی پرسی کۆمەڵایەتی، قاسملوو باس لە سۆسیالیزم دەکا کە ڕێگەی بنەڕەتی بۆ لەنێوبردنی چەوسانەوەی مرۆڤە و وەک بەرنامەی دواڕۆژی حدکا ناوی لێ دەبا. (هەمان، ٩) ئەو چەوساندنەوانە لە ڕوانگەی قاسملووەوە بریتین لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی، چینایەتی و سیاسی. (هەمان، ٦٦)

من لە درێژەی ئەم وتارەدا باس لەوە دەکەم هێشتا بیرۆکەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک بۆ بەڕێوەبردنی وڵات کارامەیی ماوە و، بە بەراورد لەگەڵ

سۆسیال دێموکراسی دەتوانێ چەوساندنەوەی مرۆڤ کەمتر بکا. لەم وتارەدا من ناچمە سەر مێژووی سازبوونی ئەم ئایدیۆلۆژییانە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ هەر دوو جۆری بیرکردنەوەکە تاوتوێ دەکەم. هەروەها باس لە کۆمەڵناسیی سیاسیی حیزبەکانی دیکە لە ڕۆژئاوا یا ئامریکای باشوور ناکەم کە گوایە تیایاندا سۆسیالیزم باوی نەماوە و هەموویان کەوتوونەتە باوەشی سەرمایەدارییەوە. ئەم تێگەیشتنە باوە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکانێک پێیان‌وابێ پێویست دەکا حدکا خۆی لەگەڵ سەرمایەداری ڕێک بخا. ئەمە لە کاتێکدا قەیرانەکانی سەرمایەداری بوونەتە هۆی ئەوەیکە کە ئەو وڵاتانەی پەیڕەوی سیستەمی سەرمایەدارین بەرەو سۆسیالیزم هەنگاو بنێن. لە دوایین نموونەدا دەکرێ باس لەوە بکرێ تەنانەت لە ئامریکا کە وەکوو مەکۆی سەرەکی سەرمایەداری دەناسرێ، ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە لایەن کەسانێک وەکوو بێرنی سەندێرزەوە پەرەی پێ دەدرێ. (Gautney ٢٠٢٠) هەروەها، کێنوۆرسی پێی‌وایە سیستەمی سەرمایەداریی ئامریکا بەرەبەرە بەرەو سەرمایەدارییەکی سۆسیال دێموکرات هەنگاو دەنێ، ئەگەرچی ئەو بەڵگە دێنێتەوە کە سۆسیال دێموکراسی لە کردەوەدا دەتوانێ باشتر لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بێ و تەنانەت وڵاتە هەژارەکانیش بەرەو ئەم جۆرە لە سەرمایەداری دەڕۆن. (Kenworthy, ٢٠٢٢)

### سۆسیالیزمی دێموکراتیک

سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەکرێ بە فەلسەفەیەکی سیاسی پێناسە بکرێ کە لە ڕێگەی دێموکراسییەوە هەوڵی دامەزراندنی سیستەمێکی ئابووری سۆسیالیستی دەدات. دەیهەوێ بە داکۆکیکردن لە خاوەنداریێتی بەکۆمەڵ، دووبارە کۆمەڵگە دابڕێژێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە بەشێوەیەکی دێموکراتیک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن کۆنترۆڵ دەکا. لەم تیۆرییەدا دەسەڵاتی ئابووری لامەرکەزییە و لەنێوان کرێکاراندا هاوبەشە یان دەوڵەت بەناوی خەڵکەوە ئەو دەسەڵاتەی بەدەستەوەیە.

ناوەندی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، بەدواداچوون بۆ دادپەروەریی ئابووری و یەکسانییە. سۆسیالیستە دێموکراتەکان دەڵێن کە لە سەردەمی

سەرمایەداریدا سامان و دەسەڵات لە دەستی چەند کەسێکدا چڕ دەبێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆی جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەوان مۆدێلی بەدیل پێشنیار دەکەن کە خۆشبژێویی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لە پێشینەدا بن و، ئامانجیان کەمکردنەوەی نایەکسانی و نەهێشتنی هەژارییە. سۆسیالیستە دێموکراتەکان بە داکۆکیکردن لە باجدانی پێشکەوتنخوازانە و تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتیی بەهێز و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، هەوڵ دەدەن کۆمەڵگەیەکی یەکسانتر دروست بکەن کە هەمووان دەستیان بە پێداویستییە سەرەتاییەکان بگات.

سۆسیالیستە دێموکراتەکان ڕۆڵی دەوڵەت لە چارەسەرکردنی نایەکسانیی سیستەمی و دەستەبەرکردنی دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان دەناسن. ئەوان بانگەشە بۆ دەوڵەتێکی چالاک و دەستێوەردەر دەکەن کە نەک هەر بازاڕ ڕێک بخات بەڵکوو چالاکانە بەشداریی لە پلاندانانی ئابووریش بکات. بۆ ڕێگریکردن لەوەی دامەزراوە تایبەتییەکان نەتوانن سەرچاوەکان یان هێزی کار بە مەبەستی قازانج و بە ناوی خێری هەمووانەوە قۆرغ بکەن، زۆرجار سۆسیالیستە دێموکراتەکان باس لەوە دەکەن کە پیشەسازی و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەک ئامرازێک بۆ بەدێموکراسیکردنی ئابوور بەکار دێنن. هەروەها ئەوان پشتگیری لە بەنیشتمانیکردنی پیشەسازییە سەرەکییەکان دەکەن.

لایەنێکی دیکەی سەرەکیی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، پابەندبوونیەتی بە خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ. سۆسیالیستە دێموکراتەکان باوەڕیان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە گشتگیرەکان هەیە، وەکوو چاودێریی تەندروستی، پەروەردە، نیشتەجێبوون و چاودێری منداڵان. هەر کام لەمانە وەک مافێکی گشتگیر کە هەمووان دەبێ دەستیان پێ بگات سەیر دەکرێن. بۆ مەبەستی دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان و بەرەوپێشبردنی جووڵەی کۆمەڵایەتی، ئەوان دەڵێن کە ئەم خزمەتگوزارییانە دەبێ بەخۆڕایی بن یان پاڵپشتییەکی زۆریان بۆ بکرێ. سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە گرنگیدان بە خۆشبژێوی تاکەکان و جڤاتەکان، هەوڵ دەدا کۆمەڵگەیەک دروست بکا کە هەموو کەسێک بتوانێ تیایدا گەشە بکات.

سۆسیالیزمی دێموکراتیک، هەر وەک لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێ، جەخت

لەسەر دیموکراسی و بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەکانی بڕیاردان دەکات. سۆسیالیستە دیموکراتەکان بانگەشە بۆ دیموکراسییەکی بەشدارتر دەکەن کە کاریگەریی پارە و بەرژەوەندی کۆمپانیاکان لە سیاسەتدا کەم ببێتەوە. ئەوان پێیانوایە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکی ڕاستەقینە دەبێ بڕیاری بەکۆمەڵ و بەهێزکردنی گروپ و کرێکارانی پەراوێزخراو لەخۆبگرێت. لەم ڕوانگەدا دەسەڵات لامەرکەزییە و تاکەکان لە داڕشتنی سیاسەت و دامەزراوەکاندا قسەیان بەهەند وەردەگیرێت.

## ڕەخنە لە سۆسیال دیموکراسی

سۆسیالیستە دیموکراتەکان سۆسیالیزم وەک ئامانجی کۆتایی دەڕوانن و بڕوایان بە گەیشتن بەو ئامانجە لە ڕێگەی گۆڕانێکی بنچینەیی سیستەمی ئابووری و سیاسیی هەیە. ئەوان پێشبینی کۆمەڵگەیەک دەکەن کە کرێکاران کۆنترۆڵی دیموکراسییان بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا هەبێت. لە بەرامبەردا سۆسیال دیموکراتەکان ئامانجیان گواستنەوەی تەواو بۆ سۆسیالیزم نییە. ئەوان هەوڵی چاکسازی و مرۆڤکردنی سەرمایەداری دەدەن نەک بە تەواوی جێگەی بگرنەوە. سۆسیال دیموکراتەکان سەرنجیان لەسەر گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی لە چوارچێوەی ئابووری تێکەڵاو و دامەزراوە دیموکراتییەکاندایە.

سۆسیال دیموکراسی، وەک ئایدۆلۆژیایەک کە هەوڵدەدا توخمەکانی سۆسیالیزم لەگەڵ ئابووریی بازاڕی سەرمایەداریدا تێکەڵ بکات، لە لایەن لایەنگرانی ئابوورییەکی سیاسی سۆسیالیستییەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. لە کاتێکدا کە سۆسیال دیموکراسی ئامانجی گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی نایەکسانی لە ڕێگەی بەرنامەی خۆشبژێو و ڕێکخستنەوەیە، ڕەخنەی سۆسیالیستی باس لەوە دەکا کە لە چارەسەرکردنی کەموکوڕییە بنەڕەتییەکانی سەرمایەداریدا لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ناکارامەیە:

**- پاراستنی سەرمایەداری**

سۆسیال دیموکراسی، بە پەسەندی ئابووری بازاڕی سەرمایەداری، تەنیا مەبەستێکی ڕیفۆرمیستی هەیە. هەر بۆیە سۆسیال دیموکراسی لە کۆتاییدا

لەبەر دژوازییە جەوهەرییەکان و سروشتی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری شکەست دەهێنێ. سۆسیال دێموکراسی بە پاراستنی خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان، بەرەوڕووی ئەو پێکهاتە بنەڕەتیانەی دەسەڵات ناکات کە دەبنە بەردەوامی نایەکسانی و دابەشبوونی چینایەتی.

**– سنووردارکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت**

لە کاتێکدا سۆسیالیزمی دێموکراتیک بانگەشە بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت و ڕێکخستنی ئابووری دەکات، ڕەخنە سۆسیالیستییەکان سنوورداربوونی ئەم جۆرە دەستێوەردانانە لە چوارچێوەیەکی سەرمایەداریدا دەردەخەن. ئەوان دەڵێن کە سیاسەتەکانی سۆسیال دێموکراسی، وەک سیستەمی باج و بەرنامەکانی خۆشبژێوی، دەتوانرێ بەهۆی کاریگەری بەرژەوەندییە بەهێزەکانی کۆمپانیاکانەوە تێکبچن.

**– دابەشکردنەوەی سامان بە شێوەیەکی ناتەواو**

زۆرجار سۆسیال دێموکراسی ناتوانێ دووبارە دابەشکردنەوەی سامان و دەسەڵاتدا سەرکەوتوو بن. دەبیندرێ کە تەنانەت لە وڵاتەکانی سکاندیناڤیاشدا سیستەمی باج ناتوانێ بەرەوڕووی چڕبوونەوەی سامان لە دەستی چەند کۆمپانیایەکدا بگرێ. ئەوان دەڵێن، هەر لەبەر ئەوە پێویستە لە ڕێگەی گرنگیدان بە خاوەندارییەتییەکی دێموکراتیک و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان بواری ئابووری بەشێوەیەکی ڕادیکاڵتر دابڕێژرێتەوە تا دادپەروەرییەکی ئابووریی ڕاستەقینە بەدی بێت.

**– نەبوونی کۆنترۆڵی کرێکاران**

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئابووری سیاسەتی سۆسیالیستی، بیرۆکەی کۆنترۆڵی کرێکارانە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. بیرۆکەی سۆسیال دێموکراسی بەگشتی پێشتریەتی و بانگەشە بۆ خاوەنداریەتی و کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆی کرێکاران ناکەن. هەر بۆیە بێئەوەی کرێکاران و بەشداریکردنیان لە پرۆسەکانی بڕیاردان بەهێز بکرێ، ڕەنگە سۆسیال دێموکراسی چاوپۆشی لە پۆتانسێلی ڕێکخستنی ئابووری دێموکراسی

بکات و نەتوانێت بەرەوڕووی پێکهاتە پلەبەندییەکانی دەسەڵات لەناو شوێنی کاردا بکات.

## دەرەنجام

قاسملوو لە کورتەباسدا هەر وەکوو پۆلانزاس (Poulantzas ١٩٧٨) پێیوایە کە سۆسیالیزمی دیموکراتیک جێگرەوەی دوو مۆدێلی سۆسیالیزمی دەوڵەتی بیرۆکراتی یەکیەتی سۆڤیەت و ڕیفۆرمیزمی سۆسیال دیموکراسییە کە لە ئوروپای ڕۆژئاوا باو بوو. سۆسیالیزمی دیموکراتیک لە ڕوانگەی ئەوانەوە دیموکراسیی ڕاستەقینە لەگەڵ بەکۆمەڵایەتیکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان تێکەڵ دەکات. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە دەبێ دێموکراسیی نوێنەرایەتی تێپەڕێندرێ و بەرەو دێموکراسییەکی قووڵ (قاسملوو ٢٠١٤)، ڕادیکاڵ و ڕاستەوخۆ (Poulantzas ١٩٧٨, ٧٩) بڕۆین. بۆ ئەوەی هاووڵاتیان و کرێکاران لە پرۆسەی بڕیارداندا بەشدار بن و پێکهاتەکانی دەسەڵاتی پلەبەندی (هیرارشی) هەڵبوەشێندرێتەوە، دەوڵەت دەوری سەرەکی دەگێڕێ. بەڵام دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت بەبێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پێکهاتە و ئەرکەکانیدا ناتوانێ لە خزمەتی چینی کرێکار و گروپە پەراوێزخراوەکاندا بێ. بۆ ئەم گۆڕانکارییە پێویست دەکا کە دەیان ساڵ چالاکی بۆ وەدیهاتنی بەرنامەیەکی سۆسیالیستی بکرێ.

لە ئێستادا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخێکی کۆلۆنیالیستیدا سەرچاوەکانی قۆرغ کراون و هێزی کارەکەی دەچەوسێندرێتەوە، لە قۆناغی یەکەمدا پێویست دەکا کە خەباتێکی ڕزیگاریخوازی کوردستان دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەستەوە بگرێ. نموونەی وڵاتانی ناوچەکە نیشانی داوە کاتێک حکومەتە تۆتالیتەر و سەرەڕۆکان دەڕووخێن یان بەڕواڵەت دەیانەوێ لە خۆیاندا گۆڕانکارییەک ساز بکەن، بەرەو ئابوورییەکی نیولیبراڵ هەنگاو دەنێن و لەم ڕێگەوە سەرمایەدارییەکی هاوڕێیانە ساز دەبێ. (Ishac et al. ٢٠١٩) لەم شێوە مەترسیدارەی سەرمایەداریی هاوڕێیانە کە لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرەی سەندووە، بە بیانووی کەرتی تایبەتەوە سەرچاوەکان و ئامرازی بەرهەمهێنان دەکەوێتە دەستی تاقمێک ئۆلیگارشیی گەندەڵەوە و بە پاساوی بەرژەوەندی خەڵکەوە و پەرەپێدان

بە کەرتی تایبەت، سەرچاوە گشتییەکان لە دەستی دەوڵەت دەردەهێندرێ و دەکەوێتە خزمەتی تاقمێکی کەمەوە. کەواتە ئابوورییەکی سۆسیالیستی بۆ نەتەوەیەک کە لە ژێردەستی ڕزگاری بووەوە دەتوانێ لە لایەکەوە گارانتی دابەشبوونی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی دێموکراتیک بکا و، لە لایەکی دیکەوە نەهێڵێ کە لۆمپەن بورژوازییەک کە لە سایە سەری ڕانتی جاشیەتییەوە ساز بوون دیسان ئامرازەکانی بەرهەمهێنان قۆرغ بکەنەوە یا خۆیان بۆ بۆرژوزییەکی کۆمپرادۆر بگۆڕن کە تەنیا ئامانجیان گواستنەوەی سەرچاوەکانی کوردستان و خزمەت بە سەرمایەداریی هاوڕێیانەیە.

***

**سەرچاوەکان:**


ئەحمەدی، ئیدریس. لە هێگڵەوە هەتا قاسملوو: بەرەو کۆنگرەی ١٤ و تازەکردنەوەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک. ٢٠٠٨. ماڵپەڕی کوردپیدیا. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=٢٠١٠١٢٢٢١٤٤٠٥&lng=١&٧١٨٥٩٣

بازیار، ئیسماعیل. «خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک.» تیشکی نوێ، ژ. ٤ (١٣٩٧): ٦١–٩٠.

بازیار، ئیسماعیل. «سۆسیالیزمی دێموکراتیک و هەنگاوەکانی حیزبی دێموکرات بەرەو سۆسیال دێموکراسی.» لە حیزبی دێموکراتی کوردستان: قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی، کۆیە: کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ١٣٩٩.

حەسەنزادە، عەبدوڵڵا. نیو سەدە تێکۆشان: ئاوڕێک لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەرگی دووەم (کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حدکا، ١٩٩٧).

ژاوەڕۆیی، بیریار. «لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکەوە بەرەو سۆسیال دێموکراسی.» گۆڤاری تیشک ٢١، ژ. ٥١ (٢٠١٩): ٢٦–٣٥.

شەفیعی، جەعفەر. «حیزبی دێموکرات: سۆسیالیزم یا سەرمایەداری؟» پێشڕەو ١٠ (سەرماوەزی ١٣٦٣).

قاسملوو، عەبدولڕەحمان. کورتەباس. ئامادەکردن: سەلاح شەشە.

ستۆکهۆڵم: کتێبی ئەرزان، ٢٠٠٣.
قاسملوو، عەبدوڵڕەحمان. «برنامه به عبارت دیگر: گفتگو با عنایت فانی.» بی‌بی‌سی فارسی (٢٠١٤).
https://www.youtube.com/watch?v=SGsfvkcMn۸U
Bruenig, Matt. "Are State Officials in Nordic Countries Unaccountable?" People's Policy Project (٢٠١٨). https://www.peoplespolicyproject.org/٢٠١٨/٠٨/٠١/-are-state-officials-in-nordic-countries-unaccountable/
Diwan, Ishac, Adeel Malik, and Izak Atiyas, eds. Crony capitalism in the Middle East: Business and politics from liberalization to the Arab Spring. Oxford: Oxford University Press, ٢٠١٩.
Gautney, Heather. "Defining Bernie's Democratic Socialism." Jacobin (٢٠٢٠). https://jacobin.com/٢٠٢٠/٠٣/-bernie-sanders-democratic-socialism-heather-gautney
Heywood, Andrew. Political Ideologies: An Introduction. ٥th ed. London: Palgrave Macmillan, ٢٠١٢.
Heywood, Andrew. Political Ideologies: An Introduction. ٧th ed. London: Palgrave Macmillan, ٢٠٢١.
Kenworthy, Lane. Would Democratic Socialism Be Better? Oxford: Oxford University Press, ٢٠٢٢.
McCarthy, Michael A. «Democratic Socialism Isn't Social Democracy.» Jacobin (٢٠١٨). https://jacobin.com/٢٠١٨/٠٨/democratic-socialism-social-democracy-nordic-countries.
Poulantzas, Nicos. «Towards a Democratic Socialism.» New Left Review ١٠٩ (١٩٧٨): ٧٥-٨٧.

# قاسملوو
# ناسیۆنالیزم و ئەندێشەی چەپ

د. سمایل بازیار

**قاسملوو لە چەپێکی کوردەوە بۆ کوردێکی چەپ**

٧٠ سال پێش ئێستا لە فرۆکەخانەی مێهراباد لە تاران عەبدولڕەحمانی قاسملوو کە ئەوکات تازەلاوێکی ١٨ ساڵە بوو، سواری فڕۆکە دەبێ و سەرەتا بەرەو تورکیە و پاش ماوەیەک لەوێڕا بەرەو پاریس وەڕێ دەکەوێ. ئەمە سەرەتای سەفەرێکە کە ٤١ ساڵی خایاند. ئەو سەفەرە سیاسییە لە ١٣ی ژوئییەی ساڵی ١٩٨٩ بە گیانلەدەستدانی لە ڤیەنی پایتەختی ئوتریش کۆتایی پێهات.

ئەوکات کە ئەو سواری فڕۆکە بوو و بەرەو پاریس کەوتە ڕێ، بۆ یەکەم جار بوو سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەکرد و بۆ یەکەم جاریش بوو پاریسی دەبینی و هەرگیز نە بەفکری ئەودا دەهات و نە بە فکری کەسی دیکەدا کە ٤١ ساڵی دی لەو شارە ئەو بە خاک دەسپێردرێ و ئەوێ دەبێتە مەزارگەی ئەو.

ئەو ٤١ ساڵە سەفەرێکی دوور و درێژە و چەند ڕەهەندێکی گرینگ لە ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی دوکتور قاسملوو دەگرێتە خۆ کە ئەمن لێرەدا تەنیا باس لە ڕەهەندێکی ژیانی سیاسی_فیکری دوکتور قاسملوو دەکەم.

ئەگەر بمانەوێ سیمای سیاسیی دوکتور قاسملوو وێنا بکەین، دوو هێڵی سەرەکی سیمای سیاسی و فکریی ئەو تەرسیم دەکەن. ئەو دوو هێڵەش

نەتەوەیی بوون و عەداڵەتخواز بوونە، واتە چەپ بوونە و دەمەوێ بەو پرسیارە بچمە نێو باسەکە کە ئایا ئەو دوو هێڵە سەرەکییەش لەو ٤١ ساڵەدا وەک خۆیان مانەوە؟ یان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات و گۆڕان، هەرووەها ئامانج لەو باسە چییە؟ مەبەست ئەوەیە کە بڵێم ئینسان دەتوانی و دەبێ بگۆڕدرێ، ناکرێ هەر وا بە هێندێک شتی چەقبەستوو و دۆگم بنووسێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەیە. ئەوەی دەمەوێ باسی بکەم ئەو دوو گۆڕانکارییە گرینگەن لە ژیانی سیاسی و فکری دووکتور قاسملوودا.

یەکەم قۆناغی ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملوو ( ١٩٤٧ _ ١٩٧٠) بۆ ماوەی ٢٣ ساڵە. ئەو قۆناغە چۆنی پیناسە بکەین دوکتور قاسملو لەودا لە ڕووی فیکری و سیاسییەوە هەم چەپێکی کوردە و هەم چەپێکی ڕادیکاڵە، بەڵام دواتر ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ و لە چەپێکی کوردەوە دەبێتە کوردێکی چەپ و لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەبێتە چەپێکی میانەڕەو.

چالاکیی سیاسیی د.قاسملوو بە حیزبی تودەی ئێران دەست پێدەکا بە ڕەسمی، هەرچەند پاشخانی چالاکیی لە سازمانی جەوانانی ئەو حیزبەدا هەبوو، بەڵام پێناچێ زۆر جیددی بووبێ. چالاکیی ئەو لە حیزبی تودەدا بە گەیشتنی بە فەڕانسە و لەم وڵاتە دەست پێدەکا، دیارە براکەی «ئەحمەد قاسملوو» پێشتر لە فەڕانسە بووە و ئەندامی حیزبی تودە بوو.

دیارە چەپبوونی دوکتور قاسملوو پاشخانێکی دوورتری هەیە و ئەو کات کە لە تارانیش قۆناغی دواناوەندیی دەخوێند، سیمپاتیی بۆ چەپ هەبوو، ئەو هەم بە کردەوە چەوسانەوە و ڕەنج و کوێرەوەری جوتیارانی گوندەکەی خۆی دەبینی کاتێک کە بۆ پشووی هاوین دەچووە گوندی قاسملوو و هەم لە دواناوەندیدا لە تاران بەهۆی مامۆستایەکی قوتابخانەی ئاشنا ببوو بە کتێب و نووسراوەی ڕێبەرانی چەپ وەکوو لێنین.

د.قاسملوو بۆ چەپ بوو؟ لەو کاتەوە کە مرۆڤ خۆی ناسیوە هەمیشە دەغدەغەی یەکسانی و عەداڵەتی بووە. مرۆڤ هەموو کاتێ عەوداڵی عەداڵەت بووە. هەر ئایدۆلۆژییەک بانگەوازی یەکسانیخوازیی کردبێ و خۆی بەوە باسەوە خەریک کردبێ، لای خەڵک سەرنجڕاکێش بووە و خەڵک وەدووی کەوتوون. چەپیش یەکێک لەو ئایدۆلۆژیانەیە کە نە تەنیا خۆی بە مەسەلەی یەکسانی و عەداڵەتەوە خەریک کردوە، بەڵکوو بانگەشەی عەداڵەت و بانگەشەی یەکسانی و بەرابەری دەکا، هەر بۆیە جەزابییەتی زۆرە بەتایبەت

بۆ ڕوناکبیران و بە تایبەتیتر بۆ کورد. چونکی کورد هەمیشە و بە درێژایی سەدان ساڵە زوڵمی لێکراوە و کەوتۆتە بەر تیغی غەدر، بۆیە هەمیشە عەودالی ئایدۆلۆژیایەک بووە کە بتوانێ ئەو یەکسانییە و ئەو بەرابەرییەی بۆ دابین بکا و ئەو زوڵمەی لێی دەکرێ، ئەوەی لەسەر بڕەوێنێتەوە.

ئێستا با بپرسین کە لە بنەڕەتدا فەزای سیاسیی ئەوکات چۆن بوو؟ فەزای ئەو کات و ئەو سەردەمە و گوتاری سیاسیی ئەوکات موتەئەسیرە لە ئەندێشەی چەپ. واتە گوفتومانی چەپ بەسەر کەش و هەوای فیکریی ئەو سەردەمەدا زاڵە و تەنانەت کاریگەریی کردووەتە سەر هێزە ئیسلامییەکانیش، با نموونەیەک بێنینەوە لە ڕێکخراوێکی کوردی، لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

کۆمەڵەی ژ- کاف ڕێکخراوێک بوو نەتەوەیی _ ئیسلامی. یەک لە چوار کۆڵەکەکان کە ژ- کاف لەسەری ڕاوەستاوە ئیسلامێتییە، بەڵام دەبینین ئەندێشەکانی چەپ لەو ڕێکخراوەیەشدا ڕەنگی داوەتەوە و لە نۆ ژمارەی گۆڤاری نیشتماندا کە هەر نۆ ژمارەی بەرگی یەکەمی بە ئایەتەکی قورئان چاپ بووە، لە سێ ژمارەیدا لەسەر شۆڕشی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩١٧ وتاری تێدایە و، عەکسێکی لێنینی تێدا بڵاو بۆتەوە کە تەواوی لاپەڕەیەکی گۆڤاری نیشتمانی گرتووە و هەروەها شێعرێکی تێدایە کە بە لێنینیدا هەڵکوتووە.

با نموونەیەکی دیکە بە ئێران بێنمەوە. «نهضت خداپرستان سوسیالیست» یەکەم ڕێکخراوی ئیسلامی بوو لە ساڵی ١٩٤٤ لە ئێران پێکهات، ئەو ڕێکخراوەیەی دواتر بوو بە نیهزەتی ئازادی؛ دەبینی ناوەکەی بەخۆوەیەتی و بۆ خۆیان دەڵێن بزووتنەوەیەکی خوداپەرستن بەڵام لە عەینی کاتیشدا سوسیالیستن.

سازمانی موجاهدینی خەلق ئەو ڕێکخراوەیەی لە ساڵەکانی ١٣٤٣-١٣٤٤دا پێکهات. سازمانی موجاهدین ڕێکخراوێکی ئیسلامییە، بەڵام ئەندێشەکانی مارکسیستی بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە لەو سازمانەدا قەبووڵ کراوە.

یەکێک لە ڕێبەرەکانیان بەناوی مەحموود عەسکەریزادە کتێبێکی هەبوو بە ناوی «اقتصاد به زبان ساده» ئەوە لە شانەکانی سازمانەکانی چەپ وەک دەرس دەگوترایەوە و دەخوێندرا. یان دوکتور عەلی شەریعەتی، ئیدئۆلۆگی بە ناوبانگی شۆڕشی ئیسلامی، ئەو کەسەی سوخەنڕانییەکانی لە حوسەینییەی ئیرشاد بە ناوبانگن و بوون بە کتێب؛ بەڵام ئەندیشەکانی شەریعەتی هەم کاریگەریی مارکسیزمی بەسەرەوەیە و هەم کاریگەریی

ئیگزستانسیالیزمی بەسەرەوەیە؛ یانی شەریعەتی هاتووە ئەندیشەکانی مارکس و ژان پۆل سارتری لەگەڵ دین تێکەڵ کردوە، کەوابوو ئێمە چاو لە ژینگەکە و چاو لە دۆخەکە دەکەین.

فەزاکە ئەوەیە، ئەگەر سەیری گۆڕانکارییەکانی دەیەکانی ٤٠ و٥٠ و ٦٠ لە پاش دووهەم شەڕی جیهانی دەکەین، ئەو سێ دەیە لوتکەی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلانی ژێردەستەیە. بە دەیان وڵاتی تازە لەو ماوەیەدا هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیا و لەو خەباتە ڕزگاریخوازانەیەدا مارکسیستەکان و چەپەکان دەوری سەرەکی دەبینن. دەبینین ژینگەکە و هەلومەرجەکە ئەوەیە و کەوابوو ئاساییە بۆ تازەلاوێکی تەمەن ١٧ ـ ١٨ ساڵ کە ئەندێشەی چەپ بۆ ئەو جەزابیەتی هەبێ. وەبیر قسەیەک لە «ڕۆمێن ڕۆڵان» کەوتمەوە کە دەڵێ: ئەو کەسەی لاو بێ و ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ نەبێ، دڵی نییە.

دوکتور قاسملوو ئەودەم کە ئیران بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئورووپا، لە ئورووپایەش هەر بەسەر فەزایەک و بەسەر ژینگەیەکی وادا دەکەوێ. ئەو کاتەی د.قاسملوو دەگاتە پاریسە، ئورووپا ئێستا لە ژێر خۆڵەمێشی شەڕ سەری وەدەر نەناوە و وەخۆ نەهاتۆتەوە. لەوێ لە یەکەم هەڵبژاردنەکانی پاش شەڕدا کە دەکرێ، ژێنەڕاڵ دوگول کە سەمبوڵی مقاومتی فەڕانسەوییەکانە، ـچونکی فەڕانسە تەسلیمی ئاڵمان بوو دوگول خۆی بە دەستەوە نەدا و سەرۆکایەتیی نەهزەتی مقاومەتی میللیی کردـ کەچی ئەو لە یەکەم هەڵبژاردن کە لە دوای شەڕ کرا بە هاوپەیمانیی چەپەکانی دۆڕاند، دوکتور قاسملوو پێی نابووە وەها ژینگەیەک.

لە بریتانیا چی؟ لە بریتانیاش چێرچیل کە سەرۆکایەتیی ئینگلستانی دەکرد لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا، بەڵام ئەویش لە پاش شەڕ کایەکە دەدۆڕێنێ و هەڵبژاردنەکان بە زیانی وی و لە قازانجی چەپەکان دەشکێتەوە. دوکتور قاسملوو ساڵێک لە فەڕانسە دەمێنێتەوە و دوایە بۆ درێژەپێدانی خوێندن بە ناچاری فەڕانسە جێ دەهێڵێ و دەچێتە چێکۆسلۆاکی. دەچێتە وڵاتێک کە سوسیالیستییە و دەچێتە زانکۆ و لەوێ ئابووریی سوسیالیستی دەخوێنێ و لە ڕاستیدا لەوێ بە چەمک و مەقولەکانی مارکسیستی ئاشنا دەبێ. سرووشتییە کە هەموو ئەوانە کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەو هەبوو تا کەسایەتییەکی چەپی لێ دەربچێ.

ئێستا پرسیاری دووهەم، ئەدی بۆ حیزبی توودەی هەڵبژارد؟

ئەو کات حیزبی توودە تەنیا حیزبی پێشکەوتوو و بە نفووزی چەپی سەراسەری لە ئێران بوو، ئەو کات حیزبی دیکە نەبوو کە ئیدعای چەپ بوون بکا و پێشکەوتنخواز بێ. دوکتور قاسملوو هەر بۆخۆی لە «چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا» دەڵێ حیزبی توودە بە نفووزترین حیزبی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو لەو کاتدا زۆربەی نووسەران، ڕووناکبیران، هونەرمەندان، خوێندەواران یا ئەندامی حیزبی توودە یا لانیکەم سەمپاتی ئەو حیزبە بوون، بە تایبەت سەرکەوتنی یەکیەتیی سۆڤیەت لە شەڕ بە دژی فاشیزمدا ئیعتباری ئەو حیزبانەی زۆر سەیر بردبووە سەرێ.

ئێرنێست همینگوای، نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی بە دوای سەرکەوتنی سۆڤییەت بەسەر ئاڵمانی هیتلێریدا دەڵێ: هەر مرۆڤێک ئازادیی خۆش بوێ زۆر پتر لە تەمەنی خۆی قەرزداری یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەرتەشی سوورە، چوون فاشیزمی شکەست داوە.

فاشیزم هەیولایەک و ئەژدیهایەک بوو دنیای قووت دەدا. ئەم نەخش و دەورەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە تێکشکانی فاشیزمدا ئیعتباری ئەو حیزبە کۆمۆنیستانەی یەکجار زۆر بەتایبەت لە جیهانی سێهەمدا و تەنانەت لە ئورووپایەش بردە سەرێ.

«هابز باوم» دەڵێ شتێکی زۆر سەیر نییە ئەگەر ئەو حیزبانە لە پاش شەڕ پێشوازییەکی زۆریان لێکرا. چوون ئەو فیداکارییە و ئەو دەور و نەخشەی یەکیەتیی سۆڤیەتی لە تێکشکاندنی فاشیزمدا ئیعتباری کۆمۆنیستەکانی لە جیهانی سێهەم و لە ئورووپاش زۆر بردە سەرێ.

ئەم قۆناغە لە ژیانی سیاسیی د. قاسملوو (١٩٤٧_١٩٧١)، ئەو لە پێشدا چەپە و دوایە کوردە، واتە پرسی نەتەوەیی بۆ ئەو لە ئەولەوییەتی یەکەمدا نییە و پرسە چینایەتییەکان بۆ ئەو لە پێشەوەن.

### قاسملوو لە بۆتەی گۆڕانی فیکریدا

لە ساڵی ١٩٧٠دا دوکتور قاسملوو بە ڕەسمی حیزبی توودەی ئێران بەجێ دێڵێ و دەبێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە کۆنفڕانسی سێی حیزب و دواتر لە کۆنگرەی سێهەمدا دەبێ بە سکرتێری ئەو حیزبە. سرووشتییە ئەتۆ ببی بە سکرتێری حیزبێکی نەتەوەیی یانی لەوە بەدواوە مەسەلەی کورد بۆ تۆ مەسەلەی ئەساسییە و چارەسەری پرسی کورد بۆ

تۆ لە سەرەووی هەموو پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەیە. هەر لە ئەساسدا پێویستیی دروستبوونی حیزبی دێموکرات چییە؟ فەلسەفەی وجوودییەکەی چییە؟ هەموو حیزبێک لە ئاکامی کەلێنە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست نابن، جا ئەو کەلێنانە یا چینایەتییە یا مەزهەبییە یان نەتەوەییە.

حیزبی دێموکراتیش زەروورەتی پێکهاتنەکەی لە سەر ئەو ئەساسە درووست بووە کە کەلێنی نەتەوەیی هەبوو لە ئێراندا و چارەسەری مەسەلەی میللی زەروورەتی دروستبوونی حیزبی دێموکراتی پێک هێناوە. ئێستا ئەو پرسیارەش لە جێی خۆی دایە کە ئایا دوکتور قاسملوو ئەو ئاڵوگۆرە کە دوای ٢٣ساڵ لەودا دروست دەبێ کتوپڕە؟ نا ئەمە شتێکی مێژووکردە و بە زەمان هاتووە و وردە وردە ئەو گۆڕانکارییەی تێدا دروست کردوە. بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر چییەتی ئەو ئاڵۆگۆڕەی لە ئەندێشەی سیاسیی د. قاسملوودا دروست بووە و هۆکارەکانی، با باسێک لەوە بکەین کە ئایا دوکتور قاسملوو کەسێکی نەتەوەیی بووە یا نەتەوەیی نەبووە؟ بەشێک لە وەڵامی ئەو پرسیارە لەو باسەدا دراوەتەوە، بەڵام زۆر کەس دەڵێن چونکی قاسملوو خودموختاری ویستووە کەوابوو نەتەوەیی نەبووە. ئەم باسە هەیە و ئێستا هەندێ ئینترناسیونالیستی دۆێنێ و ناسیونالیستی ئەمڕۆ ئەو قسانە دەکەن، دیارە خۆ ئەوە باشە و ئێمەش پێشوازی دەکەین لەو گۆڕانەی لەواندا دروست بووە و لە ئینترناسیونالیستەوە بوون بوونە ناسیونالیست، دیارە لە بنەڕەتدا هەر باسەکە ئەوەیە و پێشوازی لە گۆڕان دەکەین و دەڵێین کە ئینسان دەبێ بگۆڕدرێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ، بەڵام ئەوان دەڵێن لەبەر ئەوەی لە بەرنامە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا و لە یەکەم بەرنامەدا لە ساڵی ١٩٧١ حیزب باسی لە خودموختاری کردووە نەتەوەیی نەبووە، یا لەو وتووێژەی کە چەند ساڵ لەوە پێش لە تەلەڤیزیۆنی بی بی سی بڵاو بۆوە ـ دیارە ئەو وتووێژە ٢٥ ساڵ لەوە پێش «عینایەت فانی» لەگەڵ دوکتور قاسملوو کردبووی و لەوێدا باس لە ئێرانی بوون دەکا و لەسەر ئەوە زۆر باس کرا کە ئەوەتا خۆی پێ ئێرانییە. ئەمن دەمەوێ وەڵامی ئەوانە بدەمەوە و لەسەر ئەو باسانە تۆزێک ڕاوەستم.

یەکەم: لە ستراتژیی دوکتور قاسملوودا لە ئاسۆی دووری ئەودا، هەمیشە کوردستانی سەربەخۆ بوونی هەبووە. بۆ ئەوە بەڵگە زۆرە کە دەیانهێنمەوە. با بچن بەرهەمەکانی بخوێننەوە و وتوێژەکانی ببینن تا بزانن کە لە ئاسۆی

دووری ئەودا هەمیشە کوردستانی سەربەخۆ و کوردستانی یەکپارچە هەیە و هەمیشەش بووە.

با باس لە چەند نموونەیەک بکەین. لە پێشدا با بە ئیرەجی کەشکوولی دەست پێبکەین، ئیرەج کەشکوڵی ئەندامێکی سازمانی ئینقلابی حیزبی توودە بوو کە ساڵەکانی ١٣٤٧_١٣٤٨دا لە باشووری کوردستان بوون و دەیانویست لە ڕێگای باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرنامەکانیان و چالاکیی خۆیان لە ئێراندا پەرە پێبدەن. ئەو دەڵێ: ئەو کات کە دوکتور قاسملوو چاوی بە ئێمە کەوت لە بوونی ئێمە لە کوردستانی عێراقدا ڕازی نەبو. ئەو پێی خۆش نەبوو کە مارکسیستەکانی ئێرانی لە کوردستان لاوانی کورد بۆ لای کۆمۆنیزم ڕاکێشن. کەشکوڵی دەڵێ دوکتور قاسملوو لە بوونی چەپی سەراسەری لە کوردستان ناڕازییە و نەیدەویست لاوی کورد بۆ لای ڕێکخراوێکی چەپی سەراسەری بڕوا.

بەڵگەی دیکە با بێنینەوە، برنامەی حیزبی دێمکرات کوردستان کە سەرەتا لە کۆنفرانسی سێ و دواتر لە کۆنگرەی سێ دا پەسند کرا، لە فەسڵی یەکەم و لە ئامانجە گشتییەکاندا، لە خاڵی دووهەمدا دڵێ: ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی دادپەروەرانەیە. لە کوێ ئەو کۆمەڵگەیە پێکدێ، خۆ ناڵێ لە ئێرانێ. نا ڕوونە ئەوە بۆ کوردستانە، ئەوەیە کە دەڵێین لە ئاسۆی دووروی ئەودا، کوردستانی سەربەخۆ هەیە. سەرنج بدەنە ئەوە کە هەر لە خودی برنامەکەدا وا دەڵێ. ئەو پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستیی بۆ ئێران ناوێ ئەوەی بۆ کوردستان دەوێ. خۆ ناکرێ لە کوردستان ئابووریی سۆسیالیستی پیادە بکرێ و لە شوێنەکانی دیکەی ئێران ئابووریی بازاڕی ئازاد (سەرمایەداری) بەڕێوەبچێ. دوکتور قاسملوو دواتر لە ساڵی ١٣٦٢دا ڕاشکاوانەتر لە «کورتەباس»دا، باس لەوە دەکا کە ئەو کۆمەڵگەیە و ئەو سۆسیالیزمەی بۆ کوێ دەوێ. لەوێ بە ڕوونی دەڵێ کە ئەو ئامانجەی بۆ کوردستان دەوێ. هەر لەوێ دوکتور قاسملوو پرسیارێک دەکا و بۆخۆیشی وڵام دەداتەوە. دەپرسێ ئەو سووسیالیزمەێ دمانەوێ دایبمەزرێنین چ جۆرە سووسیالیزمێکە و ئایا بە تەواوی عەینی ئەوە دەبێ کە لە وڵاتە سۆسیالیستییەکان دامەزراوە؟ دوایە لە وەڵامدا دەڵێ نا، «سۆسیالیزمێک کە لەگەڵ وەزعی وڵاتەکەمان بێتەوە، چوونکی ڕاستە کۆمەڵی کوردەواری پێی ناوەتە قۆناغی سەرمایەداری بەڵام هێشتا خۆی بە

تەواوی لە پێوندییەکانی سەردەمی درەبەگایەتی ڕزگار نەکردووە.» دیقەت بکەن دەڵێ کۆمەڵی کوردەواری، واتە وڵاتەکەمان، یانی کۆمەڵی کوردەواری نەک ئێران.

لەسەر یک پارچەیی کوردستان و لە سەر ئەوێ هەر چوارپارچەی کوردستان لە داهاتوودا دەبێ یەک بگرێتەوە. دوکتور قاسملوو لە کتێبەکەی خۆیدا دەڵێ: «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سرووشتێکی تایبەت کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بۆ کورد تەنیا ئەوە نییە جیابێتەوە لە ئێران، لە عێڕاق یا لە تورکیە؛ بەڵکوو پێش هەموو شتێک یکگرتنەوەیە، یانی پێش جیابوونەوە بۆ کورد پرسێکی سەرەکی یەکگرتنەوەی ئەو چوار پارچەیەی کوردستانە.»

د. قاسملوو ئەو کات کە مارکسیستیشە و دەبێ بەپێی بیردۆزەکانی ئەو مەکتەبە پرسی نەتەوەیی ببەسرێتەوە بە سەرکەوتنی چینی کرێکار، بەڵام ئەو سەربەخۆیی کوردستان نابەستێتەوە بەو ڕۆژەی کە چینی کرێکار بێتە سەر دەسەڵات و جا ئەو پرسە بێتە گۆڕێ. ئاخر کۆمۆنیستەکان و جەپی ڕادیکاڵ دەڵێن هەتا چینی کرێکار نەیەتە سەر دەسەڵات، نابی ئەتۆ گرینگی بە پرسی نەتەوەیی، بە پرسی ژنان و پرسی کولتوری و هیچ کام لەو شتانە بدەی؛ کەچی دەڵێ نا ئەوە پێوەندی بەوەوە نییە و تەنانەت ئەگەر نیزامەکە سەرمایەداریش بێ، وڵاتێک دەتوانێ بەخۆی جیا بێتەوە و نابی ڕابوەستێ لەسەر ئەوەی کە کەی و چ کاتێک چینێ کرێکار دێتە سەر دەسەڵات.

ئەوە کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک لە سێبەری ڕێژیمی سەرمایەداریدا جێبەجێ دەبێ یا تەنیا لە ڕێژیمی سووسیالیستیدا، دوکتور قاسملوو دەڵێ: هیچ کام لەوانە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی، خۆی هەیە. مافی یەکگرتنەوە تەنانەت لە مافی جودابوونەوە زیاترە، کە وابوو ئێمە ئەو مافەمان هەیە، چوونکە دابەشبوونی کوردستان لە ڕاستیدا دابەشبوونێکی دەستکردە. ئاخۆ ئەمانە ناتوانن بەڵگە بن بۆ نەتەویی بوونی ئەو؟

لە وتووێژ لەگەڵ «عینایەتی فانی» لە «بی بی سی»دا دەڵێ چی؟ باسی ئەوەی کردوە کە ئێمە ئێرانین. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ. ئەرێ ئەو

باسی ئەوەی کردوە و گوتویەتی «نەتەوەی ئێران»؟ با بڕۆن هەموو وتوویژەکە ببینن و ئەگەر گوتبێتی نەتەوی ئێران قەبوولمانە. کێشەی ئێمە لەگەڵ ناسیونالیستەکانی ئێرانی لەسەر «نەتەوەی ئێران»ە، لەبەر ئەوەیە کە ئێمە باوڕمان بە نەتەوەی ئێران نییە و پێمانوایە نەتەوەی ئێران شتێکی دەستکردە و هەر بوونی نییە. دوکتور قاسملووش قەت باسی نەتەوەی ئێرانی لە هیچ جێیەک و لەو وتوویژەشدا نەکردوە. دوای ئەوە ئێران وەک چی؟ ڕوونە ئێران وک یەکەیەکی جوغرافی هەیە و حاشای لێ ناکرێ، بەڵام ئەگە لە هەموو وتارکان، نووسراوەکان و وتوویژەکانی دوکتور قاسملوودا لە شوێنێک باسی لە نەتەوەی ئێران کردبێ، ئێمە قسەمان نامێنێ، کە دەشزانین قەتی نەکردوە.

با نموونەیەکی دیکە بێنینەوە لە سەر خودموختاری، ئەوەی کە دەڵێن چونکی خودموختاریی ویستوە نەتەوەیی نەبووە. باشە مەلا مستەفای بارزانی مەگەر یەکێک لە سیمبولەکانی کوردایەتی نییە؟ کێ شکی لەوەیە کە مەلا مستەفای بارزانی نوێنگەی هەرە ڕوونی کوردایەتی نەبووە، بەڵام ئاخۆ مەلا مستەفا لە تەواوی سەردەمی ژیانی سیاسیی خۆیدا شتێک زیاتر لە خودموختاریی ویستوە ،ئەوەی بۆخۆیان پێی دەڵێن حوکمی زاتی؟

با نموونەیەکی دی لە ئێستادا بێنینەوە، خۆ ئیدی ئێستا گومان لەوەدا نییە کە ڕێبەرانی باشووری کوردستان نەتەوەیین و ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەیە دۆڵەتێکی سەربەخۆی کوردی پێکبێنن و هیوادارین بەم ئاوات و ئارەزوویەش بگەن؛ بەڵام دەبینین کە لە حەفتا ساڵی ڕابردوودا، باشووری کوردستان نیزیک بە چل و حەوت ساڵ خودموختاریی ویستووە، بیست ساڵیش داوای فیدڕاڵی کردوە، خۆ ئەگەر وابێ دەبێ بگوترێ ئەوان لە ڕابردوودا نەتەوەیی نەبوون و هەر ئەو سێ ـ چوار ساڵە نەتەوەیی کە داوای سەربەخۆیی دەکەن؟ ئەم ئیستدلال و بەڵگانەی ئەوان دەیهێننەوە بە قەولی مەولەوی «پایەکەیان چووبین»ە و، زۆر زەعیفە.

ئێستا با باس لەوە بکەین کە ئەم ئاڵوگۆرە فیکرییە چۆن لە د.قاسملوودا پێک هات، واتە لە چەپێکی کوردەوە بوو بە کوردێکی چەپ؟ باکگڕاوەندی ئەم گۆڕانکارییانە چین و لە کوێوە کاریگەرییان کردە سەری و لە کامە بەستێندا دروست بوون؟

دوکتور قاسملوو کتێبەکەی [کوردستان و کورد] لە ساڵی ١٩٦٢دا

تەواو دەکا. ئەو لە ساڵی ١٩٥٨ەوە دەستی بە نووسینی ئەو کتێبە کردوە کە تێزی دوکتوراکەیەتی، بەڵام سەرنج بدەنە عینوانی کتێبەکەی. ئەوکات کە ئەو مارکسیست_لێنینیستە، ئەوکات کە ئەو ئەندامێکی حیزبی تودەیە، «کوردستان و کورد» دەنووسێ. یانی بۆ یەکەم جار کوردێک بە شێوازی ئاکادمیک لە سەر پرسی کورد و لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان دەنووسێ.

خۆ ئەگەر شوێنپێی ئەنگیزەی ئەو کتێبەی هەڵبگری، بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەش_حەوت ساڵ پێش لە دەسپێکی نووسینی ئەو کتێبە، ئەو کاتەی دوای کودیتاکەی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بەنەهێنی و بۆ ماوەیەکی زۆر لە ماڵی پێشوا قازی محەممەد ماوەتەوە. وەک بۆ خۆی دەڵێ لەو ماوەیەدا دەڵێ ئیستفادەیەکی زۆری لە کتێبخانەکەی پێشوا کردوە و هەر لەوێ هەست بەوەی دەکا کە کەلێنێک هەیە لە کتێبخانەی کوردیدا و دەبێ کتێبێک بەشێوەی ئاکادمیک لە سەر کوردستان و کورد، واتە هەر چوارپارچەی کوردستان بنووسرێ.

خراپ نییە هەر لەو پێوەندییەدا باس لە فاکتێرێکی دیکەش بکەین. ئەو گۆڕانکارییەی دەکرێ لە هەموو ئەوانەی دیکە شوێنکاری زیاتری لەسەر دوکتور قاسملوو دانابێ و وایکردووە لە باری فیکرییە ئەو ئاڵوگۆڕە قووڵەی بەسەردا بێ. ئەویش ئەو ماوەیە و ئەو کاتانەی کە ئەو لە نێو حیزبی توودەدا بەجیدی لەگەڵ شوینیزمی فارس بەرەڕوو دەبێ. ئەو کاتەی د. قاسملوو لە ئوروپایە و لە دەیەی ٦٠ دا بە هەموو وجوودەوە هەست بە شوینیزمی فارس لە نێو حیزبێکی کۆمۆنیست(تودە)دا دەکا ئەویش لە ڕێکخراوێکی چەپدا کە ئوسوولەن نابێ ڕێکخراوێکی چەپ تێڕوانینی شوینیستیی هەبێ. بەڵام ئەو زۆر بە باشی هەستی پێدەکا و بە بڕوای ئەمن ئەمە فاکتێریکی سەرەکییە بۆ بیچمگرتنی ئەو گۆڕانکارییە لە دوکتور قاسملوودا، لەوەی کە لە چەپێکی کورد ڕا بۆ کوردێکی چەپ بگۆڕدرێ. بۆ ئەوەش بەڵگەمان زۆرن کە ئاماژە بە هیندێکیان دەکەین.

سەرەتا با بزانین دوکتور سارمەدیین سادقوەزیری لەسەر دوکتور قاسملوو دەڵێ چی؟ ئەوکات کە دوکتور قاسملوو کادری حیزبی توودەیە بەڵام پرسی کوردی نەخستۆتە پراوێزەوە و هەموو کاتێ دەغدەغەی ئەو بووە. ئەو دەڵێ قاسملوو بە درێژایی ئەو ساڵانەی ئەندامی حیزبی توودە بوو،

هەمیشە هۆگرییەکی زۆری بۆ کورد و خوێندنەوە لەسەر ئەو بابەتە هەبوو. یانی کاتێک کە ئەو کومۆنیستێکە و بۆ کۆمۆنیستەکان پرسی نەتەواییەتی پلە دوو و پلە سێیە، بەڵام ئەو قەت پرسی کوردی نەخستە پەراوێزەوە. با نموونە لەو ململانێیانە بێنینەوە کە دوکتور قاسملوو لە ئورووپای شەرقی لەگەڵ شوینیستە فارسەکانی نێو حیزبی توودە بوویەتی.

دوکتور قاسملوو ئەو کات کە بە خۆی کادری حیزبی تودەیە لە نامەیەکدا کە بۆ کاک کەریمی حیسامی نوسیویەتی و ئەو نامانە ئێستا هەن؛ دەڵێ: «بە نەزەری من بۆ ئەوانە ـ یانی بۆ ڕێبەرانی حیزبی توودە- پرسی کورد و هەروەها ڕۆژنامەی کوردستان وەک شتێکی دەرەجە چوار و دەرەجە پێنجە و لە هەموو لایەکیش بە ناسیۆنالیست و مونحەریفمان دەزانن؛ بە تایبەتی ئەمن.

وەک دەبینین دوکتور قاسملوو لەو نامەیەدا گلەیی دەکا و بۆ کاک کەریمی حیسامیی نووسیوە و دەڵێ» «ئەوانە بە ناسیۆنالیست و مونحەریفمان دەزانن و کورد و ڕۆژنامەی کوردستان بۆ ئەوانە بایەخی نییە و ئاخریش ڕوژنامەی کوردستانی لە دەستیان دەرهێنا. وەک دەزانین دەوری دووهەمی ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٦٦ لە ئورووپای شەرقی دەرچوو و بیست و پێنج ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بۆوە. کێشەکە لێرەدا دابوو کە ڕێبەرانی حیزبی توودە دەیانگووت دەبێ ناوی ڕۆژنامەکە بنێن «نامەی مردم» و دەبێ ئۆرگانی حیزبی توودەش بێ و گرینگ نییە ئەگەر بە کوردی وتاری تێدا بنووسن. دوکتور قاسملووش کێشەی ئەوەیان لەگەڵ دەکا کە دەبێ ناوی کوردستان و ئۆڕگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بێ. کوردستان، هەر ئەو کوردستانەی میراتی سەردەمی کۆمار و هەمان ناو و دوایەش لە بن دەستی دەرهێنان.

ئێحسان تەبەری لە کتێبی «کژ راهـە»دا دەڵـێ: دوکتور قاسملوو بە «لطایف الحیل» ڕۆژنامەی «کوردستان»ی لە دەست ئێمە دەرهێنا. بەڵێ لە دەستی دەرهێنان و بە ناوی کوردستان بڵاوی کردەوە. لە نامەیەکی دیکەدا دوکتور قاسملوو دەنووسێ کە چۆن کێشە و ململانێی هەیە لەگەڵ شوینیستە فارسەکانی نێو حیزبی توودە. ئەو دەڵێ: «چاوم بە ڕام کەوت [ڕەزا ڕادمەنێش، سکرتێری ئەوکاتی حیزبی توودەی ئێران] و پێی گوتم ئێوە هەمووتان ناسیۆنالیستن و دەبێ خۆتان یەکلا بکەنەوە و دەست لە

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگرن.

هەر لە ڕاستیدا هەموو هەوڵی حیزبی توودە ئەوە بوو. حیزبی توودە لە ساڵی ١٣٢٤بەولاوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە حیزبی دێموکراتیش بە فیرقە بکا؛ یانی وەکوو فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان ببێتە لقێکی ئەیالەتیی ئەو حیزبە. واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبێ، بەڵام لقی ئەیالەتی و لقی کوردستانیی حیزبی توودە بێ. بەڵام لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو نەیهێشت. با بۆ مێژوو بیڵێم کە دوو کەس نەیانهێشت حیزبی دێموکراتی کوردستان ببێ بە لقی ئەیالەتیی حیزبی توودەی ئێران. یەکەمیان ئەحمەد تەوفیق و پاشان دوکتور قاسملوو، هەڵبەت هەر کامەیان بە مێتۆدی خۆیان.

ئەحمەد تەوفیق بە پێداگرییەکی توند لە سەر ناسیۆنالیسم، بەڵام دوکتور قاسملوو بە خوێندنەوەیەکی دیکە لە سۆسیالیسم، بە خۆیندنەوەیەکی جیا لە خوێندنەوەی حیزبی توودە بۆ سۆسیالیسم و بۆ چەپ. ئەوان هەر کام بە مێتۆدی خۆیان نەیانهێشت حیزبی توودە حیزبی دێموکراتی کوردستان قووت بدا.

ئەو دەرگیری و ئەو کۆنتاکتەی دوکتور قاسملوو لە گەڵ ڕێبەرانی حیزبی توودە لە ساڵانی دەیەی ٦٠ دا هەیەتی، دەگاتە ئەو جێیەی کە چیدی ئیعتماد بە دوکتور قاسملوو ناکەن، با بزانین لەو پێوەندییەدا کاک کەریمی حیسامی دەڵێ چی؟

کەریم حیسامی خۆی یەکێک لە ڕەخنەگرانی دوکتور قاسملوویە، بەڵام ئەوە باشە کە بەڵگەکان لەوی بێنینەوە. کەریم حیسامی دەلێ: کاتێک ڕێبەرانی حیزبی توودە ئیجازەیان پێداین سەردانی عێراق بکەین، ئەو کاتەی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦–٤٧ درووست دەبێ؛ حیزبی توودەی ئێران بۆ ئەوەی کایەکە بە سازمانی ئینقلابیی حیزبی توودە نەدۆڕێنێ کە ڕەقیبی بوو، دواجار لەسەر هاندان و پێداگریی کاک کەریمی حیسامی و دوکتور قاسملوو سەردانێکیان دەکەین. ئەوان [کەریم حیسامی و ڕادمەنش] دێن لە بەغدا چاویان بە کاک سولەیمانی مۆعینی و کاک حەمەدەمینی سیراجی دەکەوێ. بۆ ئەو سەفەرە ڕادمەنیش بە کەریمی حیسامی گوتوە کە نابێ قاسملوو بزانێ کە ئێمە ئەو سەفەرەی دەکەین بو بەغدا. کەریم حیسامی دەڵێ لەبەرچی؟ بۆ نابێ دوکتور قاسملوو بزانێ؟ ئەویش دەڵێ : لە سەر قاسملوو ئەزموونمان هەیە،

ئەو ئەندامی حیزبی توودە بوو و ئێمە ناردمانەوە کوردستان، کەچی بوو بە هۆی بنەڕەتیی لێکپچڕانی حیزبی توودە و حیزبی دێموکراتی کوردستان. ڕادمەنیش و حیزبی تودە ئیدی چیدی متمانەیان بە د. قاسملوو نامێنێ.

**قاسملوو، تیتۆی کورد**

ئێستا باس لە قۆناغی دووهەمی ژیانی سیاسیی د.قاسملوو دەکەین دەکەین کە دوکتور قاسملوو چۆن لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە دەبێتە چەپێکی میانە؟ ئێستا ئیدی لە چەپێکی کوردەوە بۆتە کوردێکی چەپ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە، [لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆ چەپێکی میانە] چۆن دروست دەبێ؟ ئەو گۆڕانکارییە ساڵی١٩٨٣ بە نووسین و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی «کورتە باسێک لە سەر سوسیالیسم» خۆی دەرخست. لەوێ ئیدی دوکتور قاسملوو بە تەواوی مەرزبەندیی خۆی لە گەڵ چەپی ڕادیکاڵ ئاشکرا دەکا. لەوە بە دوا ئیدی ئەو کۆمۆنیست نییە و کۆمۆنیست نەماوە، بەڵکوو سۆسیالیستە. دەقیقتر بڵێم ئیدی بەرەو سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەڕوا و بە دەرکردنی ئەو نامیلکەیە ماڵئاوایی لە متافیزیکی کۆمۆنیزم دەکا.

مێتافیزیکی کۆمۆنیسم مەسەلەی چینایەتی وەک پرسی بنەڕەتیی هەموو لێکدانەوەیەکی سیاسی بەکار دەهێنێ و کێشەکانی دیکە وەک کێشەی نەتەوەیی، کێشەی ژنان، کێشەی کولتوری؛ ئەوانە بەلایەوە مەوزووع نین. ئەو هەموو تەحلیلێکی سیاسی و هەموو لێکدانەوەیەک لە سەر بنەمای چیینایەتیە و دوکتور ماڵئاوایی لە ئەمە.

دوکتور قاسملوو ساڵی١٩٧٠ هاتەوە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بوو بە ڕێبەری ئەو حیزبە. کە چاو لە بەرنامەکانی ئەو کاتی حیزب دەکەین، دەبنین بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی٣دا گوزارشت لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکا و بۆ یەکەم جار سوسیالیسم بەڕەسمی دێتە نێو بەرنامەی حیزبەوە وەک ئامانجی دوارۆژ.

لە ئەساسنامەی حیزبدا نووسراوە: «حیزبی دێموکراتی کوردستان پێڕەوی لە تێئۆریی گەشەسەندنی کۆمەڵ دەکا.» ئەمە بێ ئەملا و ئەولا ماتریالیزمی تاریخیی مارکسە. بەپێی ئەو ئیدەیە (تاریخگەرایی یا هیزتوریزم) مێژووی مرۆڤایەتی سەرەتایەک، مەبدەئێک و مەقسەدێکی دیاریکراوی هەیە و هەموو ئەو ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا «مانادارن»

و هەر قۆناغێک لە مێژوو پێشکەوتووترە لە قۆناغی پێش خۆی و بمانەوێ و نەمانەوێ؛ واتە بەدەر لە ئیرادەی مرۆڤ دەگەینە قۆناغی کۆتایی و هەرە پێشکەوتوو، واتە قۆناغی (کۆمۆنیزم).

ئەگەر چاو لە ئەدەبیاتی بەرنامە و ئەساسنامەی حیزب بکەن لە کۆنگرەی ٣دا، دەبینین کە پڕە لە ئەدەبیاتی مارکسیستیی ڕادیکاڵ، ئیستعماری کۆن، ئیمپریالیزم، بورژووازی، چین، فیئۆداڵ، دەرەبەگ، زەروورەتی تاریخی، پڕە لە ئەو دەستەواژانە. یانی کە وابوو لە سەرەتادا بەرنامەی حیزب لە کۆنگرەی ٣دا گوزارشت لە چەپێکی ڕادیکاڵ دەکا بەڵام ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییە کەی ڕوو دەدا؟ لە ساڵی ١٩٨٣ دا. بە چی ڕوو دەدا؟ بە نووسینی «کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم. کورتە باس چ بوو؟ کورتەباس پێناسەی سوسیالیزمی دێموکراتیکە. سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پێناسەکراو لە کورتە باسدا چییە و چیی دەوێ؟

مرۆڤی موتەمەدین مرۆڤی هەمیشە عەوداڵ و تامەزرۆی ئازادی و عەداڵەتە، بەڵام کامیان دەبێ پێش ئەوی دیکەیان کەوێ؟ ئازادی یان عەداڵەت؟ کێشەکە لێرەدایە کە کامیان لە پێشترن؟ هەر کۆمەڵگەیەک هەر کام لەم دوو چەمکەی وەپاش گۆی دابێ و پەراوێزی خستبێ زەرەری کردوە. سوسیالیزمی مەوجوود، ئازادییەکەی لە بەر چاو نەگرت، دیتمان چیی لێ بەسەرهات. ئێستاش لە ئۆورووپای سەرمایەداریدا عەداڵەتەکە ئەو جۆرەی کە دەبێ ببێ لە بەرچاو ناگیرێ. کە وابوو مەوزووع چیە و کورتەباس دەیهەوێ بڵێ چی؟ هەموو مەبەستەکە ئەوەیە کە کورتەباس دەیهەوێ ئەو دووانە پێکەوە کۆ بکاتەوە. دیارە ئەوە کارێکی دشوارە و هەروا سادە نییە هەوڵە کە بۆ ئەوەیە.

دوکتور قاسملوو لە «کورتەباس»دا باس لە دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی سیاسی و دێموکراسیی ئابووری دەکا، هەر سێکیان پێکەوە باس دەکا. «کورتە باس» چیی دیکە دەڵێ؟ کورتەباس هێندێک مەرزبەندی و پەیامێکیشە. پەیامەکە چییە؟ دوکتور قاسملوو دەڵێ دەمانهەوێ سوسیالیزمێک دابمەرزێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێتەوە، ئەمە یانی چی؟ یانی چیدیکە چەپی لۆکاڵی و چەپی کورد نەبیتە پاشکۆی چەپی سەراسەری. لە هەموو مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەمیشە چەپی ناوچەیی چەپی کورد ویستوویەتی پاشکۆی چەپی سەراسەری بێ و، چەپی

سەراسەریش کاریگەری ناسیونالیزمی ئێرانیی بە سەرەوەیە، وەک ئەو نموونانەی باسمان کرد کە چۆن ڕێبەرانی حیزبی توده دوکتور قاسملوو و کوردەکان بە ناسیونالیست و بە مونحەریف دەزانن. هەمیشەش چەپی سەراسەری بە گوێی چەپی مەنتەقەیی هەڵێناوە و بە چەپی کوردی گوتوە کە بۆ لای کوردایەتیی نەچن، کوردایەتیی پرسی دەرەجە سێ و دەرەجە چوارە و بۆ ئێمە مەسەلەی ئەساسی مەسەلەی چینایەتییە.

هەر ئەم بەقسەکردنانە بوو کە چەپی سەراسەری چیی بە سەر چارەنووسی ڕێکخراوی چەپی ناوچەیی هێنا. دیتمان ڕێکخراوی «سەهەند» چیی بە سەر کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران هێنا. ئەوانی هەر لە کوردایەتیی شوشتەوە و بەتاڵی کردن و ئەو پرسەی بۆ کردن بە دەرەجە سێ و چوار. ئا لێرەدایە کە دوکتور قاسملوو دەیهەوێ ئەمە بسەلمێنێ و سنووری خۆی لەگەڵ ئەو تێفکرین و مێتۆدە جیا کاتەوە، دواتر لە هێژموونیی چەپی جیهانیش یانی ئینترناسیۆنالیزمی پڕۆلیتاریش ڕزگارمان بکا. ئاخر دەبوو هەمیشە لە ژێر ئالای پاراستنی بەرژەوەندیی ئینترناسیۆنالیزمیی پڕۆلیتاریا بەرژەوەندییەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت بپارێزرێ. دیارە نەک چەپ هەموو، بەڵکوو ئەو چەپانەی کە سەر بە ئۆردوگای سۆسیالیستیی بوون؛ بەڵام دوکتور قاسملوو بەوەش دەیهەوێ خۆی لە ژێر هێژموونیی ئینتێرناسیونالیزم پڕۆلیتاریاش بێنێتە دەرێ. دیارە خۆ دوکتور قاسملوو دژایەتیی یەکیەتیی سۆڤییەتیی نەکردووە و هەر لەو «کورتە باسە«ی‌دا دەڵێ سۆڤییەت دۆستی ئێمەیە، بەڵام ئێمە سەربەخۆین و سەربەخۆبوون لەگەڵ کلکایەتی فەرقی هەیە و ئەوەی حیزبی توودە دەیکرد کلکایەتیی بوو. دوکتور قاسملوو لە کورتە باس‌دا دەڵێ: یەکیەتیی سۆڤییەتی دۆستی ئێستراتژیکیی ئێمەیە، بەڵام ئێمە لە سیاسەت و بەڕێوەبەریی خۆماندا سەربەخۆین. ڕاست وەک ئەوەی تیتۆ کردی. دوکتور قاسملوو ئا لێرەدا تیتۆی کوردانە. «تیتۆ»ش لە یوگوسلاڤیا خۆی لە ژێر هێژموونیی یەکیەتیی سۆڤیەت هێنایە دەرێ. ئەویش دەیگوت دۆستایەتیت دەکەم بەڵام خۆم بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆم دەدەم.

دوکتور قاسملوو لە «کورتەباس»دا دەڵێ چی و مەرزبەندیەکان چی بوون؟ مەرزبەندییەکان ئەوە بوون کە سنووری نێوان خۆی و حیزبی توودە بکێشێ، مەرزبەندی لەگەڵ ستالینیزم بکا و سنوورێک لە نێوان خۆی و ئەو

جۆرە بیرکردنەوە دوگم و ویشکەی دابنێ کە ساڵانێک بوو بەسەر فەزای فیکریی ئەو حیزبانەدا حاکم بوو و مەجالی ڕەخنەگرتنیان نەدەدا. دواتر پێداگری لە سەر پێگە و شوێنی دێموکراسیی و هەموو ئەمانە نیوەڕۆکی مەسەلەی سوسیالیزمی دیموکراتیک، پیناسە کراو لە «کورتە باس» دا بوو. لێرە پرسیار ئەمەیە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی چۆن لە نێو حیزبەکەی خۆیدا جێ خست؟

لە کۆنگرەی شەش‌دا کاتێک دوکتور قاسملوو ئەو بیرۆکەیە دێنێ بۆ جاری یەکەم وەرناگیرێ و پەسند ناکرێ، ئەوە نیشاندانی قووڵایی سەمپاتییە بۆ چەپی ڕادیکاڵ لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا کە ئەوەندە بەهێزە «کورتەباس» دەنگ ناهێنێتەوە. دوایەش کە پەسند کرا دەبینین ڕێکخراوەکانی وەک کۆمەڵە و «راە کارگر» و ڕێکخراوە چەپییەکانی دیکە هەموو هەڵوێست دەگرن لە بەرامبەر ئەم نامیلکە و گوتارە نوێیەی دوکتور قاسملوودا. کۆمەڵە دەڵێ: «ئەوە کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری بۆ ئێمە بەدیاری دێنی»، ڕای‌کارگەر دەڵێ: «ئەم سۆسیالیزمە بۆ ڕۆژی قیامەتە». دوکتور قاسملوو لەو بارودۆخەدا بە هێنانەگۆڕێی ئەو بابەتە وەک ئەوەی بوو کە بە پێچەوانەی ئاڕاستەی ڕووبار مەلە بکا، بەڵام ئەو لەو بارودۆخەدا قسەی خۆی کرد و باسەکەی خۆی هێنایە پێشێ و لەسەری پێداگر بوو. چەند ساڵ دواتر و بە ڕووخانی دیواری بێرلین و لە بەریەک هەڵوەشانی سوسیالیزمی مەوجوود دەرکەوت کە بووچوونەکانی دوکتور قاسملوو درووست بوون، بەڵام بە داخەوە چوار مانگ پێش ئەوەی ئەو ڕووداوانە ڕوو بدەن و دوکتور قاسملوو دروستبوون و دەقیق‌بوونی بووچوونەکانی لە سەر ئەو بابەتانە بە چاوی خۆی ببینێ شەهید بوو.

ئەم تەحەولە فیکرییەش لە د. قاسملوودا زەمینە و بەکگراوندی هەیە و بەرهەمی وردبوونەوە و بە چاوی کراوە ڕوانین لە ڕووداوەکان بوو؛ وەک: ژیانی تاراوگەیی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و لە نیزیکەوە هەستکردن بە کەموکوڕییەکان، ناڕەساییەکانی سۆسیالیزمی مەوجوود بە تایبەتی لە بواری نەبوونی دێموکراسی و ئازادی و بوونی دەوڵەتانی توتالیترێ لەم وڵاتانە؛ هەروەها ڕووداوەکانی لەهێستان و ڕاپەڕینی مەجارستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی بە تایبەت ڕووداوی «بەهاری پراگ» لە ساڵی ١٩٦٨؛ دەرکەوتنی قوتابخانەی «فرانکفۆرت»، «چەپی نوێ» و «ئۆرۆکۆمۆنیزم» کە هەر

کامەیان بە شێوازێک لەگەڵ چەپی کلاسیک و ئۆرتۆدۆکس سنووربەندییان دەکرد. ئەوانە هەموو لە چاوی وردبینی ئەو بەدوور نەمانەوە و شوێنەواری قوڵیان لەسەر دانا.

## دوا مەنزڵگەی فیکریی دوکتور قاسملوو

دوامەنزڵگەی فکریی دوکتور قاسملوو لە ڕاستیدا وەکوو بەڵگە و وەکوو دیکۆمێنت هیچمان نییە. زۆر کەس دەڵێن سوسیال دێموکرات بوو، بەڵام بەڵگەمان نییە بۆ ئەوە. هەم ئەوانەی لایەنگر و هەم ئەوانەی دژی «کورتەباس»ن، دەڵین کورتە باس تەعبیر لە سۆسیال دێموکراسی دەکا. هێندێک کەس کە سیمپاتی سۆسیال دێموکراسین دەڵێن کورتە باس گوزارشت لە سۆسیال دێموکراسی دەکا و ئەوانەش کە چەپی ڕادیکاڵن دەڵێن بەڵێ تەواو سۆسیال دێموکراسییە. بەڵام هیچیان وا نین، چونکی لە کورتەباس‌دا بۆ خۆی بە ڕوونی مەرزبەندی لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی دەکا، بەڵام لە کردەوەدا دوکتور قاسملوو لە سالی ١٣٦٥ بەو لاوە بە چوونی بۆ نێو ڕێکخراوی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیت بەرەو سۆسیال دێموکراسی هەنگاو دەنێ. لەوێرا نامیلکەیەک لەگەڵ خۆی دێنێتەوە، کە میشێل ڕۆکار، سەرۆکی ئەو کاتی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست نووسیبووی. ئەو نامیلکەیە لە نیو حیزبدا دەکرێتە کوردی و بڵاو دەکرێتەوە و نیشانەکان هەموو ئاماژە بۆ ئەوەن کە بەرەو چی و بەرەو کوێ دەڕۆین، واتە بەرەو سوسیال دێموکراسی. دوکتور قاسملوو بە کردەوە هەنگاوەکانی بەرەو سۆسیال دێموکراسی بوو، بەڵام مەرگ مەجالی ئەوەی پی نەدا کە بە بەڵگە یا بە نووسراوە ئەو بەشە لە ژیان و تێفکرینەکانی بە دێکۆمێنت بکا.

## دەرەنجام

ئەمن باسم لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ کرد. با قسەیەک لە نیچە بێنینەوە، نیچە دەڵی مار ئەگەر هەموو ساڵێک پێستی فڕێ نەدا دەمرێ، ئەدی ئینسان چۆن نابێ بگۆڕدرێ؟ بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە لە دوکتور قاسملوودا لە چەپی کوردەوە بۆ کوردیکی چەپ و لە چەپێکی ڕادیکاڵەوە بۆچەپێکی میانە و دێموکرات بەرهەمی شناختی ئەو لە کۆمەڵگاکەی و بارودۆخی جیهان و ناوچە بوو. ئەمە جیاوازیی هەیە لەگەڵ تێکەوتن لە تەنگەژە و وەرتەی

ئۆپۆرتۆنیزمی سیاسی. ئەوەمان لێ تێک نەچێ ئەم ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییانە بەرهەمی شناخت بوون و لەگەڵ فورسەتتەڵەبیی سیاسیی فەرقیان زۆرە. دواتر لەو سەفەرە سیاسییەی کە دوکتور دەستی پێکرد لە ساڵی ١٣٢٦ کە ٤١ ساڵی خایاند و لەم قۆناغەدا هیندیک شت قەت لە بیری نەچوون و قەت گۆڕان و ئاڵوگۆر نەیگرتنەوە، واتە دوکتور قاسملوو هەر وەک پرەنسیپ هەمیشە پێیان وەفادار مایەوە. یانی لە ویستگە جۆراوجۆرەکانی ژیانی دوکتور قاسملوودا هێندێک پرەنسیب ئاڵوگۆڕیان بە سەردا نەهات. ئەمانە خەتی سوور بوون. یەکەمیان چارەنووسی میللەتەکەی. دەبینین ئەو کات کە توودەییە هەمیشە پرسی کوردی بۆ گرینگە و قەت وەلای نانی. سارمەددین سادق وەزیری لەو بارەوە نایشارێتەوە و دەڵێ ئەو کات کە ئەندامی حیزبی توودەیە بەڵام هەمیشە عەتفی بۆ مەسەلەی کورد هەیە و هەمیشە بەو پرسەوە خەریکە و وەلای نانێ و لەگەڵی دەڕوا.

دوای پرسی کورد پرەنسیپێکی دیکە کە قەت لای ئەو نەگۆڕا، ئەویش دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتییە. هەمیشە بۆ دوکتور قاسملوو فیکری یەکسانی و بەرابەری و فیکری عداڵەت و دادپەروەری وەکوو ئەستێرەیەکی قووتبی بوو کە هیدایەتی دەکرد و ڕێنوێنیی دەدایە. دوکتور قاسملوو لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا ئیدی کۆمۆنیست نەمابوو، بەڵام هەر سۆسیالیست بوو. یان ئەگەر بڵێم دەقیقتر بیڵێم سۆسیال دێموکرات بوو.

پرەنسیپی سێهەم یان خەتی سووری سێهەم لای دوکتور قاسملوو چارەنووسی حیزبەکەی بوو کە هەمیشە بۆی گرینگ بوو. با بە ئاوڕیک لە ویستگەکانی ژیانی دوکتور قاسملوو چەند نموونەیەک بێنینەوە و بزانین حیزبی دێموکراتی چەندە بە لای ئەو گرینگ بووە.

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٣٢٦ دەچێ بۆ خوێندن و ساڵی ١٣٣١ دەگەڕێتەوە و ئوورووپا و خێزانەکەی بە جێ دێڵێ. ئەو لیسانسی وەرگرتووە و دێتەوە کوردستان و دەست بە چالاکییە سیاسییەکانی دەکاتەوە. ماوەیک پێناچێ کوودێتای ٢٨ی گەلاوێژی بەسەردا دێ و ژیانی حیزب دەچێتە خانەی چالاکیی نهێنی و ژێرزەمینییەوە و هەتا ساڵی ١٣٣٦_١٣٣٧ دوکتور قاسملوو لە چالاکیی نەهێنی بەردەوامە و لە نێوان خانە تیمییەکان لە تاران و شاخەکانی کوردستان لە هاتوچۆدایە.

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٣٣٧ کوردستان بە جێ دێڵێ و دەڕاتەوە بۆ

ئوروووپا، بەڵام ساڵێک دواتر دەگەڕێتەوە، کەی؟ کاتێک دەبینێ لە عێراق کووودێتاکەی عەبدوڵکەریم قاسم لە دژی سیستمی پاشایەتی و لە دژی مەلیک فەیسەڵ سەرکەوتووە. دوکتور قاسملوو ئەمە بە هەل دەزانێ، ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخاوە، مەلا مستەفای بارزانی گەڕاوەتەوە، ڕێژمی پاشایەتی نەماوە و لە عیراقێ مەجال هەیە و هەڵ بۆ کورد ڕەخساوە و قاسملوو گەڕاوەتەوە. پاش ماوەیەک دوکتور قاسملوو لە ململانێی حیزبیدا تووشی کێشە دەبێ و دەری دەکەن. هەم لە حیزبی دێموکرات و هەم لە عیراقیشی دەر دەکەن، ئەو کە لە دەرگا دەردەکرێ پاش ماوەیەک دیسان بە پەنجەرەدا دێتەوە ژوورێ. سێ ساڵ دواتر ڕاپەڕینی چەکداریی ٤٦_٤٧ سەر هەڵدەدا و سەر لە نوێ دێتەوە مەیدان. دێتەوە و دانیشتنیان لەگەڵ دەکا و تەنانەت لە کۆمیتەی شۆڕشگێڕی‌دا کاندیدی دەکەن بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی ڕێبەری و بەرپرساتیەتیشی پێ دەدەن و وەک وتەبێژیان لە دەرەوەی وڵات دیاریی دەکەن. هەروەها ئەرکی بارهێنان و پەروەردەکردنی کادرەکان لە کوردستانی پێ دەسپێرن، بەڵام بە داخەوە تەمەنی ڕاپەڕینەکە زۆر کورت بوو و مەجالی ئەوە نەڕەخسا زیاتر لەوەندە دەوری هەبێ.

دوکتور قاسملوو سێ ساڵ دواتر و لە ساڵی ١٩٧٠دا دیسان دەگەڕێتەوە کوردستان، ئەو کاتەی کورد لە عێراق لەگەل حکوومەتی ناوەند پێک دێ و دیسان هەلێک بۆ کورد دەڕەخسێ و دوکتو قاسملوو گەڕاوەتەوە و دەیەوێ ئەم هەلە بقۆزێتەوە. لەو ساڵەدا دەبێتە ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێککەوتنی عێراق ئێران و پەیماننامەی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر چیدی ئەو مەجالە بە ڕێبەریی حیزب نادا لە عێراق و باشووری کوردستان بە ئازادی تێکۆشانیان هەبێ، تەنانەت ناچار دەبن پلینۆمی حیزب لە دەرەوەی وڵات بگرن، بۆیە ئەو دەرفەتە بۆ دوکتور قاسملوو نامێنێ لێرە بمێنی و جارێکی دیکەش دەچێتەوە دەرەوەی وڵات، بەڵام دوو ساڵ دواتر کە خۆپیشاندانەکان لە ئێران دەستیان پێکرد دەسبەجێ دەگەڕێتەوە کوردستان.

دەبینین کە هێشتا حکومەتی پاشایەتی نەڕووخاوە، ڕێبەریی حیزب چەند مانگ پێش ڕووخانی ڕێژیم کۆمیتەی زاگرۆس پێکدێنن و دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و لە تاران و مەهاباد بە شێوەی نهێنی دەست بە تێکۆشان دەکاتەوە و بە ناوی کاک شەریف ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات

و مودیرییەتی ئاڵوگۆڕەکان دەکا.

مەبەستم ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو هەتا هەلی بۆ هەڵکەوتووە هەموو جارێ گەڕاوەتەوە کوردستان و ئەمە ئێدی ئاخر جار بوو و هەتا ئەو کاتەی کە شەهید بوو.

نموونەیەکی دیکە ئاماژەپێکردنی پێویستە. زۆر جار دوکتور قاسملوو لە پێناو حیزبەکەیدا کەوتۆتە سەر دووڕێیانیش، بەڵام دەبینین کە واز ناهێنێ و هەمیشە حیزبەکەی و چارەنووسی حیزبەکەی بەلاوە گرینگتر بووە.

ساڵی ١٩٥٨ کە کودیتای ١٤ی تەمووز ڕووی داوە و ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق نەما، بە تەمایە لەگەڵ خێزانەکەی نەسرین خانم بگەڕێنەوە. لێرە لەگەڵ خێزانەکەی کێشەیەکی بۆ ساز دەبێ. با لە زمان نەسرین خانم و وەک خۆی باسی بکەین. نەسرین خانم دەڵێ: دوکتور قاسملوو گوتی ئەمن دەڕۆمەوە و ئێوەش دەبی بێنەوە، کچەکانیش دەبێ بێنەوە و هەلێک هەڵکەوتووە وئەمن دەڕۆمەوە و هەتا ڕزگاریی کوردستانیش ناشگەڕێمەوە. ئێوەش دەبێ بێنەوە لەگەڵم. نەسرین خانم دەڵی کچەکانی من ناتوانن لەو ژینگەیەدا بژین و ئەوێ لەمبارەوە گونجاو نییە و ئەوان بە کولتورێکی دی گەورە بوون. بەڵام دوکتور قاسملوو دەڵێ نا، ئەگەر بێنەوە دەبنە کورد و زمانی کوردی فێر دەبن، فێری زمانی عەرەبیش دەبن و ئەتۆش زمانی چێکی‌یان پێبڵێ. نەسرین خانم دەڵێ کەوتینە سەر دووڕێیانییەکی حەسساس. دوکتور قاسملوو دەڵێ بەڵام ئەوە بزانە کە ئەمن چیدیکە ناگەڕیمەوە بۆ ئێرە و هەتا ڕزگاریی کوردستان لەوێ دەمێنمەوە. نەسرین خانم کەوتبووە سەر دووڕێیانێک کە یان دەبوا لەگەڵ منداڵەکانی بە دوای عەبدوڵرەحمان بکەوێ یا لێی جودا بێتەوە. دیارە دواتر منداڵەکان لەوێ بەجێ دێڵن و دوکتور قاسملوو و نەسرین خانم بۆ خۆیان دێنەوە. مەبەست لە گێڕانەوەی ئەمە بۆ ئەوە بوو کە بە ڕوونی بڵێین سێ شت لە دنیای فیکری دوکتور قاسملوودا قەت نەگۆڕان و قەت شموولی ئاڵوگۆڕ نەبوون، ئەویش چارەنووسی میللەتەکەی، دابینکردنی عداڵەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری لەگەڵ چارەنووسی حیزبەکەی.

# ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

**د. هۆشمەند عەلی مەحمود**
**بەشی مێژوو/ کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە**

**دەستپێک**

بە درێژایی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد ڕۆڵی دیاریان لەبەرپاکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان هەبووە و بەشی زۆری تەمەنی خۆیان بۆ ئەم بوارە تەرخان کردووە.

یەکێک لەو کەسایەتییە سیاسییە دیارانەی کورد (د. عەبدولڕەحمان قاسملوو)ە، کە بۆ ماوەی نزیک بە (٤٠) ساڵ لە هەوڵی بەردەوامی سەرخستنی ئەو بزوتنەوەیە بەگشتی و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە و لەو ماوەیەشدا دەستکەوتی جیاجیای هەبووە. ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندن بۆ کەسایەتیی د. قاسملوو بکەین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ چەند خاڵێکی جەوهەری و بە ئاگاهیی لەو قۆناغە بڕوانین کە ئەو تێیدا ژیاوە، نەک بە چاوی ئێستای دوای ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیستی و گۆڕانی جیهان بە یەک ئاراستە و یەک جەمسەری و هێژموونیی سەرمایەداری.

خەباتی دوکتور قاسملوو دەبێ بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین: خەبات لەدژی ڕێژیمی پەهلەوی و خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی. لە هەر دوو قۆناغەکەدا د. قاسملوو ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی هەبووە.

خەبات و ڕۆڵی د. قاسملوو لە قۆناغی سەردەمی ڕێژیمی پەهلەویی و قۆناغی خەبات بە شێوەی نهێنی، قۆناغی خەباتی دەربەدەری و ئاوارەیی لە ئێران و لە بەغدا تا چوونی بۆ ئورووپا، دەکرێ بە چەند وێستگەیەکی جیاوازتریشدا دابەش بکرێ.

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە، تا هاتنیان بۆ باشووری کوردستان، ئەو قۆناغەی کە دەگوترێ باڵی نەتەوەخوازی زاڵە بەسەر باڵی چەپ و سۆسیالیستیی حیزبی دێموکراتدا، کە بووە هۆی دوورخرانەوەی د. قاسملوو، هەتا دەگەینە قۆناغی بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی، کە دوکتور قاسملوو ڕۆڵی سەرەکیی تێدا گێڕا.

د. قاسملوو ئەوکاتە کە لە دەرەوەش بوو، باڵوێزی کورد بووە لە ئورووپا و لە کاری دانیشگاهی و مامۆستایەتیدا هەمیشە هەوڵی داوە دۆست و هاوکار و یار بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد پەیدا بکا. تەنانەت بەتەنیا و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی بەدەر لە ئۆرگانی حیزبی دێموکرات، ٢٦ ژمارەیان لە ڕۆژنامەی «کوردستان» دەر کردووە، کە شیکردنەوەی گوتاری حیزب و سیاسەتەکانی ڕێژیمی پەهلەوی بووە بۆ ئەوەی خەڵکی ئورووپا و ڕۆژئاواییەکان ئاگادار بکەنەوە لەو زوڵم و ستەمەی پەهلەوی بەرانبەر بە کورد دەیکرد.

قاسملوو هیچ کاتێک باوەڕی بەخەباتی نەتەوایەتی کز نەبووە، بۆیە گەڕانەوەی بۆ ئورووپا و دوورکەوتنەوەی بۆ ماوەیەک لە «حدک»، لەبەر بێباوەڕی بە مەسەلەی نەتەوایەتی نەبووە، بەڵکوو سیاسەتی ڕێژێمی عێراق و نەیارەکانی وایان کرد بگەڕێتەوە بۆ ئورووپا. هەرچەندە لەوێش درێژەی بە خەباتی سیاسیی خۆی دا، بەڵام دوور لە حدک و پاشان دوای توندبوونی ناکۆکیی نێوان کادیر و سەرکردەکانی حدک و دروستبوونی گرووپێک لە لایەنگرانی قاسملوو بەناوی (کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی دێموکراتی کوردستان)، کە قاسملووش وەک ئەندامێکی ئەو کۆمیتەیە

هەڵبژێردرابوو، پاشان دوورکەوتنەوەی قاسملوو لە توودە لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا ڕوو دەکاتەوە عێراق و لەگەڵ پاشماوەکانی ئەم کۆمیتەیە و چەند کادیرێکی دیکەی حدک، خەباتی نەتەوایەتی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا درێژە پێ دەدات.

وەک باسمان کرد لە دەیەی ٧٠ ی زایینیدا ئەو دەرفەتە ڕەخسا، کە د. قاسملوو بگەڕێتەوە باشوری کوردستان (عێراق) و حیزبی دێموکرات بکاتە ئەو حیزبە مۆدێرن و پێشەنگە و هەروەها میراتێکی گەورە بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەجێ بێڵێ. ئەو لەو قۆناغەدا توانی (حدک) بخاتەوە سەر پێی خۆی، لە ڕووی بەرنامە و پێڕەو، لە ڕووی فکر و سیاسەت و بەرنامەدانان بۆ ئەو حیزبە بەپێی هەلومەرجی ئەوکات. چونکە ئەو قۆناغەی کە ئەو تێیدا (حدک)ی ڕێک خستەوە و بەرنامە و مەرامنامەی بۆ دانا، قۆناغێکە کە زۆربەی حیزبەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان کاریگەریی بیری چەپ و مارکسیزم لێنینیزمیان بەسەرەوە بوو. بەڵام دوکتور قاسملوو ئەو ڕێچکەیەی بەو شێوەیە سووڕاندەوە، کە لەگەڵ باوەڕمەندبوونی بە خەباتی چەپ و بۆ یەکسانیخوازی و دادپەروەری و چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی خستە بەرنامەی (حدک)، کە لە ڕەوتێکی چەپەوە گۆڕیی بۆ ڕەوتێکی چەپی نەتەوەخوازی، کە وەکوو میراتێک لە کۆماری کوردستانەوە بۆیان مابۆوە و لە بیری نەتەوەخوازێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شەبەنگی دەداوە.

لەڕاستیدا پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان و تێکۆشانی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، هەوڵی دا هەندێک ئاڵوگۆڕ لە بۆچوون و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتدا بێنێتە کایەوە، هەربۆیەش جموجۆڵی سیاسی زیاتر پەرەپێ دەدات و وەک یەکەم هەنگاوی گرنگیش لەم بوارەدا بەمەبەستی یەکپارچەتربوونی ڕیزەکانی کادیر و پێشمەرگە بڕیار دەدرێت تا کۆنفرانس یان کۆنگرە هیچ نەبێت کۆمیتەی ناوەندی بخەنەوە کار، بۆیە بڕیار دەدەن کۆمیتەیەکی کاتی بۆ حدک هەڵبژێرن، کە قاسملوو وەک ئەندامی ئەو سەرکردایەتیە کاتییە دەستنیشان دەکرێت. لەڕاستیدا بە گەڕانەوەی ئەو بۆ کوردستان و چوونەوەڕیزی خەبات لەنێو حیزبی دێموکراتدا و یەکگرتنەوەی لەگەڵ گرووپە جیاوازەکاندا سوودی

زۆری گەیاندۆتە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لەو سەردەمەدا.

دەکرێ بگوترێ قاسملوو لەو ڕۆژەوەی لێپرسراوێتیی یەکەمی کەوتە ئەستۆ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، بەهۆی ئەزموونی سیاسی و زمانزانین و شارەزایی لەبواری سیاسیی وڵاتانی ئەورووپی، لەچەند ڕووەوە کاریگەریی زۆری لەنێو حدکادا هەبوو، کە لەسەرروویانەوە لەبواری ڕێکخستنەوە لە قۆناغی کۆنفرانسی سێ، نەخشی سیاسیی خۆی گێڕا و ڕێکخستنەکانی بووژاندەوە و حیزبی دێموکراتی بەرەو پێش برد. قاسملوو هەرچەندە بیروباوەڕی چەپ و مارکسیستیی هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا مەسەلەکانی نەتەوەیی و نیشتمانیی لەو قۆناغەدا بەلاوە گرنگ بوو، وەک مەسەلەیەکی بنەڕەتی سەیری کردوە و لەبەرچاوی گرتووە، ئەمەش یەکێک بووە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا.

قاسملوو لەگەڵ ئەوەی سکرتێری گشتی بوو، بەڵام هەرگیز باوەڕی بەسەرکردایەتیکردنی تاکەکەسی نەبوو، چونکە بە درێژایی مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی، وابەستەیی و گرێدانی ئەم بزووتنەوەیە بەڕێبەر و سەرکردەکەیەوە بووە و هەرکاتێک ئەم نەمابێت ئەوا بزووتنەوە و شۆڕشەکەشی لەنێو چووە، بەڵام قاسملوو لەم بارەیەوە خاوەنی بیرێکی نوێ بوو، بۆیە لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی لەم بوارەدا بینیوە و لە ڕووی تیۆری و مەیدانییەوە بە کردەوە لە دژی لێکگرێدانی چارەنووسی بزووتنەوە لەگەڵ چارەنووسی ڕێبەرێک، کەسایەتییەک، یان بنەماڵە و عەشیرەتێک ڕاوەستاوە و کاری بەکۆمەڵ و ڕێبەرایەتیی بەکۆمەڵی هێناوەتە نێو فەرهەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کە بەهەموو توانایەوە لە دژی گەورەکردنی نەخشی کەسایەتی و بۆچوونی عەشیرەتی و دواکەوتووانە ڕاوەستاوە و بەوپەڕی لێزانییەوە بۆ بەهێزکردنی نەخشی تەشکیلات لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا خەباتی کردوە. لەنێو تەشکیلاتیشدا دژی هەموو جۆرە سەرەڕۆیی و تاکڕەوییەک ڕاوەستاوە.

**خەبات دژ بەکۆماری ئیسلامی**

لەکاتی شۆڕشی گەلانی ئێران قاسملوو وەک ڕێبەری حدکا دوو ئەرکی گرنگی لەسەر شان بوون، یەکەمیان وشیارکردنەوەی خەڵک بۆ بەشداری لە شۆڕشدا، دووەمیان ڕێکخستنەوە و کۆکردنەوەی کادیرەکانی حدکا.

قۆناغی دەیەی کۆتایی تەمەنی دوکتور قاسملوو، لە شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئەو ڕۆژەی تیرۆر کرا، ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لەسەر ئاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو بە بەهێزترین حیزب لە ڕووی پێگەی جەماوەری لە کۆمەڵگەی کوردی لە ئێراندا. بەڵام بەداخەوە لە قۆناغی دوای دوکتور قاسملووە هەتا ئێستاکەش چەند بەربەستێکی گەورە لەبەردەم ئەو حیزبە دروست بووە و ئەم حیزبە بە زۆر هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و بە خۆشییەوە ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو لەسەر خەباتەکەی و ڕێبازەکەی بەردەوامن.

هەڵوێستی قاسملوو بەرانبەر ڕژێمی نوێی ئێران لە دوای ڕووخانی شا، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لەسایەی ڕژێمی نوێدا، هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا بوو، وەک ڕێبەری حدکا هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە ڕژێمی نوێ دەربڕی و ڕۆژی ٩ی شوباتی ١٩٧٩ پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کرد، بەڵام ئەم هەوڵەش بێ ئەنجام مایەوە.

قاسملوو لەم بارودۆخەدا بۆچوونی دیاری هەبوو، وەک چۆن بۆ لاوازکردن و ڕووخاندنی ڕژێمی شای ئێران لە ساڵانی ڕابردوونواندبووی، بەهەمان شێوەش بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە چوارچێوەی دروشمی «خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ ئێران»دا، لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنە سەرکاری خومەینیدا، هەڵوێستی خۆی بۆ پشتیوانیکردن و سەرخستنی شۆڕش دووپات کردەوە، هەروەها جەختی لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کرد لە سایەی ڕژێمی نوێدا و ڕایگەیاند کە تێدەکۆشێ بۆ بەدەستهێنانی خودموختاریی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شایانی باسە پەیوەندیی نێوان قاسملوو و کۆماری ئیسلامی هەر لەسەرەتاوە باش نەبوو، چونکە سیاسەتیی بنەڕەتی قاسملوو وەک ڕێبەری حدکا «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» بوو، بەڵام

لەبەرانبەردا ویستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندیی بە شێوەیەکی پاوانخوازانە بەسەر کوردستاندا بوو. دوای ئەمانە هەڵوێستی سیاسیی قاسملوو بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی زیاتر بەشێوەیەکی ڕکەبەرانە دەرکەوت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەوە تێگەیشت ڕێژیمی نوێ لەسەرەتاوە دەیەوێت ویست و ئارەزووەکانی خۆی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێت، بەهێنانەکایەی ڕێژیمێکی ئیسلامی مەزهەبی دوور لە دروشمی دێموکراسی و ڕێگەدان بە ئازادییە سیاسییەکان و دانی مافی کورد.

بۆیە کاتێک ڕێژیمی نوێ ڕۆژی ١٩٧٩/٣/٣٠ ڕیفراندۆمی لە سەرتاسەری ئێران بۆ هەڵبژاردنی جۆری ڕێژیمی نوێ لە نێوان ڕێژیمی پاشایەتی یان ڕێژیمی ئیسلامی ئەنجامدا، قاسملوو بەناوی حدکاوە ڕایگەیاند بە هیچ شێوەیەک بەشداری لەڕیفراندۆمدا ناکات و دەنگ بە ڕێژیمێک نادات، ئەگەر بنەماکانی دێموکراسی لەخۆ نەگرێت. لەبەرئەوە لە سەرتاسەری کوردستاندا خەڵکێکی کەم نەبێ کەس دەنگی بە هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران نەدا. ئەم هەڵوێستەی قاسملوو گەر وەک گوشارێک بووبێت بۆ ئەوەی ڕێژێم داخوازییەکانی کورد جێبەجێ بکات، بەپێچەوانەوە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی بەرانبەر بە قاسملوو و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد توندتر بوو، چونکە لێرەوە ڕێژیم کەوتە بانگەشەی ئەوەی قاسملوو مەبەستی سەربەخۆیی کوردستانە و ئەم کارانەش بە فیتی دوژمنانی شۆڕش و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام دەدات.

قاسملوو لە هەڵوێستە سیاسییەکانی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی بەمجۆرە بەردەوام بوو، هەرکاتێک ڕێژیم کارێکی پێچەوانەی دوور لە سیاسەتەکانی قاسملوو ئەنجام دابایە، ڕەخنەی توندی لێ دەگرت و هەڵوێستی خۆی لەبارەوە دەخستەڕوو. بۆیە کاتێک قاسملوو بۆخۆی دروشمی خەباتی دژی ئمپریالیستی ئەمەریکای بەرزکردبۆوە، بەڵام کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ چەواشەکردنی خەڵک باڵیۆزەکانی ئەمەریکای لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران بەبارمتە گرت، قاسملوو بەتوندی بەرانبەر ئەو کارە وەستایەوە و بە کارێکی چەوت و ناڕێکی دانا و ئیدانەی کرد،

چونکە باوەڕی بەمجۆرە سیاسەتانە نەبوو کە ڕێژیمی ئێران پیادەی دەکرد.

ئەم هەڵوێستە سیاسیانەی قاسملوو بەرانبەر کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە لەو قۆناغەدا ڕەنگدانەوەی زیاتری لەسەر ژیانی سیاسیی قاسملوو دانا، بەتایبەتی کاتێک هەڵبژاردن لە ١٩٧٩/٨/٣دا لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان بۆ ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان) دەستی پێ کرد، وێڕای دژایەتیکردنی زۆری قاسملوو لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خودی خومەینییەوە، بەڵام بە بەدەستهێنانی زۆربەی دەنگەکانی خەڵکی کوردستان (پارێزگای ورمێ)، وەک ئەندامی ئەو ئەنجومەنە هەڵبژێردرا.

هەڵبژاردنی قاسملوو زیاتر ڕۆڵی سیاسیی ئەوی لە بزوتنەوەی ڕزگایخوازی کورددا دەرخست، بەڵام لە هەوڵە سیاسییەکانی بەرانبەر کۆماری ئیسلامی بە ئاکام نەگەیشت، چونکە کۆماری ئیسلامی و خودی خومەینی کەوتنە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورد بەگشتیی و قاسملوو بەتایبەتی و کۆسپدانان لەبەردەمی بۆ بەشداری نەکردنی لەئەنجومەنی (خبرگان)دا، بۆیەش قاسملوو بەهۆی گرژیيە سیاسییەکانی لەگەڵ ڕێژیم نەیتوانی بەشداریی ئەم ئەنجومەنە بکات، مەرامە خراپەکانی خومەینی بەرانبەر قاسملوو زیاتر دەرکەوت، بەتایبەتی کاتێک لە کردنەوەی یەکەم دانیشتنی ئەم ئەنجومەنە لە ١٩٧٩/٨/١٩دا بە ئامادەبوانی ڕاگەیاند و گوتی: « ای کاش آمده بود، من خیال داشتم اگر بیاد همینجا نگهش دارم» واتە (بریا هاتبا، ئەمن نیازم هەبوو ئەگەر بێ هەر لێرە ڕای گرم)، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە خومەینی دژایەتییەکی زۆری لەگەڵ قاسملوو هەبوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران و خومەینی بەرانبەر بە قاسملوو و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد هەر بەوەندەوە نەوەستان، بەڵکوو زیاتر هەڵوێستی شەڕخوازانەیان بەرانبەر بە گەلی کورد وەرگرت و بۆ ئەم مەبەستەش خومەینی لە ١٩ی ئابی ١٩٧٩دا فەرمانی جیهادی دا بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان و پاشان دەستیان بەسەر بەشێکی زۆر لە شارەکانی کوردستاندا گرت.

بەم جۆرە شەڕ لە سەرەتای مانگی ئەیلولی ١٩٧٩دا دەستی پێ کرد و ماوەی سێ مانگی خایاند، ئەم شەڕەش بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە. بەڵام

لە کۆتاییەکانی شەڕی سێ مانگەدا بەهۆی بەرگری و بەربەرەکانێی قاسملوو و پێشمەرگەکانی حدکا، خومەینی بەناچاری لە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/١٧دا پەیامێکی بڵاو کردەوە بۆ وەستانی شەڕ و ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ گفتوگۆ و جێبەجێکردنی مافەکانی کورد.

## هەوڵە سیاسییەکانی قاسملوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەگەڵ ڕێژیمی خومەینی

دوای ئەوەی خومەینی پەیامی ڕاگرتنی شەڕی دەرکرد و ئامادەیی بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕاگەیاند، هەوڵە سیاسییەکانی قاسملوو زیاتر دەرکەوت، چونکە چەند ڕۆژێک دوای ئەم پەیامەی خومەینی، قاسملوو لە ڕێگەی ئاشی پشکاوێ (کەوتۆتە خوارووی شاری مهاباد)، چووە شاری مهاباد و لە خۆپیشاندانێکی بەربڵاوی جەماوەریدا پشتیوانیی لە پەیامەکەی خومەینی دەربڕی و لەقسەکانیدا گوتی: «ئێمە بە دەم پەیامەکەی ئیمامەوە دەچین» پاشان خۆی بۆ گفتوگۆ ئامادە کرد. بەهاوبەشی لەگەڵ کەسایەتی و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک (شێخ عیزەددین حوسێنی کەسایەتییەکی میللی- ئایینی) و (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان) و (ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران لە کوردستان)، دەستەیەکیان بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی پێکهێنا بە ناوی «دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد».

قاسملوو لە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا، وەک نوێنەری حدکا بەشداریی کرد، کە لە شاری مهاباد لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی بەسەرۆکایەتیی (داریووش فرووهەر) وەزیری ئەوکاتی کاروباری کۆمەلایەتی، دەستیان بە گفتوگۆ کرد، جگە لەوەی قاسملوو لەو دەستەیەدا وتەبێژی کۆبوونەوەکان بوو، لە ئامادەکردنی گەڵاڵەنامەی داخوازییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی چەند ماددەیەکی یاساییدا بەشدار بوو، کە سەرەنجامەکەی هەشت ماددەی لێکەوتەوە و پێشکەش بە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کران.

هەوڵەکانی قاسملوو لەنێو دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا بەرانبەر

بە نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، وێڕای چەند دانیشتنی هاوبەش، هیچ دەرئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە، چونکە نوێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو. بۆیە هیچ یەکێ لەم بەندانە جێیبەجێ نەکران. هەرچەندە حدکا لەژێر ڕێبەرایەتیی قاسملوودا هەرچی لە توانایدا هەبوو بەکاری برد بۆ ئەوەی گەلی کورد لە سایەی ڕێژیمی تازەدا بەلانی کەمی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی بگات و ناچار نەبێت بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی پەنا بۆ خەباتێکی توندوتیژ و سەخت و دژوار بەرێت. بۆ ئەم مەبەستەش وەفدێکی حدکا ساڵی ١٩٧٩ بەسەرۆکایەتیی قاسملوو چوونە لای خومەینی لە شاری قۆم، بۆ ئەوەی مافی خودموختاری بۆ کوردی پێ بسەلمێنن. بەڵام بێ سوود بوو، چونکە خومەینی بەهیچ جۆرێک ئامادە نەبوو دان بە مافی کورددا بنێت، بەڵام قاسملوو لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو. ڕۆژی ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٩، بەیاننامەیەکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد لەسەر هەوڵەکانی بۆ بەدیهێنانی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران و لەنیوەڕاستی کانوونی یەکەمی ١٩٧٩دا نوێنەرانی حکوومەت سەردانی مهابادیان کرد بۆ وتوویژ لەگەڵ قاسملوو، بەڵام ئەو کۆبوونەوەیەش هەڵوەشایەوە و سەری نەگرت، چونکە نوێنەرانی ئێران هیچ جۆرە دەسەڵاتێکیان لە ئاست چارەسەری کێشەی کورد نەبوو، بەڵام قاسملوو لە ڕاگەیاندنی بەیاننامەی لەم جۆرە مەبەستی ئەوە بوو، کە دوای سەرنەکەوتنی هەوڵەکانی لەڕێگای وتووێژی ئاشتیخوازانە و پشتگوێخستنی مافە بنەڕەتییەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە، لانی کەم بە خەڵکی کوردستان پیشان بدات، ئەوەی توانیویەتی بۆ گەیشتن بە ئاشتی و تەبایی کردوویەتی.

قاسملوو لەسەر هەوڵەکانی بەردەوام بوو، لەساڵەکانی ١٩٧٩- ١٩٨٠ وێڕای ئەنجامدانی چەندین دیدار و گفتوگۆ و ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامە بۆ خودموختاری و خۆبەڕێوەبەری هەموو هەوڵەکانی بێ ئاکام بوون. جگە لەمانە قاسملوو لەو ماوەیەدا زیاتر هەوڵی دا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ڕێک بخات و لە بەرانبەر ڕێژیمی نوێدا بەهێزی بکات، بۆیە لەم بارودۆخەدا بڕیاری بەستنی کۆنگرەی دا، بەمەش لە شوباتی ١٩٨٠دا کۆنگرەی چوارەمی حدکا لە شاری مهاباد بەسترا. لەو کونگرەیەدا جگە لەوەی ڕێبازی سیاسیی نوێی حدکا پەسند کرا، قاسملوو

بە سکرتێری گشتیی حدکا هەڵبژێردرایەوە. گرنگیی ئەم کۆنگرەیە لەوەدا بوو، کە بۆ یەکەمجار بوو لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، حدکا بەئاشکرا لە نیوخۆی ڕۆژهـەڵات و لە شـاری مەهاباد کۆنگرەی خۆی ببەستێت بۆ پتەوکردن و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا. لەهەمان کاتدا دوای بەستنی کۆنگرەی چوارەمی حدکا لەساڵی ١٩٨٠دا، دەستەیەکی نارده تاران بۆ دیدار لەگەڵ بەنی سەدر (سەرۆک کۆماری ئێران ١٩٨٠- ١٩٨١). ئەوە بوو لە ٣ی شوباتی ١٩٨٠دا کۆبوونەوەکانیان دەست پێکرد. لەسەر داوای بەنی سەدر نوێنەرانی کورد شەش مادە و هەشت ڕوونکردنەوە کە بە شەش ئەسڵی خودموختاری ناسرا ئاراستەی شووڕای ئینقیلاب کرد، بەڵام ڕاستەوخۆ لەلایەن شوڕای ئینقلابەوە ڕەت کرایەوە، بۆیە ئەمە دوایین هەوڵە سیاسییەکان و دیدارەکانی کورد بوو لەگەڵ ڕێژیم. بەڵام قاسملوو وەک ڕێبەری حدکا بەردەوام بوو لەسەر بنەماکانی ئاشتیخوازیی خۆی. بۆیە لە ئازاری ١٩٨٠دا نامەیەکی کـراوەی ئاراسـتـەی سـەرۆکـی ئێران بەنی سـەدر کـرد بـۆ سـەرلەنوێ دانیشتن لەسەر مێزی گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەڕێگەی ئاشتیخوازانە. بەمەش بەنی سەدر ڕازی بوو بۆ سەرلەنوێ ئەنجامدانی گفتوگۆ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئێران، بەڵام بەهۆی ئەوەی مەرجی چەکدانانی لەپێش ئەنجامدانی گفتوگۆ دانابوو، وتووێژەکان نەکران.

قاسملوو لەم قۆناغەدا هەوڵی داوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی جۆراوجۆری حیزبی، وەک تێکۆشانی سیاسی، ڕاگەیاندن، کۆمەڵایەتی و...هتد، کە لە بواری حیزبییەوە حدکای زیاتر بەرەو پێش برد. هەر لەو کاتەدا بۆ بەدەستهێنانی داواکارییەکانی کورد لە سایەی ڕێژیمی نوێدا درێخی نەکرد و بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە ڕێژیمی خومەینی مافی کورد بدات لە چوارچێوەی ئێراندا بە پێدانی خودموختاری و نەهێنانەوەی هێزەکانی بۆ نێو کوردستان و پارێزگاریکردنی کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە. بەمەش لە سەرەتاوە توانی لە کوردستان دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و بەڕێوەی ببات و لەسەرەتای دەستپێکردنی شەڕی عێراق-ئێراندا، قاسملوو زیاتر هەوڵی دا بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، کە هەڵوێستی حیزبەکەی لە ١٩٨٠/١٠/١ ئاشکرا کرد و داوای کرد کە تاران

دان بە پرەنسیپەکانی خودموختاری بۆ کوردستان بنێ و هێزەکانیشی لەو هەرێمە بکشێنێتەوە، بەڵام ئەم هەوڵانەی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی کورد بێ ئاکام مایەوە، چونکە کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستی لە درێژەپێدانی گفتوگۆ تەنیا بەسەربردنی کات بوو، بۆیە شەش مانگ وتوویێژ هیچ ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە، چونکە ڕێژیمی نوێ ئامادە نەبوو داواکارییە بنەڕەتییەکانی کورد وەک خودموختاری و دێموکراسی پەسند بکات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لەنێوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠دا شەڕ لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ بکاتەوە و تەشەنە بستێنێ و دەرئەنجام سەرانسەری کوردستانی گرتەوە. بەدرێژایی ئەم قۆناغەی خەباتی سیاسیی قاسملوو شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوو.

هەرچەند قاسملوو هەوڵی دا لە ڕێگای گفتوگۆوە کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام بەهۆی بۆچوونی توندوتیژی ئایینیی ئیسلام لەسەر سیاسەتی سەرکردایەتیی ئێران، باوەڕی قاسملوویان لە بوونی توانا و هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە سایەی ڕێژیمی ئیسلامیدا لەق کرد، بۆیە قاسملوو ناچار کرا بەمەبەستی بەدەستهێنانی داوا ڕەواکانی کورد ڕوو لە خەباتی چەکدارانە بکات. بەمەش قاسملوو لەنێو سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی نایە قۆناغی خەباتی چەکداری و شەڕی بەرگری لە کوردستان، و لەنێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٨٣دا خەباتی چەکداری دەست پێکرد و لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کەوتە بەر فشارێکی قورس و لە چەند ناوچەیەکی کوردستان پاشەکشەی کرد.

## بۆچی دوکتور قاسملوو لەنێو ڕێبەرانی کورددا بەرچاوترینیان بوو؟

ئەگەر چاو لە مێژووی کورد دەکەین کێشەیەکی گەورە لە بەردەم جووڵانەوەکان ئەوە بوو کە بە نەمانی سەرکردەکان و سەردارەکان شۆڕش و ڕاپەڕینەکان یان چارەنووسی حیزب و ڕێکخراوەکان بەرەو هەڵدێری نەمان ڕۆیشتووە. بەڵام دوکتور قاسملوو ئەو سەرکردەیەی سەردەمی خۆیەتی کە پێی دەگوترێ ڕێبەرایەتیی مۆدێرن. ڕێبەرایەتیی بەدەر لە عەشیرەگەری و بەدەر لە شێخ و مەلا و ئەو قۆناغەی کە سەرکردەی

مۆدێڕن لەنێو کورددا دروست دەبێ. ڕێبەری مۆدێڕن بە باوەڕی من لە ئاستی باشوور کۆچکردوو مام جەلال و لە ئاستی ڕۆژهەڵات شەهید دوکتور قاسملووە. ئەوانە لە قۆناغی خۆیاندا سەرکردەی مۆدێڕن بوون و ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیان تێدا بووە کە بتوانن ببنە باڵیۆزی کورد لە ئاستی جیهاندا. دوکتور قاسملوو زۆر لە پێش سەردەمی خۆی بوو. ئەوکات کە دوکتور قاسملوو لە دەیەی ٦٠ لە باری فیکرییەوە باسی لە بەهاری پراگ و پرسی چێکۆسلواکی دەکرد و ڕەخنەی لە سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەت دەگرت، ئەمە بە کوفرێکی زۆر گەورە دادەندرا. بەڵام چەند ساڵ دوای مەرگی د. قاسملوو بوو کە دەرکەوت بیر و ئەندیشەکانی ئەو چەندە کاریگەر و چەندە لەجێی خۆیدا بوون. بێگومان ئەگەر دوکتور قاسملوو کورد نەبوایە، هەم خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێ دەبەخشرا و هەم پەیکەری برۆنزی لە ڕێکخراو و ناوەندە جیهانییەکان بۆ دروست دەکرا.

سەرکردەی خاوەن ئیدئۆلۆژی و خاوەن فیکر ئەوەیە کە وەکوو دوکتور قاسملوو توانیی بەربەرەکانێ بەرانبەر بە ڕێژیمێک بکا، کە هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە مافی کورد نەبوو. دوکتور قاسملوو لە مێژووی بڕیار و هەڵوێستەکانیدا سەلماندوویەتی کە دژی شەڕە، بەڵام کە شەڕ یەخەی گرتی، ناچاری بەگژیدا بچیتەوە. ئەوەی لەو ماوە کورتەی قۆناغی ئازادی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەدەست هات، ڕۆڵ و کاریگەریی دوکتور قاسملووی ئەوەندە بەسەرە بوو کە توانییان لە ڕێگای ئەنجوومەنی گوندەکانەوە و لە ڕێگای بیر و ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بتوانن خەڵک فێری ئازادی و دێموکراسی و خۆبەڕێوەبەری بکەن. ئەو خۆسەری و خۆبەڕێوەبەرییە کە ئێستا لە ڕۆژئاوا و لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەیانەوێ بیگرنە بەر و باسی لێ‌دەکرێ، من میراتەکەی دەگەڕێنمەوە بۆ سەردەمانی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە سکرتێریی دوکتور قاسملوو. زۆر گرینگە بتوانی لە بەرانبەر ڕێژیمێکی وەکوو کۆماری ئیسلامی، بە هەموو سیاسەتە توندوتیژەکەی چ لە ڕووی سەربازی و چ سیاسی و هێرش و پەلامار و تێرۆر، تێکۆشەرانی حیزبی

دێموکرات توانییان تا نێوەڕاستی ١٩٨٥ لە نێوخۆی وڵاتدا خۆیان ڕابگرن و بەربەرەکانێ بکەن و دواتر خەباتی پارتیزانیش هەتا کۆتایی دەیەی ٨٠ی درێژە پێبدەن.

دوکتور قاسملوو باوەڕێکی زۆری بە دێموکراسی هەبوو. هەرچەند نەیاران و ڕەخنەگرانی دوکتور قاسملوو باس لەوە دەکەن کە مادام ئەوەندە پێداگر بووە لەسەر دێموکراسی، بۆچی هەتا ئاخری ژیانی هەر سکرتێر و کەسی یەکەمی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان مایەوە؟ بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرت لێرەن و شایەتیم بۆ دەدەن کە بە درێژایی کۆنگرەکانی حیزبی دێموکرات، تاوەکوو مەرگی دوکتور قاسملوو هیچ جارێک یەکەم دەنگی لە گۆنگرەکاندا بەدەست نەهێناوەتەوە. بەڵام لەنێو ئەندامانی ڕێبەریدا وەکوو سکرتێر و پێشەنگ هەڵیانبژاردۆتەوە. لەبەر پێویستیی قۆناغەکە و پێویستیی زەمەنەکە، تێگەیشتنی بۆ تەعامول لەگەڵ مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا. بەشێک لە هاوڕێیانی کە لە سەرەتای دەیەی ٨٠ لێی جودا بوونەوە، باوەڕیان وا بوو کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران خودموختاری بە کورد دەدا و نابێ بەربەرەکانێ و دژایەتیی و شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکرێ. دوکتور قاسملوو زۆر لەوان پێشتر تێگەیشتبوو کە کۆماری ئیسلامی ئەو دەوڵەت و سیاسەتەی نییە کە ددان بە لانیکەمی مافەکانی گەلی کورد تەنانەت مافە کولتوورییەکانیشی بنێت. دواتر ئەو لایەنە لە ١٩٨٤وە پەرتەوازە بوون و چوونەوە نێو حیزبی توودەوە.

دوکتور قاسملوو باوەڕی بە ئاشتی و وتووێژ بوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە لەگەڵ بوونی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەڵام بۆ دواجار ڕێژیمەکانی داگیرکەر لە کوردستان هەر دەبێ لەسەر ڕێگای مێزی وتووێژ، چارەسەری پرسی کورد بکەن. جگە لەوە دوکتور قاسملوو ڕۆڵێکی گرینگی دیکەی هەبوو لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. هەتا ئەوکاتی باوەڕی وا بوو کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ئێرانییەکان و فارسەکان لە دەرەوی کۆماری ئیسلامی ددان بە مافەکانی کورددا دەنێن، هاوسەنگی هێزی لەگەڵ ڕاگرتن. بەڵام کە بینی تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەسەر بیری ڕەگەزپەرستی ئامادە نین دان

بە مافەکانی کورددا بنێن، وەلای نان و ئەوەش خاڵێکی گرینگ بوو.

خاڵێکی دیکە: دوکتور قاسملوو ڕێچکەیەکی دامەزراند بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە شانازییەکی گەورە بۆی بمێنێتەوە کە نەکەوتە ژێر هێژموونیی ناوچەیی سیاسەتی وڵاتان، بەتایبەتی عێراق کە دەروازەی هاوکاری و دەروازەی تێپەڕین و دەروازەی یارمەتیدانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، وەکوو ئەوەی کە دەڵێ دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە. بەڵام لەسەر پاراستنی بنەمای کەسایەتیی سیاسی خۆی و سەربەخۆیی خۆی و سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. من جارێکی دیکە لە قەڵای دێموکرات لە سمینارێکدا لە یادەوەرییەکدا لەسەر دوکتور قاسملوو گوتم، کە ئەوکاتەی ساتەوەختی ئاشکرابوونی بەڵگەنامەکانی "دەزگای هەواڵگری/ موخابرات"ی عێراق بوو، هەتاوەکوو ئەوڕۆکەش ئێمە بەڵگەنامەیەکمان نەدیوە لەسەر ئەوەی پەیوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕێژیمی بەعس لەسەر حسێبی پارتەکانی باشووری کوردستان و لەژی بەرژەوەندیی ئەوان بووبێت، بەڵام بەداخەوە بەشێک لە پارتەکانی کوردستانی عێراق کەوتنەوە ژێر کاریگەریی کۆماری ئیسلامی و دژایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد.

**لەسەر دوکتور قاسملوو دەتوانم بەکورتی بڵێم:**

– توانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بخاتە سەر ڕێچکە و پێگەیەک کە هەتا ئەمڕۆکەش بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە بەردەوامە.

– لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی میراتێکی مەعنەویی زۆری بۆ حیزبەکەی بەجێ هێشت. باوەڕمەندبوون، سەربەخۆیی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی بە لەبەرچاوگرتنی پرسی کورد لە چوار بەشی کوردستان‌دا. ئەوەی کە ئێستا بەشێک لە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستان کێشەن بۆ پارچەکانی دیکە دەیانەوێ لەو ڕێبازە لا بدەن. بەڵام ئەوەی کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی هەبوو و ئێستاش وەک میراتێکی مەعنەوی ماوەتەوە، سەربەخۆیی سیاسی و دەستێوەڕنەدانە لە کاروباری پارچەکانی

دیکە کوردستان.

– تێهزرین و باوەڕە سیاسییەکانی د. قاسملووە کە لە سەردەمی ئێستاشدا برەویان هەیە و لەگەڵیان دەژین.

– د. قاسملوو کەسایەتییەکی بەهێزی هەبوو، چ لە کوردستان و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، چونکە کەسایەتییەکی دەرهاویشتەی کلتوری ڕۆژهەڵات بەگشتی و ئەورووپای ڕۆژهەڵات بەتایبەتی بوو، بۆیە لە ژیان و لە هەوڵ و تێکۆشانی سیاسیی لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا، بەرز سەیر کراوە لەلایەن خەڵکی کوردستان بەتایبەتی و ئێران و جیهان بەگشتیی.

– د. قاسملوو وەک ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆڵی دیاری گێڕاوە لە گەشەپێدانی بزووتنەوەی سیاسیی و چەکداری لە کوردستان لە ماوەی دەسەڵاتداریێتی ڕێژیمی شاهەنشاهی ئێران، بەتایبەتی لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٨ لە هەوڵی بەردەوامی خەباتی سیاسیدا بووە بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد لە چوارچێوەی دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان».

– د.قاسملوو دە ساڵی کۆتایی تەمەنی تەرخان کرد، بۆ درێژەپێدانی خەباتی سیاسیی و دیپلۆماسی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە درێژایی ساڵانی ١٩٧٩– ١٩٨٩، وەک ڕێبەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ڕۆڵی خۆی نواند و توانا و شارەزایی و لێوەشایی لە ڕێبەرایەتی و ڕێکخستن و کۆکردنەوەی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سوود وەرگرتن لێیان بۆ خەباتی چەکدارانە دژ بەرێژیمی ئێران دەرکەوت.

– د.قاسملوو لەپاڵ خەباتی چەکداری، پەرەی بە خەباتی سیاسیی و دیپلۆماسی دژ بەرێژیمی ئێران داوە. لەپاڵ پارتە نەیارەکانی ئێرانی، خەباتی لە ئەنجومەنی نیشتمانی بەرگری پەرە پێداوە و هەروەها بەردەوام لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی لەسەرانسەری ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بووە. لەپاڵ ئەمەشدا دیپلۆماسی خۆی پەرە پێداوە لەگەڵ پارتە کوردییەکان لە سەرانسەری کوردستان و لەگەڵ زۆربەیان پەیوەندی هاوکارانە و دۆستایەتی دامەزراندووە.

– د. قاسملوو لەبیرکردنەوە و داهێنانی دا زیاتر لە بیست ساڵ پێش نەتەوەکەی کەوتبوو. دوای هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت دەرکەوت کە ئەو سەرکردەیە چەند وردبین و دووربین بووە لە بیرکردنەوە و لێکدانەوەی دۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان.

– د. قاسملوو لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا توانیبووی ببێتە دیپلۆماتێکی گەورە و تەقەلاکانی سەرجەم بۆ ناسینی مەسەلەی کورد و هاوکاری کردن و داننان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد، بەڵام سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانە و هەلپەرەستانەی گەورە دەوڵەتان گەلێک لەوە گەورەتر بوو کە بڕیارێکی سیاسیانە سەبارەت بەچارەنووسی کورد بدەن.

– د. قاسملوو قوتابخانەیەک بوو بۆ مرۆڤایەتی و هەستی نەتەوەیی؛ ئەو گۆڕانکارییانەی کە هێنایە نێو حدکا و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆر کاریگەر بوون، بەڵام لەساڵانی ١٩٨٠–١٩٨٨ ڕووبەڕووی ململانێ و دووبەرەکی نێوخۆیی بووەوە کە ئەوانە شان بەشانی گۆڕانە نێوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکان تەنگیان بە قاسملوو هەڵچنی. بەتایبەتی وەستانی شەڕی عێراق– ئێران لە ١٩٨٨/٨/٨ کە بەرەو سیاسەتی گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان برد کە ئاکامەکەی بە تیرۆرکردنی قاسملوو لە ١٩٨٩/٧/١٣ لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کۆتایی پێ هات.

– د. قاسملوو دوای زیاتر لە (٤٠) ساڵ خەباتی سیاسی و (٢٠) ساڵ ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەلایەن ڕێژیمی ئێران تیرۆرکرا، بەڵام تیرۆرکردنی لە زۆر ڕووەوە شوێنەواری گەورەی لەدوای خۆی جێهێشت. جگە لەوەی کە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لە ڕێبەرە لێوەشاوەکانی خۆی لەدەست دا و حدکا تووشی لاوازی بوویەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە تیرۆرکردنی لە ڕاکێشانی هەستی هاودەردی و هاوسۆزی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، شوێنەواری یەکجار بەرچاوی داناوە.

# ڕێبەریی سیاسی و وشیاریی ئەدەبی: دوکتور قاسملوو و ئەدەبیات

د. هاشم ئەحمەدزادە

## ١. پێشەکی

وشیاریی ئەدەبیی ڕێبەرانی سیاسی وەک خاڵێکی گرنگی ئەوان دەحسێب دێت. بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵ و پێگەی زمان و ئەدەبیات لە هەستونەستی مرۆڤەکاندا و کارتێکەریی لەسەر پرسی دەستەڵات و پێوەندیی نێوان دانیشتووانی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، مرۆڤ دەتوانێت یەک لە پێوەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی ڕێبەرێکی سیاسی، لە ئاستی وشیاریی و ئاگایی ئەو لە کارکردی زمان و ئەدەبیات ببەستێتەوە. ئاوڕێک لە توانایی ڕێبەرایەتیی هەندێک لە ڕێبەرانی سیاسی ئەم ڕاستییە نیشان دەدات کە ئەوان بە شێوەیەکی کارا ئاگاداری کارکرد و ڕۆڵی ئەدەبیات لە وڵاتەکەیان بوونە و بەشێک لە سەرکەوتنە سیاسییەکانیان و خۆشەویستبوونیان لەنێو جەماوەردا ڕێک دەگەڕێتەوە سەر ئەم وشیارییە زمانی و ئەدەبییەی

ئەوان. ئاماژەیەکی خێرا بە چەند نموونەیەک زیاتر تیشک دەخاتە سەر ئەم ڕاستییە.

## ٢. سێ نموونەی جیهانی

ئەوکاتەی ئابراهام لینکۆلن ڕوو لە هارییەت بیچێر ستۆ دەکات و دەڵێت، «کەواتە تۆ ئەو ژنە بچکۆلانەیەی کە ئەو کتێبەت نووسی کە ئەو شەڕە گەورەی نایەوە»،(١) مرۆڤ ئاستی وشیاریی بەرزی سەرۆککۆمارێک دەبینێت کە لەو پەڕی گرفتی ڕۆژانەیدا ئاگاداری بزاڤی ئەدەبیی وڵاتەکەیەتی و دەزانێت جەماوەری وڵاتەکەی چی دەخوێننەوە و نووسەرانی وڵاتەکەی چی دەنووسن. بڕەوی ئەو قسە لەنێو جەماوەری ئەمریکی و تەنانەت هەموو دونیادا ئەوەندە زۆرە کە مرۆڤ ئەستەمە باوەڕی پێ نەکات، ئەوە لە کاتێکدایە توێژەرانی ژیان و بەرهەمەکانی لینکۆلن هەرگیز نەیانتوانیوە سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەم دەربڕینە بدۆزنەوە و ئاماژەی پێ بکەن. ئەوەی هەیە بڵاوبوونەوەی بەربڵاوی ئەم دەربڕینەیە لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و باوەڕپێهێنانی دەربڕینەکە وەک ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر. ئاخر ناکرێ تۆ سەرۆکی وڵاتێک بی کە کۆیلەداری پرسێکی هەرە گرنگی بێت و کەوتبێتە نێو شەڕێکی وێرانکەری نێوخۆیی و ئاگاداری «هۆبەکەی مامە تۆم»ی هاریەت بیچێر ستۆ نەبی. پێناسە کورت و پوخت و جەماوەرییەکەی لینکۆلن لەمەڕ دێموکراسی، واتە «حکوومەتی گەل بەدەستی گەل و بۆ گەل»، هەر لەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکوو پێشاندەری وشیاریی ئەدەبیی ئەوە. تەنیا کەسێکی نێو دونیای سێحراویی زمان دەتوانێت ئاوا بەپوختی و پاراوی یەک لە چەمکە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداریی لە جیهانی مۆدێرندا پێناسە بکات و وتەکەی دوای زیاتر ١٦٠ ساڵ هەروا تازە و بە ڕمێن بمێنێتەوە.

بە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی باراک ئۆباما بۆمان دەردەکەوێت کە کەسایەتیی سیاسیی ئەو چەندە گرێدراوی خوێندنەوە ئەدەبییەکانی بووە. کاتێک ئۆباما لە ٢٠١٢دا خەڵاتی «مێدالیای ئازادیی سەرۆکایەتی» دەدات بە تۆنی مۆریسۆنی وەرگری خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەبدا، مرۆڤ لە وشیاریی ئەدەبیی ئەو زیاتر تێدەگات. کاتێک لە نووسین و دەربڕینە ڕەوان و پاراوەکانیدا ئاماژە بە هێمینگوای، فیتێزجێرالد، فاکنێر، هیوز، ئێمێرسۆن

و هتد دەکات، تێکەڵاویی خۆی لەگەڵ جیهانی ئەدەب و ڕازەکانی زمان بەجوانی نیشان دەدات. ئەوە هیچ بەهەڵکەوت نییە کە دەبینین هاوکات لەگەڵ بەرپرسیارییەتیی بەڕێوەبردنی یەک لە وڵاتە هەرە مەزنەکانی ئەم جیهانە، ئەو دەرفەتی ئەوە دەدۆزێتەوە کە بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە و تێیاندا وشیارییە بەربڵاو و قووڵەکەی خۆی لە ئەدەبیاتی ئینگلیسی نیشان بدات.(٢) ئەو ژیاننامانەی لەسەر ئۆباما نووسراون و نووسەرەکانیان هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی ئەویان دۆزیوە دەری دەخەن کە ئەم سەرۆککۆمارە گەنجە چەندە لە ئەدەبدا شارەزا بووە و چەندە لە بەری وشیاریی ئەدەبیی خۆی کەلکی وەرگرتووە بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکە سیاسییەکانی.(٣)

گرنگیی ئەدەبیات لە بیروباوەڕی مارکسیستیدا بە بەردەوامی پێداگریی لەسەر کراوە. هۆگریی مارکس و ئینگێلس بە ئەدەبیات بە ڕادەیەک بووە کە دەیان ساڵ دوای مردنیان کۆمەڵێک بیریار قوتابخانەی تیۆریی مارکسیستییان گەڵاڵە کردووە و ئێستا تیۆریی ئەدەبیی مارکسیستی یەک لە بوارە ناسراوەکانی تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە نە مارکس و نە ئینگێلس هیچیان ڕاستەوخۆ لەسەر تیۆریی ئەدەبی نەنووسیوە. بەڵام هۆگری و شارەزاییان لەگەڵ ئەدەب بەڕوونی لە بەرهەمە هزری و فەلسەفییەکانی ئەواندا دەبیندرێت. کەس نییە بەرهەمەکانی مارکس بخوێنێتەوە و هەست بەم توانایە نەکات. ئاماژە بە بەرهەمەکانی ڕۆماننووسی فەڕەنسی، بالزاک و ڕۆماننووسی ئینگلیسی، دیکێنز، لە کارەکانی مارکسدا پێشان دەدەن کە ئەو چەندە بە وردەکارییەوە بەرهەمی ئەم کەسانەی خوێندووەتەوە و کەلکی لێ وەرگرتوون. لێنین وەک ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ هەمیشە چاوێکی لە ئەدەبیات بووە و بەڕاشکاوی باس لە کارکردی ئەدەبی و پێویستیی چینی کرێکار بە ئەدەبیاتی خۆیان دەکات. لێنین هۆگریی تایبەتیی بە ئەدیبانی بلیمەتی وڵاتەکەی هەبووە و لەسەر بەرهەمەکانی پوشکین، گوگۆل، تۆلستۆی، گورکی و هتد لێکۆڵینەوەی کردووە و وتاری نووسیوە. ئەگەرچی پێداگریی زۆری لێنین لەسەر لایەنی ئایدۆلۆژیکی ڕوانگەکانی دواتر لەلایەن جێگرەوەکانییەوە بوو بە دەستەچیلەی داپڵۆسینی ئازادیی دەربڕین و داهێنانی ئەدەبی، بەڵام تێگەیشتنی ئەو لە ڕۆڵی ئەدەبیات جێگای لێفێربوون و سەرنجە.(٤) بێگومان مرۆڤ دەبێ لە ڕەوتی داپڵۆسینی ئازادیی بیروڕا لە سۆڤیەتی پێشوو دەرس

وەرگرێت و نەهێڵێت ژێدانۆڤەکان ببنە بەرپرسی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و بە زەبری ئایدۆلۆژیا پێش بە داهێنانی ئازاد بگرن.

کەسایەتییەکی دیکەی ناوداری سیاسی لە ئاستی جیهانیدا کە وەرگری خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلە، سێر وینستن چرچیل، سەرۆکوەزیرانی بریتانیایە لە سەردەمی شەڕی جیهانی دووهەمدا. ئەو لە ڕاستیدا وەک یەک لە سیاسەتمەدارانی بلیمەتی جیهان ناسراوە و لە زۆر وڵاتی دەرەوەی بریتانیاش پەیکەریان لێ ساز کردووە و بەڕێزەوە لێی دەڕوانن. جگە لە بواری سەرکردایەتیی سیاسی و پێشەنگایەتی لە شەڕی دژی فاشیزمدا، ئەو کەسێکی شارەزا بوو لە بواری زمان و ئەدەبدا. بیرەوەرییەکانی چرچیل سەرچاوەیەکی گرنگی ڕووداوەکانی شەڕی دووهەمی جیهانین کە بە زمانێکی بەرزی ئەدەبی نووسراون. ئاستی وشیاریی ئەدەبی و زمانی و دەربڕینی ئەدەبییانەی چرچیلی سەرۆکوەزیر ئەوەندە جێگای سەرنج و متمانەی جەماوەر بووە کە دواجار لە ساڵی ١٩٥٣دا خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێلی پێشکەش دەکرێت. کۆمیتەی خەڵاتی نۆبێل هۆکاری بەخشینی ئەم خەڵاتە لە بواری ئەدەبیدا بە سیاسەتمەدارێکی ناسراو، ئاوا پێناسە دەکات: «لەبەر دەستەڵاتی ئەو بەسەر پێناسەی مێژوویی و ژیاننامەییدا و هەر وەها لەبەر دەربڕینی پڕشنگداری ئەو لەمەڕ داکۆکیی لە بایەخە بەرزە مرۆییەکان».(٥)

### ٣. دوکتور قاسملوو و ئەدەبیات

هەلومەرجی تایبەتیی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد لە سەردەمی مۆدێرندا وای کردووە کە پرسی زمان و ئەدەبیات لە چەقی ویستەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا بێت. بەڵام بەداخەوە ئەوە بەو مانایە نییە کە زۆرینەی ڕێبەرانی سیاسی بزووتنەوەی کورد لە پەروەردەکردنی خۆیاندا لەم بارەوە خاوەنی توانایییەکی سەرنجڕاکێش بووبن. بەشێک لەم گرفتە دەگەڕێتەوە سەر پرسی پەروەردەی زمانیی کوردەکان لە سەردەمی مۆدێرندا کە بە پلەی یەکەم بە زمانی کوردی نەبووە. سەرچاوەی خوێندنەوە و پەروەردەی ڕێبەرانی سیاسیی کورد بەبەردەوامی زمانێکی غەیری کوردی بووە. ئەمەش لە ڕاستیدا کارتێکەریی خۆی لەسەر زەینییەت و شێوازی نووسین و کارکردی ئەم ڕێبەرانە هەبووە و هەیە. هەڵبەت ئەم دیاردەیە تەنیا

تایبەت بە سیاسەتمەدارانی کورد نییە و دەکرێ بڵێین هەموو سووژەی کوردی دەگرێتەوە و پرسێکە شیاوی لێکۆڵینەوەی بەربڵاو و هەمەلایەنەیە. لەم نووسینەدا، هەرچەند بە کورتییش بێت، ئاوڕێک لە میراتی دوکتور قاسملوو لە پێوەندیی لەگەڵ ئەدەبیاتدا دەدەمەوە و هەوڵ دەدەم هەندێک لە ڕوانگەکانی ئەو لەم بارەوە بخەمە بەر باس. سەرچاوەی سەرەکیی من لەم پێوەندییەدا سێ بەرهەمی دوکتور قاسملوون کە بەر لە شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران بڵاو بوونەتەوە. ئاواتەخوازم کەسانی دیکە بە پشتبەستن بە لێدوان و سەرچاوەکانی دیکەی دوکتور قاسملوو ئەم باسە دەوڵەمەندتر بکەن.(٦)

## ١.٣. شوێنپێی ئەدەب لە «کوردستان و کورد»دا

کتێبی «کوردستان و کورد» کە لە بنەڕەتدا تێزی دوکتورای قاسملوویە لە کاتی بڵاوبوونەوەیەوە لە ١٩٦٥ڕا هەتا ئێستا یەک لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی لێکۆڵەرەوانی بواری کوردناسی و لێکۆڵینەوەی کوردییە. بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان لەو سەردەمیدا باسی کوردەکانی بە بەربڵاوی خستبووە نێو کۆڕ و کۆمەڵی جیهانی دووجەمسەرییەوە. هەر بۆیە چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێت لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا وەڵامێکی بەجێ و ئینسیکلۆپێدیایی بووبێت بە پرسیار و پێداویستییەکانی ئەودەم لە بارەی کورد و کوردستاندا. هەڵبژاردنی ناوەکەشی ڕەنگە هەر لەم سۆنگەیەوە بووبێت، ئەگینا ناونیشانێکی ئاوا گشتی بۆ تێزێکی دوکتورا زۆر ئاسایی نییە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بووبێت لە یەک ساڵدا بە دوو زمانی سلۆواکی و ئینگلیسی چاپ و بڵاو کرابووبێتەوە.

لەژێر بەشی چوارەمی پاژی یەکەمی کتێبەکەدا، لە لاپەڕەکانی ٣٠-٢٤دا بە وردی ئاوڕ لە زمان و ئەدەبی کوردیی دراوەتەوە و بەچڕی ناسێندراوە. دوای باسکردنی ڕەچەڵەکناسیی زمانی کوردی و زاراوەکانی، دوکتور قاسملوو ئاماژە بە گرفتی نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان دەکات و ئەمەیش وەک گرفتێکی سەرەکیی بەردەم سازبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لە چوارچێوەی هەموو جۆغرافیای کوردستاندا دەبینێت. هەر لەم پێوەندییەشدا دەڵێت کە شیاوترین ڕێنووس بۆ زمانی کوردی ئەلفبێی لاتینییە. بە باوەڕی دوکتور قاسملوو زمانی کوردی بە شێوەیەکی ڕێژەیی زمانێکی هاسانە

و گەر بێتوو ئەلفبێی لاتینی بۆ نووسینی ئەم زمانە دەکار بێت، ئەوە هەم نەخوێندەواری، بە هاسانی لەنێو دەچێت و هەمیش فێربوونی زمانەکە بۆ بیانییەکان زۆر هاسانتر دەبێت. لە پێوەندیی لەگەڵ دوو زاراوەی سەرەکیی زمانی کوردییش، واتە کوردیی نێوەڕاست و سەرووودا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە جیاوازییەکان ئەوەندە زەق نین و بە هۆی هەمبانە وشە و ڕێزمانی هاوبەشەوە، کوردەکان بەسانایی لە یەکتر تێدەگەن.(٧)

دوای ئاماژە بە ئەدەبی زارەکیی کوردی و دەوڵەمەندی و گرنگیی بەیتە کوردییەکان، بۆ نموونە، بەیتی قەڵای دمدم، لەم بەشەدا دوکتور قاسملوو شاعیرانی کلاسیکی کوردی، بۆ نموونە، بابا تاهیر کە بە زاراوەی لۆڕی شێعری هۆنیوەتەوە و ناوبانگی جیهانیی دەرکـردووە، مـەلای جزیری، ئەحمەدی خانی کە بە بەرهەمە ناودارەکەی «مەم و زین» حەماسەی ئەدەبی کوردیی سەردەمی دەرەبەگایەتی ئافراندووە، مەولەوی و، کۆیی وەک هاواری گەلی کورد بۆ «ئازادی و سەربەخۆیی»، دەناسێنێت. هەر بەم چەشنەش ئاماژە بە پێشەنگانی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی، بۆ نموونە پیرەمێرد، ئەحمەد موختار، بێکەس، هەژار، قەدری جان، ئا. عەودال و عەرەب شەمۆ دەکات. لە بـارەی شێعری نوێی کوردیدا باسی ڕۆڵی پێشەنگیی گۆران لە نوێکردنەوەی ئەم ژانرەدا دەکات و ئاماژە بە پێشکەوتنەکانی بواری زمان و ئەدەبی کوردی لە عیراقی دوای شۆڕشی ١٩٥٨دا دەکات.

### ٢.٣. ‹شاعیری گەل›

‹شاعیری گەل› کە وەک پێشەکیی تاریک و ڕوون چاپ بووە وتارێکی ١٥ لاپەڕەیی چڕە کە تێیدا شارەزایەتیی دوکتور قاسملوو لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەڕوونی دەردەکەوێت. ئەگەرچی لەبەر هۆکاری نادیار وتارەکە تا ڕادەیەک شێوازی نووسینێکی ئاکادێمی لە هەندێک بارەوە، بۆ نموونە دەستنیشانکردنی ژێدەر و سەرچاوەی پێوە دیار نییە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆکاری نەمانی چلۆنایەتیی خەمڵاندنی ئارگومێنتێکی لۆژیکی و ئاکادێمیک لە سەرتاپای وتارەکەدا. مرۆڤ هەست دەکات هۆکاری لەبەرچاونەگرتنی هـەمـوو مەرجەکانی وتـارێکی ئاکادێمیک دەتـوانـێت بگەڕێتەوە سەر هەلومەرجی ئەوکاتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کتێب لە کوردستان و نامۆبوونی شێوازی بڵاوکردنەوەی وتارێکی ئاکادێمێک وەک پێشەکی بۆ

دیوانێکی شێعری.

لەم وتارەدا دوکتور قاسملوو بە شێوەیەکی بابەتییانە و بە خوێندنەوەی وردی شێعرەکانی مامۆستا هێمن هەوڵ دەدات تایبەتمەندییە ژانرییەکانیان دەستنیشان بکات و ڕەوتی بیچمگرتنی شێعریی مامۆستا هێمن تاوتوێ بکات. وێڕای ئەم کارانە نووسەر لە کارکردی کۆمەڵایەتی و ناسنامەیی شێعرەکانیش خافڵ نییە و دەیانخاتە بەرباس. هەر سەردێڕی بابەتەکە گوزارە لە ڕوانینێکی باوی سەردەمی نووسینی بابەتەکە دەکات کە بریتی بوو لە باوەڕ بە دەروەستی و بەرپرسیارییەتی ئەدەبی و هونەری لەمەڕ کۆمەڵانی خەڵک یان بە واتەیەکی باوتر گەلدا. نازناوی ‹شاعیری گەل یان جەماوەر› پێشتر بۆ شاعیرانی ناسراوی جیهانیی وەک، بۆ نموونە پابلۆ نێرۆدای شیلیایی، نازم حیکمەتی تورکیایی، مەحموود دەرویشی فەلەستینی، دەکار هاتبوو. ئەو شاعیرانە بە داکۆکی لە ئارمانجەکانی گەلی خۆیان ناسراون و بە باوەڕ و کردەوە لە خزمەت وەدیهێنانی ئاواتە ڕزگاریخوازانە و یەکسانیخوازانەی گەلەکانیاندا شێعریان نووسی و خەباتیان کرد. لێرەدا بەخشینی ئەم نازناوە بە هێمن گۆزارەیەکە لە تێگەیشتنی دوکتور قاسملوو لە پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی خەباتکارانەی ئەم شاعیرە هەڵکەوتەیەی نەتەوەی کورد.

کاتێک ئاماژە بە سەرکەوتوویی هێمن لە بواری جوانیناسیی ئەدەبییەوە دەکات ئاماژە بە بۆچوونی خودی مامۆستا هێمن دەکات لەسەر شاعیری بلیمەتی کورد، مامۆستا گۆران و دەڵێت: «بەڕاستی ئەوەی هێمن لەسەر گۆران دەیڵێ لەسەر خۆیشی ڕاستە: تاکی لە جوانیپەرستیدا کەمە و وشە لە دەستیدا وەک مێوە، دڵتەڕە و خۆشخەیاڵە و ناسکبینە، بەهونەرە و شارەزا و وشەڕەنگینە.»(٨)

پرسی زمان لای دوکتور قاسملوو گرنگیی خۆی هەیە و خوێندنەوەی ئەو لە بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن نیشان دەدات کە چەندە لە حاند هەمبانەی وشەی کوردییەوە هەستیارە. هەر لەو کاتەدا کە زمانی هێمن بە زمانێکی «پەتی و جوان» دەناسێنێت ئاگاداری ئەوە هەیە کە نابێ پرسی گەشەی زمان لە باری وشەوە بە لاڕێی «وشەی بێگانە›› یان «وشەی دەستکرد››دا بڕوات. لە ناساندنی زمانی هێمندا باوەڕی وایە کە «زمانی هێمن سادە و پەتی و ڕەوانە، هەم ئەدیب و نووسەری کورد پێی خۆشە و

هەم نەخوێندەواری کورد لێی حاڵی دەبێ.››(٩)

قاسملوو ئاواتی زمانی ستانداردی کوردیی هەیە و هێمن بە کەسایەتییەکی کارتێکەر لەم بارەوە دەزانێت.

دوکتور قاسملوو لە هەڵسەنگاندێکی گشتیدا هێمن بە شاعیرێکی ڕێئالیست لە چەشنی ڕەخنەگرانە پێناسە دەکات. «هێمن زۆر جار لە هێندێ شێعری خۆیدا لە ناتورالیزم نزیک دەبێتەوە و ئەوەی کە دەیبینێ باسی دەکات و بە چاوی ڕەخنە سەیری تەبیعەت یان کۆمەڵ ناکا. هەر وابزانە دەیەوەێ تابلۆیەکی تەبیعەت بکێشێ و بیخاتە بەرچاوان. بەڵام شێعری وای کەمە، وادیارە خۆشی ئاگای لێیە لە ڕیئالیزم دوور کەوتووە، زوو ناتورالیزم بەر دەدا و دەگەڕێتەوە سەر ڕیئالیزم کە سەبکی بنەڕەتیی نێوەرۆکی شێعرەکانیەتی».(١٠)

هەرچەند ئەم بۆچوونە وەک شتێکی گشتگیرانە دروستە، بەڵام لەو ئاماژە کورتەی کە بە ناتورالیزم و جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕێئالیزم دراوە، ناکرێت ئەم بڕیارە گشتییە بدرێت. ئەگەر جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ڕێئالیزم و ناتورالیزم لە دیدگای فەلسەفی، شێوازی، گەشبینی و ڕەشبینی، نیگای وردەکارانە و زانستی و ئیرادەی ئازاد و جەبردا، کورت بکەینەوە، زەحمەتە هاتوچۆی هێمن لە نێوان ئەم دوو شێوازەدا لە شێعرێکەوە بۆ شێعرێک دەستنیشان بکرێت. لە ڕاستیدا ئێستا ئیتر دیوارێکی لەم چەشنە لە نێوان ناتورالیزم و ڕێئالیزمدا ناکێشن و ئەم دوو شێوازە زۆر جار تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن و دەکرێ لە یەک بەرهەمدا جێ‌پێی هەردووکیان ببیندرێت. (١١) بۆچوونەکەی دوکتور قاسملوو لەمەڕ ناتورالیزم و جیاوازییەکەی لەگەڵ ڕێئالیزم مۆرکی باوەڕە باوە سۆسیالیستییەکانی دەیەی شێست و حەفتاکانی سەدەی بیستەمی پێوە دیارە و گەر سەرچاوەی بۆ پێناسەکەی لە بارەی ناتورالیزم و ڕێئالیزمەوە دیاری کردبایە ئەم شتە بەڕوونی خۆی نیشان دەدا. ئەوەی لێرەدا بە ڕای من گرنگە وردبینیی دوکتور قاسملوویە لە خوێندنەوەی شێعری هێمن بە چاویلکەی تیۆریکەوە. وەک دەزانین تیۆرییەکانیش وەک هەڵوێستی سیاسی لە دەورەیەکدا هەتا دەورەیەکی دیکە گۆڕانکارییان بەسەر دێت و ئاستی کارتێکەری و باوبوونیان تووشی گۆڕان دێت.

لایەنی شیوازی و پێکهاتەیی شێعری هێمن و ئەوەی کە سەرەتا لەژێر

کارتێکەریی شێعری عەرووزیدا بووە و دواتر دەکەوێتە ژێر کارتێکەریی شێعری گۆرانی شاعیر و دواجار گەڕانەوەیە بۆ کێشی پەنجەیی، لە وتارەکەی دوکتور قاسملوودا بە دروستی باس کراوە. ئەوەی کە ئێستا دەکرێ لێی زیاد بکرێت دەستنیشانکردنی پێگەی شێعریی مامۆستا هێمنە وەک قۆناغێکی ‹گواستنەوە› (transition) لە نێوان شێوازی کلاسیک و نوێدا. بە گشتی سەردەم و پێگە و جیهانبینیی مامۆستا هێمن لە باری شێعری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەکەوێتە قۆناغی دەربازبوون لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە. ئاڵۆزی و پێچەڵپێچیی ئەم ڕەوتە بە ژیان و بەرهەمی مامۆستاوە دیارە و دەتوانێت بوارێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی کۆمەڵناسانە، زمانناسانە و تەنانەت هەستیناسانەش بێت.(١٢)

لە درێژەی ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران تەنیا چەند مانگ دوای گیرانی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێمۆکرات، لە بەهاری ١٣٥٩ی هەتاویدا حەوت کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزب کە مامۆستا هێمن یەک لەوان بوو، لە حیزب جیا دەبنەوە و خۆیان وەک «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» دەناسێنن. دواتر دەفتەری سیاسیی حیزب لە بەیاننامەیەکدا لەژێر ناوی «خەیانەتی تاقمی حەوت کەسی» ئەم کردەوەیەی بە «خیانەت» ناسی. ئەم ڕووداوە کۆتایی بە پێوەندیی چەندین ساڵەی حیزب و مامۆستا هێمن دێنێت. دوای تێپەڕینی ١٧ ساڵ بەسەر ئەم هەڵوێستەدا ‹›دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٣٧٦/٢/٧ی خۆیدا بڕیاری دا بە حورمەتی پلەیەکی بەرزی شاعیری کە هێمن لێی بەهرەمەند بوو و بە پاداشی ئەو خزمەتە کە بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بیری ڕزگاریخوازانەی کوردیی کردبوو، «اعادەی حیثیت»ی لێ بکاتەوە و جارێکی دیکە مامۆستا هێمن وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەری کورد چاو لێ بکاتەوە.(١٣) ئەمە لە کاتێکدا بوو کە مامۆستا هێمن بەداخەوە یازدە ساڵ بەر لەم بەیاننامەیە کۆچی دوایی کردبوو و ئەم هەڵوێستەی حیزب لە یازدەهەمینساڵوەگەڕی کۆچی دوایی مامۆستادا ڕاگەیەندرا. وەک دەبینین زاڵبوونی ئایدۆلۆژیا و هەڵوێستی سیاسی، پێوەندیی خۆشی نێوان دوکتور قاسملوو و مامۆستا هێمنی تێک دا و بەداخەوە قسەی نەشیاو کەوتە پاڵ ناو و ناوبانگی شاعیری نەتەوەیی کورد. ڕەوتی ڕووداوەکان لە ساڵانی دوای جیابوونەوەی «پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم» و

کارنامەی سەرکەوتووی مامۆستا هێمن لە گواستنەوەی بەرەی خەباتدا بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤاری سروە، بوو بە هۆی گۆڕینی هەڵویستی حیزبی دێموکرات لە بارەی مامۆستا هێمنەوە. دەبێ مرۆڤ لە گۆڕینی هەڵوێستی حیزب کەیفخۆش بێت و ئاواتەخواز بێت ڕووناکبیران و شاعیرانی نەتەوەیی هەرگیز نەکەونە بەر هێرشی لەم چەشنە.

### ٣.٣. نووسەرێکی کورد لە ‹گەلێکی بێوڵاتدا›

لە کۆتاییەکانی دەیەی حەوتەمی سەدەی بیستەمدا ژێرار شالیانی فەڕەنسی بە ئامادەکردنی کتێبی گەلێکی بێدەوڵەت هەنگاوێکی پێویست و گرنگی هەڵێناوە بۆ ناساندنی پرسی کورد لە ئاستی جیهانیدا. یەک لە بەشدارانی ئەم پرۆژەیە دوکتور قاسملوو بوو کە بە وتارێک لەسەر «کوردەکانی ئێران» زۆر بەوردی تیشک دەخاتە سەر هەلومەرجی کوردستان و پرسی کورد. لەم وتارە ئاکادێمییەدا کە لە بەشی سێهەمی کتێبی ژێرار شالیاندا بڵاو دەبێتەوە هەمدیسان پرسی کورد لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و سەردەمیانەوە هەڵدەسەنگێنێت و لە ٢٧ لاپەڕەی وتارەکەیدا دوو لاپەڕە تەرخانی زمان و ئەدەبی کوردی و لاپەڕیەکیشی تەرخانی پەروەردە دەکات.

«لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر کتێب و نامیلکە و گۆڤاری کوردی بە شێوەی نهێنی لە کوردستانی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە. پاراوی و زەنگینیی زمانی دەکارهاتوو لەم لەم دەقانەدا زۆر جاران جێگای سەرسووڕمانە. ئەمەش ڕێک بەپیچەوانەی ئەو ڕەوتەیە کە لە بڵاوکراوەکانی کوردەکانی عیراقدا دەبیندرێت، سەرەڕای ژمارەی ئەو کتێب و گۆڤارانەی لەوێ بڵاو دەکرێنەوە.(١٤) [وەرگێڕانی خۆم]

ئەم تێبینییە لە بارەی ڕەوشی زمانی کوردی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، دوای تێپەڕبوونی ٤٥ ساڵ هێشتا هەر دروستە. خاڵێکی زۆر جێگای تێڕامان لەم وتارەدا ئاماژەی دوکتور قاسملوویە بە دامودەزگای ڕادیۆ کوردییەکان لە ئێران و بەتایبەتی ڕادیۆی کرماشان. دوکتور قاسملوو وێڕای ئاماژە بە پلانەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ کەلکوەرگرتن لەو ڕادیۆییانە وەک ئامرازێکی پرۆپاگاندایی بۆ کوردەکانی دەرەوەی جۆغرافیای ئێران و هەروەها حیسێبکردنی زمانی کوردی وەک زاراوەیەکی زمانی فارسی،

لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بڵاوکردنەوەی شێعر و گۆرانیی کوردی لەم ڕادیۆیانەوە دواجار لە بەرژەوەندیی پەرەئەستاندنی ئەدەبیاتی کوردی و پتەوکردنی زیاتری وشیاریی نەتەوەیی کوردیدایە.(١٥) ئەمە خاڵێکی پراگماتیستی و میتۆدۆلۆژیکە و دەکرێ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا وەک میتۆدێک لەبەرچاو بگیرێت.

هەر بەم شێوەیە وردبینیی دوکتور قاسملوو لەمەڕ بەرهەمی ئەدەبییشدا دەگاتە ئاستێکی سەرنجڕاکێش. ئەو ئاماژە بە ڕۆمانێک دەکات کە لە لایەن کوردێکی دانیشتووی کرماشانەوە بە زمانی فارسی نووسراوە و وەک یەک لە کتێبە سەرکەوتووەکانی دەیەی شێستی سەدەی بیستەمی ئێران سەیر دەکرێت:

«بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییە کە زمانی کوردی قەدەغە کراوە و زمانی فارسی، تەنیا زمانی فەرمییە، زۆر ڕووناکبیری کورد بە فارسی دەنووسن و بەرهەمەکانیان بڵاو دەکەنەوە. باشترین ڕۆمانی ئەم ساڵانەی دوایی بە زمانی فارسی، هاوسەری ئاهوو خانمێ، لە لایەن کوردییەکی کرماشانییەوە نووسراوە لەکاتێکدا لەسەر پرسێکی سیاسی زیندانی کراوە. بەسەرهاتی گێڕانەوەکە بەتەواوی لە کوردستاندا ڕوو دەدات و سەرتاپای ڕۆمانەکە لێکدانەوەی کۆمەڵگەی کوردستانە لە قۆناغی پێش شەڕدا.»(١٦) [وەرگێڕانی خۆم]

ئەم وردبینییە گرنگییەکی شێوازناسییانەی هەیە و چالاکی سیاسی و فەرهەنگیی کورد وشیار دەکاتەوە و هانی دەدات ئاگاداری ڕووداوە فەرهەنگییەکان و کارتێکەرییان لەسەر کۆمەڵگەی نەک هەر کوردستان، بەڵکوو ئێرانیش بێت. پرسیار ئەمەیە گەلۆ ئەندامانی ئێستای ڕێبەرایەتیی بزاڤی کوردی چەندەیان ئاگا لە چالاکییە ئەدەبییەکانی کوردی و فارسیی بەشە جۆراجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و دەزانن چ ڕۆمانگەلێک بڵاو دەبنەوە و باسی چی دەکەن؟ لە ڕاستیدا ئەمە تەنێ پرسێکی زانیارییانە نییە، بەڵکوو پرسێکی هەستیناسانەی کوردییە و گرنگییەکی بوونخوازانەیشی هەیە.

## ٤. ئەنجام

لەو نووسینانەی دوکتور قاسملوودا زمان و ئەدەب هەرگیز پەراوێز نەخراون. ئەوە وەک ڕێبەرێکی سیاسی و حیزبی لە ململانێی سیاسیدا قاڵ دەبێتەوە، بەڵام ڕاستیی پێگەی زمان و ئەدەبی نەتەوەکەی هەرگیز فەرامۆش ناکات و وەک دوو کۆڵەکەی سەرەکیی ناسنامەیی سەیریان دەکات. لە بۆچوونێکی مێژووییدا کوردستان وەک جۆغرافیایەکی لەمێژینە دەبینێت کە سەرەڕای دابەشبوویی هەم لە سەردەمانی ئیمپراتۆریاکان و هەم لە سەردەمی مۆدێرندا هەڵگری تۆوگەلی هاوبەشی فەرهەنگی بووە. لاپەڕەکانی کتێبی کوردستان وکورد دوای ٥٨ ساڵ هێشتا دەتوانن شاهیدیی نەتەوەبوونی کورد بدەن و بە خوێنەری ئەمڕۆ بڵێن کە کەسێک ساڵانێک لەمەوبەر و لە تافی لاویدا بە کارێکی ناوازەی ئاکادێمیک داکۆکی لەهەبوونی نەتەوەکەی دەکات و پێشفەڕزەکانی ڕزگاری و ئاوەدانیی وڵاتەکەی دەستنیشان دەکات. نزیک بە دەیەیەک دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە، دوکتور قاسملوو پێشەکییەک بۆ تاریک و ڕوون دەنووسێت و ڕووناکی دەخاتە سەر شێعری یەک لە کارامەترین شاعیرانی کورد و نازناوی ‹شاعیری گەل› دەدات بە مامۆستا هێمن. چوار ساڵ دوای ئەم پێشەکییە، بە وتارێک لەسەر ‹کوردەکانی ئێران› لە پرۆژەی کتێبی ژێرار شالیانی فەڕەنسیدا بەشداری دەکات و بە چڕوپڕی هەلومەرجی کوردستان دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و باسی نووسەرێکی کورد دەکات کە ڕۆمانێکی بە زمانی فارسی بڵاو کردووەتەوە. بە ئاوڕدانەوە لەم سێ بەرهەمەی دوکتور قاسملوو دەبینین کە پرسی زمان و ئەدەبیات چەندە لای ئەو گرنگیی پێدراوە. مرۆڤ چاوەڕێی ئەوە دەکات کە ئەم شێوازە لە تێفکرین لە زمان و ئەدەبیات بکرێتە نەریتێک و بزاڤی کوردی و ڕووناکبیرانی کورد لەسەری بەردەوام بن و پەرەی پێبدەن. ئاگاداری لە ئەدەبیات و دەروەستبوونی زمان، ئاستی وشیاریی ڕێبەری سیاسی نیشان دەدات و فاکتەرێکی گرنگە لە بووژاندنەوە و پەرەپێدانی وشیاریی نەتەوەیی و سازکردنی نەتەوە.

***

**بننووسەکان:**


١. Annie Fields, ed., Life and Letters of Harriet Beecher Stowe, Boston: Houghton, Mifflin and Company, ١٨٩٨, p. ٢٦٩.

٢. ئۆباما ١٦ ساڵ بەر لەوەی ببێت بە سەرۆک کۆماری ئامریکا یەکەم بیرەوەرییەکانی خۆی لەژێر ناوی خەونەکانی باوکم دەنووسێت و تێیدا باس لە هەوڵی خۆی دەکات بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی خۆی لە لای باوکییەوە. لەم کتێبەیدایە کە باس لە خوێندنەوەکانی خۆی دەکات و بەشداریی خۆی لە بزووتنەوەی مەدەنی ئامریکا بە وردی دەگێڕێتەوە. بڕوانە:

Barack Obama, Dreams from my Father, Washington: The Canons, ٢٠١٦.

٣. لەنێو ئەو ژیاننامانەی لەسەر ئۆباما نووسراون دەکرێ ئاماژە بەو بەرهەمەی خوارەوە بکرێت کە تێیدا ئەزموونە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی ئوباما بە وردی دەستنیشان کراون. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە:

David Maraniss, Barack Obama: The Story, New York: Simon & Schuster, ٢٠١٢.

٤. بۆ زانیاریی هەمەلایەنە لەسەر بۆچوونەکانی لێنین لەسەر ئەدەبیات و خوێندنەوەی هەندێک لە کارەکانی لەم بوارەدا بڕوانە:

V. I. Lenin, On Literature and Art, Moscow: Progress Publishing House, ١٩٧٥.

٥. [F[or his mastery of historical and biographical description as well as for brilliant oratory in defending exalted human values.›› The Nobel Prize in Literature ١٩٥٣. NobelPrize.org. Nobel Prize Outreach AB ٢٠٢٣. Mon. ٣ Jul ٢٠٢٣. https://www.nobelprize.org/prizes/literature/١٩٥٣/summary/

٦. ئەم سێ بەرهەمە بریتین لە:

Ghassemlou, Abdul Rahman, Kurdistan and the Kurds, Publishing House of the Czechoslovak Academy of Sciences, ١٩٦٥.

Ghassemlou, A.R. 'The Kurds of Iran', in Gerard Chaliand (ed.), People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, trans. Michael Pallis, London: Zed Press, ١٩٨٠, p. ١٠٧-١٣٤.

- قاسملوو، عەبدولڕەحمان، ‹شاعیری گەل›، هێمن، تاریک و ڕوون: گوڵبژێرێک لە شێعرەکانی هێمن، ١٩٧٤.

٧. Ghassemlou, Kurdistan and , op. cit., p .٢٨.

٨. قاسملو، عبدالرحمن، ‹شاعیری گەل› ....، س. پ. ل. ن.

٩. س. پ.، ل. م.

١٠. س. پ.، ل. ک-ل.

١١. لەسەر ڕیئالیزم و ناتورالیزم بێژمار وتار و سەرچاوە هەیە. لەم نووسینە کورتەی خوارەوەدا هێڵە سەرەکییەکانی ئەم دوو ڕێبازە بە وردی گەڵاڵە کراون:
M.A.R. Habib, Introduction to Realism and Naturalism, Historical Background: The Later Nineteenth Century
/https://habib.camden.rutgers.edu/introductions/realism
بینراو: ٤-٧-٢٠٢٣

١٢. لە وتارێکی دیکەمدا هەوڵێکی خاکەڕایانەم بۆ ئەم مەبەستە داوە. بەڵام وەک گوتم هێشتا ئەم باسە زۆری بە بەرەوە ماوە و دەکرێ و دەبێ هەوڵی زیاتر و هەمەلایانەتری بۆ بدرێت. بڕوانە:
هاشم ئەحمەدزادە، ‹فەرهەنگ و ڕزگاری: پێگەی مامۆستا هێمن لە ئەدەب و سیاسەتی کوردیدا›، فەرهەنگ و ڕزگاری: کۆمەڵە وتار، دیمانە و پەخشان، گۆتێنبێرگ: ٤٩ کتێب، ٢٠٢٣. لل. ٢٩-١١، بەڕێوەیە.

١٣. تێکۆشەر (نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) ژمارە ٥٧، بەهاری ١٣٧٦، دەوری دووهەم، لل ٣٥-٣٣.

١٤. Ghasssemlou, A.R. ’The Kurds of Iran’, op. cit., p .١١١.

١٥. Ibid.

١٦. مەبەست لەو نووسەرە عەلی محەممەدی ئەفغانییە.
Ghasssemlou, A.R. ’The Kurds of Iran’, in Gerard Chaliand (ed.), People Without a Country: The Kurds and Kurdistan, trans. Michael Pallis, London: Zed Press, ١٩٨٠, p. ١١١.

# قاسملوو؛
# ڕێبەری سێحەبوێژمان

د. ئازاد محەممەدیانی

## پێشەکی

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی گەلانی دونیا بدەینەوە، دەبینین کە زۆرن ئەو ڕێبەرانەی کاریگەریی هەنووکەییان بووە لە ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیاندا و بوونەتە هۆی سەرکەوتن یا گۆڕانکاری لە ژیانی ئەو نەتەوەیەدا، بەڵام کەمن ئەو کەسانەی جیاواز لە هێمای ڕێبەرانی دیکەی وڵاتەکەیان و شوێنەکانی دیکەی دونیا، سەرەڕای ئەوەیکە وەک ڕێبەرێکی سیاسی، کاریگەرییان لە مێژووی سەردەمی خۆیاندا بووە؛ بەڵام شێوەی ڕوانین، هزر و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ چەمکە پێوەندیدارەکان بە سیاسەت و کۆمەڵگەکەیان، بە قووڵایی مێژوودا ڕۆ چووە و کاریگەریی فکری، ڕەوشتی و کردەوەییان بووە لەسەر ڕەوتی سیاسی و ئامانجە نیشتمانییەکانی گەلەکەیان. وەک بیرمەندێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی یا وەک ڕێبەرێک، نیزامێکی ئەندیشەیی تایبەتیان هەبووە کە توانیویەتی لە مەیدانی سیاسەتی سەردەمدا وەڵامیان بۆ پرسە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت ئابووریيش پێ بێ و لە بەستێنی کێبەرکێی سیاسیدا لە بەرانبەر هێزەکانی دیکە و ڕەکەبەرەکاندا هێژمۆن بن. ئەو تایبەتمەندییە دەستەبەر نابێ مەگەر ئەوەیکە ١. بابەتە هزرییەکان گونجاو بن لەگەڵ ژیانی سەردەمی

کۆمەڵگە ٢. سیستمێکی فکری و نیزامێکی ئەندیشەیی جیاواز و تایبەت بە هێندێک واتاو چەمکی تایبەتەوە ئەو ڕوانینانە ساپۆرت بکەن.

کۆی ئەو نیزامە فیکریە بە چەمک و واتاکانی نێو ئەو شێوە ڕوانینە هزریە و شێوەی داڕشتن و جێگیربوونی ئەو واتایانە لە نێو کەلام، کردەوە، ڕەفتار و هەڵوێستی ئەو ڕێبەر یا تاکەدا «گوتار» یا «وێژمانی» ئەو پێک دێنێ. بە شیوەیەکی ساکار دەتوانین بڵێین گوتار؛ لە بەستێنێکی کۆمەڵایەتی، دۆخی دژبەرایەتی (فضای تخاصم)، دۆخی ڕکەبەر (فضای ڕقابت) و هیندێک واتا و چەمک کە دەبێ لە توێی ڕوانینێکی جیاواز بۆ وەڵامدانەوەی پرس و گرفتەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگە جومگەبەندی (مفصل بندی) بکرێن پێک دێ.

## بەستێنەکانی شکڵگرتنی وێژمانی قاسملوو

لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی سیاسی بوو کە لە لایەکەوە هەڵگری هێندێک میرات و لە لایەکی دیکەوە لەژێر کاریگەریی هێندێک ئەندیشە و فکردا بوو کە توانیبووی لە توێی هزر و تێئۆرییە سیاسیەکاندا بیخاتە قەوارەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ڕۆژهەڵاتی سەردەمی خۆیەوە. میراتەکانی قاسملوو کە بۆی بەجێ مابوون؛ دوو شۆڕشی گرینگ و حیزبێکی سیاسیی ساوا بوو. ڕاسانی سمکۆ و کاریگەرییەکانی شۆڕش و هەرەسهێنانەکەی ڕاست لە ناوچەیەکەوە کە قاسملووی لێ هاتبوو، دواتر کۆماری کوردستان و بەستێنە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکەی و حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو میراتانە بوون کە بۆی بەجێ مابوون. دۆخی سیاسیی ئێران و زاڵبوونی گوتاری چەپ لە فەزای ڕۆشنبیریی ئێران و جیهاندا و پێشەنگایەتیی ئەو جۆرە ڕوانینە بۆ ڕزگاریی گەلانی ژێرچەپۆک، کاریگەریی تایبەتیان خستبووە سەر جۆری ڕوانینی ئەو بۆ چارەسەری پرسی کورد و سیاسەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا. بەڵام گرینگیی بابەتەکەدا لەوەدایە کە بیری قاسملوو و شێوە ڕوانینی ئەو بۆ پرسی کورد و چارەسەرییەکەی، ئەوەندە ساکار نەبوو کە ئەو کاریگەری و بەستێن و میراتانە بیانکات بە ڕێبەرێکی تاک ڕەهەند بە بیرێکی میکانیکیەوە. بەڵکوو قاسملوو هەموو ئەو واقعیەتانەی لەنێو نیزامی فیکری خۆیدا قاسملواندبوو، واتە ئەو فەزا کۆمەڵایەتی و فکریە داتا کاڵەکانی بیری

ئەو بوون بۆ سازکردنی وێژمانێکی سەردەمیانە و کاریگەر. وێژمانێک کە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکەی دینامیستی (پویا) بوون، بوو، بە شێوەیەک کە ئەو هزرە سی‌وسێ ساڵ پاش نەمانیشی لەسەر شەقامەکانی کوردستان لە بزووتنەوەی ژینادا دەنگی دەداوە.

ئێستا پێویستە باسی ئەوە بکەین ئەم گوتارە چ تایبەتمەندییەکی هەبوو، واتە گوتاری سیاسیی قاسملوو لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئەودا چۆن پێناسە دەکرا کە توانی وەها کاریگەرییەکی درێژخایەن و قووڵی لە کۆمەڵگەی کوردی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ.

گوتاری سیاسیی قاسملوو لە سێ سەردەمدا و بەپێی سێ قۆناغی جیاوازی خەبات شکڵی گرت، دەورەی پەهلەوی، سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕش و سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامی. یەکەم؛ حوزووری قاسملوو لەنێو حیزبی دێموکراتدا وەک درێژەی جووڵانەوەی کورد دوای شۆڕشی سمکۆ و کۆماری کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی پاشایەتی کە دوژمنایەتیی بنەڕەتیی لەگەڵ کولتوور و شوناسی کورد هەبوو. دواتریش شۆڕشی گەلانی ئێران و پێداویستیی هاوڕێیەتی خەباتی سەراسەری بۆ سازکردنی حکوومەتی نوێ و پاشان سەقامگیربوونی کۆماری ئیسلامی و دەستبەچەکبوونی حیزبی دێموکرات واتە حیزبەکەی قاسملوو، ئەو دۆخە دژبەرایەتییەیان پێک هێنا کە دەبوو وێژمانی قاسملوو خۆی لە بەرانبەریدا جومگەبەندی بکات. ئەو چەمکانەی کە لە تویێ بیری قاسملوودا پرۆڤە دەکران تا ببنە بنەما سەرەکیەکان یا داله سەرەکییەکانی گوتاری سیاسیی قاسملوو، بریتی بوون لە: خودموختاری بۆ کوردستان، دێموکڕاسی بۆ ئێران، پلۆرالیزم، سۆسیالیزم و دیپلۆماسی. ئەو چەمکانەی پێویستە لەسەریان ڕاوەستین و پتر لێک بدرێنەوە و هێندێک چەمکی وەک پێشمەرگە و شەهیدیش کە لە ئەدەبیاتی ئەودا واتای تایبەت بە خۆیان هەیە و لە پێوەندی لەگەڵ چەمکەکانی دیکەدا جومگەبەندی کراون.

قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسیی دووربین دوو قۆناغی سەرەکی بۆ بە ئامانج گەیشتنی گەلەکەی دیاری دەکا و مەئمووربیەتی حیزبی دێموکرات لە پلەی یەکەمدا وەک حیزبێکی نەتەوەیی، بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوەیی لە ڕێی دێموکڕاسی لە ئێراندا و چەسپاندنی خودموختاری

وەک یەک لە ڕێگاکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەزانێ و لە پلەی دووهەمدا چارەسەر کردنی کێشەی کۆمەڵایەتی لە ڕێی سۆسیالیزمەوە، کەواتە سۆسیالیزم لە گوتاری سیاسیی ئەودا قۆناغی دوای گەیشتن بە مافی نەتەوەییە.

(قاسملوو؛ ١٦-٢٠؛ ١٣٨٣)

**داڵەکانی وێژمانی سیاسیی قاسملوو**

**– خودموختاری بۆ کوردستان؛** دیارە ئەم چەمکە چ وەک یەک لە گرینگترین چەمکەکانی وێژمانی قاسملوو و چ وەک بەشێک لە دروشمی سەرەکی و ئیستراتیژیکی حیزبی دێموکرات هەر وەک بۆخۆی باسی دەکا دالی ناوەندیی گوتاری سیاسیی ئەو پێک دێنێ، واتە داڵەکانی دیکەی وەک: دێموکراسی، پلۆرالیزم، سۆسیالیزم، پێشمەرگە، شەهید و... بە دەوری ئەو داڵەدا جومگەبەندی دەکرێن. ئاشکرایە کە واتای خودموختاری لە حیزبی دێموکراتی سەردەمی کۆمارەوە بە میرات بە قاسملوو گەیشتبوو، بەڵام قاسملوو ئەو چەمکە لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسیندا و بە پێوەری بنەما یاساییە نێونەتەوەییەکان تیئۆریزەی دەکا و دێموکراسی بۆ ئێران دەکاتە پێشمەرجی ئەو خودموختارییە، چون لە ڕوانگەی ئەوەوە خودموختاری بەبێ سەقامگیربوونی حکوومەتێکی دێموکرات لە ئێراندا مومکین نیە. لە ڕاستیدا قاسملوو حەول دەدا دێموکڕاسی و چەمکەکانی دیکەش بۆ گەیشتنی کورد بە خودموختاری بە ئامانجی چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی بە کار بێنێ. ئەو پێی وا نییە کە خودموختاری باشترین بژاردەیە بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بەپێی بارودۆخە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان پێی مومکینترین و گونجاوترین ڕێگای هەنووکەیی کوردە لەو سەردەمدا.(منظمی؛ ١١٣؛ ١٣٩٢)، لە ڕاستیدا ئەوە پێی لە واقعبینیی سیاسی و شارەزابوونی بە بنەماکانی پێوەندیە نێونەتەوەییەکان و باڵانسی هێز لە جیهاندا بووە، شتێک کە پێداویستیی سەرەکی و سەرەتایی ڕێبەرێکی سەردەمیانەیە.

**– دێموکراسی؛** یەک لە داڵە خزەکانی (دال شناور) وێژمانی سیاسیی قاسملووە کە هەموو داڵەکانی دیکە بەجۆرێک بۆ مانا بەخشین بە ئەو جومگەبەندی دەکرێن و لەو پێوەندییەدا مانای خۆیان دەدۆزنەوە. حەولێک کە قاسملوو بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی

خۆیدا دەیدا بێوێنەیە، بە چەشنێک کە سەربەندی هەموو ئەو حەولانەیە کە بۆ دەستەبەربوونی مافی چارەی خۆنووسینی گەلەکەی بە درێژی تەمەنی سیاسیی خۆی دەیدا و لەنێو حیزبەکەیدا تیئۆریزەی دەکات، هەم وەک سازکردنی حیزبێکی دێموکرات و هەم وەک حەول بۆ سەقامگیری ئەو دێموکڕاسییە لە کوردستانی خودموختاردا و هەمیش وەک زەروورەتی سەقامگیربوونی دێموکراسی لە ئێراندا بە چەشنی بنەمای دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات. قاسملوو بەردەوام لەسەر ئەوە پێداگرە کە مەرجی سەرەکی و هەنگاوی یەکەم بۆ گەیشتنی کورد بە مافی نەتەوەیی خۆی بەدێموکراتبوونی ئێرانە. ئەو ئەزموونە بە چەسپاندنی «سانترالیزمی دێموکراتیک» لە حیزبەکەیدا دەست پێ دەکا و حیزبی دێموکرات دەکاتە حیزبێکی بەڕاستی دێموکرات و دێموکراسیی حیزبی دەبێتە چەمکی جیانەکراوە لەو حیزبە. دواتر قاسملوو وەک ئاماژەی پێ دەکرێ هەموو چەمکەکانی دیکەی گوتاری خۆی دەخاتە خزمەت دێموکراسیەوە و سەرجەم ئەوانەش بە ئامانجی دەستەبەر بوونی خودموختاری بۆ کوردستان لەم وێژمانەدا بە خزمەت دەگیرێن.

– **پلۆرالیزم**؛ لە ڕوانگەی قاسملووەوە ئەو دێموکراسییەی کە ڕێگای چەسپانی مافی دیاریکردنی چارەنووسە بەبێ پلۆرالیزمی سیاسی مومکین نییە. قاسملوو لە بەشێکی زۆر لە وتووێژ و نووسراوەکانیدا بەردەوام باس لەوە دەکا کە بەبێ پلۆرالیزمی سیاسی ناتوانی چاوەڕوانی وڵاتێکی دێموکراتیک بی. هەر لەو پێوەندییەدا پێداگرە لەسەر فرەحیزبیبوونی ئێران و کوردوستان و بۆ سەلماندنی بڕوامەندی بەو چەمکە پێوەندییەکی باشی دیپلۆماتیکی لەگەڵ حیزبە ئێرانی و کوردستانییەکان هەیە. قاسملوو پلۆرالیزم بە دەروازەی گەیشتن بە دێموکراسی دەزانێ.(هەمان؛ ١٠٢)


– **سۆسیالیزم**؛ هەر وەک باس کرا سۆسیالیزم لە ئەندیشەی ئەودا دوایین قۆناغی بەئامانجگەیشتنی گەلی کوردە، بە مەبەستی چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرانبەر سەرمایەداریدا سۆسیالیزم بە ڕێگایەکی ئوسوولی دەزانێ، بەڵام هەڵوێستی قاسملوو بە نیسبەت سۆسیالیزمەوە وەک زۆر یەک لە چەمک و واتا سیاسییەکانی دیکەی نێو وێژمانەکەی هەڵوێستێکی دینامیزمیە، بە چەشنێک کە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە دەڕوانێتە سۆسیالیزمی مەوجوود و پێی وایە بۆ سەقامگیری سۆسیالیزم دوو پێشمەرج لازمە: ١. سۆسیالیزم دەبێ بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی

و کولتووریی هەر وڵاتێک گۆڕانکاریی تێدا پێک بێت و و ئاداپتە بکرێ ٢. سۆسیالیزم بەبێ دێموکراسی ناتوانێ ڕێگایەکی باش بێ بۆ چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتییەکانی هەر وڵاتێک، بۆیە سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک مۆدیلێکی گونجاو پێشنیار دەکا و بەردەوام وەک چەمکێکی گرینگ بۆ دوای قۆناغی سەرکەوتنی نەتەوەیی باسی دەکات.(قاسملوو؛ ٥٠-٢٦؛ ١٣٨٣). لە ڕاستیدا هێنانە بەرباسی چەمکی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە دۆخێکی ڕکەبەرایەتیدا ڕووی دا. حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی کە ئامانجەکەی دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلەکەیەتی، لەژێر ڕەخنەی جەریانی چەپی ئێرانی بە تایبەت کۆمەڵەدا بوو، و دەگوترا کە دوای گەیشتنی کورد بە مافەکەی، حیزبی دێموکرات مەئمورییەتەکەی تەواو دەبێ و زەروورەتێک بۆ مانەوەی نامێنێ. ئەوە وای کرد قاسملوو چەمکی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆ قۆناغی دوای دەستەبەربوونی مافی نەتەوایەتی بە مەبەستی چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی کوردستان وەک هەنگاوێک پێش هێزە چەپەکانی ئێران و کۆمەڵە بخاتە توێی گوتارە سیاسییەکەیەوە و لە دۆخی ڕکەبەرایەتیی (فضای رقابت) گوتاریدا توانی لەبەرانبەر ئەواندا هێژمۆن بێ.

– **دیپلۆماسی**؛ وەک چەمکێکی کرداریی وێژمانی سیاسی قاسملوو بەردەوام لە ئەدەبیاتی سیاسی و ڕەفتاریی ئەودا بە چەشنی ڕێبەرێکی پراگماتیک لە لایەکەوە لە چوارچێوەی موزاکرە بۆ چارەسەری پرسی کورد و لە لایەکی دیکەوە بۆ بەجیهانیکردنی پرسی نەتەوەیی گەلەکەی بوونی هەبووە. هەڵبەت دوای شکستی پرۆسەی موزاکرە و چوونە دەرێی هێزی پێشمەرگە، قاسملوو دەبێتە باڵوێزی کورد و لە هەموو دەرفەتەکان بۆ بەکارهێنانی دیپلۆماسی بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی کەلک وەردەگرێ، هەر ئەوە وا دەکات ببێتە ڕێبەرێکی ناسیاوی کوردستانی-ئێرانی لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە ناوچەیی و جیهانیەکاندا.

– **پێشمەرگە و شەهید؛** ئەو دوو چەمکە وەک باڵە هەرە گرینگەکەی فرەڕەهەندی بوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە گوتاری سیاسیی قاسملوودا جێگەیەکی تایبەتیان هەیە. وێڕای بڕوامەند بوون بە دێموکڕاسی و دیپلۆماسی بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی، خەباتی پێشمەرگانە لەم گوتارەدا بوونی هەیە و پێداگرە لەسەر ئەوەیکە هەبوونی پێشمەرگە، واتە؛ لەسەرپێبوونی خەبات بۆ ماف و درێژەداربوونی ڕەوتێک

کە تا گەیشتن بە ئامانج ناتوانێ کۆتایی پێ بێ. بۆیە پێشمەرگە ئەو داڵە لە وێژمانی قاسملوودایە کە بەرهەمی قۆناغێکی تایبەتە و لە پێوەندی لەگەڵ دێموکڕاسی و داڵەکانی دیکە بە دەوری داڵی ناوەندی خودموختارییەوە جومگەبەندی دەکرێ. دیارە وەختێک پێشمەرگە و خەباتی چەکدارانە هەیە، شەهید دەبێ وەک چەمکێکی گرینگ و ڕۆحی ئەو خەباتە و لە چوارچێوەی گوتاری ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕدا جێگایەکی تایبەت بە خۆیەوە بگرێ. پێشمەرگە ئەگەر لەم گوتارەدا بەرهەمی قۆناغێکی تایبەتە، شەهید زەروورەتێکی مێژووییە کە قاسملوو لە توێی وێژمانە تایبەتە سیاسیەکەیدا جومگەبەندیی دەکات.




**نموداری گوتاری سیاسیی قاسملوو**

**ئەنجام**

ئەم واتایانە چەمکە سەرەکییەکانی گوتاری سیاسیی ڕێبەرێک پێک دێنن کە هەموو ژیانی سیاسی و تەنانەت شێوەی مەرگەکەشی ئاوێنەی باڵانوێنی ڕوانگە و هزری بوون. ئەو چەمکە گرینگانەی گوتارەکەی نەتەنیا

وەک دروشم و ئەدەبیاتی سیاسی بە کاریان دەهێنێ، بەڵکو وەک ڕێبەرێکی پڕاگماتیست بەکردەوە لەسەریان پێداگرە. ڕێبەرێکی دێموکراتی بڕوامەند بە دێموکراسیە، دیپلۆماتێکی کارامە و نەسرەوتووە، پسپۆڕێکی پێشمەرگەیە و بەردەوام حوزووری پێشمەرگانەی هەیە، دواتریش دیپلۆماتێکی شەهیدە و هەموو ئەو واتایانە لە ژیان و ڕەوشتیدا ڕەنگ دەداتەوە و ئەو ڕێبەرە کاریزماتیکە دەکاتە سیمبول و هێمای شۆڕشێکی بەردەام، لەسەرپێ و سەردەمیانە و سێحەب گوتار کە مەرگەکەی تەواوکەری قەوارەی ئەم گوتارە سیاسیە پراگماتیکییەیە.

وەک پێشتریش باس کرا دایینامیزمی ئەندێشەی قاسملوو بە شێوەیەک لە ماوەی ژیانی سیاسیدا ڕەنگی دابۆوە کە وێڕای بڕوامەندبوون بە دیپملۆماسی و ڕێگەی ئاشتییانە، وەک ڕەهەندێکی مەقتەعی چاوێکیشی لە خەباتی پێشمەرگانە بە چەشنی چەپێکی ئازادیخواز بوو. ئەگەر ڕێگەی سیاسی وەڵامدەر نەبوو بە ڕێگەی خەباتی چریکیدا حەولی بۆ سەلماندنی حەقیقەتی جووڵانەوەی گەلەکەی دەدا، لە کاتێکیشدا کە بزووتنەوەی چەکداری لە ئارادا بوو لە کرانەوەی دەلاقەیەک دەگەڕا بۆ چارەسەری سیاسی پرسەکە، وە ئەوە زیندووبوونی سیاسەتی سیاسەتمەدارێکی ئیدئۆلۆگ بوو کە دواتر گوتارەکەی چووە قووڵایی هزری نەوەکانی دوای خۆی و ئەو کاتەی کە نێوەڕۆکی فکر و وێژمانی قاسملوویان دەکردە دروشم و حیزبەکەی قاسملوویان بە پێشەنگی خەباتی نەتەوایەتی کورد دەزانی ئەو ڕاستیە سەلما کە ئەو گوتارە، گوتاری هێژمونی کوردستانە و نەوەی نوێی کوردستان متمانەی بە ڕێبازی سێحەبی ئەسڵی ئەم وێژمانە سیاسیە هەیە و ڕێبازەکەی ئێستاش ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە کە پتر لە سی ساڵ پاش شەهید بوونی، گوتارەکەی لە دەمار و شادەمارەکانی شەقامی کوردیدا، ئەو شوێنەی کە زایەڵەی شاخ و شار پێک دەگەن دەنگ دەداتەوە.

**سەرچاوە:**

- بەهرامی، کاوە، تاقگەی حەقیقەت (بەشیک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو)، سلێمانی، ١٣٨٤

- منظمی، علی، ترجمەی کیهان یوسفی، اندیشەی قاسملو دربارەی دموکراسی برای ایران کثیرالمله، اتحادیه دانشجویان دمکرات کردستان ایران، اربیل، ١٣٩٣

# هاوچارەنووسیی پرسی کورد
# لە ڕوانگەی د. قاسملووەوە

**د. مەجید حەقی**

یەکەم کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی کورد لە ١٤ و ١٥ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٨٩ لە پاریس چەند مانگ دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو بەڕێوە چوو. ئەو کۆنفڕانسە یەکێک لە بەرهەمەکانی کار و خەباتی دوکتور قاسملوو بوو بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد. دوکتور قاسملوو لەو بڕوا ڕاستەدا بوو پرسی کورد پرسێکی نێوخۆیی و تەنانەت ناوچەیی نییە، بەڵکوو پرسێکی نێونەتەوەییە و ڕێگەچارەیەکی نێونەتەوەیی پێویستە. ساڵێک پێشتر لە گەرمەی سەردانی خاوییەر پریز دێکولار (Javier Pérez de Cuéllar) بۆ وڵاتی میسر، دوکتور قاسملوو لە نامەکەیدا کە ڕاپۆرتێکی چڕوپڕ لە سەر دۆخی کوردستان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو، باسی پێویستیی چارەسەری پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان کردبوو و ئاماژەی بەوە دابوو کە پرسی کورد پرسێکی نێونەتەوەییە. دوکتور قاسملوو لە کتێبی «کوردستان و کورد»یشدا مەرجی سەربەخۆیی کوردستان ئازادیی لانیکەم دووبەشی کوردستان بەتایبەت باکووری کوردستان دەزانێت و باشترین ڕێگەچارەسەری بۆ پرسی کورد پێکهێنانی

کۆنفیدراسیۆنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە فیدراسیۆنی کوردستان ئەندامێکی ئەو کۆنفیدراسیۆنە بێت، پێشبینی کراوە. لە هەموو وتار و گفتگۆکانی خۆیدا بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵاتدا، دوکتور قاسملوو بەو بڕوایە بووە کە لە ئاستی گشتیدا کورد بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی خەبات دەکات و کار و سیاسەتی حیزبی پێوەندی بە نێوخۆی وڵات و چوارچێوەی سنوورەکانی داسەپاو بەسەر کوردستانەوە هەیە و دوکتور قاسملوو بەو بڕوایە بوو ئەگەر ڕۆژێک بێت و کوردستان سەربەخۆ بێت، ئەوە دابەشکردن یان تەجزیەی هیچ وڵاتێک نییە، بەڵکوو دووبارە یەکگرتنەوەی نیشتمانێکە کە دابەش کراوە.

هەروەک لەسەرەوە دەبیندرێت د. قاسملوو پرسی کورد بەتەواویەتی خۆی: ١. پرسێکی پێوەندیدار بە هەموو بەشەکان دەزانێت واتە چارەسەری پرسی کورد لە بەشێک لە کوردستان ڕێخۆشکەرە بۆ چارەسەری لە بەشەکانی دیکە و ٢. پرسی کورد پرسێکی نێونەتەوەییە کە پێویستی بە چارەسەرییەکی نێونەتەوەیی هەیە و ٣. چارەسەری پرسی کورد دەتوانێت داهاتوویەکی گەشتر و یەکگرتووتر لە ئاستی جیهانیدا بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش مسۆگەر بکات. لەو وتارەدا هەوڵ دەدرێت ئەم سێ خاڵە بەکورتی شی بکرێتەوە.

### ١. سنوورەکان ناتوانن پرسی کورد لە یەکتر جیا کەنەوە

کوردستان بەشێکی بەربڵاوی ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پێک دێنێت کە لە نێوان چوار دەوڵەتی گرینگی ناوچەدا سەرەتا لە ساڵی ١٥١٤ و دوای شەڕی چاڵدارن و دواتر لە کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی ڕووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و هەروەها هەڵوەشانەوەی پەیمانەکانی ١٩٠٥، ١٩٠٧ و ١٩١٥ دوای شۆڕشی ئۆکتۆبر و دامەزراندنی یەکیەتیی سۆڤیەت، چارەنووسی کوردستان لە دەستی دوو ئیمپراتۆریی تزار و ئینگلیس دەرکەوت و بەهۆی پەیمانی سایکس-پیکۆوە کوردستان بوو بە چواربەش و پرسی کورد بوو بە پرسی سێ دەوڵەتی تازە دامەزراوی دوای ڕووخانی عوسمانییەکان و دەوڵەتی مۆدێرنی ئێران.

ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوە لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کرابوو لە سەر بنەمای حکوومەتی کەمایەتی بە سەر زۆرایەتی

دامەزرابوو بە مەبەستی سەرکوت و قووڵبوونی کێشەکانی نێوخۆیی و گرێدراوەیی ئەو وڵاتانە بە وڵاتە کۆلۆنیالیستەکانی واژۆکاری پەیمانی سایکس‌پیکۆ. دابەشکردنی کوردستان نەیتوانیوە پێوەندییەکانی کولتووری، کۆمەڵایەتی و تەنانەت جۆری ژیانی کوردەکان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا لێک بپچڕێت. سنوورەکان نەیانتوانیوە چارەنووسی کورد لە یەکتر جیا بکاتەوە. دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستان بە هەستکردن بەوەی کە کوردستان لە ڕاستیدا بەشێکی داگیرکراو لە وڵاتی ئەوانە و سەرهەڵدانی خەلکی کورد بە هەڕەشەیەک دژی «تەواویەتی خاکی» خۆیان دەزانن لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد ئەگەر سیاسەتێکی هاوبەشیان نەبوو بێت لانیکەم سیاسەتێکی هاوگونجیان هەبووە. هەرچەند لە کاتی گرژییەکانی نێوانیاندا هەوڵیان داوە کوردی بەشی دیکە وەک کارتێکی گوشار دژی دەوڵەتی ڕکەبەر بەکار ببەن، بەڵام ئەم کارتە ئەوەندە بەکار نەبراوە کە ببێتە هۆی سەرکەوتنێکی ستراتێژیکی کورد لە بەشی ڕەکەبەردا. لەپێناو کۆنترۆڵ و سەرکوتی جووڵانەوەی کورد لە بەشەکانی جۆراوجۆردا و بەناوی پاراستنی ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی خۆیان ساڵی ١٩٣٧ پەیمانی سەعداباد لە نێوان دەوڵەتانی تورکیە، ئێران، عێراق و ئەفغانستان واژۆ کرا. ڕواڵەتی ئەو پەیمانە دەستدرێژی‌نەکردن لە یەکتر بوو، بەڵام ماددەکانی ١، ٤ و ٧ی پەیمانی سەعداباد پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە پرسی کورد و ستراتیژیی هاوبەشی ئەو دەوڵەتانەوەیە بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان. لە پێناو سەرکوتی جۆلانەوەی کورد بەرلە پەیمانی سەعدابادیش ئەو دەوڵەتانە هاوکاریی یەکتریان کردووە کە دەکرێ ئاماژە بە سەرکوتی کۆماری ئارارات، شۆڕشی سمکۆی شکاک بکرێت. لە دوای پەیمانی سەعدابادیش دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا لە هەموو دەرفەتێک کەلکیان وەرگرتووە بۆ ڕەچاوکردنی ستراتێژی هاوبەشی لەنێوبردنی نەتەوەی کورد دوایین نموونە سیاسەتی هاوبەشی دەوڵەتی تورکیە و کۆماری ئیسلامی تەنانەت سووریەی گیرۆدەی شەڕی نێوخۆیی بوو لە مەڕ گشتپرسی باشووری کوردستان لە ١٧ی سێپتەمبری ١٩٩٧.

بەو پێیە دەردەکەوێت کورد هاوچارەنووسە و گەشەی پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکان شوێندانەرە لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان. ئەمەش لە هۆکارەکانی فەلسەفەی سیاسی دوکتور قاسملوو بوو کە لە

سیاسەتی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕەنگ دەداتەوە کە بریتییە لە پشتیوانی لە خەباتی خەڵکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. هاوکات لە گەڵ ئەمە بە لەبەرچاو گرتنی ڕاستییەکانی نێونەتەوەیی و «مافی نێونەتەوەیی» و هەروەها لەپێناو لەنێونەچوونی ئەزموونەکانی بەشەکانی دیکە حیزبی دێموکرات سیاسەتی بنەمای دەستتێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی یەکتر وەک یەکێک لە کۆڵەکە سیاسییەکانی خۆی دارشتووە.

**٢. پرسی کورد پرسێکی نێونەتەوەییە**

لە نامەی خۆیدا بۆ خاوییەر پرێز دێکولار، دوکتور قاسملوو پێداگریی لەسەر ئەوە دەکات تا پرسی کورد چارەسەر نەکرێت، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی ئاشتی و پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت. پرسی کورد بە درێژایی مێژووی مۆدێرنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لێگەریکی گەورە بووە بەرانبەر بە دەسەڵات و داگیرکراوی وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریە و چارەسەرنەکرانی ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە یەکێک لە هۆیە بنەماکانی نەبوونی ئاشتی، سەقامگیری و پێشکەوتووی لەو هەرێمەدایە. ئەم لێگەر و هێزە گۆڕانیخوازە کە خوازیاری تێکشاندنی دەسەڵاتی ناوەندی و لانیکەم دابەشکردنی دەسەڵات لە ناوەندەوە بۆ ناوچە نەتەوەییەکان بووە، پێشووتر پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزەوە نەبووە و زۆرتر سەرئێشەی بەرژەوەندیەکانیان بووە تا وەدیهێنەری بەرژەوەندیەکان. بۆیە پرسی کورد لە هەرکام لە وڵاتان بەپێی ئاستی پێوەندی دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لەسەر کوردستان لەگەڵ جیهانی دەرەوە چاو لێکراوە، جگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نەیتوانیوە بەشێوەی فاکتەرەکی سەربەخۆی نەتەوایەتی سەرمایەی کۆمەڵایەتی نێونەتەوەیی بۆ ئەو بەشەی کوردستان وەدی بێنێت.

دوای ڕووداوەکانی دەیەی ١٩٩٠ لە باشووری کوردستان، ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووداوەکانی ساڵەکانی ئەو ساڵانەی دوایی لە سووریە و تورکیە کورد ئیتر تەنیا «کێشە» نییە، بەڵکوو یەکێک لە کایەکارانی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی لێگەر و دەرفەت بۆ دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و دەوڵەتا ناوچەییەکان.

باشووری کوردستان لە دەیەی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٣ خاوەنی خۆبەڕێوەبەریەکی

نیمچە سەربەخۆ بەڵام لاواز بوون و دواتر لە ساڵی ۲۰۰۵ بەپێی دستووری نوێی عێراق بوون بە ناوچەیەک لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، کە لەلایەن جیهانەوە لەوانە ئێران و تورکیەوە بە فەرمی دانی پێ هێنرا. لە دەیەی نەوەد ئێران و تورکیە نەیاندەتوانی ناوچەی خودموختاری باشووری کوردستان قبووڵ بکەن و پەیتا پەیتا هەڕەشەیان لەسەر ئەو بەشەی کوردستان دەکرد. هەریمی کوردستان ئەمرۆ بووەتە ناوەندێکی چالاکی کۆمپانیا نێونەتەوەییەکان بە تایبەت لە بواری نەوت و گاز و جگە لە نوێنەرایەتیی دەیان کۆمپانیای بازرگانی نوێنەرایەتی و کۆنسۆلی چەندین وڵاتی جیهان لەوێ کراونەتەوە. سەرەرای ئەزموونی تاڵی شانزدەی ئۆکتۆبری ۲۰۱۷، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک یەکێک لە هاوپەیمانەکانی سەرەکیی ئەمریکا دژی هێزەکانی تێرۆریستی داعش و لێگەرێکی جیددی لەبەرامبەر ئەرتەشی عێراقدا و زامنی سەرەکی پاراستنی دەسەڵاتی خۆجێی لە هەرێمی کوردستاندایە.

باکووری کوردستان کە سەردەمێک ناوی کورد و زمانی کوردی تێدا قەدەغە بوو و خەڵکی کورد نەیدەتوانی جگە لە نێوماڵی خۆی بە زمانی زکماکی خۆی قسە بکات، لە ئەنجامی خەباتی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستان و خەباتی ڕۆشنبیری و مەدەنی ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بە پارتی کریکارانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی دیکە، دیمەنی سیاسیی وڵاتی تورکیە بە تەواوی تووشی گۆران بوو. خەباتی چەکداریی PKK کە لە ساڵی ١٩٨٤ەوە دەست پێ کردووە، توانیویەتی زیانی کوشەندە بە تورکیەی ئەندامی ناتۆ بگەیەنێت و لە ئەنجامدا تورکیە ناچار بێت بکەوێتە گفتگۆی ئاشتی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان، ئەمە سەرەرای ئەوەیە، کە بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان وەک بارمتە لە دەستی تورکیەدا بۆ گوشار خستنە سەر خەڵکی کوردستان بەکار دەهێندرێت سەرەڕای ئەوەی ئاکامی گفتگۆکانی ئاشتی نێوان PKK بە شکست گەیشت و ئاوری شەڕ لە جاران بەرفراوانتر دەست پێ کردووە و تورکیە بێبەزەیانە خەریکی وێرانکردنی کوردستانە. بەو حاڵەش تورکیە ئەوە چاک دەزانێت کە قورسایی و ئاستی کارگێریی PKK بەهێزتر لە ساڵانی ڕابردووە و چالاکییەکانی ئەو حیزبە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە دەگرێت. بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۲۰۱٤دا سەلاحەدین دەمیرتاش بووە ڕکەبەری ئەردۆغان بۆ

هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری. وتەی دەمیرتاش بۆ ئەردۆغان کە: «تۆ ناکەین بە سەرۆک»، دەسەڵاتی تورکیەی تووشی لەرزەیەکی وا کرد کە دوای دەسەڵاتی نوێی خۆی، هەموو هەوڵی دا بۆ لەنێوبردن و پەراویز خستنی مەترسی دەمیرتاش. حیزبی ژێر ڕێبەریی دەمیرتاش HDP لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیە ٧ی ژوئەنی ٢٠١٥دا توانی ٨٠ کورسی لە ٥٥٠ کورسی پەرلەمان بەدەست بێنێت. هەرچەند بە دوای دەسپێکی شەڕی دژی خەڵکی کوردستان و هێرشە تێرۆریستییەکانی دژی HDP کە مەزەندە دەکرێت لەلایەن حیزبی ئەردۆغانەوە دارێژرابێت و هەڵەکانی ستراتێژیکی PKK دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی ژوئەن بوو بە هۆی لەدەستدانی ژمارەی کورسیەکانی HDP لە هەڵبژاردنی ١ی نۆڤامبری ٢٠١٥ و هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٣.

بەو حاڵەش قورسایی کورد و پرسی کورد لە هەموو بڕیارەکانی سیاسی دەوڵەتی تورکیە و هەڵوێستەکانی ئەو دەوڵەتە دەبیندرێت. نموونەی بەرچاوی قورسایی پرسی کورد لە پێوەندی لە گەڵ بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا دەتوانین ئاماژە بە مەرجەکانی دەوڵەتی تورکیە بۆ وڵاتانی فینلاند و سوێد بکەین لە ڕەوتی داوای ئەندامەتییان بۆ پەیمانی ناتۆ. مەرجی تورکیە بۆ ئەو وڵاتانە وازهێنانی ئەو وڵاتانە لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان و بەتێرۆریست ناوبردنی ئەو ڕێکخراوانە بوو. دەوڵەتی فینلاند بە گرتنەبەری هەندیک ڕێکاری سیاسی بە دڵی تورکیە بەرلە نەورۆزی ساڵی ٢٠٢٣ بوو بە ئەندامی ناتۆ. سەرەڕای گۆڕانکاری زۆر لە یاسای سوێد لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی تورکیە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتەش جارێ سوێد وەک ئەندامی ناتۆ لە لایەن پەرلەمانی تورکیەوە پەسەند نەکراوە و چاوەڕێی مەرحەمەتی دەوڵەتی ئەردۆغان دەکات.

لە ڕۆژئاواش دوای سەرهەڵدانی خەڵکی سووریە دژی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە، حیزبی یەکیەتیی دیموکراتیک (PYD) لە هاوینی ساڵی ٢٠١٢ لە پەیمانێکی نەنووسراو لەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد، دەسەڵاتی هەرێمی حەسەکەی ڕۆژئاوای بەدەستەوە گرت و دوای پەیدابوونی داعش و بەرگری قارەمانانەی هێزەکانی کوردی لە شاری کۆبانێ و قارەمانێتی کوردانی ڕۆژئاوا لە شەڕی دژی داعش لە بەشەکانی دیکەی سووریە بوو بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژاوای کوردستان لە ناوچەیەکی لەبیرکراوەوە ببێتە

کایەکەرێکی جێی سەرنجی ناوچە. بەرەبەرە ڕۆژاوای کوردستان لەلایەن هێزەکانی ئاسمانی و ڕاوێژکارانی سەربازی ئەمریکاییەوە پشتیوانی لێ‌کرا. دەوڵەتی ئەمریکا کوردەکان لە ڕۆژاوای کوردستان بە کارامەترین و جێی بڕواترین هاوپەیمانانی خۆیان لە شەڕی دژی داعش لە سووریە ناو بردووە. پرسی پشتیوانیی ئەمریکا لە ڕۆژاوای کوردستان و تا ماوەیەکیش پشتیوانی ڕووسیە لە کانتۆنەکانی ڕۆژاوا یەکێک لە هۆیەکانی قووڵبوونی زیاتر کێشەکانی نێوان تورکیە و ڕۆژاوا بەتایبەت ئەمریکایە. ئەمڕۆش دوای سەرکوتی ئۆپۆزیسۆنی سووریە بە هاوکاری ڕووسیە و ئێران، پرسی کورد هۆی سەرەکیی دژایەتی تورکیە و ئێرانە بۆ ئاشتی نشتیمانی لەو وڵاتە و نووسین و جێبەجێ‌کردنی دستوورێکی نوێ کە چەندین ساڵە بە پشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی دەسەڵاتدار هەوڵی ئامادەکردنی دەدرێت.

بە دەسپێکی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی، دەرفەتێکی نوێ خوڵقاوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە خاڵە وەرچەرخانەکانی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئاستی نێونەتەوەیی. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا لە هەموو پارچەکانی کوردستان حیزبە کوردستانییەکان بەهێزتر، بەئەزموونتر و بەرفراوانتر بوون. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە دەسپێکی بەهاری عەرەبییەوە لە تەنگەژەی ڕزگاری لە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و توندائژۆیی ئایینی-سیاسیدا ماوەتەوە و دەوڵەتانی دەسەڵاتداری ناوچە ئیسلامی سیاسی وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ دواکەوتوومانەوەی گەلانی ئەو ناوچەیە. وڵاتانی ڕۆژاواش خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی ئاسۆخوڵقێن بۆ ئەو دەڤەرە نین و چین خەریکە جێگەی ئەمریکا دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەش کێشەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەوەندە قووڵن کە چارەسەری ئەوان پێوەندی بە بەرژەوەندی هەموو کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەتایبەت یەکیەتی ئوروووپا و ئەمریکاوە هەیە. لەو نێوەدا کورد دەتوانێت وەک کاتالیزۆرێکی بەهێز لە ناوچەدا ڕۆڵ بگێرێت و بە گرتنەپێشی دیپلۆماسی سەردەمیانە و بە تێگەیشتن لە یاساکانی نێونەتەوەیی و بەرژەوەندی زلهێزەکان سەرئەنجام لە کێشەوە ببێتە چارەسەری.

### ٣. چارەسەری پرسی کورد دەتوانێت داهاتوویەکی گەشتر بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش مسۆگەر بکات

ڕوبـردوو ڕێگەنیشاندەری داهاتوومانە. چاوخشاندنێک بە مێژووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیشان دەدات کە تەنانەت لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوییەکانەوە دەسـەڵات سـەرەرای بوونی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهیز دابەش دەبوو. لە هیچ قۆناغێکی بەر لە دەسپێکی قۆناغی دەوڵەت نەتەوە لە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان دەسەڵات بە ڕادەی ئەمرۆ تۆتالیتەر و لە یەک شوێن کۆ نەکراوەتەوە. لە تەواوی سەردەمی بەر لە پەیمانی سایکس-پیکۆ کورد خاوەنی جۆرێک لە خۆبەرێوەبەری بووە و لە ڕێگەی شۆرشە جۆراوجۆرەکانی وەک شۆرشی شێخ عوبەیدوڵا نەهری، بەدرخان بەگی بۆتان سەلماندوویەتی خاوەنی هێز و پۆتانسیەلی سەربەخۆییە. دەسەڵاتەکانی ئەردەڵانەکان، گۆران، موکری، بابان و بۆتان و هتد نیشانەکانی مێژوویی ئاستی خودموختاری و خۆبەرێوەبەری خەڵکی کوردستان بوون بەر لە دامەزراندنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی.

لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکاندا سـەرەرای هەموو سەرکوت، ئەنفاڵ و کۆمەلکوژییەکان تەنیا نەتەوەیەکە، کە خوازیاری دێموکراسی بە واتـای ڕاستەقینەی وشە لەو ناوچەیەدا بووە و لە بەرامبەر دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکان خۆڕاگری کـردووە. شۆڕشی کورد ئەگەر نە بە شکڵ بەڵام لە ڕووی نێوەڕۆکەوە هاندەریکی بەهێز بووە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هێزە دێموکراتیک و دادپەروەریخوازانەی وڵاتانی عێراق، سووریە، ئێران و تورکیە هەمیشە بۆ درێـژەی خەباتیان پەنایان هێناوە بۆ کوردستان. خوێنێک کە نەتەوەی کورد لە پێناوی ئازادی خۆی داوە، هۆی سەرەکیە بۆ سەقامگیرنەبوونی ڕێژیمە دیکتاتۆر و داپلۆسێنەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جیا لە گۆڕانکارییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، بینەری گۆڕانکارییەکی خێرای ژینگە و ئێکۆسیستەمی ناوچەیە. سەرچاوەکانی ئاوی و کەشو هەوای کوردستان دەتوانێت ببێتە چارەسەری بۆ دوارۆژی ناوچەیەک کە خەریکە لەنێو خۆڵبارانی خۆیدا دەخنکێت. چارەسەری کێشەی کورد تەنیا ڕێگەی گەیشتن بە دێموکراسیی و

گەشەکردن و ئابووریی پایەدارە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دەبێ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەو ڕاستییە ئاگادار بکرێتەوە.

هەڵکەوتی ژێئوپۆلیتیکی کوردستان دەتوانێت دەرفەتێکی تایبەتی بێت بۆ ئێمەی کورد، پێوەندیی مێژوویی و بەردەوامی کورد لەگەڵ وڵاتانی داگیرکەری کوردستان تەنیا نابێ وەک هەڕەشە ببیندرێت. ئەزموونی پێوەندییەکانی ئێمە لە گەڵ داگیرکەران و هەوڵدان بۆ چارەسەری کێشەکان سەرەڕای نێوەرۆکی دژبەیەکی ئەم پێوەندییە، نەتەوەی کورد دەکاتە باشترین بەربژێر بۆ ئاشتی، سەقامگیری لە ناوچەدا. ویستی نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو ویستی دێموکراتیک بوون و نەتەوەی کورد هاوپەیمانی سروشتی هەموو هێزێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دێموکراسیی بەتایبەتی لەناو نەتەوەکانی فارس، تورک و عەرەبە.

سەرەڕای هەموو بەربەستەکانی بەر ڕێگەی پرسی کورد لە ناوچەدا. هەلومەرجی نێونەتەوەیی پێکهاتوو دوای هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین و گرینگی دووبارەی ژئیۆپۆلیتیک لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد زیاتر مومکین دەکات. ئەمەش بە جێکەوتنی و سەرکەوتنی پرۆسەی فیدرالیزم لە وڵاتانی دابەشکاری کوردستان واتە تورکیە، ئێران، سووریە و عێراقەوە دەست پێ دەکات. فیدرالیزم لە عێراق بە هۆی کولتووری سیاسیی وڵاتەکە جارێ لە دەسپێکی خۆگرتنە و بەداخەوە کێشەکانی نێوخۆیی کورد هۆکاری سەرەکین بۆ جێنەکەوتنی فیدرالیزم و وەدینەهاتنی ویستەکانی یاسایی خەڵکی کوردستان لە باشوور. ئەمە بەڵام بەرلەوەی کە پێشگر (مانع) بێت، خاوکەرەوەی ڕەوتی چارەسەری پرسە گەورەکانی ناوچەیە.

لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا ڕیالیستەکان (واقعگراکان) زۆرجار جەخت لە سەر پارەسەنگیی هێز دەکەن لە پاراستن و بەرپرسایەتی لە بەرانبەر ئاشتیدا. لە ڕوانگەی سیاسەتی نێونەتەوەییشدا و بۆ پێشگیری لە سەرەڕۆیی دەوڵەتانی ناوەندی تورکیە، ئێران، عێراق و سووریەش بێت، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پێویستە سەرنج بداتە پرسی کورد و بەدۆزینەوەی چارەسەری بۆ ئەو پرسە لە ڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵات و دابینکردنی سەروەری سیاسی نەتەوەی کورد لەو وڵاتانەدا هاوسەنگیی هێز لە هەرێمدا بخوڵقێنێت. لە وەها دیمەنێکدا لە داهاتوودا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەمتر شاهیدی سەرهەڵدانی

دووبارەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و داپلۆسێنەری ناوەندی دەبێت کە ببێتە هەڕەشە دژی ئاشتی و سەقامگیری لە هەموو ناوچە و یەکیەتیی ئورووپا بەتایبەتی. چارەسەرییەکی لەو چەشنە لە داهاتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچکام لە هێزەکانی ناوچە توانایی ئەوەیان نەبێت یەکتر لەنێو ببەن و بۆ چارەسەری هەموو کێشەیەک بەجیاتی کەلکوەرگرتن لە هێزی ئاسن لە هێزی دیالۆگ و گفتگۆ کەڵک وەرگرن.

ئەمڕۆ بەپێچەوانەی سەردەمی واژۆی پەیمانی سایکس-پیکۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی تەژی لە کێشە و تەنگەژەدا، بوونی دەوڵەتی ناوەندی بەهێز و سەرەڕۆ نەتەنیا کارساز نییە، بەڵکوو هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئازادی جیهان و تەنانەت وڵاتی چینیش کە خەریکە جێی پێی خۆی لەو هەرێمە بەهێز دەکات. مێژوو سەلماندوویەتی کە کۆکردنەوەی دەسەڵات بەدەست یەک نەتەوە، گرووپ و ئایدئۆلۆژی بەسەر نەتەوەکانی دیکە نابێتە هۆی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەدا بەڵکوو بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی وێرانی و لەنێوچوونی ئێستا و داهاتووی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچەیەی جیهان. ئەزموونی عێراق، کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی بەعس لە سووریە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان دەتوانن ببنە هۆی خوڵقاندنی چ کارەساتگەلێکی گەورە. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی داهاتوو پێویستی بە سەقامگیری، پێشکەوتن و گەشەی پایەدار هەیە. بۆ ئەم مەبەستە ڕێگە چارەسەری لە خوارەوە بەرەو سەرەوەیە و کورد و کوردستان کلیلی ئەو گۆڕانکارییانەن.

دامەزراندنی سیستەمێکی دێموکراتیکی فرەنەتەوەیی و فرەچاندی لە وڵاتانێک کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە و بەهێزکردنی سیستەمی فیدرالیزمی فرەنەتەوەیی لە ناوچەدا دەتوانێت ببێتە هۆی بەشداری هەموو خەڵکی ناوچە لە بڕیاردان لە مەڕ چارەنووس و پێشکەوتنی خۆیان و ئەمەش دەرفەت دەخوڵقێنێت بۆ گەشەی پایەدار و داهاتوویەکی ئێکۆلۆژیک بۆ نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەرژەوەندیی باڵای وڵاتانی زلهێز و یەکیەتیی ئورووپاش ئەمە دەخوازێت کە ناوچەکانی هاوسنووری ئەو کیشوەرە (قاڕە) ئارام، سەقامگیر و لە ئاشتیدا بێت.

# د. ئەکرەم مێهرداد: کۆمەڵگەی کوردی پێویستیی بە ڕێبازی د. قاسملوو هەیە

**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**ئاماژە:** لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ د. ئەکرەم مێهردادددا باس لە بنەماکانی نەتەوەخوازی، نیشتمانپەروەری، چەپبوون و شۆڕشگێریی د. قاسملوو دەکەین. باس لە بەها و بایەخە فکرییەکانی و میراتە مەعریفییەکانی بۆ گەل و نیشتمانەکەی. باس لەوە دەکەین بۆچی ٣٤ ساڵ دوای تێرۆرکرانی نەوەیەک کە لە نیزیکەوە دیویانە و نە ڕەنگبێ دەستیان بە زۆر سەرچاوەش ڕاگەیەشتبێ، بەڵام دروشمی «قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێـژەی هەیە» دەدەن و لەسەر ئامانجەکانی د. قاسملوو ئامادەن شەهید ببن. ئەو ئامانجانە بۆ هێندە زیندوون؟

**پرسی نەتەوە لە مانیفستی دوکتور قاسملوودا، یەکێک لەو کۆڵەکە و پرنسیپ و نۆرمە نەگۆڕانە بووە کە بەدرێژایی تەمەنی پێداگری لەسەر کردووە و وەکوو فەرهەنگێکیش لەنێو حیزبەکەی قاسملوودا جێگر بووە، پرسیار ئەوەیە، بەڕای جەنابت مانیفستی قاسملوو لە چوارچێوەی نەتەوە ئایا کاریگەری لەسەر پارچەکانی دیکەش هەبووە. ئەگەر هەیبووە بە چ شێوازێک چەندە توانیویەتی شوێنەوار لەسەر ئەوان دابنێ؟**

لەڕاستیدا بیروباوەڕەکانی نەتەوایەتیی لای دوکتور قاسملوو، دەکرێ بڵێین نەوەی دوویەمە لە بیروباوەڕی نەتەوایەتیی لەنێو کورددا. ئەگەر نەوەی یەکەم بە نەوەی بەدرخان، شەمدینان و شۆڕشەکانی با بڵێین سەدەی نۆزدەیەم باس بکەین کە ئەوکاتە مەسەلەی نەتەوەسازی یان مەسەلەی ڕزگارکردنی نەتەوە بە مانا فەرهەنگییە، مێژووییە و نیژادییەکەی بووە. ئەم بۆچوونە دیارە لەنێو مەکتەبەکان یان پێڕەوەکانی بیری نەتەوایەتیش لەو سەردەمەدا هەروا بووە. یانی تا ڕادەیەکی زۆر لە سەدەی نۆزدەیەمدا، تێزی سەرەکی یان بیروباوەوڕی سەرەکی، لەنێو نەتەوایەتیدا، بینینێکی فەرهەنگی، مێژوویی و نیژادی بووە. بۆیە تەماشا دەکەی هەموو ئەو بیروباوەڕ کۆنانەی پێش سەدەی بیستەم، بە شێویەک بوو تا ڕادەیەک لە جیهان بە مەکتەبی یەکەم یان یەکەمین مەکتەبی بیری نەتەوایەتیی دادەندرێ.

لەلای دوکتور قاسملوو مەسەلەی نیشتمان دەبێتە تەوەری سەرەکی نەک نیژاد. نیشتمان بە مانای هەمووی، نیشتمان بە مانای ئەوەی زۆرێک لە بیرمەندەکان بەتایبەتی، مەکتەبی «ئاسترۆ مارکسیستەکان»، مەکتەبی ئۆتریش، مەکتەبی نەمسایی لە بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا بۆتە باوەڕ. ئەوان دەڵێن مەسەلەی نەتەوایەتی بە دەرەجەی یەکەم نیشتمانە. ئەو نیشتمانە کە هەمووان لەسەری دانیشتووین، جا مومکینە نیژادی جیاواز، فەرهەنگی جیاواز، ئایینی جیاواز و هەموو ئەوانە لەخۆ بگرێت. خۆشبەختانە ئەم مەکتەبە، دەبێتە بینینێکی گشتی لە زۆربەی بزووتنەوەکانی کوردایەتی بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات و لە باشوور. تۆ تەماشا بکە، هەموو بزووتنەوە نیشتمانییەکان، هەموو بزووتنەوە نەتەوایەتییەکان، لە سەدەی بیستەمدا دوکتور قاسملوو

یەکەم کەسە کە ئەو شتەی کرد. کتێبەکەشی ناو نەناوە کورد و کوردستان، ناوی ناوە «کوردستان و کورد». ئەمە بۆخۆی دەچێتە نێو ئەو پێوەرە فکرییەوە یان ئەو دیدە، کە مەسەلەی نەتەوایەتیی بە دەرەجەی ئەساسی مەسەلەی نیشتمانە. ئەو خەڵکەش کە لەوێن و لەو نیشتمانە نیشتەجێن. ئەم بینینە، ئەم دیدە دیدێکی دێموکراتیکترە، دیدێکی گشتیترە و دیدێکی هەمە لایەنترە. لەو دیدەی کە پێیوایە مەسەلەی نیژادە، فەرهەنگە، مێژووە، ڕەگەز و... ئەم دیدە دیدێکی فراوانترە و نیشتمانسازی مەسەلەیەکی گرینگترە. دیارە لەنێو بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا سێ مەکتەب هەن کە لەو نیشتمانسازییەدا، یان لە نیشتمانپەروەریدا، نەتەوایەتییان گشتی کردۆتەوە. هەم فەڕانسەوی، هەم ئینگلیسی و هەم ئەمریکاییە. بەڵام مەکتەبی ئاڵمانی یان جێرمەنی، یان بڵێین مەکتەبی هێردێر و فیختە، مەکتەبێکە کە زیاتر کار لەسەر فەرهەنگ، مێژوو و ڕەگەز دەکا. بزووتنەوەی کوردایەتی هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لەو دووپارچەیە مەعلوومە بزووتنەوەی کوردایەتی لە پارچەکانی دیکە بەهێزتر بووە لە پێشووتر دا. بۆ نموونە ئەم دیدە یان ئەم تێۆرییە بەردەامە تا ئێستا ئەو ڕێبازەش بە بڕوای من ئێستا لە هەموویان باشتر و دێموکراتیکتر و هەمە لایەنترە.

**چ ئەو سەردەمە کە دوکتور قاسملوو لە ژیاندا مابوو و چ ئێستاشی لەگەڵ دابێ، تا ڕادەیەک هەبوون و هەن کەسانێک کە بە ناوی ڕەخنەوە دەڵێن قاسملوو دەبوو هێز و پوتانسێل و وزەی خۆی لەپێناو مرۆڤایەتیدا تەخان کردبا و ئەو خەباتە ئازادیخوازانەیە لە چوارچێوی پرسە ئۆمانیستییەکاندا ڕێک خرابا، نەک مەسەلەی نەتەوایەتی. چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی زیاتر دەچێتە خانەی هێندێک پرسی دواکەوتووانە. ڕای ئێوە چییە؟**

ڕاستییەکەی شێوەی بیرکردنەوە لە نەتەوایەتی بڕیار دەدا دواکەوتووە یان پێشکەوتوو. بۆ نموونە باسی مەکتەبی ئاڵمانیمان کرد، کە مەسەلەی نەتەوایەتی لای ئەوان لەلای هێردێر و فیختە و، زۆرێک لە بیرمەندەکانی تر، ئاکامەکەی دەبێتە فاشیزم و نازیسم. مەسەلەی نژاد، مێژوو و فەرهەنگ

کۆڵەکەی ئەساسی یان پێڕەوی ئەساسییە لە نەتەوایەتیدا. بەڵام ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە دوکتور قاسملوو و تەواوی بزووتنەوەکانی تری دوای دوکتور قاسملوو، هەم لە بواری تەمەنەوە هەم لە بواری فەرهەنگەوە، هەم لە بواری ئامادەیی تیۆرییەوە هەموومان دەزانین کە دوکتور قاسملوو لەو ڕابەرانەی سەدەی بیستەمی کورد لە هەموویان بەتەمەنتر و پێشتر بووە لە باری تیورییشەوە. بۆیە ئەم دیدە نەتەوایەتییە دیدێکە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکانێکی ستەمدیدە و، چەوساوە و هەر دەچێتە خانەی ئۆمانیزم و خانەی ئینترناسیۆنالیزم لەڕاستیدا. لەڕاستیدا ئەم بیروباوەڕەی دوکتور قاسملوو و بزووتنەوەی کورد لە دوای ئەویش، بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازەیە بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەیەکی ستەملێکراو. لە باری کردەییشەوە، لەڕاستیدا دەتوانێ لەو مەیدانەوە کاریگەریی هەبێ کە بێگومان کاریگەرییەکەیمان دیوە.

**سەرداری دێموکراسی نازناوێکی ئاشنا، نازناوێکە کە تایبەت بۆ شەهید دوکتور قاسملوو کەلکی لێ وەگیراوە، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دوکتور قاسملوو، لە زۆرێک لە وتەکانیدا پێداگرییەکی زۆر لەسەر دێموکراسی دەکا و بە ڕێکارێکی گونجاوی دەبینێ لە چوارچێوەی دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، هەن کەسانێک کە پێیان وایە ئەمە بەپێی ژینگەیەک کە کوردستان و ژینگەیەک کە بەگشتی ڕۆژهەڵاتی ناوڤین ئێستا پێیدا تێدەپەڕێ، زیاتر لە پرسێکی ئارمانگەرایانە دەچێ. شتێک کە خەون و خەیاڵە و دێموکراسی ناتوانێ، لەم ژینگە ناسالم و ناتەندروستەدا جێگیر بکرێ. لەو بارەیەوە با ڕای ئێوەش بزانین؟**

چەند پرسێکی گرینگ هەیە لە سیاسەتدا، کە بە بڕوای من ئەم پرسە گرینگە هیچکات نابێ لەبیری بکەین. یەکەمیان ئەوەیە مرۆڤ لە سیاسەتدا دەبێ واقیعبین بێ، چونکە ئەگەر واقیعبین نەبی ئەکەویتە نێو دونیای خەیاڵەوە. دووهەمیان دەبێ ئاڕمانگەرا و دەبێ هیواخواز بی. ئەگەر هیواخواز نەبی، دەکەویتە نێو واقعیەتێکی گەورەتر لە خۆت کە ئەو بەڕێوەت دەبا. بۆیە بە بڕوای من سیاسەت دەبێ هەر دوو دیوەکەی هەبێ.

بەداخەوە لەنێو بزووتنەوەی کوردایەتیدا، بەتایبەتی لەم ٣٠ ساڵەی دواییدا، مەسەلەی هیواخوازی لەنێو بزووتنەوەی کورددا زۆر کاڵ بۆتەوە. واتە کێشەی حیزبی کوردی لە ئێستادا ئەوەیە جیددی نییە لەسەر بیروباوەڕی خۆی. ئەو مەسەلەیە بەڕاستی مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرینگە و هیوادارم ئێوە و حیزبەکانی تر مەسەلەی بیروباوەڕ، ئەو بیروباوەڕی کە خۆت ڕاتگەیاندووە، پابەندی پێوەی، بۆ بە جیددی ڕاتنەگەیاندووە، بۆ پابەند نی پێوەی؟ ئەگەر ئەو کەسانە ڕەخنە لە دوکتور قاسملوو دەگرن کە پێداگر بووە لەسەر ئاڕمانگەرایی خۆی، لەسەر ئاڕمانخوازی خۆی، بە بڕوای من دوکتور قاسملوو کارێکی زۆر باشی کردووە. لە دیدی منەوە سێ دیدی گرینگ لە لای دوکتور قاسملوودا هەیە کە دەبێ هیچکات لە بیری نەکەین. یەکەم پرسی گرینگ ئەو مەسەلەیەیە کە پرسیاری یەکەم و دوویەمی بەڕێزت مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانی. یانی با بڵێین دیدی نیشتمانی، دەبێتە تەوەری ئەساسی لەنێو نەتەوایەتیدا. ئەم دیدە هەم لەنێو مەکتەبی مارکسیزمدا و هەم لەنێو مەکتەبی لیبراڵیزمدا، هەم لەنێو مەکتەبی مۆدێرنیزم و... پێشکەوتووترینە. ئەم مەکتەبە، ئەم پێڕەوە پێڕەوی نیشتمان لەنێو نەتەوایەتیدا، باشتر، هەمە لایەنەتر و پێشکەوتووترە لەوانی تر و بۆیە دێموکراتیترە.

دوویەم بۆچوونی دوکتور قاسملوو لە دوای پڕاگی ١٩٦٨وە، وەکوو خۆتان دەزانن ئەو لە چێکۆسلۆاکی پەناهندە بووە. دوای بەهاری پڕاگ ئەو دژی ئەو لەشکرکێشییەی سۆڤیەت بۆسەر ئەو وڵاتانە بووە کە ئەقماری سۆڤیەت بوون. بۆخۆتان دەزانن لەوێ دەری دەکەن و دەچێتە فەڕانسە. ئەم دیدە نیشان دەدا کە ئەم کەسە لە وڵاتێک ژیاوە خۆی بە سۆسیالیزم ناساندووە، دوکتور قاسملووش لەو بوارەدا هەموومان دەزانین کاری زۆر لە بواری فکری چەپ و سۆسیالیزمەوە کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو زوڵم و زۆری ئەو وڵاتەی قبووڵ نەکردووە کە بۆخۆی لەوێ پەنابەر بووە. ئەوکاتەش کە لە عێراق بووە، لەبەرانبەر شۆڕشی کوردستان هیچ هەڵوێستێکی نەرێنیی نەنواندووە، ئەوەش هەر نیشتمانپەروەرییە و داوای پێشکەوتنخوازی دەکا. مەبەستم، ئەوەیە کە ئەم هەمیشە لە سەنگەری خەڵکدا بووە. هەتا بەرانبەر بەو حکوومەتەی کە داڵدەشی داوە یان با بڵێین

ئەو حکوومەتی کە پەنای داوە هەر بێدەنگ نابێ، چ لە بەرانبەر حکوومەتی عێراق و چ لە بەرانبەر حکوومەتی چێکۆسلۆواکی.

سێیەم بیروباوەڕی ئەو دیدە سۆسیالیستییەکی یان دیدە چەپیەکەیەتی کە بێگومان ئەگەر ئێوە پرسیارم لێ نەکەن من هەر باسی دەکەم. ئەم سێ دیدە یانی سێ فەرهەنگی زۆر پێشکەوتووە. یەکێک لەو شتانەی، کە من لە زۆربەی ئەو بۆنانە باسی بزووتنەوەی چەپ و دوکتور قاسملوو لە کوردستاندا کراوە، گوتوومە ئەم سێیانەمان نابێ هەرگیز لەبیر بچێ. هەم نیشتمانی بین، هەم لایەنگری خەڵک بین، هەم سۆسیالیست بین بەڕاستی.

**ئاستێکی زۆر بەرزی ئەخلاق لە قاسملوودا هەیە کە تەنیا لەودا بیندراوە و ئەو جیا دەکاتەوە لە ڕێبەڕانی دیکەی کورد لە سەدەی بیستەم. ئەگەر قاسملوو ئەو تایبەتمەندییەی نەبوایە ڕەنگبێ ساڵی ١٩٨٩ بەو شێوە دڕندانەیە تیرۆر نەکرابا. پڕۆفسۆر فلیپ بۆلانژەی، فەڕانسی دەڵێ ئەو تایبەتمەندیی هاوێل و ماندێلای هەبوو. چەندە ئەمە بۆ سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا گونجاوە؟**

یەکێک لەو شتانە کە دەبێ باسی بکەین لە تەواوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، دوکتور قاسملوو یەکەمین کەسە کە لە بەرانبەر دیدی چوارچێوەدار یان سەرکوتکەری سۆڤیەت و وڵاتانی ئەقماری سۆڤیەتدا دەنگی هەڵێناوە. بەڵێ ئەو شایەنی ئەوەیە پێی بگوترێ سەرداری دێموکراسی، سەرداری ئاشتیخوازی و سەرداری پێشکەوتنخوازی. هەموومان دەزانین ئەو لە سیاسەتەوە چۆتە نێو فەرهەنگ، نێو کاری ئاکادیمی و بیرمەندی، بەڵام دیسانەکە لەنێو کاری ئاکادیمی و بیرمەندییەوە دێتەوە نێو سیاسەت. بەتایبەتی لە دوای کۆنگرەی سێیەمی حیزب لە ساڵی ١٩٧٣ بە بیروباوەڕەکانی جارێکیتر، نەک تەنیا حیزبی دێموکرات سەرلەنوێ ساز دەداتەوە و لە شاخەی کوردستانیی حیزبی توودە رزگاری دەکا و بەرەو سەربەخۆیی و ئیستقلالی دەبا، بەڵام جۆرێک دیدێکی تری پێشکەوتنخوازتر بە حیزبی کوردی دەبەخشێت کە لە تەواوی بزووتنەوەی کورد تا ئەوکاتە نەبووە. چونکە بزووتنەوەی کوردایەتی و بزووتنەوەی سیاسی لەو وڵاتانە یان سەر بە سۆڤیەت یان سەر بە ڕۆژئاوا بوون. بەڵام دیدی دوکتور

قاسملوو وا نییە، لە سۆسیال دێموکراسیش کە سۆسیالیستی دێموکراتیکە یان چەپی نوێیە یان نەوەی سێیە، ئەم ناوانە کە لەنێو فەرهەنگی سیاسیی جیهان بە کار دێ، یانی بە نەوەی سێیەمی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ناو دەبردرێ. دوکتور قاسملوو لەنێو ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا یەکەمین کەسە. من بەڕاستی کەسی دیکەم نەدیوە. لەنێو ئیسرائیلییەکاندا، باس لە مێناخن بێگن دەکرێ کە ئەویش دیدێکی وای هەبووە. دوایی نێلسۆن ماندێلا ئەوانە. چون بەڕاستی لە ساڵی ١٩٧٣ بەدواوە د. قاسملوو ئەم بیروباوەڕانەی هەیە و زۆر پێشکەوتووخواز بوون و، زۆر لە پێش بوون. خۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە تەواوەتیی خۆیدا ئەو پرنسیپانەی بە نەزەری ئیعتبار و جیددی بگرتبوایە، ڕەنگە بزووتنەوەی کوردایەتی ئێستا لە شوێنێکی تر بووایە. چونکە بزووتنەوەی کوردایەتی بە تەنیا بزووتنەوەیەکی پێشکەوتووخواز، بزووتنەوەیەکی چەپە. بەڵام بەداخەوە خۆمان قەدری ئەوەمان نەزانی و نەمانکرد، جیدی نەبووین، پەیگیری نەبووین لەو مەسەلانە.

**لە باسی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک میراتی فکریی د. قاسملوو، پێتان وایە سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە ئێستا بەپێی ئەو هەلومەرج و دۆخ و زرووفەی کە ئێمەی کورد بەگشتی تێیداین، وڵامدەرە؟**

با ڕەوتەکانی نێو سۆسیالیزمی دێموکراتیک باسم بکەم، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ وڵامەکە چۆن دەبێ. ئەو ڕەوتانەی کە لە کۆتایی ساڵانی ٦٠ بە دواوە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٨ بەدواوە باس بکەین، چونکە لە ١٩٦٨ دوو سێ ڕووداوی گەورە لە جیهان ڕوویان دا. یەکێکیان بزووتنەوەی لاوان و خوێندکارانی فەڕانسە و ئورووپا بوو، دوویەمیان بەهاری پراگ بوو، کە دیارە پێشتریش با بڵێین لە وڵاتانی ئەقماری سۆڤیەتدا ناڕەزایەتیی هەبوو. بۆ ئەم بزووتنەوانەی ئەم سەردەمە، یانی کە بە سەردەمی سەرهەڵدانی چەپی نوێ یان سۆسیالیزمی دێموکراتیک دادەنـدرێ، ئەو ڕەوتـە خۆی پێمخۆشە وشەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە خۆی بنوێنێ. تا ئێستاش ناوەکە لە جیهاندا وایە. لەنێو فەرهەنگی سیاسی هەر ئەو ناوە هەیە و بۆیە پێی دەڵێن چەپی نوێ. هێندیک کەس پێی دەڵێن نەوەی سێیەم، لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی. بە ئیعتبار نـەوەی یەکەم مارکسیستەکانە،

نەوەی دوویەم کۆمۆنیستەکان و سۆسیال دیموکراتەکانە. چونکە هاوکات پێکەوە ئینشعابیان کرد و لێک جیا بوونەوە. نەوەی سێیەم کە لە نیوەڕاستی سەدەی شەستەکان، سەدەی بیستەم، سەرهەڵدەدا و بە نەوەی سێیەم دادەندرێ ئەو سۆسیالیزمی دیموکراتیکەیە. هەموو بزووتنەوە نەتەوایەتییە پێشکەوتنخوازەکانن، هەم بزوونتەوە ژینگەپارێزەکان، هەم بزووتنەوەی داکۆکی لە مافەکانی ژیان، لاوان و منداڵان و هەم بزووتنەوەی دژی شەڕ و دژی چەکە و هەم بزووتنەوەی کرێکاری بەدەر لە حیزبە کۆمۆنیستی و سۆسیال دیموکراتیکەکانە. بزووتنەوەیەکی کرێکاری کە لە دەرەوی ئەم حیزبە سونتییانە هەبوون، مەبەستم حیزبە چەپەکان. هەموو ئەمانە تەماشا بکەی و سەرنجی بدەیەی، یانی هەموو ئەو لایەنانەی تێدایە کە ژیانی ئێستای خەڵک، ئەو گۆڕانکارییە دڵخوازانەی کە لە ژیانی خەڵک پێویستە ڕوو بدا، لەم ڕەوتە دایە کە سۆسیالیزمی دیموکراتیکە. گرینگی دوکتور قاسملوو ئەوەیە کە لە یەکەم کەسەکانە، لە جیهاندا کە لەو کاتەدا باسی کردووە، بەتایبەتی لە دوای کاریگەری بە بەهاری پڕاگ.

**یانی ئەو ژینگە سیاسییانە کە قاسملوو ئەزموونی کردبوو ، کاریگەریی دانا لەسەر شێوەیەی بیرکردنەوەی؟**

دیارە بۆخۆشی کەسێکی بیرمەند و سیاسییە لە ئاستێکی بەرزدا و کەسێکی ئارمانخواز بووە، یانی هەر سیاسییەکی پڕاگماتیست نەبووە، وەکوو هێندێک لە سیاسییەکان، بەڵکوو ئارمانێکی هەبووە، ئامانجێکی هەبووە و ئەو ئامانجە وای لێ کردووە، بتوانێ بەو ئەنجامە بگات. ئێستا من و تۆ کە باسی ئەوە دەکەین، دوای نیزیک بە ٥٠ ساڵ ڕەنگە هێشتا بۆ ئێمە ئاسان بێ، شیکردنەوەی ڕەوتەکانی نێو بزووتنەوەی سۆسیالیزمی دیموکراتیک. چونکە ٥٠ ساڵ تەمەنێکە و حیزبەکان، ڕەوتەکان بەردەوامن و بیرمەند و چەند بیرمەندی گەورەی بەرهەم هێناوە و ئەم ڕەوتە، ئەم بزاڤە. بەڵام لەو کاتەدا مەسەلە دەستپێڕاگەیشتنی دوکتور قاسملوو بەم سەرچاوانە بەم کارانە ئاسان نەبوو. یانی ئەگەر خۆی هەوڵ نەدا، خۆی مەبەستی نەبێ و خۆی خەبات نەکا پێی ناگات. بۆیە بەڕاستی ئەو کەسانەی لەو سەردەمەدا ئەو کارەیان کردووە، جێگای ڕێز و ستایشن بەڕاستی. دوکتور قاسملوو

لەو کەسانەیە کە ئەو تیۆرییە و ئەو ڕێبازی باس کردووە و بۆ یەکەم جار لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبی دێموکراتدا تیشکی خستووەتە سەر کە ئەوکات لەنێو حیزبی دێموکراتدا زیاتر پێڕەوی مارکسیزم- لینینیزمی تا ڕادەیەک مەیلی یەکیەتی سۆڤیەت هەبووە. فەزایەکی لەو کاتەدا لەو چەشنە زاڵ بووە. بەڵام ئەو یەکەم کەسە کە ئەم باسە دێنێتە کایە، یانی ئەم باسە کە دێنێتە کایەوە ناڵێ سۆسیال دێموکراسی سونتی. ئەو سۆسیال دێموکراسییەی کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ئیدوارد برنشتاین، یەکێکە لەو کەسانە کە ڕەوتەکە دەست پێ دەکا یان جۆرج برنشتاین، لە بریتانیا ئەوان دەست پێ دەکەن.

تۆ تەماشای وشەکە بکە یانی باس لەوە دەکرێ کە وشەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک دیارە یانی پاراستنی ئەو سۆسیالیزمە مەوجوودەیە کە لە وڵاتانی یەکیەتیی سۆڤیەت و دەورووبەری سۆڤیەت هەبوو، بەڵام بە ئاراستەی دێموکراتیک. تەواوی حیزبە کۆمۆنیستەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، مەبەستم وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەی ئوورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکا (ناتۆ)یە. لە دوای ئەو بیروباوەڕانە هاتنە سەر ئەوەی کە، سۆسیالیزمی دێموکراتیک باشتر لە مارکسیزمی ڕووسی. بۆیە کۆمۆنیزمی ئوورووپایی جەریانێکە لە جەریانەکان، ڕەوتێکە لەنێو ڕەوتەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک. تەواوی بزووتنەوەکانی ژینگەپارێزی، بزووتنەوەکانی دژی جەنگ، دژی چەک، بزووتنەوەکانی فیمێنستی، بزووتنەوەکانی بەرگری لە ژنان و منداڵان، بزووتنەوەکانی لاوان لە دوای سەرهەڵدان و خەباتی زانکۆکانی فەڕانسە و وڵاتانی دیکە، هەموو لەو ڕەوتەدا کۆ دەبنەوە.

بۆیە بیرمەندە گەورەکانیش لەو سەردەمەدا لە نەوعی مارکوزە پەیدا دەبن و لەو مەجالەدا بیروباوەڕیان هەیە. بە بڕوای من ئەو بیروباوەڕە لەنێو ڕەوتی چەپدا بە هەموو ئەو مەکتەب فکرییانە کە من لە زۆرێکیانم لە کتێبەکانی خۆمدا باس کردووە، هێشتا لە هەموویان لەپێشترە و، ئێستا لە هەموویان پێشکەوتنخواز ترە، بۆیە بەڕاستی دوکتور قاسملوو کە یەکەم کەسە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست یان لە وڵاتی خۆمان کارێکی زۆر گەورەی کردووە کە بەداخەوە هەر دیسان دەڵێم نەمانتوانی بەردەوام بین لەو ڕێبازە.

**لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئێستا باس لە پێویستیی پێداچوونەوە بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەکرێ و بەکردەوە دەڵێن سۆسیال دێموکراسی مەبەست بێت. ئەساسن چ جیاوازییەک هەیە لەنێوان سۆسیالیزمی دێموکراتیک و سۆسیال دێموکراسی؟**

لەڕاستیدا سۆسیالیزمی دێموکراتیک، پێشکەوتووخوازترە لە سۆسیال دێموکراسی. بۆ؟ خۆ سۆسیالیزمی دموکراتیک حاشا لە دەستکەوتەکانی سۆسیال دێموکراسی ناکا، قەتیش ئینکاری نەکردووە. ئەمە ئێستا لەنێو بزووتنەوەی چەپدا، لەنێو بزووتنەوەی دێموکراتیکدا، لەنێو ئۆمانیزمدا، ئێستا ئەمانە لە پێشی پێشەوەیە بۆ دەستکەوت. ئەمە زۆرێک لە بیرمەندەکان باسی دەکەن. یەکێک لەوانە مارکسیزمی ڕووسییە، ئەوەی دیکەشیان سۆسیال دێموکراسیی ڕۆژئاواییە. زۆربەی ڕەوتەکان لەنێو ئەو دووەدا، لەم دوو سەرچاوەیە هاتنە دەرەوە و ئەو ڕەوتی سێیەم یان سۆسیال دێموکراسییان پێک هێنا. لەلایەک ڕەخنەیان لە مارکسیزمی ڕووسی دەگرت بۆ ئازادیخواز نی،ت بۆ دێموکراتیک نیت و بۆ ئاشتیخواز نیت و ئەمانە. لەلایەکیش ڕەخنە لە سۆسیال دێموکراسی دەگرێ بۆ هێندە چوونەتە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکاوە، بۆ هێندە پابەندن بە ناتۆ، بۆ هێندە لە شوێنی خۆتاندا ماونەتەوە. مەسەلەن بۆ نموونە دەڵێ: «ئێوە لە باشترین حاڵەتدا، بەرگری لە دەستکەوتە کۆنەکان دەکەن. بۆ هەوڵی تازەتر نادەن. ئەمە ئەو ڕادیکاڵیزمە ڕاستەشی تێدایە. خۆ ئێستا زۆرێک لە بیرمەندانی نێو سۆسیال دێموکراسی، مەسەلەن یەکێک لەوانە ئەنۆسۆلۆکلاو کە لەم ساڵانەی دواییدا کۆچی کرد و بۆخۆی بیرمەندێکی ئارژانتینییە و لە ئارژانتین لەدایک بووە، بەڵام لە ئەمریکا ژیاوە و نووسینەکانی هەمووی بە ئینگلیزییە. لە کتێبە زۆر بەناوبانگەکەی سەروەری سیاسی سۆسیالیستی دەڵێ: ئەگەر بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە جیهاندا بۆ ئەوەی کە لەسەر دەسەڵاتە و بۆ ئەوەی کە لەسەر دەسەڵات نییە، بگاتە ئاستی سەردەمی بڕنێشتاین، ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە. چونکە بیروباوەڕەکانی بڕنێشتاین، سۆسیالیزمی ئینگلیزی، سۆسیالیزمی ئۆتریشی و سۆسیالیزمی فەڕانسەوی و ئاڵمانی و هەموو ئەم ڕەوتانە لەنێو سۆسیال دێموکراسیدا هەبوون و من لەنێو

کتێبەکەی خۆمدا، بە لێکۆڵینەوە باس کردووە، هەموویان ڕادیکاڵتر بوون لەو سۆسیال دێموکراسییە کە ئەو سەردەمە، ئێستا کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک سەری هەڵدا.

سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە مانای حاشا لە سۆسیالیزمی دێموکراتیک نییە، بە مانای ئەوەیە کە سۆسیال دێموکراسی، لە شوێنکدا وەستاوە. لە باشترین حاڵەتدا بەرگری لە دەستکەوتەکانی ڕابردوو دەکات. قسەکە لەسەر ئەوەیە کە نایهەوێ، کە نایهەوێ مەسەلەکە سیاسەتە، سیاسەتەکە چییە بەرژەوەندییە. بەرژەوەندییەکە مەسەلەن تۆ بۆ نموونە، ناتۆیە. خۆ ئەوانەی دیکە لەو شتانە ڕەخنە لێ دەگرن، سۆسیالیستە دێموکراتکەکان ڕەخنەیە لە ناتۆ و لە ئەمریکا و لە جەنگ و لە چەک و هەموو ئەمانەی کە هەیە، بێگومان وڵاتانی ڕۆژئـاوا بەشدارن. باشە ئەی خۆ سۆسیال دێموکراتەکانیش، هەر لە دەرەوی دەسەڵات نەبوون زۆربەی کات هەر ئەوان لە دەسەڵات دا بوون. بەتایبەتی لە هەموو وڵاتانی، ڕۆژئاوادا. بۆیە ڕەخنەکەیان ڕەخنەیەکە ڕادیکاڵە، مرۆڤدۆستە، دێموکراتیکە، بەڕاستی پێشکەوتووخوازیشە. یانی لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە، یەکێک لە بنەماکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە زۆربـەی وڵاتانی جیهان‌دا، بەرگرییە لەو بەیانییەی مافی مرۆڤ، لەو بەیانامەیەی مافەکانی مرۆڤ خۆیان وڵاتان واژۆیان کردووە. بۆیە یانی ئەم ڕەوتە، ڕەوتێکە ڕاستە ڕادیکاڵە، بەڵام بەو دەرەجەیش واقعییە کە بەرگری لە ژیان و بەرژەوەندی و کەرامەتی ئینسانی ئەم سەردەمە دەکا. بۆیە ئەم لایەنانەمان لە پێشن. خاڵێک کە دەکرێ باسی بکەین، بەڕاستی من لە نووسینەکانی خۆشم باسم کردووە، زۆرجار ئەم جەریانە یان ئەم ڕەوتە کە بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک یان بە چەپی نوێ ناسراوە، هێندە دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکان، دەکەونە خانەی دوژمنەکانی ئەمریکاوە، دەکەونە خانەی ئیسلامی سیاسییەوە، وڵاتانی وەکوو ئێران، عێراق و وەکوو تورکیە و ئەمانە کە ئەو ڕەخنانە، لەسەریان قبووڵ بێ. یانی بەڕاستی جێرمی کۆربین یەکێک بوو لەو کەسانی کە لەنێو ئەو پارتی کاری بریتانیا، باڵی هەرە چەپەکە بوو. یانی لە دوای تۆنی بلێر، تۆنی بلێر یەکێک لەو کەسانە کە بە لایەنگری سۆسیالیزمی دێموکراتیک ناسراوە. ئەم ڕەوتە کە بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک یان چەپی تازە دەناسرێ، بەڵام

بەداخەوە جێرمی کۆربین لە یەکێک لە نووسینەکانیدا، لە هەڵوێستەکانیدا هێندە دژی ئەمریکا دەوەستێ، وەختە هێندێک جار بەرگری لە کۆماری ئیسلامی دەکا، بەرگری لە حەماس دەکا، لە فەلەستینییەکان دەکا، بەرگری لە سەدام حوسێن دەکا.

**یانی بە خستی ڕۆچۆتە نێو باسی دژایەتییەوە؟**

ئەوە هەڵەیە. سۆسیالیزمی دێموکراتیک بۆخۆی مانفێستەکەی وا نییە. بەیاننامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، بەرگرییە لە کەرامەتی ئینسان بە هەموو شێوەکانییەوە. هەر کەسێک ئەمە پێشێل بکات، دژی ئەوانە سەنگەریان لە بەرامبەر دا دەگرێ.

**وەکوو ئەنجامێک لەم بەشەی دیمانەکە، دوکتور ئەکرەم پێی وایە لە دۆخی ئێستادا هەر یەک لەو سیستمانە بۆ کورد بەپێی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە هەیەتی گونجاوترە؟**

بە بڕوای من کێشەی کورد لە هەموو ئاست و بە هەموو ئاراستەکاندا، کێشەی مرۆڤی کوردە. هەر کێشەی خاک، فەرهەنگ یان نەتەوە و مێژوو نییە. کێشەی مرۆڤە، چونکە لە بیرت نەچێ، ئێمە نەتەوایەتیی یا نیشتمانپەروەری یان ڕزگارکردنی نەتەوە بەخاتری ئینسان دەکەین. خۆ خۆشبەختانە لە وڵاتی ئێمە ئەو ڕەوتە نەبوو کە بە کاژیک و پاسۆک ناسراوە. ڕەوتێک کە بیروباوەڕیان زۆر نیزیکە لە نەژادپەرەستی، نەژادپەرەستییەکی زۆر تەسک بین زۆر توند ڕەو، لای ئێوە (کوردستانی) هەرگیز ئەوە نەبووە، لێرە (کوردستانی باشوور) هەبوو.

بەڵام بزووتنەوەی کوردایەتی هەر لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی دێموکراتیکە، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخوازە. هیچ حیزبێک لە حیزبە ئەسیلەکان، لە حیزبە ڕەسەنەکانی کورد هەیە چەپ نەبووبێ؟ یەکەم حیزب لە کوردستاندا حیزبی دێموکراتی کوردستانە و دوایی پارتی دێموکرات، دوایە یەکیەتیی نیشتمانی. هەموویان چەپ بوون، هەموویان بیروباوەڕیان هەر چەپ بووە و خۆیان بە لینینیست- مارکسیست ناو دەبرد. قاسملوو یەکەم کەسە ئەو زاراوەیەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک

دێنێتە نێو کوردستان. بۆیە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەو شێوەیە کە باسمان کرد، بەڕاستی لە بەرژەوەندی کوردە. مەسەلەن بۆ نموونە، ئەگەر دژی چەک و جەنگ قسە بکەین، مومکینە کەسێک بڵێ بزووتنەوەی کورد چەکی پێیە. بزوونتەوەی کورد لە بەرانبەر چی؟ لە بەرانبەر جەنگ و چەک، چەکی پێتە دەنا بۆچی؟ بۆیە یانی ئێمە لە مەسڵەحەتمانە، بزووتنەوەی دژی چەنگ و دژی چەک بەهێز بێت لە ناوچەکەدا. لە مەسڵەحەتمانە مەسەلەی دێموکراسی و مەسەلەی پێوەندی نێوان نەتەوەکان، بەهێز بێت. لە مەسڵەحەتمانە ژینگەپارێزی بەهێز بێت، لە مەسڵەحەتی بزووتنەوەی کوردییە کە مافەکانی ژنان لاوان و منداڵ پارێزراو بێت، لە بەرژەوەندی کوردە مافەکانی مرۆڤ بەشێویەکی گشتی پارێزراو بێت. خۆ بزووتنەوەی کوردایەتی هەر ئەوە نییە، بڵێی بژی کورد و کوردستان، بزووتنەوەی کوردایەتی بژی کورد و کوردستان بە هەمووی ئەم ڕەهەندانەوەیە. دوکتور قاسملوو یەکێک لەو مرۆڤانە کە یەکەم کەسە ئەم قسانە دەکا. بۆیە بە بڕاوی من ئەم هیوایە ئەم ئامانجە ئێستا هەر زیندووە و خۆزگە بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد، هەموویان وا بوایەن.

**بە سەرنجدان بۆ گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێستای ئێران، چەندە بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو بۆ دواڕۆژی کوردستان کاریگەری دانەوە لەسەر فەرهەنگی سیاسیی خەڵک، کە ئەمڕۆ ئێمە لەسەر شەقامەکان دروشمی «قاسملوو، قاسملوو» دەبیستین؟**

من دەبێ لەو مەسەلەیەدا بەڕاستی دوو پرس باس بکەم. کارڵ کائۆتسکی قسەیەکی زۆر بەناوبانگی هەیە لەمەڕ شۆڕش، دەڵێ: شۆڕش نە بەدەست ئێمەیە کە دەمانەوێ بکەین، نە بەدەست ئەوانەیە کە نایانەوێ بیکەن، شۆڕش دێ. من پێموایە یەکێک لە کێشە گەورەکانی، ئێمەمانان بزووتنەوەی سیاسی لەو کوردستانە، زۆر لە ڕادەبەدەر لە چاوەڕوانیی شۆڕشداین. یانی بۆتە فەرهەنگێکی زۆر قووڵ لەنێومان دا. من دەڵێم وێڕای پابەندبوونمان بە شۆڕش و بە ئامانجەکانی شۆڕش، بەڵام هێندەش لە چاوەڕوانیدا نەبین. ئەم بزووتنەوەیە هەر بەردەوامە، جارێک بە شێوەی شۆڕش، جارێک بەشێوەی ڕیفۆڕم، جارێک بەشێوەی فەرهەنگ... هتد. خاڵێکی دیکە کە زۆر زۆر

گرینگە، من هیودارام حیزبەکانی کوردستان بە هەندی وەربگرن ئەوەیە کە بزووتنەوەیەکی بەهێزی پێشکەوتنخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی هەیە. ئەم ڕەوتە بێگومان ئەم کاریگەرییە سیاسییەی هەیە. خۆ خۆشتان دەزانن حیزبی دێموکرات وەکوو یەکەمین حیزب کوردستانی و ئەسیلترین حیزبی کوردستانی، لە هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستان کاریگەریی پتری هەیە. جا هیچ بیروباوەڕێک بە ئەندازی بیروباوەڕی دوکتور قاسملوو بەهێز نییە. یانی با بڵێین تیۆری و پێڕە و دوکترینی دوکتور قاسملوو ڕوونە، شتەکە زۆر ئاشکرایە. بەڕاستی شۆڕشی ژینا هەموومانی وەخەبەر هێنا کە بەڵێ ئەم ڕەوتە پێشکەتنخوازییە و ئارمانخوازییە هەیە. شۆڕشی ژینا زۆر ئارمانخوازترە لەوی کە ئێمە چاوەڕوانیمان لێ دەکرد. کێشەکە ئەوەیە هێندێ جار ئێمە بەو ڕادەیە ئامادە نەبووبین، بەو ڕادەیە دەرکمان پێ نەکردبێ، بەو ڕادەیە چاوەڕوانیمان نەکردبێ، بۆیە ئەم بیروباوەڕانە زیندووە.

یەکێک لە کێشە گەورەکانی باشووری کوردستان ئەوەیە کە بیروباوەڕ زیندوو نییە. یانی خەریکن ئەم بیروباوەڕە گشتییانە لە باشووری کوردستان خەریکە نامێنێ. لە ڕۆژهەلات لەنێو نەسڵی نوێ، لاوان، مێرمندالان و... زۆرە بەڕاستی. بۆیە خاڵێکی زۆر زۆر گرینگە ئێمە سەرنج بدەینە ئەوە، ئاگامان لەوە بێ کە ئەو بزووتنەوەیە بەهێزە لەنێو خەڵکدا. جا مومکینە کۆماری ئیسلامی ئاوا شەڵتانی خۆێنی کردووین، ڕاستە. باشە زۆرێک لەو وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی بەتایبەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا تا دوایین ساتەکان نەیانهێشت، کۆماری ئیسلامی زەربەی لەوە زیاتری وەبەر کەوێ. بەڵام ئەو بزووتنەوەیە بەهێزە. بە بڕوای من ئێمە دەبێ خۆمانی بۆ ئامادە بکەین یانی مەبەستم بزووتنەوەی کوردایەتییە دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکات. یەکێک لەو خۆ ئامادە کردنە، ئێمە لەنێو حیزبەکانی کوردستاندا، من پێموایە فەرهەنگمان بە ڕادەی فەرهەنگی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بەو ڕادەیە پێشکەوتوو نەبێ. فەرهەنگێکی زۆر بەهێز لە باری ئەدەبییاتەوە لەباری فکرییەوە لە باری سیاسەتەوە لە باری ڕۆشنگرییەوە، لە باری مەسەلەی ژنانەوە، لە باری بیروباوەڕی چەپەوە هەموو ئەوانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە هێزە.

**ئەوە ئاکامی ئەو خەباتە بەردەوامە لە مەکتەبی قاسملوو بەجۆرێک سەرچاوەی گرتووە؟**

ڕەنگ بێ مەکتەبی قاسملوو لە هەموویان زیاتر بتوانێ بڵێ من خاوەنی ئەو بیروباوەڕەم. چونکە ڕەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیەمان باس کرد، ئێستا لەنێو کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبینین.

**دوکتور پرسیارێک دیارە بێ ڕەبەت نییە بە پرسیاری پێشوو. ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی خەباتدا چ لە شاخ و چ لە شار، نەسڵێک سەرقاڵی خەباتە، کە بۆ خۆتان ئاماژەتان پێ کرد، تازەلاو و مێرمنداڵن کە نە قاسملوویان دیوە و نە ڕەنگە بەشی هەرە زۆریان دەستیان بەو سەرچاوانەش نەگات کە بتوانن ئەندیشەکانی قاسملوو بخوێنەوە، بەڵام دەبینی ئامادەن گیان بۆ ڕێبازی قاسملوو بدەن. هۆکاری ئەمە بۆ چی دەگەڕێتەوە، ئایا ئەم نەسڵە لاوە خۆی لەنێو ویستەکانی قاسملوودا دیتۆتەوە، یا نە ویستەکانی قاسملوو ڕێک لە ویستی ئەو لاوەی ئەمڕۆشە کە ئامادەیە لەسەر شەقام خوێنی بڕژێ؟**

پێموایە قسەی دوویەمە، یانی ویستی خەڵک پێشتر دوکتور قاسملوو باسی کردووە، ئەمەیە مەسەلەکە. کەوایە چۆن باسی سۆسیالیزمی دێموکراتیکمان کرد، لەم ڕەوتانە پێک هاتووە. ئەو ڕەوتانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، خەڵکانێک هەیە بۆ مافی ژن دێنە مەیدان، خەڵکانێک هەیە بۆ لاوان دێنە مەیدان، بۆخۆت دەزانی بزووتنەوەی ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەهێزە. بزووتنەوەی فەرهەنگی و ئەدەبیات لە ڕۆژهەڵات زۆر لە باشووری کوردستان بەهێزترە. چاوەڕوان دەکرا باشوور پێش بکەوێ. بەڵام بزووتنەوەی هونەرییش هەر لەوێ بەهێزترە. یانی هەموو ئەو شتانە کە سیما و نێوەرۆکی داهاتوویەکی گەشتر و باشترن بۆ مرۆڤ و داهاتووی ئینسان، ئەو بزووتنەوانە بوونی هەیە و لەنێو خەڵکدا، بە ئارامی بێ یان بە شێوەی شۆڕش و یاخیبوون بێ شەپۆل دەدا. بۆیە بە بڕوای حیزبی کوردستان دەبێ ئەم ئامانجە لەنێو خۆیدا بەرجەستە بکاتەوە. لەنێو کادرەکانی خۆیدا بەرجەستەی بکات، لەنێو پەروەردەدا. حیزبی دێموکرات خەڵک قوربانیی بۆ داوە، بۆیە چەند

نەسڵ بەردەوام بووە و لە هەموو بنەماڵەیەکدا هەیە، ڕیشەی داکوتاوە، بووەتە بەشێک لە فەرهەنگ، لە مێژوو، بەشێکە لە یادەوری و لە ژیان و ناسنامەی ئینسانەکان. تەبیعەتی حاڵ وایە بۆیە بەردەوامکردنی، ئەم ئامانجانە بە بڕوای من بەردەوامکردنی ئەم ڕێبازی قاسملووییە. باشترین وەفا بۆ ڕێبازی قاسملوو شەهیدانی تر، وەبیرمەندانی تر لەنێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی جیددی بوون و پێگیربوونە لەو ڕێبازنەی کە ئەوان باسیان کردووە، بۆیە هیوادارم بتوانین ئەو کارە بکەین.

**هەر بژین و زۆر سپاس بۆ بەشداریتان**

زۆر سپاس

# ڕەهەندەکانی دێموکراسی لە بیرکردنەوەی د. قاسملودا و بایەخی بۆ ئێستای ناسیۆنالیزمی کوردی

ئەبوبەکر (کاروانی)

سەرەتای دەستوپەنجە نەرمکردنی کورد لەگەڵ چەمکی دێموکراسی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی ڕابردوو، کاتێک هەندێ لە ڕووناکبیرە کوردەکان لە ڕێی بەشداربوونیان لە هەندێ چالاکی و چوارچێوەی وەکوو شۆڕشی مەشروتە لە ئێران و «ئیتحاد و تەڕەقی» لە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، بەڕووی ئەم چەمکەدا کرانەوە؛ ئەگەرچی چەمکی مەشرووتە ناونیشانە گەورەکەی گوزارشتکردن بوو لە دێموکراسی وەک شێواز و سیستمێک بۆ بەڕێوەبردنی حوکمڕانی.

لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەمیشەوە،حیزبی دێموکراتی کورد لە ئەستەمبوڵ سەری هەڵدا کە یەکێ لەو گرووپ و سەکۆ کوردییانە بوو داوای پێکهێنانی قەوارەی سەربەخۆی نەتەوەییان بۆ میللەتەکەیان دەکرد.

ئەم چەمکە دواتر لە ئەزموونی کۆماری کوردستاندا سەرلەنوێ لە بارودۆخ و چوارچێوەیەکی نوێی کوردیدا سەر هەڵدەداتەوە. ئەم ئەزموونە ئەگەرچی لەڕووی بەکارهێنانی ئەم چەمکەوە بە ئەزموونی سۆڤیەت کاریگەر بوو، کە دێموکراسیی لەگەڵ پاشگری میللی و بە نێوەرۆکە مارکسیزمەکەی بەکار دەهێنا، کە ئەگەر بۆچوونەکانی مارکس لە دیدی لیبرالیزمی سیاسییەوە پێناسە بکەین دەتوانین بڵێین: دێموکراسیی ڕاستەقینە وا لە کۆتاییهێنان بە ئازادی تاکوو ڕەهاکردنی چینی کرێکار لەو دۆخە تاقەتپروکێنەی تیایدا دەژی و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرانەی دێموکراسی(!) بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە هەموو چەوسانەوەیەکی مرۆڤ بۆ مرۆڤ! بەڵام ئەزموونی کۆمار بەکردەوە، سەرەتایەکی پڕشنگدار بوو بۆ تێگەیشتنێکی ئازیخوازانەی خۆماڵی بۆ دێموکراسییەکی لیبراڵی.

دوای کاریگەربوونی کاریگەریی ناسیۆنالیزمی کوردی بە چەپ، هێواش هێواش دروشمی دێموکراسی بۆ عێراق و ئێران و خودموختاری و خۆبەڕێوەبەری بۆ کوردستان جێی خۆی گرت. لە سۆنگەی ئەم هەژموونیی چەپەوە ناتوانین بڵێین تێگەیشتنی لە دێموکراسی هەمان دێموکراسیی لیبراڵی بووە، بە حوکمی دیدگا سۆسیالیستە نادیموکراتەکان. ئەگەرچی دەبێت ئاماژەش بەوە بکەین سەرەڕای ئەو دیدی سەرکردە و نوخبە کوردییە ناسیۆنالیستە چەپ و مەشرەب چەپەکە، لە چوارچێوەی خۆڕێکخستندا لە سەر ئاستی کورد و کوردستاندا، ڕۆژێ لە ڕۆژان لە بەشێ لە ڕەگەزە لیبراڵیەکانی دێموکراسی خاڵی نەبووە. بەڵام بە حوکمی دۆخی تایبەتی کورد و هەلومەرجی بەرهەڵستی چەکداری و داخراوی و سەرکوتکاری ئەو ڕێژێمانەی ناوچەکە و بەو هۆیەی کوردستان خرابووە ژێرچەپۆکی، کەمتر خۆ لەپێناسەکردنی چەمکەکە دراوە و باسوخواسی تیۆری لەم ڕووەوە کەم یاخود دەگمەن بووە. تەنانەت ئەم شتە بۆ خودی چەمکی (ناسیۆنالیزم)یش ڕاستە و تەنها لەم چەند ساڵەی دواییدا هەندێ کاری زانستی و تیۆری لە دیدێکی کوردانەوە لەسەر ئەم چەمکە کراوە. لێرەوە، سەرنجە تۆمارکراوەکانی د. قاسملوو دەربارەی دێموکراسی با

نەشگەیشتبێتە پێشکەشکردنی توێژینەوەی قووڵ و ئاکادیمیانە دەربارەی چەمکەکە، لە سۆنگەی پێگە و ڕەمزییەتی ئەو لەنێو بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبێکی دێرینی وەک حیزبی دێموکرات و تێکڕای ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر کۆی پارچەکاندا بایەخی تایبەتیی بەخۆی هەبووە.

**ئاستەکانی خزمەتکردنی د. قاسملوو بە پرسی دێموکراسی لە نێو ناوەندی فیکری و سیاسی کورددا:**

سەرنجەکانی د. قاسملوو لەسەر دێموکراسی، ورد و هەمەلایەنەن و لە یەک کاتدا سێ پرس چارەسەر دەکەن: پرسی پەیوەندیی نێوان ئازادی و دێموکراسی. سۆسیالیزم و چەپ و دێموکراسی. دێموکراسی و چارەسەرکردنی پرسی کورد و دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەری نێوخۆیی. کە نەبوونی هەریەک لەوانە بۆشاییەکی ڕاستەقینە لە مەنزومەی بیرکردنەوەدا دروست دەکات. ئەوەی لەم ڕووەوە مابێت و د. قاسملوو لە سێیەم پرسدا بەخێرایی ئاماژەی پێ کردووە و دەبێت چارەسەر بکرێت، پەیوەندیی نێوان دێموکراسی و ناسنامەی ئیسلامییە. کە ئەویش کاری بیرمەندی ئیسلامیی کوردستانییە و نووسەری ئەم وتارەش یەکێکە لەو خاوەنفیکر و قەڵەمانەی کاری لەسەر کردووە و، ئێستاش هەوڵ دەدەین زۆر بە کورتی و گوشراوی لەسەر ئەو سێ ڕەهەند و ڕەگەزەی تێگەیشتنی د. قاسملوو بۆ چەمکی دێموکراسی و بایەخی بۆ کور دو ناسیۆنالیزمەکەی بوەستین:

**یەکەم/ دێموکراسی ئازادییە.** دیاریکردنی پەیوەندیی ئازادی و دێموکراسی:

ئەمە لە ڕووی تیۆری و مەیدانی و پیادەکردنیشەوە یەکجار گرنگە. ئەم بابەتە لەو ئەدەبیاتەی دەربارەی دێموکراسی نوسراوە قسەیەکی زۆری لەسەر کراوە. ڕەنگە بشتوانم بڵێم خاڵی جیاکەرەوەی دیدگا جیاوازەکانە

دەربارەی دیموکراسی و مۆدێل و فۆرمەکانی. چونکە ئێمە لەم ڕووەوە تەنها لە بەردەم کێشەی (دیموکراسیی میللی)دا نین بەو جۆرەی کۆمۆنیستەکان بۆ ساڵانێکی زۆر لە پێگەی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا بەکاریان دەهێنا (لە مرۆڤ بۆ مرۆڤ). بەڵکوو لە بەردەم بێنێوەرۆککردنی چەمکی دیموکراسیدایین لە چوارچێوەی ڕێژیمە نیمچە سەرکوتکارەکانی تریشدا. بەکورتی بۆ ئەوەی دیموکراسیمان بە واتا لیبرالیە مەشروتیە ڕەسەنەکەی هەبێت، دەبێ پێشتر دیدگا لیبرالیستییەکانمان دەربارەی (ئازادی) و ڕەسەنبوونی هەتا مافە سروشتیەکان و ئازادییە تاکەکەسیەکان قبوڵ کردبێت. واتە ئازادی جا دیموکراسی. بەبێ بوونی چەمکی (ئازادی) و (ئازادیخواز) ناتوانین باس لە سیستمی دیموکراسیی ڕاستەقینە بکەین. کە ئەمەش دیدێکی دیاریکراوی مرۆڤناسی لە پشتەوەیە و ڕەگەکانی بە تیۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا ڕۆچووە و لێرەدا جێگەی ئەوە نویە باسی بکەین.

د. قاسملوو لەم پرسەدا دیموکراسی لەڕێی فرەیی و ئازادییەوە پێناسە دەکات: دیموکراسی فرەیی و ئازادیی فیکر و دەربڕین و فەرهەنگە.» لە ئیسلامدا فەرموودەیەک هەیە دەڵێت: حەج عەرەفەیە، واتە لەڕێی ڕوکنێکی حەجەوە پێناسەی حەج دەکات کە ئاماژەیە بە ڕۆڵی بنەڕەتیی ئەو ڕوکنە. د. قاسملووش دەڵێت «دیموکراسی ئازادییە»، خودی «فرەیی» و پلۆرالیزمیش پێویستییەکە کە خەمڵێنەریی چەمکی ئازادییە. چونکە ئازادی ڕیشەیەکی گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ بەمافناسینی «جیاوازی». مرۆڤ مافی جیاوازبوونی لەوانی دی و گوزارشتدانەوە لەو مافەی نەبێت، ئازادی بۆ ئەو مانایەک نابەخشێت. ڕیشەی فرەییش دیسانەوە بوونی جیاوازی و ڕەواییەتپێدانیەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی سیاسیی ڕێکخراودا.

پێناسەکردنی د. قاسملوو بۆ دیموکراسی لەڕێی ئازادییەوە و وێناکردنی ئازادییش لەسەر بناغەی ڕەسەنایەتی هەتا چەمکی هاووڵاتیی ئازاد و یەکسان، ئاماژە بەو گۆڕانکارییە فیکریە دەکات کە بەسەر بیرکردنەوەی ئەودا هاتووە. هەروەها دەربڕینی ڕوونی دیدگایەک بۆ دیموکراسی کە شتێ نییە جگە لە ئازادییەکی ڕێکخراو. بە واتایەکی تر «ئازادی» بنەڕەت

و ئامانجە. دێموکراسی چوارچێوە و میکانیزم و دەستەبەری دامەزراوەییە، بۆ ڕێکخستن و پاراستنی ئازادی لە کۆمەڵگەیەکی سیاسیی هاوچەرخی ڕێکخراو و عەقڵانی و چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دەسەڵات و ئازادی، بەجۆرێک ئازادی سەر نەکێشێ بۆ بێسەروبەری و بەڕەڵایی. هەروەها دەسەڵاتیش نەبێتە مۆتەکەی کۆمەڵگە و ئامرازی خۆسەپاندنی گرووپ و دەستەبژێرێک بەسەر کۆمەڵگەدا. بەڵام د. قاسملوو لە دەستنیشانکردنی دیدی خۆی بۆ پەیوەندی نێوان ئازادی و دێموکراسی، لەڕێی ئاماژەکردنی بە «ئازادیی فەرهەنگ» ناڕاستەوخۆ و لەدووتوێی خودی مەنزومەی چەمکە لیبرالییەکەدا، خزمەت بە مەسەلەی میللەتەکەی دەکات کە لە مێژووی نوێی خۆیدا، کێشەی داننەنان بە فەرهەنگ و ناسنامەی نەتەوەییەکەیدا هەیە.

**دووەم/ دێموکراسی و فیدرالیزم و دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەریی نێوخۆیی:**

د. قاسملوو باش لەوە تێدەگا کە خودی دێموکراسیی لیبراڵی زیاد لە مۆدێلێکی پیادەکردنی هەیە و هەموویان وەک یەک بۆ کورد گونجاو نین، ئەگەر دەخوازیت کێشەکەت لەگەڵ ناوەندە دەسەڵاتدارەکاندا چارەسەر بکەیت. بە واتایەکی تر بوونی ئازادیی تاکەکەسی و هاووڵاتێتیی ئازاد و یەکسان و زۆرینە و کەمینەی سیاسی، لە وڵاتێکی فرەنەتەوەیی و فرەئایینی و فەرهەنگی وەکوو ئێران و عێراق و تورکیە و سووریەدا، کە کورد و کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، دادپەروەری و یەکسانیی گرووپەکان و چارەسەری کێشەی کورد و مەسەلەی کوردستانی بەدوادا نایەت. چونکە زۆرینەی نەتەوەیی و مەزهەبی یەکێکیان یاخود پێکەوە، زۆرینە سیاسییەکە لە نێوەرۆکی خۆی بەتاڵ دەکاتەوە و فۆرمێ لە ستەمکاری و باڵادەستی و نایەکسانی لەسەر ئاستی پێکهاتەکانی وڵاتدا لە بەرگی دێموکراسیدا دەسەپێنێت. لەم چوارچێوەدا پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان «دێموکراسی» و «دادپەروەری»دا دێتە کایەوە، و دووبارە پێناسەکردنەوەی چەمکی دێموکراسییە لە ڕوانگەی دادپەروەرییەوە. واتە دێموکراسی کاتێک

دێموکراسییە کە دادپەروەریی نێوان گرووپ و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیەک و یەکیەتیی ئارەزووومەندانە و فرەیی نەتەوەیی و مەزهەبی و فەرهەنگیی بەدوادا بێت. بە واتایەکی تر دێموکراسی پێش ئەوەی حوکمی زۆرینەی سیاسی بێت، پارێزگاری و دەستەبەرکردنی مافی کەمینە و دڵنیابوونیەتی لە مافەکان و ئایندەی خۆی. بۆ ئەمەش «دێموکراسیی تەوافوقی» و «فیدرالیزم» بە چارەسەر دادەنرێت. چونکە «دێموکراسیی تەوافوقی» نەک هەر سنوور بۆ باڵادەستیی زۆرینە دادەنێت، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتەوە زۆرینە و کەمینە لا دەبات و «پێکهاتە» دەخاتە شوێنی. «فیدرالیزم›یش میکانیزمی پیادەکردنی دێموکراسیی تەوافوقی و دابەشکردنی دەسەڵات و ڕزگاربوونە لە مەترسیی سەرلەنوێ لە سنوور دەرچوونی دەسەڵاتی کۆکراوەی ناوەند و پێشێلکردنی مافەکانی ئەوانی دی.

«فیدرالیزم» بە کورد و هەر چوار وڵاتی ناوچەکە، تەنیا هەر شێواز و تەکتیکێکی ئیداری نییە بۆ جوانتر بەڕێوەبردنی وڵات، یان باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و قووڵترکردنەوەی بەشداری سیاسیی هاووڵاتیان. بەڵکوو پێشمەرجێکی هەر چارەسەرێکی مام ناوەندی و سازان لەسەرکراویشە بۆ کێشەی کورد و مەسەلەی کوردستان لە چوارچێوەی بە یەکگرتوویی مانەوەی قەوارەکانی ئێستادا. چونکە ئەم چارەسەرە جگە لەوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نوێ لەنێوان پێکهاتەکان و گەلی ئەو وڵاتانەدا دەخوازێت، پێویستیی بە دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەت و دەسەڵات و کارگێڕییشە لە پێناو دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەری نێوخۆیی و هێنانەدیی فرەیی نەتەوەیی و مەزهەبی و بە گشتی فەرهەنگی و دادپەروەری.

د. قاسملوو لە دوا ساتەکانی ژیانی خۆی و ئەو گفتوگۆیانەی کە ژیانی خۆی تێدا کردە قوربانی و لەپێناو ئایندەی نەتەوەکەیدا شەهید بوو، ئەو پەیامە بە سیستەم لە تاران دەدات کە: چاوەڕێی سازشکردنمان لەسەر مەسەلەی خودموختاری لێ مەکەن و ئەوە بەلای ئێمەوە پیرۆزە. واتە مافی قسە لەسەرکردن و ئیرادەی دەستلێبەربوونمان نییە و ئەمە پرسێکە

و بڕاوەتەوە، بە حوکمی ئەوەی چارەسەری لانی کەمە و خوار ئەو شتێک بە ناوی چارەسەر نامێنێ و دەگۆڕێت بە عەدەمییەتی سیاسی. بۆیە ئەم پرسە بۆ کورد بابەتێکی «چەسپاو»، «بنەما» و «ئامانجی ناوەندی»ییە. لێرەشەوە لایەنی بەرانبەر ئەگەر ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و پرسی کوردستانی هەبێت، دەبێت ئامادە بێت قسە لەسەر فیدرالیزم و شێوازەکانی پیادەکردنی ئەم مافە بکات لەسەر ئاستی واقیع و دامەزراوەییدا.

د. قاسملوو لەڕووی ڕەسەنسازی و سروشتیبوونی تەرحی فیدرالیزم بۆ ئێران سەرنج بۆ مێژووی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی لە ناوچەکەدا ڕادەکێشێت، کە چۆن هاوشێوەی فیدراڵی و بگرە زۆر فراوانتریش قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکانیان بەڕێوە بردووە، بەوەش دەخوازێت سەرنج بۆ زیاد لە خاڵێک ڕابکێشێت، وەک:

١. فیدرالیزم بە فەرهەنگی حوکمڕانیی ناوچەکە نامۆ نییە.

٢. گەر پێوەرتان ئیسلامییە و خۆتان بە درێژکراوەی ئەو مێژووە دەزانن، دەبێت ئاسانتر لە خەڵکی تر ئەم پرسە هەزم بکەن.

٣. دەسەڵاتی ناوەندی بیدعەیەکی مۆدێرنە و مۆدێلی «دەوڵەت ـ نەتەوە»ی خۆرئاوایە. ئەگەر لەوێ لە سەرەتادا بووبێت بۆ تێپەڕاندنی دابەشبوونی دەرەبەگییەکان، دواتر لەڕێی میکانیزمەکانی دێموکراسی و لە زۆر شوێنیشدا فیدرالیزم ئەوان هاتوون لە خراپەکانیان کەم کردۆتەوە.

٤. فیدرالیزم چارەسەری مام ناوەندی و عەقڵانیی چارەسەری لانیکەمی پرسی کورد و مەسەلەی کوردستانە، وێڕای پارێزگاریکردن لە قەوارەی ئێستای دەوڵەت و یەکیەتیی خاکەکەی وەک قەوارەیەک لە چوارچێوەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتیدا.

## سێهەم/ دووبارە پێناسەکردنەوەی چەپ و سازگارکردنی لەگەڵ ئەرک و ئامانجە دێموکراتیکەکاندا:

د. قاسملوو خۆی پاشخانەکەی چەپ بووە و بە کاریگەربوونی حیزبەکەی و بە گشتی ناسیۆنالیزمی کوردیش بە «مارکسیزم»و «مائۆییزم»ی زانیوە.

دەی دێموکراسیی ئازادی‌تەوەریش دانووی لەگەڵ ئەو جۆرە ئیدیۆلۆژییەدا ناکوڵێت، چونکە جیاوازیی بونیادی و جەوهەرییان لەگەڵ یەکدا هەیە بۆ سنووری دژ بە یەکی و ئەستەم‌بوونی لەگەڵ یەک‌هەڵکردنی لۆژیکی و مەیدانیدا. بۆیە هیچ هەوڵێکی دووبارە بیناکردنەوەی چەمکی دێموکراسی لە وشیاری کوردیدا سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر بێت و هاوڕا نەبێت لەگەڵ دەستبەرداربوون لە چەپ، یاخود دووبارە پێناسەکردنەوەی لە چوارچێوەی ئەرکە دێموکراتیکەکاندا. د. قاسملوو دووهەمیان هەڵدەبژێرێت، واتە دووبارە پێناسەکردنەوەی چەپ (سۆسیالیزم)، ئەویش لەڕێی هێنانەگۆڕێی مەسەلەی «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» وەک نێوەرۆکی فیکری ناسیۆنالیزمی کوردی و دەستبەرداربوون لە سۆسیالیزمی مارکسی-لینینی و مائۆیی. ئەمەش لەڕووی فیکرییەوە بە هەنگاوێکی عەقڵانی و پێویست و دووربینانە دادەنرێت. چونکە جگە لەوەی نایەوێت لەڕێی بانگەشەکردن بۆ دابڕانێکی قووڵی فیکری لەگەڵ پاشخانی چەپ لە کوردستان و حیزبەکەیدا شڵەژانێکی دەست‌بەسەردانەگیرا و دروست بکات، بە حوکمی ئەو بۆشاییە فیکری و دەروونییەی هەنگاوێکی لەو جۆرە بەدیی دەهێنێت، دەشیهەوێت بڵێت: تێگەیشتن لە بایەخی ژیاری و سیاسی و ئەخلاقیی دێموکراسی وەک شێوازێک بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکان و پارێزگاری‌کردن لە شکۆ و ئازادیی هاوڵاتی، مەرج نییە یەکسان بێت بە لەگەڵدا ڕۆیشتنی تا ئەوسەر لەگەڵ لۆژیکی قازانج‌ویستانە و نامرۆڤانەی هەندێ ڕووی سەرمایەداری و ڕێساکانی بازاڕی ئازاد؛ کە لەسەر حیسابی ژیان و گوزەران و کەرامەتی میلیۆنان مرۆڤ تەواو دەبێت، چینایەتی لە کۆمەڵگەدا قوڵ دەکاتەوە، پاساویش دەدات بە چەپی ڕادیکاڵ بۆ بوون و دەنگ‌هەڵبڕین و سازدانی بەشێ لەو خەڵکەی دڵڕەقی بازاڕ و سەرمایەداریی بەرژەوەندیخواز، ئاسۆیەکیان لە بەردەمدا ناهێڵێتەوە.

لێرەوە هەروەک چۆن «فیدرالیزم» بە چارەسەرێکی مام ناوەندی بۆ چارەسەرکردنی لانیکەمی پرسە نەتەوایەتییەکە دادەنرێت، سۆسیاڵ دێموکراسییش کە بەرهەمی موتوربەبوون و کارلێکی عەقڵانیی نێوان

لیبرالیزم و هەندێ بەهای چەپە –لەوانەش دادپەروەریی کۆمەڵایەتی– دەتوانێ جۆرێ لە هاوسەنگیی کۆمەڵگە بێنێتە دی و باشییەکانی سۆسیالیزم و لیبرالیزم پێکەوە کۆ بکاتەوە، ئەویش لەڕێی کاراکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی لانیکەمی ژیان و دەستەبەری بۆ هەموو هاوڵاتییەک و دواتر دەرگاکردنەوە بۆ کێبڕکێی بازاڕ و چالاککردنی ژیانی ئابووری لەڕێی ڕێزگرتن لە یاساکانی بازاڕێکی بەدەستوریکراو، هاوشێوەی ڕووە سیاسییەکەی لیبرالیزم. هەڵبەت هەموو ئەوە بۆ «حیزب» و ناسیۆنالیزمێکی زۆر جار بێبەش لە مافی چارەنووس و دەوڵەت و تەنانەت هەرێمی خودموختار واتای وەرگێڕانی بۆ واقیع ناگەیەنێت؛ بەڵکوو چەند ئەرکێکی تری ئیدیۆلۆژی و ڕەمزی و ئایندەنیگاری دەگێڕێت، وەک:

١. دووبارە داڕشتنەوەی ناسیۆنالیزم و حیزب لەگەڵ پاشخانە چەپە ڕادیکاڵەکەی بە قازانجی بەتەوەربوونی زیاتری ناسیۆنالیزم و مەسەلە نەتەوەییەکە لە بیرکردنەوەی سیاسیدا.

٢. پڕکردنەوەی بۆشایی فیکریی ناسیۆنالیزمی کوردی بە حوکمی ئەوەی ناسیۆنالیزم بە پلەی یەکەم «هەست» و «ئینتما» و «ناسنامە»یە و پێویستیی بە دیدێکی فەلسەفیی دیاریکراو بۆ تێڕوانین، ژیان و مرۆڤ و دەوڵەت هەیە.

٣. وێناکردنی ئەو ڕێژیمەی لە داهاتوودا دەبێتە دڵخواز و داواکراو.

٤. بەکارهێنانی بۆ پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ پارتە سۆسیال دێموکراتەکانی جیهان و ڕێکخراوی ئینتەرناسیونال سۆسیالیست. کە دواتر بینیمان چۆن بە هەوڵی ئەو حیزبی دیموکرات بووە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە و دواتر ڕێگای بۆ هەندێ هێزی سیاسیی پارچەکانی تریش کردەوە کە بوون بە چاودێر و ئەندامی ڕێکخراوەکە کە یەک لەوان یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان بوو.

تەرحکردنی تێزی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ناونیشان بۆ قبوڵکردنی دێموکراسی بە نێوەرۆکە لیبرالییەکەیەوە، تێگەیشتنی دروست

و وشیارییەکی مێژوویی پێگەیشتوو پێشبینیکردنێکی ڕاست بووە، بۆ ئەوکاتەی جیهان و ناوچەکە و داهاتووی ململانێی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا. چونکە هاوکات بوو لەگەڵ پرۆسترۆیکا لە سۆڤیەت و نزیکبوونەوە لە کۆتاییەکانی شەڕی سارد و سەرکەوتنی لیبرالیزم بە سەر کۆمۆنیزمدا. ئەو دەرکی بەوە کردبوو کە خۆ پێناسەکردنەوەی ئایدۆلۆژی و قبوڵکردنی دیموکراسی پێویستییەکی نەتەوەیی و فیکری و سیاسییە. جیاکردنەوەی مەسەلەی کوردە لە توندڕەویی چەپ و پۆلێنکردنە تەقلیدییەکانی پێشوو. دووبارە پێناسەکردنەوەی دۆستەکانی گەلی کورد و گواستنەوەیە لە وڵاتانی کۆمۆنیستی و پارتە سۆسیالیستە مارکسی و مائۆییستەکانەوە بۆ حیزب و وڵاتە سۆسیاڵ دیموکراتەکان. خۆگونجاندنە لەگەڵ پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و دەرفەتەکانی ئەو دنیا نوێیەی جیهان ژانی لەدایکبوونی گرتوویەتی و پێوەر و زێهنییەتە کۆنەکان توانای هەڵکردن و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵدا نییە.

بەم جۆرە د. قاسملوو لە چەند دەقێکی دیاریکراوی مێژووییدا، دووبارە پێناسەی دیموکراسی دەکاتەوە و لە هەمان کاتیشدا دەیبەستێتەوە بە دادپەروەریی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، دادپەروەریەک توانای لەخۆگرتنی چارەسەری لانیکەمی پرسی کورد و دووبارە دابەشکردنەوەی سەروەت و بەرگریکردنی لە کەرامەتی هاووڵاتی لە پەیوەندی بە لانیکەمی ژیانێکی ئابڕومەندانەوە هەبێت.

# د. فرێدریك تیسۆ:ماڵەکەم لە نیزیك ماڵی قاسملووی هاوڕێ و مامۆستامە

**ئاماژە:** چەند ساڵ لەوەپێش (٢٠١٨) تۆڕی میدیایی ڕووداو لە بەرنامەی «پەنجەمۆر»دا میوانداریی د. فرێدریک تیسۆ، ئەندامی ڕێکخراوی پزیشکانی بێ‌سنوور و سەرکۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە هەرێمی کوردستانی کرد. لەو دیمانەیەدا کە لە دوو بەشدا بڵاو بۆوە، د. تیسۆ لە چوارچێوەی باسێکی سیاسیدا چەند بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ د. قاسملوو گێڕایەوە و لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی لە چەند مژار و بابەتێکی پێوەندیدار بە خەباتی حیزبی دێموکرات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

پێمان باش بوو ئەو بەشە لە وتووێژەکەی کاوە ئەمین لەگەڵ د. تیسۆ کە پێوەندیی بە حیزبی دێموکرات و د. قاسملووەوە هەبوو، لێرەدا بیهێنینەوە:

**دوکتور تیسۆ دیدارێکی تۆ کەنداڵ نەزان دەبێتە هۆی ئەوەی تۆ کورد بناسی، پێشتر هیچت لەباری کوردەوە نەدەزانی؟**

من لە ساڵی ١٩٨٠ دوکتور کەنداڵ نەزانم بینی. داوای لە ڕێکخراوی پزیشکانی نێودەوڵەتی کە ڕێکخراوێکی فەڕانسییە کرد، سەردانی کوردستانی ئێران بکات. چونکە لەو کاتەدا کورد کێشە نەبوونی پزیشکی هەبوو. ئێمە

وەکوو تیمێک کە لە سێ پزیشک پێکهاتبوو، سەردانی کوردستانی ئێرانمان کرد. لەو کاتەدا سەفەرکردن زۆر زەحمەت بوو. لەوبەر ئەوەی ئەوکات مانگی سێپتامبری ١٩٨٠ لە تورکیە کودەتا کرابوو و، پەڕینەوە لە تورکیە بۆ ئێران سەخت بوو. بەڵام توانیمان ئەو کارە بکەین و لەبیرمە دوای سێ حەوتوو گەیشتینە دەفتەری سیاسیی دوکتور قاسملوو.

**تۆ ئەوکات لەگەڵ کۆمەڵەی پزیشکان یارمەتی پزیشکانی جیهانی کارت دەکرد، یا خود پزیشکانی بێسنوور؟**

نەخێر لەو کاتەدا تەنیا لەگەڵ ڕێکخراوی پزیشکانی نێودەوڵەتی کە ڕێکخراوێکی فەڕانسەییە کارمان دەکرد و لە نەخۆشخانەی شنۆ دەستبەکار بووین.

**یەکەم دیداری تۆ لە شنۆ لەگەڵ نەبی قادرییە. وایە؟ زۆر باسی دەکەی پیاوێکی چۆن بوو؟**

پیاوێکی زۆر مێهرەبان بوو، فەرماندەیەکی پێشمەرگە و پیاوێکی زۆر بەڕێز بوو. دۆستێکی زۆر باش بوو، زۆر باش لەبیرمە جارێک چووینە لای بۆ ئەوەی ڕیش و سمێڵمان بتاشین. هەموو جارێک کە دەچووینە شاخ بۆ چارەسەری پزیشکیی پێشمەرگەکان لەگەڵمان دەهات. بەڕاستی پیاوێکی باش بوو.

**زۆر لە شنۆ مانەوە یەکەم جار؟**

بەڵێ. نیزیک بە شەش مانگ ماینەوە. لە نەخۆشخانەکە چەند پەرستارێکی کورد هەبوون، بەڵام پزیشکی لێ نەبوو. ئێمە چووینە نەخۆشخانەکە و مامانێکیشمان لەگەڵ بوو. مەبەستمان ئەوە بوو ئەو مامانە لە نەخۆشخانە یارمەتی لەدایکبوونی منداڵان بدا. زۆر گرینگ بوو، ژنانی ناوچەکە کاتی منداڵبوون سەردانی نەخۆشخانە بکەن.

**تو لە شەوێکی تاریکدا، دەچیتە نێو ئەشکەوتێکەوە و دەرگایەک**

**دەکرێتەوە. لەوێ چەند کەسێک دانیشتوون و کەسێک بە زمان فەڕانسەوی، بەخێرهاتنت دەکا. ئەو کەسە کێیە و هەستت چۆنە کەسێک لە کوردستان لەنێو ئەشکەوتێکدا بە فەڕانسەوییەکی جوان لەگەڵ تۆ قسە دەکا؟**

ئەو کەسە دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو بوو. گوتی بەخێر بێن پزیشکە فەڕەنسییەکان. زۆر سەرنجڕاکێش بوو، لەبەر ئەوەی بۆ ئەوەی بۆم دەرکەوت لەو ئەشکەوتەدا دوکتور قاسملوو، دوکتور شەڕەفکەندی و سێ -چوار ئەندامی دیکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات ئامادە بوون. شتێکی خۆش بوو، لەبیرمە ئەوکات تووشی شۆک بووم.

**ئەوە یەکەم جاربوو کە دوکتور قاسملووت دەبینی؟**

بەڵێ یەکەم جار بوو. وەکوو پێم گوتی، تووشی شۆک بووم، چونکە قاسملوو کەسێکی زۆر بەڕێز بوو. بە چەند زمان قسەی دەکرد و فەڕەنسییەکی زۆر جوانیشی دەزانی.

**لە بیرەوەرییەکانت لە کتێبەکەتدا باسی وشەیەک دەکەی کە زۆر جار پێشمەرگە بەرکایان هێناوە، ئەو وشەیە چییە؟**

شەوێک بە ڕێگایەکدا، دەڕۆیشتین. شەوێکی زۆر تاریک بوو. پێشمەرگە لە پێش منەوە دەڕۆیشت، لە ناکاو کەسێک هاواری دەکرد کێیە؟ من لەو کاتەدا ڕاچڵەکیم و زۆر ترسام. ئەو کەسە پاسەوانی بەردەم دەفتەری سیاسی بوو. وشەی کێیە، ناونیشانی یەکەم بەشی کتێبەکەمە، لەبەر ئەوەی ئێستاش ئەو دەنگە لە مێشکمدا دەزرینگێتەوە.

**باشە ئەو کاتە ئێوە سێ فەڕانسەویی هاتبوونە کوردستان بۆ ئەوەی هاوکاریی نەخۆش و بریندارەکان بکەن؟**

بەڵێ بێگومان. ئێمە سێ کەس بووین، دووانمان پزیشک بووین، ئەمن و فلیپ کازالف و ژنێکیش کە ناوی فرانسوا بێری بوو. ئەو ژنە ماوەیەکی زۆر لە کوردستان مایەوە، دوای ئەوەی کە گەڕاوە بۆ فەڕانسە کاری

زۆری بۆ خەڵکی کورد کرد.

**ئەو کاتە خومەینی هاتبووە سەر کار، شۆڕش کرابوو لە ئێران، سێ فەڕانسەویی لەوێن پێوەندی حکومەتی فەڕانسە و ئێران چۆن بوو؟**

لەو کاتەدا ڕەوشەکە زۆر سەخت بوو، چونکە لەلایەک ئێمە لە فەڕانسە پێشوازیمان لە خومەینی کردبوو و ماوەی چەند ساڵێک لە فەڕانسە مابۆوە هەتا دواتر لە ١٩٧٩دا گەڕاوە بۆ ئێران. خومەینی دوای ساڵێک شەڕی لەدژی کورد ڕاگەیاند و پزیشکە فەڕەنسییەکان هاتن بۆ کوردستان بۆ یارمەتیدانی خەڵکی کورد. بەڵام مەحاڵ بوو بۆ خومەینی و حکوومەتەکەی قبووڵی بکەن پزیشکە فەڕەنسییەکان ئەو کارە بکەن و ئەوە کارێکی سەخت بوو بۆ ئێمەش. چونکە سپای پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران هەوڵیان دەدا دەستبەسەرمان کەن، بەڵام ئەوەش مەحاڵ بوو. بەنی سەدرەت لەبیرە، سەرۆککۆماری ئەوکاتی ئێران. ئەو کاتی خومەنیی ڕابەڕی باڵا بوو، دواتر بەنی سەدر ڕای کردوو و چووە فەڕانسە. لەو کاتەوە فەڕانسە و حکوومەتی ئێران بوونە دوژمن. ئەو کارەی ئێمە زۆر مەترسیدار بوو، بەڵام گوێمان بەوە نەدەدا.

**تۆ چوویەتە زۆر شوێن مەغریب، ئەفغانستان و... بەڵام باسی ئەوە دەکەی کە کێشەی کورد بۆتە کێشەی تۆ بۆچی ئەو پێوەندییە توندوتۆڵەت لەگەڵ کورددا دروست بوو، هۆکارەی چی بوو؟**

بە دیاریکراوی نازانم کاتێک کە خەڵکی کوردم ناسی، هەستی خۆشەویستیم بۆ کورد لەلا دورست بوو. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکە وڵاتیان نەبوو. لە شەڕدا بوون بەرانبەر تاران، تورکیە، بەغدا. لە سووریەش بە هەمان شێوە بوو. بۆ من زۆر سەخت بوو واز لەو خەڵکە بێنم. من پزیشک بووم و لەوێ خەڵکی کورد، کێشەی کەمیی پزیشکیان هەبوو. بۆیە لەوێ مامەوە. ئێستاش لە خەڵکی کورد زۆر نیزیکم.

**تۆ زۆر باسی شەهید قاسملوو دەکەی. لە کتێبەکەتدا باسی ئەوە**

**دەکەی وەکوو هاوڕێیەک و مامۆستایەکت بووە. دەڵێی ناسنامەی کوردیی لەدایکبوونی تۆی واژۆ کردووە، چییە یانی تۆ خۆت بە بەشێک لە کورد دەزانی لە ڕێگای قاسملووەوە؟**

بەڵی. ئەو مامۆستای من بوو و هەموو بەسەرهاتەکانی خەڵکی کوردی فێر کردم. بەسەرهاتی مەهاباد، هەروەها چیرۆکی کۆچکردنی مەلا مستەفا بۆ سۆڤیەت، سەرەڕای هەموو وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکی کورد لە تورکیە و سووریە و ئێران و هەموو بەشەکان. بێگومان بەدرێژایی ژیانم، وانەکانی ئەوم وەبیر دێتەوە. قاسملوو، دێموکراتێکی ڕاستەقینە بوو، کەسێکی ڕووناکبیر بوو، لە هەمان کاتدا ڕابەڕی هێزێکی شەڕکەر بوو. زۆرجار قسەم لەگەڵ دەکرد و دەمگوت دوکتور قاسملوو، ڕەنگە ئەو کاری ئێوە ئێستا دەیکەن بەتەواوی دێموکراتیکانە نەبێ. ئەویش دیگوت بەڵێ دوکتور تیسۆ، بەڵام پێویستە شتێک بزانی، لە کاتی شەڕدا زۆر زەحمەتە بەتەواوی پێڕەوی لە دێموکراسی بکەی. لەبەر ئەوەی ئێمە دوژمنمان هەیە و ئەو دوژمنە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدا هێرشمان بکاتە سەر، چونکە ئێمە زۆر دێموکراتین. ئەوە وانەیەکی زۆر باش بوو بۆ من.

**باسی شەڕت کرد، بۆخۆت لە نیزیکەوە شەڕت دیوە لە کوردستان؟**

بەڵێ، بێگومان بە باشی لە بیرمە. سەرلەبەیانییەک لەگەڵ دوکتور قاسملوو و چەند کەسایەتییەکی دیکە چووینە بەری شەڕ لە نیزیک بۆکان. لەوێ شەڕێکی گەورە هەبوو ٢ تا ٣ کاژمێر بەردەوام بوو. ئێمەش لەوێ بووین، چونکە حەزمان دەکرد زۆر نیزیک بین لە پێشمەرگەوە. لە هەمان کاتدا ئێمە ئامادە بووین بۆ بە هاناچوونەوەی پێشمەرگە بریندارەکان. شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە نیزیکەوە چوومە بەری پێشەوەی شەڕ. من شەڕکەر نەبووم، بەڵام واقیعی شەڕم لە نیزیکەوە بینی. لەو شەڕەدا ١٠ تا ١٥ کەس لەلایەن پاسدارەکانەوە کوژران.

**لە کتێبەکەتدا باسی ئەوە دەکەی شەهید دوکتور قاسملوو بەتایبەتی ئەو و پێشتریش مەلامستەفا بارزانی، حەزیان لەوە نەدەکرد کە**

**تێرۆر بکرێ. بەڵام فەلیستینییەکان ئەوەیان کرد. لە ساڵی ١٩٧١دا چەند کەسێکی ئیسراییلیان کوشت. پێتوایە ئەوان توانییان لە ڕێگای ئەوانەوە فەلەستین بە جیهان بناسێنن. بەڵام کوردستان هەتا دوای ٩٠یش نەناسراو ماوە لە جیهاندا؟**

بەڵێ دوکتور قاسملوو جارێک لەو بارەوە قسەی لەگەڵ کردم. ئەوکات شتمان لە باری کردەوەکانی فەلەستین و یاسر عەرەفات دەبیست کە خەڵکیان دەکوشت. قاسملوو پێی گوتم ئێمە وەکوو کورد هیچکات خەڵکی بیانیمان نەڕفاندووە و، هەرگیز کردەوەی هاوشێوەی یاسر عەرەفات ئەنجام نادەین، چونکە ئەو کارە تێرۆریستییانە لەگەڵ دێموکراسی ناگونجێن. ئەوە وانەیەکی دیکە بوو لە قاسملووی فێر بووم.

**بەڵام دواجار عەرەفات خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی وەرگرت؟**

بەڵی دەزانم، ئەو خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی وەرگرت و دوکتور قاسملووش لەلایەن ڕێژیمی تارانەوە کوژرا. جیاوازی هەبوو لەنێوان ئەو کوردە ڕووناکبیرە و سەرکردە فەلەستینییە. من دەتوانم بەدرێژی لەو بارەیەوە قسە بکەم.

**دوکتور تیسۆ ئەدی لە بارەی شەڕی نێوخۆیی کوردەوە، گوتت لە . قاسملووم پرسیوە و ئەو گوتویەتی کە هۆکاری ئەو شەڕە (حیزبی دێموکرات و قیادەی مووەقەت) دەزانم. هۆکارەکەی چی بوو لە لای ئەو، چیرۆکی ئەو شەڕە چی بوو لەنێوان کورد و کورددا؟**

بەڵێ، باسی ئەو شەڕەی کرد کە لەنێو کوردا هەبوو. ئەو باسی هۆکارەکانی بۆ کردم، پێشمەرگەی بارزانی و پارتی لەلایەن ئێرانەوە پشتگیری دەکران و قاسملوو و حیزبی دێموکراتیش لەلایەن بەغداوە پشتگیری دەکران. بێگومان هێندێک جار دوژمنایەتییان لەنێواندا نەبوو. بەڵام، لەلایەن وڵاتانی جیاوازە پشگیرییان لێ دەکرا لە شەڕەکەدا. ئەوکات شەڕی ئێران و عێراق هەبوو، بێگومان دڵنیام هێندێک جار ئێران داوای لە پارتی دەکرد پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بکوژێ. چونکە ئەوان

لەدژی ئێران شەڕیان دەکرد. ئەوەش چیرۆکی کوردە. ئێستا دەبینی کەمێک ڕەوشەکە، هەر بەو شێوەیەیە بەداخەوە. ئەوە چیرۆکی کوردە. هەموو وڵاتانی دەوربەریان کە دژایەتیی یەکتر دەکەن، کورد بەکار دێنن وەکوو شەڕکەری خۆیان، ئەوە هۆکارەکەیە. هۆکارەکە خودی کورد نییە، بەڵکوو ئەو وڵاتانەن. بەڵێ من لەوە تێگەیشتووم و دەزانم بۆچی هێندێک جار تێگەیشتن لە چیرۆکی کورد هێندە سەختە و بۆچی دابەش بوون.

**ئێوە لە بەغداوە هاتوچۆتان دەکرد و لەگەڵ دێموکراتیش دۆست بوون، دیارە ئاگاشتان لە عێراق هەبووە. عێراق چ جۆرە هاوکارییەکی دێموکراتی دەکرد؟**

بە دیاریکراوی نازانم، بۆیە ئەوە شتێکی نامۆ بوو کە دەمانبینی پێوەندی لەنێوان سەددام و دێموکرات هەبوو. دوکتور قاسملوو بۆی ڕوون کردمەوە کە ناچارە پشتگیری بەدەست بێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ لە دەرەوەی وڵات کارە حیزبییەکانی بکات. هەروەها ڕەنگە بۆ وەرگرتنی پارە و چەک و تەقەمەنی بووبێت. ئەمن بە تەواوی نازانم. ئەی پشتگیریی تاران بۆ مەسعوود بارزانی چی بوو؟ ئەوەش نازانم. لەبەر ئەوەی، ئەوە کاری من نەبوو بزانم بەغدا چی دەدا بە حیزبی دێموکرات.

**باشە ئەدی حکوومەتی فەڕانسە هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی دەکرد؟**

نەخێر حکوومەتی فەڕانسە هیچ هەماهەنگییەکی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان نەبوو. کورد لە فەڕانسە نەناسراو بو. کەس لە شارەزای پرسی کورد و کوردستان و شەڕەکانی کورد نەبوو. ڕەنگە تەنیا یەک دوو دیپلۆماتێک ئاگادار بووبن. تەلەڤیزیۆنەکان کەس باسی نەدەکرد. لەنێو حکوومەتی فەڕانسە کەس سەرقاڵی ئەو پرسە نەبوو. بەداخەوە، تەنیا کۆمەڵگەی مەدەنی و N.G.Oکانی وەکوو ئێمە ئاگاداری ئەو شەڕە بوون. ئێمە هەوڵی پاراستنی خەڵکمان دەدا، یارمەتیمان دەدان. ئەوەش ڕاستییەک بوو کە بەغداد یارمەتیی حیزبی دێموکراتی دەدا. تارانیش یارمەتیی مەسعودد

بارزانیی دەدا، ئەوە چیرۆکی کورد بوو. بۆیە تێگەیشتن لەوە سەخت بوو، ئەوە واقیع بوو و ئێستاش چیرۆکەکە وەکوو خۆیەتی.

**ئەوکات کە تۆ لە کوردستان بووی، جارێک خۆشەویستەکەت هات سەردانی کردی، هەر لەبەر ئەوە هاتبوو کار بکات، یان لەبەر تۆ هاتبوو، یان یارمەتیی خەڵکی کوردستان بدا؟**

بەڵێ، جارێک بە دوکتور قاسملووم گوت کە من پێویستە بگەڕێمەوە بۆ فەڕانسە. گوتی، نەخێر لێرە پێویستمان پێتە و پێویستە بمێنیتەوە. منیش گوتم تکایە پێویستە بڕۆم. ئەو کات هاوژینم نەبوو، خۆشەویستم هەبوو. بە قاسملووم گوت خۆشەویستەکەم لە پاریسە، ناوی کاترینە. پێویستە بگەڕێمەوە پاریس، چونکە پێویستمان بەوەیە هێندێک کات پێکەوە بەسەر بەرین، ئەویش گوتی باشە دوکتور تیسۆ، بەڵام منیش چارەسەرم پێیە. تۆ لێرە بمێنەوە، من پارەی خۆشەویستەکەت دەدەم با بێ بۆلات. ئەویش هات بۆ کوردستان، بێگومان ئەو بۆ لای من هات، بەڵام سوودیشی هەبوو بۆ خەڵکی کورد. لەگەڵ من هاوکاریی خەڵکی کوردی دەکرد، لەو شەڕەدا.

**ئەگەر باسی پاڕادۆکسێک بکەین. لەلایەک دوکتوری فەڕانسەوی خزمەتی بریندارەکان و پێشمەرگە دەکا. بەڵام لەلایەکی دیکە بۆمبی فەڕانسەوی لە کوردستان دەتەقێتەوە و ئەو بریندارانەی کە بە بۆمبی فەڕانسەوی زامار بوون، دەیانهێنن بۆ لای تۆ و تۆ تیماریان دەکەی؟**

بێگومان ئەوە پارادۆکسە، هەمیشە پارادۆکس هەیە. ئەوکات کوردی ئێران لەلایەن سەددامەوە پشتگیری دەکران و کوردی عێراقیش لەلایەن تارانە؛ ئەی ئەوە پارادۆکس نییە؟ لە وڵاتی منیش، هێندێک کەس بۆمبیان دروست دەکرد و وڵاتەکەمان ئەو بۆمبانەی بە چەند ڕێژیمێک دەفرۆشت. بە سەددام و ئێران و سعوودی. دوای ماوەیەک ئێمە فەڕانسەوی دەبوا ئەوانەی کە بە بۆمبی فەڕانسەویی بریندار ببوون، چارەسەریان بکەین. بەڵام کێشەکە تەنیا بۆمبی فەڕەنسی نییە، بۆ خەڵکەکە جیاوازی نییە، بۆمبی فەڕەنسی، ڕووسی و... هتد. بابەتەکە پارادۆکسە، من دەتوانم چی بکەم؟ ئێمە کاری زۆرمان کرد، چونکە پێویست بوو کۆتایی بەم مێتۆدە

بهێنین. ژین هەمووی پارادۆکسە، من لە کتێبەکەمدا نووسیومە. لە فەڕانسە دراوسێکەم لە کارگەی دروستکردنی بۆمب کار دەکا و ئەو گەڕەکەشم زۆر بەدڵە. پاڕادۆکس ئەوەیە من چارەسەری خەڵکی کوردستان دەکەم و ئەویش بۆمب دروست دەکا. دوای ئەوەی ئەو بۆمبانە، بە سەددام و تاران دەفرۆشرێن بەسەر کورددا، بەر دەدرێنەوە.

**دوکتور تیسۆ تۆ کوردستان بەجێ دەهێڵی و دەچی بۆ مەغریب بۆچی؟ ئایا دوکتور قاسملوو و هاوڕێکانی دوایان لە تۆ نەکرد بمێنییەوە؟**

بێگومان دوایان لێ کردین لە کوردستان بمێنینەوە، بەڵام لەگەڵ هاوژینەکەم بڕیارمان دا کوردستان بەجێ بهێڵین و بە بێدەنگی بچین بۆ وڵاتێکی دیکە. لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە عێراق بوو، لەگەڵ مام جەلال و ئەوانی دیکە. دۆخەکە جیاواز بوو. لە دیوی عێراق نەخۆشخانەیەکمان دروست کرد و تیمێکی فەڕانسەوی دیکە کە سەر بە گرووپی هاوکاریی نێودەوڵەتی بوون، هاتنە لای حیزبی دێموکرات.

**بەڵام ڕۆژێک لە کوردستانەوە تەلەفوونێکت بۆ دێ. کێ بوو؟ چیی پێ گوتی؟**

لەبیرمە مانگی ژوئەنی ١٩٨٤بوو. تەلەفوونێکم لە کوردستانەوە بۆ کرا، زۆر سەیر بوو. چونکە ئەوکات وەکوو ئێستا موبایل نەبوو، تەلەفوون هەبوو. دوکتور قاسملوو بوو. پێی گوتم دوکتور تیسۆ کێشەیەکی بچووکمان هەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکەت و پێویستە بێیەوە و کێشەکە چارەسەر بکەی. منیش گوتم باشە، مافی ئەوەم نەبوو سەردانی ئەوێ بکەم. چونکە بۆ حکوومەت کارم دەکرد، بەڵام بە فڕۆکە چوومە بەغدا. کە چوومە بەغدا لەوێ کوردێک پێشوازیی لێ کردم و دوای خۆم لەنێو ئۆتۆمبیلێکی دێموکراتدا دیتەوە. ئیدی بە ڕێگای کەرکووکدا چوومە سلێمانی، و لەوێشەوە بۆ چیاکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی نێوان ڕێکخراوەکە و حیزبی دێموکرات.

**کێشەکە چ بوو؟**

چارەسەرمان کرد. کێشەکە لێکتێنەگەیشتن بوو لەنێوان تیمە فەڕەنسییەکە و دوکتور قاسملوو، کێشەکەمان چارەسەر کرد.

**ئەوکات بێرنارد کۆشنێر هاتبوو بۆ کوردستان؟ تۆ لە ڕێگای دوکتور قاسملووەوە ئەوت ناسی؟**

بێرنارد کۆشنێریش بۆ هەمان مەبەست هاتبووە کوردستان، بۆ یارمەتیدانی حیزبی دێموکرات. کۆشنێر شارەزای کوردستان بوو و خەڵکی کوردستانی دەناسی. ئەوکاتەش کە گەڕایەوە کوردستان بۆ ئەوە بوو دوکتور قاسملوو ببینێ. هەروەها بۆ ئەوەی بزانێ دەتوانێ چیی بۆ بکات. ئەوکات کە من هاتمەوە بۆ کوردستان ئەویش لەوێ ببوو. پێشتر قەت بێرنارد کۆشنێرم نەدیبوو. بیستم کە لەوێیە، ئەوکات منیش شێوەم وەکوو کورد بوو. وەکوو پێشمەرگەکان کەواوپانتۆڵم لەبەر دەکرد، سمێڵیشم هەبوو و بە کوردییەکی باشیش قسەم دەکرد. دوکتور قاسملوو پێی گوتم فەرموو وەرە دانیشە، ئێستا لەگەڵ دوو پزیشکی فەڕانسەوی کۆبوونەوەم هەیە. منیش هاتم لە پشت دوکتور قاسملوو لەسەر بەردێک دانیشتم. ئەوکات بێرنارد کۆشنێر و دوکتورێکی دیکەی فەڕانسەوی لەوێ بوون و قسەیان دەکرد. ئەگەر دوکتور قاسملوو شتێکی پرسیبا بە کوردی وڵامم دەداوە. پاشان دوکتور کۆشنێر باسی ڕەوشی سلامەتیی هێزەکانی پێشمەرگە و پێداویستییەکانی کرد. دوکتور قاسملوو گوتی، ئێستا دەتوانی لەگەڵ دوکتور تیسۆ باسی ئەو بابەتە بکەی. منیش دەستم کرد بە قسەکردن بە زمانی فەڕانسەوی. دوکتور کۆشنێر چاوی زەق بوو، گوتی ئەو پیاوە فەڕەنسییە؟ خولەکێک لەوە پێش بە کوردی قسەی دەکرد و لەنێو پێشمەرگەکان بوو؟ ئێستا ئەوە فەڕەنسییە؟ لەو کاتەوە پێوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ کۆشنێر هەیە.

**ئێستا دەمەوێ لەسەر شتێکی ناخۆش قسەمان بۆ بکەی. ئەویش شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێموکراتە. تۆ ئەوکاتە لەوێ بووی وەکوو کەسێکی بێلایەن لە دەرەوە، هۆکاری ئەو شەڕە چی بوو، کێ دەسپێشخەریی کرد ئەوەی کە تۆ بیزانی؟**

ناتوانم قسەی لەسەر بکەم، چونکە بەتەواوی نازانم. ئەوکات من کۆنسوولی گشتی فەڕانسە نەبووم. تەنیا پزیشکێک بووم، ئەرکەکەم، ئەرکێکی سیاسی نەبوو. هەواڵی شەڕەکەم بیستبوو، شەڕ هەڵگیرسابوو، شەهید هەبوو لە شەڕی کورد و کورد دا. ساڵی ١٩٩٦ت لەبیرە، چۆن دەکرێ ناویان بنێین شەهید، لە کاتێکدا بە دەستی براکەی خۆیان کوژراون، تێگەیشتن لەوە سەخت بوو. بۆ من سەختب وو کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە لەدژی یەکتر شەڕ دەکەن. ئەوە چیرۆکی کوردە، ئێستا زۆر بەباشی لەگەڵ ئەو چیرۆکانە کار دەکەم. هەوڵی من ئەوەیە کە ئەو شەڕانە هەرگیز لەنێوان کورد و کورددا دووپات نەبنەوە.

**ساڵی ١٩٨٩ یەکێک لە باشترین هاوڕێکانی تۆ کە دوکتور قاسملوو بوو، شەهید کرا. ئەوەت چۆن زانی و هەڵوێستی وڵاتانی ئوروپایی لەسەر تێرۆکردنی چ بوو. بەتایبەتی کە قاسملوو هاووڵاتییەکی ئوروپایی بوو؟ بۆچی لێی بێدەنگ بوون؟**

تا ڕادەیەک دەتوانم بڵێم هیچ نەگوترا. بەڵێ لە نەمسا (ئۆتریش) لەلایەن دیپلۆماتەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە کوژرا. هەموو کەسێک ئەوە دەزانێ، پۆلیسی نەمسا ئەو تێرۆریستانەی دەستبەسەر کرد و دواتر ڕەوانەی ئێران کرانەوە. بەڵام حکوومەتی ئاڵمان و فەڕانسە شتێکی وایان نەکرد، تەنیا چەند قسەیەکیان کرد کە لە دژی ئەو ڕووداوەن و شتی لەو جۆرە. لەڕاستیدا، ئەو ڕووداوەیان بەلاوە گرینگ نەبوو.

**دوکتور قاسملوو لە کاتی وتووێژدا، شەهید کرا. ئەوەی کە تۆ بزانی مادام میتەران و ئەوان ئاگاداری ئەوە بوون کە قاسملوو خەریکی وتووێژە لەگەڵ ئێران؟**

پێم‌وا نییە، ڕاستە خاتوو میتەران هاوژینی فڕانسوا میتەران، سەرۆکی فەڕانسە بوو، بەڵام ئەو حەزی لە سیاسەت نەبوو. لە سەردەمی گەنجیدا، ژنێکی سیاسی بوو، و دژایەتیی ئاڵمانی نازیی دەکرد. بەڵام، دوای ئەوە ڕەقی لە سیاسەت بوو. نەخێر ئەو هیچی لەبارەی ئەو دانوستانەوە نەدەزانی.

**لەسەر شەهیدکردنی دوکتور شەرەفکەندی چی دەڵێی ئەویش هەر وەکوو قاسملوو شەهید کرا؟**

ساڵی ١٩٩٢ چەند ڕۆژ پێشتر من ئێوارێ لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی نانم خوارد. هاوڕێم بوو. بۆ سبەینێ چووە ئاڵمان، من بەرپرسی بە هاناچوونەوەی بەپەلە بووم لە وەزارەتی دەرەوە. نیوە شەو بوو، هاوڕێیەکم لە حیزبی دێموکرات تەلەفوونی بۆ کردم. گوتی هەر ئێستا دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ئاڵمان تیرۆر کرا. بۆ من زۆر ناخۆش بوو، شۆک بووم. دەستبەجێ تەلەفوونم کرد بۆ باڵوێزی فەڕانسە لە ئاڵمان. ئەوکاتە دەسەڵاتی ئەوەم هەبوو تەلەفوونی لەو جۆرە بکەم. پێمگوت هەر ئێستا هاوڕێیەکمان تیرۆر کرا، پێویستە بچیت بۆ شوێنی ڕووداوەکە بۆ ئەوەی ڕاستییەکان ببینی و بزانی چ یارمەتییەکت لەدەست دێ. بەڵام تازە لە دەست چووبوو، ئێمە لە شوێنێکی نیزیک لە شوێنی دوکتور قاسملوو لە پێرلاشێز ئامادەکاریمان کرد، بۆ ناشتنەکەی. ئێستا ماڵەکەم لە پاریس ٣٠٠ میتر دوورە لە گۆڕستانەکەوە. ئێستاش لەگەل ئەوان دەژیم و زۆرجاریش سەردانی گۆڕەکانیان دەکەم.

# چەمکی سەربەخۆیی‌خوازی لە ئەندیشەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا

ناسر باباخانی

**ئاماژە:** ئەم وتارە خوێندنەوەیەکی گشتی و بەپەلەیە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەندێ دەقەکانی شەهید دوکتور قاسملوو سەبارەت بە پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس، وەک یەکێ لە ڕەهەندە فکرییەکانی دوکتور قاسملوو لە دەڤەری سیاسەتدا. واتە ئەم مافە وەک حەز و خولیا، وەک ئارەزوویەکی دوورەدەست لە زەینی سەرکردەیەکی سیاسیی کورددا چۆن لەگەڵ چەمکی ڕێئاڵ‌پۆلیتیک واتە واقیع‌بینیی سیاسی بە شێوەیەکی هاوتەریب بوونیان هەبووە؟ هەروەها چۆن تێرمی «پێکەوەلکاندنی جوغرافیایی» دەکا بە دەستەواژەیەکی کلیدی بە ناوی «یەکیەتیی نەتەوەیی» بۆ ئەوەی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراو وەک مافێکی سروشتی پێناسە بکا؟ دواجار چەمکی سەربەخۆیی لە زەینی دوکتور قاسملوودا بە نیسبەت پارچەکانی تری کوردستان بە چ شێوەیەک بووە؟ لەم وتارەدا ئاوڕ دراوەتەوە سەر ڕۆڵی شەهید دوکتور قاسملوو وەک کارگێڕێک کە ئاستی شوێندانەرییەکەی بۆ پرسی «مافی دیاریکردنی چارەنووس» تا چ ڕادەیەک بووە، چ وەک بیردۆزێکی سیاسی، چ وەک ستراتیژیستێکی سیاسی و چ وەک ڕووناکبیرێکی ئۆرگانیک.

***

هەموو پرسێک لەدایکبووی سەردەمی خۆیەتی، واتە دەبێ بە پێوەری دووانەی شوێن–کات پرسەکە شرۆڤە و ئانالیز بکرێ. ئەگەر ئەمڕۆ نەغمەی سەربەخۆیی لە شەقامی کوردی دێتە بەر گوێ و، لە زەینەوە هاتووە بەرەو عەین و ئەم تابۆیە چیتر بڤە نییە، لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا و لە گوتاری هیچ هێزێکی سیاسیدا ئەم پرسە بوونی نەبوو. تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدابێ لەهەر چوار پارچەی کوردستان وەک دیسکۆرس نادیترێ. بۆیە زۆر گرینگە ئەگەر بکرێ بە فاکت و بەڵگەوە بتوانین پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس لە زەینی دوکتور قاسملوودا شەنوکەو بکەین. پێداگری لەسەر ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە خوێنەری بەڕێز بۆ ماوەیەکی زەمەنیی نیزیک بە پەنجا ساڵ بۆ دواوە بگەڕێنمەوە تا لە کەش‌وهەوای ئەو کاتدا سەیری بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو بکا. مەبەستم ئاوانگاردیی زەینی شەهید دوکتور قاسملوویە هەم بە نیسبەت پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس، هەم بە نیسبەت کۆمەڵگەی ئەوان سەردەمان.

***

لە ماوەی سەرکردایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، بەهۆی کەسایەتیی ناسراوی لە ئوورووپا و هەروەها ناسیاویی لەگەڵ سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی جیهان، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ببوو بە ڕۆژەڤ (دواتر ئاماژە بە نموونەیەکی سەرنجڕاکێش دەکەم)، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە، وەک نموونە: گاردییەن (بریتانیا)، لۆمۆند (فەڕانسە)، دەیلی تێلیگراف (بریتانیا)، لوسوار (بلژیک)، ئیکۆنۆمیست (بریتانیا)، هیراڵد تریبیۆن (ئەمریکا)، سەندەی تایمز (بریتانیا)، زوددۆیچە (ئاڵمان)، نیووزویک (ئەمریکا)، فایننشاڵ تایمز (بریتانیا)، فیگارۆ (فەڕانسە)، فرانکفۆرتر ئاڵگماینێ (ئاڵمان) و... تەنانەت ساڵی ۱۹۷٤ لە یەکێک لە ڕۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەمریکادا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاو دەکاتەوە.

بۆ نموونە ڕۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین ڕۆژنامەی فەڕانسە لە کاتی لە لووتکەدابوونی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرواری ۱۹۷۹/۸/۲۰ ئاوا دەنووسێ: «ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ

نەخشەیەک بوونی نییە، بەڵام ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان ڕادەپەڕێ، پێنج وڵات دەلەرزێن...» فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: «نەتەوەی کورد بە سەر پێنج وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق، سووریە و یەکیەتیی سۆڤییەتدا دابەش کراوە کە بەدرێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان سەرکوت کراون.»

ئەمە واتە لە سەردەمی نەبوونی سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمە جۆربەجۆرەکانی، لە سەردەمی نەبوونی تۆڕی بەربڵاوی ئینتێرنێت تەنیا ستراتیژیستێک دەتوانێ سەرنجی میدیای زەبەلاحی سەردەم بۆ پرسی کورد ڕابکێشێ و سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە باس لە وڵاتێکی لەتوکوتکراو بکرێ کە لەسەر نەخشە بوونیان نییە!

***

ئەگەر سەرجەم ئەو پێناسانەی بۆ ڕووناکبیران کراون بخەینە تای تەرازوویەکەوە، دەکرێ دوو خاڵی سەرەکی و هاوبەشیان تێدا بەدی بکەین کە بریتین لە: داهێنان و شوێندانەری. ڕێک ئەم دوو خاڵەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی کوردستان بەدی ناکرێن. دیارە داهێنانی فکری لە فەزایەکی تاکەکەسی و ئیزۆلەدا سازدەبێ، بەڵام شوێندانەری لە فەزایەکی گشتی و پەرەگیردا دواجار دێتەدی، واتە ئەگەر وەک پرۆسەیەک سەیری ئەم چەمکە بکرێ، دەتوانین بڵێین کە لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵ ڕێچکە دەبەستێ. بەدەر لەم ڕەوتە، ڕۆشنبیری دەبێتە پرۆسەیەکی سەقەت و ناتەواو! شوێندانەریی دوکتور قاسملوو لە دوای خۆی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، حیزبی دێموکرات و تاکی کورد، شتێکی حاشاهەڵنەگرە. هەر ئەوەی ئێستا ئێمە خەریکی خوێندنەوەی سەرلەنوێی چەمکی دیاریکردنی مافی چارەنووسین لە ڕوانگەی شەهید دوکتور قاسملووەوە، واتە شوێندانەری ئەو لەسەر نەوەکانی دوای خۆی. نموونەی هەرەبەرچاوی ئەم دواییە لە شۆڕشی ژینا لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا، کاتێ دروشمی «قاسملوو قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە» لە زمان گەنج و لاوەکانی وڵات دەوتراوە، ئەمە واتە شوێندانەری!

***

پەیمانی پیرۆز ڕووداوێکی گرینگە کە بە سەرپەشتی و کارزانیی

ئەمیربەدرخان، میری بۆتان لە نێوان میرنشینەکانی بۆتان، وان، حەککاری، مووش، خێزان، سەعرەد، قارس و... واژۆ دەکرێ و تەنانەت پەلهاوێژی دەکا بۆ میرنشینی ئەردەڵان. واتە بە جۆرێ سنوورە دەسکردەکان و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دەبڕێ و دەچێ بەرەو کوردستانی ژێر دەسەڵاتی سەفەوی. بڕینی ئەم سنوورە دەسکردانە لە ڕاستیدا پلانێکە بۆ داهاتوو بە مەبەستی سازکردنی وڵاتێکی سەربەخۆ.

بۆیە لێکۆڵەرە بیانییەکانیش ئەم حکوومەتە بەم دەستەواژەیە پێناسە دەکەن:

Semi-Independent Emirate کە گوزارە لە حکوومەتێکی نیوەسەربەخۆ دەکا و بە تەعبیری ئەمڕۆیی وەک بوونێکی دیفاکتۆ سەلمێندرابوو. ئەمە ئەو حەز و ئارەزوویەیە کە سەرکردەی کورد عەوداڵێتی، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع میری کورد لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی دەکەوێتە گفتوگۆوە، هەمان ڕەچاوکردنی هاوسەنگی هێز لە ڕێئالپۆلیتیکی ئەمڕۆدا.

یان لە سەردەمی کۆماری کوردستان، کە سەیری ڕۆژنامەی کوردستان دەکەی، بە ڕاشکاوی وشەی «ئیستقلال» دەبێتە مۆتیڤی ڕۆژنامە. «ئیستقلال» واتە سەربەخۆیی، قەزائەن هەردوو وشەی سەربەخۆیی و ئیستقلال بەیەکەوە دەبنە مانشێت: «جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان.» تەنانەت لەوە سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە، پێشەوای نەمر لە قسەکانیدا ئاماژە بە مەنشووری ئاتلانتیک دەکا، مەنشوورێک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکانی پاش شەڕی جیهانیی دووهەم! تۆ پێشەوای نەتەوەیەک بی و ئەوکات باس لە پەیمانی ئاتلانتیک بکەی کە لەودا ئاماژە بەوە کراوە دەبێ مافی چارەنووسی گەلان ڕەچاو بکرێ، بە باوەڕی من نیشان لەوەیە کە لە زەینی پێشەوا قازی محەممەددا بیرۆکەی سەربەخۆیی بەتەواوی هەبووە. یان ئەو وێنەیەی کە خەریتەی کوردستانی گەورە، لە پشت سەری پێشەوا قازی محەممەد هەڵواسراوە (وێنەکە ئارچی ڕۆزڤێڵت چرکاندوویەتی) ئەوانە و زۆر هێمای تر، ئەوە دەسەلمێنن کە لە زەینی پێشەوادا چەمکی سەربەخۆیی بە تۆخی هەبووە. بەڵام دیسان لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر ناوهاوسەنگیی هێز و چەمکێکی ژئۆپۆلیتیکی و دواجار سیاسەتی دانوستاندن، با لەڕووی ناچاریشەوە بووبێ!

دیارە زۆر نموونەی هاوشێوەی تر هەیە بۆ باس کردن، بەڵام ئەم

نموونانەم بۆیە هێنا گۆڕێ کە بڵێم بـەردەوام ئەم حەز و خولیایە لە زەینی سەرکردەی کورددا هەبووە. بەڵام ڕێئاڵپۆلیتیک دواجار بەربەستی سەرکردە بووە بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەم خەونە بێنێتەدی. ڕێئاڵپۆلیتیک بۆ قاسملوو لەسەر بنەمای مەسڵەحەتێکی داسەپاوە کە بۆ بەرژەوەندی نەتەوە پێی پێمل دەبێ!

بەهەرحاڵ من پێموایە هیچ کەس وەک شەهید دوکتور قاسملوو نەیتوانیوە ئەم پرسە هەم لە ڕوانگەی تیۆریکەوە هەم لە ڕوانگەی پراکتیکییەوە شەنوکەو بکا.

### با ئاوڕێک بدەینەوە سەر فاکتەکان:

شەهید دوکتور قاسملوو لە کەلێنی نێوان بۆچوونەکانی لێنین سەبارەت بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان و ڕۆزا لۆکزامبۆرگی سۆسیال دێموکراتدا، قسەکانی لێنین وەک بەڵگەی سەلماندنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەخاتە بەر باس بۆ کشوماتکردنی چەپی ئێرانی لەسەر ئەم پرسە. چون ڕۆزا لۆکزامبۆرگ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان، بزووتنەوەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستی لاواز دەکا، کەچی لێنین ئەم بۆچوونە نەک بە بۆچوونێکی سۆسیالیستی دانانێ و تەنانەت وەک ئینتێرناسیۆنالیستیش (وەک ڕۆزا دەڵێ) پێناسەی ناکا، بەڵکوو دەڵێ ئەمە ڕێک شۆڤێنیزمە و بۆیە ئەم مافە و دواجار سازدانی دەوڵەتی سەربەخۆی گەلانی ژێردەستە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ!

کاتێ شەهید دوکتور قاسملوو واز لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم دێنێ، ئیتر لەبری کێشەی چینایەتی ئەوە پرسی نەتەوەییە کە دەبێتە دڵەڕاوکێی قاسملوو. بۆیە زەقبوونەوەی کێشەکانی قاسملوو لەگەڵ حیزبی توودە دەبێ لەم ڕەهـەندەوە سەیر بکرێن. تەنانەت شەهید دوکتور قاسملوو بۆخۆی دەڵێ ئەوان من بە ناسیۆنالیست و لادەر دەزانن، وەک نەمر کەریم حیسامی لە بیرەوەرییەکانیدا باس دەکا. ئیتر کار دەگاتە ئەوەی یەکی وەک ئێحسانی تەبری وەک لووتکەی چەپی ئێرانی، بڵێ بۆ قاسملوو کوردی پێ ئێرانی نییە؟!

لە گرتەیەکی دەنگیدا دوکتور قاسملوو دەڵێ: «ئێمە داوای مافی دانانی [دیاریکردنی] چارەنووس دەکەین، «حق تعیین سرنوشت»، دیارە ئێمە

ڕوونمان کردۆتەوە کە بۆ ئێمە مافی دانانی چارەنووس دەتوانێ چ شکڵی سەربەخۆیی و ئیستقلالی هەبێ، چ شکڵی فێدراتیوی هەبێ چ شکڵی خودموختاری هەبێ.»

یان لە شوێنێکی تر باس لەوە دەکا لەگەڵ داریووشی فرووهەر لە کاتی وتووێژەکاندا مشتومڕمان هەبوو لەسەر وشەی قەوم و میللەت! قاسملوو دەڵێ قەوم هیچ مانایەکی نییە و ئەوان دەیانگوت «اقوام ایرانی»! بەڕواڵەت قەوم واتە میللەت، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە و قەوم وەک چەمکێکی نەژادییە واتە ئەوانەی نەژادی ئێرانیان هەیە، قاسملوو لێرەدا زیرەکانە کورد لە ئێران دادەبڕێ!

لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە ئیستقلال و سەربەخۆیی دەکا، کە باس لەو خولیایە دەکا کە لە زەینی ئەم سەرکردەیەدا هەیە، بەڵام لەسەر بنەمای ڕێئال‌پۆلیتیک ئاماژە بەوەش دەکا کە هیچ دەوڵەتێک ئێمە بەڕەسمی ناناسێ کە پشتیوانی لەوە بکا کە کورد حەقی سەربەخۆیی و ئیستقلالی هەیە و بەخشکە باس لە سەرهەنگ قەززافی دەکا کە چەند جارێک درکاندوویەتی کە کورد مافی خۆیانە سەربەخۆ بن.

لە کتێبی «کوردستان و کورد«دا دەڵێ: «دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە عێراق، بە واتای جیابوونەوەی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکوو بە مانای یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراقە لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیە...»

سەیر کە، قاسملوو باس لە سەربەخۆیی پارچەیەک ناکا، بەڵکوو باس لە مافی سەرلەنوێ یەکگرتنەوەی پارچەکانی نەتەوەیەکی لەت‌وکوت‌کراو دەکا!

دوکتور قاسملوو ساڵی ١٩٨٢ لە وتووێژێکدا لەگەڵ برۆنۆ کرایسکی (سەدری ئەعزەمی ئۆتریش) کە وەک بەناوبانگترین سۆسیال دێموکراتی ئورووپا بە سەرکەوتووترین سیاسەتمەداری ئۆتریش دادەنرێ، چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیە بە مەرجی سەرەکی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەزانێ و پێی دەڵێ: «تورکیە دەروازەی ئورووپا بە ڕووی کورددا دەکاتەوە و ئەمە ڕاگەیاندنی کوردستانێکی سەربەخۆ نەک هەر ئاسانتر دەکا، بگرە توانا و متمانەشی بە مانەوە و بەردەوام بوونی خۆی زۆرتر دەبێ و وەک کۆماری کوردستان یا شۆڕشی کورد لە

باشووری کوردستان لە ١٩٧٥دا، لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ و زلهێزەکاندا سەرنانێتەوە.»

فێردیناند هێنێربیشلێر، مێژوونووس و کوردناسی بەناوبانگی ئۆتریشی کە خۆی پێشتر دیپلۆمات و ڕاوێژکاری پێشووی برۆنۆ کرایسکی بووە و لەگەڵ دوکتور قاسملوو دۆستایەتییەکی نیزیکی بووە لە وتارێکدا بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی: «تیرۆری عەبدولڕەحمان قاسملوو (١٩٣٠–١٩٨٩)، هەڵسەنگاندنێکی نوێ» دەڵێ: ساڵی ١٩٨٠ عێراق دوکتور قاسملوو هان دەدا بۆ جاڕدانی دەوڵەتی کوردی و قاسملوو ئەم پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە و ئاماژە بە دەرئەنجامە پڕمەترسییەکانی دەکا و ڕەنگە هەر ئەو هۆکارانەی لە زەیندا بووبێ کە بۆ کرایسکی باس کردبێ. نەبوونی پشتیوانی نێونەتەوەیی، ژێئۆپۆلیتیکی ئەم بەشەی کوردستان و هەروەها نەبوونی متمانە بە سەددام حوسێن و پێملنەبوون بە بوونی حیزبی دێموکرات وەک کەرەسەیەکی شەڕ، چون قاسملوو هەر وەک لە وڵامی کرایسکیدا گوتبووی نیگەرانی ئەوە بوو وەک شۆڕشی باشوور ساتوسەودا بە کوردی ڕۆژهەڵاتیش بکرێ، وەک ئەوەی چوار پێنج ساڵ بوو بەسەر کوردستانی باشوور هاتبوو! ئەمەش ڕێک ئەو دڵەڕاوکێیەیە کە وەک ڕێئالپۆلیتیک ئاماژەمان پێ کرد.

سەبارەت بە یەکگرتنەوەی خاکی کوردستان دەڵێ: «کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەیەکی دیکە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی تا دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە و ئەو مافە بۆ نەتەوەی کورد بە مانای مافی یەکخستنەوەی نیشتمانەکەیەتی.» لێرەدا قاسملوو ڕێک وەک بیردۆزێکی سیاسی خویا دەبێ، وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد ئەو تەنیا باسی سەربەخۆیی پارچەیەک ناکا، بەڵکوو باسی یەکگرتنەوەی هەموو پارچەکان و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکا.

یان لەو شوێنەی کە دەڵێ: «پێکەوە یەکگرتن مافی جودابوونەوە نییە، مافی یەکگرتنەوە و جودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە، لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوە تەنانەت لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئەو مافەمان هەیە، چونکە دابەشبوونی کوردستان، لە واقیعدا دابەشبوونێکی دەسکردە و سروشتی نییە.»

دیسان لێرەدا دوکتور قاسملوو وەک بیردۆز دەیەوێ زەینی تاکی کورد

ئامادە بکا بۆ پێکەوەلکاندنی جوغرافیایی کورد، هەرچەند مەحاڵیش بێ. لێرەدا ئێمە باس لە ئەمری واقیع ناکەین باس لەوە دەکەین کە سەرکردەیەک دەیەوێ سەرنجی تاکی کورد ڕابکێشێ بۆ ئەوەی کە بڵێ کوردستان وڵاتێکە کە دابەش کراوە.

ڕەنگە ناوی کتێبەکەی خۆیشی «کوردستان و کورد» لەبری کورد و کوردستان، باشتر بتوانێ ئامانجەکەی ئێمە لەم باسەدا بپێکێ. مەنشوورە دەڵێن بۆ ئەوەی ببی بە دەوڵەت-نەتەوە، لە پێش‌دا ئیتالیا ساز بکە دواتر ئیتالیایی، هەر بۆیەش دوکتور قاسملوو خاک وەپێش مرۆڤ دەدا، واتە کوردستان و کورد.

قاسملوو لە زۆر شوێنی تر، ئەم چەمکە واتە پێکەوە لکاندنی جوغرافیایی وەک «یەکیەتیی نەتەوەیی» پێناسە دەکا، بەڵام هەلومەرجی گونجاو و بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و کاتی شیاویشی بۆ ئەم تێزە دەربڕیوە. بۆیە لەگەڵ ئێران و چەمکی ئێرانی بوون‌دا ڕەنگە هەندێ جار بەردەنگ تووشی چەشنێ دژوازی بێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر سیاسەت کردن لەسەر ئەرزی واقیع نەک دروشم و خەیاڵ!

تەنانەت هەر لە نامیلکەی «کورتەباس»دا سەبارەت بەو سۆسیالیزمەی مەبەستێتی لە دۆخی عەینی و بەرهەستی وڵات خافڵ نییە و دەڵێ ئێمە دەمانەوێ سۆسیالیزمێک دابمەزرێنین کە لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی وڵاتەکان ڕێک بکەوێ، واتە لێرەش لاقی تێزەکان لەسەر عەرزی ڕێئاڵپۆلیتیکە و وەک خۆی دەڵێ سیاسەت بە ڕەش و سپی نابینێ و بە هونەری مومکین ناوزەدی دەکا!

لە کتێبی «٤٠ ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی»دا، سەبارەت بە کۆماری کوردستان دەڵێ: «کوردستانی ئێران بوو بە جێی هیوا و ئومێدی هەموو ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی کوردستان.» پێداگری لەسەر ئەوە کە هەوڵی دوکتور قاسملوو لەسەر ئەوە خول دەخوا کە بەشەکانی دیکەش، لە زەینی بەردەنگی خۆی کە تاکی کورد بێ، زۆر سەرنجڕاکێشە.

لە درێژەدا دیسان ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێ: «نوێنەرانی ڕێکخراوە کوردییەکان، هەروەها شەخسییەتی زۆر بەرزی کورد لە کوردستانی تورکیە، سووریە و عێراقەوە، پەیتاپەیتا بۆ سەردان دەهاتنە مەهاباد. شاری مەهاباد ببوو بە جێگای هیوا و قیبلەی ئازادیخوازانی کورد. هەموو

کوردێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو بەدڵەوە ئاواتی ئەوە بوو، ئەزموونی کۆماری کوردستان لە مەهاباد سەرکەوێ. چونکە دەیانزانی ڕووناکایی مەهاباد ئاسمانی تاریکی هەموو پارچەکانی کوردستان، لە دواڕۆژدا ڕوون دەکاتەوە.»

لە وڵامی نوێنەری کوردەکانی تورکیەدا، کە پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان هاتبووە مەهاباد، پێشەوا قازی لەسەر پارچەیەک نووسیبوی: «ڕووناکایی ئێرە لە دواڕۆژدا بۆ ئێوەش تیشک دەداتەوە.»

هەروەها لە کۆتایی ئەم بەشەدا، ئاماژە بە هاتنی بارزانییەکان دەکا و دەڵێ: «هاتنی بارزانییەکان و تێکەڵ بوونی بەم شێوەیان لەگەڵ کۆماری کوردستان ئەم ڕاستییەی پتر دەرخست کە کۆماری کوردستان سیمبولی هاوکاری و تەنانەت یەکگرتنی هەموو نەتەوەی کورد بوو.» دوکتور قاسملوو سازبوونی کۆماری کوردستان ئەوەندە بە دەسکەوتێکی مەزنی نەتەوەیی دەزانێ کە کارتێکەریی ئەم دەسەڵاتە کوردییە بۆ سەر پارچەکانی تر بە شتێکی حاشاهەڵنەگر دادەنێ و پێی وایە ئەمە جۆرێ یەکگرتنی هەمووی نەتەوەی کورد بووە.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا، دوکتور قاسملوو سەفەرێک بۆ ئورووپا دەکا کە نیزیکەی سێ مانگ دەخایەنێ، لەو سەفەرەدا لە ئیسپانیا لەسەر بانگهێشتی ئەنیستیتۆی هاودەردی لەگەڵ گەلانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا، کۆنفرانسێک لەسەر ئاگربەسی ئێران و عێراق و شوێنەواری ئەم تەقەوەستانە، لەسەر جووڵانەوەی گەلی کورد وتارێک پێشکەش دەکا، کە ئاماژە بە دوو خاڵان دەکەم:

یەکەم: «ئێستا ئەگەر مێژوو دووپات بێتەوە و ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، جارێکی دیکەش بۆ تێکشکاندنی جووڵانەوەی نیشتمانی گەلی کورد، پێکەوە ڕێککەون (هەرچەند ئیمکانی شتێکی ئەوتۆ کەمە)، کوردەکان دەبێ چ بکەن؟ لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا، بۆ کوردەکان تەنیا یەک ڕێگا دەمێنێتەوە، ئەویش بریتییە لەوە کە یەک بگرن و بە هەموو هێزیانەوە دیفاع لە خۆیان بکەن. بەئاشکرا دەبێ ئەمجارە بڵێین کە باسی ئاشبەتاڵ و خۆبەدەستەوەدان لە گۆڕێدا نییە. بەربەرەکانی و خۆڕاگری گەلی کورد لە شار و لادێدا هەر درێژەی دەبێ و لە تەواوی شێوەکانی خەباتیش دەبێ کەلک وەرگیرێ.»

دووهـەم: «پێویستە مەسەلەی کورد لە هەموو لایەنەکانییەوە بخرێتە بەرچاو. مەسەلەی ٢٠ تا ٢٥ میلیۆن ژن و پیاو بێتە گۆڕێ کە نەتەوەیەک پێکدێنێ و مافی بە دەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان هەیە. ئاشکرایە کە ئەو وڵاتانە کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کردوە خاوەنی ڕێژیمی سیاسی لێک جیاوازن.» بەم شێوەیە دەست پێ دەکا و دواتر باسی تورکیە و عێراق دەکا.

وەک دواوتە ئەمە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بوو بە کەلکوەرگرتن لە ماتریاڵە کاڵەکانی بەردەست، وەک دەقی کتێب و نووسراوە و گرتەی ڤیدیۆیی و فایلە دەنگییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ پرسی دیاریکردنی مافی چارەنووس. دیارە فاکت و بەڵگەکان زۆر لەوە زیاترن، بەڵام ڕەنگە هەر ئەوەندە لە تاقەتی وتارێکدا بگونجێ. لە سەرانسەری ئەم وتارەدا من کەلکم لە وشەی «سەرکردە» وەرگرتووە و مەبەستم زیاتر سکرتێری حیزبێک بووە کە لە بازنەیەکی سنوورداردا وەک حیزب دەکرێ پێناسەی بۆ بکەین، بەڵام کە ورد دەبییەوە بۆ ناو ئەندیشە و بیروبۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو، سیمای «ڕێبەر»ی نەتەوەیەک دەبینی کە لە زەمانی خۆی لە پێشتر بوو.

ڕەنگە ئەو چەند ڕستەیەی گاریباڵدی فەرماندەی شەڕەکانی سەربەخۆیی ئیتالیا ڕوو لە هاوسەنگەرانی کە دەڵێ: ئەو ڕێبەرەی بەدووی سەربەخۆیی نەتەوە و وڵاتەکەیەوە بێ جگە لە چەک و جلوبەرگەکەی هیچی تری نییە، ئەوەی ئیدیعای سەربەخۆیی و ڕێبەری هەیە خۆی لە کۆشک و تەلار دانانیشێ و خەڵکەکەی کەپر و ساباتێکیان نەبێ... ئەم قسانە ئەگەر بگوازینەوە بۆ ئەمڕۆ بە پێوەرەکانی خەباتی سیاسی ئەم سەردەمە، ڕەنگە ئاوای لێکدەینەوە گرینگترین میراتی ڕێبەرێکی سیاسی ىیروبۆچوونەکانێتی و لە هەمان کاتیشدا هۆکاری بیرکردنەوە و لێکدانەوە لەسەر میراتە فکرییەکەی، تایبەتمەندییەک کە جگە لە قاسملوو هیچ کەسی تر نەیبووە، لانیکەم بۆ من!

# هاوچارەنووسیی کورد و پێویستیی گرێبەستێکی نەتەوەیی

عەبدوڵلا حیجاب

سەرچاوەی گرفتە سیاسییەکانی ئەمڕۆی کوردستان، لە هەموو بەشەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو سیاسەتە داپلۆسێنەرە نەتەوەسازییانەی کە لە ئەنجامی دامەزراندنی دەوڵەتە نوێیەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئێران، عێراق، تورکیە و دواتریش لە سووریە دەستیان پێ کرد. نەتەوەسازی لەو وڵاتانەدا لەسەر بنەمای بایەخ و سیمبۆلە ئێتنیکییەکانی تەنیا یەکێک لە پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئەو وڵاتانە شکڵی گرتووە و بە هێندێک جیاوازیی بچووکەوە لە هەر سێ وڵاتی ئێران، تورکیە و سووریە، دەوڵەتەکان ناو و ناسنامەی نەتەوەی کورد ئینکار دەکەن. لە عێراق، ڕەوش هێندێک جیاوازترە و هەر چەند لەوێش ڕەوتی نەتەوەسازی لە سەر بنەمای نرخە ئێتنیکیەکانی یەک نەتەوەی غەیرە کورد دەستی پێ کردبوو، بەڵام دەسەڵاتی بریتانیای بڕیاردەر لەو وڵاتەدا ڕێگای بە بەکاربردنی زمانی کورد بە شێوەی فەرمی دەدا و لە باشووری کوردستان پاش ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی ۱۹۹۱ و دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پرسی کورد و دەسەڵاتی خۆماڵیی کورد بە شێوەی دوفاکتۆش بێ، بەسەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەوڵەتی عێراقدا سەپاوە.

لە ئاکامی ئەو تێڕوانینە ئێتنیکیە خۆسەپێن و پەراوێزخەرەوە لە سێ وڵاتی زاڵ بە سەر کوردستاندا، کولتووری فەرمی و «نەتەوەیی»، تەنیا کولتووری نەتەوەی سەردەستە، زمانی فەرمی هەر زمانی نەتەوەی سەردەستە، ناو و

ناسنامە و تەنانەت دین و مەزهەبی فەرمییش هەر نرخ و پێوانە داسەپاوەکانی دەسەڵاتدارانی سەربە نەتەوەی سەردەستن. بە گشتی و بە پێچەوانەی ئیددیعای دەسەڵاتداران کە باسی نەتەوەسازی مەدەنییی دامەزراو لەسەر بنەمای ماف و ئەرکی یەکسانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەکەن، ڕەوتی نەتەوەسازیی هاوچەرخ لە هەرکام لەو وڵاتانەدا تەنیا و تەنیا لەسەر بنەمای نرخە ئێتنیکییەکانی یەک نەتەوە دامەزراوە.

لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە و بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ زێهنییەتی دەوڵەت ـ نەتەوەی دەستەڵاتدار لە هەر چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە، نەتەوەی کورد هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی بە ڕاپەڕین کردوە و بۆ گەیشتن بە مافی یەکسانیی نەتەوەیی بەردەوام لە خەباتی بێ وچاندایە. تا ئێستاشی لە گەڵ بێ، بە کارهێنانی دڕندانەترین شێوەکانی شەڕ و سەرکوت نەیانتوانیوە و ناتوانن ئەو خەباتە ڕاوەستێنن و پێش بە خەباتی نەتەوەیی لە کوردستاندا بگرن. بە دەیان ڕاپەڕین و شکان و دانی زۆر نرخی قورس لەو پێناوەدا، بە تیرۆر و لە سێدارەدانی سەرکردەکانی وەکوو شێخ سەعیدی پیران، سمکۆی شکاک، قازی محەممەد، د. قاسملوو، د. شەرەفکەندی و هتد شاهیدی ئەو ڕاستییەن کە کورد تا هەیە سەر بۆ بێ مافی دانانەوێنێ. گەشەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەو ساڵانەی دواییدا دیارترین دەرئەنجامی ئەو ڕاستییە و بەرهەمی ئەو خەبات و نرخەیە کە تا ئێستا لەو پێناوەدا دراوە.

ڕۆژی ٢٤ی مانگی ژووڵای ساڵی ١٩٢٣ بە واژۆکرانی پەیماننامەی لۆزان، بە فەرمی کۆتایی بەو قەوڵ و بەڵێنیانە هێنرا کە سێ ساڵ پێشتر لە ١٠ی ئووتی ساڵی ١٩٢٠ و لە پەیماننامەی سێڤردا گونجێندرابوون و بەپێی خاڵەکانی ٦٢ تا ٦٤ی ئەو پەیماننامەیە ڕێگا بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ نەتەوەی کورد دەدرا. پەیماننامەی لۆزان کۆتایی بەو ناکۆکیانە هێنا کە ساڵانێک بوو لە نێوان پاشماوە و میراتگری ئیمپەڕاتۆریی عۆسمانی، دەوڵەتی تورکیە و دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی شەڕی جیهانیی یەکەم؛ کۆماری فەرانسە، شانشینەکانی بریتانیا، ئیتالیا، یوونان، سربستان، ڕۆمانیا و ئیمپەڕاتۆریی ژاپۆن لە گۆڕێدا بوو، بەڵام کێشەیەکی گەورەی بۆ نەتەوەی کورد دروست کرد کە ئەوە ١٠٠ ساڵە بە دەستیەوە گرفتارە. هەرچەند مێژووی دابەشکردنی کوردستان زۆر کۆنتر لە کاتی واژۆکردنی

پەیماننامەی لۆزانە، بەڵام ئەو پەیماننامەیە ڕەشترین بەڵگەنامەی نێونەتەوەییە کە بەکردەوە مافی سەروەریی نەتەوەیی لە وڵاتی کورداندا بەو پێکهاتانە دەسپێرێ کە دەوڵەتە نوێیەکانی ناوچەیان دامەزراندووە و کوردیان لە ڕەوتی نەتەوەسازیی نوێ بێبەش کردوە.

ئەوساڵ لە ڕۆژانی ٢١ تا ٢٤ی مانگی ژووڵایدا، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ١٠٠ ساڵ بە سەر پەیمانامەی لۆزان و پشتگوێخستنی مافی نەتەوەی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ، زنجیرە چالاکییەک لە لایەن کوردەکانی دانیشتووی وڵاتە ئەوڕووپاییەکانەوە لە شاری لۆزان، شوێنی لەدایکبوونی ئەو پەیمانامەیە بەڕێوە دەچێت. چالاکڤانە کوردەکان دەیانەوێ لە ڕێگای ئەو چالاکیانەوە بە هێزە بڕیاردەرە جیهانیەکان و دەوڵەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا ڕابگەیەنن کە پرسی کورد ڕیشەی لە داخوازیی مێژوویی نەتەوەیەکدا بۆ سەربەستی هەیە. بۆیە پەیمانامەی لۆزان، یا هیچ پلان و ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی ناتوانێ کورد لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی پاشگەز بکاتەوە. ئەوە ڕاستییەکە کە بێگومان دەوڵەتەکانی زاڵ بە سەر کوردستان و هێزە نێونەتەوەییە خاوەن بەرژەوەندیش دەبێ هەستیان پێ کردبێ و بزانن کە بە ئینکار، سەرکوت، کوشتن و قەڵاچۆکردن ناتوانن پێشی پێ بگرن.

ساڵە هەستیارەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤تا ١٩١٨) گرینگترین دەرفەت بۆ گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بوو. بەڵام لەو دەرفەتە مێژووییەدا کورد نەیتوانی دەوڵەت دابمەزرێنێ یا لە چوارچێوەی دەوڵەتە نوێیەکاندا مافی نەتەوەیی بۆ خۆی مسۆگەر بکا. کە چی هیندەی پێ نەچوو دژکردەوە سەرەتاییەکانی کورد لە بەرامبەر هەوڵی دەوڵەتە نوێیەکان بۆ داسەپاندنی سەروەریی نەتەوەییان بە سەر کوردستاندا دەستی پێ کرد و لەو کاتەوە نەتەوەی کورد و وڵاتەکەی لەگەڵ سەردەمێکی دوور و درێژی پڕ لە ئاڵۆزی، شەڕ، سەرهەڵدان و سەرکوت ڕووبەڕوو بوون. ڕاپەڕینە یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان، بە سەرهەڵدانە جەماوەرییەکان و شەڕە چەکدارییەکانیەوە ئەوە ١٠٠ ساڵە بەردەوامن و لەو ساڵانەی دواییدا بە شێوەی هاوکات لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا گەیشتوونە بەرزترین قۆناغی گەشەکردنیان. گەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی ئێستا ڕێگای بۆ قۆناغێکی نوێی خەباتی سیاسی

کردۆتەوە کە توانیویەتی پرسی ناسنامە و مافی نەتەوەیی لە داخوازیی کۆمەڵێک لە پێشەنگانی بزووتنەوە و هێزە سیاسییەکانەوە بگوازێتەوە بۆنێو کۆمەڵگە و بیکا بە داخوازییەکی گشتی کە زیاترین پشتیوانیی جەماوەریی هەیە. پرسی خۆناسی و ناسنامەی کوردستانی ئێستا لە بەرزترین قۆناغدایە و هیوای کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی گەشانەوەیەکی بێوێنەی بە خۆیەوە بینیوە.

سەرەڕای ئەو گەشەکردنە مێژووییەی بیر و هەستی نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، ئێستا ئەکتەرە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕێگاچارەیەکی سیاسی دەگەڕێن کە لە گەڵ هێندێک ڕاستیی داسەپاوی ئەوڕۆی نێونەتەوەیی بگونجێ. ئەگەر لە قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان لە سەدساڵی ڕابردوود، پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وەکوو یەکەیەکی خاوەن سەروەریی نەتەوەیی زیاتر لە ڕۆژەڤی پێشەنگە نەتەوەییەکانی کورد و ئەو بزووتنەوانەدا بوو کە لە ژێر سەرکردایەتیی ڕێبەرانی ئایینی و کەسانی خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتیدا دەستیان پێ دەکرد، لە سەردەمی ئێستادا چارەسەریی پرسی کورد لە چوارچێوەی سنوورە هەنوکەییەکاندا زیاتر لە ڕۆژەڤی هێزە سەرەکییەکانی خاوەن ڕابردوو و لە بەرنامەی سیاسی کورددایە. واتا لەم قۆناغەدا پرسی دابینکردنی مافە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتە هەنوکەییەکان، بەڵام بە سیستەمی جیاوازتر لە سیستەمە سیاسیەکانی ئەوڕۆییەوە بەرنامەی سەرەکیی هێزە کوردستانیەکانە. لە هەمان کاتیشدا و هاوتەریب لەگەڵ خەبات بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتە دامەزراوەکان بەڵام بە شێوەی نە- ناوەندی (لامەرکەزی)دا، هەوڵدان بۆ هاوبەندیی نەتەوەیی و پرسی ناسنامەی کولتوریی کورد وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن ناسنامەی هاوبەشی سەروو-سنووری، بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان پرسێکی نیشتیمانی و بنەڕەتییە.

گەشەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان و خاوەندارێتیی کورد لە ناو و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، ئێستا ئیدی پرسی کوردی لە سنووری ئەو دەوڵەتانەی کە بە سەر کوردساتندا زاڵن تێپەڕاندووە و کردوە بە پرسێکی نێونەتەوەیی. لە دوو بەشی کوردستاندا ئێستا کورد هاوپەیمانی هێزە نێونەتەوەییە خاوەن بەرژەوەندیی ناوچەییەکانە و هێزی کورد ڕاستییەکی

حاشاهەڵنەگرە کە لە ناوچەدا حیسابی لە سەر دەکرێ. بەڵام ئەوە بە واتای تێپەڕاندنی قۆناغە هەستیارەکان و کۆتایی هاتن بە مەترسیی توانەوە و ئینکار نییە.

نێلسۆن ماندێلا پێشەنگی ڕزگاریی ئافریقای باشوور لە ڕەگەزپەرستی، کاتێک باسی ئەنجامەکانی تێکۆشانی دوور و درێژی خۆی بۆ ئازادی و مافی یەکسان دەکا دەڵێ: «من ئێستا ئەو نهێنییەم بۆ ئاشکرا بووە کە کاتێک لە لووتکەی کێوێک وەسەر دەکەوی، دەبینی زنجیرە لووتکەیەکی تریشت لەپێشە کە دەبێ بەسەریاندا سەربکەوی. من لەسەر ئەم لووتکەیە، کورتە پشوویەک دەدەم تا چاوم بەو سروشتە ڕازاوەیە بکەوێ کە دەوری داوم، و تا ئاوڕێکش لەو ڕێگایە بدەمەوە کە تا ئێستا پێواومە. بەڵام من ناتوانم لێرە بحەسێمەوە و پێموابێ بە لووتکە گەیشتووم، چونکە ئازادی ئەرکێکی قورست دەخاتە سەرشان و منیش ناتوانم لێرە ئۆقرە بگرم. چونکە جارێ بۆ گەیشتن بە ئازادی ڕێگایەکی دوور و درێژم لە پێشە».

ڕێگای نەتەوەی کوردیش بۆ گەیشتن بە ئازادی هەرچەند ئێستا کراوەترە، بەڵام جارێ بە ئەنجام نەگەیشتوە و کورد هێشتاش لەگەڵ مەترسیی گەورە بەرەوڕوویە. سەرەڕای گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم ساڵانەی دواییدا، جارێ ئاستەنگ و گرفتی سەر ڕێگای گویشتنی کورد بە مافی نەتەوەیی زۆرن. وەزعی جۆگرافیای سیاسیی کوردستان، بەرژەوەندییە جیاوازەکانی دەسەڵاتداران و زلهێزەکان، نەبوونی دێمۆکراسی لەو وڵاتانەی کە بەسەر کوردستاندا زاڵن، ناکۆکیی نێوخۆیی نێوان پارتیە سیاسییە کوردستانیەکان و ناکۆکی یا هەر نەبێ وێکنەچوونی پرۆژەی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە هەرکام لە ولاتەکانی ناوچەدا ئاستەنگی گەورەن بۆ پڕۆژەی نەتەوەیی کوردستان. لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و کولتوورییشەوە بەکارهێنانی شێوە و شکڵی جیاوازی ئەلفوبێ، زمانی جیاوازی نووسین، قورساییدان بە لایەنە جیاوازە هەرێمییەکان، پاشماوەکانی کولتووری بنەماڵەمەزنی، ناوچەگەرایی، عەشایری، شێوازی زاراوە، دین و مەزهەبە جیاوازەکان و زۆر لایەنی تر کە دەتوانن وەک هێڵی جیاکەرەوە و کۆسپی سەر ڕێگای پرۆژەی هاوبەشی نەتەوەیی کورد کار بکەن، ئەو ڕەوتە هێواشتر و ئەو ڕێگایە دژوار دەکەن.

ئێستا زۆربەی لایەنە خاوەن نفووزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان

هاوبیرن کە نەتەوەی کورد پێویستە لە جیاتی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتوو، هەوڵی بە فەرمی ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتووری خۆی، جێگیر کردنی مافی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی دەستووری، و لەو ڕێگایەشەوە دێمۆکراتیزە کردنی ئەو چوار وڵاتە بدا کە بە سەر کوردستاندا زاڵن. بەرنامەی زۆربەی ئەو لایەنە کوردییانەی کە لەپێناوی مافی نەتەوەییدا تێدەکۆشن ئەوەیە کە لەم ڕێگایەوە زەمینە بۆ گەشەپێدانی کولتوورێکی دێمۆکراتیک کە هارمۆنی، پێکەوەژیان و یەکتر تەحەممولکردن بەرەو پێش ببا، ئامادە بکرێ تا ئەو دەرفەتەش بۆ نەتەوەی کورد بڕەخسێنێ تا دامودەزگا کولتووری و نەتەوەییەکانی تایبەت بە خۆی دابمەزرێنێ.

لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد هەبوونی کولتووری، نەتەوەیی و زمانیی خۆی وەکوو یەک نەتەوە بپارێزێ و گەشەی پێ بدا، دەبێ هاوتەریب لەگەڵ ڕێگا چارەی سیاسی لە چوارچێوەی وڵاتانی ئێران، عێراق، تورکیە و سوورییەدا، هێندێک سازی و دامودەزگای نەتەوەیی هاوبەش دامەزرێنێ تا بتوانێ لە سنوورێکی بەرفراوانتر لە چوارچێوەی جۆگرافیایی وڵاتانی دەسەڵاتداردا کولتوورێکی هاوبەشی کوردی، زمانی زکماکی، پەروەردەی نەتەوەیی و کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی خۆماڵی دروست بکا. ئەو سازییە نەتەوەییانە کە دەتوانن لە چوارچێوەی گرێبەستێکی نەتەوەیی سنوورپەڕێندا شکڵیان پێ بدرێ دەتوانن بە نۆرەی خۆیان زەمینەی کرانەوەی دێموکراتیک لە هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خۆش بکەن و لەم ڕێگایەوە هەم مەسەلەی کورد بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکەن و هەم پێویستیی نەتەوەی کورد بە شکڵ پێدانی ناسنامەیەکی هاوبەشی کولتووری و نەتەوەیی دابین بکەن.

لەو مودێلەی چارەسەرییەدا، سنوورەکانی نێوان دەوڵەتەکان نابنە ڕێگر بۆ هاوبەندیی نەتەوەیی کورد. لە لایەکی ترەوە پرسی کوردیش نابێتە «کێشە»ی ئاسایشی دەوڵەتەکان و هەڕەشەیەک بۆ تێکدانی «نەزمی ناوچەیی و جیهانی». بەپێچەوانەوە چارەسەریی پرسی کورد و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەتوانێ ببێتە پردێک بۆ پێکەوە گرێدانی بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتێژیکیەکانی گەلان و وڵاتانی ناوچە. بەڵام بۆ دامەزراندنی وەها مودێلێکی سیاسی و بەڕێوەبەری، پێداچوونەوەیەکی بنچینەیی لە

مودێلی دەوڵەت ـ نەتەوە، دەستەڵات و ناسنامەی دەوڵەتییدا پێویستە کە ڕۆژی ئـەوڕۆ لە ڕۆژهـەڵاتـی نێوەڕاستدا مودێلی زاڵـی دەسـەڵاتـداری و سەرچاوەی هەموو ئەو کێشە نەتەوەیی و ئێتنیکییانەیە کە بەردەوام شەڕ و سەرکوت دەخوڵقێنێ.

پێوانەی سەرەکی لەو مودێلەی دەستەڵاتدا داننان بە جیاوازییە کولتووری، ئێتنیکی و کۆمەڵایەتییەکانە کە لەسەر بنەمای فرەڕەنگی، فردەنگی و فرەچەشنی دادەمەزرێ و ڕێگا بە هەموو پێکهاتەکان دەدا لە بەڕێوەبەریدا بە شێوەی یەکسان و بە مافی وەک یەکەوە بەشداری بکەن. بەو شێوەیە هەموو پێکهاتەکان خۆیان بە خاوەن و بەشداری ڕەوتەکانی بڕیاردان دەزانن و بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگەکانیان پێکەوە هاوکاری دەکەن. لە وەها مودێلێکی بەڕێوەبەریەدا چارەسەرکردنی پرسی کورد و نەتەوەکانی‌تر یارمەتیی نەتەوە و تەنانەت دەوڵەتەکانی ناوچەش دەکا تا پێکەوە بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بەهێز بکەن و لەم ڕێگایەوە چارەسەری بۆ کێشە مێژووییەکانی نێوان خۆیان ببیننەوە. بۆ کورد و نەتەوەکانی تریش ئەو شێوە چارەسەرییە دەرفەت دەخوڵقێنێ تا هاوتەریب لە گەڵ بەشداریکردن لە ڕەوتە سیاسییەکان و شەڕیکایەتیکردنی یەکسان لە دەستەڵاتی بەڕێوەبەری لە چوارچێوەی دەوڵەتە دامەزراوەکاندا، هەبوونی کولتووری، زمانی و کۆمەڵایەتیی خۆیان وەک پێکهاتەی سەروو- سنووری بپارێزن و گەشەی پێ بدەن.

ئەم شێوە چارەسەرییە دەتوانێ پرسی دامەزراندنی دەوڵەت لە ڕەوتی نەتەوەسازی جیا بکاتەوە و ڕەوتی دوایی بە شێوەی ڕاستەوخۆ بە پرسی دەوڵەتەوە نەبەستێتەوە. مەرجی بە ئەنجام گەیشتنی ئەم شێوە چارەسەرییە، گۆڕانی بنەڕەتی لە شێوازی دەستەڵاتداری و دەستەبەرکردنی مافی یەکسان بۆ هەموو پێکهاتەکان لە چوارچێوەی دەستووری بنچینەیی ئەو وڵاتانەدایە کە بە سەر کوردستاندا زاڵن. بە کردەوە لە ڕێگای دابەشکردنی دەستەڵاتی بەڕێوەبەری بەسەر هەرێمەکاندا، بەهێزکردنی دێمۆکراسیی هەرێمی، دەستوورێکی سێکۆلاری پشتبەستوو بە بنەما جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە مافی تاک و کۆمەڵگە بۆ بڕیاردان لەسەرچارەنووسی خۆیان، دەکرێ ڕەوشێک بخوڵقێندرێ کە پێکەوەبوون قازانجی لە لێکترازان زیاتر بێ. بەم شێوەیە دەرفەت بۆ گەشەپێدانی ڕەوتی نەتەوەسازیی کولتووری دەخوڵقێ کە بەبێ ئەوەی ئالنگارییەک بۆ سنوورە جۆگرافییەکان دروست بکا

مافی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی، دامەزراندنی سیستەمی پەروەردە بە زمانی زکماکی، گەشەپێدانی کولتوور، زمان، وێژە، هونەر، مافی دابەشکردنی دەستەڵات لە گەڵ پێکهاتەی خاوەن دەوڵەت، سیستەمی داد و دامەزراندنی بنکە و ناوەندە نەتەوەیی، ئابووری و سیاسییەکان دەستەبەر دەکا. تەنانەت دەکرێ سازی و ناوەندی نەتەوەیی سنوورپەڕێنیش دابمەزرێن کە لە بوارەکانی کولتووری، هونەری، وێژەیی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی و هتد کار بکەن و ڕێگا بۆ بەشداریکردنی خەڵک بە بێ لەبەرچاوگرتنی سنووورە جۆگرافیاییەکان بکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە کاتێک باس لە ڕێگا یا ڕێگاکانی چارەسەریی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکرێ، ناکرێ تەنیا یەک شێواز یا مۆدێلی دیاریکراو بخرێتە بەرباس و بە تەنیا مودێلی ڕەوا یا گونجاوی چارەسەری دابنرێ. هەلومەرجی سیاسیی ناوچە پەیتا پەیتا گۆڕانی بەسەردا دێ، بەرژەوەندییەکان دەگۆڕدرێن و پارسەنگی هێز وەک خۆی نامێنێ. بەڵام لە هەر ڕەوشێکدا مەرجی سەرەکی بۆ ئامادەکردنی زەمینە بۆ هەر چەشنە چارەسەرییەک، گۆرینی زێهنیەتی دەستەڵاتی ئێتنیکیی زاڵ بەسەر چەمکەکانی نەتەوە و نەتەوسازی لە ناوچەدایە. لە چوارچێوەی هەریەک لە وڵاتانی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریەدا تەنیا کاتێک دەکرێ باسی چارەسەری پرسی کورد بە جیددی بێتە گۆڕێ کە لەجیاتی ناساندنی بایەخ و پێوانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و ناو و ناسنامەی تەنیا یەک کۆمەڵگەی ئێتنیکیی وەک ناسنامە و کولتووری هاوبەشی نەتەوەیی، مۆدێلێکی نوێی بەڕێوەبەریی وڵات و چەمکێکی نوێی ناسنامە دروست بکرێ کە لەودا پێوانە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان بایەخی یەکسانیان پێ بدرێ و، پێوەندیی سیاسی لەسەر بنەمای پەیمان یا گرێبەستێکی نوێی کۆمەڵایەتی دابمەزرێ کە ماف و ئەرکی یەکسان بە هەموو هاووڵاتیان دەبەخشێ. یەکەم قۆناغی وەها ڕەوتێک داننان بە جیاوازییە ئێتنیکی، زمانی و کولتووریەکان و دانی ستاتوو یا پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی یەکسان بەو جیاوازیانەیە. بۆ گەیشتن بەو چارەسەرییە، قەوارەی ئێتنیکیی دەوڵەتەکانی ناوچە، مودێلی زاڵی دەوڵەت ـ نەتەوە و سیاسەتی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە پێویستیان بە گۆڕانێکی بنچینەییە.

# قاسملوو سیمبولی حیزبێك یان نەتەوەیەك؟

**ئەنوەر حوسێن (بازگر)**

قاسملوو کێیە؟ قسە لە سەر کەسێک دەکەین:

– سیاسەتمەدار، دیپلۆمات، پێشمەرگە، تێکۆشەر، نووسەر، کارێزما، قسەخۆش، دێموکراسیخواز، چەپ، مارکسیست و سۆسیالیست، کەسێکی نەتەوەیی، دێموکرات، کەسایەتییەکی سیاسیی گلۆباڵ، کەسایەتییەکی ئەنترناسیۆنال کە تیرۆر کرا. باس لە ڕووداوێک دەکەین کە ۳٤ ساڵ لەمەوبەر ڕووی داوە، بەڵام هەر دەڵێی دوێنێ بوو و، هێندە بەسوێ و ئازارە، ڕەنگە هێشتا قەبووڵکردنی سەخت و دژوار بێت. یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و یەکێک لە ڕێبەرانی کارێزمایی حیزبی دێموکرات بە جەستە لە نێوماندا نییە، بەڵام ئایدیا و ئارمان و ڕێبازەکەی هێشتا سیمبوڵی شۆڕش و قوربانیدان و خۆڕاگرییە و، وەکوو خۆیشی دەڵێت: «باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگاکەیانە».

بەو پێیە کۆبوونەوە و ڕێزگرتن لە د. قاسملوو و مەحکوومکردنی تێرۆرکردنەکەی، هەر ڕێک درێژەپێدانی ڕێگاکەیەتی. چونکە ئەگەر حیزبی دێموکرات، سەدان سەروەریی مێژوویی، سیاسی و نیشتمانیی گەورەی

هەبووبێت، یان هەبێت، لە نێویاندا، یەکێک لە شانازی و سەروەرییەکانی قاسملوویە. ئەوەش نەک تەنیا لەبەر ئەوەی سکرتێری حیزبی دێموکرات بووە، نەخێر، بەڵکوو لەبەر ئەوەی د. قاسملوو بۆ خۆی کەسایەتییەکی گلۆباڵ بوو هەتا لۆکاڵ.

ئەو لە سەر ئاستی دونیا، وەکوو یەکێک لە ڕێبەرانی کورد دەناسرا و سەیری دەکرا، پێش ئەوەی وەکوو سکرتێری حیزبەکەی بناسرێت. هەروەک چۆن کاتێک باسی قازی محەممەد دەکرێت، بێ سێ و دوو باس لە قاسملووش دەکرێت، یان کاتێک باس لە خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت، لە پاڵ دەیان شەهید و سەرکردەی تردا، ناوی قاسملوو دێتە گۆڕێ. تەنانەت کە باس لە یەکێک لە نزیکترین دۆستە خۆرئاواییەکانی کورد دەکرێت لەسەر ئاستی جیهانیدا، مومکین نییە قاسملوو بەحس و باس نەبێت، یان کە باس لە حیزبی دێموکرات دەکرێت، بێ سێ و دوو نەڵێن حیزبەکەی قاسملوو.

بۆیە، هەندێک جار یان زۆرتر لە جارێک، حیزبی کوردی تووشی هەڵەیەکی مێژوویی، سیاسی و نەتەوەیی دەبێت کە سەرکردە و کارێزماکانیان تەنیا و تەنیا بە موڵکی حیزبێکی بچکۆلە دەبینن، تا سەرکردەیەکی کوردستانی، یان هیۆمانیست، یان گلۆباڵ، بۆیە حیزبی دێموکرات، هەرگیزاوهەرگیز نابێت ڕێگا بدات قاسملوو، فیکر، ئایدۆلۆژیا و کارێزمابوونی و ڕێباز و خەت و وجوود، تەنانەت شەهیدبوون و مەرگیشی بەتەنیا بە سەروەری بۆ دێموکرات بزانێت و بەس. مەبەستمە بڵێم، ئەگەر حیزبی دێموکرات وەها بیر بکاتەوە لەهەمبەر د. قاسملوو، بێگومان هەوڵێکە بۆ بچووکردنەوەی کەسایەتییەکی گەورە، لە چوارچێوەیەکی بچووک و لۆکاڵی حیزبی، کە یەکەم زەرەرمەند خودی حیزبی دێموکرات دەبێت.

بە بۆچوونی من، حیزبی دێموکرات گەر بە ئاشکرا ئەوەی ڕانەگەیاندبێ، کە قاسملوو هیی هەمووانە یان لانیکەم هیی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، بەڵام ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە زۆرتر وەکوو سکرتێری حیزبەکەی ناساندوویەتی. دەتوانم نموونەی زۆر بێنمەوە بەتایبەت بۆ ئەو ڕێبەرانەی

کە شەهیدبوون یان گیانیان لەدەست داوە، کە دەکرا هەر لە ڕێگای خودی حیزبەکانیانەوە گەورەتر نیشان بدرێن و بکرێنە سیمبول و موڵکی هەمووان. بەڵام کە نەیانکرد، حیزبەکانیان زەرەریان کرد، چونکە بەوە دڵی هەزاران کەسیان ڕەنجاند کە کارێزمایەک وەکوو موڵکی حیزبێک ناسێنرا. لەم بارەیەوە حیزبی دێموکرات لەهەمبەر قازی محەممەد باشتر مامەڵەی کرد و شوێنی خۆیشی گرت و تا ئەم ساتەش لەسەر ئاستی هەرچوار پارچەی کوردستان وەها سەیری دەکرێت کە موڵکی هەموو کوردە و پێم وایە لە چل میلیۆن کەس، چوار کورد نادۆزیتەوە دژی قازی محەممەد بێ و بە موڵکی خۆی نەزانێت.

ئەم تێڕوانینە مانای ئەوە نییە کە حیزبی دێموکرات شانازی بە قاسملوو نەکات بەڵام دەبێ ڕێگا بدات و ڕێگا خۆش بکات بۆ ئەوەی خەڵکانی تریش بە هیی خۆیانی بزانن، چونکە ئەوە واقیعە. گەر غیابی مام جەلال بە (ی ن ک)ەوە دیارە کە بێگومان دیارە، گەر غیابی مەلا مستەفا بە پارتییەوە دیارە کە دیارە، گەر غیابی ئۆجەلان بە (PKK)وە دیارە کە بێگومان دیارە، گەر غیابی فوئاد مستەفاسوڵتانی بە کۆمەڵەوە دیارە؛ بێگومان غیابی د. قاسملووش بە حیزبی دێموکراتەوە دیارە. بەڵام گەر ئەنجامگیری ئەم بۆچوونە کۆ بکەینەوە، غیابی هەموویان بە کورد و کێشە ڕەواکەیەوە دیارە. هەقیقەتێک هەیە دەبێت بزانین دێموکرات یەکێکە لەو حیزبانەی، کە بە شەهیدبوونی سێ سکرتێری بێهێز نەبوو و نەکەوت؛ لە شوێن خۆی بەپێوە مایەوە- کە لە مێژووی سەدساڵی ڕابردوودا هیچ حیزبێکی کوردی نییە کە سێ سکرتێری لەدەست دابێت و بەڵام هەر بەردەوامبێت- ئەمە هێندەی پەیوەندی بە پەرەسەندنی حیزبەکە و ڕەگوڕیشەی لەنێو خەڵک و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، زەرووڕەت و واقیعییەتی حیزبەکە نیشان دەدات کە ڕاستە حیزبەکە سیمبول و کارێزماکانی دروست دەکات، بەڵام ئەوەش دوالیزمانەیە، کە ڕێبەر و سیمبوڵەکانیشی ڕۆڵیان لە گەشە و سەرکەوتنی حیزبەکەدا هەیە.

هەروەک گوترا ئەو ڕێبەرانە و غیابی هەموویان، چەندە کاریگەریی

نێگەتیڤی لەسەر ڕەوتی حیزبەکانیان هەیە، چەند هێندە کاریگەریی لەسەر گەلی کورد و خەبات و تێکۆشان و ناسینەوەی بزووتنەوەکە هەیە. ئەم بۆچوونەی من ڕەنگە خەڵکانێک بە سۆز و عاتیفەی بزانن، چونکە ئامار و فاکتێکی کۆنکرێتیم پێ نییە، بەڵام ئەمە کاری حیزبی دێموکراتە کە لەسەر قاسملوو ئەمە بکاتە فاکت و لە ڕێگەی توێژینەوە، لێکۆڵینەوە و دروستکردنی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەیی تایبەتەوە بیخاتە بەردەست.

ئەگەرچی دەبێت دان بەوەشدا بنێم کە هێشتا هەندێک لە دژەکان، یان لە مێژوویەکی خوێناوی ڕابردوو تێنەگەییشتوون و نەیانناسیوە تەئیدی ئەم فاکت و لێکۆڵینەوانە نەکەن، یان پێیان وا بێت قاسملووش بێ کەموکوڕی نەبووە و هەرگیز وەکوو کارەکتەری سەرەکی و کارێزماتێکی نەتەوەیی نەیناسن، کە دەکرێت ئەوەش بە بۆچوونێک بزانین. دەبێت ئەوەش بە ئاسایی و ئاسانی قبوڵ بکەین کە دوژمنانی گەلی کورد لە پێشەوەی ئەو بۆچوونەن و بەردەوام ئەوە دەڵێنەوە و دەیانەوێت لە کەسایەتیی د. قاسملوو و خەت و ڕێبازەکەی کەم بکەنەوە و دیارە زۆر درۆزنانە ئەمانە دەڵێن. چونکە دەیان ساڵ بەدوایدا وێڵ بوون بۆ ئەوەی تیرۆری بکەن و سەرئەنجام بەداخەوە کە کردیان. واتا تیرۆرکردنەکەشی هەر لەو کارێزماتیک و گەورەیی و بەهێزییەوە بوو، چونکە پێیان وابوو، بە تیرۆرکردنی قاسملوو بزووتنەوەکە، حیزبەکە و خەباتەکە کۆتایی دێت. بەڵام بەهەڵەدا چوون. وەکوو چۆن لە دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا بەهەڵەچوون لەم بارەیەوە، چونکە نەک وا دەرنەچوو و حیزبەکە و خەباتەکە هێشتا بەردەوامە، بەڵکوو ئەوەشیان بیر چوو کە دەتوانن قاسملوو تیرۆر بکەن، بەڵام ناتوانن ڕێگا و ڕێباز و ئامانجەکەی بکوژن.

## پێگە و ڕۆڵی د. قاسملوو و حیزبی دێموکرات

د. قاسملوو بەو پێیەی زوو لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆرئاوادا تێکەڵ بوو، کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو کولتووره خۆرئاواییە مۆدێرنەوە و هەندێک لەو چەمک، فەلسەفە و بۆچوونانەی ئەوکات بۆ گەلی کورد تازە بوو،

بەڵام قاسملوو توانیی ئەو چەمک و مەفهوومانە بگوێزێتەوە کە لە ئێستای خەباتی سیاسیی گەلی کورد، ناوچەکە و جیهانیشدا کاریگەریی گەورەیان هەیە و داناوە:

یەکەم: د. قاسملوو گەر خاوەنی تێزی گواستنەوەی دێموکراسیی خۆرئاوایی نەبێت بۆ کوردستان یان لانیکەم لە ڕۆژهەڵات، بەڵام یەکێکە لە پێشڕەوانی ئەم میتۆد و ڕێبازە و گواستنەوەی دێموکراسی و چەمکەکانی لیبرالیزم و ئازادییە شەخسی و فەردی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

دووهەم: د. قاسملوو ڕۆڵی هەبوو لە گواستنەوەی فکر و ئایدیای سۆسیال دێموکراسی و زوو دەرکی بە گرنگیی ڕێباز و ڕەوتی سۆسیال دێموکراسی کردبوو کە چینی نێوەڕاست، چەندە ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا هەیە و دەتوانێت خزمەتی گەورە بە شۆڕش بکات. واتە قاسملوو لە دەورانێکدا کە گەرمەی ڕەوت و ڕێبازی مارکسیزم –مائۆییزم قسە و باس بوو لە کۆمۆنیزمی کرێکاری، فکری لە گواستنەوەی ڕەوتی سۆسیال دێموکراسی بۆ کوردستان دەکردەوە و کاریگەرییشی دانا. ئەگەرچی خودی قاسملوو خۆیشی کەسێکی چەپ و مارکسیست بوو، چ لە دەورانی گەنجێتی لە حیزبی تودە، و چ دواتر کە وەکوو کەسایەتییەکی کوردی سۆسیالیست مایەوە، بەڵام دەکرێت بڵێین دیسان د. قاسملوو، یەکێکە لە ڕێبەرانی گواستنەوەی ڕەوتی سۆسیال دێموکراسی بۆ کۆمەڵگەی کوردستان.

سێیەم: ڕۆڵی ڕوو لە گەشەی لەنێو سۆسیالیست ئینتەرناسیۆناڵدا. ڕێکخراوی سۆسیالست ئینتەرناسیۆناڵ (SI) وەکوو دووهەم و گەورەترین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کە زۆرترین حیزبە سۆسیال–دێموکرات و دێموکراتەکان تێیدا ئەندامن، ڕۆڵ و کاریگەریی گەورەی هەیە لە سەر گەشەی دێموکراسی و ئازادییەکان و بەشێکی زۆر لە حیزبە گەورەکان دونیا تێیدا ئەندامن و بەشێک لەوانە حکوومەتەکانیان بە دەستەوەیە و هەندێک لەوانە سەرۆک حکوومەت و دەوڵەتی وڵاتانی دێموکراسین لە جیهاندا. د. قاسملوو زۆرتر لە هەموو کەسێک لە کوردستاندا، دەرکی بە گرنگیی ئەم ڕێکخراوە کردبوو. بۆیە یەکەم کەسە لەنێو حیزبی سیاسیی

کوردی و لەنێو گەلی کورددا کە لەم ڕێکخراوەیەدا ببێتە ئەندام. د. قاسملوو ساڵی ١٩٨٦ لە حەڤدەهەمین کۆنگرەی (SI) لە لیمای پایتەختی پیرۆ بەشداریی کرد، وەکوو یەکەم کەسایەتیی کورد و حیزبەکەشی وەک یەکەم حیزبی کوردی لەو ڕێکخراوەیەدا بەشدار بوو. دواتریش زۆری هەوڵ دا کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان (PUK) ش ببێتە ئەندامی (SI) و کاریگەریی لەسەر دۆستە خۆرئاواییەکانی دانا بۆ پشتیوانیکردن لە یەکیەتی و بە ئەندام وەرگرتنی لەو ڕێکخراوەیەدا. ئەوە بوو کە دواتر لە (١١)ی سێپتامبەری (١٩٩٦) لە (٢٠)هەمین کۆنگرەی (SI) لە ئەمەریکا، حیزبی دێموکرات بە ئەندام وەرگیرا و دواتریش بە هۆی مام جەلال (ی.ن.ک) و خەڵکانی تر وەک (HDP) لە باکوور و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ڕۆژهەڵات وەکوو ئەندام و چاودێر وەرگیران. واتا لەم مەحفەلە نێودەوڵەتییەدا گەورەدا قاسملوو ڕۆڵی یەکجار گەورەی گێڕا. بەو مانایە د. قاسملوو زۆر زووتر لە هەمووان دەرکی بە گرنگیی ڕووداوەکان و بابەتەکان دەکرد و دەیتوانی پێشبینیی شتەکان بکات.

چوارەم: باوەڕی د. قاسملوو بە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی هێندە بەهێز بوو کە دواجار گیانی خۆی لە پێناویدا بەخشی، لە کاتێکدا دەیزانی لەگەڵ چ مەترسییەک بەرەوڕووە. بەڵام ئیمان و عەقیدە و ئارمانەکانی وایان پێ دەگوت کە نابێت دەستبەرداری خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی بێت، ئەگەر بە نرخی گیانی خۆیشی بێت. واتا تیرۆری د. قاسملوو، چەندە پەیوەندیی بە خەباتی ڕەوای گەلی کورد و بۆ سەندنی مافەکانی بووبێت، ڕەنگە هێندەش لە ڕەوایی بۆ خەباتی سیاسی و دیپلۆماسییەوە سەرچاوەی گرتبێت.

پێنجەم: بیروڕای د. قاسملوو سەبارەت بە خەبات و بەرگریی چەکداری هیچ پارادۆکسێکی تێدا نییە لەگەڵ خەباتە دیپلووماسی و ئاشتیخوازانەکەی، بەو دەلیلەی قاسملوو دەیان ساڵ لە خەباتی چەکداریدا شەهید نەبوو، بەڵام لەپێناو ئاشتی و خەباتی دیپلۆماسیدا گیانی بەخت کرد.

شەشەم: پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتان تایبەتمەندییەکی سیاسیی د. قاسملوو بوو. د. قاسملوو پەیوەندیی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردی بەسەردا دابەش کراوە، بە گرنگ دەزانی بۆ نەیاری وڵاتەکانیان. واتا پەیوەندیی خۆی و حیزبی دێموکراتی لەگەڵ تورکیە و عێراقی نەیاری ئێران بە مەبەستی کەڵکوەرگرتن لە باری سیاسی، دارایی، ژێئۆپۆلۆتیک، جوگرافی و هاتوچۆ بە ئاسایی دەزانی و ئەوەی بۆ کوردەکانی عێراق و تورکیەش بە ڕەوا دەبینی. بەڵام ئەوەی بۆ د. قاسملوو گرینگ بوو، ئەوە بوو کە ئەو پەیوەندییە لە سەر حیسابی گەلی کورد لە پارچەکانی تر و حیزبە شۆڕشگێرەکانی ئەو پارچانە نەبێت، وەکوو چۆن خۆی و دێموکرات پەیوەندییان لەگەڵ عێراق و سەدام حوسێنی نەیاری یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان هەبوو، بەڵام پرەنسیپە گرنگەکە لەو پەیوەندییە خاڵێکی مۆراڵی، کوردایەتی و شۆڕشگێڕی ئەوە بووە، کە دژی بزووتنەوەی حەقخوازانەی پارچەکانی تر نەبووە. هەر بۆیە سەرنجی خوێنەران بۆ سێ خاڵ ڕادەکێشم:

یەکەم: د. قاسملوو یەکێک بوو لە لایەنە گرنیگەکانی دانوستانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی بەعس لە ساڵی (١٩٨٤) و ڕۆڵی گەورەی گێڕا لەو وتووێژانەدا.

دووەم: پاش پاشەکشەی بەعس لە ساڵی (١٩٩١) لە کوردستان و ڕووخانیشی لە ساڵی (٢٠٠٣)، تا ئێستاش بەخۆشییەوە هیچ فاکت و بەڵگە و دیکۆمێنتێکی کۆمەڵە و دێموکرات، یان قاسملوو وەک سەرکردەی هێزەکانی ڕۆژهەڵات نەکەوتە دەست خەڵک و حیزبەکان، کە نیشانی بدات هاوکاریی بەعسیان کردووە یان ئەو پرەنسیپەیان شکاندبێت، لە کاتێکدا جاش، سیخوڕەکان و بەعسییەکان هەندێکیان لە نێو حیزبەکانی باشووردا بوون.

سێیەم: خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، کە د. قاسملوو یەکێک بوو لەو سەرکردانەی لە سەدام حوسێن نزیک بووە، سەرەڕای ئەوەی هەمووومان دەزانین سەدام چی بوو. سەدام حوسێن ڕێزی لێ دەگرت، بەڵام هەرگیز

قاسملوو قبوڵی داواکانی بەعس و سەدامی نەکرد کە ئەمە زۆر سەختە لەگەڵ گەورەترین دیکتاتۆری دونیا سەروکارت هەبێت و مامەڵەی سیاسی بکەی، بەڵام نەچێتە ژێر باری سادەترین تەکلیف و داوایەوە و پێداگری لە ئامانج و دۆستایەتی پارچەکانی تر بکەی.

**کولتووری شۆڕشگێڕانەی د. قاسملوو و حیزبی دێموکرات**

حیزبی دێموکرات، یەکێکە لەو دەیان حیزبە کوردییانەی کە بە هێزی یەکەم و گەورە دەژمێردرێن کە لەهەر چوار پارچەی کوردستاندا ژمارەی ئەمانە لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن. یانی ناکرێت باسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی ئەو پارچەیە بکەیت و باسی حیزبی دێموکرات و دیارە کۆمەڵەش نەکرێت. هەر وەک چۆن ناکرێت لەنێو هەرچوار پارچەی کوردستاندا، کە باسی هێزەکانی کوردستان دەکرێت، باسی حیزبی دێموکرات نەکرێت. بۆچی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە سادەیە:

– ئەم حیزبە خاوەنی بیروڕا، ئارمان، مەبدەئی ڕوون، هەڵوێستی سیاسی، نەتەوەیی و مێژووییە.

– خاوەنی نزیکەی حەوت دەیە خەبات، تێکۆشان و شەهیدبەخشین بووە و، سێ سەرکردە و سکرتێری حیزبەکە شەهید بوون.

– خاوەنی لێکدانەوە و تەشخیسی ورد و دروست بووە بۆ ڕووداوەکان. خاوەنی سەرکردەی کارامە و کاریزماتیک و خاوەنی هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی بووە.

بۆیە ئێستا دەکرێت بپرسین حیزبی دێموکرات چی بکات کە نەیکردوە چ لە باشوور، یان لە ڕۆژهەڵات یان باکوور؟

**یەکەم؛ باکوور و ڕۆژئاوا:**

لە سەر هەموو ڕووداوەکانی پەیوەست بە پارچەکانی کوردستان ڕوانگە و هەڵوێستی ڕوون و ئاشکرای بووە بۆ پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەو پارچانە. ئەگەرچی سەرنج و تێبینیی

لەسەر بەشێک لە سیاسەتەکانی (PKK) و (PYD) باکوور و ڕۆژئاوا بە تایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا بووە، بەڵام ئەمە نەبۆتە هۆی ئەوەی دەست لە داکۆکی لە مافەکانی گەلی کورد لەو بەشانە هەڵبگرێت.

**دووهەم؛ لە هەمبەر باشووردا:**

١- حیزبی دێموکرات لە سەرەتای حەفتاکان و هەشتاکاندا پشتیوانیی سەرەکیی خەباتی باشوور بوون، کە (ی.ن.ک) و کۆمەڵەی ڕەنجدەران نوێنەرایەتیی دەکرد؛ لەپاڵ کۆمەڵەدا، ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە سەرکەوتنی شۆڕشدا، ئەگەرچی ئەم هاوکارییە دوولایەنە بوو.

٢- ڕۆڵ و کاریگەریی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هێندە بەرچاو و گەورە و مێژووییە لە بەرانبەر چەندجار ئاوارەبوون و پەرتەوازەبونی کوردەکانی باشوور لەژێر ستەم و چەوسانەوەی بەعس، چ لە کاتی کارەساتی هەڵەبجە، چ لە ڕاپەڕینی (١٩٩١)، چ لە (٣١)ی ئابی (١٩٩٦) و چ لە ساڵی (٢٠٠٣). ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتییەکان خۆشیان، میهرەبان و گەورە بوون، بەڵام هەرگیز ناکرێت لەژێر کاریگەریی دێموکرات و کۆمەڵەدا نەبووبن.

٣- لە موراعاتی ئەزموونی باشوور، لە دوای ڕاپەڕینەوە نەک سەرئێشە، کێشە و گرفتی سیاسییان دروست نەکردووە، بەڵکوو ڕۆڵی دۆستی و هاوکارییان گێڕاوە.

٤- لە کۆنگرەی نەتەوەیی (٢٠١١) وەکوو هێزی چالاک بەشدار بوون، ڕۆڵ، دەور و نەخشیان هێندە کاریگەر بوو کە دەرکەوت باسکردن لە کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵات بێ دێموکرات و کۆمەڵە نامومکینە.

٥- لە شەڕی داعش سەرەڕای فشارەکان، بەڵام ڕۆڵی نیشتمانی و سیاسی، مێژوویی، شۆڕشگێڕی گەورەی نواند.

٦- ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان و گەیشتنیان بە ڕێککەوتننامەی هاوبەش دوای چەندین ساڵ لە شەڕ و ململانێیەکی سەخت و لە نەیارەوە بوون بە یار کە دواتر دامەزرانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانیشی بەدوودا

هات.

**دێموکرات دەبوو چی نەکات؟**

١- دەبوا شەڕی نێوخۆیی نێوان کۆمەڵە و دێموکرات نەکرایە.

٢- دەبێ نەکەوێتە ژێر کاریگەری و هێژمۆنخوازیی هیچ هێز و لایەنێک لە باشوور، یان لە ناوچەکەدا.

**دەبوو چی بەرانبەر بە دێموکرات نەکرابا؟**

١- دەبوو ئەو تیرۆرانەی لە باشوور لە (١٩٩١-١٩٩٦) ڕوویان دا دژی دێموکرات و کۆمەڵە و خەبات، ڕێگریی لێ بکرایە.

٢- نەدەبوا ڕادیۆکەیان لێ داخرابا و دەبوا ڕێگە لە هاتنی سوپای پاسداران بگیرایە.

٣- دەبوو کە داوای هاوکاری لە حکوومەتی هەرێم دەکەن، وەڵامێکی دروستیان وەرگرتبا و حکوومەتی هەرێم هەرگیز ڕێگای بەخۆی نەدابا هاوکاری و یارمەتیی هێزەکانی ڕۆژهەڵات ببڕێت.

٤- دەبوو لە سنوورەکان گرفتیان بۆ دروست نەکرایە.

٥- دەبوو پاش دەیان ساڵ مانەوەیان لە باشوور، مافی پەنابەریی سیاسی بە خۆیان و خێزان و ماڵ و مناڵەکانیان بدرایە و، وەکوو هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە بەهرەمەند بوونایە لە ژیان، مووچە و داهاتەکانی حکوومەتی هەرێم.

٦- دەبوو لە دامودەزگاکانی حکوومەت، کارئاسانی زۆر و زەوەندەیان بۆ بکرایە و، ئەو گلەییە بەحەقانەی هەیانە، نەمایە.

٧ – دەبوو هاوکاری بکرێن لە بواری ڕاگەیاندن و ماددیدا.

٨ – دەبوو لە هەرێمی کوردستان گەورەترین پەیکەر بۆ سەرکردەکانیان دروست بکرێت و گەورەترین شەقام و پارکەکان بە ناوی بەشێک لە سەرکردەکانی دێموکراتەوە بکرێت.

**کێ ئەڵتەرناتیڤی حیزبی دێموکراتە؟**

کارێکی قورس و گران و نامومکین نییە و لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانیش پارادۆکسێکی عەجیب و غەریب نییە، گەر حیزبێک لە غیابی حیزبی مەوجوددا ببێتە ئەڵتەرناتیڤ. بە واتایەکی تر، سەدان حیزب لە جیهاندا بە هۆی نەبوونی تەشخیسی دروست بۆ ڕووداوەکان، بە هۆی نەبوونی هەڵویستی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی یان فکری و ئایدۆلۆژی، یان نەبوونی ئیرادە بۆ خۆڕاگری بەگژ ڕووداو و کارەساتەکاندا، ئەڵتەرناتیڤی تر، حیزبی تر، شوێنی گرتوەتەوە. - حیزبەکەی ئاتاتورک، کە بونیادنەری دەوڵەتی نوێی تورکیەیە، (AKP)ی ئیسلامی شوێنی گرتووەتەوە.

- حیزبەکەی گاندی لە پاشەکشەدایە.
- حیزبی تودەی ئێران لە کوێیە؟
- پڵنگەکانی تامیل شکستیان خوارد....!

بەڵام قسەکە ئەوەیە:

- پاش پەڕینەوەی دێموکرات لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات لە دەیەی هەشتاکان،
- پاش شەڕی سەختی حیزبی دێموکرات دژی ڕێژێمی شا و کۆماری ئیسلامی و دانی هەزاران شەهید و قوربانی،
- پاش دەیان شکست و هەڵسانەوە و ڕووداوی کارەساتبار،
- پاش تیرۆری سێ لە سەرکردەکانی ئەم حیزبە، (قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی)، کە لە ئاستی گەورە و کوردستاندا ڕەمز و سیمبول بوون،
- پاش تیرۆری دەیان ئەندامی ڕێبەری و هەزاران کەس لە پێشمەرگە و کادیرەکانی،
- پاش دابڕانێکی چەند ساڵە لە خەبات و بەرگریی چەکداری و پێشمەرگانە،
- پاش دەیان ساڵ دوورکەوتنەوە لە نێوخۆی وڵات و هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانیان،
- پاش دەیان تەون و چنینی دەیان پیلانی دژوار، پاش گوشاری سیاسی

و ڕۆحی لە سەر حیزبەکە و بنەماڵەکانیان،

- پاش ئینشقاق و ئینشعاب و هەوڵدان بۆ بچووککردنەوە و دوورخستەنەوەیان،

- پاش دەیان سیناریۆ و ئەجێندا بۆ پەراوێزخستن و بچووککردنەوەی حیزبی دێموکرات و هەوڵدانی ناڕاستەوخۆ بۆ دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤ؛ بەڵام

پیلانی دژ و نەیارەکانی حیزبی دێموکرات نەک هەر سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکوو هەموو ئەو کارەسات و پیلانانە، دێموکراتیان قاڵتر و خۆڕاگرتر و گەورەتر کرد و چۆکیان دادا بە ئەڵتەرناتیڤە یۆتۆپییەکان کە واقیعی نەبوون. بۆیە هیچ هێزێک لە ئێستادا ناتوانێت لە ڕۆژهەڵات وەکوو ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەم حیزبە خۆی دەربخات، سەرەڕای ئەو هەوڵانەی هەبوون یان دەدرێن.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە کە دێموکرات و کۆمەڵە، بێخەم لێی دانیشن و خەم و ترسیان لە دروستبوونی ئەڵتەرناتیڤ نەبێت، واتا لە سەر خەرمانی سەرکەوتن لە شۆڕشی خەباتگێڕی شەهیدان و ڕابەرانیان بخەون، چونکە ئەوە هەڵەیە کە حیزبی کوردی تووشی غروور دەکات و لە ئاکامدا تووشی شکست و پاشەکشەی دەکات، بۆیە گەر ڕێژەی ئەو مەترسییە تەنانەت (١٠٪) بێت، دەبێ بزانرێت کە هێشتا ئیمکانی هەیە کارێکی وا ڕوو بدات. ئەوانەی دەیانەوێت و خەریکی ئەڵتەرناتیڤسازین، وەکوو ئەڵتەرناتیڤی حیزبی دێموکرات یان کۆمەڵە، بێگومان سێ ئەڵتەرناتیڤ خۆیان نمایش دەکەن:

**یەکەم: ئەڵتەرناتیڤی هێزی نەیار و دوژمنەکان:** ئەمە زۆرتر نەیاران نوێنەرایەتی دەکەن، کە هەرگیز نەیتوانی سەرکەتوو بێت و ناتوانێت.

**دووهەم: ئەڵتەرناتیڤی هێزە کوردستانییەکان:**

١- هێزەکانی ڕۆژهەڵات: کە دەکرێت کۆمەڵە وەکوو هێزێک بناسرێت کە هەمیشە دەیویست ئەڵتەرناتیڤی دێموکرات بێت، هەرنەبێ لە ڕووی پێگە و نفوزی جەماوەرییەوە. بەڵام ئەم کارە نەکرا. لاموایە تەندروسترین مۆدێلی

ئەڵتەرناتیڤسازی حیزبێکی دێموکراتیکە کە بیەوێت لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە ببێتە حیزبی یەکەم و ڕکەبەرەکەی بکاتە دووەم.

٢- هێزەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵات: ئەم مۆدێلە لە ئەڵتەرناتیڤسازی خۆی وەکوو نوێنەری هەموو هێزەکان نیشان دەدات. گرفتی سەرەکیی ئەوەیە کە هەندێک هێز لە دەرەوەی پارچەکانی ڕۆژهەڵات یان پارچەکانی تر، دەیانەوێت هێز و ئەڵتەرناتیڤ بۆ هێزەکانی نێو ئەو پارچانە دروست بکەن، یان هێزێک بیەوێت خۆی وەکوو ڕێبەری نەتەوەیی نیشان بدات. بیەوێت کۆپی خۆی لە پارچەکانی تری کوردستان دروست بکات و خۆی وەکوو حیزبی هەژموون نیشان بدات کە هەرگیز ئیمکانی نییە ئەمە لە ڕۆژهەڵات ڕوو بدات. چونکە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە خاوەنی پێگەیەکی جەماوەرەی دەیان ساڵەن، خاوەنی هەزاران شەهیدن، خاوەنی پێگەی جەماوەری گەورەن و ڕۆڵی مێژوویی گەورەیان گێڕاوە. بۆیە هەرگیز ناکرێت سیناریۆکانی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات دووبارە بکرێنەوە. لەو سۆنگەیەوە پێویستە چەند پرسیارێک لە حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتیەکان بکرێت، کە ئایا:

- سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەت و پەرلەمان ڕاوێژکاریان هەیە بۆ هێزەکانی ڕۆژهەڵات، کە بۆ ڕۆژئاوا هەیانبوو؟
- لێپرسراوانی حکوومەت چەند جار سەردانی کەمپی کۆیە و زڕگوێزیان کردووە؟
- لە حاڵ و گوزەرانی ئاوارەکانی کەمپەکانیان پرسیوە؟
- بۆچی کاتێک لە سەر مافەکانیان خۆپیشاندان دەکەن دەستگیر دەکرێن؟
- (٥٠٠٠) کوردی ڕۆژهەڵات لە هەرێمدان، چییان بۆ کراوە؟
- ئاخۆ ئەمە لە پلەی یەکەمدا ئەرکی یەکیەتی و پارتییە نییە کە هاوکارییان بکەن؟
- ئەوەی بۆ ڕۆژئاوا و (PYD) بۆ (PKK وHDP) لە باکوور دەکرێت، نیوەی ئەوە بۆ کۆمەڵە و دێموکرات دەکرێت؟ لە حاڵێکدا ئەرکی سادە و سانای حکوومەتە و پێویستە بکرێت.

**پوختەی مەبەست:**

بێگومان ئەندێشە و بیروبۆچوونەکانی د. قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات، هیچی کەمتر نییە لە بۆچوونەکانی (مائۆ) بۆ حیزبی کۆمۆنیستی چین، بەو مانایەی کە فیکری قاسملوو، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەلومەرجی سیاسی و بابەتیانەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەیە، لانیکەم بیروباوەڕەکانی بۆ خودی دێموکرات سەرمایەی گەورەن، هێشتا ئەم حیزبە بەو ئارمان و بیروباوەڕەیەوە پەیوەستە و دەتوانێ وەکوو ئارمان و وزە بۆ گەشە و مانەوەی حیزب سەیر بکرێت.

گەر لە ئێستاشدا بۆ ڕووداوەکانی شۆڕشی (ژینا) بڕوانین بەقەدەر پانتایی پێگە و جوگرافیای جیزبی دێموکرات ناتوانین بڵێین کەسایەتیی قاسملوو و فیکری قاسملوو لەو ڕووداوانـەدا ڕۆڵی نییە و جێگە و شوێنی دیار نییە. بێگومان فیکر و ئارمانی قاسملوو چۆن زۆرینەی ڕووداوەکان کە لە سنووری کوردستان و خۆرهەڵاتدا ڕوودەدەن دیارە کاریگەری خۆی بەجێ هێشتووە، بۆ ڕووداوەکانی شۆڕشی (ژینا)، خەباتی چەکدارانە، خەباتی دیپلۆماسیانە و ڕەوتی ئاشتی و یەکگرتنەوەش دیارە. بە واتایەکی تر، هیچ ڕووداوێک نییە، کە پانتایی و کاریگەری دێموکراتی تێدا بەرجەستە نەبێت و ڕۆڵی تێدا نەگێڕێت و لەم ڕووەوە هەست بە بۆشایی فیکریی قاسملوو ناکرێت. واتا هەر جووڵە و گۆڕانکارییەک، هەر ڕووداو و پێشهاتێک بۆ حیزبی دێموکرات ڕاستەوخۆ، پریشکی دەگەڕێتەوە سەر فیکر و بۆچوون و هەنگاوەکانی شەهید د. قاسملوو، وەک چۆن ئەوە بۆ یەکێتی و پەکەکە و پارتیش، بۆ ڕابەرانی وەک (مام جەلال، ئۆجەلان و مەلا مستەفا)ش ڕاستە کە لەسەر زەمینی واقیع دەیبینین.

# «ئێمە بۆ ژیانێکی باشتر خەبات دەکەین»

**ئارام کەیخوسرەوی**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لە درێژاییی مێژوودا فەرهەنگ بووە. هیچ مرۆڤێک یان هیچ کۆمەڵە خەڵکێک لە دنیا و بەدرێژایی مێژوودا شک نابەین کە خاوەنی فەرهەنگ و کولتووری تایبەت بە خۆیان نەبن. مەبەست لە فەرهەنگ لێرەدا زمان، ئاکار، هەڵسوکەوت، نەریت، جلوبەرگ و چۆنیەتیی ڕوانینە بە نیسبەت سروشت و دنیا. فۆلکلۆر، مێژووی زارەکی، ئەدەبیات، چیرۆک و تەنانەت مۆسیقای هەر نەتەوە یان کۆمەڵە خەڵکێک ئاوێنەی فەرهەنگ و کولتووری ئەو نەتەوە و خەڵکانەیە. بە ئاوڕدانەوەیەک لە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و مۆسیقای کوردی دەتوانین زۆر خاڵی تایبەت لەمەڕ چۆنیەتیی تێگەیشتنی مرۆڤی کورد لە خۆی، ژیان و دنیا فام بکەین. ئەوەی لێرە دەتوانم وەک ئیددیعایەک ئاماژەی پێ بدەم ژیاندۆستیی مرۆڤی کورد بووە کە ڕەنگدانەوەی ئەم ژیاندۆستییە لە فۆلکلۆر و وێژەی کوردیدا دەبینین.

مرۆڤویستی هەتاهەتاییبوون لە هەناویدا هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دڵنیایە بە مەرگی خۆی. ئەم دژوازییە هۆکارێکە تا مرۆڤ بە دووی

ڕێگایەک بێت تاکوو بتوانێت بەسەر ئەم دژوازییەدا زاڵ ببێت و بژیت. بە ئاوڕدانەوەیەک لە مرۆڤی کورد دەتوانین بڵێین مرۆڤی کورد ئەمەی لە ژیاندۆستییەوە دۆزیوەتەوە. ژیاندۆستی بە مانای ئەریگوتن بە ژیانە بە هەموو تەنگ و چەڵەمە و ڕەنج و نەهامەتییەکانییەوە. سەرمەستی، شادی، مۆسیقا و تەنانەت هەڵپەڕکێی کوردی جۆرێک وەڵامدانەوەیە بەم دژوازییە و ڕەنج و سەختییەکانی ژیان.

لە بزاڤی سیاسیی کوردستاندا دیسان دەتوانین ڕەگ و ڕیشەی ئەم ژیاندۆستییە دەرهاوێژین. بزاڤی سیاسیی کوردستان لە هەر چوار بەشەکەیدا مێژوویەکی خوێناوی و سووری بووە. دەیان و هەزاران لاوی خوێنگەرمی کورد بە کچ و کوڕەوە بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی وڵاتەکەیان غەرقی خوێن کراون. بەڵام بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە هیچ قۆناخێکدا مەرگ و کوشتنی نەلاواندووەتەوە. مژاری سەرەکیی ئەم بزووتنەوەیە ڕزگاری و ئازادیی کوردستان بووە، بۆیە ئەم گوتارە بەرهەمهێنەری تاکێکی مەرگدۆست لە ڕێگای سەربەستیی وڵات نەبووە. هیچ تاکێک بۆ مەرگ ئاوێتەی ئەم بزاڤە نەبووە. هیچ ئامانجێک بێجگە لە سەربەستی و ئازادیی وڵات بایەخ و ئێژایی نەبووە و نییە. ڕەنگە باشترین پێناسە بۆ ئەم ڕوانگەیە ئەم گوتەیەی دوکتور قاسملوو بێت کە دەفەرموێ: «شۆڕش ناراحەتبوونی ناوێت، ئێمە بۆ ئەوەی شەهید ببین تەقلی شۆڕش نابین و شەهیدبوونیش بۆمان ئارمان نییە. ئێمە لە کاتی شۆڕشدا بۆ ژیان بیر دەکەینەوە و بۆ ژیان تێدەکۆشین، هەرچەند لەم ڕێگەیەشدا شەهیدیش دەدەین و هاوڕێیانیشمان بەجێمان دەهێڵن، بەڵام تەواوی تێکۆشانی ئێمە بۆ ژیانکردنە و بۆ ژیانکردنیش دەمێنێت.»

کەوا بوو بزاڤی سیاسیی کوردستان پێش لە هەموو شتێک بزاڤێکی جیهانی و سیکۆلار و ژیاندۆستە. سروشتییە کە لەم ڕێگایەدا مەرگ و کوشتن لە بۆسەی شۆڕشگێڕاندا بێت و شەهید بکرێن و شەهیدان ببن بە بەشێک لە پیرۆزییەکانی ئەم ڕێبازە. بەڵام ئەوە جیاوازیی زۆری هەیە لەتەک بەپیرۆزکردنی خودی مەرگ. زۆربەی ئەوانەی هاتوونەتە

کوردستان تا شۆڕشگێڕانی کورد سەرکوت بکەن، هاتوون تا لەو ڕێگایەدا بکوژرێن، واتە بۆ ئامانجێکی ئەوجیهانی و مێتافیزیکی. کوژران ئاوات و بزوێنەری ئەوان بووە. لوتکەی ئەو ڕێبازە لە فەتوای «خومەینی» دژ بە خەڵکی کوردستان دەردەکەوێت، کە لەوێدا بە لێشاو خەڵکی ئێران بۆ کوژران یان بەو جۆرەی کە لە ئەدەبیاتی خۆیان باوە بۆ شەهیدبوون بەرەو کوردستان وەڕێکەوتبوون. ئەگەر واوەتر بچین دەتوانین بڵێین شەڕی ئێمە و داگیرکەرانی کوردستان شەڕی دوو فەرهەنگ و کولتوورە، واتە شەڕی ژیان و مەرگ.

ئەم کولتوورە ژیاندۆستەیە کە «ژن، ژیان، ئازادی» لە هەناویدا بەرهەم دێت، دروشمێک کە پاژێکی سەرەکی بۆ ژیان تەرخان دەکات؛ بەڵام دیسان کولتووری بەرامبەر، کولتوورێک کە سەدان ساڵە دەیەوێت خۆی بەسەر کوردستان بسەپێنێت ناتوانێت ژن، ژیان، ئازادی قەبووڵ بکات و لەباتی ئەمە «مرد، میهن، آبادی» دادەنێت. لێرەش دیسان جیاوازیی ئەم دوو کولتوورە بە ڕوونی دەردەکەوێت. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: مەبەست چ ژیانێکە و کورد وەدووی کامە ژیانە؟

دوکتور قاسملوو لە گوتەیەکدا لەبارەی خەباتی گەلی کورد دەڵێت: «ئێمە بۆ ژیانێکی باشتر خەبات دەکەین.» تێگەیشتن لە ئەم «باشترە» لەوانەیە وەڵامی پرسیارەکەی ئەم وتارەشی لێ بکەوێتەوە.

یۆنانییەکان وشەیەکی یەکەیان بۆ «ژیان» نەبوو. ئەوان لە دوو وشە بۆ ژیان کەڵکیان وەردەگرت. وشەی «zoe» و «bios» کە یەکەمیان ئاماژە بوو بە ژیانی ئاسایی و گیانداربوونی گیانلەبەران کە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هاوبەش بوو. ئەم جۆرە لە ژیانە تایبەت بە کەتواری بایلۆجیکی هەر گیانلەبەرێکەوە بوو. بەڵام جۆری دووهەمی ژیان، شێوازێکی باشتر و گونجاوتر بۆ تاک یان کۆمەڵە کەسێک بوو. بیرمەندانی یۆنانی کاتێک باسیان لە ژیان دەکرد ئاوڕیان لە ژیان بە مانای «zoe» نەئەداوە. ئەم شێوە ژیانە واتە ژیانی سروشتیی پەتی لە پانتاییی گشتی وەدەرنرابوو و تەنیا قەتیس کرابووەوە بۆ ماڵ. بایۆس ئەو شێوە ژیانە بوو کە تەنیا تایبەت

بە هاووڵاتییانی پۆلیس (دەوڵەت-شار) بوو. کۆیلەکان چون گیرۆدەی پێداویستییەکانی ژیانن مافی بەشداری لە پۆلیسیان نەبوو، واتە کۆیلە تەنیا خاوەنی ژیانێکی بایۆلۆجیکی بوو وەک هەر گیانلەبەر و ئاژەڵێکی تر.

دواتر «هانا ئارێنت» ژیانی کرداریی مرۆڤ بەسەر سێ چالاکیدا دابەش دەکات کە بریتین لە: ١- زەحمەت (labor) ٢- کار (work) ٣- کردار (action). زەحمەت پێوەندی بە بازنەی بایۆلۆجیکی مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرانەوە هەیە. ئەم چالاکییە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی ژیان هەیە. مرۆڤ لەم ئاستەدا ئازاد نییە و گیرۆدەی پێداویستییەکانی ژیانە. لە یۆنانی کۆنیشدا تەنیا ئەوانەی هاووڵاتی بوون و لە پانتایی گشتی ئامادە بوون کە گیرۆدەی بازنەی بایۆلۆجیکی واتە پێداویستییەکانی ژیان نەبوون. ئەم بازنە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ هاوبەشە، واتە ئاژەڵیش پێویستیی بایۆلۆجیکی هەیە، بۆیە بە وتەی ئارێنت مرۆڤ لەم ئاستەدا لە پەستترین ئاستی خۆیدایە.

چییەتی مرۆڤ لە کرداردا خۆی دەردەخات، مرۆڤێک کە گیرۆدەی پێداویستییەکانی ژیانی نییە و ئازادە. بۆیە کردار و ئازادی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە. ئەوەی دێتە پانتایی گشتییەوە ئازادە و توانایی کرداری هەیە، واتە داهێنان، زمان، وتووێژ و لە هەموو گرنگتر دەستپێکردنی شتی نوێ (آغازیدن)، چونکە بە گوتەی ئارێنت، دەستپێکردن یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە. لەم ئاستەدا مرۆڤ دەتوانێت قسەکەر بێت و دەتوانێت هەمیشەییبوونی خۆی مسۆگەر بکات؛ بەپێچەوانەی ئاستی زەحمەت کە مرۆڤ بچووک دەکرێتەوە و لە مرۆڤبوون خاڵی دەکرێت و لەگەڵ ئاژەڵدا هاوسەنگ دەکرێت. وەک چۆن بە ئاژەڵێک دەڵێین بێزمان، مرۆڤ لە ئاستی زەحمەتدا دەبێتە بێزمانێک، کەسێک کە زمانی قسەکردن، وتووێژکردن و داهێنان و هتدی لێ دەستێنرێت و تەنیا دەبێتە گیانلەبەرێک کە گیرۆدەی پێداویستییە بایۆلۆجییەکانییەتی.

مرۆڤبوونی مرۆڤ، تەنیا لە ئاستی کرداردا خۆی دەردەخات. کار ڕەهەندی سازێنەری مرۆڤ دەردەخات. هەموو بەرهەمەکانی مرۆڤ، لە

پیشەسازییەوە تا بەرهەمی هونەری، بەرهەمی «کار»ی مرۆڤن. بەرهەمێک کە لە ئاکامی کاردا چێ دەبێت بەپێچەوانەی ئەو بەرهەمەی کە لە ئاکامی زەحمەت بەرهەم دێت، تەمەنێکی زۆرتری هەیە. ئارێنت جیاوازی دادەنێت لە نێوان دوو وشەی «مەسرەف» و «کەڵک». بەرهەمی زەحمەت مەسرەف دەبێت، بەڵام بەرهەمی کار کەڵکی لێ وەردەگیرێت و زۆر جار تەمەنی بەرهەمەکە لە تەمەنی سازێنەرەکەی زۆرترە.

بەڵام بە گوتەی ئارێنت بەرزترین ئاستی چالاکیی مرۆڤ، کردارە. کردار پێوەندی بە فرەبییەوە هەیە؛ واتە بەم ئەسڵەی کە بە گوتەی ئارێنت، جیهان جیهانی مرۆڤەکانە نە مرۆڤ. بۆیە کردار لە پانتاییی گشتیدا ڕوو دەدات. دوو تایبەتمەندیی ئەم ئاستە لە چالاکیی مرۆڤ بریتین لە کردەوە و پەیڤ. ئەمەش تەنیا بە بوون لەگەڵ مرۆڤانی تردا مسۆگەر دەبێت. بە گوتەی ئارێنت، «مرۆڤەکان دەتوانن بەبێ زەحمەت بژین یان کەسانی تر ڕاسپێرین لەباتی ئەوان زەحمەت بکێشن و دەتوانن سازێنەریش نەبن، بەڵام ژیانی بە بێکردەوە و پەیڤ ئیتر ژیانی مرۆیی نییە، چونکە ئیتر لە نێو مرۆڤگەلێکی تردا تێپەڕ نابێت.»

لە زمانی ڕوومیدا بەڕوونی ئاماژە بەم فرەبییە و بەم شێوە ژیانە کراوە. واتە «ژیان» و «لە نێو مرۆڤگەلی تر بوون» یان «مردن» و «لە نێو مرۆڤگەلی تردا نەبوون» بە یەک واتا بە کاردەهێنرا. تەنیا لە ئاستی کرداردایە کە مرۆڤ دەتوانێت کێیەتیی خۆی دەربخات و دەتوانێت دەستپێکەری شتی نوێ لە جیهان بێت.

ئەوەی ڕوونە لە مێژووی هاوچەرخی کورددا مرۆڤی کورد بەردەوام وەدووی ئەوەدا بووە تا قەتیس نەکرێتەوە سەر بازنەی بایۆلۆجیکی و خۆی وەک مرۆڤێکی خاوەن کەرامەت و بە هەموو تایبەتمەندییە مرۆییەکانەوە دەربخات. دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوە، کاری هاوبەش و هەرەوەز و گرنگیدان بە پرسی ژینگە و تەنانەت مانگرتن و کۆچی سیاسی و هتد بەشێک بووە لە هەوڵی کورد بۆ ئەم مەبەستە. هەر بۆیەش بەردەوام ئێمە لە کوردستاندا مرۆڤێک دەبینین کە مرۆڤێکی خاوەن کردەوە یان مرۆڤێکی

سیاسییە کە نایەوێت قەتیس بکرێتەوە سەر ژیانی بایۆلۆجیکی. بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەوڵی داگیرکەرانی کوردستان قەتیسکردنی مرۆڤی کوردە لە نێو ژیانی بایۆلۆجیکی، ژیانێک کە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا هاوبەشە.

پەرەگرتنی دیاردەی کۆڵبەری لە کوردستان بە پیلانی داگیرکەران قەتیسکردنەوەی تاکی کوردە لەم بازنە بایۆلۆجیکییە. واتە جێگۆڕگێکردنی مرۆڤێکی سیاسی بە مرۆڤێکی زەحمەتکێش بە واتا ئارێنتییەکەی بۆیە پرۆسەی بە کۆڵبەرکردنی کورد پرۆسەی لە مرۆڤ خستنە. واتە بەرهەمهێنانی تاکێک کە تەنیا یەک ژیانی هەیە و ئەویش ژیانی بایۆلۆجیکییە، نە دەستپێکەرە و نە زمانی قسە و پەیڤی هەیە، نە داهێنەرە، تەنیا هەناسەدانی هەیە و لە بازنەی بایۆلۆجیکیدا دەسووڕێتەوە، بۆیە مەرگیشی ئیتر مەرگی مرۆڤێکی تەواو نییە و بە ڕەحەتی دەکوژرێت.

لێرە دەزانین کە ئەو پاشگری «باشترە» کە دوکتور قاسملوو لە دەستەواژەی «ژیانێکی باشتر»دا کەڵکی لێ وەردەگرێت دەتوانێت ئاماژەیەک بێت بۆ ژیانێکی سەردەمیانە کە تایبەتی مرۆڤێکە کە بە گوتەی ئارێنت لە بەرزترین ئاستی چالاکیدایە و نێوی کرداری لێ دەنێت، واتە ئەو ئاستە کە مرۆڤبوونی مرۆڤ بە تەواوی خۆی دەردەخات. هەر بۆیەش لە بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا لە ڕەهەندێکەوە دەتوانین بڵێین گەڕانەوەی مرۆڤی کورد بوو بۆ ڕستەکەی قاسملوو کە خەباتی گەلی کوردی خەبات بۆ ژیانێکی باشتر پێناسە کردبوو. واتە بە لەونێکدا ئەم بزووتنەوە بەرسڤێک بوو بۆ پرۆسەی لە مرۆڤ خستنی کورد و هاتنە ڕۆژەڤی دووبارەی مرۆڤی سیاسی لە کوردستان کە بە دووی ژیانێکی باشتر و سەردەمیانەوەیە.

# چییەتی و هۆکارەکانی هەڕەشە و هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات و سیناریۆکانی داهاتوو؟

**مستەفا مەولوودی**

بێ پێشەکی هۆکار و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە فشار و هێرش بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوون و ئاشکران و پێویست ناکات زۆر شەن و کەو بکرێن و لێکدانەوەیان بۆ بکرێ. هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە، ئەو ڕێژیمە لەگەڵ کورد و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆچوون و خوێندنەوەی جیاوازی هەبوو و دژایەتی ئەم حیزبە و خواستەکانی گەلی کوردی کردووە.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی خەباتی کردبوو، و بە هەراوی و چالاکانە لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا بەشداری کردبوو. بۆیە زۆر سروشتی بوو کە چاوەڕوانی دەستەبەری دەسکەوتەکانی شۆڕش بۆ خەڵکی کوردستان و دابینکردنی مافەکانی بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە نوێنەرایەتیی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستانی دەکرد،

بۆ ئەوە تێدەکۆشا؛ بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان ڕێبەرانی ئیسلامی پاش سەرکەوتنی شۆڕش نەک هەرهیچ گرینگییان بە ویستی ڕەوای خەڵکی کوردستان نەدا، بەڵکوو دژیشی وەستانەوە. زۆرییش نەخایاند دەستیان بە پیلانگێڕی و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان کرد و؛ تەنانەت فتوای جیهادیشیان لە دژی خەڵکی کوردستان دەرکرد و بە هەموو تواناوە هێرشیان کردە سەر کوردستان.

خەڵکی کوردستان کە تێدەکۆشا و لێبڕابوو بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی دەستی لەسەر دەست دانەنێت، دەستەوەستان نەمایەوە. بەڵکوو بە خەبات و تێکۆشانی هەمەلایەنە و هەمەچەشن بەرەنگاری هێرشی دژمن بۆوە و ئەو خەبات و خۆڕاگرییە هەتا ئێستاش درێژەی هەیە و سروشتییە هەتا وەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەو شۆڕشە درێـژەی دەبـێ. خەڵکی کوردستانیش لە مێژوودا بە خەبات و تێکۆشان ئەوەیان سەلماندووە و پشتڕاستیان کردۆتەوە.

لە خەبات و تێکۆشاندا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات، لێبڕاوانە و بێپسانەوە لە خەبات و تێکۆشاندا بووە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەرکاری نیزامێکی دێموکراتیکی خەڵکی کە مافەکانی خەڵکی کوردستان قبووڵ و مسۆگر بکات. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دروشمی «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان» تێدەکۆشا کە لە دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا بەشداری چالاکانەی هەبێ و لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی مافی چارەنووسی خۆی بێت و دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری بە شێوەی خودموختاری بەدەست خەڵکی هەرێمەکەوە بێت.

خۆ ئەگەر ئێستا «شـۆڕشـی ژینـا»ش بە نموونە بێنینەوە، دەتوانێ نموونەیەکی باش بێت بۆ ڕادەی خۆڕاگری و ئازایەتی خەڵکی کوردستان و کاریگەری و دەوری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕادەی دڵڕەقی و جینایەتکاریی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵات. لە ئێستاشدا کە لە بەرەبەری ساڵیادی تیرۆری دوکتور قاسملووداین، زۆرتر ڕوانگەکانی ئەو سیاسەتمەدارە بەتوانایەمان بۆ دەرکەوتووە کە هەموویان ئیلهامەدەر و ڕێنوێنی تێکۆشەرانی مەیدانی

ڕاستەقینەی خەبات لە شەقام و شارەکانە. بە خوێندنەوەی تازەش و دیسانەکە بۆ هەمووومان دەرکەوت کە دوکتور قاسملوو بیرمەند و سیاسەتمەدارێکی دووربین بوو. پاش ٣٤ ساڵ لە تێرۆرکردنی ئێستاش و بۆ داهاتوو خوێندنەوە و ڕوانگەکانی لەسەر زۆربەی بابەتە سیاسییەکان بە ڕۆژن و چرای ڕێگای تێکۆشانی سیاسەت پێ کردنن.

وەک دەزانن چەغماغەی شۆڕشی ژینا لە کوردستان لێ درا و بە ماوەیەکی زۆر کەم، پانتایی ئێران و زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتەوە و ڕۆژی وا هەبوو زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران شاهیدی خەبات و بەربەرەکانی و خۆنواندنی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوون، هاواریان نا بۆ کۆماری ئیسلامی بوو. دەکرێ بڵێین بۆ یەکەمین جار بوو دروشمەکانی خەڵکی کوردستان بەڕوونی لەلایەن خەڵکی تاران و تەورێز و زاهیدان و زۆر شاری دیکە بیسترا و گوترانەوە. (کوردستان چشم و چراغ ایران) نیشانەی ئەوە بوو خەڵکی باقی ئێران هاوار و داوای ڕەوای خەڵکی کوردستانیان گوێ لێ بوو. پشتیوانیان لێ کرد؛ هەر چەندە لەو شۆڕشەدا خەڵکی کوردستان تێچووی زۆری هەبوو بەڵام جارێکی دیکە، کۆمەڵێک پەیام لەو شۆڕشە سەریان هەڵدایەوە کە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەزم نەدەکران:

یەکەم: پاش ٤٤ ساڵ سەرکوت و دەمکوتکردنی خەڵکی کوردستان و بێبەشکردنیان لە زۆر مافی ڕەوا و تەنانەت لە بژێویی ژیانی ڕۆژانە، گوشاری بەندکردن، ئەشکەنجە، ئازار و لەسێدارە دان. خەڵکی کوردستان زیاتر ماهییەتی ڕێژیمیان ناسیووە و لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەدا ڕاوەستان و بەچۆک دانەهاتوون بەڵکوو پێداگرتن بوو لەسەر ویستەکانیان یانی لە یەک وشەدا خەڵکی کوردستان بەگشتی لە بواری سیاسییەوە زۆر بەرەوپێش چوون.

دووهەم: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ٤٤ ساڵە کار دەکات بەڵکوو کەلێن و جیاوازیی لە نێوخەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دروست بکات، بەڵام لە شۆڕشی ژینادا، ڕێژیم ئەوەی بە ڕوونی بۆ دەرکەوت کە هیچ کەلێنێک لە نێوان خەڵک و حیزبەکانی کوردستاندا نییە. بەڵکوو پێوەندیی ئەو دووانە

بەیەکەوە قایمتر و تۆکمەترە و ئاوێتەی یەکتر بوون.

سێهەم: ڕێژیم لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا زۆر هەوڵی داوە خەڵکی ئێران پەیام و دەنگی بە حەقی خەڵکی کوردستان نەبیسن و بە گوێیان نەگات. بەڵام شۆڕشی ژینا ئەو سنوورەی بەزاند. هاواری مافویستیی خەڵکی کوردستان و داوا ڕەواکانی کوردیان بیست؛ ئەوە پێوەندیی بەرین و قووڵی لە نێو خەڵکی کوردستان و باقی خەڵکی ئێراندا دروست کردوە.

سروشتییە ڕێژیم هەموو ئەوانەی پێ ناخۆش بوو و چاوی پێیان هەڵنایە؛ هەر بۆیە لەگەڵ گوشار بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵاتدا و لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی هێرشی مووشەکی و دڕۆنی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ کرد و لە ماوەی یەک مانگدا چەند جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە.

ڕێژیم مەبەستی لەو هێرشانە ڕوونە و وەک لە ماهییەتی‌دایە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەی بە بەردەوامی نیشان داوە کە دژی هەموو ئازادییەک و مافی ڕەوای خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستانە بە تایبەت، بۆیە گوشاری زیاتری خستۆتە سەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی بۆ ئەوەی قینی خۆیانیان زۆرتر پێ بڕێژێ. ئەوەندەی بۆی بکرێ زۆرتر خەڵک ئازار بدات و زۆرتر لە ئەندامی حیزبەکان بکوژێ. جیا لەوەش شۆڕشی ژینا کە تایبەتمەندیی مەدەنی و سەردەمیانەی وەرگرتبوو، ڕێژیمی زۆرتر داماو کردبوو، دەیهەویست ئەوەندەی بۆی دەکرێ بە بیانووی جۆراوجۆر سروشتێکی توندوتیژ لە شۆڕشی ژینا وێنا و حیزبەکانی پێ تاوانبار بکات و ئەو خەبات و شۆڕشە لە ڕێڕەوی دروستی خۆی لابدات. بەجۆرێک لە جۆرەکان بیانووی زۆرتر بۆ سەرکوت لە کوردستان بدۆزێتەوە و بیروڕای دنیای دێموکراتیکی دەرەوە کە سەرنجی زۆری لەسەر جووڵانەوەی خەڵکی ئێران و شۆڕشی ژینا هەبوو، چەواشە بکات و بەلارێیدای بەرێ؛ هەر لەو کاتەدا کردەوەی جینایەتکارانەی خۆی پاساو بدات. بەڵام هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات بە ئیلهام وەرگرتن لە سیاسەتی واقعبینیی حیزب کە مامۆستا و داڕێژەری ئەو سیاسەتە لە بیر و هزری دوکتۆر قاسملوو و قوتابیانی سەرچاوە دەگرێ، ڕێگە نەدرا ئەو پیلانەی ڕێژیم سەر بگرێ. هەر بۆیە بە توندترین شێوە لە

کوردستان لەسەر خەڵک  لە هەرێمی کوردستان لەسەر حیزبی دێموکرات ڕەق و قینی خۆی ڕشت؛ بەداخەوە خەڵک و حیزبەکان تووشی تێچوو و هەزینەی زۆری گیانی بوون.

ئێمە لە سەرەتادا باسمان کردوە کە ڕێژیم لە ڕۆژی هاتنە سەرکارییەوە دەستی بە دژایەتی لەگەڵ خەڵکی کورد کردوە بەڵام خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڵیان نەداوە و لە بەرانبەر هەموو گوشارێکی ڕێژیمدا خۆیان ڕاگرتووە و خۆڕاگری و بەربەرەکانیان کردوە؛ ئەوەش بۆ ڕێژیم قابیلی تەحەموول نەبووە و نییە؛ هەر بۆیە بۆ بە چۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان و حیزبەکان لە هیچ جینایەتێک خۆی نەپاراستووە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم خەباتی خەڵکی کوردستان لە مێژوودا تا ئەوڕۆش ڕەوا و بەحەق بووە و هەر ڕەوایە، هەوێنی ئەو خەباتە بیر و ئەندێشەی ڕێبەران و ئازایەتیی خەڵکی کوردستان و قوربانیدانی سەخاوەتمەندانەی ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەکانیەتی. کە دێینە سەر بیر و ئەندیشەی ڕێبەران، دەتوانین بڵێین دوکتۆر قاسملوو لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو ڕێبەرانەیە کە سیاسەت و ڕێبازی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستانی تێئۆریزە کرد و خەملاندوویەتی بە تایبەت لەو پەنجا شێست ساڵەی ڕابردوودا، لە داڕشتنی سیاسەتی ڕاست و دروستی، حیزبی دێموکراتدا لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بیر و ئەندێشەی ئەو سیاسەتمەدارە بە توانایە تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. ئێستاش دوای ٣٤ ساڵ لە تێرۆرکردنی، کاریگەری و شوێنەواری ئەو زانایە لە شەقامەکانی کوردستان دروشمی خەڵکی سەرشەقامە، هەروەها هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی سیاسیی حیزبەکان لە فاکتۆرەکانی ئەو بیرمەندە سوود وەردەگرن. هەموومان دەزانین کەم نین ئەو ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانەی کاتی خۆی بە هەر هۆیەک بووبێ دژی بیر و ئەندێشەکانی قاسملوو بوون و لە سیاسەتەکانی ڕەخنەیان گرتوە بەڵام لە ئێستادا بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە تێگەیشتنی ئەو کاتی خۆیان دەگرن و بە ڕوونی دان بەوە دادەنێن کە دوکتۆر قاسملوو لەسەر حەق و ڕاست بوو و ئەوان بوون وەک پێویست دەرکیان بە توانا فیکری و سیاسییەکانی دوکتۆر قاسملوو نەکردوە.

دوکتور قاسملوو بە ڕاشکاوی گوتوویەتی ئەویش ئینسانە و دەکرێ ئەویش لە کاتی ڕێبەریدا لە پێوەندی لەگەڵ دارِشتن و بابەتی سیاسیدا کە هەڵوێستی گرتووە، هەڵەش بکات بەڵام کە چاو لە مێژوو و سیاسەت و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکرێ بەخۆشییەوە نە دوکتور قاسملوو و نە حیزبی دێموکرات هەڵەیەکی ئەوتۆیان نەکردوە کە شوێنەواری نەرێنی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا دروست کردبێ. بۆیە پاش ٣٤ ساڵ لە تێرۆری قاسملوو، ئێستاش بیر و ئەندیشەکانی ئەو ڕێبەرە ئیلهامدەری بەشدارانی خەبات و تێکۆشان و لێکدانەوە و شەن و کەو کردنی بابەتە سیاسییەکانە و حیزبی دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش ٧٨ ساڵ یان باشتر بڵێین نیزیک بە هەشتا سال، حیزبی هەراوی خەڵکی کوردستانە و چاوی خەڵکی بە سەرەوەیە و بۆ ئەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بە مەنزڵگەی سەرکەوتنی بگەیەنێ.

# د. مەحموود عوسمان:
# تەنیا بە یەکگری و پاڵویێکدان دەتوانین نەمانی د. قاسملوو قەرەبوو بکەینەوە

**دیمانە: نورەدین سۆفیزادە**

**ئاماژە: تەلەڤزیۆنی «تیشک» لە ۳۰ ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیدا دیمانەیەکی لەگەڵ د. مەحموود عوسمان کردبوو. د. مەحموود عوسمان لەو دیمانەیەدا لە چەند ڕەهەند و گۆشەنیگای جیاوازەوە باسی لە ڕۆڵ و پێگەی د. قاسملوو کرد. ئامادەکارانی ئەم کتێبە بەباشیان زانی پوختەیەک لەو دیمانەیە بۆ خوێنەرانی بڵاو بکەنەوە:**

**دوکتور مەحموود ئێوە لە کەیەوە دوکتور قاسملووتان ناسیوە و چۆن باسی ئەو ناسینە دەکەن؟**

ئەمن دەمێک بوو دوکتور قاسملووم دەناسی. لە دەیەی پەنجای زایینییەوە دەمناسی. لەو کاتەوە تا کاتی شەهیدبوونی بەردەوام بینیومە. چ لە شاخ

و لەلای پێشمەرگەکان و چ لە دەرەوە لە پاریس، لە پراگ و زۆر شوێنی تر. لە باشووری کوردستان و بەغداش هەر بینیومە. بێگومان د. قاسملوو کەسایەتییەکی دیار و ناسراوی کورد بوو و لەسەر ئاستی ناوچەکە و دەرەوەش ناسراو بوو. پیاوێکی زانا و پێگەیشتوو بوو و زۆر بەباشی دەیتوانی خۆی بگونجێنێ، چ وەک پێشمەرگە و چ وەک مامۆستای زانکۆ، چ وەکوو تێکۆشەرێک کە چالاکیی نهێنی دەکرد، یان بەئاشکرا. لەبەر ئەوە بەڕای من کەسایەتییەکی زۆر دیار بوو. ئەو کەسایەتییەکی نەتەوەیی بوو و لە هەمان کاتدا، دیسان کەسایەتییەکی هەبوو کە بڕوای وابوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ باقی نەتەوەکان خەبات بکەن بۆ دێموکراسی لە ئێران. بڕواشی بەوە هەبوو کە پێویستە نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەدا پیوەندیی هەبێ. ئەو لەسەر ئاستی دەرەوەشدا ناسراو بوو، چوونکە لە زۆر وڵات ژیابوو و چەندین زمانی دەزانی. لەبەر ئەوە دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی گەورە بوو. بەوپێیە لەدەستدانیشی خەسارەتێکی گەورە بوو، چونکی بۆشاییەکی گەورەی لە بزووتنەوەی دێموکراتیکی کورد لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵات و کوردستان بەگشتی دروست کرد. بەداخەوە بە شێوەیەکی واش لەدەستمان چوو کە زۆر جێی باوەڕ نەبوو.

**دوکتور مەحموود چ تایبەتمەندییەک دوکتور قاسملووی کردە ئەو کەسایەتییە مەزنە کە جەنابت باست کرد؟**

بەردەوامی بەرێزیان لە خەبات، زانایی و تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی ئەو لە هەموو ڕوویەکەوە، خوێندەواری و خۆ گونجاندنی لە هەر ڕوویەکەوە و لە هەموو قۆناغەکانی وەکوو پێشمەرگە و لە چالاکیی نهێنی و ئاشکرا، و هەروەها ئەو پێوەندییە بەرفراوانەی لەسەر ئاستی جیهانیدا هەیبوو. ئەو لە دەرەوە پێوەندی هەبوو، لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەگەڵ حیزبە کوردستانییەکان پێوەندی هەبوو. لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکان پێوەندیی باشی هەبوو و ئەم هەموو پێوەندی و ئیش و توانا و زانیارییە، وای لە دوکتور قاسملوو کردبوو ببێتە کەسایەتییەکی ناسراو و گرنگ لەسەر ئاستی کوردستان، ناوچەکە و دەرەوەش.

**پێتان وایە خەباتی د. قاسملوو هەر بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، یان بەشەکانی دیکەی کوردستانیش؟**

نا. دوکتور قاسملوو بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان خەباتی دەکرد، بەڵام تەرکیزی زۆرتر لەسەر ڕۆژهەڵات بوو. بەڵام بەهۆی پێوەندییەکی کە لەگەڵ حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیبوو، یارمەتیی هەموو پارچەکانی کوردستانی دەدا. زۆرجار کە لە باشوور بووە یارمەتی ئەوێی داوە، هەموو لایەکیش ڕێزیان لێی دەگرت و ڕێز و ئێحترامێکی تایبەتیی لە نێوان هەموو لایەنەکان هەبوو. ئەو کەسایەتییەکی نەتەوەیی بوو، و نەک تەنیا بۆ ڕۆژهەڵات بەڵکوو بۆ هەموو پارچەکان خەباتی دەکرد. ئەوەش بڵێم کە مرۆڤێکی واقعبین بوو، باسی ئەوەی دەکرد کە نابێ دروشمێک هەڵگرین کە نەتوانین جێبەجێی بکەین و دەبێ دۆخەکە بخوێنینەوە. هەروەها دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات پیوەندییان هەبوو لەگەڵ عێراق، ئەوکاتەی کە ئەوان لە شاخ دژی ڕێژیمی ئێران شەڕیان دەکرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئیزنیان نەداوە ئەو پێوەندییە کاریگەریی خراپی لەسەر کوردی باشوور هەبێ. جاری وا هەبوو کوردی باشوور پێوەندی هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران، یان لەگەڵ تورکیە و دوایی زەرەری داوە لە کوردی ئێران و تورکیە. دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات ئەوەیان نەکردووە و بە قەناعەتی من کارێکی گەورەیان کردووە لەم بوارەدا. بۆیە ئەوکاتەی کە پێوەندییان لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبوو، قەت لێیان ڕازی نەبوو، هەرگیز ویست و خواستی دەسەڵاتی بەعسیان قبووڵ نەکرد و نەچوونە ژێر باری و دژی کوردی باشوور هیچ کارێکیان نەکرد.

**دوکتور بنەماکانی ئەو سەربەخۆییەی سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ چی دەگەڕێتەوە، و چەندە دوکتور قاسملوو کاریگەریی لەسەر ئەم سیاسەتە هەبوو؟**

حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو بۆیە نەچوونە ژێر ڕکێفی بەعس لەبەر ئەوەی دەیانزانی هیچ قازانجێکی تێدا نابێ. لەو قۆناغەی کە پێوەندییان لەگەڵ بەعس هەبوو، خۆیان زەرەرمەند بوون و دەیانتوانی زۆر زیاتر لە دەوڵەتی عێراق سوود وەرگرن، بەو مەرجەی ئەوانیش هەندێ شت بکەن

کە حکومەتی عێراق ڕازی بکات، بەڵام نەیانکردووە. زەرەری خۆیان قبووڵ کردووە، بەڵام نەیانویستووە زەرەر لە پارچەیەکی تری کوردستان یان نەتەوەی کورد بدەن.

**هەمووان دەزانن کە د. قاسملوو مێعماری پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کورد بوو. بەشێک لەو لینکانە ئێستاش وەفایان بۆ پرسی کورد ماوە، هۆکاری ئەوە لە چیدا دەبینن؟**

ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەسایەتیی دوکتور قاسملوو، توانای دوکتور قاسملوو و پێوەندی بەربڵاوی ئەو لەگەڵ لایەنەکان. بێگومان ئەوەی هاوڕێی د. قاسملوو بووبێ، یان بۆ ماوەیەکیش ئەوی ناسیبێت، ئێستاش باسی دەکات و ئێستاس ڕێزی تایبەتی هەیە بۆی. لە نێوخۆی کوردستان، لە باشوور، لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستانیش پێوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ هەموو لایەنەکان. ئەو بەردەوام بە دوای ئاشتیدا بووە و بەردەوام هەوڵی داوە کێشەی نێوان لایەنە کوردەکان بە ئاشتی چارەسەر ببێت. لایەنە کوردستانییەکان هەوڵی ئاشتەوایی بدەن و ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی شەڕ بوو، خەتابار هەر دەسەڵاتی تاران بوو. ئەو بوو کە پەلاماری کوردی دا، ئەگینا دوکتور قاسملوو قەت تەئییدی ئەوەی نەکردووە کە بڕۆن و شەڕ بکەن. بەڵام کاتێک حکوومەتی ئێران داواکانی کوردی قبووڵ نەکرد و پەلاماری کوردیان دا، کوردەکانیش ناچار بوون چەک هەڵگرن و دژیان بووەستنەوە. کاتێکش کە تووشی شەڕ ببوون، ئەوکات کۆمەڵە هەبوو، چریکی فیدایی هەبوو، شێخ عێزەدین هەبوو، حیزبی دێموکراتیش بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو هەبوو کە ئەم چوارە بەیەکەوە کاریان دەکرد، هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردیان دروست کرد و لەنێوان ئەو چوار لایەنەدا دوکتور قاسملوو زیاتر لە هەمووان هەوڵی ئاشتیی دەدا. لەگەڵ تارانیش هەروەها، هەموو هەوڵەکە ئەوە بوو کە ئاشتییەک هەبێ بەڵام تاران مەیلی نەبوو و نەیکرد. کوردیش هەموویان خوازیاری ئەوە نەبوون، بەڵام حیزبی دێموکرات زیاتر لە لایەنەکانی دیکە هەوڵی ئاشتییان دەدا. دەیانزانی کە ئاشتییەکە باشترە بۆ نەتەوە و قازانجی دەبێ ئەگەر مافی کورد لەو وڵاتەدا بچەسپێ، بەڵام ڕاستییەکە ئەمەیە کە نە ئێرانییەکان، نە عێراق، نە تورکیە و

نە سوورییەکان نەیاندەویست لەگەڵ کورددا پێک بێن. وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەردەوام نایانهەوێ کێشەی کورد چارەسەر ببێ و شەڕەکان ئەوان بەسەر کوردیاندا سەپاندوون.

**بە بڕوای ئێوە چی وا لە دوکتور قاسملوو دەکات کە لە کەسایەتییەکی چەپی کوردە ببیتە کەسایەتییەکی نەتەوەیی کوردی چەپ؟**

هەمووسان دەزانین دوکتور قاسملوو ماوەیەک چەپ و ئەندامی حیزبی توده بوو. بەڵام دوایی دەرکەوت کە حیزبی توده هیچی بۆ کورد نەکردووە و ئەوانەی چەپی ئێرانی بۆ کورد باش نەبوون. دوکتور قاسملوو پاش سەرنجدان بە دۆخی کورد پاڵپشتی نەکردن و گرنگینەدانی چەپەکان بە پرسی کورد بەو ئاکامەی دەگەیەنێت کە بگەڕێتەوە بۆ گوتاری نەتەوەیی. بەڵام هەبوون کەسایەتی دیکەی کورد وەکوو غەنی بلووریان کە پاش ۲۵ بۆ ۲٦ ساڵ بەندکران، هەر لایەنگری حیزبی توده مانەوە هەتاکوو گیانی بەخت کرد. لە هەمان کاتدا دوکتور قاسملوو هەوڵی دۆستایەتیی نێوان نەتەوەکان و لایەنە جیابیرەکانیشی دەدا و کەسێکی بیرتەسک نەبوو.

**باشە بۆ چی کۆماری ئیسلامی ئاوها کەسایەتییەکی ئاشتیخوازی شەهید کرد؟**

لە بنەڕەتدا کۆماری ئیسلامی ئێران بڕوای بە پرسی نەتەوەیی نییە و پێیان وایە کە هەموو خەڵکی ئێران سەر بە ئۆممەتی ئیسلامیین، بەڵام هەمووسان دەزانین کە لەوەشدا ڕاست ناکەن و فێڵ لە نەتەوەکانی دیکە دەکەن. شای ئێرانیش هەر بەم جۆرە خەڵکی فریو دەدا و دەیگوت هەموومان ئێرانین. بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی ئێران بە دوای وتووێژدا نەبوو، بەڵکوو دەیەویست دوکتور قاسملوو شەهید بکات و ئەوە بوو کە چەند کەسێکیان بە ناوی دیپلۆمات ناردە ڤییەن و لەوێ بەداخەوە دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر و دوکتور فازڵ ڕەسوڵیان تیرۆر کرد.

**کۆماری ئیسلامی ئێران بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو گەیشتە ئامانجی خۆی؟**

بێگومان نا، لەبەر ئەوەی ڕاستە ئەوان دوکتور قاسملوویان لێ ئەستاندین، بەڵام ڕێبازەکەی گشتگیرتر و بەرفراوانتر بووە و ڕق و قین نەتەوەی کورد نیسبەت بە داگیرکەر زیاتر بووە. لە ڕاستیدا ئەوانیش زەرەر دەکەن و نازانم کەی بەخۆیاندا دەچنەوە و ڕەفتاریان دەگۆڕن. بەڵام ئەم کردەوانە هەر دوو لا زەرەرمەند دەکات و ڕق و قینی نەتەوەی کورد زیاتر دەکات بەرانبەریان. بەداخەوە ئامریکا کە دوژمنی ئێرانە ئێستاش کاتێک کە بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لە کۆیە دەدەنە بەر مووشەک بێدەنگ دەبن و پشتیوانیمان لێ ناکەن. ئێمە دەبێ دەرس لە تیرۆری د. قاسملوو وەرگرین. جارێ پێش هەموو شتێک پێویستە کورد بۆ خۆی یەکگرتوو بێ و ئەگەر ڕۆژێک حکوومەتی ناوەندی داوای وتووێژی هەبوو، دەبێ بەئاشکرا بێ نەک نهێنی، چوونکە نەتیجەی نهێنییەکەمان بینی و زەرەرمان کرد. پێویستە لایەنێکی سێیەم هەبێ وەکوو وڵاتان یان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**پێتان وایە خەساری لەدەستدانی دوکتور قاسملوو چەندەیە؟**

بێگومان خەسارێکی گرانە، لەبەر ئەوەی هەر کەسایەتییەک کاریگەریی خۆی هەیە و بە تایبەتی دوکتور قاسملوو کاریزمای خۆی هەبوو و زەحمەتە کەس بتوانێ جێگەی بگرێتەوە، بەڵام پێویستە بۆ قەرەبووی لەدەستچوونی ئەم کەسایەتییە مەزنانە دەست بە دەستی یەکەوە بدەین و بتوانین جێگایان پڕ بکەینەوە.

# قاسملووی ژیر و زانا
# سەفیرێکی هەڵسووڕ
# بۆ جووڵانەوەیەکی بێ یار و یاوەر

**مارک کراڤێتس**
**وەرگێڕانی: قادر وریا**

ئاماژە: مارک کراڤێتس، ڕۆژنامەنووسی بە ناوبانگی فەرانسەیی و دۆستی د. قاسملوو، ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کرد. ئەم وتارەی خوارەوە لە نووسینە جوانەکانی ئەو ڕۆژنامەنووسەیە کە کاتی خۆی بە دوای تیرۆری د. قاسملوو لە ڕۆژنامەی «لیبراسیۆن»دا بڵاوی کردبۆوە. ساڵی ١٩٩٩(١٣٧٨) لە ١٠ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوودا، زیندەیاد کاک فەتاح کاویان لەسەر داوای من، ئەم نووسینەی لە ئینگلیزییەوە کرد بە فارسی. منیش لە فارسییەوە کردم بە کوردی. کوردی و فارسییەکەی ئەم وتارە لە ژمارە ٢٧٢ی ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە. وەک یادکردنەوەیەک لەم دۆستە بەنرخەی بزووتنەوەی کورد و وەک وەفایەک بۆ خزمەتەکانی کراڤێتس بە پرسە ڕەواکەمان، هەر وەها بۆ ئەوەی نووسەران و توێژەرانی سەردەمی ئێستا دەستیان بە وەرگێڕاوی ئەم نووسینەی ڕابگا، پێم باش بوو بە بۆنەی کۆچی دوایی مارک کراڤێتس و چاپبوونی ئەو کتێبە دووبارە بڵاوی بکەینەوە.

***

عەبدولڕەحمان قاسملوو کە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩لە ڤییەن تیرۆر کرا، هەم وەک ڕێبەری یەکێک لە کۆنترین و ڕەسەنترین بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی نەتەوەیی و هەم لە باری سەرنجڕاکێشبوونی کەسایەتییەوە، هەروەها لە باری ئێعتیبار و نفووری نێونەتەوەییشەوە بەو توانا و لێهاتووییە کەم وێنەیە ئەگەر نەڵێین بێوێنەیەی، لە شیکردنەوەی دابونەریتەکان و خەباتی گەلێکی هەزار ساڵە لە توێی بایەخەکانی دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا کە بریتین لە: ئازادی، دێمۆکراسی و ئەنتێرناسیۆنالیزم، پیاوێکی بێ هاوتا بوو. بەڵام بۆ خەڵک [ی جیهان] ئەوەندە نەناسرابوو و لەوانەیە ژمارەیەکی زۆر لە ئینسانەکان، لە بوون و مەرگی ئەو هاوکات ئاگادار بن.

قاسملوو نە کارەکانی شاراوە بوون و نە ژیانێکی نهێنی و پڕڕەمز و ڕازی هەبوو. ئەو کە سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ئەگەر پێویست بوایە سەرکردەیەکی شەڕ و لەمەش زیاتر ڕێبەرێکی سیاسی بوو، ئۆگری دیالۆگ و باسکردن و هەبوونی پێوەندیی گەرم و گوڕ بوو. ئەو سەفیرێکی هەڵسووڕ و بەهەست بوو بۆ بزووتنەوەکەی و، بۆ باشتر ناساندنی، سەفەری بۆ سەرانسەری جیهان دەکرد. بەڵام ژیان لەنێو پێشمەرگەکان لە خانوویەکی قوڕین لە قووڵایی دۆڵێک و لە سنوورەکانی نێوان ئێران و عێراق- یدا زیاتر پێ خۆش بوو. ناوچەیەک کە زوو زوو ناچار بە گوێزە گوێز و گۆڕینی شوێنی ماڵ و بنکەکەی دەبوو، بەڵام کتێبخانەکەی هەمیشە لەگەڵ بوو.

ئۆگر و ئەویندار ی کتێب و شەڕابی چاک بوو. دیارە زۆر بەهاسانی دەیتوانی چاوپۆشی لە دووهەمیان بکا بەڵام لە یەکەمیان نا. هەروا کە زۆر بەسانایی لەسەر مێزی خواردن لە پاریس دادەنیشت، هەر بەو هاسانییەش تەنیایی و ژینی سادەی لە هەوای ساردی زستانە سەختەکانی چیاکاندا تەحەممول دەکرد. لە تەمەنی نزیک ٦٠ ساڵی لە دیسامبری داهاتوو دەبوو بە ٥٩ ساڵ ـ سەفا و گەرموگوڕی و خۆمانەبوونی ئینسانێکی وریای ڕۆژهەڵاتیی لەگەڵ دینامیزمی پیاوێکی لاو و، وردبینیی ئەندامێکی فەرهەنگستان (کۆڕی زانیاری) و زەوقی ئەویندارێکی ژیان ئاوێتە کردبوو. قاسملوو هەر بەو ڕادەیە کە لەسەر بیروڕاکانی خۆی سوور بوو، ئەوەندەش پیاوی مەیدانی کردەوە بوو. ئەو بەهاسانی دەیتوانی توند و تیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسی ـ چەکدارانە لەگەڵ شک و گومانێکی سەرچاوە گرتوو لە ژیانی

زانستیی خۆی ئاوێتە و یەکدیگر بکا.

قاسملوو لە بواری ئابووریدا پلەی دوکتۆڕای هەبوو، ئۆگری مێژوو و ئەدەبیات بوو و بە تایبەتی لە شێعری کوردی ، فارسی و عەرەبیدا شارەزا بوو. جگە لەمەش بەهاسانی وتەکاتی ویکتۆر هۆگۆ، بۆدلیر، واڵت ویتمەن یا تی. س. ئیلیۆتی بە نموونە دێناوە. ئینسانێکی سەمیمی، بێفیز و خۆشەویست بوو و ئەوەندەی بە پاراوی و بەهاسانی بە شەش حەوت زمان قسەی دەکرد و دەینووسی، ئەوەندەش کەیفی بە نوکتە و قسەی خۆش دەهات. لەگەڵ هەر کەس دوابا و هەڵسوکەوتی هەبا چ لایەنگرانی بزووتنەوە [ی ژێر ڕێبەرایەتی]ی خۆی، چ ڕووناکبیران، دوکتوران، وەزیران، سەفیرە گەورەکان و سیاسەتمەدارانی چەپ و ڕاست، هەستێکی وەک یەکی تێدا پێک دێنان. هەموویان، تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆر لەوە پێشیش چاوپێکەوتن و وتووێژیان لەگەڵ بووبێ، پێ لەم ڕاستییە دەنێن کە شەخسییەتی دوکتور قاسملوو کاری تێ کردوون و بۆ لای خۆی ڕایکێشاون. لەم سەدەیەدا کەم کەس هەیە ئەو هەموو ئینسانە جۆراوجۆرە لە بارەی شەخسییەتەکەیەوە هاودەنگ بن.

قاسملوو ژیانی سیاسیی خۆی وەک کۆمۆنیستێک لە حیزبی توودەی ئێراندا دەست پێ کرد و هەتا ئاستی ڕێبەرییش لەم حیزبەدا چووە پێش. پاش پازدە ساڵ گوتنەوەی دەرسی ئابووری لە [زانستگەی] پراگ، لە ئوتی ١٩٦٨ لەسەر مەسەلەی دەخاڵەتی شووارەوی لە کاروباری چیکوسلۆواکیدا، وازی لە حیزبی کۆمۆنیست هێنا. ئەگەرچی بیرۆڕای تێکەڵ بە دەمارگرژی و دووگماتیکی مارکسیزمی وەلانا، بەڵام قەت حاشای لە ڕابردووی خۆی نەکرد. بەڵکوو بە هەڵەکانی خۆیدا چۆوە و بۆ تێگەیشتنی ئەم مەسەلەیە کە لە کوێ و کەنگێ دادپەروەری لەگەڵ بێعەداڵەتی و، ڕاستی لە گەل درۆ و ـ تەنانەت لە گەڵ تێرۆر و وەحشەت ـدا ئاوێتەی یەک بوون، هەلومەرج و بارودۆخە سیاسییە جیاوازەکانی شی دەکردەوە و لێک دەدایەوە. ئەو بە تایبەتی زیرەکی و هەستێکی ئەوتۆی هەبوو کە گیروگرفتەکانی خەباتی سیاسی لە کۆمەڵێکی «دواکەوتوو»دا بەباشی تێ دەگەیشت (بۆخۆی هەموو جارێ وشەی دواکەوتووی بەکار دەهێنا). کۆمەڵێک کە بە هۆی نەبوونی هەرچەشنە پێوەندییەک لەگەڵ دنیای دەرەوەدا و بە هۆی بێبەشی لە مافی بیروڕا دەربڕین و بڕیاردان، تەنانەت لە بواری دەستڕاگەیشتن

بە فەرهەنگەکەی خۆشیدا، وەدوا کەوتووە. بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەم دواکەوتووییە بکا بە بیانوویەکی ئیدئۆلۆژیکی بە مەبەستی پەنابردن بۆ زێدەڕۆیی جۆراوجۆری وەک برەوپێدانی توندوتیژی تەنیا لەبەر نەفسی توندوتیژی، برەودان بە پەرستنی شەخسییەتی ڕێبەر (کیش شخصیت) لە ڕێکخراوەیەکی سیاسیدا، یان دیکتاتۆریی حیزبی سیاسی بە سەر گەلێک و هتددا.

جگە لەمەش، لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوو کە گرینگ نییە لە پێوەندییە گشتییەکان و لە وتوویژ لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکاندا، بە جۆرێک بدوێ بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ئەو قسانەی کردوونی لەبیر خۆیانی بەرێتەوە. شانازیی گەورەی کە هیچ کات لە دووپاتکردنەوەی ماندوو نەدەبوو، ئەوە بوو کە ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ بایەخ و ئیدەئالە ئینسانییەکان لە تێکۆشان و کاروباری ڕۆژانەی بزووتنەوەدا، ڕەنگدانەوەیان هەبێ. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران هیچ کات لەگەڵ زیندانییەکان بە خراپی ڕەفتاری نەکردووە. لە پێوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا پەنای بۆ فشار و زۆرەملی نەبردووە. قەت بارمتەی نەگرتوون، هیچ کات فڕۆکەی نەڕفاندوە یان لە نێو ئوتوبووسێک، بازاڕێک یان یەکێک لە شارەکانی دوژمندا بۆمبی نەتەقاندۆتەوە. دیارە حیسێبی شوێن و ناوچە نیزامییەکان جوێیە. قاسملوو ئەگەرچی ئینسانێکی بێباک و نەترس بوو، بەڵام لە باری ئوسوولییەوە دژی تیرۆریزم بوو، ئەگەرچی دەیزانی دەبێ چ نرخێکی گران بابەتی هەڵوێستێکی لەم بابەتە بژێرێ. هەر بۆیە زۆر جار وێڕای ئیشارەکردن بەم مەسەلەیە، زۆر بەداخەوە ناڕەحەتی لەوە دەردەبڕی کە ڕاگەیەنە گشتییەکان گرینگییەکی ئەوتۆ بە مەسەلەی کوردەکان نادەن. جارێک لە جێیەک نووسیبووی: تاقمێکی بچووک دەتوانێ لە ڕێگای بارمتە گرتنەوە، یان دانانەوەی بۆمبێک ناوبانگێکی زۆر بۆ خۆی پەیدا بکا، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەیییەکان کە پەنا بۆ تیرۆریزم نابەن، بە تەواوی لەبیر کراون.

نوامبری ١٩٧٩، هەر لە یەکەم ڕۆژی بە بارمتە گیرانی دیپلۆماتەکان و کارمەندانی سەفارەتی ئەمریکا لە تاراندا، ئەم کردەوەیەی مەحکووم کرد. بە بڕوای د. قاسملوو، ڕزگاریی ئێران لەژێر دەسەڵاتی ئەمریکا، یان ڕزگاربوونی دنیای سێهەم لە زلهێزێکی ئیمپریالیستی، هەروەک لە بەرنامەی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە، ئامانجی درێژخایەنی خەباتێکی سیاسییە کە ئازادی و دێمۆکراسیی بۆ هەمووان بە دواوەیە. بەم حاڵەش سەرەڕای بوختانەکانی ڕێژیمی تاران، واشنگتۆن ئاوڕێکی لە کێشەی کورد نەدایەوە. ئەگەرچی دیپلۆماسیی ئەمریکا لە شەڕی کوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق (١٩٧٥-١٩٦١) چالاکانە وەخۆ کەوت، بەو هۆ ستراتیژیکییانەی کی سینجێر شییان دەکاتەوە و لە مێشکی خۆیدا بە نیازخراپییەوە بیریان لێ دەکاتەوە، دەوڵەتی ئەمریکا هیچ کارێکی بە مەبەستی خزمەت بەم کێشەیە نەکرد. قاسملوو بۆخۆی هەتا مانگێک بەر لە مردنی کە ڤیزای سەفەر بۆ ئامریکای پێدرا، قەت ڕێگای چوون بۆ ئەمریکای پێ نەدرا. ڕاست لە ڕۆژەکانی بەر لە سەفەری ڤییەن، خۆی بۆ سەفەری ئەمریکا ئامادە دەکرد، وڵاتێک کە ئەو هیوادار بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد زۆری هەوڵ تێدا بدا. ئەگەر چی لەسەر ئاکامە سیاسییەکانی سەفەرێکی ئەوتۆ، زۆریش ناڕوون نەبوو.

ئەو چاک دەیزانی کە هاوپێوەندی و هاودەردیی بەشێک لە خوێندەوارانی جیهان لەگەڵ کێشەی کوردەکان (نەک هەر لەگەڵ پێنج میلیۆن کوردی ئێران بەڵکوو لەگەڵ ٢٥ میلیۆن کورد کە بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون) ئەگەرچی بەربەرینتریش بێ، بە هیچ جۆر ناتوانێ دیپلۆماسیی دەسەڵاتە گەورەکان و تەنانەت دیپلۆماسییە ئورووپاییەکانیش بە قازانجی کورد، ببزێوێ. چونکە هەر لەجێدا ئەوان لە بیری قازانجەکانی خۆیان دان. ئەو بە هۆی ئەو هەموو سەفەرانەی بە تایبەتی بۆ ئورووپا کردبوونی، ئەم ڕاستییەی بۆ دەرکەوتبوو. چونکە ئەگەرچی بە گشتی ڕێزیان بۆ دادەنا، بەو حاڵەش زۆر بە کەمی لە کۆڕ و کۆمەڵە ڕەسمییەکاندا وەردەگیرا. لە باشترین حاڵەتدا بە کەلکوەرگرتن لە دۆستایەتیی لە مێژینە و پێوەندیی [حیزبەکەی] خۆی لە گەڵ ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست، جاروبار دەیتوانی کەمێک یارمەتیی مرۆڤدۆستانە بۆ گەلەکەی وەدەست بێنی یان لە ڕێگای دوستێکیەوە، گیروگرفتێک کە بۆ وی گرنگ بوو، چارەسەر بکا. ژان فرانسوا دیناو، یەکێک لە وەزیرەکانی کابینەی ژیسکاردێستەن، بە هەستێکی تا ڕادەیەک دۆستانەوە دەیگوت سەردەمێک دوکتور قاسملوو ئەوی خستۆتە ژێر فشار، تا سەرەنجام توانیوێتی فەرهەنگێکی فەرانسە ـ کوردی کە لەمێژ بوو چاوەڕوانی چاپی دووبارە بوو، سەر لە نوێ چاپ بکاتەوە.

قاسملوو ئینسانێکی ڕیئالیست بوو. باش لە بیرمە جارێکی گوتی لە کۆتایی سەدەیەکدا کە هەوڵدانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بە مەبەستی سەقامگیرکردنی ناسیۆنالیزمێکی لەرزۆک و ناقایم، لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانیەتی «هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ تێکدانی نەخشەی جوغرافیا بەو مەبەستە کە ئیجازە بە کوردەکان بدرێ لە سەر وێرانەکانی سێ نەتەوەی دیکە، وڵاتێکی سەربەخۆ پێک بێنن» ناتوانێ شتێکی دڵخواز بێ. هەر بۆیە خودموختاریی بۆ کوردستانی ئێران دەویست نەک سەربەخۆیی بۆ کوردەکان. بەڵام دوژمنەکانی لە تاران پێیان وابوو ئەمە هەر تاکتیکێکی فریو دەرانەیە، تاکتیکێک کە بە شێوەیەکی ناشیانە بۆ شاردنەوەی بیرۆڕای جیاوازیخوازانە کە ناوێرێ دەری ببڕێ و یەکەم هەنگاوە بۆ پێکهێنانی «کوردستانی گەورە« و یەکگرتوو کردنی کوردەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و تەنانەت کوردەکانی سووریە و یەکیەتیی شوورەوی، کەلکی لێ وەردەگرێ. لەم بارەوە تەنانەت کەسێکی نائاخوندی وەک بەنی سەدریش لەگەڵ ئاخوندە بنیاتگەراکان تەواو هاو بیرورِا بوو.

دەستووری کوشتنی قاسملوو، لە ساڵی ١٩٧٩وە کە وەک تەنیا کەسی غەیرە ئاخوند بۆ مەجلیسی «دامەزرێنەران « هەڵبژێردرا و، لە بەر هۆی ئەمنییەتی لە چوون بۆ تاران خۆی پاراست، درابوو. ئایەتوڵڵا خومەینی لە وتووێژێکی تەلەویزیۆنیدا بەئاشکرا بەداخبوونی خۆی لە نەهاتنی ئەو دەربڕی و گوتی: «خۆزگە هاتبا. من وام دانا بوو ئەگەر هاتبا لێرە ڕامگرتبا».

سێزدەهەمی ژوئییە ڕۆژی جێژنی گەورەی موسوڵمانان [جێژنی قوربان] بوو ، هەروەها شیعەکانیش لەم ڕۆژەدا ڕێزیان لە چلەمین ڕۆژی مەرگی خومەینی دەگرت. داخوا ئەمە شتێکی بەڕێکەوت بوو؟ ئایا ئەو بکوژانەی بەرگی نوێنەرانی ئاشتییان کردبووە بەر و، لەلایەن هاشمیی ڕەفسەنجانییەوە مەئمووریەتیان پێدرابوو و بە پاسپۆرتی دیپلۆماتیکەوە کە ویلایەتی (وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی) ئیمزای کردبوون، لە تارانەوە هاتبوون، بە ئەنقەست لەم ڕۆژەدا کە ڕۆژی تازیەباری بوو، فەرمانی کوشتنیان بەجێ گەیاند؟!

# ڕوانگەی د. قاسملوو
# بۆ پرسی نەتەوە و دێموکراسی

**عومەر باڵەکی**

ناسیۆنالیزم یا هەستی نەتەوایەتی بەو خوێندنەوەیەی لە سەردەمی ئێستا لێی دەکرێ، لە سەرەتاکانی سەدەی نوزدەیەم سەری هەڵداوە و بە درێژایی سەدەی بیستەم بوو بە دیاردەیەکی جیهانی. بەداخەوە لە هیچکام لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هیچکات وەک دیاردە و پێویستییەکی کۆمەڵگە چاویان لێ نەکردووە وگرینگییان پێ نەداوە و وەک دیاردەیەکی لاوەکی و زۆرجار وەک دەستکردی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دوژمن چاویان لێ کردووە، هەڵسوکەوتی توندیان لەگەڵ کردووە و ئەوەش دەتوانرێ بەهۆی هێژمۆنی و دەسەڵاتدارییەتی ئیدئۆلۆژی دینی یا مارکسیستی بووبێ کە لانیکەم لە ماوەی ئەو یەک سەدەیەدا لەو ناوچەیەی کوردستانی تێدا هەڵکەوتووە ئەندێشە و فکری زاڵی حیزب و لایەنە سیاسی و ڕووناکبیرانی نێو کۆمەڵگە و دەسەڵاتداران بووە. هەر دوو ئەو ئیدئۆلۆژییە لە یەک بابەتدا هاوڕا بوون، ئەویش ئەوەیە کە بۆ پاراستنی دەسەڵات یا گەیشتن بەو دەسەڵاتە پێداگرییان لەسەر ئینترناسیۆنالبوون یا بەجیهانیبوونی پرسەکان کردووە. واتە پرسی نەتەوایەتییان یا بە ڕزگاریی هەموو چەوساوەکانی جیهان بەستۆتەوە و یا بە پرسێکی لاوەکی

و تەنانەت بە دەستکردی دوژمنی داتاشراوی بیروزەینی خۆیان زانیوە.
لە دوای دوو شەڕی یەکەم و دوویەمی جیهانی و هەروەها دوای هەرەسهێنانی بلووکی سۆسیالیستی بە ڕێبەرایەتی یەکیەتیی سۆڤیەت بە دەیان نەتەوەی گەورە و بچووک سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و بوونیان لەسەر نەخشەی نوێی جیهان سەلمێندرا. بەڵام نەتەوەی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بندەست لە سەردەمی ئێستادا نەک بێدەوڵەت مایەوە، بەلکوو لە هەموو پێشکەوتنەکانی جیهانی سەردەم بێبەش و لەلایەن دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا دووبارە و سێ بار حاشا لە بوونی کرا. تەنانەت سەرەتاییترین مافەکانیشی پێ ڕەوا نەبیندرا و بۆ هەمیشە لەلایەن ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، بە بیانوی پڕوپووچ و دوور لە بەها مرۆڤییەکان بەتوندترین شێوە سەرکوت کرا. ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکان بۆ ماوەیەکی کاتییش بە قازانجی دۆزی کورد لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان شکابێتەوە، ئەوا دەمودەست هەر چوار دەوڵەتەکە هەموو کێشە و ململانێ سیاسیی و ئابووری و تەنانەت کێشە سنووریەکانیشیان بۆ وەلا ناوە و لەسەر تێکدانی ئەو باردۆخە کە کورد خەریکە قازانجێکی پێ دەگا، لەگەڵ یەکتری ڕێک کەوتوون.
لە حاڵێکدا لە سەردەمی ئێستادا جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێڕن وا وێنا دەکرێ کە لەسەر بنەماکانی یاسای نێونەتەوەیی هەڵدەسووڕێ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەدەیان ڕێکخراوی جیهانی لەژێر ناوی جۆراوجۆر بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی ئاشتی و ئارامی لە سەرانسەری جیهاندا پەیماننامە و ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆل لەنێوان دەوڵەتاندا واژۆ دەکەن. بەڵام بە هەموو ئەو یاسا، بڕگە و بەندانەوە دەبینین کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە هیچ شکڵ و وێنەیەکدا نە بۆ کۆمەڵگەی جیهانی و نە بۆ ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، جێگای باس و هێنانەگۆڕ نییە. بەڵکوو دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر، هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتی بێبەزەیانە، خەریکی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لەنێو کولتوور و زمانی نەتەوەی باڵادەست دان. لە حاڵێکدا ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە، بەپێی ئەندامەتییان لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و واژۆکردنی

زۆربەی ئەو ڕێککەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانە، بەتایبەتی هەر دوو بڕیارنامەی ١٥١٤ و ٢٦٢٥ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەریانە پابەند بە بەڕێوەچوونی ئەسڵی مافی دیاریکردنی چارەنووس بن و مەیدان بۆ ئەوە خۆش بکەن نەتەوەی کورد بەپێی هەلومەرجی ناوچەیی و جیهانی، خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات؛ بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا دەبینین ئەو دەوڵەتانە نەک دان بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد دانانێن، بەڵکوو حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد و پرسەکەی دەکەن و هەروەک پێشتر گوترا بە توندترین شێوە و شێواز و بە پێشکەوتووترین چەکی سەردەم بەگژ جووڵانەوەی مافخوازانەی ئەو گەلەدا دەچنەوە.

بەپێی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکێک لە سەرەکیترین بنەماکانی یاسای نێونەتەوەییە بە چەشنێک لەنێو هەر دەوڵەتێک کە خاوەنی چەند نەتەوەیە ئەگەر باوەڕ بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی دیکە نەبێ، دێموکراسی جێگر نابێ. بڕیارنامەی ١٥١٤ی پەسندکراوی دێسامبری ١٩٦٠ لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەو شێوەیە باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکا: «هەموو نەتەوەکان لە دیاریکردنی سیستمی سیاسیی خۆیاندا ئازادن» واتە دیاریکردنی نیزامی سیاسیی وڵاتێک مافی خەڵکی ئەو وڵاتەیە و لە ١٦ی دێسامبری ساڵی ١٩٦٦ پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مدنی و سیاسییەکان لەلایەن کۆری گشتی نەتەوەیەکگرتووکان پەسند کرا و ماددەی ١ی ئەو پەیماننامەیە بەو جۆرە باسی مافی نەتەوەکان دەکا: «هەموو نەتەوەکان مافی خودموختارییان هەیە. بەپێی ئەو مافە نەتەوەکان دەتوانن هەلومەرجی سیاسیی و گەشەکردنی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان ئازادانە هەڵبژێرن و دابینی بکەن.» لە هەمان کاتدا دەبێ سەرنج بخرێتە سەر ئەو بابەتە کە لە سەردەمی ئێستادا ئەگەر چەند وڵاتێکی لێ دەربکرێ کە پێکهاتەکەی یەک نەتەوە و یەک زمانە، نیزیک بە تەواوی وڵاتانی سەر گۆی زەوی لە چەند نەتەوە و ئێتنیک پێکهاتوون و لەو وڵاتانەدا کە بەشێوەی نادێموکراتیکانە بەڕێوە دەچن و دیکتاتۆری بەسەریاندا زاڵە، هەر کاتێک بابەتی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕەچاوکردنی مافە نەتەوایەتییەکان ڕوو بە دەسەڵاتداران و نیزامی سیاسی دەکەوێتە بەرباس، کێشە و ململانێ

لەگەڵ دەسەڵات و تەنانەت نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە. ژێرپێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەلایەن دەسەڵاتداران و نیزامی سیاسیی هەر وڵاتێک کە لە چەندین نەتەوە و ئیتنیک پێک دێ، دەتوانی لە شێوازی جۆراوجۆردا خۆی دەر بخا. بۆ نموونە دەتوانین چوار حاڵەت لە پێشێلکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کەمینە نەتەوەکان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بەشێوەی خوارەوە باس بکەین:

– هەڵاواردن و جیاوازیدانان: لەبەرچاونەگرتنی مافی ئەو کەسانەی سەر بە لایەنێکی دیاری کراون. واتە بێبەشکردنی تاکی ئەو کۆمەڵگەیە لە هەموو مافە سروشتی وئینسانییەکانیان کە لەچاو نەتەوەی باڵادەست، کەمینەیە.

– سەرکوت و زوڵمی فەرهەنگی: بێبەشکردنی کەمینەکان لە بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆیان لە قوتابخانەکان، چاپەمەنییەکان و لە دامودەزگای ئیداریی دەوڵەتدا.

– سەرکوت و زوڵمی ئابووری: بێبەشکردن و ڕێگری لە کەمینەکان لە گەشەی ئابووریی وڵات.

– سەرکوتی کرداری (فیزیکی): نیشتەجێکردنی بنەماڵەکانی سەر بە نەتەوەی باڵادەست لەو ناوچانەی نەتەوەی کەمینە خاوەندارەتیی دەکا و گواستنەوەی نەتەوەی ڕەسەن لە خاکی خۆی بۆ شوێنێکی دیکە و نیشتەجێکردنی خەڵکی هاوردە لە ناوچەکانی دیکەی وڵات.

– قەڵاچۆکردن: لە ڕێگای کوشتن و بڕین و تاڵانکردن و سووتاندنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون. بە شێوەیەک کە نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتەکەی دەیهەوێ لە ڕووی ڕەگەزییەوە نەتەوەی کەمینە پاکتاو بکا.

ئەوانە و دەیان ڕێکاری دیکە لەلایەن دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بۆ بێبەشکردنی نەتەوەی کورد لە دیاریکردنی مافی چارەنووس لە ماوەی لانیکەم سەد ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە چوون و هەر ئەو سیاسەتە هەڵە و چەوتەی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا وای کردووە، لە یەک سەدەی ڕابردوودا گەلی کوردیش لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەپێی هەلومەرجی ڕەخساو شۆڕش و خەبات بکات. هەروەها لە ڕەوتی ئەو خەبات و شۆڕشەدا بۆ بەرگری لە مان و مەوجوودیەتی

خۆی و وەدەستهێنانەوەی ماف و ئازادییەکانی و دەستەبەرکردنیان بتوانی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدا. بەڵام لەو ماوە دووردرێژەدا بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی و ئەو هەموو ڕێکخراوانەی بەناو بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی ئاشتی و ئارامی لە جیهاندا هەن، گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بە ڕووبار خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە، قوربانیی داوە، ماڵی کاول کراوە و خاکی لێ داگیر کراوە. هەموو تاوان و جینایەتاش تەنیا بە دوو هۆکار کراون کە هیچ ئەسڵ و بنەمایەکیان نییە:

یەکەم، بە پاساوی ئەوەی پرسی کورد لەنێو خاکی هەر چوار دەوڵەتدا کە خۆیان ئەندامی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان پرسێکی نێوخۆییە و بۆ هیچ دەوڵەت یا ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نییە دەست لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان وەربدا. دووهەم، بە پاساوی ئەوەی ڕەنگە هەر دەستتێوەردانێک بەتایبەتی کە پێوەندی بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانەوە هەبێت، ببێتە هۆی دابەشبوونی خاکی ئەو وڵاتانە!

بەڵام هەر دووی ئەو پاساوانە زیاتر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسی دەوڵەتەکانە. چونکە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان هەروەک گوترا لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بابەت و پرسانەی لەژێر ناوی پرسی نێوخۆیی دێنە ئاراوە زۆر ناکارامەن. بۆیە دەگوترێ ناکارامەن، چونکە دەوڵەتەکان بەتایبەتی دەوڵەتە زلهێزەکان کە ئەندامن لەو ڕێکخراوە جیهانییانە -بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا- هەر کاتێک بەرژەوەندیەکانیان بخوازێ دەگەڕێنەوە بۆ ئەسڵ و بڕگەکانی یاسا و پەیماننامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەسەری دامەزراوە. واتە دووفاقە بەپێی بەرژەوەندیەکانیین لەسەر پرسە جیهانییەکان دەجووڵێنەوە و بڕیار دەدەن. بۆ نموونە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٨ کاتێک بە بەرچاوی جیهان سەددام حوسێن بە چەکی شیمیایی شاری هەڵەبجەی لە باشووری کوردستان بۆمباران کرد، هیچ وڵاتێک مرتەقی لێ نەهات. بەڵام چوار ساڵ دواتر سپای عێراق کاتێک وڵاتی کوێتی داگیر کرد، لەبەر ئەوە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە کەوتە مەترسییەوە دنیا لە سەددام و حکوومەتەکەی وەخۆ کەوت و تەنانەت پرسی کوردیش لە باشووری کوردستان بوو بە خەمی زلهێزەکان و بڕیارەی ٦٨٨ی شوڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی

لێ کەوتەوە کە ڕۆژی ٥ی ئاوڕیلی ۱۹۹۱ بەدژی دەسەڵاتداریەتی نیزامیی حیزبی بەعس عێراق پەسند کرا. بەپێی نێوەرۆکی ئەو بڕیارنامەیە لە باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) ناوچەی دژەفڕین ڕاگەیەندرا و هیچ فڕۆکەیەکی شەڕکەری سپای عێراق بۆی نەبوو لەو ناوچە دیاریکراودا بفڕێ. هەر ئەوە وای کرد سپای عێراق لە مانگی ئۆکتۆبری ۱۹۹۱ لە ناوچەکانی کوردستانی باشوور پاشەکشە بکا و دەسەڵاتی ئیدارەکردنی باشووری کوردستان کەوتە دەستی هێزە سیاسییەکانی کورد. دواتر و دوای ڕووخانی حکوومەتی بەعس لە عێراق کورد و نەتەوەکانی دیکە بە هەموو کەموکورتییەکەوە توانییان حکوومەتێکی فیدڕاڵی لەسەر بنەمای بەشداریی هەموو نەتەوە و ئیتنیکەکانی عێراق پێک بێنن. بەڵام ئەو دووفاقەبوونی هەڵوێستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتەکانی ئەندام لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی کورد هیچ لە ئەسڵی ئەو بابەتە ناگۆڕێ کە کورد لە سەردەمی ئێستادا گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لەسەر گۆی زەوییە و بەپێی هەموو پێوانەکان مافی ئەوەی هەیە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا.

لەو بارەیەوە د. قاسملوو لە کتێبی «کوردستان وکورد»دا دەڵێ:» کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەی کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بەلکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە.» لە درێژەی ئەو بابەتەدا د. قاسملوو لەو هەلومەرجەی بە سەر کوردستاندا سەپێندراوە و بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە خافڵ نییە، بەڵام بە دەرکی ئەو ڕاستییەش سوورە لەسەر ئەو بابەتە کە نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەک دەبێ ئەو مافەی پێ بدرێ کە لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بڕیار بدا. بۆیە لە درێژەی ئەو بابەتەدا دەنووسێ: «ئەگەر هەلومەرجی کوردستان لەبەرچاو بگرین، بیری یەکگرتنەوەی گەلی کورد لە یەکەم ڕوانیندا بە شتێکی خەیالی دێتە بەرچاو. بەڵام هەر ئەندازە یەکگرتنەوەی کوردستان دوور و ناڕاست بێتە پێش چاو، هەق ئەوەیە دانی پێدا بنرێ کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. چونکە دانپێدانان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ

هەموو نەتەوەیەک بەبێ جیاوازی و بێ لەبەرچاوگرتنی زۆر و کەمی نەتەوەکە و قۆناغی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی نەتەوەکەی تێدا دەژی، ئێعترافە بە ئوسوولی ئینترناسیۆنالیستی و مافی وەک یەکبوونی نەتەوەکان. ئەوە کە هەلومەرجی عەینی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە یا نییە، ئەوە کە سەربەخۆبوونی نەتەوەیەک، یا مانەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەگەڵ چەند نەتەوەیەکیتر لایەنی باش یا خەراپی هەیە. ئەوە کە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یا نا، ئەوە کە ئەو داخوازە لە سێبەری ڕێژیمی سەرمایەدارییشدا جێبەجی دەبێ، یا تەنیا لە ڕێژیمی سۆسیالیستیدا؛ هیچکام لەوانە نابێ ببێتە هۆی ئەوە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە.»

بەپێی هەموو پێناسەکانی کە لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان لە نەتەوە کراوە، ڕوون و ئاشکرایە کە کورد نەتەوەیە و نیشتمانەکەشی کوردستانە. د. قاسملوو لەو بارەوە لە کتێبی «کوردستان و کورد»دا دەنووسێ: «زۆرجار لە نەتەوە مانایەکی ڕاست و دروست لێک نەدراوەتەوە. بەڵام زانستی نوێ سنوورێکی ڕاست بۆ نێوەرۆکی ئەو مانایە دەداتە دەست. نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکە کە لە ڕەوتی مێژوودا پەیدا بووە و سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێک تەنیا پاش قۆناخێکی دیاریکراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێک بە نەتەوە دابنرێ، هێندێک شەرتی دیکە پێویستن کە لە هەمووان گرینگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لە ژیانی فەرهەنگی نەتەوەدا خۆ دەنوێنێ.» نەمر قاسملوو هەر لە درێژەی ئەو بابەتەدا دەنوسێ: «وەک لە پێشەوە گوتمان زمانی کوردی زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانە. بەمجۆرە نەتیجە وەردەگرین کە نەتەوەی کورد زمانی هاوبەشی هەیە کە یەکێکە لەو سروشتانەی هەموو نەتەوەیەک لێک جیا دەکاتەوە.» دواتر لەبارەی خاکەوە دەڵێ: «هیچ کەس گومانی لەوە نییە کە کورد خاکی هاوبەشی هەیە، چونکە لە ڕۆژگارێکی یەکجار کۆنەوە کوردستان بە خاکی کورد ناسراوە کە هەزاران ساڵە لە کەژ و کێو و پێدەشتەکانی دەژی. لەت لەت بوونی کوردستان بە هۆی سنوورە

سیاسییەکانیش لەنێو چەند وڵاتاندا هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ.»
بەپێی بنەمایەکی گشتی و خوێندنەوە لە مێژووی هاوچەرخ سیاسەتی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان بە ڕوون و ئاشکرا ئەوە بووە کە حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد و جوغرافیایەک بە ناوی کوردستان بکەن و لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە و دروستبوونی دەوڵەت نەتەوەکان (فارس، عەرەب، تورک) هەموو هەوڵی دەسەڵاتداران ئەوە بووە کە نەتەوەی کورد لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەی باڵادەستدا بتوێنەوە، بەڵام وشیاریی نەتەوەیی و بەربەرەکانێی هێزە خەباتکارەکانی مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی نەهێشتووە ئەو پرۆسە دژە مرۆڤانەیە سەرکەوتن بەدەست بێنێ و ڕاپەڕینی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ئەو بۆچوونەی بەتەواوی سەلماند کە سەرکوت و زەبروزەنگی دەسەڵاتدارانی تاران و حاشا لە بوونی نەتەوەیەک ناتوانێ بەسەر ئیرادەی نەتەوەیەکدا کە دەیەوێ ببێ، زاڵ بێت. هەروەها بە ئاشکرا و ڕوون ئەوە سەلمێندرا کە ئەو سیاسەتەی دەسەڵاتدارانی زاڵ بەسەر کوردستاندا هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە شکستی هێناوە. ئەو دەوڵەتانە دەرنگ یا زوو دەگەنە ئەو ئەنجامە کە پرسی کورد تەنیا بە ئاشتی و پێوانەکانی دێموکراسی چارەسەر دەبێ. لەو بارەوە د. قاسملوو نیزیک بە ٦٠ ساڵ لەوە پێش لە کتێبی «کوردستان و کورد» بەو شێوەیە باس لە چارەسەری پرسی کورد دەکا: «چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بە دێموکراسییەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆخۆی بەشێکە لە دێموکراسی. مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر ناکرێ تەنیا لە چوارچێوەیەکی دێموکراتێکدا نەبێ و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دەبێ پێوەندییەکی دێموکراتی لەنێوان نەتەوەکاندا پێک بێ. دیارە ڕزگاریی تەواو لە زوڵموزۆریی نەتەوایەتی و دابینکردنی یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان تەنیا لە چوارچێوەی دێموکراسیدا ئیمکانی هەیە. واتە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە بوونی دێموکراسییەوە بەستراوە و هەرچی دێموکراسی زیاتر بێ، ئاسۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش ڕوونتر دەبێ. ئەمە خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە خەبات بۆ دێموکراسی خەبات بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیشە. بەڵام پێویستە بگوترێ هەر ئەوەندە کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئازادییە دێموکراتییەکان

هەوڵ بدەین بەس نییە، بەڵکوو دەبێ داوای مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد وەک یەکێک لە داخوازە دێموکراتییەکان بەڕوونی بێنێتە گۆڕێ.»

ئەو ڕوانگەی د.قاسملوو لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. لە ماددەی یەکی بەرنامەدا دەڵێ: «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا.» واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش لێکدانەوەی هەلومەرجی مێژوویی و ئابووری و سیاسیی وکۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە کە خەباتی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران، هەم ڕێگای گەیشتن بە مافە مێژووییەکانی گەلی کوردە و هەم زامنی پاراستن و مانەوەی ئەو مافانەیە کە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بۆ گەلەکەمان دەستەبەر دەبێ. هەر بەو هۆیەشەوە حیزبی ئێمە شکڵی یەکیەتیی داخوازانە لەگەڵ تەواوی گەلانی ئێران پێشنیار دەکا کە دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کوردیش دابین دەکا. بەپێی ئەو خوێندنەوەیە نەتەوەی کورد خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەیە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕەچاوکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک دەستنیشانی کردووە و ئەوە بەو مانایەیە کە لەسەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لەگەڵ نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ هەڵسوکەوت بکا و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد وەک هەموو ئەو جووڵانەوە ڕزگاریخوازانەی هەتا ئێستا بەفەرمیی ناسیون، بە ڕەسمی بناسێ. بە فەرمی‌ناسینی کەسایەتی نێودەوڵەتی نەتەوەی کورد لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو بەتاڵاییە گەورە لەو خەباتی دوورودرێژەی نەتەوەی کورد لە نێو کۆروکۆمەڵی جیهانی پڕ دەکاتەوە و دەبێتە پاڵپشتێکی سیاسی گەورە بۆ بەرگری لە مافی ڕەوا و دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوەی کورد. لە ئێستادا چارەسەری پرسی کورد وەک ئەرک و وەزیفەیەکی قورس لەسەر شانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرانی دەکا و حەق وایە

بۆ سەڵماندنی پابەندی ئەو ڕێکخراوەیە بە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتننامە و پەیماننامەکانی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە کردارییەکی دادپەروەرانە و دەرحەق بە پرسی نەتەوەی کورد ڕەچاو بکا.

**سەرچاوەکان:**


- د. قاسملوو- کوردستان وکورد.
- کندال، عصمت شریف وانلی، مصطفی نازدار، کردها، وەرگێرانی برایمی یونسی
- د. ستار عزیزی، حمایت از اقلیت ها در حقوق بین الملل
- گاهنامەی «نویسا»، شماره اول، بهار ۱۳۸۸
- شیکردنەوەی بەرنامە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# واقعبینیی سیاسی و گرینگیی بەنێونەتەوەیی‌کردنی پرسی کورد

**تەیموور مستەفایی**

د. قاسملوو هەر لە مێرمنداڵیەوە مرۆڤێکی بلیمەت و ئۆگری سیاسەت بووە و گەیشتنی کورد بە مافەکانی گەورەترینی خولیاکانی بووە. هەروەک خۆی لە کتێبی «چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئـازادی«دا پاش باسێکی گەشتی لە چوونی ۳۰ کەس لە سەرۆک عەشیرەت و خەڵکی ڕووناکبیری ناوچەی موکریان بۆ «باکۆ» کە لەسەر بانگهێشتی باقروف سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو سەردانی ئەو وڵاتەیان کردبوو، دەنووسێ: «هەرچەند ئەوکاتە من تەمەنم پانزدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشابووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو وەڤدە بوو. زۆر باشم لەبیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تا قەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تاپڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆڤیەتییەکان قەند و تفەنگ و شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی وەڤدەکە. قەند بەتایبەتی زۆر بەنرخ بوو، چونکە ئەوکاتە لە ئێران

زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد، کە بابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ ماف و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاست و ڕەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چیی لێ هات؟»

د. قاسملوو لە یەکیەتیی لاوانـەوە چووە نێو سیاسەتەوە و پلەکانی تەشکیلاتی لەنێو حیزبی دێموکراتی یەک لە دوای یەک بڕین و بۆ ماوەی ۱۸ ساڵ سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە بوو، و لەو ۱۸ ساڵەدا کۆڵەکەی ئەسڵی و سیاسەتداڕێژەری ئەم حیزبە بوو؛ تا بەداخەوە لە ۲۲ ی پوشپەڕی ساڵی ۱۳٦۸ لە تەمەنی ٥۹ ساڵیدا و لەسەر میزی بەناو وتووێژ لەلایەن تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کرا.

د. قاسملوو مرۆڤێکی فرە ڕەهەندە و دەکرێ لە ڕەهەندی جیاوازەوە باس لە بیروبۆچوونەکانی بکەی کە من لەم بابەتەدا تەنیا دەپرژێمە سەر هەوڵەکانی بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد و واقعبینیی د. قاسملوو لە سیاسەتدا، ئەویش نەک بەوردی، بەڵکوو بەکورتی و لە چەند بواردا :

د. قاسملوو بەهۆی زانایی و چالاکبوونی لە داڕشتنی سیاسەتی حیزب لە بواری جۆراوجۆردا و، دروست و زانستیبوونی سیاسەتەکانی، بووەتە ئیلهامدەری بە میلیۆن لاوی کوڕ وکچی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و، بەتایبەتی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب. ئێستا لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدانی دروشمی «قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە» ئۆگریی خۆیان بەنیسبەت ڕێبازی ئەو نەمرە پیشان دەدەن و ئەم ڕاستییە لە جەریانی شۆڕشی ژینادا بەتەواوی دەرکەوت.

دوکتور قاسملوو باوەڕی تەواوی بە دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلی کورد هەبوو، و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە مافی ڕەوای نەتەوەیی کورد دەزانی، لەو بارەوە لە ژمارەی ٤۷ی «تێکۆشەر»، نامیلکەی نێوخۆیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران کە وەرزانە بڵاو دەکراوە، دەڵێ: «مافی دانانی چارەنووس ئەگەر بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان ڕۆژێک جێبەجێ ببێ، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە پێکەوە یەک دەگرنەوە. پێکەوەیەکگرتن مافی جودابوونەوە نییە. مافی یەکگرتنەوەیە، مافی جودابوونەوە لە میللەتەکانی

دیکەیە. بەڵام لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوە حەتا لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئەو حەقەمان هەیە، چونکە دابەشبوونی کوردستان لە واقیعدا دابەشبوونێکی «مەسنوعی»یە»

کریس کۆچێرا سەبارەت بە کەسایەتیی عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەنووسێ: «قاسملوو هیچکات خۆی تەنیا تایبەت بە کوردستانی ئێران نەدەزانی و هەرکات قسەی لەگەڵ ئورووپاییەکان دەکرد، باسی هەموو کورد، واتە ٢٥ میلیۆن کوردی دەکرد.»

بەشێک لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی د. قاسملوو بۆ بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد بریتییە لە:

– بردنی ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالست وەک تریبوونێکی نێونەتەوەیی و ڕاکێشانی پشتیوانیی دەیان کەسایەتی ئورووپایی دۆستی د. قاسملوو بۆ پشتگیری لە مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانیدا، کە ژمارەیەکی بەرچاو لەم دۆستانەی د. قاسملوو لە ڕۆژەکانی لێقەومانی کورد دەورێکی گرینگیان لە یارمەتیگەیاندن و پشتیوانی لە کوردەکان گێڕا کە دەورەکەیان بەرچاو و دیارە.

– پێکهێنانی چەند کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی بۆ ناساندنی پرسی کورد بەشێکی دیکەی تێکۆشانی د. قاسملوو بووە لەگەڵ نووسینی چەند کتێب و دەیان وتار و وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆنە ناسراوەکانی جیهاندا.

ئەوە چوارچێوەی بیری د. قاسملووە لەسەر مەسەلەی کورد، بەڵام ئەو وەک سیاسەتمەدارێکی واقیعبین پێی وابوو هەڵگرتنی دروشمی سەربەخۆیی بۆ ئەو قۆناغە لە خەبات گونجاو و عەمەلی نییە. لەبەر ئەوەی لە ئیمکان و توانای کورددا نییە سنووری چوار وڵات کە کوردیان بەسەردا دابەش کردووە تێک بدات. بۆیە ڕاست لەو کاتەدا کە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات زۆر پەرەی گرتبوو و حیزب هەزاران پێشمەرگەی چەک لە شان و دەیان هەزار ئەندام و لایەنگری هەبوو، بەڵام هەر لەو کاتەدا د. قاسملوو باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی لە ڕێگای دیالۆگ و ئاشتی لە چوارچێوەی خودموختاری لەو وڵاتانەدا هەبوو کە کوردستان بەسەردا دابەش کراوە.

د. قاسملوو لە بەهاری ساڵی ١٣٦٨ سەبارەت بە هەڵویست و

سیاسەتەکانی حیزب لە مەڵبەندی شومالی کوردستان وتارێکی بۆ کادر و پێشمەرگەکان سەبارەت بە هەلومەرجی جیهانی، ناوچەیی و ئەرکی ئێمە بۆ بە نێونەتەوەییکردنی پرسی کورد پێشکەش کرد کە لە بەشێک لە وتارەکەیدا نێونەتەوەییکردنی پرسی کورد و مەرجی سەرکەوتن لەو هەوڵە دەبەستێتەوە بەوە کە لە نێوخۆدا چالاک بین و بە زانیاری و تێگەیشتنەوە کاری بۆ بکەین، بە زمانێک و پەیامێکەوە بدوێین کە دەوڵەتان، سیاسەتمەدارەکان و ڕۆژنامەنووسەکان لێمان وەربگرن و لەو پێوەندییەدا دەڵێ: «برادەری وامان هەیە دەڵێ ئێمە دەمانەوێ کوردستانی سەربەخۆ دروست بکەین و سنووری چوار دەوڵەتان تێک بدەین. باشە هەرکەس گوێی لێ بێ دەترسێ، دەڵێ ئەوە ئاژاوەیەکی گەورە ساز دەبێ و دەبێتە شەڕێکی نێودەوڵەتی، ئەمە گوتنێکی هەڵەیە و پاشان غەیرەواقعیشە،کەس ناتوانی سنووری چوار وڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لا بەرێ، پاشان ئەو هێزەمان نییە. باشە ئەی دەبێ چۆن بگوترێ؟

دەبێ بڵێین ئێمە خودموختاریمان دەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا. دەمەوێ زمانی خۆم هەبێ، لە بەشی کوردستان کاروباری کوردستان خۆم ئیدارەی بکەم، ئەمنییەتی داخیلی کوردستان دەبێ بە دەستی خۆمەوە بێت. پاشان دەڵێم ئەوەی من دەمەوێ بەشێکە لە مافەکانی مرۆڤ. ئەگەر ئەو شێوە قسەیەمان هەبێ، ڕاستە هەردووکی بۆ یەک ڕێبازە، بەڵام فەرقیان هەیە و ئەوە باشتر وەر دەگیرێ.

وەک داستانی ئەو پادشاییە کە لە خەونی خۆیدا دیتبووی هەموو ددانەکانی کەوتوون و تەنیا یەک ددانی ماوە. بەیانی دوو مونەجیمی هەبووە بانگی کردن بە یەکێکیانی گوت: باشە! تەفسیر چییە؟ ئەو وەختەی گوتی وەڵا تەفسیر ئەوەیە هەرچی کەسوکارت هەیە دەمرن و تەنیا تۆ دەمێنیتەوە، گوتی بیبەن بیکوژن. پاش ئەوەی هەموو کەسوکاری من بمرن، من بە تاقی تەنێ چ بکەم؟ ئەوی دیکەی بانگ کرد گوتی تۆ دەڵێی چی؟ گوتی مانای ئەوەیە عومری پاشا لە هەموو کەس زیاتر و درێژتر دەبێ. گوتی جا ئەوە باشە ئەنعامی بدەنێ، دەبینن قسەکان هەریەک بوون، بەڵام شێوەی گوتنەکە جیاواز بوو.»

د. قاسملوو لەدرێژەی وتارەکەیدا ڕوونی دەکاتەوە: «لە سیاسەتدا ڕەش

و سپی نییە، هەموو شتێک و هیچ شتێک. هەرکەس ئاوا سیاسەت بکا سەر ناکەوێ. با ئێعتراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەماندا کورد سیاسەتەکەی ئەوە بووە، یا هەموو شێک یا هیچ شتێک، نەتیجەکەی بۆتە چی؟ بووەتە هیچ لە سیاسەتدا زۆرجار هەیە دوو هەنگاو دەچیە پێش شتێ وەردەگری، لە پاشان دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دی، دیسان دەچیە پێش. ئەوە سیاسەتە، ناویان ناوە هونەری مومکین. سیاسەت هونەری مومکینە. نەک ئەوە لە خەیاڵی خۆتدا شتێک دابنێی و داوای بکەی! ئەوەی کە بە واقیعی جێبەجی دەبێ ئەوە سیاسەتە. ئەوی دیکە خەون وخەیاڵە کە ئێمە وا سیاسەت ناکەین.»

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەبارەت بە گرینگیی هاوپەیمانی لەگەڵ ڕێکخراوەی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران بۆ ڕووخان و پاش ڕووخانی ڕێژیم دەڵێ: «لەگەڵ ڕێکخراوی میللەتە زۆرلێکراوەکانی ئێران، بەلووچ، تورکمەن، عەرەب و ئازەری دەبێ دۆستایەتی ساز بکەین. بۆ؟ دواڕۆژ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی و پاش ڕووخانی ڕێژیمیش ئەوکارە بکەین». دوکتور قاسملوو سیاسەتی بە هەست و سۆز نەدەکرد، ئەو بە سەرنجدان بە هەلومەرجی خەبات و وەزعی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و هەروەها ئیمکانات و هێز و توانای حیزب و نەتەوەکەی بەرنامەی سیاسی و تێکۆشانی بۆ حیزبەکەی دادەڕشت. هەر ئەم سیاسەتەش حیزبی دێموکراتی لەلای هەمووان کردبووە حیزبێکی خۆشەویست و بەنفووز کە خاوەن پرستییژێکی تایبەت بوو، و خەڵک حیسابیان لەسەر سیاسەت و بەرنامەکانی دەکرد.

د. قاسملوو ڕێبەرێکی ڕیئالیست و دووربین بوو. ئەو لە دیاریکردنی سیاسەتدا ڕەنگدانەوەی دواڕۆژ و گونجاوبوونی ئەو سیاسەتانەی لەبەرچاو ون نەبوو. ساڵی ١٣٥٨ حیزبی دێموکرات بەهۆی ژیریی دوکتور قاسملوو و بە بایکۆتی ڕێفراندومی دیاریکردنی نیزام هەڵوێستێکی مێژوویی گرت و «نا»یەکی ئازایانەی بە ڕێژیم گوت؛ ئەویش لە کاتێکدا کە زۆربەی نیزیک بەتەواوی ڕێکخراوەکان لەو ڕێفراندۆمە نادێموکراتیکەدا بەشدارییان کرد. دیاریکردنی ئەم سیاسەتە کە مێعمارەکەی شەهیدی نەمر د. قاسملوو بوو، تا ئێستاش و لە داهاتووشدا جێگای فەخر و شانازی حیزبەکەمانە.

لە پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتی وڵاتیشدا هەر ئەوکات حیزب هوشداریی دا کە ئەم یاسایە نادێموکراتیک و ئیدئۆلۆژیکە و هیچ مافێکی بۆ نەتەوەکانی ئێران لە بەرچاو نەگرتووە، بۆیە بە یاسایەکی نادادپەروەرانەی دانا کە جێگای پەسەندی حیزبی ئێمە نییە؛ بۆیە لە ڕێفراندۆمی ئەو یاسایەشدا بەشداریی نەکرد.

لە ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨دا کە بەناو خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام باڵوێزخانەی ئەمریکایان بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ داگیر کرد، لەو کاتەدا حیزبێکی وەک حیزبی توودە ئەم حەرەکەتەی بە خەباتی دژی ئیمپریالیست نرخاند و موجاهیدینی خەڵقیش پێشنیاری بەموزەکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکای دەکرد کە جینایەتەکانی ئەمریکا لە ویێتنام و... تێیدا پێشان بدرێ. بەڵام کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات  لە بەیاننامەیەکدا ئەم کردەوەیەی بە پێشێلکردنی ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان لەقەڵەم دا و مەحکوومی کرد.

لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکرات هەم بایکۆتی ڕێفراندۆمی کردبوو، و هەم دەنگی بە یاسای بنەڕەتی وڵات نەدابوو؛ بەڵام بەو حاڵەشەوە زۆری هەوڵ دا بەڵکوو لەگەڵ حکوومەتی نوێ بتوانی لەسەر مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕێگای دیالۆگەوە بگاتە ڕێککەوتن، بەداخەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕوای بە مەسەلەیەک بەناوی مەسەلەی کورد و مافەکانی نەبوو. سەرەنجام خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨هـەتاوی فەرمانی جیهادی لەدژی خەڵکی کوردستان دەرکرد، بەو حاڵەشەوە حیزب لە هەوڵدان بۆ چارەسەری مافەکانی کورد لە ڕێگای وتووێژەوە نەوەستا و پاش دوو ساڵ هەوڵی بێوچان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی مافەکانی خەڵکی کوردستان، بەو ئاکامە گەیشت کە چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نییە. هەربۆیە :کۆنگرەی پێنجەم کە لە ڕێکەوتی ١٦ ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ لە شیوەجۆ، لە خوارەوەی دۆڵی دێموکرات لە ناوچەی سەردەشت بەڕێوە چوو، بڕیاری ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی پەسند کرد.

دوابەدوای ئەم بڕیارە ڕێبەریی حیزب هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتی دژی ئیمپریالیستی لەنێوان حیزبە چەپ و دێموکراتەکان چڕ

کردەوە. لەم سەردەمەدا کە موجاهیدینی خەڵقی ئێران و بەنی سەدر شوورای نیشتمانیی بەرگرییان پێک هێنابوو، دوای بانگهێشتی حیزب، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چووە نێو شوورای بەرگریی نیشتمانی و تا ساڵی ١٣٦٢ لەم شوورایەدا بوو. لەو ماوەیەدا د. قاسملوو هەوڵێکی زۆری دا بەڵکوو ئەم شوورایە دێموکراتیزە و بەرینتر بکرێتەوە. بەڵام بەداخەوە لەم هەوڵانەیدا سەرکەوتوو نەبوو، و لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی حیزب لە شوورا هاتە دەرەوە. بەو حاڵەش توانی سەنەد و بەڵگەنامەی خودموختاری بۆ کوردستان لەم شوورایەدا بە پەسند بگەیەنێ کە سەنەدێکی گرینگە و تا ئێستاش موجاهیدینی خەڵقی ئێران پێی پابەندە.

دەمەوێ بڵێم حیزبی دێموکرات هەر لە ڕۆژەکانی یەکەمی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە هەستی بە پێویستیی پێکهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکان، حیزبە چەپ و دێموکراتەکان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم کردبوو، پاش ٤٤ ئێستاش زیاتر لە ڕابردوو بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتی پێکهێنانی بەرە یا هاوپەیمانییەکی دێموکراتیک پێویستێکی حاشاهەڵنەگرە. حیزبی ئێمە و لە سەرەوەی هەمووان د. قاسملوو لەمێژە ئەو ڕاستییەیان ڕاگەیاندووە کە بەبێ بوونی بەرەیەکی بەهێزی دێموکراتی کە بڕوای بە دێموکراسی و چارەسەری مافە نەتەوەیەکانی گەلانی ئێران هەبێ، نە ڕێژیم دەڕووخێ و نە ئەگەریش بڕووخێ دەتوانێ بەردەوام بێت.

**ئاکامگیری:**

هەلومەرجی ئێستای ئێران و خوێندنەوەی بارودۆخێک کە لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بە سەر خەڵکی ئێراندا هاتووە، دروستبوونی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە ڕابردوودا دەسەلمێنن کە مێعماری ئەم سیاسەتانە د. قاسملووی نەمر بووە. لەم ٤٤ ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئەو ڕادە کەمە لە ئازادی کە لە سەرەتاکانی دامەزرانی ئەم ڕێژیمەوە بەهۆی شۆڕشی خەڵک هاتبوونە دی، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرتەسک کرانەوە، تا کار گەیشتە ئەو جێگایە کە تەنانەت دامەزرێنەران و کۆڵەکەکانی ئەم نیزامە دژە گەلییەش هاواریان بۆ لای خودا

بەرز کەنەوە.

بەهۆی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ئەم ڕێژیمە و سپاندنی گەمارۆی ئابووری لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەلایەک و گەندڵییەکی لەڕادەبەدەری بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە، خەڵکی ئێران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژارتر دەبن و، بەکورتی ئەوەی مانای ژیانە لەژێر دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە مافیاییەدا بۆ خەڵک نەماوەتەوە.

ئێستا ئیتر دژەگەلی‌بوون و سەرەڕۆبوونی ئەم ڕێژیمە بۆ خەڵک زیاتر لە پێشوو دەرکەوتووە و دەزانن ئەم ڕێژیمە هۆکاری هەموو چارەڕەشییەکانی خەڵکی ئێرانە هەر بۆیە کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات تا دێت بەرینتر دەبێتەوە، بوونی ئەم دۆخە نالەبارە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە دژی ئازادی و دژی گەلییە زیاتر لە پێشوو خستووەتە ڕۆژەڤەوە. سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لەژێر دروشمی پڕنێوەرۆکی «ژن، ژیان ، ئازادی» کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و لە یەک ساڵی ڕابردوودا پایەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی لەرزاند، باکگراوەندی ئەو خەباتە ئازا و دلێرانەیە کە لە ٤٤ ساڵی ڕابردوو لە کوردستاندا لە ئارادا بووە. ڕزگاربوونی خەڵکی ئێران لەژێر دەسەڵاتی ملهۆڕانەی ئەم تاقمە کۆنەپەرەست و دژی‌گەلییە بە درێژەدان بەشۆڕشی ژینا و بە خەباتێکی لێبڕاو و شۆڕشگێڕانە و بەردەوام مومکین دەبێ، کە بەداخەوە بەبێ فیداکاری و نرخدانی ڕۆڵە خەباتگێڕ و بە ئەمەگەکانی گەل بەئاکام ناگات. بەڵام دوکتور قاسملوو گوتەنی: «گەلێک ئازادیی بووێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات.»

# بۆ دەبێ قاسملوو بخوێنینەوە؟

**ناسر مرادی**

سروشتی سیاسەت و ژیانی سیاسیی تاک، ڕێکخراو یان کۆمەڵگە لەگەڵ گۆڕانکاریدا، پەیوەندییەکی قووڵیان هەیە. هەر تیۆری و بۆچوونێک تا ئەوکاتەی دەتوانێ بە بەردەوامی ڕوو لە گەشە بێ، کە توانستی گۆڕانکاری و توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هەبێت. لە جێی خۆمانەوە، ئەگەر واتای نەمان نەدات، ڕەنگە وێکچوونیکی زۆری لەگەڵ بەرەبەرە لەنێوچووندا هەبێت. ڕەوت و قۆناغەکانی گەشە، ئاماژەکانی گۆڕانن. مانەوە بە واتای چەقبەستوویی، لەگەڵ مانەوە بە مانای گۆڕانکاریی ڕوو لە گەشە، دوو باری مانایی جیاوازیان هەیە. نووسەری ئەم یاداشتە بە پێچەوانەی ئەو هەستە زاڵەی کە دەڵێ «بێ قاسملوویی»مان پێوە دیارە، پێی وایە قاسملوو «بوون»ە و زیاتر لە هەموو کاتێک هەست بە بوونی دەکرێت.

## مەیدانی سیاسەت لە کوردستان

لاوازییەک کە لە دەقی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و بزووتنەوەکانیدا بەزەقی دیارە، نەبوونی دیدێکی درێژخایەن و مێژووییە بۆ پرسی کوردستان و کورد. ئەمەش خۆی سەرچاوە یان سەرەداوێک بووە بۆ «وەدیارخستنی» ناڕوونی و زۆر جار دژبەیەکی لە ڕوانگە و بەرنامە و

هەڵوێستە سیاسییەکان. تا قۆناغێک، هێز و لایەنە سیاسییەکان، بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ مێژوو، بە جۆرێک قەناعەتیان بە ڕووتینی سیاسی و کورتماوە هەبووە. هاتنی قاسملوو بۆ نێو «مەیدان»ی سیاسەتی کوردی، دەکرێ وەک نوقتەگۆڕانێک هەژمار بکرێت بۆ چوونە نێو قۆناغێکی نوێ و «مەیدان»ێکی نوێ.

لە دیدی پییێر بۆردیۆوە، کۆمەڵناسی بەناوبانگی فەڕەنسی، «مەیدان» پێکهاتەیەک لە مەوقعییەتەکانە کە لەلایەن تاک و ڕێکخراوەوە داگیر دەکرێت و ماهییەتی ئەو دۆخە/مەوقعییەتەش ڕوونکەرەوەی هەلومەرجەکانە. مەیدان گۆڕەپانێکە بۆ خەبات و تێکۆشان لە پێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکان. هەر مەیدانێک لۆژیکی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەکتەرەکان لەم نێوەدا پێگە و جێگەیەک بۆ خۆیان پێناسە دەکەن و هەوڵی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندەیی خۆیان دەدەن. بابەتێک کە لە مەیدان ململانێی بۆ دەکرێ، کەڵەکەکردنی «سەرمایە»یە کە چوار بواری گشتیی ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیمبۆلیکی هەیە. مەیدان هەمان ئەو بەستێنەیە کە کایەی سیاسی تێدا دەکرێت. تێگەیشتن لە «خۆی» و» ئەویتر» و نواندنەوەی، دەبێتە گوتاری سەرەکی.

قاسملوو، هەوڵی بەدەستەوەگرتنی مەیدان دەدات. دەچێتە نێو مەیدانی مێژووەوە و «کوردستان و کورد» بەرهەم دێنێ. لە «کوردستان و کورد»دا، جوغرافیا و مێژوو و ئابووری سیاسی و ڕەهەندی داگیرکاریی کوردستان شی دەکاتەوە. ناسین و ناساندنی پرسی نەتەوەکەی بە مێتۆدی زانستی هەنگاوێکی مێژووییە. ئەمە هەمان ئەو نوقتەگۆڕانەیە کە پێشتر وەک بۆشاییەک لە بزووتنەوەی کوردستاندا بەدی دەکرا. دواجار لە ئاکادیمیاوە پێ دەنێتە مەیدانێکی تر. بە تێگەیشتنی قووڵی لە پرسەکە، بە سەرمایەیەکی زانستییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و پەرە بە «سەرمایەی شۆڕشگێڕانە»ی بزووتنەوەی ڕۆژهەلات دەدات. ڕۆڵی بەرچاوی قاسملوو لە قۆناغی گەڕانەوەی بۆ کوردستان و ڕابەرایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات، لەژێر ڕووناکایی دوو چەمکی «جومگەبەندی» و «سنووربەندی» زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

مەیدان لای قاسملوو ڕووبەرێکی فراوانتری هەیە. لە ئێران و کوردستان

و کۆمەڵەی کوردەوارییەوە بگرە تا دەگاتە ئاستی ململانێی ئایدیۆلۆژییەکان لە جیهانی دووجەمسەریدا، بۆ قاسملوو مەیدانن. ئەوەندەی پەیوەندی بە سنووربەندییەوە هەیە، لە هەر یەک لە  سیاسەتی حیزبی، سیاسەتی کوردی، سیاسەتی ئێرانی و سیاسەتی نێودەوڵەتی هێڵە فکری و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان دیاری دەکات. لە سیاسەتی حیزبی، دەست دەبات بۆ مێژوو و مێژووی ڕاستەڕێ دەنووووسێتەوە. لە سەر ژێکاف و کۆماری کوردستان و کەسایەتی پێشەوا ڕاوەستە دەکات. بۆ یەکەم جار بەرنامە و پێڕەو دەنووسێتەوە و ئۆرگانیزمی حیزبیی مۆدێرن دادەمەزرێنێ. سەرنجڕاکێشیی لەوەدایە کە کۆمەڵێک ئۆرگان و کۆمیسیۆن (شێوەی وەزارەتخانە) دادەمەزرێنی کە زۆرتر ڕوانگەی ئیداری لە پشت بووە و مەبەستی بووە لە ڕێگەی بیرۆکراسییەکی ئیدارییەوە حیزبی دێموکرات نوێژەن بکاتەوە. سیمای دێموکرات دادەڕێژێ و تایبەتمەندییەکانی کەسێتی دێموکرات  پێناسە دەکات.

قاسملوو لە سیاسەتی کوردی، بە دیدی ڕەخنەیی دەڕوانێتە پارچەکانی تری کوردستان. چەمکی ناسیۆناڵیزمی بەرچاوتەنگ ورد دەکاتەوە و هێڵە فکری و سیاسی و نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕات ڕوونتر دەکاتەوە. لە مەیدانی ئێراندا، لەگەڵ ئۆپۆزیسۆن و بە دیاریکراوی حیزبی تودە سنووربەندییەکی توخ ساز دەکات. بە باسکردن لە کۆمەڵێک پرسی وەک سەربەخۆیی سیاسی، واقعبینی، دۆستایەتی، هاوپەیمانی، دیسیپلینی حیزبی و پرەنسیپە سیاسی و نەتەوەییەکان، دێموکراسی نێوخۆیی و ... و پەیڕەو کردنیان، سیاسەتی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەوەی حیزب دەخاتە چوارچێوەیەکی سیستماتیکەوە. ئەمانە ئاماژەن بۆ هەوڵەکانی قاسملوو بۆ دەربازکردنی حیزبی دێموکرات لە قەیران و گرفتی تەشکیلاتی و سیاسی  کە لە دوای کۆمار تەنگیان پی هەڵچنیبوو. هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە چارەنووسی حیزب گرێ بدات بە دۆخی نێوخۆی کوردستانەوە. لە گەرمەی بەرگری و خەباتی شاخ، دەست دەبات بۆ مەیدانێکی تر.» بە هێنانە بەرباسی کورتەباس، سنووربەندی لە گەڵ چەپی ئێرانی و ستالینیزم و سۆسیالیزمی مەوجوود ساز دەکات»(۱). دەست بردن و پرسیار دروستکردن بۆ ئایدیۆلۆژییەکی جیهانگیر مەیدانێکی دیکەیە کە

قاسملوو ململانێی تێدا دەکات.

### پرسی نەسڵەکان

وتەیەکی بەناوبانگی قاسملوو هەیە کە دەڵێت «ئێمە نەسڵی خودموختارین.» ئاماژەدان بە نەسڵ، زیاتر لەوەی کە ڕیتۆریکێکی سیاسی بێت، لای قاسملوو ڕەهەندێکی کۆمەڵناسانەی هەیە. ئەمەش دووربینی قاسملوویە بۆ «هەلومەرج»ی گشتیی دوای نەسڵی خودموختاری. کارل مانهایم، کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئاڵمانی بۆ یەکەم جار لە وتاری «پرسی نەسڵەکان» (١٩٢٣) دیاردەی کەلێن و دابڕانی کولتووریی لەنێوان نەسڵەکان وەک بابەتێکی کۆمەڵناسی خستە ڕوو. پێشگریمانەی مانهایم ئەوە بوو کە ئەزموونی ژیانی نەسڵەکان بەتایبەت لە سەردەمی لاوێتی، کار دەکاتە سەر ئاراستەی زەینی و فکری و جۆری تێڕوانینیان بۆ پرسە هەستیارەکانی کۆمەڵگە. بەم پێیە، ئەزموونی تایبەت بە نەسڵەکان و ناسنامەی لێکەوتەی ئەو قۆناغە، بۆچوونی سیاسی و کولتووریی نوێ بە دوای خۆیدا دێنێ. لە ڕوانگەی مانهایمەوە نەسڵ بەر لەوەی ڕەهەندێکی بیولۆژیکی هەبێت، بوونێکی کۆمەڵایەتییە. هاتنەکایەی نەسڵی نوێ، هاوتەریبە لە گەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و فکری. مانهایم بەو ئەنجامە گەیشتووە کە هەر نەسڵێک بەگوێرەی ئاگایی مێژووی و کۆمەڵایەتی خۆی بەرەی خۆی جیادەکاتەوە. یەکێک لەو چەمکانەی کە مانهایم داهێنانی بۆ دەکات، «شێوازی نەسڵی»یە. واتە دید و بۆچوونی جیاواز و زۆر جار دژ سەبارەت بە سیاسەت و کۆمەڵگە لە ئاستێکی بەرین و بەربڵاودا سەرهەڵدەدات.

ئەوەی سەرلەبەری مێژووی بزووتنەوەیەک لێک گرێ دەدات و مانایەکی تۆکمەی پێ دەبەخشێ، هێڵێکی مێژووییە کە پەیوەندیی مانداری قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی بزووتنەوەکە تیایدا دەردەکەوێ. قاسملوو بە تێڕوانینی بۆ مەسەلەی نەسڵەکان، دەلاقەیەک بەرەو ئایندە دەکاتەوە. قاسملوو لە قۆناغێک لە مێژوو ڕاوەستاوە کە هەمان قۆناغی سەردەمە. چەندە سەرنجی لە سەر ڕابردوو بووە، چەندە خوێندنەوەی بۆ ئیمکان و بەربەستەکانی دەستەبەربوونی مافی نەتەوەیی بووە، بەو ڕادەیەش سیلەی چاوی لە سەر داهاتوو بووە. لۆژیکی «سیاسەتی مومکین»، کە

قاسملوو پەیڕەویی لێ دەکرد، بەجوانی ڕوونی دەکاتەوە ئەوە هەلومەرجی سیاسییە کە فۆرمی خەباتەکە دیاری دەکات. «قاسملوو بیری ستراتیژیک و ڕووانینی درێژخایەنی هەیە. دەکرێ بڵێین ئەو یەکەم ڕێبەری کوردە کە بە شێوەیەکی تۆکمە ستراتیژییەک دادەڕێژێ. بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەی کوردی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسدا پێناسە کردووە. بەڵام بە هۆی دابەشبوونی کوردستان و بارودۆخی ژیئۆپۆلیتیکی کوردستان، قاسملوو داڕشتنی ستراتیژیی سنووردارکرد بۆ حیزبی دێموکرات و کوردستانی ئێران. بۆیە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی لە بەر تیشکی بارودۆخی کوردستانی ئێرانی ئەوکات لە شێوەی خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران دیاری کرد کە دواجار لە ئامانجی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگیان دایەوە»(٢).

قاسملوو بە ڕوانینی بۆ داهاتوو، بەبێ ئەوەی لە لۆژیکی «سیاسەتی مومکین» لابدات، خوێندنەوەشی بۆ نەسڵەکانی دوای خودموختاری هەیە. ئەم تێگەیشتنەی قاسملوو بەبێ ئەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە هەڵە بێت، بەبێ ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە تێچووی هەبێت، خوێندنەوەی هەلومەرجی دوای خۆی لە پشتە.» لە سەردەمی قەیرانێکی دیکەی دوای کۆتاییپێهاتنی شەڕی ئێران و عێراقدا، قاسملوو توانیبووی ڕێگای دەربازبوون لە قەیران بدۆزێتەوە. بەڵام بە شەهیدبوونی نەیتوانی ئەم ڕوانگە نوێیەی خۆی لە ڕووی تیۆرییەوە گەشەی پێ بدا. ئەوکاتەی قاسملووی نەمر لە دوایین ساتەکانی وتووێژیدا لەگەڵ عینایەت فانی، باسی لە دێموکراسیی عەمیق [دێموکراسی ڕادیکاڵ] دەکرد، ئەو چرکەساتە بوو کە قاسملوو دەستی نایە سەر خاڵی قەیران و هاوکات دەربازبوون لە قەیران. ئەم چەمکە کورتەی شەهیدی سەرکردە هیچ کاتێک لەلایەن ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئاوڕی لێ نەدرایەوە؛ لەبیر کرا، بەڵام هزر و ڕامان نافەوتێ، وەبیر دێتەوە و دەبێتە خاڵی پێک گەیشتنەوەی کردە و تیۆری»(٣).

«بێگومان قاسملوو بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، پێشووەخت ئاگاداری لێکترازانی سۆڤیەت و شکەستی تیۆریی سۆسیالیزمی مەوجوود لەوێ بوو. بێ هیچ گومانێکیش ناوی شانتال موف و لاکلاوی بیستبوو و ئاگاداری نێوەڕۆکی کتێبەکەیان بوو. هەر بۆیە لەو دیمانەیەدا

باسی لەو چەمکەی ئەوان کردووە. قاسملوو دەیزانی بە هۆی تەواو بوونی شەڕی ئێران و عێراق کۆمەڵگە دەگۆڕدرێت، سیاسەت گۆڕانی بەسەردا دێت و مرۆڤەکانیش دەگۆڕدرێن. بۆیە داکۆکی لەسەر ئەم چەمکە دەکرد»(٤). ئەم گەشە فکری و تیۆرییەی قاسملوو سەلمێنەری ئەوەیە کە تیۆریزانێکی سەردەم بووە. ئەزموون و لێکەوتەی بنبەست و چەقبەستنی بزووتنەوەکان ئەگەر بە خۆشبینییەوە باسی لێ بکەین هەمان مەنتقی نسکۆیە. بەڵام قاسملوو زۆر وردبینانە، ڕێگە نادات تارمایی و بۆشایی مانا، باڵ بە سەر بزووتنەوەکەدا بکێشێت. بێئەوەی ڕێگە بدات بکەوێتە پەراوێزەوە، ڕاکێشی ناو دەقی کردووە. تێفکرینێک کە ستانداردی کاری سیاسی دەباتە سەرەوە. بە دیوێکی تردا وەرگێڕانی ئەم تێگەیشتنە، قایل بوونە بە تێگەشتنێکی هەمەلایەنە لە پێویستیی پەیوەندی چڕی بزووتنەوە لەگەڵ کۆمەڵگە و ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە مانا گشتییەکەی. ئەنجام ئەوەیە کە بزووتنەوە دەبێ لە سەر بەستەری گۆڕانکارییەکاندا خۆی بەڕۆژ بکاتەوە.

## گەڕانەوە بۆ قاسملوو

ئەوە بەستێنەی قاسملوو مەیدانداریی تیایدا کردووە، پرسی نەتەوەیی بووە. ئەوەی قاسملوو خوێندنەوەی بۆ کردووە، پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس (سەروەری) بووە تا ئاستی سەربەخۆیی. «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین مافی نەتەوەی کوردە بۆ یەکگرتنەوە لەنێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا. ئەگەر هەلومەرجی کوردستان لەبەر چاو بگرین، بیری یەکگرتنەوەی گەلی کورد لە یەکەم ڕوانیندا بە شتێکی خەیاڵی دێتە بەرچاو. بەڵام هەر ئەندازە یەکگرتنەوەی کوردستان دوور و ناڕاست بێتە پێش چاو، هەق ئەوەیە دانی پێدا بنرێ کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. چونکە دانپێدانان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەیەک بەبێ جیاوازی و بێ

لەبەرچاوگرتنی زۆر و کەمیی نەتەوەکە و قۆناخی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی نەتەوەکە تیایدا دەژی، دانپێدانانە بە ڕێسای ئینتێرناسیۆنالیستی و مافی وەک یەکبوونی نەتەوەکان. ئەوەیکە هەلومەرجی عەینی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە یان نییە، ئەوەیکە سەربەخۆبوونی نەتەوەیەک، یا مانەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا لەگەڵ چەند نەتەوەیەکیتر لایەنی باش یا خراپی هەیە، ئەوەیکە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا و ئەوەیکە ئەو داخوازە لە سێبەری سیستەمی سەرمایەدارییشدا جێبەجێ دەبێ، یا تەنیا لە سیستەمی سۆسیالیستیدا، هیچ کام لەوانە نابێ ببنە هۆی ئەوەیکە حاشا لەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە»(٥).

بەستێنی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵێک «مەیدان»ی دیکەی بە خۆوە بینیوە. ئەگەر سەرنجمان لە سەر گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵات لە دوای چەند دەیە بێت، پرسی «نەسڵە»کان زیاتر بەرجەستەیە. ئەمەش سەرنجمان دەباتەوە بۆ لای بابەتێکی جەوهەری، خوێندنەوەی بەرەی نوێ لە پرسی «سـەروەری» کە قاسملوو مەیدانداریی کـردووە. ئەو خوێندنەوەیە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە ڕەوایەتی بەکۆمەڵ و هاوکات «مەیدان»ێکی نوێی بۆ خەبات دەستنیشان کردووە. «لە ڕوانگەی قاسملووەوە ئەگەر دەستەواژەی میللی دێمۆکراتیک وەک وەسفی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بەکار بێنین، ئەو دەستەواژەیە ئاماژە بۆ نەتەوەیی بوونی خەبات لە لایەک و دێمۆکراسیخوازانە بوونی خەباتەکە لە لایەکی دیکە دەکا. خەباتێکی لەو چەشنە، پێویستی بە سازدانی یەکگرتویی و یەکانگیرییەک لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا و خۆپاراستن لە سڕینەوەی توانستی شۆڕشگێرانەی هەر یەک لە بەشەکانی کۆمەڵگەیە. مانای ڕاستەوخۆی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە خەباتێکی ئەوتۆ لە بنەڕەتدا پێویستی بە نەخشەیەک بۆ دیاریکردنی مێکانیزمی پێوەندی سازکردن لەنێوان بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو بەشە جیاجیانە بۆ بەرهەم هێنانی زیاترین وزەی شۆڕشگێڕانە، هەیە»(٦). هەر بۆیە «سـووژەی ڕووناکبیر و سیاسیی کورد بە شێوەیەکی سەربەخۆ چاو لە پێداویستییەکانی خەباتی ئازادیخوازانەی کوردستان دەکا». لە ژێر

ڕووناکایی ئەو تەوەرانەی کە باس کران، پێویستە ئەو پرسیارە بورووژێنین کە بۆ دەبێ بگەڕێینەوە بۆ قاسملوو؟ گەڕانەوە بۆ قاسملوو، ڕاوەستەکردنە لەسەر کۆمەڵێک مژاری فکری ،سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی. ئەم گەڕانەوەیە نابێ تەنیا جەخت بکاتە سەر لایەنی تیۆری. دەبێ مەیدانێک بۆ « گوتاری سەروەریخوازی» بکرێتە بنەما کە ئاماژەکانی لە بیری کوردستانی بوون و کوردبوونی قاسملووەوە، سەرنجمان ڕادەکێشێت.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان لە بەشی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان پارێزراون**

# قاسملوو
# (هزرە بەرزە و بیرەوەرییە جوانەکانی)

**خەج مەعزووری**

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش ٣٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی نهینی، لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٥٧دا ئاشکرابوونی کار و چالاکییەکانی لە لایەن دوکتور قاسملووی مەزنەوە لە متینگێکی گەورە لە شاری مهاباد ڕاگەیەندرا. بە دوای ئەم متینگە گەورە و گرینگەدا حیزبی دێموکرات بە ڕێبەریی دوکتور قاسملوو و بە بەرنامەیەکی تۆکمەی تەشکیلاتی و نیزامی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان خەریکی ڕێکخستنی سیاسی لەنێو خەڵکدا، ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە و دامەزراندنی ڕێکخراوە حیزبییەکان بوو. دەشتوانم بڵێم لە ماوەیەکی کورتدا لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی کوردستان ڕێکخراوە حیزبییەکان بووژانەوە و وەرزێکی نوێ لە کار و تێکۆشانی حیزبی و سیاسی دەستی پێ کردبوو.

زۆر چاک لەبیرمە هەر لەو سەروبەندەدا دوکتور قاسملوو لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێیانی پێشمەرگە کە چەند خاتوونێکیشیان لەگەڵ بوو،

و ڕێکخراوەکانی حیزبیان لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەسەر دەکردەوە؛ هاتنە شنۆ. ئێمە هەمووومان بەگشتی لە ڕادەبەدەر تامەزرۆی دیتنی دوکتور قاسملوو لە نزیکەوە بووین.

دوکتور قاسملووی مەزن بەهەیبەتەوە گەیشتە جێ و لەلایەن خەڵک و پێشمەرگەکانی «کێلەشین»ی ئەوکات پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. لەلایەن ئێمەی گرووپی کچانیشەوە سروودێک بە ناوی «پێشمەرگەی کوردستانین» ئامادە کرا بوو کە لە سەرەتای بەرنامەکەدا بۆ بەخێرهێنانی کاک دوکتور پێشکەشمان کرد. دوکتور قاسملوو لەو کۆبوونەوەیەدا کە چاوی بە ژمارەیەک پێشمەرگەی ژن کەوت، زۆر خۆشحاڵ بوو. خۆشحاڵ لەوەیکە ئێمە ژنان بەو دەرک و شعووورە و هەستە گەیشتووین بۆ ستاندنی مافەکانمان لە مەیداندا بین و بۆ وەرگرتنی مافەکانمان هەر چاومان لەدەستی پیاوان نەبێت. بزەی کەوتبووە سەر لێو کە دەیدی ژنانی شاری شنۆ باوەڕیان بەوە هێناوە ژن و پیاو وەک یەک بۆ دەستەبەر کردنی مافەئینسانی و نەتەوەیی گەلەکەیان پێویستە حزووری مەیدانی و بەکردەوەیان هەبێت. هەر بۆیە کە ڕیزی ئێمە ژنانی دیت، ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی و فەرمووی: ئافەرین! ئافەرین سەر دەکەوین... .

ئەمن یەک لەو ژنانە بووم کە قسەی لەگەڵ کردم. فەرمووی: حیزب لە هەوڵدایە بۆ ژنان ڕێکخراوی تایبەت لە سەرانسەری کوردستان دابمەزرێنێ. ئێوەش ژنانی شنۆ لەو بوارەدا هەوڵ بدەن ڕێکخراوێکی تایبەتیی خۆتان هەبێ و کێشەکانتان لەو ڕێکخراوەدا بێننە گۆڕێ و کارەکان بەڕێکخراو بکەن. دوکتور قاسملوو هەروەها لەگەڵ بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی ئەوکاتی شنۆ قسەی کرد و پێشنیاری ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دا و فەرمووی: با ژنان سەربەخۆ لە پەنا حیزبی دێموکرات و ڕێکخراوەکانی و لەژێر ڕێنوێنی و یارمەتی کۆمیتەی شارستاندا، لەو ڕێکخراوەیەدا کار و چالاکی بکەن. دواتر بە ژیری و وردبینییەوە هێندێک ڕێنوێنی کردین و هانی داین، لەگەڵ ئەوەشدا لێو بەبەزە و بە شۆخی و جەفەنگ فەرمووی: دەبێ ئێوە ژنان بە کار و چالاکیەکانتان وەپێش پیاوەکان کەون و لە داهاتوودا ڕێبەریی ئەو حیزبە وەئەستۆ بگرن.

ئێمە بەو قسانەی دوکتور قاسملوو و پێشنیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەتی ژنان گەلێک خۆشحاڵ و دڵگەرم و ڕازی بووین. دیار بوو کاک دوکتور باوەڕێکی قووڵی بە یەکسانیی ژن و پیاو و چارەسەری کێشەی ژن لە کۆمەڵگەدا هەبوو. ئەو دەیزانی ژنی کورد چەندە دەچەوسێتەوە و چەندە بێدەرەتان و بێپشتیوانە و پێویستی بە پشتیوانییەکی قایم و پێگەیشتن و تێگەیشتن هەیە.

باش لەبیرمە دوکتور قاسملوو فەرمووی: هێندێک دیاردەی ناحەز لە کۆمەڵی کوردەواریدا هەن کە ژنانی کوردی لە دواکەوتووییدا هێشتۆتەوە و زوڵمێکی زۆریان لێ کراوە. ئێوە پێشمەرگەی ژن دەبێ بەدژی ئەو ستەمانەی بە هاورەگەزەکانتانەوە ڕەوا دەبینرێ بوەستنەوە و بە کار و چالاکیەکانتان بەرپەرچی ئەو نەریتە ناحەز و دزێوانە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بدەنەوە. مەشترسێن، لەو بوارەدا حیزبی دێموکرات لەگەڵتانە و لە پشتتان ڕاوەستاوە. هەروەها زۆر چاک لە بیرمە هەر ئەوکات کچێک لە شنۆ کە بەگوێرەی داب‌ونەریتی کۆن بە بەرخوێن درابوو، و سکاڵایەکی کۆمەڵایەتی هێنایە لای دوکتور قاسملوو و دوکتور قاسملووش بە کۆمیتەی شارستانی ڕاگەیاند کە دەبێ گرفتی ئەو خاتوونە چارەسەر بکەن.

کۆنگرەی ٤ی حیزب لە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ لە کەشوهەوایەکی بە هەوای ئازاد و دێمۆکراتیکدا بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و ژنان و چین و تووێژەکانی خەڵکی کوردستان لە سینەما ئۆمێدی مەهاباد گیرا. لە ڕاستیدا ئەوە یەکەم کۆنگرەی دوای ئاشکرابوونی کار و چالاکی حیزبی دێموکرات بوو، و لەم کۆنگرەیەدا ژنانیش بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. ئاکامەکانی کۆنگرە دەری خست کە لەژێر ڕووناکایی بۆچوونەکانی د. قاسملوو دیار بوو هەوڵ دەدری ژنان پاڵپشتی بکرێن و خۆیان لە ناوەندەکانی بڕیار و جێبەجیکردندا بدۆزنەوە. بەڕاستی کاک دوکتور پێی خۆش بوو هەر کار و چالاکییەکدا دەست‌وپەنجەی ژنانی پێوە دیار بێ و ژنان لە هەموو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بن.

لەبیرمە پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی، داوا لە کۆمیتە شارستانەکان

کرا بۆ بەشداری لە دەورەیەکی سیاسی -کە یەکەم دەورەی سیاسیی حیزبی دێمۆکرات پاش ئاشکرابوونی بوو- ژمارەیەک پێشمەرگە بە ناوەندی تەشکیلاتی حیزب بناسێنن، تەوسییە و تەئکیدش کرابوو پێشمەرگەی ژنیش لەگەڵ بێ. ئەمن و دوو هاورێی پیاو بە تەشکیلاتی حیزب ناسێندراین و بەشداری ئەم دەورە سیاسییە لە «خڕەجۆ»ی مەهاباد بووین. بێجگەلە من چوار کچی دیکەش لەو دەورە سیاسییەدا بەشدار بوون. بەشداری پێنج ژن لە دەورەی سیاسیدا دڵخوازی دوکتور قاسملوو نەبوو، ئەو پێی خۆش بوو ژمارەی ژنانی بەشدار زۆر لەوەندە زیاتر بان.

دوکتور قاسملوو بۆ خۆی یەکێک لە مامۆستاکانی دەورەکە بوو. مامۆستاکانی ئەو دەورە سیاسییە: دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کاک جەلیل گادانی، کاک حەسەن شەرەفی و کاک حوسێن مەدەنی بوون. هەموو کارەکانی ئەم دەورەیە بەگرووپ و بەکۆمەڵ دەمانکردن. لە پاکوخاوینی، جلوبەرگ شوشتن و ئاشپەزیکردن و قاپوقاچاغ ڕا بگرە هەتا دەگەیەشتنە کاری پاسەوانی و پارێزگاری. هەرکام لەو گروپانەش ژنێکی تێدا بوو. ڕۆژانە بە کار و بەشداری لە کلاس و شەوانەش لە دەوری یەک دەست دەکرا بە هەڵپەرین و گەڕەلاوژە. زۆر چاک لەبیرمە کاک دوکتور قاسملوو بۆ ئەوەی ڕێگا بۆ گۆرانی گوتنی ئەو کەسانەی شەرمیان دەکرد خۆش بکات، بۆخۆی دەستی کرد بە گۆرانی کوتن و گۆرانیی «کراس زەردێ»ی مامۆستا تاهیر تۆفیقی گوتەوە. بەشدارانی دەورە هەم پێیان سەیر بوو، هەم شاگەشکە ببون کە د. قاسملوو بەو هەیبەتەوە چەندە خۆماڵی، سادە و خاکەڕا بوو. ئەو هەڵسوکەوتەی دوکتور قاسملوو ئەوەندە جوان و بەرز بوو قەت لە بیرمان ناچێ.

نموونەیەکی بەرجەستە و باوەر پێبوونی دیکەی دوکتور قاسملوو بە ژن و هەروەها ئاوڕدانەوە لە ژنان و گرینگیدان بە وجوودی ژنان لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتدا بوو. کاتیک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەفرانباری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی کۆنگرەی ٨ی خۆی بە بەشداریی دەیان کادر و پێشمەرگە لە شاری سلیمانی (باشووری کوردستان) گرت، لەو کۆنگرەیە ا تەنیا ژنێک کە بەشداری کۆنگرە بوو من بووم. بۆ هەر من؟

ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بوو حیزب لە بارودۆخێکی نالەباردا لە تاراوگە و دوور لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانەکەی خۆی و لە هەلومەرجێکی زۆر ناخۆشدا دەژیا. لە بەر دووری و سەختیی ڕێگا و هێندێک هۆی سەرەکی دیکەی ژیان ژنان کەمتر جەزبی حیزب دەبوون. هەربۆیە ژمارەیەکی کەم ژن بەشداریی بزووتنەوە بوون و لە ئاکامدا هەمیشە ژمارەیەکی کەم لە ژنان بەشداری کۆنگرەکان دەبوون. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا شەهید دوکتور قاسملوو بانگی کردم و فەرمووی: پێمخۆشە خۆت بۆ جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دابنێ. من هەم پێم خۆش بوو، هەم دەترسام. لە وەڵامی داواکەی دوکتور قاسملوودا کوتم: کاک دوکتوور بۆ من جارێ زوور زووە و لە عۆدەی ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە قورسە نایەمە دەر. فەرمووی: نیگەران مەبە، فێر دەبیت و ئێمەش لەگەڵتین. بەداخەوە من وەسواس بووم و دەترسام و قبووڵم نەکرد... .

بەڵێ هزر و هەڵسوکەوت و خەونەکانی دوکتور قاسملوو لە مەڕ پێگەیشتنی ژن و چارەسەر کردنی کێشەکانی ژن زۆر جوان و بەرفراوان بوو. ئەگەر دوکتور قاسملوو لە ژیاندا مابا بێشک بارودۆخی ژنان بەتایبەت لە حیزبدا زیاتر ئاڵوگۆری بەسەردا دەهات و ژنان خۆیان لە فەزا و کەشێکی کراوەتردا دەدۆزیەوە و دەرگایەکی ڕووناکتر بە ڕوویاندا دەکرایەوە و زووتر پەیژەکانی پێگەیشتنیان تا لوتکە دەپێوا.



# لە «ئێران»ی شۆڤێنیستەکانەوە بەرەو «ئێران»ی فیدراڵ

## (ئێران لە دەلاقەی خوێندنەوەی د. قاسملووەوە)

**ڕەزا دانشجوو**

**پێشەکی**

ناسیۆنالیزم یەکێکە لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی فەرانسە، ڕوانگەیەکی نوێ کە باس لە «سەروەری نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسی» دەکات.

ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوا دوای شکستی ڕەهای ئایینی مەسیحی لە توانایی کۆکردنەوەی جەماوەر لە سەر بنەمای دین سەری هەڵدا. ڕێنێسانس لە ئورووپا و دەرەنجامی پەراوێزخستنی ئایین بۆشاییەکی گەورەی لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا دروست کرد، لە ڕاستیدا ئایین کە تا ئەوکات وەک فاکتەرێک بۆ لێکنزیکبوونەوەی ئوروپییەکان بەبێ گوێدان بە جیاوازیی زمان و کولتوور باسی لێدەکرا ئیتر بوونی نەما. ئەم بۆشاییە ئایدیۆلۆژییە فەزای گونجاوی بۆ هاتنە ناوەوەی وشەیەکی نوێی بۆ نێو ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان لەژێر ناوی ناسیۆنالیزمدا خوڵقاند.

هاتنەسەرکاری ناپلیۆن بۆناپارت پرۆسەی ناسیۆنالیزمی لە ڕۆژئاوا خێراتر کرد، سیاسەت و کردەوەکانی ناپلیۆن لە فەرانسە هەستی ناسیۆنالیستی لە وڵاتانی دیکەدا بۆ نموونە لە ئاڵمان و ئیتالیا وروژاند. سەدەی نۆزدەهەم بە سەردەمی زێڕینی ناسیۆنالیزم ناو دەبرێت. لەم سەدەیەدا ناسیۆنالیزمی ئەمریکی دامەزرا، ویلیام گۆڵدستۆن پەرەی بە ناسیۆنالیزمی ئینگلیزی دا، لە

هەمان کاتدا لە ئەمریکای باشوور و نێوەڕاست، بە سەرکردایەتی سیمۆن بۆلیڤار و جۆزێف مارتن، زۆرێک لە کۆلۆنیەکانی پورتەغاڵ و ئیسپانیا سەربەخۆییان بەدەستهێنا. گرنگترین دەستکەوتی شۆڕشی گەورەی فەڕانسە «بەیاننامەی مافی مرۆڤ»ە لە ساڵی ١٩٧١ لە دەستووری ئەم وڵاتەدا کە دژی حوکمڕانی خۆسەپێنە و بەڕوونی باس لە مافی جەماوەر دەکات بۆ دانی بەرپرسیارەتی وڵات بە هەرکەس. پێش شۆڕشی فەرانسە، دەتوانین بڵێین بە جۆرێک لە هزری «ماکیاڤیل»دا باسی ناسیۆنالیزم کراوە. ئەو دەستەواژەی وڵات لە هەموو شتێکی تر بە باڵاتر دەزانێت و هانی گەلی ئیتالیا دەدات بەرژەوەندی نەتەوەیی لە ڕەچاوکردنی ئەخلاقی و ئایینی بە باشتر بزانن. دەکرێ بڵێین بەردی بناغەی یەکەمی حکوومەتی نیشتمانی لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی ماکیاڤێلی دامەزراوە.

بەڵام گرنگترین ئامانجەکانی ناسیۆنالیزم لە ئورووپا، وشیاریی نەتەوەیی و ئاگایی نەتەوە لە شوناسی خۆی بوو و لەهەنگاوی دواتردا سەروەریی نەتەوەیی و بیرۆکەی ئازادی نەتەوەیی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بەرانبەر بە بێگانەکان بوو. بەم شێوەیە میللەت بە سێ سیفەتی سروشتی و پەیوەندیدارەوە لە ئورووپا لەدایک بوو، ئەوانیش (سەروەری، سەربەخۆیی و دەسەڵات)ە. سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ناسیۆنالیزم و ئایین لە ئورووپا، پێویستە ئەوە بگوترێ کە: لە بنەڕەتدا، نەتەوە و حکوومەتە نەتەوەییە سەربەخۆکان لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی کەنیسە، کە بەرجەستەی یەکیەتیی سیاسیی ئورووپا بوو، هاتنە ئاراوە، و پەیوەندی ئایینی جێگەی خۆی بە نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەرەستی دا. بە گوتەی «ئادەمیت»، «نیشتمانپەروەری هەمان هێزی جوڵاوی مێژوویی دۆزیوەتەوە کە ئایین تا دوێنێ هەیبوو».

### لە ناسیۆنالیزم ئێرانی هەتا شۆڤێنیزمی فارسی

ناسیۆنالیزم لە ئێراندا یادگاری نەوەی یەکەمی ڕووناکبیرانی ئێرانە. شکستە یەک لە دوای یەکەکانی قاجار لە ڕووسەکان و دەستێوەردانی بەردەوامی ڕۆژئاواییەکان لە کاروباری ئێران، لە ڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵگەیەکی نەریتی و دواکەوتوو لەگەڵ ئیمپراتۆرییەتە پێشکەوتووەکان و کۆلۆنیالیستە بەریتانی و ڕووسییەکان، گرنگترین پاڵنەری ڕووناکبیرانی

ئێرانە لە ڕێگای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە شارستانیەتێکی نوێ و دۆزینەوەی هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئێران بوون. لە ڕوانگەی زۆرێک لەو ڕووناکبیرانە وەک میرزا ئاغاخان کرمانی، ئاخوندزادە، میرزا مێلکۆمخان، گرینگترین هۆکاری ئەم دواکەوتووییە زاڵبوونی بیروبۆچوونی عەرەب و ئیسلام بووە و تاکە ڕێگای دەربازبوون لەم دۆخە گەڕانەوەیە بۆ کولتوور و ئایینی کۆن. ئەم تێڕوانینە ڕووکەشییە و دانپێدانەنان بە جیاوازییەکانی نەریتی- زمانیی کۆمەڵگای ئێران بووە هۆی ڕووداوە نەخوازراوەکانی دواتر.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە تا سەدەی نۆزدەهەم لە ئێراندا شتێک بە ناوی ناسیۆنالیزم لە مانای نوێ (سەروەری نەتەوەیی)دا نەبووە. ئەم جۆرە ناسیۆنالیزمە وردە وردە لە لایەن خوێندکارانی ئێرانی لە ئورووپا کە ئاشنای بنەماکانی ئازادی و حکوومەتی نەتەوەیی لە ئینگلیس و بیری پەیڕەوانی شۆڕشی فەرانسە بوون، بۆ ئێران گواسترایەوە. جگە لەمانە، ڕۆژنامە و گۆڤاری بیانی، کە لەلایەن ئینگلیزی «ئیدوارد بێرگێس»ەوە وەرگێڕدراون و گەیشتوونەتە بۆچوونی ناسرەدین شا، کە تیایدا هەواڵەکان سەبارەت بە «مازینی» و بزووتنەوەی ئازادیی ئیتالیا خراونەتە ناوەوە.

مەشرووتە خاڵی وەرچەرخانە لە پێناسەکردنەوەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، پێکهێنانی بزووتنەوەیەکی ئایینی-نەتەوەیی، شتێکی تەواو جیاواز لەوەی کە زۆرێک لە ڕووناکبیرانی ئێران بەدوایدا دەگەڕان. ئەو مەشرووتەی کە بە پشتیوانیی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی ئێران وەک ڕووناکبیران، بازرگانان، پیاوانی ئایینی و خەڵکان جیاوازی کۆمەڵگە پێک هات، ئامانجی سەرەکیی ڕوخاندنی سیستەمی ستەمی ڕەها و دامەزراندنی حکوومەتێکی نەتەوەیی بوو. لە ڕاستیدا ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر لە مەشرووتەدا دیارە، بەرەنگاربوونەوەی نفووزی دەرەکییە لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا. بەداخەوە بەهۆی نەتوانینی پێناسەکردنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، ئاکامی مەشرووتە دیکتاتۆریی ڕەزاخانی بوو. ئاکامە شۆڕشی مەشرووتە و داخوازیی مۆدێرنیزم و یاساگەرایی، لەبری ئەوەی پێشکەوتن بێت، هۆی تێکچوون و دواکەوتوویی بوو.

لە سەردەمی پەهلەویی یەکەمدا، بە هاوکاریی ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی ڕۆژئاواپەرەست بە دروشمی گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆن، قۆناغێکی نوێی ناسیۆنالیزم دروست بوو. مۆدێرنیزمی دەستووریی ڕەزاخانی، کە بە

ئامانجی ئاسمیلەکردنی کولتووری و لەنێوبردنی جیاوازییە کولتووری-زمانییەکان لە ژێر بیرۆکەی یەک نەتەوە-یەک زمان، بوو بە هۆی سڕینەوەی بەشێکی زۆر لە ڕاستیەکانی کۆمەڵگە و، سەرەتای لەنێوبردنی هەمەجۆریی زمانەوانی و کولتووری ئێرانی. دیکتاتۆریی پەهلەوی لەنێو قسەی ڕووناکبیرانی ناسیۆنالیستی وەک سادق هیدایەت، سەید حەسەن تەقیزادە، یان شاعیرانی وەک میرزادەی عەشقی و فەرۆخی یەزدی سەری هەڵدا. هەرچەند دواتر ئەم ڕووناکبیرانە خۆیان بوونە گەورەترین نەیاری دیکتاتۆریی پەهلەوی. لە ڕاستیدا دەکرێ بزووتنەوەی فکری لەم قۆناغەدا بە سەر دوو گرووپدا دابەش بکرێت، زۆرینە ئەوانەی بە دوای ناسیۆنالیزمێکی گشتگیر بوون و کەمینە ئەوانەی لەژێر ناوی ناسیۆنالیزمی نیشتمانپەروەردا بوون بە هاوڕێی دیکتاتۆریی پەهلەوی. ناسیۆنالیزمێکی کوێر کە بە هۆی نەناسینی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانەوە هەرگیز نەیتوانی بچێتە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوە و هەمیشە سەرەڕای تاقمێک دروشمی پووچ و بێبنەما لە پەراوێزدا مایەوە. ناسیۆنالیزمێک کە بڕیار بوو فاکتەرێکی بەهێز دژی کاریگەریی کۆلۆنیالیستەکان بێت، بە سڕینەوەی فرەچەشنیی زمانەوانی و کولتووری لە ئێراندا بوو بە فاکتەری سەرەکیی کاریگەریی زۆرتری زلهێزە جیهانیەکان. ئەم ناسیۆنالیزمە جگە لە تاقمێک دروشمێکی بێبنەما کە کوێرانە لاسایی ڕۆژئاوا دەکردەوە و پلانێکی خام و ناپێگەیشتوو جێبەجێ دەکرد، هیچ شتێکی تری بۆ گوتن نەبوو. لابردن و لەنێوبردنی دامەزراوە دیموکراسییەکان و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی ڕەهای دیکتاتۆر تاکە دەستکەوتی ئەم بزووتنەوەیە بوو.

دەکرێ سەردەمی ڕەزاخان وەک کۆتاییهاتنی فرەچەشنی فەرهەنگی و زمانی ئێران و لە ڕاستیدا داکشانی سەرزەویەک کە بۆ چەندین سەدە شوێنی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوە جیاوازەکانی ئێران بوو، سەیر بکرێت. وەک گوترا، لاساییکردنی کوێرانە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەت-نەتەوەی نوێ بە هەر شێوەیەک و لە ڕاستیدا بە لەنێوبردن و سڕینەوەی هەموو ئەو نۆرمانەی کە بۆ چەندین سەدە وەک بناغەی پێکەوەژیان قبووڵ کرابوون، بووە هۆی دژایەتییەکی پێکهاتەیی لە شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم خاکەدا. هەڵبژاردنی ناوی ئێرانیش بۆ ئەم خاکە زیاتر بۆ نەهێشتنی جیاوازییە کولتوورییەکان بووە نەک بۆ نزیکیی نەتەوەکانی ئێرانی. دروستکردنی

زۆرەملێ کۆمەڵگەیەکی یەکڕەنگ و یەکزمان و...!

لە درێژەدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ئاماژە بە بەشێک لە وتارەکەی سەعید نەفیسی، ئەو کەسەی ناوی ئێرانی بۆ ئەم خاکە هەڵبژاردووە دەکەین کە لە ڕۆژنامەی «ئیتلاعات» و چەند ڕۆژێک دوای ئەم ڕووداوە بڵاو بۆتەوە. سەعید نەفیسی دەنووسێت:

«لای زانایان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتناسان بۆتە باو کە لە وشەی ئێران بۆ هەموو زانست و شارستانییە کۆن و نوێیەکانی وڵاتان و ڕەگەزەکان کەڵک وەرگرن و... ئەم وشەیە هەموو شارستانیەتەکانی ئێرانی ئەمڕۆ، ئەفغانستان، بەلوچستان، تورکستان (تاجیکستان و ئۆزبەکستان و تورکمانستانی ئەمڕۆ) و قەفقاز و کوردستان و ئەرمەنستان و گورجستان و باکووری ڕۆژئاوای هیندوستان دەگرێتەوە و

وەک ناوێکی گشتییە بۆ هەموو وڵاتانی ئێرانی و ناوێکی تایبەتە بۆ وڵاتێک دێت کە سنوورەکانی لە دەرئەنجامی لەشکرکێشییەکانە لەلایەن وڵاتانی بیانی لە باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ناوەڕاستدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دیاری کرا.»

لە نووسینەکەی سەعید نەفیسی بەڕوونی دەردەکەوێت کە وشەی ئێران تایبەتە بە خاکێکی بەرفراوان و لە ڕاستیدا ناوچەیەکی شارستانییە بە جیاوازیی زمانەوانی و کولتووری . نەفیسی باس لە وڵاتانی ئێرانی دەکات نەک وڵاتی ئێران کە خۆی و ئەربابەکەی لەژێر دروشمی ناسیۆنالیزمی نیشتمانپەروەر لەنێویان برد.

### حکومەتی خۆجێیی و ئێرانی فیدراڵ

نەمر دوکتور قاسملوو بە زانینی ئەو ڕاستییە و بۆ وەبیرهێنانەوەیە ئەم ڕاستییە مێژووییە زۆرجار باس لە ڕێزگرتن لە «جیاوازیی کولتووری-زمانی» دەکات. دوکتور قاسملوو باسی ئێران دەکات، بەڵام ئێرانەکەی تەواو جیاوازە لە ئێرانی پاوانخوازە فاشیستەکان. باسی ئۆتۆنۆمی دەکات، بەڵام خۆی بە بەشێک لە شارستانییەتی ئێرانی دەزانێت، شتێک کە مێشکی بچووکی تاقمێک شۆڤێنیست ناتوانێت لێی تێبگات. ئەوەی دوکتور قاسملوو باسی دەکات ئەوەیە کە سەعید نەفیسی بەئاشکرا لە نووسینەکەیدا دانی بەوەدا ناوە، کۆمەڵێک حکومەتی خۆجێیی سەربەخۆ بەڵام یەکگرتوو لە

چوارچێوەی یەک ئیمپراتۆریەتێکدا.

شەهید قاسملوو، تەنها چەند کاتژمێرێک پێش شەهیدبوونی، لەگەڵ بکوژانی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی باس لە ئەگەری پەیوەستبوون و هاوپەیمانی کوردانی عێراق و تورکیە لە چوارچێوەی یەک هاوپەیمانیی ڕاستەقینەدا دەکات. لە تێڕوانینی دوکتور قاسملوودا، ئەم شارستانییەتە کۆنە دەتوانێت لە سەر بناغەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە جیاوازەکانی دووبارە دابمەزرێت. لە ڕاستیدا ئەمە هەمان وڵاتانی ئێرانین کە ساڵانێکە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتێک کە لەسەر بنەمای فرەچەشنی زمانی-کولتووری دامەزراون، شانبەشانی یەکتر ژیاون. ئێرانی دوکتور قاسملوو بەقەد زانست و زانیارییەکانی گەورە و هەمەچەشنە.

لای نەمر دوکتور قاسملوو باس و گفتوگۆ هەمیشە کراوەیە، لە سەر ئەو باوەڕە سوورە کە زیندووکردنەوەی ئەم شارستانییەتە کۆنە بەتەنها بە کورد ناکرێت، هەرکات باسی خەبات و تێکۆشان دەکات، داوای پەیوەستبوون لە هەموو ئەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە. هێڵی سووری نە کەسێکی دیاریکراو، بەڵکو ئەم بیرۆکە پاوانخوازەیە کە نایهەوێت جیاوازییەکان ببینێت.

ئێرانی فاشیستەکان بە واتای چەند پارێزگایەکی نێوەڕاستی فارسی زمان لە فەلاتی ئێران دێت، ئێران لە چاوی دوکتور قاسملوو بە واتای ناوچەیەک فراوان لە هیندستانەوە تا میزۆپۆتامیایە، هەمەچەشن، بەرفراوان. بە دڵنیاییەوە وەها سەرزەوێک بە بیرکردنەوەی دۆگماتیک و تۆتالیتاری بەڕێوە ناچێت.

تاکە ڕێگاچارە گەڕانەوەیە بۆ حەقیقەتی شارستانییەتی ئێرانییە، ئەم خاکە هەمیشە بە پشتیوانی و ڕێزگرتن لە حکومەتە خۆجێیەکان و بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی بەڕێوە بردراوە. فیدراڵیزم وەشانی ئەمڕۆی ئەم فۆرمەی حوکمڕانییە و تاکە چارەسەرە بۆ پاراستنی دەسەڵات و شکۆمەندی ئەم خاکە و هاوکات ڕێزگرتن لە هەموو جیاوازییە زمانی کولتوورییەکانە.

# قاسملوو؛ ڕێنسانسێك بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد

شاڕوخ حەسەنزادە

ڕێنسانس وەک بزووتنەوەیەکی هزری و ئاوەزمەندی لە کۆتاییەکانی سەدەی چاردە لە ئیتالیا سەری هەڵدا، خێرا بەشی هەرە زۆری ئورووپای تەنی و نەریتە کۆنەکانی کردە بڵقی سەرئاو و چەمکگەلی وەک مرۆڤتەوەریی خوڵقاند، بایەخی بۆ هونەر و وێژە گەڕاندەوە، پێناسەی نوێی بۆ ئۆل و ئایین دوای وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز، دەستەبەر کرد، زانستی جۆراوجۆری داهێنا و بیروبۆچوونی فرەی هێنایە کایەوە.

لەو سەردەمدا کەسایەتییەکی وەک «ماکیاڤێلی» Niccolò di Bernardo dei Machiavelli لەنێو میرنشینەکانی ئیتالیا (میدیچی) سەری هەڵدا و کتێبێکی لەسەر زانستی سیاسەت بەناوی «شالیار» نووسی. ناوبراو لەو کتێبەدا، سەرجەم میرنشینەکانی هان دا بۆ دەستەبەرکردنی هێزێکی یەکگرتوو و دامەزراندنی نیشتمانێکی یەکپارچەی سەربەخۆ. ئەو پێی وابوو «تەنیا ڕێگای چارەسەری کێشەکان و گەیشتن بە ڕێگاچارەی

کۆتایی بۆیان، یەکگرتوویی سەرتاسەری میرنشینەکانیی ئیتالیایە کە تەنیا بە سەرۆکایەتی «شالیار»ێک بووز دەخوا کە لەم ڕێگەیەدا شێلگیرانە هەوڵ بدا هیچ جۆرە لەبەرچاو گرتنێکی دۆستانە، ئەخلاقی، ئایینیی نەبێت، چوونکە ئەمانە دەبنە لەمپەر و زی»!

چەند دەیە دوای ڕێنسانیی ڕۆژئاوا، لەبەر نزیکایەتیی جوغرافی لەتەک بەشی باکووری نیشتمانی کوردستان، شنەی فێنکی ئەو گۆڕانکاریی و نوێبوونەوەیە لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانلی هەڵدەکا، کەسایەتییە کوردەکانیش وەخۆ دەکەون و دەست بە نووسین دەکەن، بەو جیاوازییە کورد بەپێچەوانە؛ گرنگی و بایەخی زیاتر بە وێژە و ئەدەب دەدا و نەهامەتییەکانی وەک قوربانییەکیی مێژوویی لەدەست «ئەوانیتر»دا دەبینێتەوە. ئەحمەدی خانی وەک کەسایەتییەکی ناوداری کورد لە سەردەمی هەڕەتی میرنشینە کوردەکان، هەموو کوڵ و زوخاوی خۆی لە «مەم و زین» وەک یەکێک لە بەرهەمە گرینگەکانی وێژەی کلاسیکی زمانی کوردیدا هەڵدەڕێژیت کە چیرۆکی ژینی کورد بە درێژایی دیرۆک لەو هۆنراوەیەدا بە شێوەی نیشانەناسانە دەخوێنییەوە. خانی لە ‹مەم و زین»دا ویستی ئەوە بووە بیروڕای خۆی لەهەمبەر پرسگەلی جۆراوجۆری دۆزی کورد بەو شێوازە هێماییە دەرببڕێت و مەم و زین وەک پاساو و بیانوو بۆی بێنیتەوە:

**«شەرحا غەمێ دل بکەم فەسانە**

**زین و مەمێ بکەم بەهانە...»**

ئەو چیرۆکە تراژێدیکە کە نووسەرەکەی هەوڵی داوە لە زۆربەی زاراوەکانی کوردی کەڵک وەربگرێ، بە نەورۆز وەک هێمای جێژنێکی نەتەوەیی دەست پێدەکات، ئەویناری و سرووشتی خەمتاوێنی نیشتمان دوو دیاردەی هەرمانی ژینی کوردانەن، هەروەها نیشانەی «بەکر» وەک هێمای شۆڤار و گوێبەل لە بەرامبەر «تاژەددین» وەک نیشانەیەک لە مێرخاسی، ئەمەگناس و خەباتکار لە تاکی کورد. خانی لە مەم و زیندا هانی کوردی داوە بۆ بەرەنگاربوونەوە دژ بە داگیرکەران ڕاپەڕن و بجووڵێن.

لە شێعرێکی ناوازەشدا وەک یەکەم شاعیری نەتەوەپەرەستی کورد باسی یەکیەتی و یەکگرتووی و لەهەمان کاتدا زەبوونیی گەلانی داگیرکەر دەکا و دەڵێ:

**«گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک**
**ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک**
**ڕوم و عەرەب و عەجەم تەمامی**
**هەمیا ژ مە ڕا دکر غولامی**
**تەکمیل دکر مە دین و دەولەت**
**تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت»**

دوای خانی گەلێک کەسایەتی و مێرخاسی کورد چ وەک تاک و چ وەک بزووتنەوەی نەتەوەیی دەستیان بە چالاکی کردووە و تێچووەکەشیان بە دانانی گیانی خۆیان داوە. سەدەی بیستەم دەستپێکی شۆڕشە جدییەکانی نەتەوەی کوردە. لەو سەدەیەدا بە تایبەت دوای شەڕی یەکەمی جیهانی؛ گەلێک شۆڕش و ڕاپەڕین بە شێوازی چەکداری و تەنانەت مەدەنی و سیاسی و کاری دیپلۆماسییش هەوڵ دەدەن لە دامەزراندنی حکوومەتە نوێیەکان بە پاڵپشتی ڕۆژئاوا کورد سەری بێ کڵاو نەمێنێتەوە. بەڵام هەموو هەوڵەکانییان لەبەر ئەوەیکە «کورد لە ئاوابەندیی سیاسیی ڕۆژئاواییەکان هیچ پێناسەیەکی بۆ نەکرابوو»، و لەلایەک دیکەشەوە بەهۆی «پەرتەوازەیی و پێکەوە نەحاوانەوە»، کوردستان تەریک کەوتەوە.

دوای نوشست و شکستەکانی بزووتنەوەی کورد لەهەرکام لە پارچەکانی کوردستان، لە دەیەی ٤٠ی زایینی سەدەی بیستەم بە دامەزرانی یەکەم حیزبە مۆدێرنەکان لە ڕۆژهەڵات و دیاریکردنی ستراتیژیی ڕوون، ئەو بەرنامەیەش وەدی دەهات کە بۆ گەیشتن بە ئامانج کورد دەبێ پێنج خاڵی سەرەکی لەبەرچاو بگرێ: دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوی پیشکەوتوو، میدیا و ڕاگەیاندن، ستراتیژیی دیاریکراو، هەبوونی سەرکردایەتییەکی ژیر و بوونی هێز(پێشمەرگە).

تەمەنی یەکەم کۆماری کوردستان و سەرۆککۆمارەکەی کورت بوو،

بەڵام بناغەی ئەو ئایدیایەی بە میرات بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکرات بەجێ هێشت کە دواتر، کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو توانی لاپەڕەیەکی زێڕینی لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردیی پێ بخەمڵێنێت. کاک دکتور وەک کەسایەتییەکی سیاسی، زانستی، ئاکادێمیک، دیپلۆمات و پێشکەوتوو لە قۆناغێکدا لە مێژووی قەیراناویی کورد و حیزبی دێموکرات هاتە مەیدان کە بزووتنەوەی کورد پێویستی بەو جۆرە لە کەسایەتییە کاریزماتیکە زۆرزانە هەبوو، هەتا خۆی لە شێوە ڕوانینی خەباتی کلاسیک و چاولێکەری و پاشماو جیا بکاتەوە و گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ئایدیا و تێڕوانینەکان بۆ دەستەبەر بوونی مافی کورددا بێنێت.

لە ڕوانگەی ماکس ڤێبەرەوە کە وەک یەکەم کۆمەڵناس لە وشەی سەرۆک و ڕێبەریی کاریزماتیک لە تیۆری بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەییدا کەڵکی وەرگرتووە، کەسایەتیی کاریزماتیک کەسێکە هێزی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی هەبێ و بە زانایی و تایبەتمەندیی بەرزی ئەخلاقی وەدیهێنەری لەخۆبوردوویی و هەستی پشتبەخۆبەستن لەنێو ئەو کەسانەی بڕوایان پێکردووە بەرز بکاتەوە. بە ڕوانینی ڤێبەر، سەرکردەی کاریزماتیک خاوەن توانستی مەزن، لێزانیی تایبەت و تەیار بە تایبەتمەندی بەرزی کەسێتییە. دەکرێ ئەوەش بگوترێ کە، بەشی هەرەزۆری ئەو سەرکردە ناوازانە بەرهەمی قەیرانی ئارایین و وەک ڕزگاریدەرێکن کە خەڵکەکەیان لەو قەیران و گرفتانە قوتار دەکەن.

قاسملوو بەو تایبەتمەندییانەی هەیبوو وەک ڕێبەرێکی لێوەشاوەی کاریزماتیک لە هەموو دەرفەتەکانی خەبات (وتووێژ، خەبات و بەرگریی چەکداری، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی، میدیایی و...) کەڵکی وەردەگرت. بە واتایەکی دیکە هێزی پێشمەرگەی بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی حیزب لە چوارچیوەی مەیدانیی دیپلۆماسی و بانگەشەی گوڕوتین خستنی کۆمەڵگە بە هەرمایی خەبات ئاراستە دەکرد. قاسملوو لە سەردەمی ڕێبەری حیزبی دێموکراتدا توانیی ئەو حیزبە بە شێوەیەکی بانخۆزاو پەرە پێ بدا و جگە لە خۆی، حیزبیش لەنێو خەڵکدا خۆشەویست و شیاوی متمانە بکات. ئەو

جیا لە نووسینەوەی ئەساسنامە و ئامانج و ڕوانینی نوێ بۆ حیزب، توانی حیزب لە ژێردەستیی «تـودە» و «پارتی دێموکرات» بکێشێتە دەر و سەربەخۆیی سیاسی بۆ گەڕاندەوە.

لە دەرەوەی بازنەی خەباتی دەروون تەشکیلاتی حیزبی، بە هێنانە ئارای تێرمی نوێ لە زانستی ئابووری سیاسی، بەرچاوی کۆمەڵگای دەستەبژێریی کوردی ڕوونتر کردەوە. لە قوتابخانەی فرانکفۆرت یان «ڕەخنەگرانە»، کە ئامانجی ئەو قوتابخانەیە ئەوە بووە بەئاشکرا ڕەخنە لە پێکهاتە و بنەمای دەستەڵات بگرێ، چوونکە پێیان وایە قەیرانی کۆمەڵایەتی و ئاریشە و کێشەکانی، زیاتر بۆ قـەوارەی کۆمەڵایەتی و بنەماکانی کولتووری دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم هزرە لەسەر بنەمای ئایدیای نوێمارکسیستی هەڵچندراوە، بەڵام زۆرجار ڕوانینی ڕەخنەگرانەی پێوە دیارە و تەنانەت خودی مارکس و بیرۆکەکەیشی هەڵدەشێلێ. ئەو بیرمەندانە وێڕای ئەوەیکە سەر بە ڕێبازی مارکسن، بەڵام لە زۆر ڕووە قەدەرگەرێتی یان جەبرگەرایی (determinism) ئابووریی مارکس و سەرنجنەدان بە لایەنەکانی دیکەی کولتوور دەخەنە بەر ڕەخنە، د. قاسملووش وەک کەسێکی ڕەخنەگر لەم بوارە بە نووسینی کورتەباس ئەو باسە دێنێتە گۆڕ و لایەنی جێخستنی سۆسیالیزم لەنێو کولتووری کـوردان بە ڕوانینی ئاوارتەی خۆی شی دەکاتەوە. ناوبراو ئاوابەندیی کۆمەڵایەتی، هزری و مێژوویی مارکس پەسند دەکات بەڵام بە شێوازی خۆی بناغەیەکی نوێ بۆ ئیدەئالی ڕێکخراوەیی لە دواڕۆژی کۆمەڵگەی کوردی دادەمەزرێنێت کە وەڵامدەری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی نیشتمانەکەیەتی و بەر لە هەموو شتێک لەگەڵ بەرژەوندیی نەتەوەیی دەگونجێ کە زۆر لایەنی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەیە.

«ئەگەر سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک بە پێناسەی کورتەباس (١٩٨٣) ڕێگەی سێیەم بوو لە نێوان سۆسیال دیمۆکراسی و کۆمۆنیزم (سۆسیالیزمی مەوجوود) واتە سنووربەندی هەم لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی هەبوو و هـەم لەگەڵ سۆسیالیزمی مـەوجوود و هەوڵێک بـوو بۆ دابینکردنی

سۆسیالیزمێکی ڕاستەقینە تێکەڵ بە دێموکراسییەکی حەقیقی. ئێمە لەم خوێندنەوەیە نوێیەدا لەنێوان سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک لە لایەک و نیولیبراڵیزم و چەپی ڕادیکاڵ لەلایەکی دیکە سنووربەندی دەکەین. لە ڕاستیدا هەروەک لە نامیلکەی «کورتەباس«دا بە ڕاشکاوی گوتراوە «سۆسیالیزمی دێموکراتیک» لەگەڵ سۆسیال دێموکراسی جیاوازیی هەیە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم ئیددیعایە دەتوانین ئاماژە بەم ئیستدلالانە بکەین:

– سۆسیالیزمی دێموکراتیکی پێناسەکراو لە کورتەباس‌دا، ئانالیز و لێکدانەوەی مارکسیزمی لەسەر سەرمایەداری پەسەندە.

– سیستم (نظام)ی سەرمایەداری ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ سەرمایەداری وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن مێژووەوە مەحکوومە.

– بۆ دامەزراندنی سۆسیالیزم وەک سیستمێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدا کە تێیدا هەر کەس بەپێی لێهاتوویی کاری پێ دەسپێردرێ و بەپێی کارەکەی حەقی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.

– خاڵە جیاکەرەوەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی ڕووسی یان سۆسیالیزمی ئارایی

لەگەڵ ئەو پاوانخوازی و تۆتالیتاریزمەی کە کۆمۆنیزمی ڕووسی یا سۆسیالیزمی ئارایی بەڕێوەی دەبا لەگەڵ سۆسیال دیمۆکراسی هاودەنگە، هەر بۆیە جەخت لەسەر دێمۆکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک دەکا.

– تێڕوانینی مارکسیستی لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر نە هەمووی بەڵام زۆر بنەمای لێنینیزم وەلانراوە و ستالینیزم بەتەواوی ماڵئاوایی لێ‌کراوە.

– ئەم سۆسیالیزمی دیمۆکراتیکە شکڵێکە لە ئاکامی دوو خەت یان دوو نەریت، واتە هەوڵدانێکە بۆ تێکهەڵکێش کردنی حەرەکەتێکی واقیعی بەرەو سۆسیالیزم بە دیمۆکراسییەکی ڕاستەقینە».(بازیار. ٢٠١٩).

کاک دوکتور، وێڕای ئەوەیکە چەپێکی دێموکرات بوو، لە هەمان کاتدا شۆڕشگێڕ و نەتەوەیی بوو. بەردەوام باسی لە پرسی کورد و چارەسەرکردنی

بە شێوازی ئاشتیانە کردووە و بەر لە کوردستان، دێموکراسیی بۆ ئێران خواستووە؛ چوونکە پێی وابووە بەبێ دێموکراسی لە ئێرانێکی دیکتاتۆری‌لێدراودا کە قەت دێموکراسی بەخۆیەوە نەبینیوە مافەکانی گەلی کورد و باقی گەلانی دیکەی نیشتەجێ لەم جوغرافیایە دەستەبەر نابن؛ جا بەپێی ئەزموونی خۆی لە دوو جۆر ڕێژیمی پاشایەتی و ئۆلی زۆر بەڕاشکاوی ڕای خۆی دەربڕیوە. هەر لەم پێوەندییەدا سنووربەندییەکی دەگەڵ جۆری حکوومەتەکان لە ئێران وێنا کردووە کە هەتا ئێستاش دوای چەند دەیە کاری پێ دەکرێ؛ قاسملوو لە دوامین وتووێژی خۆیدا دەگەڵ بەشی فارسیی «بی بی سی» وێڕای ئەوەیکە جەخت لە پلۆرالیزم و ئازادیی ڕا دەربڕین لەتەک ئازادیی زمانە نەتەوەییەکان دەکاتەوە، باس لە نەبوونی هەموو جۆرە دیکتاتۆرییەک دەکاتەوە و دەڵێ: دیکتاتۆری ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران دابین بکا، جا چ دیکتاتۆریی پاشایەتی بێ، چ دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی؛ تەنانەت باس لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش دەکا کە ئەو سەردەم ئەو چەمک و واژانە زۆر لە برەودا بوون و لایەنگری زۆر و تایبەتیان هەبوو.

دوکتور قاسملوو لە درێژەدا باسی ئەوە دەکات کە: ئێران پێویستی بە سیستەمێکی دێموکراتیک هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگ و مێژووی ئێمە و بە پاراستنی ڕێساکانی دێموکراسی، هەروەها جاڕنامەکانی جیهانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و مافەکان مرۆڤ، دەکرێ وڵات بەڕێوە بچێ. هەربۆیە دوکتور قاسملوو دژایەتیی دەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە هەیە کە دەخوازن بەهەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ جۆرێک ڕێژیمی نادێموکراتیک دابمەزرێننەوە و پێی وایە: «هەر لایەنێک بیهەوێ ڕێژیمێکی دیکتاتۆر دابمەزرێنێت دژایەتی دەکەین بۆیە دەگەڵ پاشاخوازەکان هەڵناکەین و ئامادەی هاوکاری دەگەڵ ئەو ڕەوتەمان نییە، چونکە بە ڕای ئێمە مێژوو سەلماندوویەتی کە سەڵتەنەت واتە چەوساندنەوە.»

ئەو کاروچالاکی و بەرنامانە و شێوازانەی خەبات لە ماوەی ڕێبەری د. قاسملوودا بەڕێوە چوون و هەتا ئێستاش کەم‌وزۆر ماون و حیزبی دێموکراتی

وەک کولتوورێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا جێگیر کردووە، بەرهەمی هزری کراوەی سەرکردەیەکی بلیمەت و هەڵکەوتووی کورد بوو کە توانی ڕێنسانسێک لە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات خۆیا بکا، هێنانە ئارای چەمکگەلی مۆدێڕن و نوێ، پەرە بە دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی، شوناسخوازی نەتەوەیی، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان، باوەڕمەند بوون بە دێموکراسی و پلۆڕالیزم، دژایەتی دەگەڵ تیرۆریزم، باوەڕمەند بوون بە پرسی ژنان، باوەڕمەند بوون بە ئەخلاقی سیاسی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، فیداکاری و لەخۆبردوویی، باوەڕ بە ڕیفۆڕم، سەداقەت و دەستپاکی و... بەشێک لەو چەمک و ئەزموونانەن کە لە سیاسەتی حیزبدا کاری پێ کرد و وەک بنەما و بناغەی کاری ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی بە تۆکمەیی هەتا ئیستاش هێشتووتەوە.

# واقعبینیی سیاسی و گرینگیی بەنێونەتەوەیی‌کردنی پرسی کورد

مەنسوور مروەتی

«ئێمە دروشمێك نادەین کە بۆمان جێبەجێ نەکرێت»
د. قاسملوو

ڕەنگە زۆر جار گوێمان لێ بووبێ کە لە وەسفی دوکتور قاسملوودا گوترابێ و دەوترێ، قاسملوو ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان، هەروەک ئەوەی جاری واهەیە بۆ ڕێبەرێکی دیکەش یان لە وەسفی کەسایەتییەکی ئەدەبی یان شاعیرێکیش ڕەنگە وا بگوترێ.

ئەگەر لە هەرکام لەوانەدا ورد بینەوە یان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین، دەبینین قسەکە کاتێک دروستە لەو لێکۆڵینەوەیەدا ڕیئالیزم یان واقعگەرایی ڕەگەزێکی بنەڕەتیی لێکۆڵینەوەکە بێت. بە واتایەکی دیکە ئەدیبێک تا کاتێک لە گەڵ کێشە و ئازارە چارەسەرنەکراوەکانی گەلەکەیدا دەڕوا، ئەوا ئەوەی دەینووسێ هەر تازەیە و لەلایەن خەڵکەوە وەردەگیرێ و دەبێتە وێردی سەر زمانان. بێگومان گرینگتر لە بابەتێکی ئەدەبی واقعبینیی سیاسییە کە ئەمەیان زۆر جار پێوەندیی بە چارەنووسی نەتەوە یان گەلێک لە وڵاتێکدا

هەیە. لە دنیای پڕئاڵۆزی شۆڕشی کورد و پرسە چارەسەرنەکراوەکەیدا ئەگەر لێکۆڵینەوە یان تەنانەت چاوێکی خێراش بە هەڵسوکەوت و بڕیار و وتارەکانی دوکتور قاسملوودا دەخشێنی، بەدەگمەن دەبینی وتار و ڕەفتارێکی سیاسیی دوکتور دوور لە واقعبینیی سیاسی بێت. بە واتایەکی دی دکتور قاسملوو لە دنیای سیاسەتدا جیاواز لە خەون و خەیاڵات و ئاواتەکانی سەبارەت بە چارەنووسی گەلەکەی هەمیشە لاقی لە سەر عەرز بووە و واقعبینیی سیاسی لە ڕەفتار و بڕیارەکانیدا کۆڵەکەیەکی گرینگ و کاریگەر بووە. بۆیە تا کاتێک کە سیستمی سیاسی لە ئێراندا هەروا بە داخراوی و عەقڵییەتێکی دیکتاتۆری بە سەر وڵاتدا زاڵ بێ، هەروەها پرسی کورد هەروا بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە، ڕوانگە ڕێئاڵەکانی دوکتور قاسملوو هەر نوێن و لەو سۆنگەوە دەکرێ بگوترێ قاسملوو ڕێبەرێک بۆ هەموو وەرزەکان.

ئەگەر هەر شۆڕشی ژینا و ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم چەند مانگەی پاش هەڵگیرسانی ئەم شۆڕشە بە نموونە بگرین و لە سەر ئەو ڕووداوانەی کە هاتنە پێش هەڵوێستەیەک بکەین، چەندین نموونەی تێدایە کە دوکتور قاسملوو لانیکەم زیاتر لە ٣٥ ساڵ لەوەپێش قسەی لەسەر کردوون، لە حاڵێکدا ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵە ڕوانگەکانی هەر نرخ و بایەخی خۆیان هەیە و هەر دەڵێی بۆ ئێستا قسەی کردووە. بۆ نموونە، دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکدا لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێک بە ناوی عەلی لیمونادی لە پاریس، بەوردی باس لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بەدژی کۆماری ئیسلامی، لە کات و شوێنێ جیاواز و لە ناوچە جیاوازەکان دەکا و هەموویان بە کاریگەر و شوێندانەر دەزانێ و بە پێی هەلومەرج هەر هەموو شێوازەکان لە خەباتی فەرهەنگیەوە تا خەباتی مەدەنی، سیاسی و چەکداری بە پێویست دەزانێ و تەنانەت لە بەشێک لە قسەکانیدا باس لە خەباتی ژنان بەدژی حیجابی زۆرەملێ دەکا کە لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەریاندا سەپێنراوە دەکا و ئەوەش بە خەبات دەزانێ. وەکوو باس کرا کە گوێ لە وتووێژەکە دەگری، هێندە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ئێران دێتەوە کە بیسەر وا هەست دەکا دوکتور قاسملوو ئەو قسانەی بۆ ئێستا کردووە و باسی ئێستای ئێرانت بۆ دەکات. نموونەیەکی دیکە کە لەم

شۆڕشەی ژینادا دەرکەوت، هەوڵی پاشماوەکانی پاشایەتی لە ئێران بۆ بەئالتێرناتیڤکردنی کوڕی شای پێشووی ئێران و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی سیستمی پاشایەتی بۆ ئێرانی داهاتوو بوو، کە دوکتور قاسملوو پێشتر لەو بابەتەشەوە قسەی کردووە و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکراتی لەو بارەوە خستووتە ڕوو. ئەم بابەتەش لەبەر واقیبینییەکەی لەم شۆڕشەشدا بوو بە سیاسەتی نەگۆڕی حیزبی دێموکرات و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران، تا جێگایەک کە توانی پاشەکشە بەو فکرە بکات.

جیاواز لەو باسانە، لەم شۆڕەشدا وەک پێشوو ناوەندگەرا و پانئێرانیستەکان وەکوو پیشەی هەمیشەییان لە هەوڵی پەراوێزخستنی گەلانی دیکەی ئێران و ناوبردنیان بە قەوم و قەبیلە و شتی لەو بابەتە بوون و ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامییان بەو جۆرە کە خۆیان دەیانهەویست وێنا دەکرد. ئەوان لە خەیاڵی خۆیاندا جگە لە فارس، دان بە نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی جوغرافیای ئێراندا نانێن. ئەم بابەتە چلوسێ ساڵ لەوەپێشیش لەلایەن دوکتور قاسملووەوە بەرپەرچی دراوەتەوە و جیا لە باسی واقعبینیی سیاسی نیشانەی توانایی ڕێبەری لێوەشاوەی کورد لە باسە تیۆریک و زانستییەکانە، و ئێستا و لەم شۆڕشەی ژیناشدا کوردێک نابینی کە ئاگاداری ئەو باسە نەبێ و وەکوو میللەت باس لە مافەکانی کورد نەکا.

نموونەیەکی دیکە بۆ واقعبینیی سیاسی دوایین قسەکانی دوکتور قاسملووە لە دوایین دانیشتنی لەگەڵ ئەو تێرۆریستانەی کە بەڕواڵەت بۆ دانیشتن و وتووێژ لە ڤییەن دوکتوریان شەهید کرد، لەودا دوکتور قاسملوو زۆر بەڕوونی باسی بەرپرسایەتیی ئێستای ئەوان و چارسەرکردنی پرسی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی خوموختاریدا دەکا و دەڵێ ئێمە ئێستا باسی خودموختاری دەکەین بەڵام زەمانەتی ئەوە ناکەین نەسلی دوای ئێمە داوای سەربەخۆیی نەکەن. ڕێک ئێستا و لەم سەردەمەدا نەسڵێک هاتوونەتە پێش کە خوازیاری سەربەخۆیین و، ڕێک ئەوەی دوکتور پێشبینیی دەکرد ئێستا هاتووەتە دی.

ئەم چەند نموونەیەی باس کرا، مشتێک لە خەرمانێک بوو، دەنا باسکردن و نموونە هێنانەوە لە واقعبینیی سیاسی لە ڕەفتار و ڕوانگە سیاسییەکانی

دوکتور قاسملوودا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر وردتر و بەربڵاوترە کە لەم کورتە وتارەدا جێگای نابێتەوە.

لەگەڵ واقعبینیی سیاسیدا یەکێک لەو بابەتانەی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی بۆ دەدا، بەنێودەوڵەتیکردنی خەباتی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیەتی. دیارە بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد خۆی لە خۆیدا نیشانەی واقعبینیی سیاسییە؛ ئەگەر هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی هەوڵی بۆ بدات. چونکە هەم گەلانی ژێردەستە و هەم ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان تا کاتێک کە سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ لای پرس و خەباتەکەیان ڕانەکێشن، شانسی سەرکەوتنیان کەمە. چونکە ئەو دەوڵەتانەی گەلانی ژێردەستیان داوای مافی خۆیان دەکەن وەکوو یاغی و سەرەڕۆ چاویان لێدەکەن و بەپێی یاسای نێوخۆیی خۆیان لەگەڵیان دەجووڵێنەوە، بەڵام ئەگەر گەلان و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکان بتوانن پرسی خۆیان بەنێودەوڵەتی بکەن و سەرنجی دنیای دەرەوە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، ئەوا یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان پشتیوانییان لێدەکەن و ئەوەش دەبێتە هۆی شەرعیەتدانێکی نێودەوڵەتی بە خەباتەکەیان و لەو سۆنگەوە کۆمەڵێک مافیان بۆ دەستەبەر دەبێ. یەک لەو مافانە مافی چارەی خۆنووسینە کە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەندین بڕیارنامەدا پشتیوانیی لێکردوە، تا ئەو جێگایەی کە جەختی لەسەر شەرعیبوونی خەباتی چەکدارانەی گەلانی ژێردەستە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان کراوەتەوە.

بێگومان ڕێبەری ناوداری کورد شەهید دوکتور قاسملوو بە تێگەیشتن لە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بەباشی ئاگاداری گرینگیی ئەم بابەتە بووە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە پرسی کورد لە پرسێکی نێوخۆییەوە بکاتە پرسێکی نێودەوڵەتی و لە دنیادا پشتیوان و دۆست و پارتنەر بۆ پرسی کورد پەیدا بکا.

ئەگەرچی پرسی کورد بە گشتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستاش بە چەند هۆکارێک شانسی ئەوەی نەبووە لە پرسێکی نێوخۆیی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستانەوە بکرێتە پرسێکی نێودەوڵەتی، بەڵام بۆ ئەو مەبەستە لە لایەن ڕێبەرانی کوردەوە هەوڵی زۆری بۆ دراوە و لەو نێوەدا بەتایبەتی جێی دەست و هەوڵەکانی دوکتور قاسملوو لەم بوارەدا

**دیار و بەرچاوە.**

**لەنێو دەوڵەتاندا بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە پێوەندیی دەوڵەتی فەڕانسە و کەسایەتییە سیاسییەکانی فەڕانسەوی بە بزووتنەوەی کوردەوە بکەین کە بناغەدانەرەکەی دوکتور قاسملوو و هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ئەو بووە. هەروەها ڕاکێشانی سەرنجی ڕۆژنامەنووسانی بیانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی دوکتور قاسملوویە، کە بەشی زۆریـان هەتا ئێستاش هەر پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کوردستان و ڕێبەرانی کوردەوە هەیە.**

**مەبەست لـەو چەند نموونەیە، ئاماژەیەکی کـورت بـوو بە گرینگیی بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد و هەوڵەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ ناساندنی پرسی کورد بە دنیای دەرەوە و هەوڵدان بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی ئەو پرس و خەباتە.**



# قاسملوو ٣٤ ساڵ لەمەوپێش لە ٢٧ خولەکدا شۆڕشی ژینای بۆ گێڕاینەوە

**ژیوار ڕەسووڵی**

باس لە چاوپێکەوتنێکی عینایەت فانی، ڕۆژنامەنووسی «بی بی سی» دەکەم. ئەو ساڵی ١٣٦٨ چاوپێکەوتنێکی ٢٧ خولەکیی لەگەڵ دکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو کردبوو، کە دوای ٢٥ ساڵ «بی بی سیی فارسی» بڵاوی کردەوە. دەمەوێ لێکدانەوە و پێشبینییەکانی دوکتور قاسملوو لەو چاوپێکەوتنەدا لە وتارێکی کورتی تەحلیلیدا باس بکەم، بۆ ئەوەی باشتر لە گەورەیی ئەو ڕێبەرە کاریزماتیکە تێبگەین.

فەیلەسووفبوونی ئالێکسی توکویلی فەڕانسەوی (١٨٠٥-١٨٥٩) تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو، کە تیۆرییەکی لەسەر دیموکراسی هەبوو کە ئێستاش جێگەی مشتومڕە. بەڵکوو توکویل لەبەر ئەوە فەیلسووف بوو، چوونکە بەشێکی زۆر لە پێشبینییەکانی وەدی هاتن. شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٨٤٨ کاتێک ڕووی دا، کە مانگێک پێشتر توکویل پێشبینیی کردبوو. ئەو هەر لە پرۆسەی شۆڕشەکەشدا ڕایگەیاند کە دەنگی پێی چەکمەکان لە تۆنی دەنگی شۆڕشگێڕەکاندا هەست پێ دەکات. دوایی ناپیلیۆنی سێیەم بووە سەرۆک و دوای ئەوەی جارێکیتر دەنگی نەهێناوە، خۆی وەکوو ئیمپراتۆر ڕاگەیاند؛ دواییش وەکوو دیکتاتۆرێک ئیمپراتۆرییەکەی هەڵوەشایەوە.

توکویل پێشبینیی زۆری وای هەبوو، هەربۆیە ئێستا ناوی بەرزتر لە هابز، لاک و مۆنتسکیۆ دێت.

قاسملوو و توکویل لە ڕووی باوەری قووڵیان بە دێموکراسی، مەرجدانان بۆ حکوومەتەکان و پێشبینییە سیاسییەکانیان زۆر لەیەکتر دەچن. لەسەر بنەمای چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ «بی بی سی» لە پێشبینییەکانی دکتور قاسملوو دەست پێ دەکەین:

دوکتور قاسملوو لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا دوای مردنی خومەینی چی بەسەر ئەو حکوومەتە دێت، لە خولەکی ٢٣دا وەڵام دەداتەوە، کە لەگەڵ مردنی خومەینی کۆماری ئیسلامیی ئێران لێک هەڵناوەشێتەوە، چوونکە هێشتا کەشی شۆڕش هەندێک لە بەجێماوەکانی ئەوکاتی بەرنەداوە. بەڵام قاسملوو پێی وابوو کە قەیرانەکان لەگەڵ مردنی خومەینی قووڵتر و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی حکوومەت تووندتر دەبن.

لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە پەیوەندییەکی قووڵ لەنێوان دێموکراسی و گەشەکردنەوە هەیە. باوەڕی بە دیالکتیکی گەشە و دیموکراسی وای لێکردبوو، هەر لەو بەرنامەیەدا بڵێ ئەو کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی بەرۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگرن چارەسەر نابن، چوونکە هیچ بەرنامەیەکیان بۆی نییە و لە بنەماشدا لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە دژە دیموکراسییەدا ئیمکانی چارەسەریشیان نییە. هەر لێکدانەوە مەیلەو پێشبینییەی دوکتور قاسملوو بەڕوونی لە شۆڕشی ژینادا هەستی پێ کرا. ڕێژیم هیچ وەڵامێکی بۆ داواکارییەکانی خۆپێشاندان نەبوو، چوونکە نە بەرنامەی هەبوو، نە ماهییەتەکەی ڕێگەی وەڵامدانەوەی پێ دەدا.

چەکداربوون لە بەرانبەر سیستەمێکی دیکتاتۆری و دژەدیموکراسی بۆ دوکتور قاسملوو زۆر گرنگ بوو. دوکتور لە وتووێژەکەی «بی بی سی»دا باس لەوە دەکات حیزبی دێموکرات داوای خودموختاری و دیموکراسی دەکات، بەڵام خومەینی تەنانەت باوەڕی بە نەتەوەبوونی کورد نییە و ناشتوانێ دیموکراسی هەزم بکات. ئەو لێرەدایە کە باس لە پەیوەندیی نێوان چەک و دێموکراسی دەکات. قاسملوو دەڵێ: زەمانەتی ئێمە چەکی ئێمەیە، تەنیا شتێکیش کە دەتوانێ جێگەی چەک بگرێتەوە، هەر دیموکراسییە. ئەوەش وەڵامی ئەو پرسیارانەیە کە دوای گوشارهێنانی کۆماری ئیسلامیی

ئێران بۆ چەککردنی بزاڤی کوردی دەیهێنێت و حیزبی دێموکراتیش ئەوەی بە هێڵی سوور داناوە.

بۆچی حیزبی دێموکرات لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا ڕایگەیاند کە ئەوان ئامادە نین بەهیچ شێوەیەک هاوکاریی ڕەزا پەهلەوی بکەن؟ وەڵامی ئەو پرسیارە باوەی ئەم ڕۆژانە، ٣٤ ساڵ لەمەوپێش لەلایەن دوکتور قاسملووەوە دراوەتەوە. دوکتور قاسملوو دیکتاتۆریی شاهنشاهی، ئیسلامی و پرۆلیتاریا بەهەموو شێوەیەک ڕەت دەکاتەوە. دوکتور قاسملوو بەڕاشکاوی دەڵێ: «سەڵتەنەت هەمان ئیستبدادە». ئەو هەر لەو چاوپێکەوتنەیدا باس لە ڕێگە چارە دەکات. ئەو دەڵێ چارەسەر، دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر هەموو نەتەوەکان و هاوکات داڕشتنەوەی یاساکان لەسەر بنەمای مەنشووری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. پێشبینییەکانی دوکتور بە ڕادەیەک بۆ شۆڕشی ژینا بەدی هاتوون کە هەر ئەوکات دەڵێ: «کە دەڵێین مافی نەتەوەکان، مەبەستمان مافی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیشە.»

یەکێکی دیکە لە وانەکانی دوکتور قاسملوو کە ٣٤ ساڵ لەمەوپێش بۆ شۆڕشی ژینا پێیەتی، وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە عینایەت فانی سەبارەت بە مەرجەکانی لە دانیشتن لەگەڵ خومەینیدا لێی دەپرسێ. دوکتور قاسملوو لە خولەکی چواردا ئاوا وەڵام دەداتەوە کە لە دیدارەکەیدا داوا لە خومەینی دەکات خودموختاری بۆ کوردستان بەفەرمی بناسێت، ئەوکات ئەوانیش ئامادەن دەنگ بە یاسای بنەڕەتی بدەن. بەڵام خومەینی ئەو کارەی نەکرد و ئەوانیش بێ دوودڵی دەنگیان بە یاسای بنەڕەتی نەدا. مەرجدانان و پێداگری لەسەر مەرج و کاردانەوەی ڕادیکاڵ دوای جێبەجێ نەکردنی ئەو مەرجە لەلایەن دوکتور قاسملوو، لەکاتێکدایە کە لە شۆڕشی ژینادا ڕێکخراوە و کەسایەتیی سیاسی هەبوون کە بەبێ مەرج مەنشوورەکانیان واژۆ کرد، بەبێ ئەوەی باس لە لانیکەمی داواکارییە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد کرابێت. جیاوازییەکی دیکەی مەرجدانانی ١٣٥٨ لەگەڵ مەرج دانەنانی ١٤٠٢ لەکاتێکدایە، کە ئەوکات ڕەتکردنەوەی داواکارییەکەی خومەینی و دانانی مەرجی خودموختاری ڕوون بوو کە هێرشی سەربازیی هەمە لایەنەی ڕێژیمی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەوەی ئێستا لە دیاسپۆرا و لە

کەشێکی ئارامدا بوو. جیاوازیی دووهەمیش ئەوە بوو کە مەرجەکانی دوکتور قاسملوو لە خومەینییەک بوو کە بەهێزترین و یەکلاکەرەوەترین کەسایەتیی ئەوکات لەسەر ئەرزی واقیع بوو، بەڵام ئەوەی ١٤٠٢ بەبێ مەرج مەنشوورێک واژۆ کرا، کە کەسایەتییە دیارەکە و بە گوتنێکی دیکە بەرانبەرەکە هیچ دەسەڵاتێک و بگرە هیچ تەشکیلاتێکی لەسەر ئەرزی واقیع نەبوو.

یەکێکی دیکە لەو پرسیارانەی لەو ماوەیەدا باس دەکرێت، ئەوەیە کە ئایا حیزبی دیموکرات حیزبێکی چەپە یان نا؟ یان دەبێ لەسەر چ بنەمایەک لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران هاوکاری و هاوپەیمانی بکات. دوکتور قاسملوو ٣٤ ساڵ لەمەوپێش لەو وتووێژەدا بە «بی بی سی» دەڵێ: «ئێمە حیزبێکی مارکسیستی نین، ئێمە حیزبێکی دێموکراتین، ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتمان نییە و لە هەموو بۆچوون و توێژەکان ئەندامی حیزبی دیموکراتن.» هەربۆیە دوکتور قاسملوو ئەو کات بە شۆڕشگێرانی شۆرشی ژینای گوت کە ئێمە نەتەوەین، مافی سیاسیی خۆمان داوا دەکەین و بە کەمتر لەوەش ڕازی نابین.

# ڕێبەری گەل

**مستەفا شێخە**

دەستەواژەی «ڕێبەری گەل»م لە نووسینێکی دوکتور قاسملوو خواستووەتەوە. یەکەم جار دیوانی شێعریی «تاریکوڕوون»ی مامۆستا هێمن پەنجا ساڵ لەمەوبەر بڵاو دەبێتەوە و دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە نووسینی پێشەکییەکی ١٥ لاپەڕەیی لەژێر سەردێڕی «شاعیری گەل» مانای قووڵ و مرۆڤدۆستانەی ئەم دیوانە شێعرییەی تێر و تەسەلتر کردووە.

وەک مامۆستا هێمن لە کۆتایی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی خۆی لەژێر ناوی «لە کوێوە بۆ کوێ»دا دەڵێت: ئەم دیوانە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی واتە ٥٠ ساڵ لەمەوبەر ئامادە کراوە و دوور نییە پێشەکییەکەی دوکتور قاسملووش هەر لەو سەروبەندەدا نووسرابێت.

لە کاتێکدا خوێنەری بەڕێز چاوی بەم دێڕانە دەکەوێت، ٥٠ ساڵ بەسەر نووسینی پێشەکیی دوکتور قاسملوو بۆ دیوانی مامۆستا هێمندا تێپەڕیوە. ١٦ ساڵ دواتر وتووێژێکی کورت و بەپێزی دوکتور قاسملوو لەگەڵ بەشی فارسیی تەلەفزیۆنیی «بی.بی.سی» تۆمار کراوە و ئەم وتووێژەش ٢٥ ساڵ دوای تۆمارکردنی بڵاو کراوەتەوە.

دیارە دوکتور قاسملوو پێشەکییەکەی دیوانی هێمنی دوای چاپ و بڵاوکردنەوە دیتووە، بەڵام وتووێژەکەی بی.بی.سی، ٢٥ ساڵ دوای

تیرۆرکرانی بڵاو بووەتەوە. کاری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندینش بە جۆرێکە هەموو وتووێژێکی لەمجۆرە دوای دەستکاریکردنی کەم یان زۆر و ڕێکخستنەوەی دووبارە، لە ئامێرەکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرێتەوە. هەر چۆنێک بێت، ئێستا ئەم دوو دەقەمان لەبەر دەستن و دەکرێت وەک بەڵگە پشتیان پێ ببەسترێت.

دوکتور قاسملوو لە پێشەکییەکەی بۆ «تاریکوڕوون»دا باس لە زۆر تایبەتمەندیی هێمن دەکات و بۆ سەلماندنی تێگەیشتن و بۆچوونی خۆی، دەقی جوان لە چەندین شێعری ئەم دیوانە دەخوازێتەوە و هەروەها لە وتوویژ دەگەڵ دەنگی فارسیی «بی.بی.سی»شدا زۆر بەجوانی باسی دۆخی سیاسیی ئەوکات و هەڵسوکەوتی خەباتگێڕانی کورد و دەستەڵاتدارانی تاران دەکات. بۆیە دەکرێت هم پێشەکییەکەی «تاریک و ڕوون» و هەم وتووێژەکەی ١٦ ساڵ دواتری دوکتور قاسملوو لە ڕوانگە و گۆشە نیگای جوداوە بکرێنە سەرچاوەی ڕوون و بەرچاوی بابەت و لێکدانەوەی زۆر. بەڵام ئەوەی لێرەدا ئامانجی ئەم نووسراوەیە، سەلماندنی گەلیبوونی ئەم دوو ڕێبەرە مەزنەیە. بۆیە بە هەردوویان دەڵێم ڕێبەری مەزن، چوونکە هێمنی شاعیر بەم هەموو دەقە ئەدەبییەی خولقاندوونی سەدان و هەزاران کچ و کوڕی بەرەو خەبات لە گۆڕەپانی زمان و ئەدەب و خۆشەویستی و یەکسانیدا هان داوە و لە ڕاستیدا ڕێبەرایەتییانی کردووە. ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملووش لە ئاستی سیاسیدا بۆ هەموو لایەک حاشاهەڵنەگرە.

### هێمن شاعیری گەلە

بەرلەوەی بچینە سەر گەلیبوونی مامۆستا هێمن، دەگەڕێینەوە سەر ڕا و بۆچوونی دوو فەرهەنگنووسی ناوداری کورد. «شێخمحەمەدی خاڵ» لە فەرهەنگی خاڵدا بۆ شیکردنەوەی وشەی «گەل» دەڵێت: «گەل، کۆمەڵێکی گەورەیە لە ئادەمی کە پێکهاتبێ لە چەند تیرە و عێل و هۆز و خێڵێک و هەموو بە یەک زبان قسە بکەن.» عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، ناسراو بە «هەژار موکریانی»ش لە فەرهەنگی «هەنبانەبۆرینە»دا دەڵێت: «وشەی گەل بریتییە لە «کۆمەڵە بنیادەمی هاونەژاد و خاوەنی زمان و خدە و خووی تایبەت بە خۆیان.»

بۆ بیرهێنانەوەی زیاتری گەلیبوونی مامۆستا هێمن پشت بە بەشێک لەو پێشەکەییە دەبەستم کە دوکتور قاسملوو بۆ دیوانی «تاریکوڕوون» نووسیویەتی:

«هەرکەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ، ناوی هێمنی بیستووە. شێعرەکانی خوێندووەتەوە و بێگومان دەزانێ کە هێمن یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە. بەڵام شێعری هێمن هەر لە سەرتاوە لە چوارچێوەی ئەدیب و نووسەران دەرچووە، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بڵاو بۆتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز کاریگەر بووە و ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی ڕزگاری هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر بە شاعیری گەلیش ماوەتەوە.» (پێشەکیی دیوانی تاریکوڕوونی مامۆستا هێمن)

بەگوێرەی ئەو پێناسەیەی لە فەرهەنگی خاڵ و هەنبانەبۆرینەدا هاتووە، ئەو گەلەی هێمن شاعیریەتی، گەلی کوردە. هێمن شاعیری هەموو ئەو هۆز و تیرە و خاوەن زاراوە جۆرانەیە گەلی کوردیان پێکهێناوە. ئەم گەلە سەرەڕای هەبوونی پێناسەی گەلبوونی، لەگەڵ گەلانی دیکە جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. ئەم جیاوازییەش لە چاوی دوکتور قاسملوو ون نەبووە و لە بەشێکی دیکەی پێشەکی بۆ دیوانی هێمن بەم جۆرە ئاماژەی پێ دەکات:

«هێمن نەتەوەکەی خۆش دەوێ، لەوەش زیاتر نەتەوەکەی خۆی دەپەرەستێ. بەڵام ڕقیشی لە هیچ نەتەوەیەکیتر نییە. لە هەموو دیوانی هێمندا شێعرێک کە بە خراپە باسی نەتەوەیەکیتر بکا، یا کورد لە نەتەوەیەکیتر بە بەرزتر دابنێ، بەدی ناکرێ، دیاردەیەک کە بەداخەوە لە دیوانی زۆر شاعیری کورددا بەرچاو دەکەوێ. نەک ئەوە بەڵکوو بەشەردۆستی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شێعری هێمنە».)سەرچاوەی پێشوو)

د. قاسملوو بۆ ئەوەی پێشان بدات هێمن شاعیری گەلێکی جیاوازە، ڕوانگەی ئەم شاعیرە هەڵکەوتەیە بۆ «پێشەوا قازی محەممەد» سەرۆککۆماری کوردستانمان بیر دەخاتەوە:

«هێمن زۆر جار باسی پێشەوا قازی دەکا، لە شێعرەکانیڕا دیارە چەندە ئەو ڕۆڵە بەنرخ و هەڵکەوتووەی گەلی کوردی خۆش ویستووە. پێشەوای خۆش دەوێ چونکە:

**زانا بوو، کوردپەروەر بوو**
**پێشەوا بوو، ڕابەر بوو**
**بەڵام بۆیە پێشەوا بە مەزن دەزانێ چونکە:**
**هەر کورد نەبوو بەشەر بوو**
**خەمی خەڵکی لەبەر بوو»** (پێشەکیی دوکتور قاسملوو بۆ تاریک‌وڕوون)
بەشەر واتە مرۆڤ و خەمخواردن بە خەڵکی دیکە و هەموو مرۆڤان تایبەتمەندیی هاوبەشی پێشەوا قازی، مامۆستا هێمن و د. قاسملووە.

**جەوهەری گەلی‌بوون لە سیاسەتدا ڕەنگ دەداتەوە**

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، پێشەکیی قاسملوو بۆ «تاریک‌وڕوون»ی هێمن باس لە زۆر تایبەتمەندیی هێمن و شێعرەکانی لە بواری نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە دەکات. بەڵام هەموو ئەم باسانە دەرفەتی زۆر و ڕەشکردنی لاپەڕەی فرەیان پێویستە. بۆیە بەکورتی دەچینە سەر ئەو وتووەێژەی ڕێبەری کوردان، ١٦ ساڵ دوای نووسینی پێشەکیی تاریک و ڕوون و بە مەودایەکی کورتی بەر لە تیرۆرکرانی لەگەڵ بەشی فارسیی تەلەفزیۆنی «بی.بی.سی«دا کردوویەتی.
دوکتور قاسملوو لەم وتووێژەدا بەڕوونی باس لە بارودۆخی سیاسیی کوردان و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا دەکات. بەڵام جەوهەری بەشی بەرچاوی لێدوانی لە بەرانبەر پرسیارەکانی پێشکەشکاردا هەمان جەوهەری نێوەڕۆکی ئەو پێشەکییە بۆ تاریک‌وڕوونی نووسیوە:
«ئەو پێناسەی ئێمە بۆ دێموکراسی هەمانە، زۆر بێ‌خەوشە. دێموکراسی یانی ئازادیی بیروبۆچوون، ئازادیی ڕادەبڕین، ئازادیی زمانی نەتەوان، ئازادیی فەرهەنگ و هەروەها ئازادیی حیزبان. دەستەڵاتی بەڕێوەبردن بدرێتە دەست خەڵک، دەستەڵاتداریەتیی خەڵک لەدەست خەڵکدا بێت. ئێمە پێمان‌وایە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە داهاتووی ئێراندا ناتوانێت ئامانجی خەڵکی ئێران دابین بکات. جا چ ئەم دیکتاتۆرییە شاهەنشاهی بێت، چ دیکتاتۆرییەکی ئیسلامی بێت، چ دیکتاتۆریی پرۆلتاریا بێت.» ( بەشێک لە لێدوانی دوکتور قاسملوو لە وتووێژ دەگەڵ تەلەفزیۆنی بی.بی.سی)

قاسملوو لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دەچێتەوە سەر ئەو دێڕە شێعرەی، کە هێمن بۆ پێشەوا نوسیویەتی و بە سەرۆککۆماری کوردان دەڵێت: «هەر کورد نەبوو، بەشەر بوو/ خەمی خەڵکی لەبەر بوو»... .

« ئێمە پێمانوایە ئێرانی ئێمە پێویستیی بە ڕێژیمێکی دیموکراتیک هەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی فەرهەنگی ئێمە، مێژووی ئێمە، بەڵام بە پاراستنی بنەماکانی دیموکراسی، بە پاراستنی ئەو خاڵانەی لە جاڕنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوون و لە بەیاننامەی مافی مرۆڤدا هاتوون دەتوانێت وڵاتی ئێمە بە ڕاستی بەرەو پێش ببات. بەمجۆرە ئێمە تەنانەت لە کوردستان کە بە بەرپرسیاریەتیەوە دەتوانم بە ئێوە بڵێم زۆرینەی نزیک لە هەموو خەڵکی کوردستان لایەنگری حیزبی ئێمەن، ئێمە خۆمان بەتەنیا خاوەنی کوردستان نازانین و ئەوە خەڵکی کوردستانە تەما دەگرێت ئاخو حیزبی دیموکرات دەبێت خودموختاری بەڕێوە ببات یان ڕێکخراوێکی دیکە.» (هەمان سەرچاوەی سەروو)

ڕێبەری گەلی کورد لە درێژەی ئەم وتووێژەدا باس لە دیموکراسیی قووڵ دەکات و باشترە قووڵایەتیی دیموکراسییەکە لە زمان خۆیەوە ببیسین:

«ئێمە پێمانوایە ئەگەر هەلومەرجی شەڕ لەنێو بچێت، هەموو ڕێکخراو و هەموو گرووپەکان دەبێت بەرنامەی خۆیان بۆ خەڵکی ئێران ڕوون بکەنەوە و خەڵکی ئێران بە ئازادییەوە لەنێو ئەم ڕێکخراو و گرووپانە هەڵبژێرن. ئەگەر وابێت، بەمجۆرە ئێمە لە ئێران بڕوامان بە دیموکراسییەکی قووڵ هەیە، ئەو دیوکراسییەی ڕێز لە مافی هەمووان بگرێت، ڕێز لە مافی دژبەرانیش بگرێت، چونکە بە بڕوای ئێمە هیچ دیموکراسییەک بەبێ ڕێزگرتن لە مافی دژبەران ناتوانێت هەبوونی خۆی بسەلمێنیت». (درێژەی وتووێژی دوکتور قاسملوو لەگەڵ بی.بی.سی)

دوای بڵاوبوونەوەی تاریکوڕوون و هەتا دوایین وتووێژی دوکتور قاسملوو زۆر جیاوازی و تەنانەت ڕووبەڕووبوونەوەش لە نێوان دوکتور قاسملوو و مامۆستا هێمندا ڕوویـان داوە، بـەڵام هەردووکیان لەسەر ئارەزوو و ئاواتێکی هابەش پێداگرییان کردووە. قاسملوو دەڵێت:

«ئـەوەی بۆ ئێمە گرینگە ئەمەیە زۆربـەی نزیک لە هەمووی خەڵکی ئێران چیان دەوێت؟ زۆربـەی خەڵکی ئێران ئاشتییان دەوێت، ئازادی و

دێموکراسییان دەوێت و ئەمنییەت و ئاسایشیان دەوێت و کەسانێک بتوانن بەرنامەیەکی لەمجۆرە پێشانی خەڵک بدەن و وابکەن خەڵکی ئێران بە ڕاستبوونیان بڕوا بهێنن دەتوانن بەرنامەیەکی ئەوا جێبەجێ بکەن، من پێموایە ئەم توێژە لە داهاتووی ئێران براوە دەبێت.» (هەمان سەرچاوە)

هێمنیش دوای بڵاوبوونەوەی دیوانی تاریکوڕوون شێعری «فرمێسکی ڕوونوو» لە کتێبی بارگەی یاراندا بڵاو دەکاتەوە و دەڵێت:

**«نایەڵن ئاسوودە دانیشم لە داوێنی چیام**
**قاسپەی کەو بێتە گوێم، کوا گرمەیی مینم دەوێ؟**
**بۆ دەبێ بمدەنە بەر گوللـە یا ڕاوم بنێن**
**گەر گوتم کوردم لە کوردستانی خۆم ژینم دەوێ!»**

# تێرۆری د. قاسملوو گەورەترین تاوانی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کورد

ئارمان حوسێنی

لەوانەیە هەندێ کەس پێیان وا بێت سەردێڕی ئەم وتارە زێدەڕۆیانەیە و بڵێن مەگەر دوکتور قاسملوویش ئەندامێکی کۆمەڵگەی کوردستان و نەتەوەی کورد نەبوو؟ هەر بۆیە، بە پێویستی دەزانم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە بۆچی ئەو سەردێڕەم هەڵبژاردووە.

وەکوو خاڵی دەستپێک پێویستە ئاماژە بەم ڕاستییە بکەم کە دوکتور قاسملووش بێگومان وەکوو ئێمە مرۆڤێک و تێکۆشەرێکی کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوە سیاسییەکەی بوو، بەڵام ئەوەی نووسەری ئەم وتارەی هان داوە کە پێگەی دوکتور قاسملوو لە باقی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردستان جیا بکاتەوە و تێرۆرکردنی بە گەورەترین تاوانی کۆماری ئیسلامی دژ بە نەتەوەی کورد دابنێت، دەور و کاریگەریی بێوێنەی بەڕێزیان لە داڕشتن، گەڵاڵەکردن و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی ئامانج و ئارمانەکانی نەتەوەی کوردە.

ئامانج و ئارمانی نەتەوەیەک کە بەداخەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زۆر شوێنی تری ئەم جیهانە غەریب و نەناسراو بوون و ئێستاش

هەن. ئارمانگەلێک وەکوو ئازادی، بەرابەری و یەکسانی، دێموکراسی، باوەڕمەندبوون بە فرەڕەنگی و فرەچەشنی و هەروەها مافی نەتەوەیی کە بەتەواوی لەتەک بەها و نۆرمە باوەکانی ئەم کۆمەڵگەیانە پێکناکۆک بوون و مەخابن هێشتاش هەر بەم چەشنەن و لێکدژن. بەو واتایە کە نەتەوەی کورد بە هەوڵ و تێکۆشان و ڕێبەرایەتیی کەسایەتییەکی مەزن وەکوو دوکتور قاسملوو ڕێڕەو و ڕێبازێکیان داڕشت کە سەرەڕای ئەوەی لەتەک واقیع و ڕاستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە جیاواز بوون و دژایەتیی زۆریش دەکران و ڕێگری دەکرا بە شێوەی کردەیی پراکتیزە بن، بەڵام ئێستاکەش وەکوو مەشخەڵ و مۆمێکی داگیرساو مزگێنیی سەرهەڵدانی سەردەمی ڕووناکی و ڕووناکبیری، هزرین و بیرکردنەوە و ژیان و ژیانەوە و بە گشتی مزگێنی داهاتوویەکی گەش بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدەن.

ویژمانی دوکتور قاسملوو، ویژمانێک بوو کە گەورەترین دوژمنەکەی، واتە خومەینی، بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەم چەمکانە یان ئەم ویژمانە (دێموکراسی، ئازادی و ...) هاوردەی ڕۆژاوان و ئەوە بوو کە لە یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی بە هەموو شێوەیەک دەستی کردە دژایەتیکردنیان و تەنانەت فەرمانی جیهادیشی دژ بە کورد دەرکرد.

دوکتور لە سەردەمانێکدا سەری هەڵدا کە بەها و نۆرمە کولتووری و سیاسییەکانی ناوچەکە ئەوانە نەبوون کە نەتەوەی کورد خوازیاریان بوو و هەوڵی جێبەجیکردنیانی دەدا، بەڵکوو بەها و نۆرمگەلێکی کۆن و ماوەبەسەرچوو بوون کە زیاتر لە بازنەی گوتاری ئایینی و مەزهەبی و گێڕانەوەیەکی ڕادیکاڵ و بناژۆخوازانە لە شوناس دەسووڕانەوە و بەرهەڵەست و دژی هەر چەشنە ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخانێک بوون کە نەتەوەکان وریا و وشیار بکاتەوە. وشیار بەو واتایە کە تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئاستێک لە تێگەیشتن بگەن کە بەدەر لەوەی کە ژن بن یان پیاو، تەنیا بەهۆی مرۆڤبوونیان خاوەن کۆمەڵێک مافن کە لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا ددانیان پێدا نراوە و پەسەند کراون.

کەسایەتییەک کە توانا، کاریزما و ئیرادەی بونیاتنانی ئاوها وەرچەرخانێکی هەبوو، ڕێبەری ناوداری نەتەوەی کورد و هەموو ئازادیخوازانی ناوچەکە،

واتە دوکتور قاسملوو بوو کە بەهۆی سروشت و ڕۆحی ئازادیخوازانەی و هەروەها بەهۆی خوێندەواری، ئەزموون و باوەڕی قووڵی بە ئازادی و ڕزگاری کە بەردەوامیش لە لێدوانەکانیدا ئاماژەی پێ دەکردن، سەرمایە و ڕێبەرێکی ئازادیخوازی مەزن کە نەک هەر بە درووشم بەڵکوو بە کردە بە قووڵی بڕوای بە بەهاگەلێکی وەکوو مافی نەتەوەیی، دادپـەروەری کۆمەڵایەتی، ئازادی، بەرابەری و یەکسانی مرۆڤەکان و هەروەها ڕێزدانان بۆ بیروبۆچوونی جیاواز و هتد هەبوو کە نەتەوەی کورد ئێستاکەش بۆ دەستەبەرکردنیان خەبات دەکات. دوکتور قاسملۆو بۆ سەرخستنی ئەم ڕێبازە لە هیچ خەبات و تێکۆشان و فیداکارییەک درێخی نەکرد و تەنانەت گیانیشی لەپێناوی ئەو ڕێبازە مەزنەدا بەخت کرد.

تێرۆری دوکتور قاسملوو لەم ڕەهەندەوە گەورەترین تاوان بوو کە ئەو بەها جیهانی و گشتگیرانەی نەتەوەی کورد بۆ دابینبوونیان خەبات دەکات و لە دەسپێکیشەوە دیار بوو کە ڕیشەیەکی ئەوتۆیان لەنێو کۆمەڵگەی ئێران و تەنانەت ناوچەکەشدا دانەکوتاوە و ئێستاکەش دوای چەندین دەیە لەم ناوچەیە بەرچاو ناکەون، قەرزداری ئەو زاتەیە. بە واتایەکی تر دوکتور قاسملوو ئەندازیاری ئەو ئارمانگەلە بوو. ڕۆڵ و دەوری بەڕێزیان ئەوەندە بەرچاوە کە پێموایە تا ئێستاکەش کەسایەتییەک کە تواناگەلێکی لەو ئاستەدا هەبێ و بەکردەییش خەبات بۆ سەرخستنی ئەو ئارمانگەلە بکات و بە وتەی مامۆستا هەژار «سەر لەپێناو و گیان لەسەر دەستان بێ» بەداخەوە نییە. کەواتە بە تێرۆرکردنی ئەم مرۆڤە مەزن و بیرمەند و خەباتگێڕە ئارمانخوازە، ئەم گوتار و ڕێبازە کە وەکوو منداڵێکی ساوا پێویستی بە چاوەدێری، پاراستن و ڕەخساندنی کەشێک بۆ گەشەی هەبوو تاکوو بتوانێت باڵا بکات و لە نێو دڵی کۆمەڵگەدا ڕیشە داکوتێت، تا ڕادەیەک بە پەراویز خرا، هەرچەندە شۆڕشی ژینا هەمدیسان ئەو گوتارە سەری هەڵداوە و ئەم شۆڕشە سەلماندی کە بیر و هزر و ئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو هێشتا لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا زیندوو و بەردەوامن.

بەڵام لەو سەردەمەدا بە تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو گورزێک لەو وێژمانە گشتگیر و مرۆڤ-تەورەی سەردەم درا. کاریگەری ئەو گورزە لەسەر شێوازی خەباتی کردەیی کوردەکان لە ساڵانی دوای تێرۆری

دکتور تا ئێستاکەش بەرچاوە. گورزێک کە نووسەری ئەم وتارە بە گەورەترین تاوانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە نەتەوەی کورد ناوی دێنێت و دوای ٣٤ ساڵ و سەرەڕای هەوڵ و خەباتی هەزاران خەباتکاری ڕێبازی پێشکەوتووی قاسملوو، بەڵام هێشتا هەست بە کەمایەسی نەبوونی جەستەیی بەڕێزیان دیارە و خەساری لەدەسچوونیان پڕ نەبووەتەوە.

هەروەک ئاماژەم کرد، دوای تێرۆرکردنی ئەم شکۆبانە، میراتێکی گرانبەها بەجێ ما. میراتێک کە هێدی هێدی لەنێو دڵی کۆمەڵگەی پێشکەوتووی کوردستان ڕەگی داکوتا و ئەوڕۆکە بووەتە وێژمانی زاڵ بەسەر هەموو کۆمەڵگەکانی ئێران و تەنانەت ناوچەکە و هەروەها دیاردەیەک بە ناوی شۆڕشی ژینا یان ژن، ژیان، ئازادی کە لە ئاستی جیهانیدا بە ڕێز و ستایشەوە یادی دەکەن و ئیرادەیەکی بە خەڵک بەخشیوە کە خەریکە کۆڵەکەکانی سەرەڕۆیی و دواکەوتووی دەڕووخێنێت و لە ئاکامدا ئارمانەکانی نەتەوەی کورد و هەموو ئازادیخوازان کە ڕێبەرە ڕاستەقینەکەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو، لە ئێراندا بچەسپێنێت.

# ڕچەشکێن و پێشەنگی
# هەموو ڕێگە هەڵەمووت و ئەستەمەکان

**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

نووسین لەسەر کەسایەتی شەهید دوکتور قاسملوو کارێکی ئاسان نییە و، سەرەڕای ئەوەی دوای ۳٤ ساڵ لە شەهیدبوونی ئەو بلیمەت و مەزنەڕێبەرەدا گەلێک نووسین و بابەت و لێکۆلینەوە و تەنانەت تێزی خوێندکارانی زانکۆی لەسەر نووسراون؛ کەچی هێشتا هەم گوتن زۆرە و هەم دووان لە ئەو ئاستەم و دژوار. هاوکات ئاوڕدانەوە لە شارەزایی و لێزانی و پسپۆریی شەهید د قاسملوو لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی، ئابووری، مەسەلەی یەکسانی لە کۆمەڵگ و کاریزمابوونی بۆ ئەو کەسانەی لە نزیکەوە لەگەڵی ژیاون و هاوخەباتی بوون، ئەرکێکی گرینگ و مێژووییە. بۆ منیش وەک قوتابییەکی ئەم ڕێبازە لە دێموکراتدا، کە درێژەدانی ڕێگایەکەی لە هەموو قۆناخەکاندا بۆتە جێگەی شانازیم، وەک ئەرک پێویست بوو لە بوار و ڕەهەندی گرینگی بەئارشیڤکردنی خەباتی ڕزگاریخوازی و حیزبی دێموکرات لەلایەن شەهید دوکتور قاسملووەوە چەند دێرێک کە بۆ خۆم لە نزیکەوە شاهیدی بووم و پێوەندیی بە باسێکی گرینگ و هەستیارەوە هەیە، لە توێی ئەو نووسینەدا تۆماری بکەم.

لەمێژ ساڵە قسەیەک دەگوترێ: «کوردەکان جیا لە چیاکانی کوردستان هیچ دۆست و پشتیوانێکیان نییە». کاتێک ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی پەت و سێدارەی ئێرانەوە، تەواو پەراوێز خرابوو، و گەمارۆ درابوو؛

لەو کات و سەردەمە ناسکەدا شەهید دوکتور قاسملوو بە بایەخدان بە گرینگیی کاری دیپلۆماسی و نێونەتەوەیی و بۆ گەیاندنی دەنگی کورد و پێشاندانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها ناساندنی خەبات و بزووتنەوەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو دەرفەتێک کەڵکی وەر دەگرت و هەوڵی دەدا ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەم لە ڕێگای هەواڵنێر و فیلمهەڵگرەکانەوە و بە چرکاندنی وێنە بە دونیای دەرەوە بگەیەنێ و لە هەمان کاتدا بەئارشیڤ و بەدیکۆمێنتیان بکات.

بۆ ئەو مەبەستە بە دەیان هەواڵنێر ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات دەکرد و لە ڕێگەی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانیەوە بە ئەمانەتەوە تەحویلی هێزی پێشمەرگە دەدران و دواتر لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، ستاڤی هەواڵنێر و فیلمهەڵگرەکان بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەگوازرانەوە. چەند ساڵ دواتر بە خەمخۆری و لێزانیی شەهید قاسملوو تواندرا چەندین کامێرای وێنەگرتن و فیلمهەڵگرتن کە بۆ ئەوکات هەم سەردەمیانە بوون و هەمیش گرینگ، بگەیندرێنە سکرتاریای حیزب و دواتر چەند دەورەی هەواڵنێری، وێنەگری و فیلمهەڵگرتن بۆ هێزی پێشمەرگە بکەنەوە.

لەو سەردەمدا کەم کەس هەبوو شارەزای کامێرای فیلمهەڵگرتنەوە بێت، هەر بۆیە شەهید دوکتور قاسملوو بۆخۆی قۆڵی لێ هەڵماڵی و بە خوێندنەوە و بە وەرگێڕانی کاتالۆگی کامێراکان کە بە چەند زمانی جیهانی و یەک لەوان ئینگلیزی بوو، هەوڵی دەدا یەکێک لە هاوڕێیان کە شارەزای وێنەگرتن و کارکردن بە کامێرا بوو، فێری تیکنیک و تایبەتمەندییەکانی ئامێرەکە بکات. لە ڕاستیدا بەر لە هەموو کەس بەڕێزیان مامۆستای یەکەمی ئەم بەشە بوو و هەر وەک چۆن لە هەموو بوارەکاندا پێشەنگ و پێشڕەو بوو، لەم بوارەشدا ئەرکی خستبووە سەر شانی خۆی بۆ فێرکردنی کەسێک کە دواتر وەک مامۆستای ئەم بەشە لە حیزبدا خزمەت بکات.

سەرەتای ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی لە ڕێگەی نەمر عەبدوڵلا ڕەسووڵپوور، ناسراو بە وەستا عەولای فیلمهەڵگر و چەند هەواڵنێری خاریجی و دواتر لە ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە ڕێگەی فیلمهەڵگرەکانی حیزبەوە گەلێک


کۆڕوکۆبوونەوە، شەڕی هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر حکوومەتی ئێراندا، ڕووداوگەلی جۆراوجۆر لەلایەن حیزبەوە وێنە و فیلمیان لێ هەڵگیرایەوە و بوونە بەشێک لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

گرینگیدان بە ئارشیڤکردنی خەباتی گەلەکەمان و حیزبی دێموکرات لەلایەن شەهید دوکتور قاسملوو، نیشانەی وردبینی و دووربینی بەڕێزیان بوو. ئەگەر سالانی پێشوو لە لایەن هەواڵنێرە خاریجییەکان بەشێک لە مێژوو وەک دێکۆمێنتاری بڵاو دەکرانەوە، ئەوە ئەمجارە حیزب بۆ خۆی ئەو ئەرکە گرینگەی خستە سەر شانی پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بۆ ئەو مەبەستە چەندین هاوڕێی حیزبی زۆر بوێرانە لە شەڕگەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و دوژمندا بەشدار دەبوون.

خاڵێکی گرینگی باسەکانی شەهید دوکتور قاسملوو دوای کۆتایی‌هاتنی دەورەی فیلمهەڵگرتنەوە، ئەوە بوو کە دەیگووت: ئەرکی پاراستنی گیانی فیلمهەڵگرەکە و ستاڤی فیلمهەڵگر لە ئەرکە هەرە لەپێشترەکانی ئەو کارەیە، بۆیە نابێ لە کاتی فیلمهەڵگرتنەوەدا کەمتەرخەم بین و گرینگی بە پاراستنی گیانی خۆمان نەدەین. بەو مانایەی نابی گیانی خۆتان بۆ گرتنی فیلمێک بخەنە مەترسییەوە. دواتر کۆمەڵێک خاڵی گرینگ بۆ پێشاندانی مێژووی کورد و ڕووداوەکانی کوردستانی لە کاتی فیلمهەڵگرتنەوەدا بۆ باس کردین کە گرتن و پێشاندانی هەر فیلمێک پێویستە هەڵگری پەیامی تایبەت بە خۆی بێ و هەم دۆستەکانمان و هەمیش دونیای دەرەوە لە جینایەتەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستاندا ئاگادار بکەینەوە.

پاراستنی ئەو فیلمانەی هەڵدەگیرانەوە ئەرکێکی دیکە بوو، چوونکە هەم ئەوکات و هەمیش دواتر دەبوو لە بڵاوکردنەوەی هەندێک گرتە ویدیۆ خۆ بپارێزین، نەدەبوو ئێمە لە سەر بەدیل‌گیرانی هێزەکانی ڕێژیم بە دەستی پێشمەرگە و یا کوژراوەکانی دوژمن لە کاتی شەڕدا زیادەڕەوی بکەین، پاراستنی ئوسوڵەکانی شەڕ و ئاشتیی زۆر بەباشی بۆ ڕوون کردبووینەوە؛ بەتایبەت لەو کاتانەدا کە دیلەکان چ ئەوانەی ساغ بوون و یا بە برینداری دەگیران دەبوو وەک دیلی شەڕ بە ئەخلاقی مرۆڤدۆستانە و شۆڕشگێری لەگەڵیان هەڵسوکەوت بکرێت. هەموو گرتە ویدیۆکان دواتر

لەلایەن سکرتاریاوە سەیریان دەکرا و خاڵە بەهێز و لاوازەکان دەستنیشان دەکران. چەندجار لەسەر فیلمهەڵگرتنەوەی نابەجێ، کەسی فیلمهەڵگر بانگ کراوە و ڕێنوێنی کراوە و لەولاشەوە ئەو فیلمهەڵگر و هەواڵنێرانەی ئەرکی خۆیان لە هەموو بوارەکاندا چ لە نێو خەڵکی کوردستان و گوند و چیاکاندا و چ لە کاتی شەڕ و هێرشدا بەباشی بەڕێوە بردبوو، بەتایبەتی لەلایەن شەخسی سکرتێرەوە تەشویق دەکران. دیارە نەک تەنیا بۆ فیلمهەڵگرەکان، بەڵکوو بە گشتی بۆ هەموو بەشەکانی حیزب ئەو لێپرسینەوە و ڕێنوێنی و تەشویقیانە هەبوون.


[illegible] ژمارە: [illegible]

پاش سڵاوی شۆڕشگێڕانە!

لەبەر ئەوە کە بۆ پێشخستنی ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، [illegible]

[illegible]

[illegible]

هیوادارین [illegible]

[illegible]

کۆمیتەی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی عبدالرحمن قاسملو

بەخشین و پێدانی سوپاسنامەکان بۆ هاندانی زیاتری ئەرکە پێسپێردراوەکان بوو. ئەو کەسەی سوپاسنامەکەی لە بەڕێزیان وەردەگرت بە شانازییەوە وەک میداڵی ئیفتخار سەیری دەکرد و بە خۆشییەوە نووسەری ئەم چەند دێرە شانازی ئەوەم هەبووە کە ئەو سوپاسنامە و دڵگەرمنامەیە وەک میداڵێک بە ئیمزای بەڕێزیان وەر بگرم و بۆ ساڵانێکی

دوورودرێژ وەک دیارییێکی بەنرخ لە نێودڵ و لە یەکێک ژوورەکانی ماڵەوە بە دیوارەوە هەڵاوەسم. دیارە گەورەیی ئەو ڕێبەرە لەو کورتە نووسینەدا بەجوانی دەر دەکەوێ کە لەگەڵ ئەوەدا سکرتێری گشتیی حیزب بوو، بەڵام بۆ گەورەیی حیزب بە ناوی کۆمیتەی ناوەندییەوە نامەکەی نووسیوە و دواتر ئیمزای خۆی لێداوە.

بە گشتی لە ماوەی شۆڕشی ژینادا بیر و هزری شەهید د. قاسملوو باڵی بەسەر شەقام و کۆڵان و زانکۆ و شوێنە گشتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا کێشابوو، و شوێندانەریی شەهید قاسملوو لەسەر گەنج و لاوانی کورد دوای ٣٤ لە شەهیدبوونی نیشانەی ڕەوابوونی خەباتی فرە ڕەهەندی شەهید قاسملوو و حیزبی قاسملوویە. زایەڵەی دەنگی شەقام و هاواری بەرزی «قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە»، ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەخا کە ئەگەرچی بە جەستە شەهید قاسملوو لە نێوماندا نەماوە، بەڵام وانەکانی، گوتار، وتار، ئەخلاقی بەرز و کەسایەتیی شۆڕشگێرانە و زانایی و شارەزایی، بەرێزیان لە هەموو بوارەکاندا نە لەبەرچاوی خەڵک وون بووە و نە لەبیر خەڵکی کوردستان دەچێتەوە. هەر بۆیە هەنووکەش ڕوانگە و بۆچوون و ڕێبازی شەهید قاسملوو وەک چرای ڕووناکی ڕێگەی ئەم شۆڕشەترووسکە و بڵێسەی هەیە و وێنەکانی و وتە بەنرخەکانی لە شۆڕشی ژینا (ژن ژیان ئازادی) لەرزە و چەقوچۆی خستۆتە دڵی تاریکی حکوومەتی پەت و سێداری ئیسلامی ئێران.

کەم نین ئەو گەنج و لاوانەی بۆ بەچۆکداهێنانی حکوومەتی ئاخوندی، لەژێر کاریگەری بەرحەقبوونی خەباتی شەهید قاسملوو دا دژوارترین ڕێگەی خەباتیان هەڵبژاردووە و ئەمرۆ بوونە زایەڵەی دەنگی بوێری حیزبەکەی شەهید قاسملوو.

بێگومان درەنگ یا زوو شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بە لووتکەی سەرکەوتن دەگا، خەڵکی شۆڕشگێری کوردستان بە ئیلهاموەرگرتن لە ڕابردووی پڕ لە شانازیی شەهید قاسملوو و حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد و هەروەها بە پشتبەستن بە ئیرادەی خۆیان شەقام و شوێنە گشتییەکان دەکەنەوە شوێنی بە یەک گەیشتن، بۆ بەگژداچوونەوەی سوپای جەهل و نەزانی ئیسلامی ئێران.

لە کۆتاییدا دەنگ و ڕەنگ و قسە و وێنەکانی شۆڕشگێران و یەک لە دیارترین کەسایەتییەکانی ئەم بزووتنەوەیە شەهید قاسملوو، کە وەک ئارشیوی ئەم مێژووە خوێناویەی گەلەکەمان، ئەمڕۆ دەستاوەدەست دەکەن بەرهەمی زەحمەتەکانی شەهید دوکتور قاسملوویە و وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە وردبینی و دووربینیی بەڕێزیان بوو کە ئەمڕۆ ئارشیوی ئەم شۆڕشە بۆتە چرای خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی کورد و بە دەرس و ئەزموون وەرگرتن لەم مێژووە، ڕەوڕەوەی ئەم شۆڕشە هەروا بەرەوپێش دەچێت.

# ڕەوشت
# لە ڕوانگەکانی دوکتور قاسملوودا

ئاگری ئیسماعیلنژاد

لە زمانی کوردییدا ڕەوشت لەبری ئەخلاق لە زمانی فارسی و عەرەبیدا داندراوە، هەڵبەت ڕەوشت وەک باری مانایی زیاتر لە وشەی «Ethos»ی یۆنانی نزیکە هەتا ئەخلاقی عەرەبی! چون ئیتهۆس بەمانای کۆمەڵە کردار و ئاکارێکە لە تێفکرینەوە سەرچاوە دەگرێت و بنەمایی ئەخلاق زیاتر فەرهەنگ و کۆمەڵگایە! بەڵام بنەمای ئیتهۆس یان ڕەوشت تێفکرینی تاکە!

ئەگەر ئەو مانایە لە ئیتهۆس یان ڕەوشت کە ئیفلاتوون لە کتێبی کۆماردا هێناویەتە بەرباس لەبەر چاوبگرین، بنەمای ڕەوشتی دوکتور قاسملوو لەسەر ماف و ڕێز بۆ مرۆڤەکانیتر بووە! بۆ شیکردنەوەی ئەو باسە دەبێت ئاوڕێک لە ئەخلاق لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بدەینەوە. بنەمای ئەخلاق لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لەسەر هێزە! واتە مرۆڤێک کە هێزی بێت، ئاساییە ئەو هێزە لە هەموو بەستێنێکی ژیانیدا بەکار بێنێ و هیچ گوێ نەداتە کەسانی ژێردەستی و، بەپێی بەرژوەندیی تاکەکەسی و گرووپی خۆی هەتا ئەو جێگای توانای هەیە هەڵسووکەوت بکات؛ بێ لەبەر چاوگرتنی مافی بەرانبەرەکەی. لە وەها دۆخێکیش دایە کە تۆ دەتوانی ڕوانگەی هابز لەو پەندە کوردییەدا بەڕوونی بەدی بکەی» مست لە درێشەی دەگەڕێتەوە.»

بەڵام بنەمای ڕەوشتی دوکتور قاسملوو لەسەر ماف بووە، واتە مرۆڤ دەبێت ئاکار و کرداری لەسەر بناغەی ئەوە دانێ کە مرۆڤەکانی

دەورووپشتی مافیان هەیە و دەبێت ڕێز لەو مافانە بگیرێت. لێرەدا باسێک گرینگ دێتە پێش ئەگەر من وەکوو مرۆڤ باوەڕم بە مافی مرۆڤەکانی‌تر چ لە چوارچێوەی بنەماڵە و چ لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا بێت، ئەوکات هێز بۆ خۆپاراستن بەکار دێنم و ماف وەکوو بنەمای هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤەکانی‌تر دەبێتە بناغەی ڕەوشتی من.

لەو پیوەندییەدا دوکتور قاسملوو دەڵێت: «مەسەلەی بنەڕەتی بۆ من کە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە خەباتم بۆ کردووە، مەسەلەی لەنێوبردنی ستەم بووە»! ڕوونە کە پێوەری پێوانی ستەم دیاریکردنی ماف بۆ ئینسانەکانە! بەو پێیەشە کە دوکتور قاسملوو بەرانبەر بە دوژمنی خۆی پرسی تێرۆر ڕەت دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەمن پێم وایە بزووتنەوە بەهێزەکان، ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێمۆکراسیدا دەڕۆن، ڕێنوێنی دەکرێن و لاینگری و خەڵکیان لەگەڵە، پێویستیان بە بەکارهێنانی تێرۆریزم نییە، لە پەیوەندی بە خۆشمانەوە دەبێت بڵێم، لەگەڵ ئەوەی کە خومینی چەند جار بۆ دژایەتی ئێمە تێرۆری بەکار هێناوە، بەڵام ئێمە هێچ کات ئەوەمان تەئیید نەکردووە و بە پەیڕەوی کردن لە ئوسوولمان بارمتەگرتنمان مەحکووم کردووە! هەمیشە تەیارەڕفاندن و بۆمبدانان لە شوێنی گشتیمان مەحکووم کردووە» ئەو قسانەی دوکتور قاسملوو لە کاتێدایە کە وەک خۆشی لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ گۆڤاری لیبراسیۆن باسی دەکات کۆماری ئیسلامی تێرۆر ڕێبازێک بووە کە بۆ سەرخستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری هێناوە؛ بەڵام دوکتور قاسملوو وەکوو کەسێک کە بنەمایی باوەڕی و ئاکاری لەسەر بناغەی مافی مرۆڤەکان دامەزراوە، ئامادە نییە لەو جێگاییەی کە هێز نیزامی دەتوانێ مرۆڤی ئاسایی لەنێوبەرێ ئەو هێزە بەکار بێنێ و ئامادە نییە شێوازی تۆقاندن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دەسەڵاتێکی تەنانەت تێرۆریستیش بەکار بێنێ.

هەر لەسەر بنەمای باوەر بە مافی ئینسانەکان لەسەر ڕەوشتی تەشکیلاتی! دوکتور قاسملوو دەڵێت: «ئەوە ئەسڵێکی گرینگی مودیرییەتە کە بەرپرسی حیزبی دەبێت، بزانێ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەفرادی سەرەوە و ئۆرگانی سەرەوە بکات و لە هەمان کاتیشدا دەبێت، بزانێ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەفرادی خوارەوە و ئۆرگانی خوارەوەی خۆی

بکات! شێوەی ئوسوولی ئەوەیە کە نابێ بە تەحکووم و دەستووردان و توندوتیژی و کوێخایانە دەستوور بەسەر ئۆرگانی خوارەوە بدات و بەشێوەی چاپلووسی و تەمەلووق و پێداهەڵگووتن هەڵسووکەوت لەگەڵ ئەندام و ئۆرگانی سەرەوەی خۆی بکات.»

ڕێز گرتن لە خەباتی مرۆڤەکانیتر و هاوحیزبییەکانی خاڵێکیتر لە ڕەوشتی دوکتور قاسملوو بووە. بەڕێزیان لەسەر ئەوەی بۆ حیزبی دێمۆکرات توانییویەتی لە گۆڕەپانەکەدا بمێنێ سێ هۆکاری بۆ دێنێتەوە و دەڵێت:

یەکەم، سیاسەتی ئوسوولیمان هەڵبژاردووە و خۆمان لە دروشمی زل پاراستووە.

دووهەم، خەڵکی کوردستان پشتیوانی ئێمەیە و هەتا خەڵک پشتیوانەی حیزب بێت، حیزبی دێمۆکرات دەتوانێ درێژە بە چالاکییەکانی خۆی بدات.

سێهەم، هۆی مانەوەی خەباتی ئێمە فیداکاریی پێشمەرگەکانمان بووە.

خاڵی گرینگی کە ئەو سێ خاڵە پێکەوە گرێ دەدات، باوەڕ بە مافی ئینسانەکانیتر، بەپێی ئەوە ڕوانگەیە کە فیداکاری پێشمەرگە وەکوو مەرجی سەرەکی مانەوەی خەبات سەیر دەکات، چون لەگەڵ ڕاستبوونی ئەو هۆکارە دەبێت، پێشمەرگە مافی خۆییەتی ئازایەتی و لەخۆبرووردیی و فیداکارییەکانی باس بکرێت و وەکوو هۆکار مانەوەی خەباتی نەتەوەی کوردستان لەبەر چاو بگرێت، ئەگەر غەیری ئەوە بکرێت لە ڕاستییدا تۆ مافی مرۆڤێکی زەحمەتکێش و لەخۆبوردووت پێشێل کردووە، کەلەگەڵ بنچینەی بیری دوکتور قاسملوو نایەتەوە، چون ئەو باوەری بە خەبات لەدژی ستەم بووە.

لەسەر ئەخلاقیش لە سیاسەتدا، دوکتور قاسملوو لەو باوەڕە دایە: «ئێمە بێئوسوولی و جنێوفرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە و بۆ جێگیرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین» هەر لەو پەیوەندییەش دایە کە لە کلاسی کادرەکانی حیزبدا دەڵێت: «بانگەشە بۆ حیزبایەتی و سیاسەتی حیزبی وەکوو دوکانداری وایە، وەک چۆن لە دووکانداریيدا ئێمە دەتوانین بڵێین تەماتەی ئێمە جوانە، یان میوەی ئێمە باشە! بەڵام ناتوانین بڵێین تەماتەی جیران دووکانەکەمان خراپە! لە بانگەشە بۆ حیزبایەتی

زیاتر باس لەسەر سیاسەتی خۆمان و تایبەتمەندی خۆمان دەکەین». کە ئەوەش خاڵێکی گرینگ لە سیاسەتدایە و ئەو ڕوانگەیە لە ڕاستییدا پێش بە پرۆپاگاندا و پۆپۆلیزم دەگرێت، و لە باتی ئەو لەسەرخۆبوون، پێکەوە هەڵکردن و بۆ یەکدابوورین دێنێتە ئاراوە.

پەختەی مەبەستی ئەم نووسینە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو بنەمای ڕەوشتی سیاسی، تەشکیلاتی و شۆڕشگێریی خۆی لەسەر باوەڕ بە مافی مرۆڤ دامەزراندبوو. لەباتی پرۆپاگاندا و پۆپۆلیزم سیاسەتی پێکەوە هەڵکردن و ڕێزلێنان لە ئەوی‌تری کردۆتە بنەمای کار و چالاکیی سیاسی خۆی و ئەگەریش ئەو ئاکارە بکرێتە بنەمای کاری گشتیی لایەنەکان دەتوانین هیوامان ئەوە بێت کە هاوپەیوەندی و یەکگرتووی پتەو دادەمەزرێ و ڕوونە چالاکیی بەرینیش لە ئاکامی ئەو هاوپەیوەندی و یەکگرتوویيە دێتە دی.

# کایەی سیاسی و بەشداریی ژنان

**ئاسۆ مینبەری**

هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشداربن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە. (د. قاسملوو)

**بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەت، یەکێک لەو بابەتە گرینگانەیە کە بە بەردەوامی، بەتایبەت لەلایەن چالاکانی بواری ژنانەوە کەوتووەتە بەر باس و زۆر جاریش ڕەخنە لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان گیراوە کە ئاخۆ بۆچی بەو جۆرەی کە پێویست و شیاوە، ژنان لە ڕیزەکانیاندا لە ئاستی بڕیاردان و کایەی سیاسیدا نابینرێن.**

**بەو پێشینە مێژووییەوە کە کوردستان هەیەتی، کەس ناتوانێ نکۆڵی لە بوون و بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا بکات، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم بەشداریکردنە، دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە سەردەمی کۆماری کوردستانە، بەڵام بەم حاڵەشەوە ناکرێ حاشا لە کەمڕەنگبوونی بوون و بەشداریی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بکرێ.**

**لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ژنان بۆ یەکەمجار بە شێوەی ڕێکخراو چوونە نێو تەشکیلات و کاری ڕێکخراوەیی و سیاسییەوە و هەر ئەمەش وێڕای مێژووی دیار و بەرچاوی ژنان لە کوردستان بوو بە**

پاشخانێکی بەهێز بۆ بەشدارییان لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی دواتردا.
ڕاستە کە بەداخەوە بە هۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە ژنان نەیانتوانیوە بەو جۆرە کە پێویست و شیاوی پێشینەی خەبات و تێکۆشانی کوردستانە، لە مەیدانی کردەوەدا دیار بن، بەڵام بێگومان لە قۆناغە جیاوازەکانی خەبات و تێکۆشاندا جێپەنجەیان هەر دیارە. لە هەر بڕگەیەکی مێژوودا، کۆمەڵێک فاکتەر توانیویانە پاڵنەر بن بۆ ئەوەی ژنان زیاتر خۆیان لە مەیدانی کردەوەدا ببیننەوە، لە هەندێ قۆناغیشدا بەپێچەوانە کۆمەڵێک فاکتەر بوونەتە هۆی دواکەوتنی زیاتری ژنان کە بەداخەوە زیانەکەی بەر هەموو کۆمەڵگە و بەتایبەتیش بەر بزووتنەوەی ڕەوای کورد کەوتووە.
ئەگەر چاوێک بە مێژووی کوردستاندا بخشێنین دەبینین کە ژنان، هاوشانی پیاوان بەمەبەستی سەرخستنی دۆزی ڕەوای کورد تێکۆشاون و هەنگاویان هەڵێناوەتەوە، لە هەر بڕگەیەکدا بەپێی فەرهەنگ و نۆرمی زاڵی ئەو بڕگەیە لە مێژوو ئەوانیش توانیویانە ڕۆڵ بگێڕن و بێگومان ڕۆڵی ئەرێنیشیان گێڕاوە، بەڵام دیسانەوە لەمپەرەکان نەیانهێشتووە کە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە خەباتی نەتەوایەتیی کورددا، جێگە و پێگەیەکی شیاو بێت.
بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆچی بەشداریی ژنان لە کایەی سیاسیدا جێی بایەخ و گرینگە؟ ئایا بەبێ بوونی ژنان خەبات سەر ناکەوێ؟ ئەگەر ژنان لەم گۆڕەپانەدا نەبن گەیشتن بە ئامانج ئەستەمترە؟ لە هەمووی گرینگتر، بوونی ژنان دەتوانێ چی بە خەباتەکە ببەخشێ؟ وڵامی کۆی ئەم پرسیارانە لە وتەیەکی ڕێبەری نەمری گەلەکەمان، دوکتور قاسملوودا خۆی دەنوێنێ. دوکتور قاسملوو دەفەرموێ: «هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە. «
لەڕاستیدا بوونی ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵ و توێژێکی خاوەن ماف، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بۆ گەیشتن بە ئامانجە. هەروا کە دوکتور قاسملوو ئاماژەی پێ دەکات، پێشکەوتووبوونی کۆمەڵ، لە گرەوی بەشداریی زیاتری ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیدایە و لە ڕاستیدا کزبوونی ئەم بەشدارییە، کزبوونی خەبات و بزووتنەوەشی بەدواوە دەبێ،

ئەگەر ژنان بتوانن لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشداریی چالاکانەیان هەبێ و پۆتانسیەلی خۆیان لەم پێناوەدا بخەنە گەڕ و ئەرکەکە لە ئەستۆی خۆیان نەکەنەوە، بزووتنەوەکە زۆر زیاتر لە سەرکەوتن نزیک دەبێتەوە.

چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی خەبات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ڕاستیی ئەم بابەتە دەردەخات. لە هەر بڕگەیەک لە مێژوودا کە ژنان ڕۆڵی زیاتریان گێڕابێ و زیاتر خۆیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دابێت، ئەوە خەباتەکەش گەرموگوڕتر بووە و ئاکامەکەشی دڵخوازتر.

بەڵام، نموونەی بەرچاوی ئەم بەشداریکردنە و پێشکەوتووبوونی ئەم بزووتنەوە و خەباتە، شۆڕشی ژینایە. لەم شۆڕشەدا بە ڕوونی ئەو وتەیەی دوکتور قاسملوو کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا خۆی دەنوێنێ و دەکرێ شیکاری تەواویشی لەسەر بکرێ.

ڕوونە کە کوردستان، لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەراندا، مێژووییەکی دوورودرێژی هەیە، لەم ڕێڕەوە مێژووییەشدا، یەکێک لە گرینگترین خاڵەکان کە ئەکرێ وەکوو یەکێک لە خاڵە بەهێزەکان لە ڕەوتی خەباتی کورددا ناوی لێ ببردرێت، بەشداریی هەر دوو ڕەگەزی کۆمەڵگە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی بووە کە لە شۆڕشی ژینادا دیسانەوە خۆی بەرجەستە کردەوە.

پاش زیاتر لە ٤ دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد لە تاران، چەخماخەی خەباتێکی نوێی لێ دا. دەسپێکی ئەم خەباتە لە کوردستانەوە بوو و ئەمەش بۆ پێشینەی خەبات لە کوردستان دەگەڕایەوە چونکە لە ڕاستیدا کوردستان هەمیشە بەنیسبەت کردەوەکانی دەسەڵات دژکردەوەی هەبووە، بەڵام ئەمجارە دژکردەوەکە بەربڵاوتر بوو. چەخماخەی ڕاپەڕینەکە لە کوردستانەوە لێ درا چونکە کوردستان هەمیشە بەستێنی خەبات بووە و ئامادەتر، پێشینەی سیاسیی کوردستان و بوونی حیزب و ڕێکخراوەکانیش وای کرد کە سەرهەڵدانەکە لە کوردستان ڕێکخراوتر و سازماندراوتر بێت، لەم دۆخەشدا دیسانەوە ژنان بوون بە بەشێکی

گرینگ لە بزووتنەوەکە؛ پاش بەخاکسپاردنی تەرمی ژینا لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، ژنان بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی دروشمی «ژن، ژیان، ئازای»، لاپەڕەیەکی نوێ لە خەبات دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان هەڵ دایەوە. ئەمە هەنگاوێکی گرینگ بوو، چونکە ئەوان ڕێک لەو کاتە هەستیارەدا، بەرانبەر ئیدئۆلۆژییەکی چەقبەستوو وەستانەوە کە ٤٠ و چەند ساڵ بوو، لەژێر سێبەرەکەیدا ژیابوون، ژنان بەم جووڵەیە، ڕۆحێکی تازەیان وەبەر خەباتەدا کردەوە و نیشانیان دا کە بوونیان و بەشدارییان لە پرسە گرینگەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش لە بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پاوانخوازیی دەسەڵاتدا چەندە دەتوانێ کاریگەر و گرینگ بێ.

ئەم جووڵەیەی ژنان، بووە نوێنگەی وتەکەی دوکتور قاسملوو و بەشداریی چالاکانەی ئەوان بوو کە توانیی پێشکەوتن بە بزووتنەوەکە ببەخشێ و لە هەمان کاتیشدا تێکۆشانیان لە مەیدانی کردەوەدا و ڕووبەڕووبوونەوەیان بەدەستی بەتاڵ لە بەرانبەر هێزی پۆشتەی ڕێژیم، سەلماندی کە تێکۆشانی ژنان چەندە دەتوانێ شانسی سەرکەوتن زیاتر بکاتەوە، ئەڵبەتە لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە شۆڕشی ژینا بە تەواوەتی گرێ بدرێ بە تێکۆشانی ژنانەوە، بەڵام بە هێنانەوەی چەندین فاکت، ئەو ڕاستییە زیاتر خۆی دەنوێنێ کە ڕێک بەشداریی ژنان بوو کە توانی تا ڕادەیەکی زۆر شۆڕشی ژینا، وەکوو شۆڕشێکی گشتگیر لە سەراسەری ئێراندا پێناسە بکات.

- پاش شەهیدبوونی ژینا، ئەوە کۆمەڵگەی کوردستان بوو کە خاوەندارەتی لە کچەکەی کرد و نەیهێشت تەرمەکەی بە بێدەنگی و بە دوور لە چاوی جیهانەوە ئەسپەردەی خاک بکرێ، بەڵام لە ڕاستیدا فڕێدانی سەرپۆشەکان لەلایەن ژنانەوە لە سەر مەزاری ژینای جوانەمەرگ، جووڵەیەکی زۆر کاریگەر بوو، لە ڕاستیدا دەکرێ ئەم جووڵەیە وەکوو هەنگاوی یەکەم بۆ دەسپێکی شۆڕشەکە چاوی لێ بکرێ، یەکەم بەو هۆیەوە کە ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی بە چالشدا کێشا و دووەم بەو هۆیەوە کە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی پاش ساڵانێکی زۆر، لەوێوە سەری هەڵێنایەوە و بوو بە دروشمی سەرەکیی شۆڕشەکە.

- ژنان بە پێچەوانەی ڕابردوو، ئەمجارە لە بەرەی پێشەوەی شۆڕشەکە بوون، سۆزی دایکانەی ئەوان بۆ ژینا و هاوسۆزی لەگەڵ دایکی ژینا وای

کرد کە ئەوان بوێرانە بێنە مەیدان و جڵەوی خەباتەکە بە دەستەوە بگرن.
- دایکی شەهیدانی شۆڕشی ژینا، بە وتەکان و ئاکاری ئاوەزمەندانەی خۆیان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە زیندووڕاگرتنی شۆڕشەکەدا هەبوو، ئەوان بە خۆڕاگری و پێداگرییان لەسەر وەرگرتنەوەی مافی پێشێلکراوی خۆیان و ڕۆڵەکانیان، بوون بە سیمبولی خەباتەکە و هێمایەک بۆ بەردەوامبوونی بزووتنەوەکە.
- ژنان بۆ قەرەبووکردنەوەی ساڵەکانی لەدەستچووی ژیانیان لەژێر سێبەری ستەمی ڕێژیمی ئاخوندیدا، هەوڵیان دا فاکتەری گرینگ و کارای بزووتنەوەکە بن تا ئەو ئاستە کە باوکی شەهیدێک لەسەر مەزاری کوڕە شەهیدەکەی بەغیرەتبوونی پیاوان، بە غیرەتی ژنانەوە پێناسەوە دەکات و دەڵێ، لەمەبەدوا بۆ ئەوەی پیاوێک زۆر پیاو و بەغیرەت بێ دەبێ زۆر ژن بێ!

ئەمانە نموونەگەلێک لە ڕۆڵ و کاریگەریی ژنان لە بزووتنەوەی ژینادان، کەوابوو وەک دوکتور قاسملوو دەڵێ، بە کردەوە لە شۆڕشی ژینادا بینیمان کە چەندە بوونی ژنان و کارابوون و تێکۆشانیان لە بزووتنەوەیەکدا دەتوانێ گرینگ و شوێندانەر بێت. بێگومان ئەم بەشدارییە بەرفراوانەی ژنان لە بزووتنەوەی ژینادا، کاریگەریی ئێجگار گەورەی لەسەر داهاتووی ژیانی ژنان دەبێ. بەو واتایە کە ئەگەر لە قۆناغی ئێستادا ئەم شۆڕشە بە ئاکامی دڵخواز نەگات، بەڵام بێگومان توانیویەتی لەسەر ڕوانین و شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە بەگشتی بەرانبەر بە ژنان و هەروەها خودی دەسەڵاتیش بەرانبەر بە هێزی ژنان کاریگەریی ئەتۆی هەبێ.

ئەگەرچی زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە کەڵەکەبوونی ستەمی چەندین ساڵەی ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر یەک و کۆمەڵێک پرسی گرینگی وەک پرسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و ... لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینادا کاریگەرییان هەبوو، بەڵام نابێ لە بیری بکەین کە بوونی ژنان و هێزی ژنان توانیی شۆڕشەکە زیندووتر بکاتەوە و خاڵێکی وەرچەرخان بۆ گۆڕینی سیمای پیاوانەی بزووتنەوە و شۆڕش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بێت.

لە ڕاستیدا داماڵینی ڕواڵەتی پیاوانە لەسەر بزووتنەوەی مافخوازی لە

کوردستان، دەکرێ وەکوو یەکێک لە گرینگترین دەسکەوتەکانی شۆڕشی ژینا چاوی لێ بکرێت، دەسکەوتێک کە لە ئاکامی تێکۆشانی ژنان هاتە ئاراوە و وای کرد کە بە پێچەوانەی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکانی پێشوو، زیاتر کۆماری ئیسلامی لە هەڵدێر نزیک بکاتەوە.

دەکرێ بڵێین شۆڕشی ژینا و ئەو ئەرکوەخۆگرییەی ژنان لەم قۆناغە لە خەباتدا، وەڕاستگەڕانەوەی وتەکانی دوکتور قاسملوو بوو، لە ڕاستیدا تێکۆشانی ژنان لە بزووتنەوەی ئێستای کوردستاندا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ پێش ئێستا، دوکتور قاسملوو باسی لێ کردبوو و بە گرینگی زانیبوو. بەڵێ. شەهید د. قاسملوو گوتەنی: «هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشداربن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە».

# سەدەی بیستەم
# دوایین سەدەی ڕێبەرانی تاقانە

**کەماڵ حەسەنپوور**

سەدەی بیستەم لە زۆر ڕوانگەوە سەدەی ڕچەشکاندن بوو و بەشێک لە ڕووداوەکانی ئەو سەدەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەیان نەبووە. لەو سەدەیەدا دوو جار جەنگی جیهانی ڕووی دا، چەند ئیمپراتوری دوای سەدان ساڵ دەسەڵاتداریی هەرەسیان هێنا و زانست پێشکەوتنێکی پێوانەیی تۆمار کرد. مرۆڤ لەو سەدەیەدا توانی ئەتۆم لەت بکات و لە وزەکەی هەم بە شێوەی ماڵوێرانکەر و هەروەها بۆ پێشکەوتن و خۆشبژیوی و ئاوەدانی کەلکی لێ وەرگیرا. لەو سەدەیەدا بوو کە تیۆرییەکانی دژە کۆلۆنیالیستی داڕێژران و گەلێک جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانە سەریان هەڵدا و بەشێکی بەرچاویان سەرکەوتن.

لەو سەدەیەدا چەندین ڕێبەری تاقانە سەریان هەڵدا و ناوی خۆیان لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار کرد. لە ئاستی نێونەتەوەییدا دەتوانین باسی، گاندی، لینین، مائۆ، چرچیل، ڕوزڤێلت و ماندێلا بکەین و لە ئاستی کوردستاندا دەکرێ باسی شێخ مەحمودی بەرزەنجی، سمکۆی شکاک، قازی محەممەد، مەلا مستەفای بارزانی، جەلال تاڵەبانی، دوکتور قاسملوو، فوئاد مستەفاسوڵتانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان بکەین. تایبەتمەندی هەموو

ئەو سەرکردانە ئەوە بوو کە هیچکامیان بە قەولی پێشینیان «لە پڕێک نەبوونە کوڕێک،» بەڵکوو پێگەی ئەوان لە ئاکامی چالاکیی دوورودرێژ و کۆڵنەدەرانەی خۆیاندا بوو.

دوکتور قاسملوو کە هاندەری نووسینی ئەو وتارەیە، لە هەڕەتی لاوەتیدا هاتە نێو گۆڕەپانی جووڵانەوە و چالاکیی سیاسی و لە ماوەی چەند دەیەدا توانی بیسەلمێنێ کە بەشێکی زۆر لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی بلیمەتی هەیە.

لەنێو تایبەتمەندییەکانی پێویست بۆ بوون بە ڕێبەرێکی باش، باسی ئەوانە دەکرێ: دیدی دوور، توانایی پێدانی ئیلهام بە دەوروبەر، بیری ستراتێژیک و ڕەخنەگرانە، توانایی پەیوەندیگرتن و دروستکردنی ڕایەڵە، ڕەسەنایەتی و خۆبواردن لە لاسایی‌کردنەوە، خۆگونجاندن، وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاری، پشوودرێژی و خۆڕاگری و هەروەها دڵئاوالایی بۆ چاکسازیی بەردەوام.

گومان لەوەدا نییە هەرکام لە ئێمە کە تا ڕادەیەک دوکتور قاسملوو دەناسین، دەتوانین چەند نموونە لە هەرکام لەو تایبەتمەندییانە باس بکەین کە یان بە چاوی خۆمان لە ناوبراودا دیتوومانن یان لە نووسراوە و لێدوانەکانی ئەو کەسانەی لە نزیکەوە ناسیویانە، بە دۆست و نەیارەوە، خوێندوومانن‌ەوە یان بیستوومانن. لێرەدا من تەنیا دەچمە سەر بەشێک لەو تایبەتمەندییانە کە شەهید دوکتور قاسملوو هەیبوون و دۆست و نەیار دانیان پێدا ناون.

لەبارەی دیدی دوور دەتوانین بە پشتبەستن بە کتێبی «کوردستان و کورد»، دروشمی ستراتێژیکیی حیزب لەو کاتدا، جێخستنی نەریتی گرتنی کۆنگرە و دژایەتیکردنی تاکپەرستی، بیسەلمێنین کە دوکتور قاسملوو خاوەنی دیدی دوور بوو. لەمەڕ بوونی توانایی ئیلهامدان بە دەوروبەرییەکانی، دەتوانین بۆ سەلماندنی بوونی ئەو تایبەتمەندییە لە ناوبراودا، بە گێڕانەوەکانی هەڤاڵان و دۆستانی چ لە نێو حیزب و چ لە دەرەوەی کاری حیزبیدا پشتڕاست بکەینەوە. هێشتا ٣٤ چوار ساڵ پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، وتەکان و بۆچوونەکانی ئیلهامدەری ئەویندارانی ڕێگای ئازادین. بۆ نموونەی بیری ستراتێژیک و ڕەخنەگرانە تەنیا ئاماژە بە دوو شت دەکەم کە سەلمێنەری ئەو تایبەتمەندییە لەلای دوکتور قاسملو بوون،

یەکیان هێنانەدەری حیزبی دێموکڕات لەژێر هێژمۆنیی حیزبی توودە و ئەوی دیکەش نامیلکەی کورتەباس. توانایی پەیوەندیگرتن و دروستکردنی ڕایەڵە یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە بەرزەکانی دوکتور قاسملو بوو، بە شێوەیەک کە دەکرێ بڵێین ناوبراو بە کەلکوەرگرتن لەو تواناییە، توانیبووی کورد و پرسەکەی بە تایبەتی لە ئورووپادا بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر بناسێنێ و هێندێک دۆستی بۆ کورد پەیدا کردن کە وەفایان بۆ کورد و پرسە ڕەواکەی تا دواهەناسەی ژیانیان بەردەوام بوو و بەردەوام دەبێ. حاشا لەوە ناکرێ کە دوکتور قاسملو سیاسەتوانێکی کەتوارگەرا بوو و لەبەر ئەو هۆیەش خۆی لەگەڵ هەلومەرجی خەبات دەگونجاند. لە پەیوەندی لەگەڵ وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی نە تەنیا بۆخۆی نموونەی ڕاستەقینەی ئەو تایبەتمەندییە بوو بەڵکوو هەوڵی دەدا هەموو گەلی کورد لەو ڕاستییە تێبگەیەنێ بۆیە وتەی، «گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا،» ئاماژە بەو ڕاستییەیە.

کاتێک چاو بە ڕووداوەکانی دەسپێکی سەدەی بیست و یەک تا ئێستا دەخشێنین، بۆمان دەر دەکەوێ کە لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیگرتن و ئینتەرنێت، دیاردەی ڕێبەری تاقانەش هەر دێت و دەگمەنتر دەبێ و بوار بۆ جۆرێکی دیکە لە ڕێبەری بلیمەت دەڕەخسێ.

سەتەلایت، ئینتەرنێت و سۆسیالمێدیا بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئیزن بە تاکەکان دەدەن تا وەک تاک بیروڕای خۆیان بە ڕێژەیەکی بەربڵاو بەردەنگ بگەیەنن و هەروەها بۆخۆشیان بتوانن لە دید و بۆچوونی تاکەکانی دیکە ئاگادار بن. ئەو دیاردەیە دەتوانێ هەم ئەرێنی بێ و هەم نەرێنی.

لایەنە ئەرێنییەکەی ساکاربوونی گەیاندنی پەیام بە جەماوەرە کە دەتوانێ لە سازکردنی شەپۆلی بەربەرینی جەماوەریی دژی ڕێژیمی دیکتاتۆڕدا کاریگەر بێ، وەک چۆن لە شۆڕشەکانی بیست ساڵی ڕابردوودا لە چەند وڵاتی جیاواز دیتوومانن. ئێستا بۆ کەس شاراوە نییە کە کاناڵە سەتەلایتییەکان و بە تایبەت سۆسیالمێدیا بۆ دروستکردنی ڕایەڵە لەنێوان سەدان هەزار و بگرە میلیۆنان مرۆڤ لە دەرەوەی سنوورە جوغرافییەکان چەندە کاریگەرن.

لایەنە نەرێنییەکەی ئەو تەکنەلۆژیایە، تەوژمی بەلاڕێدابردن بە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و سەرهەڵدانی دیاردەی ڕێبەرانێکن کە «لە پڕێک بوونە کوڕێک،» و هەروەها دیاردەی ئینفلوئەنسەر. مەترسیی ڕێبەری پۆپۆلیست و ئینفلوئەنسەری نائاگا بۆ کۆمەڵگە حاشایان لێ ناکرێ.

هەڕەشەیەکی دیکە کە دەتوانێ لەو سەدەیەدا دەوری زۆر خراپ بگێڕێ، دەوری کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بواری ژیریی دەستکرد و تەکنەلۆژیای زانیارییە کە بە تێکەڵکردنی تواناییەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی بەربڵاوی تاکەکان، دەتوانن کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بیروڕا بە شێوەیەک بێ کە لە بەرژەوەندیی ئەو کەسانە دابێ کە خزمەتگوزارییەکانیان دەکڕن. نموونەی ئەو دیاردەیە لە ئابڕووچوونەکەی کەمبریج ئانالیتیکادا بینرا، کە ئاشکرا بوو فەیسبووک لەو بوارەدا و بۆ کاریگەریی لەسەر بۆچوونی بەردەنگەکان لە کاتی هەڵبژاردندا، زانیاریی بەکارهێنەرەکانی فرۆشتووە.

لە ئاستی وڵاتانی دیموکراتیکیشدا دەبینین لە سەدەی بیست و یەکدا زۆر بەدەگمەن لە هەڵبژاردنەکاندا حیزبێک دەتوانێ زۆرینەی دەنگی دەنگدەران بۆخۆی مسۆگەر بکات تا لەو ڕێگایەوە بتوانێ دەوڵەتی زۆرینە پێکبێنێ. ئێستا دەمێکە یان دەوڵەتی هاوپەیمانیی بوونە باو، یان دەوڵەتی کەمینەی لاواز کە حیزبی دەسەڵاتدار لە سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆیدا ناسەرکەوتوویە، چونکە ناتوانێ ڕێژەی دەنگی پێویست لە پارلەمانی وڵاتەکەیدا بۆ سیاسەتەکانی خۆی مسۆگەر بکات.

چەند نموونە تا ئێستا ڕوویان داوە کە کەسێکی دەوڵەمەند کە چەند کانالێ ڕاگەیاندنی لە بەردەستدا بوون توانیویەتی دەنگی دەنگدەران بۆخۆی مسۆگەر بکات و بەو شێوەیە ببێتە سەرۆکوەزیران یان سەرۆککۆمار. یەکێک لەو کەسانە سیلڤیۆ بەرلوسکۆنی، لە ئیتالیا بوو کە ماوەیەک لەوە پێش کۆچی دوایی کرد.

ڕەنگبێ بەشێک لە خوێنەران بڵێن، ئەو دیاردەیانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕوو دەدەن و پەیوەندییان بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە نییە. بەڵام لەبەر ئەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان (بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هێشتا لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی دیکتاتۆڕیدایە، مەترسی بەلاڕێدابردنی بیروڕای جەماوەر هەمیشە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە.

دیاردەیەکی دیکە کە لە زۆر وڵات باوە، بوونی ناوەندکانی لێکۆلینەوە و دانانی ستراتیژیی جۆراجۆرە کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن تینک تانک (Think tank). ئەو ناوەندانە کاریان لێکۆڵینەوە و داڕشتنی ستراتیژی لە بوارەکانی جۆراوجۆرەکانە و دەورێکی مەزن لە بەڕێوەبەریی سیاسەتەکانی وڵاتێکدا دەگێڕن. واتە لە جیاتی ئەوە کە ڕێبەری حیزبێک یان وڵاتێک بۆخۆی سیاسەتەکانی حیزبی خۆی بۆخۆی یان بە یارمەتیی دەوروبەرییەکانی داڕێژێ. ناوەندی تایبەتی بە کەلکوەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان، داڕێژەی سیاستی و ستراتێژیی بەرێوەبەریی وڵاتن.

ئاخۆ ئەوە بەو مانایەیە کە ئیتر نابێ چاوەڕوانی ڕێبەری مەزن بین؟ بێگومان ڕێبەری مەزن ئیستاش بوونیان هەیە و لە داهاتووشدا دەبن بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کە ڕێبەری تاقانە بە شێوەیەک کە هێژمۆنیی فکریی بەسەر بەشێکی بەرچاو لە خەڵکدا هەبێ، لە سەدەی تەکنەلۆژیای زانیارییدا هەر دێت و دەگمەنتر دەبێ. چونکە تایبەتمەندیی ئەو سەدەیە پەرتەوازەبوونی بیروبۆچوونی خەڵک و هەڕەشەی شکڵدانی بیروبۆچوون و تەنانەت حەز و خولیا، لەلایەن کەسان و لایەنێکانەوەیە کە دەسەڵاتیان بەسەر تەکنەلۆژیای زانیاریدا هەیە.

گومان لەوەدا نییە کە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی باش هەر ئەوانەن کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا، بەڵام سەرکەوتوو ترین ڕێبەر (لەسەر ئاستی کوردستان)، بە بۆچوونی من کەسێک دەبێ کە لە پەیوەندیگرین لەگەڵ تاکەکان، دروستکردنی ڕایەڵە و وەهەروەها دروستکردنی هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا سەرکەوتوو بێ. سەدەی بیست و یەکەم سەدەی ئاڵوگۆڕی بەردەوامە، کە وابوو ڕێبەری سەرکەوتوو کەسێکە کە خۆی و جەماوەر بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو سەردەمە نوێیە و پڕ لە ئاڵوگۆڕە ئامادە بکات.

ڕێبەرانی سەرکەوتووی دنیای پێشکەوتووی ئەمڕۆ، ژمارەیەکی زۆر ڕاوێژکاری بە توانا لە بوارە جۆراجۆرەکانیان هەن. ئەوان لە ڕاستیدا وەک ڕێبەری ئۆرکێستران، کار و ئەرکەکان بەسەر کەسانی لێزاندا دابەش دەکەن و بۆخۆیان ئەرکی خولْقاندنی هاوئاهەنگی و ڕێکخستنی هەوڵەکان بەرەو ئاراستەی سەرکەوتن وە ئەستۆ دەگرن.

ئەگەر سەردەمێک ڕێبەران بڕیاردەری چارەنووسی گەلان و وڵاتان بوون، لە دەیەکانی داهاتوودا ئەوە ژیریی دەستکرد و لێکگرێدانی زانستەکانی زانیاریی و بایۆلۆژیایە کە کۆمەڵگەکانی داهاتوو شکڵ دەدەن.

مانەوە لە کەش‌وهەوای سەدەی بیستەمدا، لە لایەن هەر ڕێبەرێک و ڕێکخراوێکەوە بێ، دەتوانێ ئاسەواری کارەساتباری بەدواوە بێ، بۆیە دەبێ ئەزموونەکانی سەدەی ڕابردوومان، بە سەرکەوتن و نسکۆکانیەوە، بکرێنە وانە و چرای ڕێنیشاندەر بۆ خەباتی داهاتوو. دەبێ هەر کام لە ئێمە بەگوێرەی توانا ئەرک وەخۆ بگرین و بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی گەلەکەمان بۆ ڕزگاریی هەوڵ بدەین.

# کاریزما و ڕێبەر
# بۆ هەموو قۆناغەکانی خەبات

سالّح پالانی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی ٤٤ ساڵ دەسەڵاتدارێتی لە ئێراندا، کۆمەڵانی خەڵکی لە هەموو خۆشییەکی ژیان بێبەش کردووە و بە زۆری هێز و زەبروزەنگ، کوشتن، تۆقاندن و برسیکردنی خەڵکی ئێران و کوردستان درێژەی بە حکومی کۆنەپەرەستیی خۆی داوە. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەر و کارگەی بەرهەمهێنانی تێرۆر و کاری تێرۆریستیی و بیروباوەڕی توندڕەوی و ئاژاوەگێریی و ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بووە و ئاسایش و ئارامیی وڵاتانی تێکداوە.

لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک، یادی کارەساتی تێرۆرکردنی ڕێبەری گەورە و لێهاتوو، شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دڵتەنگییەوە دەکەینەوە کە بەدەستی دیپلۆماتتێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر مێزی وتووێژ بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتییانەی داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و دوور لە هەموو پرەنسیپ و عورفێکی نێونەتەوەیی، ڕۆژی ١٣ی ژووئیەی ساڵی ١٩٨٩

درانە بەر دەستڕێژی فیشەک و تێکەڵ بە کاروانی نەمری شەهیدانی کوردستان بوون.

دوای ١٦ ساڵ دابڕانی بنەماڵەی گەورەی دیمۆکرات لە یەکدی، ئەمساڵ لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەردا مزگێنی یەکگرتنەوەی دیمۆکراتەکان کە نزیک بە یەک ساڵ دەبێ بە سەرکەوتوویی کۆتایی هاتووە، بە دوکتور قاسملوو ڕابگەیەنین و دڵنیای بکەینەوە کە هێزی یەکگرتووی تێکۆشەرانی دیمۆکرات تا گەیشتن بە ئامانجە بەرزەکانت درێـژەدەری ڕێگات دەبن و هیوا و شادمانی بۆ خەڵکی کوردستان بە دیاری دێنن.

باسکردن لەسەر کەسایەتیی کاریزماتیکی دوکتور قاسملوو لە ئیدارەدان و ڕێبەریکردنی بزووتنەوەی حەقخوازانەی نەتەوەی کورد و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کورتە نووسینێکی لەم چەشنە جێگای ڕاستەقینەی خۆی پی نادرێت، بەڵام سـەرەڕای ئـەوەش دەکرێ باس لەسەر هەندێ لە تایبەتمەندی و ڕێنوێنییە بەنرخەکانی ئەم ڕێبەرە مەزن و گەورەیی گەلی کورد و کاریگەرییەکانی کە بۆ ئەم قۆناغە هەستیارەی خەباتی شار و شاخ و شۆرشی بە شکۆی ژن ژیان ئازادی لە ٣٤ هەمین ساڵرۆژی تێرۆرکردنیدا، کە بۆ ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستا و داهاتوودا تازەگیی هەیە، شرۆڤەی بکەین.

ئەمساڵ گەلی کورد و ڕێبوارانی بەئەمەگی ڕێگا و ڕێبازی دوکتور قاسملوو لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەت و هەستیاردا، یادی ٢٢ی پووشپەر دەکەنەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆناغیکیدا تێدەپەڕێ، کە چەخماخەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بۆ ڕامـاڵینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیران لە کوردستانەوە لێ درا و سەرانسەری ئیرانی گرتەوە.

پێویست دەکات بۆ خۆڕێکخستنەوە و گوتاری یەکگرتوویی، پەنا بۆ دەرس و ئامۆژگارییەکانی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملوو بەرین، کە دوای ٣٤ ساڵ لە شەهیدبوونی، ئێستاش هەر ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری ڕیگەی گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گەمە سیاسییەکانی نێو ئۆپۆزیسونی ئیران بەردەوامی هەیە. وشیاریی نەتەوەیی و تێگەیشتنی سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕادەیەک

بەهێز بووە، بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی، خەبات و بەربەرەکانی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران بێپسانەوە درێژە پێ دەدەن.

دوکتور قاسملوو کاتێک ڕێبەرایەتیکردنی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گرت کە جیهانی دووجەمسەری سەختترین قۆناغەکانی خۆی تێپەڕ دەکرد و بزووتنەوەی کوردستان لەنێو گێژاوی ململانێی بیروهزری جۆراجۆری سیاسیدا، دەست و پەنجەی نەرم دەکرد و پێویستیی بە ڕێبەرێکی لێزان و کاریزمای وەک دوکتور قاسملوو هەبوو کە لەو گێژاوەدا ڕزگاری بکات و ڕێی ڕاستەقینەی خەباتی ڕزگایخوازانەی گەلی کورد و حدکا دەست نیشان بکات. دوکتور قاسملووی ڕێبەر، بە زیندووکردنەوەی ڕێکخستنەکانی حیزبی و گەڕاندنەوەی حیزب بۆ سەر ڕێگای درووستی خەبات و گەڕانەوەی شکۆی سەربەخۆیی و بڕیاری سیاسی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شۆڕەسوارەی گەلی کورد بوو. ئەو ستركتورە سیاسییەی بە بیر و فیکری دوکتور قاسملووی لەنێو حیزبی دیمۆکراتدا بە لێزانییەوە خشتی بناغەی دانرا، دوای ٣٤ ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەریکردنی حیزبی دیمۆکراتدا، ئێستاش وەک سەرەکیترین هێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەیدانی خەبات دژبە ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەتەوە و درێژەدەری خەباتی نەتەوەییە تا گەیشتن بە سەرکەوتن.

بەڕاستی و بەحەقبێژییەوە دەبێ بگوترێ، دوکتور قاسملوو لە زۆر بواردا، مێژووی گەورەی بۆ گەلی کورد و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران خوڵقاند و ئەو مێژووە پرشنگدارە بوو بە ڕێرەو، بۆ ڕۆڵەکانی گەلی کورد و ڕێبوارانی ڕێگای خەباتی پڕ هەوراز و نشێوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بە شانازییەوە درێژەدەری ڕێبازی دوکتور قاسملوون.

نووسین، وتار و وتووێژەکانی دوکتور قاسملوو لە ڕوانگەی فیکرێکی زانستییەوە سەرچاوەی دەگرت و دەبوون بە ئیلهامبەخش و ڕێنیشاندەر بۆ هەموو قۆناغەکانی خەباتی گەلی کورد و چونیەتیی هەڵسوکەوت و دۆزینەوەی ڕێگەی چارەی مومکین بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی بێپسانەوەی گەلی کورد.

دوکتور قاسملوو بە خوێندنەوەیەکی نوێ و سەردەمیانە، بە بیرێکی ڕخنەگرانە و پێداچوونەوەیەکی ژیرانە و زانستی بە سۆسیالیزمی مەجوود

و هێنانە گۆڕێی «کورتەباس» بۆ جێگیرکردنی سۆسیالیزمی دیمۆکراتیک و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە بیروبۆچوونێکی چەپی ڕادیکاڵ و دیکتاتۆرییەت و زیاتر چەسپاندنی ئازادی و دیمۆکراسی و دادپەروەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی چەمکی سوسیالیزمی دیمۆکراتیکی لە بەرنامە و ئەساسنامەی حدکا وەک دروشمی ستراتیژیک و ئامانجی دوارۆژ بۆ کۆمەڵگەی کوردستان لە یەکێک لە کۆنگرەکانی حیزبدا پەسەند کرد.

دوکتور قاسملوو سەرمایەیەکی نەتەوەیی گەلی کورد بوو، نەک تەنیا بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران، بەڵکوو بۆ سەرجەم وڵاتانی ئازادیخوازی جیهان کە دەیتوانی بە بیر و فیکری پێشکەوتنخوازی یارمەتی بە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی ئازادی و دیمۆکراسی بدات کە باوەڕێکی قووڵی بە فەلسەفەی سیاسی و چەمکی ئازادی هەبوو. بەداخەوە دەسەڵاتی ڕەشی قوم و تاران چاویان بە ئازادی و ڕووناکی هەڵ نەهات و پێغەمبەری ئاشتی و ئازادییان لە گەلی کورد و حیزبی دیمۆکرات و کۆمەڵگەی جیهانییش ستاند. زۆر بەداخەوە کوردستان و بزووتنەوەی گەلی کورد، ڕۆڵەیەکی لێهاتوو و تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی خاراو لە سیاسەتی نێودەوڵەتی لەدەست دا. جێگای قاسملوو و کردار و کردەوەکانی لە بزووتنەوەی گەلی کورددا وەک مانگەشەو بە سەرماندا دەدرەوشێتەوە. دوکتور قاسملوو وەک ئەکتەرێکی سیاسیی خاوەنبیر و ئەندیشە، کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر بزووتنەوەی گەلی کورد و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران هەبوو. وەک ڕێبەرێکی هەڵکەوتوو، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی خستە سەر ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی و سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە نێو حیزب بنیات نا، تاکوو ئێستاش ڕێبوارانی ڕێگای دوکتور قاسملوو درێژەدەری بیر و هزر و ئامۆژگارییەکانی شەهید دوکتور قاسملووی مەزنن.

دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی ڕاستگۆ لە گوتن، بە هەڵویست لە کاتە هەستیارەکان، داهێنەر لە سیاسەت و ئەخلاق، بوێر لە دەربرین، بە ئیرادە لە سەنگەری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی، ناسێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی گەلی کورد بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و داکۆکیکەری شێلگیر لە داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد، یەکەم سەفیر و دیپلۆماتکاری کورد بەرەو کردنەوەی دەرگای کۆنگرەی ئینترناسیونال سوسیالیستی جیهانی و

پارێزەرێکی بەئەزموون لە مافی مرۆڤ و ئازادیی تاکەکەسیی و باوەڕێکی قووڵی بە توانایی ژنان لە مەهوو بوارەکانی خەباتدا هەبوو، خاوەن زانست و زانیارێکی هەمە لایەنەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بوو. دەکرێ بڵێین هەموو ئەو خەسڵەتە باشانەی کە بۆ هەموو مرۆڤێکی پێشکەوتوو پێویستە، لە دڵ و دەروون و فیکری ڕێبەری گەورە دوکتور قاسملوودا جێگیر ببوون.

دوکتور قاسملوو گەورەترین و بەناوبانگترین بیرمەند و ڕێبەرێکی بەبڕشت و لێزانێکی بێوێنەی نێو گۆڕەپانی سیاسی لە کوردستان و ئێران بوو، مرۆڤێک لێوانلێو لە هەست و بیری مرۆڤپەروەری و مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازی بوو. دوکتور قاسملوو بە لێزانی و لێهاتوویی توانی کۆمەڵێک بابەت و ڕوانگەی نوێ و مۆدێرن لە گۆرەپانی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان نەهادینە بکات و ڕۆڵێکی کاریگەر و واقعبینانەی لە سیاسەتدا ڕەچاو دەکرد و بە سەرکەوتوویی توانی ڕێبەرایەتی سەرەکیترین حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات و مۆرکی سەربەخۆیی بریاردان لە کاروباری ڕێکخراوەیی تۆمار کرد و شێلگیرانە ڕێگای خەباتی بەرەنگار بوونەوەی لە دژی سیاسەت و هێرشی دژیگەلیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر کوردستان درێژە پێدا.

دوکتور قاسملوو بەحەق سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگ، کەسایەتییەکی نێونەتەوەیی، دیپلۆماتکارێکی شـارەزا، لە ڕێگای توانایی و لێزانییەوە دۆزی ڕەوای گەلی کوردی گواستەوە بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، لەوێشەوە توانی زۆر دۆست و لایەنگر لە نێو سیاسەتوانانی ڕۆژئاوایی و کەسایەتییە بەناوبانگەکان بۆ پشتیوانی لە گەلی کورد پەیدا بکات و کێشەی گەلی کورد بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کەسایەتیی گەورەی سیاسیی دونیا بناسێنێت.

لە مێژووی جوڵانەوەی میللی دیمۆکراتیکی گەلی کورد، دوکتور قاسملوو یەکەمین ڕێبەری ئاکادیمیک و هەڵکەوتووی جووڵانەوەی سیاسی گەلی کورد و ڕێبەری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران شارەزا بە سیاسەتی نێونەتەوەیی، بە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی لە کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکان بۆ یەکەمجار توانی بەشداری لە گۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیستی

جیهانی بکات و بیروڕای بەشێکی زۆر لە بەشدارانی گۆنگرە بە کێشەی کورد و دۆزی ڕەوای گەلی کورد ئاشنا بکات و بە ڕاکێشانی بیروڕای دونیا بۆ پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی سیاسیی گەلی کورد دەسکەوتێکی سیاسیی بێوێنە بوو، بۆ تەواوی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان. فریدیک تیسۆ، سەرکۆنسوولی پێشووی حکوومەتی فەرانسە لە هەرێمی کوردستان و یەکێک لە نزیکترین دۆستانی دوکتور قاسملوو، وەسییەت بە بنەماڵەکەی دەکات، ئەگەر مردم لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە نزیک گۆڕی دوکتور قاسملوو بمنێژن، بۆ ئەوەی لەو دونیاکەش هاوڕێ و نزیکی ئەوە سەرکردە مەزن و گەورەیەی گەلی کورد بم. هەروەها ئەگەر گەورەیی و لێهاتوویی دوکتور قاسملوو نەبایە، وەزیری پێشووی دەرەوەی وڵاتی فەرانسە و دۆستی نزیکی قاسملوو، ڕێزدار بێرنارد کۆشنێر لە کاتی کردنەوەی کۆنسوولی فەرانسە لە هەولێری باشووری کوردستان، قسەکانی بەوە دەست پێ کرد و گوتی، من لە ڕێگای دوکتور قاسملووەوە کوردم ناسی و ئاشنا بە نەتەوەی کورد و مافە ڕەواکانیان بووم.

ئامانجی سەرەکیی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو، کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە ڕێبەریی قاسملوو بەچۆک دابێنن و بۆ هەمیشە بە قەوڵی خۆیان لە نێوی بەرن. بەڵام نەک هەر پلان و خەون و خەیاڵەکانیان بەدی نەهات، بەڵکوو ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملوو شێلگیرانەتر لە جاران مەشخەڵی خەباتی دەستی قاسملوویان قورس و قایم ڕاگرتووە.

دوکتور قاسملوو ئەوەندە سیاسەتمەدارێکی گەورە و مەزن بوو، ئێستا بووەتە مەکتەب و ڕێباز لەنێو بیر و فیکری هەموو تاکێکی نیشتمانپەروەر و مافخوازی کورددا، دەبینین چۆن کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قۆستنەوەی هەر هەل و دەرفەتێک بۆیان بڕەخسێت، بە گوتنەوەی دروشمی «قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە» دووپاتی دەکەنەوە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی قاسملوو و هەموو شەهیدانی کوردستان کە ڕزگاریی کورد و کوردستانە، درێژەدەری بیر و ئەندیشەی قاسملوون.

ئەوە ئێستاش دوای ٣٤ ساڵ لە شەهید کردنی دوکتور قاسملوو، تەنیا بیر و هزر، ئەندیشە و ئامۆژگارییەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنەی گەلی کورد، لە سەرانسەری ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەما دەکات و ڕەنگدانەوەی لە شەقامەکانی کوردستان و لە گەرمەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا دروشمی «قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە» دەگوترێتەوە و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەلەرزە خستووە و بەرەو لێواری مەرگ و ڕووخانی دەبات. کەواتە ڕێبازە گەش و پرشنگدارەکەی قاسملوو هەروا بەزیندوویی تا چڵەپۆپەی سەرکەوتن درێژەی دەبێ و ڕێنیشاندەری خەبات و تێکۆشانی خەباتکارانی ئێستا و نەسڵەکانی داهاتووی گەلی کوردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە قوتابخانەی دێموکراتدا بە هەوڵ و ئیرادەی شۆڕشگێری دوکتور قاسملووی مەزن و زانا، سیاسەتی ڕێبەری بەکۆمەڵی لەنێو حیزبدا داهێنا و دەیان قوتابی و سەرکردەی لەم سەنگەرەوە پێگەیاند کە ئەمڕۆ سەربەرزانە بەگرتنە پێشی سیاسەتی حەکیمانە، حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە دەبەن و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەیی ئەرک و ئامانجی درێژەپێدەرانی ڕێگا و ڕێبازی بەشکۆی دوکتور قاسملووە.

لە هیچ کەس شاراوە نییە کە بە هەوڵی کاریزماتیکی قاسملوو کاری تەکڕەویی و فەردپەرەستی لەنێو حیزبدا بنەبڕ کرا و لە جێگایدا، فەرهەنگی ڕێبەریی بەکۆمەڵ و دەستەجەمعی لەنێو ڕێبەری و تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ هەمیشە نەهادینە کرا و نیشانەکانی ڕێبەریی بەکۆمەڵ دوای شەهیدبوونی لەنێو حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا ڕەنگی دایەوە.

هەڵوێست و خەبات و تێکۆشانی بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شۆڕشی ژن ژیان ئازادیدا جارێکی دیکە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیان نیشان دا کە لە هیچ بارودۆخێکی سەخت و دژواردا، ڕێگا و ڕێبازی دوکتور قاسملوو ون ناکەن و بە ئیرادەی بەرزەوە درێژەپێدەری ڕێگای پڕشانازیی دوکتور قسملووی نەمرن و ئەو کارەساتە سامناکە لە بیری هیچ کوردێک ناچێتەوە.

مێژووی ئەو ٣٤ ساڵە ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەر دڵۆپەخوێنێکی

قاسملوو بە نێو شادەماری ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەسووڕێتەوە و هێز و ورە و ئیرادەی شۆڕشگێرییان لە سەنگەری خەبات بۆ ئازادی، پێ دەبەخشێت.

بە یەکگرتوویی و تەبایی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان، ڕێبوارانی ڕێبازی پڕ سەروەری دوکتور قاسملووی نەمر، درەنگ یا زوو ئاڵای شەکاوەی کوردستان، لەگەڵ شنەبای خۆری ئازادی لەسەر گۆڕی پێشەوای نەمر، لە کوردستانی ئازادکراودا، هەڵ دەکەن.

# بەرابەری بناخەی ئازادییە

**کەریم پەرویزی**

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، ئەو ڕۆژەیە کە تێیدا دەستی ڕەشی تێرۆریزمی ویلایەتی فەقیهی، تا ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش درێژ بوویەوە و لەوێدا، لە وڵاتی بەناوبانگ بۆ فەرهەنگ و کولتوور و مۆسیقادا، لەسەر میزی بەناو وتووێژ دەسرێژییان لە دوکتور قاسملووی نەمر و هاوڕێی عەبدوڵڵا قادریئازەر کرد. ئەوان وایان زانی بۆ هەمیشە لە دەستی دوکتور قاسملوو ڕزگاریان بووە و نەتەوەیەکیان لەو ڕێبەرە مەزنە بێبەش کردووە، و دەسەڵاتی ئۆتریشیش تیرۆریستانی بە ڕێزەوە بەرەو تاران ئوسکورت کرد.

ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، پەڵەی ڕەشە بە نێوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە و زیندووترین بەڵگەی بەڵگەی تێرۆریستبووونی ڕێژیمێکە نەک هەموو نەتەوەکانی ئێرانی بە بارمتە گرتووە، بەڵکوو لە ڕێگای تێرۆریزم و بارمتەگرتنەوە گوشار دێنێ بۆ سەر وڵاتانی دیکەش تاکوو مانەوەی ئەم ڕێژیمە نگریسە قبووڵ بکەن، هەروەها ٢٢ی پووشپەڕ پرسیارێکی گەورەی کوردستانە بەرەوڕووی دەوڵەتی ئوتریش کە دەبێ ڕۆژێک هەر وەڵام بداتەوە.

لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨دا، ناوەندی بڕیاردەری تێرۆریستی لە تاران پێی وابوو کە بە شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو، ئیدی وێڕای نەمانی

جەستەی قاسملوو، بیر و هزر و ڕێگاکەشی ون دەبێ و ڕێژیم دەتوانێ بە خەیاڵی ئاسوودە درێژە بە ستەمکارییەکانی بدا و ئیدی بەربەستێکی بۆ نامێنێ. بەڵام هەرچێ ڕێژیم لە تێرۆریزمدا سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی بە شێوەی ترسنۆکانەی تێرۆریستیەوە زەبر لە باڵای نەتەوە و خەباتی کوردستان بوەشێنێ، بەڵام لە کوێرکردنەوەی ڕێگای خەباتدا ناسەرکەوتوو بووە وقۆناخ بە قۆناخ خەباتی نەتەوەکان لە ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد، بەربڵاوتر و گەشەسەندووتر بووە.

هۆکاری سەرەکیی باڵاکردنی خەبات لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ بناخەدار بوونی و هەڵقوڵاویی لە نیو ویستی نەتەوەی کورددا و هەروەها بەردەوامیی هزری ڕێبەری مەزنی ئەم خەباتە واتە دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ زانایی و بیرمەندی و بلیمەتیی کە بە خوێنی خۆی ڕێگا و ڕێبازەکەی درەوشاوەتر کرد.

لە ٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵدا وێڕای یادکردنەوە لە ڕێبەری شەهید و هەروەها شەهید عەبدوڵڵا قادریئازەر و هەموو شەهیدانی کوردستان، ئاوڕێکی کورت لە یەکیک لە کۆڵەکەکانی هزری دوکتور قاسملووی مەزن دەدەینەوە کە وانەی گرنگ و هەتاهەتایین بۆ ڕێبواران و ئۆگرانی قوتابخانەکەی.

دوکتور قاسملووی نەمر لە وانەکانی ئابووریی سیاسیدا کە لە زانکۆی دێموکرات بۆ دەورەی بەرزی کادری بەڕێوە چوو، وێرای باس لە سیستمی جیاوازی ئابووری و هەروەها شیکردنەوەی ئابووریی سیاسی، دەڵێ کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات بۆ دوارۆژی وڵاتەکەمان کوردستان، سیستمێکمان دەوێ کە دادپەروەیی تێدا هەبێ و ئەو دادپەروەرییە لە سیستمی سۆسیالیستیدا وەدی دێ، بەڵام سۆسیالیزمێکمان دەوێ کە خەڵک بتوانێ قسەی خۆی بکا، ئەندامی حیزبەکەمان بتوانێ قسەی خۆی بکا. ڕەنگە بپرسن مەگەر لە وڵاتانی سۆسیالیستیدا خەڵک مافی قسەکردنی نییە؟ نەخێر مافی قسەکردنیان نییە و ڕەنگە ئێوە نەتاندیبێ، بەڵام من کە دیومە دەزانم ئەو مافەیان نییە و خۆ ناکرێ لەگەڵتان ڕاست نەبم.

چ لەو دەورەیەی کادری بەرز و چ لە کتێبە بەناوبانگەکەی واتە «کورتەباس»ێک لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک، و چ لە چەندین

نووسراوە و وتاری دیکەدا، دوکتور قاسملوو تا ناوی سۆسیالیزم دێ، بەدوایدا باس لە دێموکراسی و ئازادی و مافی ڕادەربڕینی خەڵک دەکا و دەڵێ کە ئێمەی دێموکرات وێرای سۆسیالیزم، دێموکراسیشمان دەوێ.

پێداگریی دوکتور قاسملوو لەسەر دێموکراسی لە زۆربەی نووسین و لێدوانەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە و تەنانەت لە دروشمی ستراتژیکی حیزبیشدا کە ئەو کات دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو، پێداگری لەسەر دێموکراسی دەکاتەوە و کاتێک شیکاری لەسەر ئەو دروشمە دەکا، دووبارە بایەخی دێموکراسی و ئازادی باس دەکاتەوە.

ئازادی لای دوکتور قاسملوو، تەنیا دروشم نەبووە و پێداگریی لە هەموو بابەتەکاندا لە سەر ئـازادی لە حاڵەتی دروشـم و ڕێکار دەچێتە دەر و دەرخەری بڕوای ئەو ڕێبەرە بلیمەتەیە کە کاتێک باس لە ئاازدی دەکا دەڵێ، ئازادی کەرامەت دەدا بە مرۆڤ و نایەڵێ ببێتە مۆرە. بەڵام ئەو ئازادییە لای دوکتور قاسملوو چ مانایەکی هەیە و لەسەر چ بناخەیەک ڕاوەستاوە؟

لە مێژووی هزرینی مرۆڤەکاندا باسێکی قووڵ و مشتومڕێکی بەردەوام لە نێوان لایەنگرانی دوو چەمکی گرنگدا هەبووە: «ئازادی و بەرابەری».

لایەنگرانی ئازادی پێیان وابووە کە ئازادی ڕەسەنترە و بەرابەری شتێکی هاوپێچە یان لە هەندێ بیری توند و ڕاسترەوتردا پێیان وابووە کە بەرابەری تەنیا تراویلکەیە دەبێتە پاساو بۆ پێشێلکردنی ئازادی.

لایەنگرانی بەرابەریش پێیان وابـووە کە بەرابەری ڕەسەنە و ئازادی وەهمێکە کە بۆرژواکان بۆ داپۆشینی بێدادی و ستەمکاریەکانیان باسی دەکەن.

لە نووسین و لێدوانەکانی دوکتور قاسملوودا کە دەگەڕێی و وەردی دەدەیەوە، بەرابەری وەکوو جەوهەرێک وایە کە دەبێ لە هەموو ڕەهەند و قوژبنێکی کۆمەڵگەدا ڕەنگی دابێتەوە. دوکتور قاسملوو لە بەرابەریی نێوان مرۆڤەکانەوە دەست پێ دەکا و دەگاتە بەرابەریی نێوان کۆمەڵگەکان. لەو نێوەدا بەرابەریی چینەکان و تەنانەت بەرابەریی ڕەگەزە جیاوازەکانیش فەرامۆش ناکا و پێی وایە کە کۆمەڵگە بۆ ئەوەی گەشە بکا و سەقامگرتوو بێ و ستەمکاریی تێدا نەمێنێ، دەبێ بەرابەریی تێدا جێگرتوو و ڕەگداکوتاو بێ.

لە سیمای دێموکراتدا کاتێک دەڵێ کە دێموکرات دژی هەر جۆر چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسانە؛ بڕوای وایە کە هەموو مرۆڤەکان لە جەوهەری خۆیاندا هاوتان و دەبێ مافی ئینسانیی وەک یەکیان پێ بدرێ و هەرجۆرە هەڵاواردن و ستەمێک کە مرۆڤێک سەرتر لە مرۆڤی دیکە لەبەرچاو دەگرێ وەلا بنرێ.

لە کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک و لە شیکردنەوەی کورتەباس و دواتر لە وانەکانی ئابووریی سیاسییشدا دەڵی کە ناکرێ مرۆڤەکان بەرابەر نەبن و هەڵاواردن لە نێوانیاندا هەبێ و گرووپێک بە سەر گرووپی دیکەدا بەرتەریی بدرێ و ئیدیعاش بکەی کە ئازادییان هەیە. ئازادییان کاتێک دەتوانێ جێبەجێ بکەن کە بەرابەریی مافی ئینسانییان ڕەچاو کرابێ.

لە بەرابەریی نێوان مرۆڤەکاندا تەنیا دەرفەت و دەرەتانە ئابووریەکان لەبەرچاو ناگرێ بەڵکوو تەنانەت کەلتووری جیاواز و ئایینی جیاواز و زاراوەی جیاوازیشیان لەبەرچاو دەگرێ و دژی هەرجۆرە بێڕێزییەکە بە جیاوازییەکانی مرۆڤەکان. لە بەشێکی گرنگی بەرابەریی مرۆڤەکاندا دەگاتە بەرابەریی ڕەگەزی یان جینسی و بە واتایەکیتر بەرابەریی ژن و پیاو.

لە وانەکانی ئابووریی سیاسیدا دەڵێ:

«... نیوەی دانیشتووانی وڵاتێک ژنن و هەرچی ئەوان زیاتر بەشداری بکەن لە موبارزەدا، لە ئیجتیماعدا، دیارە ئەوەندەش بۆ ئێمە، بۆ وڵاتەکە پێشکەوتووترە. ئێستا لە باری فەرهەنگی و سیاسییەوە هەرچی ژن زیاتر بەشدار بێت لە ئیدارەکردنی وڵاتەکەدا و هەرچی حەق بڵێین نزیک بێتەوە بەتەواوی بە پیاو، ئەوەندە ئەو وڵاتە پێشکەتووترە. ... کەوابوو لە هەموو بارێکی دیکەوە بەرابەریی تەواویان هەبێت و ئەوە زۆر موهیمە.»

لە درێژەدا باسی ئەوە دەکا کە لەنێو حیزبی دێموکراتدا ئەوە وەکوو بەرنامە پەسند کراوە و شانازیی پێوە دەکەین بەڵام ئەوەی لەبیر ناچی کە ڕەخنەش دەگرێ و دەڵێ کە ڕێگایەکی دوورترمان لەبەردەمە چوونکە هەرچەند وەکوو بەرنامە پەسندمان کردووە و ڕەنگە زۆرجار باسی دەکەین کە ژنان بەشدار بن لە حیزبایەتی و سیاسەتدا بەڵام کە دەگاتە سەر ژن و دایک و خوشکی خۆمان دووبارە هەمان نەریتی کۆن لە نێو میشکماندا

زیندوو دەبێتەوە و دژی دەبین!

لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوودا، بەرابەریی ژن و پیاو، دەبێ جگە لەو شتانەی سروشتی جیاوازی ژن و پیاوان، لە هەموو شتی دیکەدا بەرقەرار بێ و دەڵێ کە ئەوە هەم بۆ ئێمەی دێموکرات گرنگە، یانی لە باری هزری و باوەڕەوە بڕوامان وایە کە ژن و پیاو بەرابەرن؛ هەم لە باری پێشکەوتنی کۆمەڵگەشەوە، هەرچی ژن و پیاو لە بەرابەریی تەواو نزیکتر بن، کۆمەڵگە پێشکەوتووترە.

دوکتور قاسملوو لە بەرابەریی مرۆڤەکانەوە ئاکام وەر دەگرێ و دەگاتە بەرابەریی گرووپە جیاوازەکان و پێی وایە کە هیچ چین و توێژێک نابێ بێڕێزیی پێ بکرێ و نابێ ستەم و چەوسانەوە دژی هیچ چین و توێژێک لە کۆمەڵگەدا هەبێ. بەرابەری لای دوکتور قاسملوو لە گرووپ و چین تێدەپەڕێ و دەگاتە نەتەوەکانیش. لای دوکتور قاسملوو وێڕای مافی سرووشتیی هەر نەتەوەیەک بۆ ئیدارەکردنی خۆی، پێی وایە کە هەموو نەتەوەکان بەرابەرن و نابێ هیچ نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەی دیکەدا زاڵ بێ. شۆڤێنزیم لە هەموو ڕەنگ و وبۆن و جلێکدا ڕەد دەکاتەوە.

لە نووسراوەیەکدا کە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی نووسراوە و وەڵامی کەسێک بەناو «ماکان» دەداتەوە باس لە بەرابەریی نەتەوەکان دەکا و پێداگری لەسەر بەرابەر و هاوتابوونی نەتەوەکان دەکاتەوە. ماکان کەسێک بووە کە گوایە بیری چەپ و مارکسیستیی هەبووە و لە ڕوانگەیەکی مارکسیستیەوە مافی کورد دەباتە ژێر پرسیار و بوونی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران وەکوو ئەفسانە ناو دەبا. دوکتور قاسملوو وەلامی ماکان دەداتەوە و لەوێدا بەوردی باس لە نەتەوەبوون و مافە سرووشتیەکانی نەتەوەی کورد تەنانەت بە مافی جیابوونەوەشەوە دەکا. لە برگەیەکی وەڵامی دوکتور قاسملوو بۆ ماکان هاتووە:

« ڕێژیمی کۆنەپەرستی شا و دەسەڵاتی ئیمپریالیزم تەنیا بە خەباتی هاوبەشی هەموو گەلانی ئێران دەتوانێ سەرەونخوون بکرێ. خەباتی هاوبەش پێویستی بە دانپێدانانی بوون و وەک یەکیی مافی هەموو گەلانی ئێران هەیە. ... ئەوە تەنیا ڕێگای ڕاکێشانی دڵنیایی نەتەوەکانی زۆرلێکراوی ئێرانە و تەنیا هۆی پێکهێنانی یەکیەتیی داخوازانەو  پێوەندیی بەهێزی

ئەوانە لە ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا.»

لێرەدا و لە باسێک لە سەر دروشمی ستراتژیکی حیزب و لە چەند نووسراوی دیکەشدا، دوکتور قاسملوو وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر فاکتۆرەکانی نەتەوەبوونی کورد و مافی سروشتیی کورد بۆ ئیدارەکردن و بڕیاردان لەسەر خۆی، لە ڕوانگەی بەرابەریی نیوان نەتەوەکانیشەوە باس لە مافی هاوتای کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەت نەتەوەی فارس دەکا و دەڵێ کە نە خۆمان لە فارس بە سەرتر دەزانین و نە سەروەریی ئەوانمان قبووڵە. ئێمە تەنیا و تەنیا هاوتابوون وبەرابەریی نێوان نەتەوەکانمان قبووڵە. لە دەروازەی بەرابەریی نێوان نەتەوەکانیشەوە دەڵێ کە هەر نەتەوەیەک دەبێ ئازادانە و بۆخۆی بریار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا و گەر دەیانەوێ پێکەوە بمێنن دەبێ ئەو یەکیەتی وپێکەوەمانەوە داخوازانە و بە ویست و ئیرادەی ئازادی خۆیان بێ نەک بە ستەمکاری و زۆرەملێ.

بەکورتی بەرابەری لای دوکتور قاسملوو جەوهەری مرۆڤبوون و پێکەوەژیانی کۆمەڵگە و گەشەکردنە و ئەو بەرابەریە بناخەیەکە کە ئازادیی تێدا گەشە و باڵا دەکا. پێی وایە گەر لە شوێنێک ئازادی گەشەی نەکرد بە دڵنیاییەوە بەرابەرییەکەش بوونی نیە و ناکرێ بەرابەریی جەوهەری هەبێ و ئازادی خۆی دەرنەخستبێ.

رێباز و ڕێگای قاسملوو بۆیە ئێستەش کۆشکی ستمەکاران دەلەرزێنێ چوونکە وەهم و تراویلکەکانیان لێ بەتاڵ دەکاتەوە و مەشخەڵانی ڕاسانەوە و کۆڵەکەکانی هزری شۆڕشی ژیانە!

# واقیعبینیی سیاسی،
# پرسی کورد و شۆڕشی ژینا
# لە ئەندیشە و هزری دوکتور قاسملوودا

ناسر ساڵحیئەسڵ

بە چاوخشاندنیک بە سەر لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی ڕەوای نەتەوەیی کورددا، دەردەکەوێ کەم نین ئەو سەرکردە و ڕێبەرانەی بزاڤی نەتەوایەتیی گەلی کورد، کە بە شێوەی فرت و فێڵ و لە سەر سفرەی خوانی خەیانەت، خوێنیان لەپێناو مافی نەتەوایەیتی گەلی کورد بە ناحەق ڕژاوە. تیرۆرکردنی ڕێبەر و سەرکردەکانی کورد ئەویش نە لە مەیدانی شەڕ و هێرشدا بەڵکوو لە سەر میزی فرت و فێڵی وتووێژدا بووەتە نەریتێکی حاکمانی دەسەڵاتدار لە ئێراندا. ئەو شێوە پیلانگێڕییە بەدرێژایی مێژوو و بە تایبەت لە سەردەمی ڕەشی قەجەرییەکان، پەهلەوییەکان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە پەنا شەڕ و کوشتار و قەڵاچۆکردنی خەڵکی کورد، وەک چەکێکی کاریگەر دژ بە نەتەوەی کورد کەڵکی لێ وەرگێراوە. هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە دزێوەکانی خۆیان و سڕینەوەی بزاڤی میللی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە هەموو جۆرە پیلانێک بۆ سەرکوتی ئەم بزاڤە کەڵکیان وەرگرتووە و بەکارهێنانی هەموو جۆرە پیلان و فرت و فێڵێکیان بۆ لەنێوبردن و کەپکردنی دەنگی ئازادیخوازانی نەتەوەی کورد و بەتایبەت بۆ لە نێوبردنی ڕێبەرانی کورد بە ڕەوا زانیوە.

یەکیک لەو ڕێبەرە بلیمەت و هەڵکەوتوو و ناوداری کورد، دوکتور عەبدوالرەحمن قاسملوویە کە لە لایەن دیپلوماتە تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە سەر میزی وتوویژ لە وڵاتی ئوتریش تیرۆر کرا. لیرەدا ئاماژە بە هێندیک تایبەتمەندی و کاریگەری ئەندیشە و هزری دوکتور قاسملوو بە سەر ڕووداوە گرینگەکانی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد دەخەینە بەر باس و لیکدانەوە.

**دوکتور قاسملوو و دیپلوماسی و پرسی کورد:**

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، خەباتی و تیکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێی نایە قوناخێکی دیکەی تێکۆشانەوە. عەبدولڕەحمان قاسملوو یەکیک لەو ئەستیرە دەرەوشاوانەی ئاسمانی کورد و کوردستان بوو، کە بوو بە پێشەنگی خەباتگێران و شۆڕشگیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. قاسملوو هەر لە کاتی لاوییەوە پێوەندی پتەوی لەگەڵ بزاڤی گەلی کورد هەبوو، و هەر زوو بیروباوەڕ و ئەندیشەی ئازادیخوازانەی لە مێشک و دەروونیدا شکڵی گرت. محەممەد ئاغای باوکی یەکێک لەو کەسانە بوو کە لەگەڵ چەندین کەسایەتیی کورد سەفەری ڕەسمیی یەکیەتیی سەڤیەتیان کردبوو. دوکتور قاسملوو بۆخۆی دەیگێڕێتەوە: «ئەو کات تەمەنم ١١ ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی دیکەی کورد سیاسەت سەرەنجی ڕاکێشابووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی شاندی کورد بوو. زۆر باشم لەبیرە کە لە باکۆ گەڕایەوە یەک تا قەند و تاپڕێکی باشیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. لە گەڵ ئەوەی من ئەو کارەی بابم زۆر پێ سەیر بوو. چونکە ئەوان وەک دیپلوماتی کورد چووبوون بۆ باکۆ تا یەکیەتیی سوڤیەت ببێتە پشت و پەنای کورد بۆ ئەوەی لە مافەکانی گەلی کورد پشتیوانی بکات! بۆیە من ڕاست و ڕەوان لە بابم پرسی ئەدی مافی کوردان چیی لێ هات»؟

هزر و تێکۆشانی دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو، هەر لە سەرەتای کاری سیاسییەوەی وەک کەسایەتییەکی دیپلومات، بریتی بوو لە ناساندن و بەنێونەتەوەییکردنی پرسی کورد و ڕاکێشانی پشتیوانیی وڵاتان و گەلانی جیهان بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگای دانوستان و وتوویژەوە.

دوکتور قاسملوو گەورە دیپلوماتی کورد، کەسایەتییەکی واقعبین و ڕیئالیست بوو. هەر بۆیە وەک یەکەم مێعماری پێوەندییە گشتییەکانی خەباتی سیاسیی هاوچەرخی کورد، توانی بە کردەوە بناغەی بنەماکانی دیپلۆماسیی کوردی بە زمان و شکلێکی سەردەم و دێموکراتیک دابرێژێت. دوکتور قاسملوو بۆ پێناسەکردنی سیاسەت و دیپلماسی کوردی دەڵێ: «لە سیاسەتدا ڕەش و سپی نیە! هەموو شتێ یا هیچ شتێک. هەر کەس ئاوا سیاسەت بکا سەر ناکەوێ. با ئیعتراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەماندا سیاسەتەکە ئەوە بووە، یا هەموو شتێ یا هیچ شتێک … نەتیجەکە بووەتە چی؟! بوەتە «هیچ». لە سیاسەتدا زۆر جار هەیە دوو هەنگاو دەچیتە پێش، شتێک وەردەگری، دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دیکە. ئەوە سیاسەتە و ناویان ناوە هونەری مومکن».

دوکتور قاسملوو لە ماوەی ژیانی خەباتی سیاسی و تێکۆشانیدا بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆیەوە بە شێوازی جۆراوجۆر توانیویتی، بیروباوەڕ و هەڵویستی و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە شێوەی دیپلوماسیی سەردەم و مودێرن، لە زۆر کۆڕوکۆبوونەوەی نێونەتەوەیی و حیزبە سۆسیالیست و دێموکراتەکانی ئورووپادا باس بکا و پرس کورد بەجیهانی بکات. ئامانجی بەشداریی کردنی دوکتور قاسملوو، لە دانیشتن لەو کۆر و کۆبوونەوانەدا، ناساندن و شیکردنەوەی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد و بێبەشبوونی نەتەوەی کورد لە مافە سەرەتاییەکانی و بانگخوازیی ئاشتی و ئازادی و دێموکراسی و مافی مرۆڤ بووە. ئەم هەوڵدانەی شەهید قاسملوو لای بەشی زۆری سیاسەتمەدار و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسانی بیانی و تێکۆشەرانی سیاسی پارچەکانی دیکەی کوردستان، جێگای سەرنج بوو. هەر بۆیە لە هەموو دەرفەتەکان بۆ بەشداریکردن لە سمینار و کۆنگرەکانی ڕێکخراوەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست و حیزبە سۆسیالیست و دێموکراتەکانی ئورووپا کەڵکی وەرگرتووە بۆ ئەوەی پرسی کورد و پێشێلکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیان لەگەڵ بێنێتە بەر باس و دوست و پشتیوانیی سیاسیی بۆ پەیدا بکات. بە هەوڵ و تێکۆشانی دوکتور قاسملوو بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەم حیزبی کوردی بوو بە ئەندامی چاوەدێر لە ڕێکخراوەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست.

پێکهێنانی کۆنگرەی پاریس بۆ پرسی کورد هەوڵێکی دیکەی د. قاسملوو بوو. لە کۆنگرەی پاریسدا قەرار بوو پرسی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا شرۆڤە بکا و ڕێگاچارەی بۆ دەست نیشان بکات. بەڵام بەداخەوە زوو دەستی تاوان گەیشتە سەری و پاش تیرۆرکرانی بە دەستی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەو کۆنگرەیە بە ناوی قاسملووی شەهیدەوە ناودێر کرا و بە سەرپرستی مادام دانیل میتران و بەشداریی یار و جێگرە وەفادارەکەی، دوکتور سەعید شەرەفکەندی لە پاریس بەڕێوە چوو. لە ئاکامدا کۆنگرەی پاریس خولیا و خەونە کەسکەکەی قاسملووی مەزنیان وەدی هێنا و لەودا دان بە مەسەلەی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی نرا و پێداگری لە سەر باوەڕ و ئەندیشەی قاسملوو ڕێبەر کرایەوە کە چون لە پاش ئاگربەستی شەڕی ئێران و عێراق لە توی نامەیەکدا بۆ سکرتێری گشتی ئەوکاتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی لەوە کرد کە بە بێ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد، ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست سەقامگیر و بەرقەرار نابێت.

## دوکتور قاسملوو و خەباتی پارلمانی:

لایەنێکی دیکەی ژیانی خەباتی سیاسی و دیپلوماسیی د. قاسملوو خەباتی پارلمانی بوو. لە سەردەمی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامیدا هەر چەند هەر لە سەرەتاوە خومەینی دژایەتیی لە گەڵ مافەکانی گەلی کورد دەست پێ کرد و بە ڕشتنی خوێنی کوردان و دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینی، دژبە نەتەوەی کورد، نێوەرۆکی خۆی بۆ هەموو لایەک دەرخست. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور قاسملووی لە خۆلی یەکەمی مەجلیسی مۆئەسیسانی یاسایی بنەڕەتیدا لە پاریزگای ورمێ کاندیدا کرد و وەک نەفەری یەکەم لەو پاریزگایە دەنگی زۆرینەی خەڵکی مسۆگەر کرد. بەڵام بە هۆی هەرەشەی خومەینی، دوکتور قاسملوو لە کردنەوەی مەجلیسی موئەسیسانی یاسای بنەڕەتی ئێران بەشداریی نەکرد.هەروەها حیزبی دێموکرات لە خولی یەکەمی مەجلیسی شوڕای میللی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕەشەممەی ١٣٥٨ی هەتاویدا بەشداریی کرد و لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی

کوردستان بەربژێرەکانی حیزبی دێموکرات، دەنگی زۆرینەی خەڵکی کوردیان مسوگەر کرد. بەڵام ئیزن بە هیچ کام لە نوێنەرانی هەڵبژێردرای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی خومەینی نەدرا کە بەشداریی کرانەوەی مەجلیسی شوڕای میللی ئێران بن.

**دوکتور قاسملوو و وتوویژ:**

شەهید دوکتور قاسملوو بڕوای وابوو «ئەخلاق لە سیاسەت»دا پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتن لە خەباتی ڕەوا و ئاشتیخوازانەدا و، دەبێ کەڵکی لێوەرگری. تا کێشە سەرەکییەکان لە ڕێگای وتوویژەوە چارەسەر بکرین. بۆیە هەمیشە ڕوو بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەیگوت: مەسەلەی کوردستان ڕێگاچارەی نیزامی نییە. هەر چەند دوکتور قاسملووی ئاشتیخواز، هەر لە سەرەتاوە نیازپاکیی خۆی بە کاربەدەستانی ڕێژیمی خومەینی پێشان دا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بە شێوەی وتوویژ و بە ناردنی شاندی دانوستانکار لە گەڵ ڕێژیمی خومەینی، هەوڵی چارەسەر کردنی ئاشتییانەی کێشەکانی لە گەڵ ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوودا، بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان بە دانانان بە مافەکانی گەلی کورد نەبوو و بە فتوای جیهاد و کوشتار و ئێعدام و هێرشی نیزامی وەڵامی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دایەوە.

سەبارەت بە مەسەلەی وتوویژ لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو، ڕێزدار کاک مستەفا هیجری، لە وتوویژێکدا دەڵێ: «دوکتور قاسملوو بناغەی خەباتی کوردی لە کوردستانی ئێران لەسەر خەباتی سیاسی بینا کردبوو و لە بنەڕەتڕا باوەڕی بەوە نەبوو کە کورد بە خەباتی چەکداری مافی خۆی دەتوانێ بەدەست بێنێ». کەوابوو حیزبی دێموکراتی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەڵکی تاکتیکی لە خەباتی چەکداری وەرگرتووە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی تاران، ناچار بکا لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورددا وتوویژ بکات.

یەکەمین خولی وتوویژەکان لە نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد و کۆماری ئیسلامی کاتێک ئەنجام دران کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پاش

شەڕی نەورۆزی شاری سنە، شەڕی پاوە و فیتوای جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاویژی ١٣٥٨ی هەتاوی و شەڕی سەرانسەریی سێ مانگەدا، هێزە چەکدارەکان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شکستیان هێنا و خومەینی لە ٢٦ی گەلاڕێزانی هەر ئەوساڵەدا ئامادەیی خۆی بۆ وتوویژ ڕاگەیاند. هەڵبەت پاشان بۆ حیزبی دێموکرات دەرکەوت کە «مەبەستی ڕێژیمی خومەینی لە پێشنیاری وتوویژ بەدەستهێنانی کات بۆ ڕێکخستنەوەی هێزە پەرش‌وبڵاوەکانی خۆی بوو. بەڵام سەرەڕای فرت و فێڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرگیز حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەسەلەی وتوویژی وەلا نەنا. هەروەها خاڵی گرنگ سەبارەت بە وتوویژ ئەوەیە، کە دوکتور قاسملوو لە باسێکدا بۆ پێشمەرگەکانی مەڵبەندی شیمالی کوردستان، چەند مانگ دوای کۆتایی شەڕی نێوان عێراق و ئێران، دەڵێ:

«لە واقعدا ئەمن [حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران] شەڕ دەکەم بۆ موزاکرە. کەوابوو ئێمە دەڵێین موزاکرە دەکەین، بەڵام موزاکرە بۆ چی؟ موزاکرە بۆ دێموکراسی و خودموختاری. ئەگەر ڕێژیمی خومەینی ڕۆژێک هات گوتی من حازرم خودموختاری بدەم بە شێوەیەک کە حیزبی دێموکرات مەوافیقەتی دەگەڵ بکا، ئەو وەختە ئێمە بە میللەتی کورد بڵێین چی؟ [...] مەنزوورم ئەوە نییە کە خومەینی شتی وا دەڵێ، پێموابێ تا خومەینی مابێ شتی واناڵێ.»

هەر چەند دوکتور قاسملوو گومانی هەبوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، وڵامدەرەوەی داخوازییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. بەڵام دوکتور بۆ جاریکی دیکە پاش ماوەیەکی کورت دوای مەرگی خومەینی، پێشنیاری وتوویژی ڕێژیمی قبووڵ کرد. قەبووڵکردنی وتوویژ لەلایەن دوکتور قاسملوو لە گەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بوو. چونکە دوکتور قاسملوو، بەدووری دەزانی لە کورت‌ماوەدا دەسەڵاتدارانی ئێران و عێراق بە ڕاگرتنی شەڕ بتوانن کێشەکانیان وەلا بنێن و ئاشتی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستان بەرقەرار بکەن و ئاشبەتاڵ بە بزوتنەوەی کورد بکەن. کەوابوو دەبێ کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران فاکتەرێکی گەلێک گرنگ بووبێ لە لێکدانەوەی دوکتور قاسملوو سەبارەت بە ئیمکانی

بەردەوامبوونی شێوەی خەباتی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان! هەر بەپێی ئەو لێکدانەوەیە بوو کە دوکتور قاسملوو پێشنیاری هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەوکاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ وتووێژکردن قەبووڵ کرد و بە دەرفەتێکی باشی زانی بۆ پێشگرتن لە لاوازیی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. کە بەداخەوە ڕێژیم کەڵکی نارەوای لە ئەخلاق لە سیاسەتی دوکتور قاسملوو وەرگرت، خستییە داوی خیانەتەوە و شەهیدی کرد.

**ئەندیشە و هزری دوکتور قاسملوو لە شۆڕشی ژینادا:**

دوکتور قاسملوو لانیکەم لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی بەملاوە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە چەندین مەترسی و هەڵدێری تێداچوون دەرباز کردووە.

یەکەم: لە پاشکۆبوون و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی!

دووهەم: هێژمۆنیی توودەییزم!

سێهەم: تێپەڕین لە قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران!

هەر بۆیە لە شۆڕشی ژینادا ڕێباز و مەکتەبی شەهید قاسملوو، مەشخەڵی ڕووناکیبەخشی ڕاپەڕین و شۆڕش بوو. چونکە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کردەوەدا پێشانیان دا کە ئەندیشە و هزری دوکتور قاسملوو چرای ڕێگای خەباتیانە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە ڕەواکانی گەلی کورد. خەڵکی ڕاپەریوی کورد، لە ڕاپەڕین و شۆڕشی ژینادا، بە بەشداریکردن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و خۆ ڕێکخستن لە چوار چێوەی کاری ڕێکخراوەیدا - (ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگە ئێمەیە) - شان بە شانی یەکتر بە دروشمی «قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە» بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ماف و ئازادی نەتەوەکەیان شەقامیان کرد بە ناوەندی خەبات و تێکۆشان.

یەکیک لە ڕەهەندە هەرە بەهێزەکانی شۆڕشی ژینا کە هەڵقوڵاوی بیری قاسملوو بوو، بەشداریی بەکردەوەی ژنان بوو، کە لەلایەک ببوو بە بەردی بناغە و پرەنسیبی خەباتی شەقام و لەلایەکی دیکەوە بوو بە داینەمۆ و

جووڵەی خێرایی ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە شۆڕشی ژینا دەنگدانەوە و خێرایی زیاتر لە کوردستان و ئێران و جهان بەخۆیەوە بینێت.

ڕەهەندێکی گرینگی دیکەی شۆڕشی ژینا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە هەوڵدان بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی گەلانی ئیران بوو. ئەو یەکیەتی و یەکگرتوویی کە هەڵقوڵاوی باوەڕ و هزری دوکتور قاسملوو بوو کە لە شۆڕشی ژینادا توانی ببێتە پردی یەکیەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵگەی فرەنەتەوە و ئیتنک و ئایینزای ئێران. هەر بۆیە لە ماویەکی کورتدا شۆڕشی ژینا سەرتاسەری جوغرافیایی ئێرانی گرتەوە و کوردستان بوو بە چاو و چرای گەلانی ئێران.

حەقیقەت ئەوەیە کە ئەندیشە و مەزنایەتیی قاسملوو بوو کە ڕیزەکانی خەڵکی لە شۆڕشی ژینا تۆکمە و ورە و وزەی حەرەکەتی پێ دەدا و گیانێکی نۆی بەبەردا دەکرد کە لەلایەک هیوا و متمانەبەخۆیی بە خەڵک بەخشی و لە لایەکی دیکەوە، گوتاری حیزبی دێموکراتی بردە سەر شەقام و تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کرد، واتە گەڕانەوە سەر ڕێچکەی ئەسڵیی خەبات، هەروەک کاک دوکتور قاسملوو دەڵێ: «خەباتی ئەسڵی، خەباتی خۆمانە لە نێوخۆی کوردستانە». ئەم بە دەنگەوە هاتنەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر لە لایەکەوە شانازییە بۆ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لەلایەکی دیکەوە، بەرپرسایەتییەکی قورستریان دەخاتە سەر شانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، ئەویش مودیرییەت کردن و پێشخستنی شۆڕشی ژینایە و جێگیر کردنیەتی کە پێویستە میکانیزمی گشتاندنی پەیامی بەرخۆدانکارانە یان بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕۆژانە بدۆزینەوە و بەڕۆژیان بکەین تا بە بەشدارکردنی هەرچی زیاتری خەڵک لە ڕەوت و پێشخستنی شۆڕشی ژینادا، وێنای هەبووی ناچالاکبوون بسڕینەوە و بەرخۆدان وەکوو کولتوور و کردارێکی ڕۆژانەی تاک و کۆ دەربهێنین. چونکە بە دڵنیاییەوە ئەم ڕابوون و ڕاسانەوەی کە لە شۆڕشی ژینادا هاتە ئاراوە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێت.

# مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافێك بۆ هەموو وەرزەکان

مێهدی مێهرپەروەر

ئێمە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان دەکەین و لە ڕێگای وەدەستهێنانی ئەو مافەشدا بەهەموو تواناوە تێدەکۆشین. ئێمە دڵنیاین کە هیچ ڕێژیمێك لە ئێران ڕێژیمێکی بەڕاستیی گەلی، دادپەروەر و دێموکراتیك نابێ، ئەگەر نەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی کە یەکێك لە گیروگرفتە بنەڕەتییەکانی وڵاتی ئێمەیە چارەسەر بکا. د. قاسملوو

**نەتەوەی کورد بەدرێژایی مێژوو بەتایبەت لەدوو سەدەی ڕابردوودا بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خەباتی کردووە و لەو پێناوەدا بە دەیان ڕاپەڕینی مەزنی دژی داگیرکەرانی کوردستان بەڕێوە بردووە.**

**لەسەدەی نۆزدەیەمدا بزووتنەوەکانی بابان، میر محەممەدی ڕەواندز، بەدرخان، یەزدانشیر و بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە سەرەتای ناسیۆنالیزمی کوردی و یەکەمین بزووتنەوەی سەربەخۆییخوازیی لەدژی دوو دەسەڵاتی عوسمانی و ئێران بووە. هەروەها بزووتنەوەکانی دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم هەوڵدان بووە بۆ بەدەستهێنانی مافێکی سەرەکی کە لەودا گەلی کورد بتوانێ چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دیاری بکا، واتە بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس.**

ئەوە حەقیقەتی مێژووییە کوردستان، خاکی کوردان بەبێ پرس و لەلایەن داگیرکەران و وڵاتانی زلهێزەوە دابەش کراوە و بەچەندین ڕێککەوتننامەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی شووم دژی بەرژەوەندییەکانی کورد ئیمزا کراوە، وەک پەیمانی زەهاو، ئەرزروم، سایکس پیکۆ و لۆزان. لە بەرانبەردا و هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاهیدی چەندین بزووتنەوەی بەهێزی نەتەوەیی دژی دەسەڵاتدارانی ئێران بووین کە لە کۆماری کوردستاندا بە لوتکە گەیشت و گەلی کورد توانی لە بەشێک لە خاکی کوردستاندا بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی خوسەپێن کاروبارەکانی خۆی لە هەموو ڕوویەکەوە بەڕێوە ببا. هەر چەند تەمەنی کۆمار تەنیا یازدە مانگ بوو و لەگەڵ زۆر کێشەی نێوخۆیی و دەرەوە بەرەوڕوو بوو، بەڵام دانیشتووانی کۆماری کوردستان هەستیان کرد سێبەری ڕەشی داگیرکەریان بەسەرەوە نەماوە و دەتوانین ڕۆڵیان هەبێ لە خۆبەڕێوەبەری.

بە ڕووخانی کۆمار هەستی نەتەوەیی و ڕزگاریی خاک نەک هەرەسی نەهێنا، بەڵکوو بۆ نەوەکانی دوای خۆی گوازرایەوە و مەشخەڵی پێشەوای نەمر کەوتە دەستێکی ئەمین. بەڵێ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەو کەسە بوو بە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی قەوارەی حیزبی دێموکرات و نووسینەوەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ گڕوتینێکی دیکەی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشی. دروشمی ستراتیژیی حیزب دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو. سەبارەت بە خودموختاری وەک یەکێک لە شێوازەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دکتۆر قاسملوو دەڵێ:

«ئەگەر خودموختارییەکی ڕاستەقینەمان دەست کەوت بەو مانایەیە کە «مافی چارەنووس»، جێبەجێ کراوە. مەسەلە ئەوە نییە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێ و ئاڵای تایبەتی و دراوی خۆمان هەبێ. هەر ئێستا زۆر میللەت ئەوانەیان هەیە – بەتایبەت لە ئافریقا کە پێشتر داگیرکرابوون و ئێستا ئازاد کراون – بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەن مافی دانانی چارەنووسیان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی ڕواڵەتیی سەربەخۆیی یان ئیستقلال، مانای ئەوە نییە کە میللەتەکە مافی دانانی چارەنووسی دەست کەوتبێ. عەکسی ئەوەش هەر ڕاستە».

لەگەڵ ئەوەی دوکتور قاسملوو لەو سەردەمەدا و بەپێی ڕەوش و دۆخی ئەوکاتی ئێران و ناوچە خودموختاریی پێ گونجاو بوو، بەڵام پێی وابوو کورد وەک هەموو نەتەوەیەکی سەر ئەم گۆی زەوییە مافی بێ ئەملا و ئەولای خۆیەتی سەربەخۆ بێ. دوکتور قاسملوو لە دوایین چرکەساتەکانی ژیانیدا لەکاتی دانووستان لەگەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بەچارەنووسی نەتەوەی کورد دەڵێ: «نەوەی ئێمە، نەوەی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانە، ڕەنگە نەوەی داهاتوو داوای سەربەخۆیی یان سۆسیالیزم بکات و ئێمە تەنیا بەرپرسیاری نەوەی خۆمانین». ئەم ڕوانینەی دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ بڕوای قووڵی بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسدا.

دوکتور قاسملوو لە کتێبی کوردستان و کورد سەبارەت بە مافی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد وەک یەکێک لە شێوازەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەڵێ: «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نییە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە بۆ نموونە جێبەجێکردنی مافی دانانی چارەنووس لە عێراق مانای جیابوونەوەی کوردستانی عێراق نییە، بەڵکوو یەکگرتنەوەی کوردستانی عێراق لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین مافی نەتەوەی کوردە بۆ یەکگرتنەوە لەنێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا».

هەر سەبارەت بە مافی کوردان لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەڵێ: «هەر ئەندازە یەکیەتیی کوردستان نامومکین و نادروست بێتە بەرچاو، حەق وایە کە مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە فەرمی بناسێندرێ. چونکە داننان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەکان بەبێ جیاوازی و هەڵاواردن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕادەی حەشیمەتی ئەو گەلە کە باسی لێوە دەکرێ و ڕادەی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی کە نەتەوەی ناوبراو تێیدا دەژی، بە مانای قەبووڵکردنی بیروبۆچوونەکانی ئەنترناسیۆنالیستی و مافی یەکسانیی گەلانە».

دوکتور قاسملوو بڕوای قووڵی بەوە هەبوو کە هەموو نەتەوەکان خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیانن، هەر بۆیە لەم پێوەندییەدا دەڵێ «ئەوە کە هەلومەرجی گونجاو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەبارە یان نا، ئەوە کە سەربەخۆیی نەتەوەیەک یان مانەوەی ئەو نەتەوەیە لەگەڵ چەند نەتەوەی دیکە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەوە کە نەتەوەیەک لەو مافەی خۆی کەڵک وەردەگرێ یان نا، ئەوە کە ئەو داوایە لە ژێر سێبەری ڕێژیمێکی سەرمایەداریدا ئیمکانی وەدیهاتنی هەیە یان تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی سوسیالیستیدا، نابێ ببنە هۆی حاشاکردن لەو ڕاستییە کە تەواوی نەتەوەکان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە.»

تەنانەت دوکتور قاسملوو لە گوشەنیگای مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکانەوە بیرۆکەی پیکهێنانی فیدراسیۆنێک لە دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەخاتە ڕوو و لە کتێبی «کوردستان و کورد»دا نووسیویەتی: «جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی بە هیچ شێوەیەک بە واتای جیاوازیخوازی نییە و بەپێچەوانەوە دوای ئەو سەربەخۆییە هەلومەرجی پێویست بۆ دروستبوونی یەکیەتیی نێوان تەواوی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە دەتوانێ لە شێوەی فیدراسیۆندا پێک بێ.»

لەنێو خاوەنڕایانی نەتەوەی فارسدا باس لەوە دەکرێ کە ڕەساڵەتی مافی دیاریکردنی چارەنووس تایبەت بە قۆناخێکی دیاریکراو لە مێژوودا بووە و ئێستا سەردەمی ئەم مادەیەی مەنشووری نەتەوەیەکگرتوەکان وەک مافی سەربەخۆیی نەتەوەکان بەسەر چووە و زیاتر لە چوارچێوە دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و گەرەنتی مافی کەمایەتییەکان پێناسە دەکرێ. هەر وەک پێشتر ئاماژەم پێ کرد دوکتور قاسملوو لە دوایین چرکەساتەکانی ژیانیدا ئەو پەیامەی بە دەسەڵاتدارانی ئێران گەیاند کە نەسڵی ئێمە نەسڵی دێموکراسی و خودموختاریە، بەڵام ئێمە زەمانەتی ئەوە ناکەین نەسڵی دوای ئێمە بەو داوایە ڕازی دەبێ. کەوابوو ئەو ڕوانینەی دوکتور قاسملوو بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کە دەتوانێ

داخوازییەکان لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی دیکە بگۆڕدرێ، سەلمێنەری ئەوەیە کە سەردەمی مافی دیاریکردنی چارەنووس نەک بەسەر نەچووە، بەڵکوو خەباتی نەتەوەی کورد تا گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی بەردەوام دەبێ.

گەلی کورد پاش زیاتر لە دوو سەدە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و دانی قوربانییەکی زۆر لەم پێناوەدا، سوورە لەسەر دەستەبەرکردنی مافە یاساییەکانی خۆی و بەدڵنیاییەوە ڕوانگە و بۆچوونەکانی دوکتور قاسملوو ڕێنیشاندەری خەباتی گەلی کورد دەبێ و مەشخەڵی خەباتی ڕزگاریخوازیی هەروا بە گەشاوەیی دەمێنێتەوە و نەوە بەدوای نەوەدا ئەم مەشخەڵە دەستاودەست دەکرێ تا دەگاتە دوامەنزڵی خۆی کە گەیشتنی نەتەوەی دابەشکراوی کوردە بە مافی خۆی واتە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێ کە سەردەمی مافی دیاریکردنی چارەنووس نەک بەسەر نەچووە، بەڵکو یەکێک لە هێڵە ستراتیژییەکانی گەلی کوردە بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی یەکجاری.

û hebe.

Dr. Qasimlo wisa hesab dikir ku hizbek an hikûmetek dikare nasyonalîsm be, dikare çep be û basê dadperweriya civakî û mafê zehmetkêşan bike, hev dem dikare demokrat be jî, tu aliyek nikare bas ji edaleta nava civakê bike, bas ji wekheviya jin û mêran bike, bas ji dabînbûna mafê zehmetkêşan bike, lê xwe sepên be û amade nebe wî mafî bide xelkê ku herbixwe bi dengê xwe deshilata birêveberiya xwe hilbijêrin.

Demokrasî, Hilbijartina azad, azadiya hizban" piloralîzm" qebûl kirina hizr û teoriyên cuda, azadiya rojnamevanî, azadiya hebûna mafê nerizayetiyê û mangirtinê, hebûna mafê raderbirîna azad û bi giştî hemî ev mafên ku aliyek ji bo xwe bi rewa dizane , divê ji bo her aliyekî siyasî bi rewa bizane, bi wateya hebûna demokrasiyeke rasteqîne ye. Wate li civatgehê de tu kes li ser hebûna eqîde, bîr û bawer, fikra siyasî, nekeve ber xezeba deshilatê û neyê tepeser kirin û maf jê qedex nebe.

Dr. Qasimlo ev 3 mijar û hizrên ku heya wî serdemî her kesî û bi taybet xebatkarên Kurd wisa dizanîn ku dijberê hev in, wate Nasyonalîsm, Demokrasî, û Sosyalîm, kirine yek dirûşm û li ser vê bawerê bû ku civatgeheke wekî ya Kurdistanê, hewcehî bi her 3ê teoriyan heye û kurd nikare bêje ez sosyalîstim û nikarim demokrat bim, Kurd nikare bêje ez xebatkarekî radîkal ê netewî me nikarim dadperwer û sosyal, an demokrat bim.

Dr. Qasimo qonaxê peyrewî kirin ji vê têkheklêşa wan teoriyan ji hev cuda kiribûn. Em niha di halê xebatê dan e rû li ser deshilatê ninin, lewra xebata me hewcehî bi metodên cuda yên xebatê heye, lê ya girîng eve ku dema piştî rizgariyê em bikarin bo xelkê xwe, bibin bi deshilateke Demokrat, Sosyal, û welatperwer.

Ev jî kir bi dirûşmek li jêr navê Armanca Pêşeroja PDKÎ Sosyalîsma Demokratîk.

oriyan naskirine û ceribandine, ev bû ku em wekî Kurd û Hizba Demokrat di vê qonaxê de xebatê dikin ji bona azadî û rizgariya Kurdistanê heta ku gelê me bikare qedera xwe ya siyasî netewî bigre dest xwe, bo gihîştin bi vê armanca pîroz û netewî jî em mifahê ji heçî rê û mikanîzmeke xebatê werdigrin û xebata xwe bi rewa dizanin, dema ku wisaye em Hizbekî radîkal û nasyonalîsm a Kurd in.

Em dema xebatê dikin ji bona azadiya neteweya xwe, bê guma hemî qatên civakê, hemî texên nava Kurdistanê, hemî cudahiyên olî, devokî, cinsiyetî, gundî, bajarî, xwendewan, nexwendewan, dewlemend, hejar, mamosta, cotiyar û kirêkar, civatgeha kurdistanê û gelê me pêktînin, ku wisaye dema Kurdistan rizgar bû ji dest dagîrkariyê û Kurd xwe hakimê xwe bû, em wekî PDKÎ wekî aliyekî siyasî ger ji riya hilbijartina azad a xelkê xwe ve gihîştn bi deshilatê, bê guman em ger nekarin dadperwerî û wekheviyê di nava civatgeha Kurdistanê de çêbikin, renge tenê rizgar kirina Kurdistanê têrê neket, divê em bikarin wekheviya di navbera jin û mêran bi kiryar cîbicî bikin, divê em bê mafiya ku karger û zehmetkêşên Kurdistanê bi dirêjahiya dîrokê di gel de hember bûne, li ser wan rakin û divê hemî xelkê Kurdistanê û bi taybet qata zehmetkêş û karger û kêm dahat, bikare ji serwet û dahata welat behremend be, hingê me kariye bi awayekî dadperwerane hemî civatgeha kurdistanê bi çavekê mêze bikin.

Dr. Qasimlo ku li Ewropa ezmûnên baş li ser hilbijartin û azadiya partiyan, û destaûdest kirina deshilatê ji riya hilbijartinê û dengê xelkê ve peyda kiribû, li ser vê bawerê bû ku êdî ev serdem bi ser çoye ku hizr û îde û teoriya kite hizbekê tenê bikare îdara civatgeha welatekê bike û her tişt di qorixa aliyekê de be ku pitir part û aliyên komonîstî û hizrên çep ên pirotariya kirêkarî ku ji sovîyetê ve banga dadperweriya cîhanê dida, xwediyê vê hizra siyasî bûn ku nabe ji bilî wan tu alî û hêzekî siyasî û teorî serî hilbide

dadperweriya civakî û wekheviya jin û mêran hebe û mafê zehmetkêş û hejaran jî ber çav bigre.

Dr. Qasimlo ji bona têkhelkêşkirina wan teoriyan, teoriya "Sosyalîzma Demokratîk" anî nava leyîza siyaseta Kurd û wekî armanca pêşeroja Hizba Demokrat xiste nava bernameya siyasî ya PDKÎ.

Dr. Qasimlo ku her ji temenê lawiniya xwe ve tevlî karê siyasî bibû, wî her piştî avabûna Hizba Demokrat û damezrîna Komara Kurdistanê, xebata xwe ya siyasî li nava yekîtiya Ciwanên Kurdistanê destpêkir, piştre tevlî hizba Tûde ya Îranê bû ku hilgir û teqlîdkerê Hizba Komonîst a Soviyetê bû, ji nêz ve hem di gel fikra Kurdayetiyê û hem di gel fikra çep a basê dadperweriya civakî û mafê zehmetkêşan dikir, aşina bibû.

Piştre ku Dr. Qasimlo ji bona xwendina bilind diçe Ewropa û li du qonaxan de li welatên Wekî Firansa û Çekoslawakiya dixwîne heya doktoraya xwe ya li ser rişta abûriya siyasî werdigere û piştre her li Ewropa dibe mamostayê zanîngehê, rast di wî serdemî de dikeve nava karê siyasî yê PDKÎ de.

Şehîd Dr. Qasimlo berê ku gelek baş di gel hizra siyasî a Kurdayetî "Nasyonalîsm" û edaleta civakî "Sosyalîsm" aşna bibû, vê carê li ewropa digel demokrasî û hizrên pêşkevtî nasiyar bû.

Şehîd Dr. Qasimlo ku xwe wekî siyasetmedarekî lîberal û maksîst didît, dema ku kevte nava xebata Hizba Demokrat û bitaybetî berpirsayetiya yekem a vê Hizbê kevte ser mil, xwast teoriyeke nêzîk li îmkanê bîne nava teoriyên wê serdema xebata siyasî, û bo cara yekem di kongira 5 a Hizbê de bas ji vê hizra xwe kir û Kurd û bi taybet Hizba me dikare wan teoriyên ji hev cuda pêkve girê bide.

Di wî serdemî de Kongira 5, hinek endamên Hizbê mabûn heyrî ku çawa dibe Nasyonalîsm û Sosyalîsm û Demokrasî bihevre bên girêdanê.

Berevaniya Rêberê mezin û xwedî ezmûn û piraniya wan teoriyan ji nêz ve naskirine û xalên lawaz û dewlemend ên wan te-

Kurd di ser vê baveriyê bûn ku Kurdayetî û xebata Kurd ji bona rizgariya ji dest dagîrkerên Kurdistanê tenê divê ji riya xebateke radîkal a nasyonalîstî ve bê berçav girtin û nabe xebata Kurdan xwe girê bide bi hinek teoriyên Rojavayî wek demokrasî, lîberal, an sosyalîzm û komonîzmê û yên dinê …hwd.

Bi berewajî di demekê de ku hin hêz û aliyên siyasî û kesayetiyên Kurd û xebatkar li ser vê baweriyê bûn ku divê Kurd berî Kurdayetiyê divê di serî de xebatê bike ji bona yek ji teoriyên biyanî weke Komonîsm û Sosyalîsm û çep, û merama wan a sereke divê wekhevî û dadperweriya civakî be.

Di demekê de ku hebûn di nava xebatkar û siyasetmedarên Kurd de ku li ser vê baweriyê bûn ku ji bona vê ku Kurd bigihîjin bi qedera xwe a siyasî divê xebat tenê di çarçêveya deshilata dagîrkerên dîktator de û ji riya demokrasiyê û hilbijartinê an îmtiyazên xêr pêkirî yên dujminan ve be.

Ev jî di demekê de bû ku xwedî û hilgirên wan hizrên serve wiha hesab dikirin ku nabe çi yek ji wan hizran û teoriyan tevlîhev bên kirin, belkî divê heçî yek ji wan hizran bi awayeke serbixwe û dûr ji hizreke din û tevlî kirinekê bigihîje bi armanca xwe, lewra hertim hilgirên wan hizran dijberî hev bûn û li hember hev du de rawestiya bûn û van wisa dizanîn ku Demokrasî û Nasyonalîzm û Sosyalîzm û mafê Netewî dijî hev dune û heçî hêz û aliyek bo mînak Nasyonalîzm be, êdî nikare kesekî çep û sosyalîst be, an wisa dizanîn ku hekî kes û aliyek demokrat be , êdî nikare xebatkarekî radîkal be , an kesekî sosyal be, rast di wî serdemî de rêberê lêzan şehîd Dr. Qasimlo bas ji teoriyekê kir ku dikarî hemî wan fikr û teoriyan anku Sosyalîsm, Demokrasî, û Nasyonalîsmê bi hevre girê bide û xebata Kurd ji bona rizgariyê ewqas mecal heye ku bikare hem Nasyonalîsmeke radîkal a kurd be, hem demokrateke hilgirê fikra qebûlkirina piloralîzm û cudahiya hizban û bawerî bi hilbijartin û dengê azad ê xelkê hebe û hem sosyalîstek be ku bawerî bi

# Dr.Qasimlo û hizrên modern

Nûredîn Sogîzade

Hizrên modern û pêşkevtî û serdemiyane, bêguman bi wan hizr û ramiyariyane re dibêjin ku gorî jiyan û civak û siyaset û deshilatên îroyîn li cîhanê de dikare hemî aliyên jiyana civatgehê û mirovan berçav bigire, dikare wekheviyê dabîn bike, dikare demokrasiya rastîn dabinê, dikare dadperweriya civakî û qatî û siyasî bixe nava civatgehê, dikare piloralîzma siyasî û azadiya partiyan biparêze. Dikare hêza yekemîn a diyarî kirina deshilatê bide destê xelkê. Heçî kes û aliyek û hêzek ku xwedî û hilgirê wan hizran be ku bikare civatgehê bigehîne rewşeke wiha pêşkevtî, bêguman xwediyê hizrên herî pêşkevtî û modern ên serdeme.

Şehîd Dr. Ebdulrehman Qasimlo rêberê tevgera rizgarîxwazaneya gelê Kurd li Rojhilatê Kurdistanê û Sekertêrê PDKÎ xwedî û hilgir û danerê hizr û teoriyekî herî pêşkevtî bû ku dixwast li pêşerojê de gelê me û Kurdistan bibe xwediyê deshilat û dadperwerî û siyaseta herî pêşkevtî ya cîhanê.

Di serdemekê de ku hin alî û hêzên xebatkar û siyasetmedarên

me gelek bisûd û girîng dibe.

Herwek ku xwîner jî dizanin pirtûka bi navûdeng a “Kurdistan û Kurd” lêkolîna siyasî û aborî a Dr. Qasimlo ye, ku navbirî sala 1957’an dest bi nivîsandina vê pirtûkê kiriye, û sala 1962’an bo çapê berhev kiriye, û sala 1964’an bi zimanê Silowakî, sala 1965’an bi zimanê Îngilîzî, sala 1969’an bi zimanê Polonî, sala 1970’yî çapeke kurtkirî bi Erebî, sala 1973’an bi zimanê kurdî (soranî), sala 1991’an bi zimanê Kurdî (kurmancî) çap û belav bûye.

Profisor Martînîts di pêşgotina çapa Îngilîzî de nivîsandiye: Pirtûka Dr. Qasimlo “Kurdistan û Kurd” bo nasandina pirsa Kurd bi giştî û hinek warên vê pirsê bi taybetî nirxeke bê hevta heye.

Kovara siyaseta navneteweyî -hejmar 10, sala 1965’an Prag -li ser vê pirtûkê nivîsandiye: Ev rêya ku nivîskar ji bo lêkolîna li ser pêkhateya civakî û aborî berçav girtiye, hetanî îro jî di wêjeya aborî a me de ku li ser arîşeyên welatên geşekirî lêkolînê dike bê hevta ye, û bingehek e ji bo lêkolîneke weha li ser welatên din.

Li ser bergê çapa Silowakî a Kurdistan û Kurd, sala 1964’an, Biratsîlawayê hatiye nivîsandin: Me gelek negotiye hekî em bêjin ku xwînerê Silowak bi vê pirtûkê nivîsîneke bêhevta dest wî dikeve. Ev pirtûk cehd û tekoşînek e bo zelalkirina arîşeyên Kurdan ji dîtingeha marksîstî ve.

Bêguman rêberek ku hemû jiyana xwe bi sermiyana me`inewî, zanistî û madî ve ji bo serfirazî û bexteweriya nifşa niha û siberojê a gelê xwe danîbe, ti carî nayê jibîrkirin û di dil û mêjiyê gelê Kurd û hemû azadîxwazên rasteqîne de, dê bo heta heta zindî bimîne. Çimku ew bo neteweyeke bindest û zulimlêkirî xebitî, û neteweya wî jî dê xelata wê ked û tekoşînê bide wî.

çend pirtûkan de hatine komkirin jî, lê dîsan jî riya wî di siyasetê de û dilsojî û cangîrîtiya wî bo neteweya Kurd bo vê hindê dibe ku bi sedan pirtûk ji aliyê kesên şareza û akademîsyen ve bêne nivîsîn, bo vê ku bibe çirayeke geş bo ronahîkirina riya xebata nifşên siberojê. Çimku wî rêberê jîr û zana heya wê demê ku di jiyanê de bû gelek girîngî dida nifşa nû û nifşa siberojê. Dr. Qasimlo derheqê "şehîdbûna heval û hevçeperên xwe li pêxema jiyaneke baştir bo siberoja zarokên me" dibêje:

"Xebata me xebateke berheq e, xebat ji bo azadiya neteweyekê ye, xebat bo pêşeroja zarokan û nifşên dinê ye. Hekî em wekî nifşa niha erkên xwe bi başî encam bidin, emê bikarin hêvîdar bin ku nifşa piştî me şehîd tunebin. Herwisa hekî nifşa rabihurî, an jî nifşên rabihurî bi başî erkên xwe cîbicî kiribana, renge vê nifşa me şehîd tuneban." Ew şîreta Dr. Qasimlo di vir de bi zelalî nîşanî me dide ku ew çiqas di hizra serbestî û jiyaneke birûmet û azad bo nifşên piştî xwe bûye, û xema wî ew bû ku hekî nifşa niha nirxa azadiyê nedin, nifşên siberojê nikarin jiyaneke aram û ewle hebin.

Ji aliyekî din ve dema ku bi nav azadîxwazên faşîst û dijîkurd li wî rêberê jîr û zana dipirsin ku, gelo ti garantiyek heye ku di siberojê de hûn behsê cudabûnê nekin û Îranê parçe parçe nekin? dibêje wan: "Em li hemberî nifşên siberojê de berpirsiyar nînin".

Di vir de navbirî hem bi ser nifşa siberojê de biryarê nade, û wan di hilbijartina her diruşmekê de serbest dihêle, û hem jî bi vê bersivê aliyê hemberî xwe bêdeng dike.

Herwiha nivîsîna pirtûka "Kurdistan û Kurd" jî xema wî rêberê jîr bo siberoja zarokên me bûye. Wî hewl daye ku bi vê berhema xwe gelek zanyariyên hûr bi belge û bi data derbarê dîrok, erdnîgarî, rewşa aborî û jiyana Kurdan de bide nifşa piştî xwe. Ew berhema wî bêguman niha, û heta di siberojê de jî bo nifşên piştî

ku dad û exlaq, mirovayetî, û demokrasî bibin goriyê qazanc û berjewendiyên hikûmeta Utrîşê. Ji me re jî eyan bû ku demokrasî û mafên mirov heya wî çaxî têne berçavgirtin ku digel qazancên dewletan yek bin. Bi şehîdbûna Dr. Qasimlo, PDKÎ û neteweya Kurd rêberekî gernas û rêzan, tevgera demokratîk û şoreşvanî a welatê me jî kesayetiyekî gelek hêja û pêşeng ji dest dan, lê kesayetiyên wiha mezin û egîd ne tenê di dema jiyanê de mezin in, belku piştî mirinê jî her wisa mezin dimînin, çimku mirovên mezin hekî di dema jiyana xwe de dikarin bandorên kûr û erênî li ser jiyana xelkê danên, bi mirina xwe jî neteweyekê û welatekî dihejînin û bi milyonan mirovan kovandar dikin. Hekî mirina hinek kesan bi bihurîna zeman ji bîra mirov diçe, lê nav û bîra vî rêberê me yê mezin û kiryarên wî ji bîra çi azadîxwazekî/ê naçin. Kul û kesera jidestçûna wî jî bi bihurîna zeman di dilê rêvîngên rêya wî de qet dernakeve.

Dr. Qasimlo di tewahiya jiyana xwe de ji bo xizmetkirina bi gelê xwe xebitî û her di rêya serbilindî û serfiraziya neteweya Kurd de jî canê xwe gorî kir, lewma hewce ye ku bi sedan pirtûk li ser kesayetiya Dr. Qasimlo bêne nivîsandin, bo vê çendê ku xelkê Kurdistanê û nifşên din ên neteweya Kurd pitir kesayetiya wî xweşmêrê dîroka neteweya Kurd nas bikin û rêya xebata Dr. Qasimlo bikne rêya xwe.

Dr. Kemal Mezher (1937-2021) yek ji dostên herî nêzîk ên Dr. Qasimlo dibêje: "Xwazî ku rêvîngên rêya Dr. Qasimlo ew hemû taybetmendiyên Dr. Qasimlo di pirtûkeke serbixwe de weşandiban ku ez xatircem im wê bibe rênîşandereke gelek baş, û ji neteweya Kurd re wê gelekî hewce be".

Herçend ku niha hindek pirtûk li ser jiyan û xebat û tekoşîna wî hatine nivîsîn û gelek ji axaftin û şîret û nivîs û hevpeyvînên wî di

# Rêberekî Jîr û Zana

Şehab Xalidî

Roja 22.04.1368 (13.7.1989)'an Dr. Ebdulrehman Qasimlo sekreterê giştî yê PDKÎ û Kak Ebdullah Qadirîazer endamê Komîteya Navendî a PDKÎ û Fazil Mihemed Resûl ku Kurdekî Îraqî û dostê PDKÎ bû, di bajarê Viyenê de ketne ber destrêjiya çekên çend kes ji terorîstên Komara Îslamî a Îranê û hatne şehîdkirin. Ew terorîstên ku wekî nûnerên Komara Îslamî a Îranê û bi armanca gengeşekirina li ser pirsa Kurd bi wan re rûniştina hevpar pêk anîbûn.

Di rastî de ev cinayeta tenê derheq xelkê Kurdistana Îranê û PDKÎ nehatibû kirin, belkî gefeke rasterast jî bû li ser hikûmeta Utrîşê (Nemsayê) û bêhurmetiyeke gelek mezin jî bû li dijî yasa û pirensîpên navneteweyî, çimku terorîstên Komara Îslamî a Îranê bi navê dîplomat ji pasporta dîplomatîk mifah wergirtin û bi vî awayî karîn bêy vê ku çi astengek bikeve ser rêya wan, vê pîlana xwe ya nemirovane bi rê ve bibin.

Danûstandinên bazerganî li navbera Îran û Utrîşê ji aliyekî ve, û bêdeshilatiya neteweya Kurd ji aliyekî din ve bûne sebebê vê yekê

berê, bandora hizra kesî, eşîretî, olî, û nedana girîngîyê bi rêkxistina gel û beşdarkirina gel bûye di alîyên cihê yên xebatê de. Axifitin, gotar, û berhemên Dr. Qasimlo ku niha berdest in tijî mînakên vê rastîyê ne.

Girîngîdana bi rêkxistana gel û rakêşana piştîwanîya gel tenê di hizr û ramanên Dr. Qasimlo de sînordar neman. Wî bi kiryar ev hizr di nav refên Hizba Demokrat a Kurdistana Îranê de kir beşek ji pilan kar û xebata çalakvanên vê parîya sîyasî. Hizba Demokrat heya di qonaxên sext û dijwar de jî pêwendîyn gerim yên hizrî û yên rêkxistinî bi gel re parastine û berfireh kirine, û berhemên vê raman û sîyaseta dirust jî niha pêtir ji her demek din dikeve ber çav. Îro li Rojhelatê Kurdistanê, gelê Kurd ne tenê piştîwanek mezin yê Hizb û xebatkarên xwe ye, belkû wê bûye mekîne û pêşengê vê qonaxa şoreş û berxwedanê li Îran û Kurdistanê.

Di van salên dawî de, bi taybetî di Şoreşa Jin, Jîyan, Azadî de, girîngîya wan hizr û bîrên rêberê Şehîd Dr. Qasimlo gelek bi zelalî ketin ber çav. Di xwepêşandanan de, di mangirtinan de, di derbirîna hizr û daxwazên xwe de, gelê Kurd li Rojhelatê Kurdistanê pêtir ji hemê gelên din yên Îranê bi rêkxistin, bi bandor, û serkevtî bûye. Piştîvanîya gelê Kurd bo Hizba Demokrat, û hizbên din yên Kurd, her wisa bersivdana wî gelî bi bangewaz û daxwazên hizb û rêberên xwe yên sîyasî, di vê yek sala borî de, meydan li rejîma Komara Îslamî teng kirîye.

Di 34emîn salvegera şehîdbûna Dr. Qasimlo, hezaran silav li riha wî ya paqij û serkevtin jibo rêwîngên rêya wî.

dora Dr. Qasimlo li ser şoreşa gelê Kurd her dem xuyaye.

Dîtina Dr. Qasimlo li ser şoreşa rizgarîxwazî ya gelê Kurd, mîna gelek hizr û dîtinên wî, ji felsefe û têgehiştina wî ji bo jîyan û azadîyê serkanî digirt. Berwajî gelek rêber û serkirdeyên serdemên berî xwe, Dr. Qasimlo di şoreş û serhildana serdemî ya gelê Kurd de xwe bi mihwer ne didît û bi tenê li ser qaweta xwe, êl û eşîret û xelkê derdorê xwe hisêb nedikir. Wî azadî û rizgarîya bi wate tinê di azadî û serbestîya gel de didît; li ber wê yekê jî bi gel re dijîya û bo gel dijîya û bi gel re xebat dikir. Li gor bawirîya Dr. Qasimlo, gel her dem yekimîn jêdera hêzê bûye û dida dîyar kirin ku ger gel were rêkxistin, dikare hemî asteng û alengarîyên ser rêya xebatê ramale û azadî û serbestîya xwe berdest bike.

Dr. Qasimlo bawirîyek mokim bi demokrasîyê hebû û wek mamostayê demokrasîyê jî ev rastîye ji her kesî baştir dizanî ku deselat û hêza gel bingeh û sitûna sereke ya demokrasîyê ye. Dr. Qaimlo baş dizanî ku heya gişt tex û çînên civaka Kurdî neyên dîtin, neyên rêkxistin û neyên beşdarkirin, ne şoreşa rizgarîyê ser dikeve, ne demokrasî ava dibe, û ne tu serkevtin dikarin dom bikin. Her li ber rohnîya vê dîtinê, wî girîngiyek berçav dabû rêkxistin, rol û beşdarîya jinan, lawan, xwendekaran û hemî texên din yên civakê û pêdagirî li ser avakirina sazî û sendîkayan dikir, û her dem kar dikir ji bo rakêşana piştîwanîya gel.

Dr. Qasimlo ne tenê şehrezayê mêjûya gelên din yên cîhanê û şoreşên rizgarîxwazîya neteweyên din bû, zanîyariyek kûr û têgehiştinek zelal li ser dîroka gelê Kurd û şoreşên serdemên berî xwe hebû û baş dizanî ku yêk ji egerên şikest yan serneketina şoreşên

# Rêkxistina gel û piştîwanîya gel ji şoreşê çima ewqas cem Dr. Qasimlo girîng bûye?

Kawe Deştebêlî

Dîtina Dr. Qasimlo Lidor Girîngîya Beşdarbûna Gel Di Şoreşê de

Kêm kes hene nebihîstbin ku Şehîd Dr. Ebdulrehman Qasimlo rêberek lêhatî û lêzan bûye, lê renge her kes nezane ka çima Dr. Qasimlo bi wan sîfetan hatîye naskirin. Têgeh û ramanên Dr. Ebdulrehman Qasimlo di hemî warên jîyanê de xasma, û rênîşander bûn. Wek rêberek hêja û xewedî navûbang, Dr. Qasimlo serkêşî û pêşengîyek zanistî, serdemî, û serkevtî ya şoreşa gelê Kurd dikir. Di warê hizrî û teorî de, di warê sîyasî û dîplomasî de, di warê, kargêrî û rêveberî de, di warê exlaq û prensîpên şoreşgêrî de, ban-

waza fermî a Wezareta Derve ya Firansayê ji Hizba Demokrat, ew rehîn li hember pereyekê ku Hizba Demokrat bi xwe mezaxt, serbest hatin berdan. Ya din jî çend Îtalî bûn ku ji aliyê YNK' ve hatibûn rehînkirin.

Ramanên mirovî û aştîxwazane, nefreta ji tund û tûjiyê û berpirsatiya li hember pêşeroja gel û civakê, Qasimlo û rêbaza wî di qada Kurdistanê de zindî hişt û nehişt ku teror û terorperwerî bibe beşek ji perwerdeya xebatê. Wî berdewam tekez kiriye ku ''me li hember pêşeroja civakê de berpirsatî heye û em nikarin bi fikr û ramanên qirêj, civakek saxlem ava bikin, ger em jî reftarên dujminan dubare bikin, çi ciyawaziyek li navbera me û wan de namîne".

Şermezarkirin kiryarên terorîstî li cem Dr. Qasimlo, him pirensîp, him metodek perwerdehiyê di xebatê de û him jî vebijêrkek exlaqî û siyasî bû. Mehkûmkirina rehîngirtina karmendên balyozxaneya Amerîka li Tehranê ji aliyê rejîma îslamî a Îranê ji helwestên dîrokî ên partiya Qasimlo ye ku li wî serdemî de kêmwêne bû û bi hebûna van sedem û zaf sebebên din, ji xwe re nine ku nasnavê ''Pêxemberê Aştiyê" li Dr. Qasimlo kirine. Pêxemberek, mêrxasek, rêberek û pêşmergeyek bo hertim di dilê gelê xwe û hemû azadîxwazan de bi zindî dimîne.

Lê teror û terorperwerî di rejîmên terorîstî ên weke Komara Îslamî a Îranê de ku alavek bingehîn û rewa ye bona pêşvebirina armancên siyasî, weke eslek neguher bi awayek sîstematîk birêve diçe, û bazara rehîngirin, reşekujî û dîktatoriyê jî têde tê xurtkirin, ji bilî nefret û kîna zêdetir a xelkê Îran û deverê, û herweha coşdana hesta xebat û dijberiya ji bo avêtina di kirsdanka dîrokê de ku çarenivîsa hemû zalim û dîktatoran e, tiştek din li pey nahê. Bêguman ew roj, nizîk e.

û fêlên deshilata Îranê bireve yan jî wan bikuje” bi bîr mabû, lê nedikarî dest ji baweriyên xwe ên aştîxwazane bikşîne. Sînorên baweriyên aştîxwazane ên wî tenê li Îran û Rojhilata Kurdistanê de berteng nedibûn, belkî ji bo parçeyên din ên Kurdistanê jî reng vedida. Cehd û tekoşînên wî ji bo berevanîkirin û navbeynkariya li navbera kurdên başûr û rejîma Beis û çareseriya aştiyane a pirsa Kurd de xuya û berçav bûn. Kurdên ku ji aliyê rejîma Beis a Îraqê ve bi ‘’Seyîd el muxeribîn”, anku serdesteyên xirabkaran” dihatin dîtin, bi cehda Dr. Qasimlo û hizrên aştîxwazane ên wî li ser maseya gotûbêjan bi hevre rûniştin û bo midehekê diyalog û hewlên çareseriyê bal bi ser şer û malwêraniyê de kişand.

Dr. Qasimlo berdewam tekez kiriye ku şanaziya herî mezin a wî, ew e ku kariye armancên tevgera xwe ji riya kiryarên rojane ên tevgera xwe ve bi xelkê bide nasandin. Lewre terorîzm û tund û tûjî li cem Qasimlo, du mijarên nefretlêkirî bûne û nehişt ku tevgera gelê Kurd li Rojhilata Kurdistanê bi pêşengiya Hizba Demokrat a Kurdistana Îranê bikeve bin bandora hêzên terorîstî, û dest bo karê teqîn û bombedanîn li nava bazar û cihên giştî, balafirdizîn, rehîngirtin, îşkencedan yan kuştina êxsîr û xelkê bêguneh û sivîlan û… hwd bibe. Wî ji şidetê hez nedikir, lê berpirsatiya kiryarên leşkirî ên tevgerê ku di çarçoveya berevaniya rewa de bûn, bi stû digirt.

Dr. Qasimlo, demokratek rastîn bû û baweriyek kûr bi demokrasî, bihevre jiyana aştiyane hebû. Li ser vê bingehê jî, ‘’demokrasî bi dujminê hejmar yek a terorîzmê dizanî û digot li cihê ku demokrasî hebe, teror geşe nake”.

Dr. Qasimlo di got û bêjek bi rojnameya ‘’Lîbrasiyon” a wê demê re dabû zanîn ‘’Buhaya bo demokrasiyê, em didin, lê bi kêmî li ser me tê gotin û kêmtir dibine mijara ragihandinan. Lê gurûpek terorîstî bi rehîngirtin û bombedanînê di seranserî cîhanê de bi nav û deng dibe”.

Aliyê kêm du nimûneyên rehîngirtinê hene ku bi cehd û navbeynkariya Hizba Demokrat bi rêbertiya Dr. Qasimlo hatin serbestberdan. Yek ji wan, çend Firansî bûn ku ji aliyê Partiya Komonîst a Îraqê (beşa leşkirî) ve hatibûn rehîngirtin û li ser dax-

Cuda ji terora fîzîkî, mixabin rejîma hov û terorîstî ya Îranê û herweha rikeberên siyasî ên Dr. Qasimlo jî, cehdek zêde ji bo berxwarkirina rastiyên jiyan, bawerî û pirensîpên wî dan, û bi propagendeyên jehrî û mezaxtina têçûyên mezin bo reşkirina kesatî û baweriyên Qasimloyê Kurdan, dîsan jî nekarîn wî û çirayên rêbaza pir ji serwerî a wî di nava gelê Kurd de bitemirînin. Rêbazek ku li bin tîrêjên hikmet, zanayî, raman û baweriyên bilind ên mirovî û demokratîk ên Dr. Qasimlo bihêz bû û bi deryayek ji xwîna xebatkar û şopînerên vê rêbazê, bûye bi mektebek ji bo perwerdehiyê û navnîşanek xurt ji bo parastina nasname û berheqiya doza gelê Kurd.

Perwerdeyek ku girîngiyek zêde li ba Dr. Qasimlo hebû û berdewam tekez dikir ku ‘’azadî, proseyek hînbûnê a dijwar û demdirêj e ku li dijwartirîn şert û mercan de jî, nabe armancên giştî ên xebatê, bibin bi goriyê taktîkên demkî. Çi armancek, çiqas bedev be jî, nabe bibe pasaw bo bikarbirina her alavekê”.

Li ser vê bingehê jî, Qasimlo weke pirensîp ji tund û tûjiyê bêzar bû û di vê baweriyê de bû ku ‘’rêçareya pirsa kurd, ne leşkirî ye! Û renge em nekarin serkevtinê bidest bixin, lê dujmin jî nikare me ji holê rake”. Lewre rêçareyên aştîxwazane û rêketin, bi ser şerê malwêranker de tercîh dida.

Wî digot: ‘’Pirsa kurd aloz e û madam ku dostên me kêm in, hewce ye em ji hejmara dujminên xwe jî kêm bikin. Belê, di Rojhilata Navîn de hevokek nav û deng heye ku ‘’Dujminê dujminê me, dostê me ye”. Ew yek jî bibû sedem ku li cem rexnegiran bi reformîst, û li cem rikeberan bi sazişkar û li cem dijberan jî heta bi xiyanetkar were dîtin.

Tekoşînên Dr. Qasimlo ji bo çareseriya aştiyane a pirsa kurd bû sebeb ku propagendeyên dujminan bi nîşandana rûçikek şerxwaz ji kurdan heya qasekê lawaz bibe. Rast li vê biyavê de, rejîma terorîstî a îslamî a Îranê kete dek û dolaban û bi danîna kumpiloyek qirêj li jêr navê got û bêjê  de, mixabin ew şehîd kirin.

Dr. Qasimlo tevî wê ku bi başî rejîma dîktator û xwînmij a Îslamî a Îranê dinasî û herweha şîreta bavê xwe jî ‘’Yan ji fend

# Pêxemberê Aştiyê

Selîm Zencîrî

Bi dilek xemîn û tejî kul û keser ve em ber bi 34'mîn salvegera terorkirina rêberê navdar ê xwe ''Dr. Qasimlo"ve diçin ku ji aliyê rejîma terorîstî ya Îslamî ya Îranê ve li ser maseya got û bêjê hat terorkirin. Bîranîna han di demekê de ye ku cîhan û dever bi giştî û Îran jî bi taybetî ketiye nava guhertinên mezin, û valahiya nebûna rêberekî karîzmatîk û siyasetvakekî realîst û pragmatîk wekî Dr. Qasimlo pitir ji her demekê xuya dike. Terorek trajedîk ku dilê neteweyek mafxwarî û azadîxwaz ê weke gelê Kurd û bi taybetî dilê rêberekî ku ji bo aştî û demokrasiyê lê dixist, bi armanc girt û mixabin heta niha jî, şûnwarên nerênî ên rewanî, siyasî û civakî ên wê terorê li ser cism û rewanê gelê Kurd û tevgera azadîxwazî û demokrasîxwaziya Îran û Kurdistanê xuya ye.

Trajedîktir ji bûyera terorê, pêknehatina dadgehek dadperwerane û cezadana biryarder û encamderên wê terorê ye ku dide selimandin berjewendiyên abûrî û têkiliyên siyasî li cîhana modern ya îroyîn de li serweyî mafên mirov û buhayên însanî, exlaqî û demokratîk in. Buha û baweriyên ku Dr. Qasimlo di jiyana xwe ya siyasî de nirxek mezin li bicihkirina wan de da. Baweriyên ku di wê serdem û şert û mercê de bêmînak bûn.

dacuda dikarin rastiya kesayetiya xwe biceribînin û bigihîjin armancên xwe.

Li civakek han de ne dîktatoriya hikûmetî û ne jî dîktaroriya majorasiyonî nikare hebe û zext û givaşê bêxe ser takekesan yan kom û grûpên cihêreng û cudacuda.

Peydakirina formolekê bo xebata pir-alî ku bikare bersivderê wan hemû pirs û aloziyan be, rêberek xwedî şiyan û hizrên bilind hevce bû ku li kesayetiyek wek Qasimlo dihat.

Em bi hilkefta 34'min salvegera şehadeta Qasimlo û rêhevalê wî, wan bi bîr tînin û soz didin ku heya gihîşin bi armancên wan, emê li ser riya doza wan berdewam bin.

dizanî ku hemû ew netewe û grûpên cihêreng bi maf û erkên wekhev di pêkanîna wê de beşdar bûn.

Bi wê wateya nû, Îranîbûnê tixûbên azadiya me tengav nedikir. Yanî serdestiya yên din qebûl nedikir û azadiya me li nemana serdestiya yên din de didît û berbestên fîzîkî û derûnî liser riya maf û azadiya xelkê Kurdistanê bi xasma hebûna hêzên dagirker liser xayiya Kurdistanê reddikir û dixwast ku jiyana me dûr be li hemû wan berbestên ku bi sedema kurdbûnê em rastî wan hatine. Yanî têkşikandina wê pergala dagîrkariyê ku têde azadiya xelkekê liser çarereşî û belengaziya xelkên din hatibû danîn.

Qasimlo bo damezirandina pergalek nû û dadperwerane ku bersivderê wê wateya nû li îranîbûnê be, cehd dikir ku pergalek demokratîk li Îranê de were damezirandin. Liber ku demokrasî li hêlekê antîtêza dîktatoriyê bû û li hêlek din jî antîtêza şer û pevçonên çekdarî. Bo gihîştin bi wê yekê û realîzekirina wê hizrê di pratîkê de jî, ewî hevxebatiya hemû neteweyên bindest û hêzên xebatkare demokrat pêdivî dizanî. Hevxebatiyek ku bi xebata sivîl û çekdarî mil bi milê hev, bikarin li pêş de rêjîma kevneperest, dîspotî a sedsalên navîn, rêjîma diktator û şantajçî, ajavegêr û terrorist û derevkar, şerxwaz û merivkuj û neberpirs a Îslamî a Îranê hiloşînin û li şûna wê de sîstemek dêmokratîk ava bikin ku mafê netewî yên hemû neteweyên bindest ê Îranê desteber bike.

Ku wisaye, Qasimlo Azadî li nemana dîktatoriyê, desteberbûna mafê  xwebirêvebirina neteweyî, azadiyên takekesî û siyasî û dadperweriya civakî de didît. Azadiyek ku li hemû astên jiyana takekesî û jiyana giştî de, dijî serdestiya yên din bû. Liber wê hindê jî Qasimlo digot ku "Azadî keramet û kesayetiyê dide meriv". Tinê li civakeke demokrat, pirreng û azad de ye ku tak û komên cu-

de liser xebat û siyaset li Kurdistanê de fam dikir û hevsengî di navbera wan de pêk dianî. Yanî Qasimlo bi dil û mejiyek kurdistanî difikirî û dixebitî. Lê eger wisa be, pirs ewaye ku gelo çima têkoşîna xwe di çarçoveya sînorên Îranê de pênase kir? Nêrîna wî hember Îranê çi bû?

Bo ku em hizrên siyasiyên dr. Qasimlo baş fam bikin, pêdiviye ku em du faktorên sereke liber çav bigrin: ew paradîgma ku Qasimlo têde siyaset dikir û ramanên ku Qasimlo bi axaftin, nivîskî yan jî çalakiyên xwe dane xûyakirin.

Bi liber çav girtina wan faktorên han, derdikeve ku Qasimlo bi hemû hebûna xwe ve kesek kurdistanî bûye. Lê paradîma ku ewî tê de xebat dikir, ew neçar hêşitiye ku giraniya siyaset û çalakiyên xwe bêxe ser Rojhelata Kurdistanê û Îranê.

Qasimlo hilbijartina wê mêtodê bo rizgariya neteweyî li nivîsên xwe de bi başî ronkiriye. Bo Qasimlo azadî proseyek berdevam, bênavbir û bêdawîtî bû. Ber hindê jî xebat bo otonomiyê bo wî nedihate wateya xebat nekirin bo serxwebûnê. Lêbelê, bo wî xebat bo otonomiyê dikarî fersenda xebat bo serxwebûnê xurttir û berfirehtir bike. Li ew qonaxa ku Qasimlo tê de xebat dikir, bi sedema zaf faktorên dereke û navxweyî, bijardeyên zêde çinebûn. Qasimlo ew bijarde bo xwe kire armanc ku îhtimal hebû pêk were û realîze bibe. Bi wê wateyê, liber ku xebat bo azadiyê zehmet bû, Qasimlo armanca xwe nediveşart û penah nedibire ber keleha derûniya xwe. Ewî armanca xwe jî nedixwat dev jê berde ku li nemana armanca xwe, bi şêveyeke qelp û pûç xwe azad hîs bike. Lewra Qasimlo şiroveyek nû li îranîbûnê anî holê ku tewî şiroveya neteweya serdest lihev hicê bûn. Ewî îranîbûn li yêketiya dilxwazane a navbera hemû pêkhateyên xwecî di nav tixûbên Îranê de

# Rêberek rewşenbîr û pragmatîst

Elî Monezemî

Dr. Qasimlo rêberek rewşenbîr û pragmatîst bû. Rewşenbîrî girêdayî bi hişmendî û aqil e ku ew jî girêdayî bi hizrkirin, naskirin û şirovekirinê (heger'anînê) ye. Qasimlo Rewşenbîr bû. Yanî xwediyê hişmendî, nasîn û şiroveya xwe bû liser pirsên cudacuda. Ew herwisa rêberek pragmatîst bû. Yanî pîvanên Qasimlo bo her raman, siyaset yan hizrekê, asta cîbicî kirina wan hizran li pratîkê de bû. Liber hindê jî wî digot ku «teorî dibe xwe tevî rastiyê rêk bêxin». Qasimlo her ew perspektîfa bikar dianî di xebata xwe ya siyasî de û destnîşan dikir ka kîjan hizr yan armanc dibe li kîjan qadê de (netewî, herêmî yan navnetewî) xebat bo were kirin. Lê qada sereke ya xebata Qasimlo Kurdistan bû û ewî ew qad bikar dianî ku kartêkeriyê çêbike liser xebat di qada herêmî û qada navnetewî de û herwisa kartêkeriya xebat û siyasetê di wan qadan

hikûmeta melayan hejand, ew şert û mercên nû alîkar be bo şarkirina wan neteweyên din yên bidestê Îranê.

Em hêdî hêdî li 34'mîn salûroja terora rêberê mezin û zana, dr. Qasimlo, bi destê terorîstên rejîma komara Îslamî nêzîk dibin. Dixwezim li wê fersendê mifahê werbigrim û wê terora nemirovane dîsan şermezar bikim û her wisa li hember ked û xebata Qasimloyê mezin û zana bo mirovahiyê û her wisa bo rizgariya Kurd Kurdistan, ez serê xwe bi rêz ditewînim. Hêviya min ewaye ku hemû hêvî û armancên Dr. Qasimlo û şehîdên Kurdistanê li demek ne gelek dirêj de, bêne cî û gelê me bigîje azadiya xwe.

hemû kes û aliyên demokrat û mirovhez dizanî û bi xwe jî ew yeka wek pirensîpeke exlaqî di pratîk de cîbicî dikir. Axirîn gotinên dr. Qasimlo pêş şehîdbûna wî ku têde dawa li dîplomat-terorîstên Îranê dike hikûmeta Îranê mafê neteweyên bindest li Îranê de bi awayeke wekhev bo hemûyan çareser bike, rastiya hizr û xebata dr. Qasimlo bo hemû aliyekê derdixe holê.

Eger em zor diyarî kirî basa şirove, bîr û ramanên Dr. Qasimlo li ser maf û azadiya neteweyên bindestê Îranê bikin, Ew li ser wê baweriyê bû ku her neteweyek dibe bi xwe qedera xwe diyarî bike. Lê neteweyên bindestê Îranê, li ber ew rewşa xwe ya niha têde, qedera van bi hevre hatiye girêdan û lewra pêdiviye ku mil bi milê hev xebateke yekgirtî bo armanceke hevpar bimeşînin. Liberku çi yek ji van neteweyan bi tena serê xwe nikare xwe rizgar bike, hikumeta navedî hiloşîne û yan jî dagîrkeran neçar bike ku rêz li maf û azadiya wan re bigre. Lewra  Dr. Qasimlo gelek bi eşkere û zelal digot ku dema neteweyek bindest bo mafê xwe yê neteweyî dixebite, dibe bi awayek lojîkî wî karî bike. Baştirîn rê bo hiloşandina hikûmeta navendî û bi dest anîna mafê neteweyên bindest, xebat û têkoşîneke yekgirtî ye di navbera hemû neteweyên bidest yên Îranê û hêzên demokrat û azadîxwez yên seranserî yên Îranê ye. Ber hindê Dr. Qasimlo û hizba wî li dema hatina ser kar ya Hikûmeta komara Îslamî ya Îranêve, hemû hewl û cehda xwe kirin ku xebata gelê Kurd digel xebata neteweyên din yên bindest û hêzên din yên seranserî li Îranê de ku baverî bi mafê neteweyî hene, girê bidin. Lê mixabin heta îro jî ev yeka pêk nehatiye. Delîla here eşkere û berçav ewaye ku heta Îro jî xêncî neteweya Kurd û xelkê Kurdistanê, neteweyên din yên bindest di Îranê de nekarîne xwe rêkxistin bikin û bibin xwediyê hêzên siyasî yên xwedî bandor. Hêvîdarim piştî şoriş û raperîna «Jin Jiyan Azadî» ku xîmê

# Qasimlo û mafê neteweyan

Silêman Keleşî

Kesayetiya dr. Qasimlo zaf alî û rehendên pirreng li xwe digre. Ew Siyasetmedar, dîplomat, zimanzan û civaknas bû. Ew siyasetvanek realîst bû û siyaset li ser bingeha rastiyê dikir. Hemû kar û şiroveyên wî li ser esasa zanistî û heqîqetê bûn. Yanî ewî eger rastî çend tal ba jî, xwe li bilêv kirina wê venedişart. Lewra jî heta dem derbas dibe, nivîsîn, gotar û şiroveyên wî zêdetir têne ecibandin û kesatiya wî zortir tê hezkirin û nemaze bo endamên partiya wî û neteweya wî bi giştî, bîr û hizrên wî bûne çiraya  rêya xebat û bexwedanê.

Dr. Qasimlo azadî bi mafê xwezayî yê her merivekê dizanî û baverî bi mafê wekhev bo hemû neteweyan hebû. Ew li ser wê baveriyê bû ku dibe her neteweyek bigihîje maf û azadiya xwe û bi xwe qedera xwe diyarî bike. Dr. Qasimlo piştgirî li xebata rizgarîxwazane a neteweyên bindest bi destê wan xwe, bi erk û berpirsiyariya

bo xurtkirina xebata li dijî rejîma Îranê. Lewma rejîma Îranê jî ew wekî metirsiyeke mezin bo deshelata reş a xwe didîtin û pîlana terorkirina Dr. Qasimlo danîn, û li rêkeft 13.07.1989an Dr. Qasimlo li Nemsayê li ser maseya diyalogê a ji bo çareseriya pirsa Kurd bi rêya siyasî û demokrasiyê, ji aliyê diplomat-terorîstên ser bi rejîma Îranê ve hate terorkirin. Bi vî awayî terorkirina rêberekî wiha demokrat û aştîxwaz ne tenê xisarek bû ji bo neteweya Kurd, belku xisareke mezin bû bo hemû hêz û aliyên demokrat û aştîxwaz li ser astê Kurdistanê bitaybetî û Îranê bi giştî. Çimku kesayetiyekî wiha ne tenê dikarî hêzên demokrat li dijî rejîma Îranê li dewra hev kom bike, belku bo cihgirkirina demokrasiyeke rasteqîne a bihêz bo siberoja Kurdistan û Îranê jî dikarî gelek bibandor be.

stratejiya PDKÎ bo xebata neteweyî, silogana "Demokrasî bo Îranê û Otonomî bo Kurdistanê" bi zanebûn diyarî kiriye, û demokrasî berî otonomiyê aniye. Çimku Dr. Qasimlo baş zaniye ku li hember rejîma dîktator a paşayetî, yan jî îdeolojiya Weliyê Feqîh (rejîma melayan) di Îranê de, tenê sîstema demokrasiyê dê bikare hem wekî şêwaz û deshelata hikûmetê û hem jî wekî hişmendî û kultûra wekheviyê, di nav civakê de li dijî eqliyeta şovênîstî, xwedî rol û bibandor be.

Herçend dema ku Dr. Qasimlo li ser mijara demokrasiyê ewqas pêdagirî dikir, ji aliyê hin kes û aliyan ve dihate lomekirin û ew nerîna Dr. Qasimlo wekî sazişkarî dihesibandin, lê çi hingê û çi niha piştî derbazbûna bi dehan salan, bo her siyasetmedarekî waqi`ibîn ku şarezayê pirsa Kurd di Rojhelata Navîn de be, dizane ku demokrasî kilîda vekirina wê girêhişk û dergehê dadayî ye ku ji sedsalên bihorî heta îro, ji aliyê dagîrker û neyaran ve ji bo bêmafkirina gelê Kurd, hê jî daday maye.

Li gor wê zelalkirina jorîn, xûya dibe ku Dr. Qasimlo çiqas bizanebûn, girîngiyeke stratejîk daye mijara demokrasiyê û di xebata xwe de hem ji bo cihgîrbûna kultûra demokrasiyê di nav PDKÎ û di nav civakê de, hem jî bo avakirina sîstemeke demokratîk a deshelatdariyê di Îranê de, kedek mezin daye.

Ew hişmendî û lêzaniya Dr. Qasimlo ku tim digot "Xirabtirîn demokrasî baştir e ji baştirîn dîktatoriyê" bandoreke mezin li ser civakê û bixasmanî tevgera rizgarîxwaziya netewa Kurd di Îranê de danîbû, û herwiha hêz û partiyên Îranî yên dijberî rejîmê jî, Qasimlo wekî karîzmayekê di nav Kurdan de didîtin. Ji ber wê rola mezin a ku Dr. Qasimlo di xebata li dijî dîktatoriyê de hebû û roj bi rojê zêdetir karîbû bibe adresa pêkanîna eniyeke demokratîk

# Demokrasî di nerîna Dr. Qasimlo de

Mihemedsalih Qadirî

Demokrasî çi wek kultûr û çi wek mikanîzma siyasetkirin û deshelatdariyê li cîhanê û bi xasmanî li Rojhelata Navîn xwedî piroseyeke dirêj û di heman demê de li gor zeman û cihên cuda cuda xwedî pênase û bikarhînana cuda cuda ye. Li hin cihan wekî emrazeke taktîkî bo gihîştin bi deshelatê tê bikaranîn û li hin cihan wekî kultûr û baweriyeke stratejî bo damezraweyîkirina hikûmet û rêvebirina civakê tê mêzekirin.

Li gor nerîna Dr. Qasimlo "Di her sîstemeke dîktatorî de, bêy cihgîrbûna demokrasî û sîstemek demokratîk, çi garantiyek bo aştî û wekheviya civakî û mafê neteweyî nîne". Li gor vê nerînê xûya dibe ku dîtina Dr. Qasimlo derheq demokrasiyê mijareke stratejîk bûye û demokrasî wekî alternatîveke bingehîn li dijî dîktatoriyê daniye. Lewma em dibînin Dr. Qasimlo di diyarîkirina

bersiwa van dida,ew nisîhet u rêniwênî dikr, kû tûcara nabe tûşî êhsasatên nebaş bin,reftara pêşmerge dibe twv xelkê me reftara bab kûran be,nabe kiryar û hereketekê bikin kû gelê me dilê wî zede be li me,belkû dibe em gûhê xwe bidin van û nesîhetên gel.

bicidî werbigirin, çûnkî em bo wî gelî xebatê dikin, eger me jî weke dujmin hurmeta van negirt ferqa me û dujmênê me nine, ya din pêşmerge u karrûrên hizbê fêr kirine kû wezîfa pêşmerge tenê şerkirin û kuştina dujmin nine, dibe pêşmerge nimûna başî û çakiyê be li nava gel de, vê demê ye kû gel dê nava dilê xwe de pêşmerge biparêze.

Em fêr kirine kû li meydana şer de,hemû pêşmergeyek dibe ewê bizanibe kû em hizbekî demukratin, parastina mafê mirov wezîfa ser mêlê me hemiyaye, bixasmanî bo girtî û dîlên şer dibe mafê van zor bi başî biparêzin û siyasetên me bo van ron bikin û saxûselîm li meydana şer dûr bikin û paşan bên azad kirin, çi dibe bila bibe, me şehîd dabin an na, dibe dîlên şer bên azad kirin.qanûnên nawdevletê yên mafê dîlê şer li perwerda pêşmerge u kadruyên hizbê dihat gutin u fêrkirin.

Her ew siyast u dersên wî Rêberê mebu ku li pêwendiyê derkî çi tev dojminên kurdistanê u çi li tew her dewlet u hizbekê partiya Demukirat a kurdistana îranê tûşî tu xiyaneteke neteweiy nebo,seba wê hinedê ye cihê wî li rih u canê gelê xwede girtiy.pratiya wîjî heta nihajî be her li ser wê siyasetê didume.

Ders û rêniwênîyên wî rêberê bêhempa gelek in, kû dibe bên gotin bên nivîsandin, lê derfeta wê nivîsê her ewqas daye, hêvî dikim kû li gotarên nivîsên hevalên din de bê behs kirin.

Silav li riha pak a hemû şehîdên Kurdistanê.

Silav bo riha şehîd Dr:Ebdûrehman Qasimlo yê mezin.

dande serkevin, û li xwebayî bûnê jî dûr kevin.

Şehîd Dr:Qasimlo li derheq baweriya dîplomasî û têkiliyan de, got li pêş hemû tiştî, em vê yekê bizabin kû li siyasetê de dostayetî û dostê stratijîk heta ser nine? Ev berjewendîne ,dostayetiyê diyar dike, lê dibe kû hûn vê yekê bizanbin kû em wekî Partiya Demokrat a Kurdistanê dostê stratijîk heta serê heye, ew jî Kurdên parçên din in, kû dostên negurin heta serê ne, heta eger hinek caran berjewendiyên van tev berjewendiyên me hev du negirin û hinek caran jî em hev du bidin û şer jî bikin, lê ew dost û birayên heta hetayne. Ti carî nahên guherîn, ma bira tên guherîn.

Pêwendiyên me tev dewlet û neyarên Kurd û Kurdistanê nabe ziyanê bigihîjne gelê me yê Kurd, dibe kadir û endamên partiya me hertim vê yekê ber çavên xwe bigirin. Mumkîne me tev dewletekê kû parek Kurdistanê bi destê wî ye hebe, çûnkî jeopolîtîk û cografiyaya Kurdistanê wisa hilkeftiye kû hizb û partîyên van parçan mecbûr bin tev van dewletan pêwendî bigirin, zor asaiy ye, lê nabe bigihîje van cihan kû êdî rêka zivirînê nebe û zîyanê bide gelê Kurd li wê para Kurdistanê, demaku wisa lê hat, ankû zîyan li Kurdên wê parçê kevt, çi bixwazî u nexazî ewa xîyanete kû tu tûş bûyî.

Lewma em dibe ,hertim berjevvndiya gelê kurd biser berjevendiyê hizba xwe bibînin,li hemery devletê dagîrker u her leyeke din siyaseta xwe u serbixweiya xwe bi her nirxekê be biparêzîn. yadin derheq bi gelê xwejî rastgo bîn siyaseta xwe ron û bê perde ji gelê xwe re bêjin, tucaran kiryarên xwe li gelê xwe neveşêrin, eger em tûşî şaştiyekê jî bûbin dibe kû em wê şaştiya xwe qebûl bikin û bi eşkere xwe rixne bikin, eger em vê yekê nekin emê tûşî wê siyasetê bin kû ziyanê bigihîjine berjewendiyên Kurdistanê.

Şehîd dr:Qasimlo hertim serdana binke û meqerên pêşmergan dikir,tev van di ciwîya,gûhê xwe dida nezer rixne û hizrên pêşmergan,zor bi başî gûhdida van û zor bi hûrî bi zimanekî sade u cûvanî

qirarê bide, ewe bû ku hemû organîzasyûnên Hizbê dihate cî bi cî kirin.

Partiya Demokrat a Kurdistanê bûye partiyekî herî pêşkevtî, girêdaiy bi yasa û pêrensîpên demokirasî û demokratîke, nek her li Kurdistanê û Îranê, bigere li Rojhilata Navîn de jî.

Ew demokratekî rastîn tam bi mana peyvê, bikiryar jî demokirat bû. Rêberek kû rixne û gazinde li xwe û partiya xwe digirt, rixnên dervey partiya xwe jî kû li wî dihat girtin bi dilekî fireh qebol dikir. Zor kar kir, dakû hevalê hizba xwe fêr bike, da kû li gazinde û rixnan çi li nav partiyê û çi li dervey partiyê netirsin û bi çavê dujminê xwe bi van nenêrin, belkû bi dilekî mezin pêşwazîyê li van bikin û bersivên bi cih bidin, rixnegir dujmin nine, heta kû rixnên van gelek tûnd û neheq jî bin, wî ew kiryar kire pirensîpên heta hetiy yên vê hizbê û bigore bizotneveya rizgarîxwaziy ya gelê kurd li Rojhelatê Kurdistan. Ragihand kû ewên mixalifê siyaset û hizrên me û partiya me ne, nedujminê me ne, tenê ew aliy dujminê mene kû şerê çekdariyê dijî me dikin, ew jî Komara Îslamî ye. Herwisa em fêr kirin kû li demokirasiyê de hemû tişt bi dilê mirov nabe, lê dibe kû qebûl bikî, eger demokirasî biqazancê te bû qebûl bikî û li cihek din bi qazancê te nebû qebûl nekî? Ewe bi xwe dibe dîktatorî, îca çi li nava hizbê de be û çi li dervey hizbê be, hingê te ferqek navbera te û dujmin gelê te de namîne, her li vê derheqê de ragihand kû nabe bi tu awayî demokirasî bikeve bin siya xebata netewey, demokrasî esla mesla me ye, nabe bê bin pê kirin. Ragihand xirabitirîn demokrasî, heta kû bigihîje asta anarşîzmê jî? Dîsan demokrasî li baştirîn dîktatoriyê baştir e, îca ew dîktatoriya, Îslamî be an Çepî an jî rast be an jî paşayetî be, feriq nake.

Şehîd Dr.Qasimlo em fêr kirin kû li serkevtinên mezin li xwe bayî nebin û nebêjîn êdî teva ye. Û li şikan û paşekişandê jî xwe nedûrînên, nebêjin em xilas bûn. Lewma, hemû gavê rêçare hene, bi fikra komî û mişûr kirinê tev hev dê bikarin bi ser kend û len-

# Girîngiya xebata li ser milê pêşmerge û hebûna hêzekî rêkxistî bi dîtina Dr. Qasimlo

Rostem Cihangîrî

Dr. Qasimlo, rêberekî aştîxwaz û bîrmendekî bihizr û bîrên pêşkevtîxwaz bû, kû li dilê gelê kurd li rojhelatê Kurdistanê de bixasimanî li nava dilê xortan de cih girtiye.

Yek ji kiryarên herî girîng û li cihê xwe de bû,ew jî ew bû? Ragihand û kire pirensîpên Partiya Demokrat a Kurdistanê, exlaq têkilî siyaseta hizba xwe kir, û atife û xizmayetî û hevalitî têkilî siyaset û karûbarên partiyê nekir, Hizb li binemale û tayfetiyê derxist, bi girtina kunferans û kongire pesend kirin û xwe tazekirin li van konferas û kongiran li van de bername û pêyrewa naxwe, hilbijartina rêberiyê bi şêweya dengê netenî û hilbijartina sekerterê, Hizb li tak perestiyê rizgar kir, partiyê ,ciwînên rêberî û qirarên komî, yanî qirarên partiyê li dest yek kesda nebû, diviya cema rêberî

dibe. Divê hemû partî û rêxistinên Kurdistanî yên li her perçeyekî Kurdistanê, rêzê li partîyên perçeyên din bigirin, midaxaleyên negatîf li wan nekin, xwe li ser tu alîyekî ferz nekin, rêzê li îradeya wan bigirin, têkelî karên wan ên nevxweyî nebin, di peywendîyên xwe yên mecbûrî yên li gel dewletên dagirker da hesasîyetên gelê me yê li wî perçeyî bidin ber çavan, empatîyê bikin.

westeke weha girseyî,neteweyî nîşan bide. Lê çirûskeke biçûk, hêzeke mezin derxist holê.

Ji ber şerdên taybet ên her perçeyekî Kurdistanê, xebat û têkoşîna doza azadîya Kurdistanê jî dê di ast û şêwe û pêvajoyên cuda cuda da derbas bibin. Ji ber vê jî, her perçeyekî Kurdistanê divê li gorî şerdên xwe yên taybet xwe birêxistin bikin; partîyên Kurdistanî, divê berîya her tiştî azadîya wî perçeyê ku lê ne bidin ber xwe û hevkarî, tifaq, bere, platform, kongreyên xwe yên neteweyî, niştimanî li her perçeyekî ava bikin.

Em jî wek PAK(Partîya Azadîya Kurdistanê), rêbaza Dr. Ebdulrehman Qasimlo ya di derbarê birêxistinkirina her perçeyekî Kurdistanê ya li gorî taybetmendîyên xwe, rast û realîst dibînin. Em wek PAK, xwe wek partîyeke Bakurê Kurdistanê pênase dikin. Me azadîya Bakurê Kurdistanê daye ber xwe. Lê belê, herweha em piştgir û alîkarên xuşk û birayên xwe yên Başûr, Rojhilat û Rojavayê Kurdistanê ne. Em hemû destkeftîyên wan wek destkeftîyên xwe, hemû xweşî û nexweşîyên wan wek xweşî û nexweşîyên xwe dibînin. Em sîyaseta xwe jî li ser esasê lêxwedîderketin, parastin û piştgirîya hemû destkeftî û têkoşîna wan dihûnin. Ji bo lihevxwedîderketina hêzên azadîxwaz, Kurdistanî yên her çar perçeyên Kurdistanê, em dibêjin divê Navendeke Koordînasyonê hebe da ku em piştgir û alîkarê hev bin, da ku em zerarê nedin hev û da ku em destkeftîyên hev biparêzin, li ziman û kultur û nirxên xwe yên neteweyî, niştimanî xwedî derkevin.

Em wek PAK alîkarî,hevkarî û lihevduxwedîderketina hemû hêzên neteweyî, niştimanî yên her çar parçeyên Kurdistanê diparêzên. Lê aşkereye ku, bingehê alîkarî, hevkarî, lihevxwedîderketin û hevparastinê, ji hevdu qebûl kirinê û lihev rêzgirtinê destpê

Aşkereye ku di çareserîya pirsa Kurd û Kurdistanê da, sîyaseta dewletên mezin û peywendîyên wan ên bi dewletên dagirkerên Kurdistanê ra, roleke esasî dilihîze; heta gelek caran tayînker e jî. Ev rastîya tesîreke mezin li ser rê, rêbaz û şêweya têkoşîna her perçeyekî Kurdistanê û jî dike, tesîrê li ser şiklê çareserîyê jî dike..

Dr. Ebdulrehman Qasimlo, ji ber ku rola peywendîyên navnetewî û sîyaseta dewletên mezin ku li ser berjewendîyan hatîye ava kirin baş dizanîbû, girîngîyeke mezin dida dîplomasîyê û xebatên li dîyasporayê. Di qada navnetewî da jî realîst bû, berjewendîyên miletê Kurd esas digirt, peywendîyên xwe bi alîyekî tenê ve teng û sinordar nedikir û karîbû di têkilîyên xwe yên li gel Bloka Rojava û Bloka Rojhilat a cîhanê da balansekê çêbike.

Piştî jenosîda Helebçeyê tevgera neteweyî, niştimanî ya Başûrê Kurdistanê darbeyeke mezin xwarîbû, şikesteke mezin rûda. Lê di sala 1991ê da piştî Sedam Husên Kuweyt dagir kir û Emerîka û hevpeymanên xwe midaxaleyî Iraqê kirin, firsendeke dîrokî û mezin hate ber derîyê gelê me yê Başûrê Kurdistanê; bi raperînê û bi rizgarkirina Hewlêr, Silêmanîye û Dihokê rêya Dewleta Federe ya ku îro heyî vebû.

Heger em rewşa Rojavayê Kurdistanê ya sala 2008ê û ya îro bidin berhevdu, emê bibînin ku, li gorî sîyaseta dewletên mezin di demeke kurt da, dikare rewşa perçeyekî Kurdistanê ji çi astê bigihêje çi astê. Li Rojavayê Kurdistanê partîyên Kurdan wek aktuel behsa qebûl kirina nasnameya Kurdên bê nasnameya Dewleta Sûrîyeyê û behsa mafên ziman û kulturî dikirin; îro behsa rêvebirîyên herêmî, kanton, otonomî, federalî tê kirin.

Herweha li Rojhilatê Kurdistanê, berîya qetil kirina keça Kurd Jîna Emînî, kes ne li bendê bû ku gelê me raperîn û vejîn û hel-

ketina her çar perçeyên Kurdistanê wazîfe û berpirsîyarîyeke neteweyî, niştimanî ye. Lê Pêşewa Qazî Mihemed şerd û şirûdên her perçeyekî Kurdistanê dida ber çavan û li gorî wê, xwest ji wê firsenda dîrokî ya ku hatibû ber derîyê gelê me feydê werbigire û ji Rojhilatê Kurdistanê ve şikestekê li wê zincîra koletîyê û dagirkerîyê bixe.

Dr. Ebdulrehman Qasimlo, li ser rêbaza Pêşewa Qazî Mihemed û Partîya Demokrat a Kurdistana Îranê(PDK-Îran) dimeşîya.

Dr. Ebdulrehman Qasimlo, ji alîyekî ve girîngî dida peywendîyên neteweyî, niştimanî yên hêzên Kurd û Kurdistanî yên herçar perçeyên Kurdistanê û Kurdên ku li cîhanê belav bûne; ji alîyekî ve jî ji bo azadîya Rojhilatê Kurdistanê girîngî dida xurt kirin û pêşdebirina partîya xwe û ya hevkarîya partî û rêxistinên Rojhilatê Kurdistanê. Herweha Dr. Ebdulrehman Qasimlo, baş dizanîbû ku, li gorî rastîya Rojhilatê Kurdistanê û Îranê, ji bo azadîya Kurdistanê, ji bo çareserîyeke federalî, pêwîstî bi hevkarî û tifaqeke bi gelên Îranê ra jî heye.

Fikra Dr. Ebdulrehman Qasimlo ya ku digot ‘’Her perçeyekî Kurdistane divê li gorî taybetmendîyên xwe xebatê bike û divê tu perçeyek destêverdanê li perçê din neke”, encam û berhema têgihiştin, zanîn, berpirsyarî û tecrubeyeke berfireh ya zanistî, sosyolojîk, jeopolîtîk, herêmî, navdewletî, neteweyî û niştimanî bû.

Şerdên her perçeyekî Kurdistanê, birêxistinbûyîn, asta pêşketinê, şêwe û misteweya xebat û têkoşîna her perçeyekî Kurdistanê, helwest û rewşa dagirkerên her perçeyekî û herweha berjewendî û sîyasetên dewletên mezin ên cîhanê, ji bo her perçeyekî Kurdistanê cuda cuda ye. Ji ber wê jî xebat û têkoşîna azadîya her perçeyekî Kurdistanê jî taybetmendiyên xwe hene.

alîyê îstîxbarata Îranê ve di otelê de hatin qetilkirin.

Dr. Ebdulrehman Qasimlo û hemû şehîdên Kurdistanê, di têkoşîna hemû şervanên qehreman û kedkarên doza azadîyê de dijîn.

Di 34emîn salvegera şehadeta wan da, em Dr. Ebdulrehman Qasimlo û hevalên wî bi rêzdarî bibîr tînin û bi vê minasebetê careke din jî em Dewleta Îranê rûreş dikin. Dr. Ebdulrehman Qasimlo, sîyasetmedar, rewşenbîr, akademîsyen, mamosta, sosyolog, ekonomîst û dîplomatekî welatperwer bû.

Dr. Ebdulrehman Qasimlo herweha pêşmerge, fermandar, rêber û serokekî hêja, zana û bi tecrube bû ku, ne bes ji kîsê PDKÎyê, lê belê ji kîsê hemû Kurd û Kurdistanîyên cîhanê çû.

Dr. Ebdulrehman Qasimlo, di bîr û bawerî û sîyaseta xwe da jî mirovekî realîst bû, pêşbîn, dûrbîn bû. Sîyaset û helwesta xwe li gorî konjonktur, şerd û şirûdên welatê xwe, yên dewleta dagirker, dewletên herêmê û cîhanê û her weha li gorî  îmkan, hêz û birêxistinbûyîna  partîya xwe, ya miletê xwe, ya dijmin û dostên xwe dihûnand.

Kurdistan bêyî îradeya miletê Kurd û gelê Kurdistanê bi çar perçeyan ve  hatîye dabeş kirin û dagirkirin. Herçiqas ji nuha ve emê nikaribin şêwe, dem û rêbaza wê dîyar bikin jî; yekitîya miletê Kurd û Kurdistanê mafekî meşrû, neteweyî, niştimanî yê û divê miletê Kurd û gelê Kurdistanê yê her perçeyekî Kurdistanê bi îradeya xwe ya azad di vê derbarê da biryara xwe bide.

Pêşewa Qazî Mihemed digot ‘’Kurdistan ne çar e, yek e”. Li Meydana Çarçirayê ya Mehabadê da jî, gava Dewleta Komara Kurdistanê hate îlan kirin ji her çar perçeyên Kurdistanê jî  nûnerên gelê Kurdistanê hebûn.Piştgirî, alîkarî, hevkarî û lihevxwedîder-

# Dr.Ebdurehman Qasimlo Rêberekî Têgihiştî, Realîst û Dûrbîn Bû

**Çima Dr. Qasimlo li ser vê bawerê bû ku, gerçi Kurdistan yek xake û Kurd yek neteweye, lê niha dagîrkaran kirine 4 perçe, lewra heçî kîjan ji wan perçan gorî taybetmendiya xwe divê xebatê bike û tu perçeyek destêverdanê li perçê din da neket?**

Mustafa Oziçilik

Sekreterê Giştî yê PDKÎ (Partîya Demokrat a Kurdistan a İranê) Dr. Ebdurahman Qasimlo di 13ê Tîrmeha 1989an da li Viyeneya paytextê Awûsturyayê, li gel Berpirsyarê Derveyî Welêt yê PDKÎ yê Ebdulla Qadirîzade û Dr.Fazil Resûl ê ji Başûrê Kurdistanê, ji

Şehîd Qasimlo hertim digot em şer naxwazin, dixwazin pirsa Kurd bi şiklê aşitî û bi rêka diyalogê were çareser kirin. Evê dewlet e, ku bi tank û top êrîşî ser gelê Kurd dike û şerfiroş e. Gelê Kurd bona parastina hebûna xwe, bona parastina welatê xwe mecbûr maye şer bike.

Qasimloyê nemîr digot giftûgo li gel rejîm beşekê girîng a xebata azadiyê ye, mêzê giftûgo jî yek ji meydanên xebatê ye. Di akamê de pirs, li ser mêzê giftûgo tê çareser kirin, û bi xwe jî li ser mêzê giftûgo hat şehîd kirin, ku ev yeka hanê nîşan dide, ku Qasimloyê nemîr çiqas li ser û boçûnên xwe pêgîr e. Şehîd Qasimlo li ser bîrûbaweriya çiqas pêgîr bû evqas jî ji tundrewiyê dûr bû, sazişkar nebû sazgar bû.

Bi gor min li gel ew hemû xisusiyetên xwe ve, Qasimloyê nemîr wekî me mîrov bû. Ustureyî nebû ji ezmanê nehatibû. Yên ku gelek bandor li ser min kir, xakî bûna Qasimlo bû. Qasimloyê nemîr yarîker bû, henek dikir. Rugeş bû, min her tim wî bi rukenî didît. Ji xwe nîşan dayîn (show) dûr bû.

Qasimloyê mirov wekî hemû mirovan ji kêmasiyan xalî nebû.

Gotina Rusan heye, ku dibêjin “helo (Qertal) carna heya musteveya firîna mirîşk nizm difire, lê belê mirîşk çi caran nikare qasê qertal bilind bifire.

Qasimloyê şehîd li esmanê Kurdistanê qertalê berz firîn e û her usa jî bimîne.

Dersek, ku ez ji şehîd Qasimlo hîn bûm, derheqa demokrasiyê bû. Hingê ez sosyalîstê tund bûm. Dîktatoryayê proleterya li ba me ji demokrasiyê herî kamîl û pêşketî baştir bû. Lê belê, gava Şehîd Qasimlo digot "demokrasiya xirab ji dîktatoryaya baş çêtîr e", di destpêkê de min qebûl nedikir û digot çawa tiştê usa dibe? Lê belê, ez hêdî hedî têgihiştim û xebat û dîrok jî nîşan daye, ku şehîd Qasimlo rast e û divê xebat bona demokrasiyê bibe stûnek ji bona xebata azadî û serbestî ye.

Li gel vê yekê Qasimloyê nemîr hertim bo me digot "belê rast e îro li Tirkiyê kuduta hatiye çêkirin rejîmê leşkerî heye. Lê belê, anegorî Îran Tirkiyê welatekî demokratîk e, berê Tirkiyê li Rojava ye, Tirkiyê dixwaze bibe endama Yekitiya Ewropa. Ev yeka hanê bona tevgera Kurd li Bakurê derfet e. Divê tevgera Kurd ji tund û tijiyê dûr be, girîngî bide xebata demokrasî û dîplomasiyê li Ewropa.

Li ba Qasimloyê şehîd hevkarî û diyaloga partiyên seranserê Kurdistanê gelek girîng bû. Lê belê, ev her usa bi tundî dijî vê yekê bû, ku parçeyek tedaxulê kar û barên perçeyên dinê bike û xwe li ser parçeyên dinê bisepîne. Qasimloyê nemîr digot "em hemû ne dostê hevdu ne, em hemû birayê yekdu ne. Meriv dostê xwe hildibijere lê belê nikare birayên xwe hilbijêre."

Qasimlo gelek caran ji bê dengiya bîrûrayê navnetewî aciz dibû gazinda dikir û digot "du dostên me hene: Gelê me û çiyayên me." Lê, Qasimloyê nemîr her usa di warê navnetewî da bona peyda kirina dost û alîkar bo xebata azadiyê, gelek kar kiriye. Îro eger gelek karbidestên dewletên Rojava, serokên partiyên desthilatdar

dibêjin,"ne tenê çiya em jî dostê Kurd in". Bê guman bandora xebata Qasimloyê nemîr di gotina hanê mezin e.

Îranê vekir.

Ji salên 1981`an vir ve ji ber kar û baran me gelek caran serdana Polît Buroya PDK-Î dikir û carna jî Şehîd Qasimlo ji didît û li gel wî giftûgo û sohbet dikir.

**

Nasname û siyaseta giştî PDK-Î ya îro, berhema xebata Qasimloyê nemîr e. Wekî eyan e PDK-Î paş ruxana Komara Kurdistan û şehîd kirina Pêşava Qazî û hevalên wî tuşî qeyrana nasnameyî bibû. Gelo PDK-Î beşekê partiya TUDEH e, an jî Partiya Demokrat a Kurdistan (Başur) e? Di encama kar û xebata Qasimlo û hevalen wî de, PDK-Î bûye partiyekê serbixwe û Kurdistanî. Ango nasnameya zelal bo her rêxistinên siyasî mercê serekî ye.

Dersê dinê, ku ez Qasimloyê nemîr fêr bûme parastina îxtiyara biryara siyasî dayin e. Zirofê navçe û Kurdistanê, li partiyen Kurd, bi taybetî li partiyên ku xebata çekdarî dikin ferz dike, ku peywendî bi dewletên cîran a dagirker deynin. Ev yeka hanê tiştekê siruştî ye. Lê, tiştek, ku ne siruştî ev e, ku partiyan îxtiyara biryar dayinê bidine destê biyanî û bi gor daxwaza qaşo “dost” tevbigerin. Şehîd Qasimlo derheqa babeta hanê da digot: “Neyarek ku îro alîkariya te dikin, her dijmin e dost hene, îro alîkariya te nekin jî, her dost in.” Qasimloyê şehîd hertim digot “partiyên Kurdistanê dikarin li gel dewletên cîran a dagirker, peywendî deynin, lê belê nabe baca peywendiya hanê tevgera azadîxwaza vê perçeyê bide.”

Şehîd Qasimlo gelek girîngî dida piştgiriya navnetewî û gelek hewl da, ku hêzên demokrat û azadîxwazên cîhanê palpiştî tevgera azadîxwaza Kurd bin. Di her derfetekê de digot “dijminek pir e, hezar dost kêm e.” Digot “divê em hewl bidin neyarên xwe kêm bikin, dostên xwe zêde, ger dost nebin jî, bila bê teref bin an jî nebine neyarê tund.”

# Şehîd Qasimloyê Ku Min Naskir

Masûd Tak

Ez dixwazim di vê nivisarê xwe da behsa Qasimloyê mirov û Qasimloyê siyasetmedar û qasimloyê, ku min naskiriye û dersên, ku ez ji xebata wî fêr bûme, bikim.

**

Min navê Qasimloyê nemir di salen 70'î de bihîst. Hingê li Bakurê hişyariyekê netewî ya berfireh di nava xorten Kurdan de hebû. Di behs û gengeşiya me dê navê Qasımlo jî dihat gotin. Lê bi nêzîkî di salen 80'î de min ew naskir.

Tê zanin di sala 1980'an de li Tirkiyê Kudutayê leşkerê çêbû û gelek welatparêz mecbûr man an biçin Kurdistana Rojhilat an jî Kurdistana Rojava, ku ez jî li gel gelek hevalên xwe çûme Kurdistana Rojhilatê. Hingê Piraniya axa Kurdistana Îranê hatibû rizgar kirin û ji aliyê Hizba Demokrat a Kurdistana Îranê (PDK-Î) ve dihat bi rêva birinê. Hizb himbêza xwe ne tenê bo me, bo hemû tekoşerên Kurd, ku ji ber rejîma leşkerî pena înabûn Kurdistana

serweriya siyasî ya neteweya kurd li van welatan, çareseriyekê ji vê pirsê re bibîne. Di senaryoyek wiha de, Rojhilata Navîn dê kêmtir bibe şahidê vejîna hêza navendî ya dîktator û zordar ku aştî û aramiya navçê û bi taybetî Yekîtiya Ewropî tehdîd dike. Çareseriyeke bi vî rengî di pêşerojê de wê piştrast bike ku ti hêzên li herêmê nikaribin hevdu têk bibin û li şûna hêza hesinî hêza diyalogê ji bo çareserkirina hemû pirsgirêkan bikar bînin.

Îro, berevajî dema îmzekirina Peymana Sykes-Picot li Rojhilata Navîn a aloz, hebûna dewleteke navendî ya bihêz û otorîter, ne tenê bi bandor e, di heman demê de gefek rasterast jî li ser berjewendiyên welatên azad e. Dîrokê îspat kiriye ku komkirina hêzê di destê netewek, kom û îdeolojîyekê de li ser neteweyên din dê bibe sedema aşitî û aramiyê li herêmê, belku berovajî wê dê bibe sedema jinavbirina neteweyên niha û yên paşerojê yên ku li wê herêmê dijîn. . Ezmûnên Iraq, Komara Îslamî û rejîma Beis a Sûriyê vê rastiyê îsbat dikin ku rejîmên dîktator dikarin karesatên mezin derbixin. Pêdiviya Rojhilata Navîn a pêşerojê bi îstiqrar, pêşketin û mezinbûna domdar heye. Ji bo vê jî çareserî ji jêr ber bi jor ve ye û kurd û Kurdistan mifteya van guhertinan e.

Avakirina sîstemeke demokratîk a pir netewe û pirçandî li welatên ku Kurdistan lê hatiye dabeşkirin û bihêzkirina federalîzma pirneteweyî li herêmê dikare bibe sedema beşdarbûna hemû gelên herêmê. Berjewendiyên herî bilind ên welatên hêzdar û Yekîtiya Ewropayê hewce dike ku navçeyên sînorî yên parzemînê aram, aram û aram bin.

ekosîstemên herêmê de guherînên bilez dibîne. Çavkaniyên avê û avhewaya Kurdistanê dikare bibe çare ji bo paşeroja herêmeke ku di nava toza xwe de xeniqîne. Çareseriya pirsgirêka Kurd yekane rêya pêkanîna demokrasî, pêşketin û aborîya domdar li Rojhilata Navîn e. Divê civaka navneteweyî vê rastiyê bê agahdar kirin.

Cihê jeopolîtîk yê Kurdistanê dikare ji bo me kurdan bibe derfetek taybet, divê peywendiyên kurdan yên dîrokî û berdewam ên bi welatên dagîrkerên Kurdistanê re wek metirsî neyê dîtin. Ezmûna peywendiyên me bi dagirkeran re û hewlên çareserkirina pirsgirêkan, tevî naveroka berevajî ya vê peywendiyê, neteweya Kurd dike baştirîn berbijar bo aştî û aramiya navçeyê. Îradeya neteweya Kurd di dirêjahiya dîrokê de îradeya demokratîkbûnê ye û neteweya Kurd hevalbendê xwezayî yê hemû hêzên demokratîk ên herêmî û navneteweyî ye, bi taybetî di nav neteweyên Fars, Tirk û Ereb de.

Tevî hemû astengiyên li pêşiya pirsgirêka Kurd li herêmê. Rewşa navneteweyî ya piştî êrîşa Rûsyayê ya li ser Ukraynayê û ji nû ve girîngiya jeopolîtîkê di siyaseta navneteweyî de, çareseriya aştiyane ya pirsgirêka Kurd mumkintir dike. Ev yek dê bi sazkirin û serkeftina proseya federalîzmê li welatên ku Kurdistanê parçe dikin, ango Tirkiye, Îran, Sûriye û Iraqê dest pê bike. Fedralîzm li Iraqê ji ber kultûra siyasî ya welat hîn di qonaxa destpêkê de ye û mixabin pirsgirêkên navxweyî yên kurdan sedemên sereke yên têkçûna federalîzmê û negihîştina daxwazên rewa yên gelê kurd li başûr in. Lê ev jî sistbûna pêvajoya çareserkirina pirsgirêkên sereke yên herêmê ye.

Di sîyaseta navneteweyî de, realîst gelek caran balan dikişînin ser hevsengiya hêzê di parastin û berpirsiyariya aştiyê de. Ji perspektîfa siyaseta navneteweyî de, divê civaka navdewletî girîngiyê bide pirsgirêka kurd û bi parvekirina desthilatê û misogerkirina

endiya hemû civaka navneteweyî de ye, bi taybetî jî Yekîtiya Ewropa û Amerîkayê. Di vê navberê de Kurd dikarin bi dîplomasiya nûjen û têgihiştina hiqûqa navneteweyî û berjewendiya hêzan, li herêmê bibe katalîzatorek bihêz û di dawiyê de bibin çareseriyek ji bo pirsgirêkan

**3. Çareseriya pirsgirêka Kurd jî dikare pêşerojeke geştir ji bo Rojhilata Navîn misoger bike**

Derbazbûy rênîşanderê paşeroja me ye. Nêrîna li dîroka Rojhilata Navîn nîşan dide ku ji serdema împaratorên Osmanî û Sefewî ve jî, tevî hebûna desthilatdariyeke navendî ya bihêz, desthilatdarî hatiye dabeş kirin. Beriya destpêkirina serdema dewlet-netewe di welatên dagirkerên Kurdistanê de tu demekî weke îro hêzeke totalîter û li cihekî kom nebûye. Di heyama beriya Sykes-Picotê de Kurd xwediyê cure rêveberiyeke xweser bûn û bi şoreşên curbecur ên weke şoreşa Şêx Ubeydullahê Nehrî, Bedr Xan Begê Botan îspat kirin ku xwedî hêz û potansiyela serxwebûnê ne. Desthilatdariya Erdelan, Goran, Mokrî, Baban, Botan û hwd, beriya avakirina Rojhilata Navîn piştî Şerê Cîhanê yê Yekemîn, nîşaneyên dîrokî yên asta xweserî û xwerêveberiya gelê Kurd bûn.

Di sed salên derbasbûyî de gelê Kurd li herçar parçeyan, tevî hemû zordarî, Enfal û jenosîdê, tenê neteweyeke ku li herêmê daxwaza demokrasiyê bi wateya rastîn kiriye û li hember rejîmên dîktator û totalîter berxwe daye. Şoreşa Kurd, eger ne bi şekl, lê ji aliyê naverokê ve, ji bo diyardeyên civakî yên li Rojhilata Navîn, bûye teşwîqeke xurt. Hêzên demokrat û dadperwer ên Iraq, Sûriye, Îran û Tirkiyê, ji bo berdewamkirina têkoşîna xwe her tim li Kurdistanê penaber bûne. Xwîna ku neteweya Kurd ji bo azadiya xwe rijandiye, sedema sereke ya bêîstiqrariya rejîmên dîktator û mêtinkar li Rojhilata Navîn e. Rojhilata Navîn di warê jîngeh û

**2. Doza Kurd pirseka Nawnetewîye**

Di nameya xwe de ji Javier Prez Decular re, Dr.Qasimlo tekez dike ku heta pirsgirêka Kurd çareser nebe, Rojhilata Navîn aştî û pêşketinê nabîne. Pirsgirêka Kurd di dîroka nûjen a Rojhilata Navîn de pêşgirek mezin bûye li hember deselata û dagirkeriya Îran, Tirkiye, Iraq û Sûriyê. Ev hêza guhartin xwaz, ku dixwaze deselata hikûmeta navendî bi kêmanî bi awayek dadperwerane di herêmên netewî bê dabeşkirin, tu peywendiya xwe ya rasterast bi berjewendiyên welatên bi hêz re tinebû û ji pêkanîna berjewendiyên wan zêdetir serêş bû ji bo berjewendiyên wan. Ji ber vê yekê jî li her welatekî pirsgirêka Kurd li gorî asta peywendiyên dewletên desthilatdar ên Kurdistanê bi derve re hatiye dîtin, ji xeynî Rojhilatê Kurdistanê ku nekariye sermayeya civakî ya navneteweyî ji bo wî beşê Kurdistanê çêbike.

Piştî bûyerên salên 1990'î yên Başûrê Kurdistanê, rizgariya Iraqê di sala 2003'an de û bûyerên van salên dawî yên li Îraqê, Sûriye û Tirkiyê, êdî Kurd ne tenê "pirsgirêk", lê yek ji aktorên siyasî yên Rojhilata Navîn û dewletên herêmê ye.

Bi destpêkirina şoreşa Jin Jiyan Azadî, derfetek nû ji bo Rojhilatê Kurdistanê hatiye pêş, ku bibe yek ji xalên werçerxana doza Kurd li Rojhilatê Kurdistanê li ser asta navdewletî. Di van bîst salên derbasbûyî de partiyên kurdî li herçar parçeyên Kurdistanê bihêztir, bi organizetir, bi ezmûn û berfirehtir bûne. Rojhilata Navîn ji destpêka Bihara Erebî ve di nav bera kirîza deselatên dîktatorî û tunajoyiya Islamî de maye. Desthilatdar ên herêmê Îslama siyasî weke derfetekê dibînin ku gelên herêmê paşweroyî bihêlin. Welatên rojavayî ji bo herêmê tu projeyên aso xulqên nînin û welatë Çîn şûna Amerîkayê li herêmedê digire. Lê pirsgirêkên siyasî û civakî yên li Rojhilata Navîn ewqas kûr in ku çareseriya wan di berjew-

ra kurdan ji hev dûrxîne. Dewletên desthilatdar ên li Kurdistanê, hest dikin ku Kurdistan bi rastî beşeke welatê wan yê dagîrkirî ye û serhildana gelê Kurd wek metirsî li ser “yekparçeyîya xaka xwe” dihesibînin, bi kêmanî di derbarê pirsgirêka Kurd de xwedî siyaseteke berdewam in. Her çend di dema aloziyên di navbera xwe de hewl dane Kurdên parçeyên din weke karteke zextê li dijî dewleta hevrik bikar bînin, lê ev kart têra xwe bikar neaniye ku bibe sedema serketineke stratejîk a Kurdan di beşa hevrik de. Di sala 1937an de ji bo kontrolkirin û tepeserkirina tevgera kurdan li deverên curbicur û bi navê parastina ewlehî û yekparçeyiya xaka xwe di navbera Tirkiye, Îran, Iraq û Efxanistanê de peymana Saadabadê hat îmzekirin. Xuyaya peymanê ne êrîşkarî bû, lê xalên 1, 4 û 7 ên Peymana Saadabadê rasterast bi pirsgirêka Kurd û stratejiya hevpar a van dewletan ve girêdayî ye ku tevgera rizgarîxwaz a gelê Kurd tepeser bikin. Beriya peymana Saadabadê, van dewletan ji bo tepeserkirina tevgera kurd hevkarî kiribûn, wek tepisandina Komara Araratê û şoreşa Samko Shakak. Piştî peymana Saadabadê, dewletên desthilatdar li Kurdistanê hemû derfet ji bo tinekirina netewa Kurd ji bo meşandina stratejiyeke hevpar bikar anîn. Mînaka herî dawî ya polîtîkaya hevpar a dewleta Tirk û Komara Îslamî ya Îranê, heta Sûriye jî ku bi şerê navxweyî ve girêdayî bû di referandûma 17’ê Îlona 1997’an a li Başûrê Kurdistanê de.

Li gorî vê yekê Kurd çarenûsa hev in û pêşketina pirsgirêka Kurd li her parçeyekî Kurdistanê bandorê li parçeyên din ên Kurdistanê jî dike. Ev bû yek ji sedemên felsefeya siyasî ya Dr. Qasimlû di heman demê de, bi berçavgirtina rastiyên navdewletî û “mafên navdewletî” û ji bo têkbirina ezmûnên parçeyên din, Partiya Demokrat siyaseta destwernedanê di karûbarên navxweyî yên hevûdu de wek yek ji stûnên xwe yên siyasî pêk anî.

hizbî bi karûbarên navxweyî yên welat û sînorên ku li ser Kurdistanê hatine ferzkirin ve girêdayî ye. her ku serbixwe bibe, ew ê ne parçebûna tu welatekî be, dê bibe yekbûna welatekî parçebûyî.

Wek li jor jî tê dîtin, Qasimlo: 1. Çareserkirina pirsgirêka Kurd li parçeyekî Kurdistanê weke pirseke girêdayî hemû parçeyên Kurdistanê dinirxîne. 2. Pirsgirêka Kurd pirsgirêkeke navneteweyî ye ku çareseriyeke navneteweyî jê re hewce ye. Çareseriya pirsgirêka Kurd jî dikare pêşerojeke geştir û yekgirtîtir ji bo Rojhilata Navîn misoger bike. Ev gotar dê hewl bide ku bi kurtî van sê xalan rave bike.

**1- Sînor nikarin pirsgirêka Kurd ji hev veqetînin**

Kurdistan beşeke mezin ji Rojhilata Navîn pêk tîne, ku di sala 1514an de piştî şerê Çaldiranê û paşê di dawiya Şerê Cîhanê yê Yekem, bi hilweşîna Împeratoriya Osmanî û hilweşandina peymanên 1905, 197 û 1905an de di navbera çar dewletên mezin de hat parvekirin. Kurdistan ji destên du împaratoran Tizar (Tsar) û Ingilîzan derket û ji ber peymana Sykes-Picot Kurdistan bû çar parçe û pirsgirêka Kurd piştî hilweşandina Osmaniyan bû mijara sê dewletên nû ava kirî piştî heweşana Osmaniyan û dewleta Îrana modern.

Pêvajoya damezrandina netewe-dewletê li welatên ku Kurdistan di nav wan de hatiye dabeşkirin, li ser esasê desthilatdariya kêmani li ser piraniyê hatiye damezrandin ji bo tepeserkirin û kûrkirina pirsgirêkên navxweyî û girêdana van welatan bi welatên kolonyalîst ên ku Peymana Sykes-Picot îmze kirine. Parçekirina Kurdistanê nekariye têkiliyên çandî, civakî û heta bi şêwazê jiyanê yên kurdên parçeyên Kurdistanê qut bike. Sînoran nekariye qede-

# Qasimlo û pirsa çarnivîsa hewbeşe Kurdan

Dr. Majid Hakki

Di 14 û 15ê Cotmeha 1989an de li Parîsê, çend meh piştî terora Dr. Qasimlo konferans a yekem a Navneteweyî li ser pirsa Kurd bi rêve çû. Ev konferans yek ji berhemên xebat û tekoşîna Dr. Qasimlo bû. Qasimlo di wê baweriyê de bû ku pirsa Kurd ne pirseke navxweyî û heta navçeyî ye, belku pirseke navdewletî ye û pêwîstî bi çareseriyeke navdewletî heye. Berî salekê di serdana Javier Pérez de Cuéllar de bo Misirê, Dr. Qasimlo di nameya xwe de behsa pêwîstiya çareser kirina pirsa Kurd li her çar parçeyên Kurdistanê kiribû, ku ew raporteke kûr û binaverok li ser rewşa Kurdistanê û siyasetên dewletên dagirkarê Kurdistanê bû. Li wê nameyêde got ku pirsgirêka Kurd pirseke navneteweyî ye û hewceye çareseriyeka navneteweyî ji bo pirsa Kurd bihê berçav kirin. Qasimlo di pirtûka xwe ya Kurdistan û Kurd de, azadiya herî kêm du parçeyên Kurdistanê bi taybetî Bakurê Kurdistanê weke şert û merc ji bo serxwebûna Kurdistanê dinirxîne. Dr.Qasimlo di hemû axaftin û gotûbêjên xwe de, bi taybetî li derveyî welat, di wê baweriyê de bû ku Kurd bi giştî ji bo mafê çarenivîsê têdikoşin û kar û siyaseta

2 (Komele wutar be boney 34 saley têrorî Dr. Qasimlû)

# Le Jêr Sabatî
# Qasimlû

**(Komele wutar be boney 34 saley têrorî Dr. Qasimlû)**

**Nawendî çap û bilawkirdnewey**
**Hizbî Dêmokratî Kurdistanî Êran**

# Le Jêr Sabatî

# Qasimlû

Komele wutar be boney
34saley têrorî Dr. Qasimlû

"هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە "ئازادی" بەنرختر نییە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان. ئازادییە کە ڕێگە نادات ئینسان بکرێ بە مۆرە. ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر و ببێتە شەخسییەت و ببێتە "فەرد"ێکی زیندوو و چالاکی نێو کۆمەڵ..."

د. قاسملوو

ناوەندی ڕاگەیاندنی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران